# لێرە و لەوێ



خوسرەو جاف

# ناسنامەی کتێب


❁ **ناوی کتێب: لێرە و لەوێ**

❁**بابەت:** گشتی

❁ **نووسینی:** خوسرەو جاف

❁ **بەرگ:** زێرین جاف

❁ **چاپ:** یەکەم - ٢٠٢٠

❁ **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە




# لێرە و لەوێ

خوسرەو جاف

چاپی یەکەم

٢٠٢٠

## ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| ئەمە پێشەکی نییە! | ٩ |
| جیاوازیی نێوان فەرهەنگی کۆن و تازە | ١٢ |
| فەرهەنگی تەسەووف | ١٨ |
| فەرهەنگی تەسەووف | ٢٥ |
| پێشبینییەکانی داهاتوو | ٤١ |
| مرۆڤ سێ تیپ و جۆرن | ٤٧ |
| گاندی | ٥٥ |
| زەندیق | ٦١ |
| سیراکۆس | ٦٦ |
| فەرهەنگ | ٧٣ |
| ئاڤێستا | ٧٩ |
| گۆرانی مەراببووس | ٨٥ |
| کوشتنی قەزافی | ٩٣ |
| ڕوکسەڵان و سوڵتان سلێمانی قانوونی | ٩٨ |
| کۆڕۆنا | ١١٠ |
| مەولانا خالید و قسەیەکی تر | ١١٥ |
| ئاغای ژەهری مارخان | ١٢٣ |
| بزنە سریالییەکەی ئازاد عەبدولواحید | ١٢٨ |
| مێژووی ئاڵا | ١٣٣ |
| ئەو قوفڵە زێڕینە کلیلەکەی لای خەڵکە | ١٣٧ |
| سادەنەکان | ١٤٣ |
| سەرشۆرگە | ١٥٦ |
| بەردی پیرۆز و نایاب و گران | ١٦٩ |
| پیاوێــک لە ویژدان | ١٧٧ |
| بەرپرس و تەلیفۆن! | ١٨٠ |
| درۆیە کاوە زوحاکی نەکوشتووە! | ١٨٨ |

| | |
|---|---|
| ژەنراڵ عیبادی | ١٩٣ |
| بۆچوونێك | ٢٠١ |
| مەلای منەوەر | ٢٠٨ |
| مێژووی هەڵپەڕکێ و سەما | ٢١٦ |
| نان بە نرخی ڕۆژخواردن مێژوو نییە! | ٢٢٤ |
| کوردی ناو ئەستێرەی کۆشینکا! | ٢٣٠ |
| هیپیی کورد | ٢٣٨ |
| مەولانا | ٢٤٦ |
| سەردەمی کودەتا و ئاشوفتەگی مەولانا | ٢٦٠ |
| ژنسالاری | ٢٦٩ |
| پەیکەری دەغدو | ٢٧٩ |
| پەیکەری مایکەکەی شیفا گەردی | ٢٨١ |
| باوکی شەهید | ٢٨٨ |
| ڕاپەڕین | ٢٩٤ |
| ئاهورا مـــزدا | ٣٠٣ |
| مانی | ٣١٠ |
| لەیلاقاسم و ئەمریکا | ٣١٨ |
| قەقنەز | ٣٢٧ |
| کۆڕەو | ٣٣٣ |
| ڕیفراندۆم | ٣٤٥ |
| دەمامەک | ٣٥٠ |
| هەرا | ٣٥٩ |
| خەمی دونیا بەسەر کۆڵمەوەیە | ٣٦٤ |
| پەیکەری نەوت | ٣٧٣ |
| سوپاس بۆ عەبادی! | ٣٨٢ |
| شکرا للعبادي! | ٣٩٠ |
| گیۆتیـــن | ٣٩٦ |
| لەگەڵ تۆمە! | ٤٠٢ |
| ڕەخنەی ئەدەبی کوردی | ٤٠٧ |




| | |
|---|---|
| دیوار | ٤١٠ |
| مێژووی تیپی شێروانە | ٤١٥ |
| ڕۆمانی کوردی | ٤٢٣ |
| فەرهەنگی مۆم | ٤٣٣ |
| نەختێك لە مێژووی سەر زەویی دوو ڕووبار | ٤٣٩ |
| کڵاوی با بردوو | ٤٤٢ |
| با بیانژمێرین! | ٤٤٧ |
| من یارسانیم! | ٤٤٩ |
| ئەوە ناوی تۆیە! | ٤٥٥ |
| ئەوە بۆ مەلاجەمیل ڕۆژبەیانییان کوشت؟ | ٤٦٢ |
| فرۆکەخانەی هەولێر | ٤٧٧ |
| چلەی سمایل گەیلانی | ٤٨٣ |
| چلەی فەلەك | ٤٨٩ |
| ئاوابێ کەرکووك | ٤٩٣ |

# ئەمە پێشەکی نییە!

سەرقاڵی زۆر بابەتم، نازانم هی ئاشووفتەگی فکریمە، یان زاڵبـوونم بەسەر زۆر ڕەهەند و بابەتەکانە؟ ئیـدی سـەرێکە و هێنـاومە تـا ئەو تەمەنە. باشن، یان خراپ، پاشەڕۆژ تەرازوو و کەیلوکێشانەیە.

ئەوڕۆ ئەوی داهێنانە لەناوچووە لە ململانێی حزبایەتی و شارچێتی و سەدچێتی تر، ئەوی جوانی و زەڕافتە لەناو چووە بەو ئافاتە.

بەنـدە لە ژیانمـدا خـاوە و بـاجی زۆرم داوە، ئیـدی ئەوە گەرمیـانی بوونمە، جافبوونمە، بەگزادەبـوونمە، هەروەهـا بـێ سـەروبنی وەزع و ئاستە نـزمەکەی دونیـای ڕۆشـنبیری ئێسـتای کـوردە. بەلای تێکـڕای حیزبایەتی ئێستای کوردەوە خەریکە ڕۆشنبیری دەبێـتە تـاوان. نەک من بە تەنهـا، سـەدی وەک مـن لەو هەلومەرجەیدا توانـای شـکاندنی ئەو دەقە ئاسـنینەی نیـیە... بـۆیە بێدەربەسـتانە لە کـاری خۆمـدا بەردەوامـم و نە بە تەمـای ئـافەرینم و نە پێچەوانەکەیشـی، هەردوو تاکەکەی بەلامەوە نەزۆکن بە کەڵکی من نایەن.

ئەمەی بەدەســـتتەوەیە بەنـــاوی "لێـــرە و لەوێ"یە، نەختـــێکن لە کـۆمەڵەیەکی زۆر لەم بـابەتە، تـوانیم ئەوانـیش بە چـاپ دەگەیـنم، نەشم توانی هیچ!

زۆر بـابەتم نووسـیوە و بەلامەوە نـاون، تەمـاحگیری لە چاپـدانیان نەبـووم، هەر نەبـێ لەم هەلـومەرجەی دونیـای بەنـاو ڕۆشـنبیریەیدا، بەڵام ڕوانـیم گڵـۆڵەکە سـەربەرەو خـوارە و ڕەنـگە دوای خـۆم منـداڵەکانم گرنگـی بە چاپـدانی نەدەن، بـۆیە وا شـانم پێـوە نـاوە، بەرەبەرە خەریکی لە چاپدانیانم، بەم کتاوەی بەدەستەوەیە ئیمسـاڵ (٢٠٢٠) ئەمە یـانزەهەمین کتـاومە لە کتاوخـانەی کوردیـدا لە چـاپم داون. جگە لە هەشت دەستنووسی تر، وا ئامـادەی چاپن، ئەوانـیش بە ڕێگەوەن، "خوا بەرەکەت بخاتە خەرمانەوە"

با ئەوەیش بڵێم، یانزە دەستنووسـی تـرم (دائیرەتولمەعـاریف) ئەوە پێنج ساڵە گیرۆدەی قوڵبڕێکی وەک حەمیدبەدرخان و کـابرایەکی کە بە نـاوی "والـی" بـوون، ئەمـڕۆ ڕێکەوتـی ٢٠/٦/ ٢٠٢٠زانـیم دەستنووسـەکانم لە کـوێن، دوای هەڕەشـە و بیگـرە و بەردەیەکـی زۆر... فکری لێکەرەوە، پانزە ساڵ لەو یـانزە دەستنووسـانەدا کـارم کردووە و ئەوانیش لەبەر قوڵبڕین ڕایان کـردووە بـۆ ئەڵمانیـا، تـا بە ئەمـڕۆ بە دوایانـدا گەڕاوم دوای هەڕەشـە و هەرای زۆر دژ بە خزمانی... "والی"یەکە تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: دوو مانـگ مـۆڵەتم بـدەرێ مـن ئەو کـارانە تایپ دەکەم بـۆت دەنێـرمەوە، (خـوا بکـات ڕاست بکات).





بەندە بۆیە ئەمەم لە پێشەکیدا نووسیوە، نەکا نەتوانم دەستنووسەکانم بەدەست بهێنمەوە و مەرگ مۆڵەتم نەدا و لە دوای خۆم بەناوی خۆیانەوە لە چاپی بدەن، با تۆ بزانی برای خوێنەر!

دەنواڕی ناوەندی ڕۆشنبیری چەندە ئالوودەیە، چەندە بێ حیساوە؟

با هەموو گرفتەکە نەخەینە سەر دەسەڵات و حزبەکان، ئەی خۆمان چی؟

ئەو عەنتیکانەی ئەوڕۆ لە ناوەندی ڕۆشنبیریدان، لەناو تەباری مەیموونیشدا نین.

٢٠٢٠/٦/٢٠

# جیاوازیی نێوان فەرهەنگی کۆن و تازە

دەرودراوسـێکانی گەلـی کـورد بیانتوانیبـا دەیـانکرد، زۆر کۆشـان ڕەگەزی ئێمەی کورد بگۆڕن، نکوڵی لەوەی بکەن کورد هەبێ.

کـورد کـۆنترین ڕەگەزێـکە لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، کە لە قـووڵایی مێژوودا ماوەتەوە، تا بە ئێستا بێگومـان هەر میللەتێـک چەنـد هەزار ساڵ لە چوارتەنیشتێکی جوگرافیدا ئەو هەموو سـاڵە شـەڕ و شـۆڕ و پەلامـار و گـوازتنەوەیش لەنـاوی نەبردووبێـت. بەپێـی واقیعیەتـی جوگرافی و پەلامـار و داگیرکـردن و ئـایینە جۆراوجۆرەکـان ناکرێـت، خاوەنی کەلتوور و کەلەپوورێکی تایبەت بەخۆی نەبێت.

دراوسێکانمان لە هیچ ڕوویەکەوە دەستتیان پاک نەبـووە و دەخەڵ و درۆ و داگیرکەربـوونە، ئەوی جـوان و شـیاو و بەکەڵـکە ئەوڕۆ لە کوردیان دزیوە و ئەوڕۆ هی خەڵکە... بەڵام خەرمان بەرەکەت یەشتا لەو ڕووەوە هەر خۆمـانین و نەمـانتوانیوە واقیعـیەتە سـەرەکییەکان بگۆڕین... یەشتا زمانەکەمان بە پاک و خاوێنییەوە ماوەتەوە، یەشتا کەلتـوور و ئـاداب و نەریتمـان هەروەک خـۆی وایە، وردبەرەوە لە زمانی فارسی، بەو جوانی و زەڕافەتەیەوە، کە هەیەتی، پڕە لە وشـە و واژەی عەرەبی. زمانی تورکی بەو هەمـوو جەبەڕووت و دەسـتەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، نزیکەی چوارسەد ساڵ فەرمـانڕەوایەتی



نەیانتوانیوە زمانەکەیان لە زمانێکی کۆچەری و ناوچەیی بگۆڕنە سەر زمـانێکی ئەدەبـی، هەتـاوەکوو نامەنگـاری سـەلاتینی عوسـمانی بە فارسی بووە... زمانی عەرەبی مـانەوەی دەمێنێـتەوە بـۆ پـایەبەرزیی قورئانی پیـرۆز، ئەگەر ئەوی بەسـەر ئێمەی کـورددا هـاتووە بەسـەر عەرەبدا بهاتبایە بە عەزەمەتی قورئانیشەوە، زمانەکەیان وەک ئێسـتا نەدەما.

بنـوارە ئەو هەمـوو لەهـجە جۆراوجـۆرەی ناویـانە، لە یەک تێنـاگەن ئەگەر نەگەڕێـنەوە سـەر زمـانە "نەحـوییە"کە، کە زمـانی قورئـانی پیرۆزە.

دەمەوێ ئەوەی بڵێم، ئەگەر پتەوی و بەهێزیی زمانەکەمان نەبـووایە، بەو هەموو پەلامار و تـاڵان و داگیرکـردنە کە لە کـورد کـراوە، ئەوڕۆ وشـەیەکی کـوردی نەدەبیسـرا، ئەوەیـش سـەلێمێنراوە زمـان و واقیعیەتی جوگرافی و مێـژووی دووردرێـژ و ئـایین، دەبـنە پێناسـی کەلتوور و کەلەپوور و فەرهەنگێکی تایبەت بەخۆی هەر گەلێک.

جیـاوازیی نێـوان ئـێمە و میللەتـانی تـر ئەوان توانیویـانە فەرهەنگـی کۆنی خۆیان بکەنە بنەمایەکی ڕاستەوخۆی فەرهەنگـی تازەیـان و بە گوێرەی پێشکەوتنیان لە تەواوی بوارەکانیان سوودیان لە فەرهەنـگە کۆنەکەیـان وەرگرتـووە... چ مۆزیـک و گـۆرانی بێـت، یـان شـانۆ و ئەدەبیات و یان هـونەرە جوانەکـان، لەم ڕوانگەیشـەوە نمـوونەی زۆر بەدەستەوەیە. بۆ نموونە شاهنامەی فیردەوسی کە پەیوەسـتە لەگەڵ

تێفکرینی باوباپیرانیاندا، بەتایبەت بەشی پێشدادییەکان، کە پڕە لە جادوو و ئەفسانە و قارەمانسازی... لێهاتووانی ئێرانی زۆر شانۆ و فیلم و سینەما و ئەدەبیاتیان لە شانامە وەرگرتووە، ئەمڕۆیانە خستوویانەتە بەرچاو، ئەوە بەسەرمایەی نەتەوایەتی هونەری دەژمێردرێت، ئەگەرچی بنەماکەی هی فەرهەنگی کۆنە، بەڵام ئەمڕۆیانە پەرچیان داوەتەوە و سوودیان لێ وەرگرتووە.

یان داستانەکانی "دیکنز" نووسەری ئینگلیزی یان مارک توینی ئەمریکایی، گۆرکی ڕووسی، یان مۆسیقای شۆپیرت، یا دوڤراکی چیکی یان ڤیردی ئیتاڵیایی، یان جایکۆفسکی ڕووسی، ئەوانە هەر هەموویان سوودیان لە خەرمانی فەرهەنگی نەتەوایەتییان وەرگرتووە.

زۆربەی زۆری شێوەکارانی بەرجەستە و ناسراوی گەلان، ئەوانیش هەمان کاریان کردووە،" گویا"ی ئیسپانی هەوا و هەناسەی داگیرکەرانی لە تابلۆکانیدا نیشان داوە.

هەروەها جاشڕەفتارەکانی ناو میللەتەکەی خۆی وەدەرخستووە، کە چۆن بوونەتە پیاوی فەڕەنسی داگیرکەری وڵاتەکەی.

یان ئاوازی سیمفۆنییەکانی "ڤێردی" ئیتاڵیایی. پڕە لە هاندان و پەلامار، یان بەرهەمی "لورکین"ی ئیرلەندی، پڕە لە ململان دژ بە دوژمن، یان نیگارکێشی وڵاتی هۆڵەندە، کە چەند داگیرکەری ئیسپانی ڕسواکردووە، کە چەندە لە ڕووی ئایین و ئەفسانە دەدون.

بڕێـک لە ڕەخنەگرانـی هـونەری نەتەوایەتـی لە پێگەیەکـی هـونەریی باشـدا دانـانەن، بە ڕای بەنـدە هـونەری نەتەوایەتـی ئەگەر هـونەری سەردەم دەوڵەمەنتر نەکات، زەرەری پێ ناگەیەنێت. ڕاسـتە هـونەری ناسیۆنالیسمی تیـژ دێـن و تیـژیش دەڕۆن. وەک هـونەری نازیسـم لە ئەڵمانیا، یان هونەری فاشیسـم لە ئیتاڵیـا، یـان هـونەری سـەردەمی هەر دیکتاتۆرێک، ئەگەر سەرچاوەکەی هـونەری نەتەوایەتـی بێـت، چ زەرەر و زیانێکی دەبێت؟

جۆرج تاسوون دەربارەی مێژووی یۆنان دەڵێت:

ئەلیـازە و ئۆدیسـە لە قـووڵایی فەرهەنگـی یۆنـانەوە سـەرچاوەیان گرتـووە، بە گـوێرەی زەمـان تێفکرینـی ئەو دەمەی میللەتـی یۆنـان نیشان دەدا و وردە وردە بەو شێوەیەی لێهاتووە وا ئێمە دەیزانین.

بێگومان ساڵەهای ساڵ لەپێش شکسپیردا داسـتانی هملـت و ئـاتیلو لەسـەر زاری خەڵـکەکەوە بـووە، یـان سەرگوزەشـتەی (دون ژوان) لەپـێش ئەوەی (بـایرون) بیکـاتە هەڵبەسـت لە بیروبۆچـوونی ئیسپانیاکاندا هەبووە یان داستانی فس فس پاڵەوان دۆن کیشوت.

خوا هەڵناگرێ ئێمەی کوردیش لەو بابەتەیدا دەوڵەمەندین، بڕێک لەو سـەرمایانە بـووەتە مـوڵکی داگیرکەرانمـان و ئەو بـاقیەکەی تـر وەک خۆیان ماون و کاریان لەسەر نەکراوە.

هـۆمیرۆس وابـاوە لە سـەردەمی ژیانیـدا دوعـاکەر و پیاداهەڵـدەری دەستەڵادارانی سەردەمی خۆی بـووە، بەڵام خەڵـکە ڕەشـوڕووتەکە و

بیـروڕای ئەوانـی کـردووەتە هەوێنـی داسـتانەکانی شـاعیری سـەدەی نۆهەمی وڵاتی چیندا لە سەرەتادا شـیعرەکانی بـۆ پیرەژنێکـی لادێـی دەخوێنــدەوە... دانتــی شــاکاری " کۆمیــدیا"ی بە زمــانی لاتــین نەنووسییەوە، کە بە زمانی هەڵبژاردە دەناسرا.

یەکێک لە مۆزیکژەنەکان بە ناوی لینکا دەڵێـت: " هەرچـی ئـاهەنگی مـۆزێکم هەیە لە خەڵکـم وەرگرتــووە، تەنهـا کارێـک مـن کـردوومە ڕێکخستنەکەیەتی."

یاخ و موزارتیش زۆریان سوود لە مۆسیقای نەتەوایەتی بردووە.

هەروەهـــا زۆربەی زۆری هونەرمەنـــدانی فەڕەنســـا کە بە هەوارگەی هونەر ناسراوە، لە هونەری فۆلکلۆری سوودیان وەگرتووە.

بنـوارە بڕێکـی زۆری کـاری هونەرمەنـدانی وەک گویـا، دۆنـیس، ڤـان کوخ، تاریکوڕوونی ژیانی خەڵکی هەژاری تیادایە.

ئیـدی ئەوە تۆمـارکراوە میللەتـانی کـۆنی ڕووی زەوی لە فۆلکلـۆردا دەوڵەمەندن، کوردیش ئەگەر کۆنترینیـان نەبێـت بە ئەنـدازەی ئەوان کۆنە. بۆیە دراوسێ دز و دەخەڵەکانمـان هەر ئەوەنـدەیان لە دەسـت هــاتووە کردوویــانە، بیانتوانیــایە فۆلکلــۆر و کەلتووریشــیان بــۆ نەدەهێڵاییــنەوە. میللەتــانی پێگەیشــتوو و تێگەیشــتووی ئەمــڕۆی جیهان بە قۆناغی ئێمەدا گوزەراون، جیـاوازیی نێـوان ئـێمە و ئەوان لەوە دایە قۆنـاغی خۆیـان لە پەنجا یـان سـەد سـاڵدا گوزەرانـدووە، ئــێمەی کــورد زۆرتــر لە دوو هەزار ســاڵە لە هەمــان قۆنــاغ دایـن و



نەمانتوانیوە چڕنووک لەو سەرمایە گەورەیە بگرین، هیچ ڕازێکمان هەڵنەهێناوە... هیچ سازێکمان نەگۆڕیوە، هەمان دەنگ و هەمان ڕەنگ، خەرمانەکە بێ خاوەنە.

**١٢/٦/ ١٩٧٨ تاران**

# فەرهەنگی تەسەووف

فەرهەنگی سۆفیگەری پڕ لە وشە و واژە و موفرەداتی تایبەتی و لە دونیای تەسەوفدا مانا و مەدلوولێکی تریان هەیە. زۆربەی شوعەرای کوردستانی ڕۆژهەڵات و شاعیرەکانی سەدەکانی ڕابردووی کورد ئاگاداری ئەو فەرهەنگە بوونە و ئەو موفەڕەداتانەیان لە هەڵبەستەکانیاندا بەکار بردووە، وەک: جەزیری، نالی، وەفایی، وەلی دێوانە، مەولەوی، بیسارانی، مەحوی، وەفایی، ئەوانی تر.

بەداخەوە زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد بەتایبەت لە کوردستانی باشووردا ئاگاداری ئەو فەرهەنگە نین. بۆ نموونە لە لەیەکدانەوەی شیعرەکانی نالیدا گرنگییان نەداوەتە ئەو فەرهەنگە و شیعرەکانیان لە یەک داوەتەوە، ئەوە لە بنەماوە مەبەستەکەی نالییان خستووەتە لاوە، بەندە ئەوە بە نەقس دەزانم.

کاتێک کتاوەکەی وەلی دێوانەم خستە کتاوخانەی کوردییەوە، وەلی دێوانە برێک لەو وشانەی لە شیعرەکانیدا بەکار بردووە... بەندە لە پاشوەندی ئەو کتاوەیدا فەرهەنگۆکێکم بۆ کردووە و ئەو موفرەداتەم بەپێی فەرهەنگی تەسەووف لە یەکداوەتەوە بۆ باشتر لە شیعرەکانی وەلی دێوانە تێگەیشتن و هەروەها بۆ ئودەبا و ڕۆشنبیرانی گەنجی ئێستامان بە چاکم زانی نەختێک لەو فەرهەنگە

و ماناى کەلیماتەکانى ئەو فەرهەنگە بخەمە بەرچاو، بەڵام لە پێشدا دەمەوێ نەختێک لەبارەى مەکاتیبى تەسەووف بدوم.

١- مەکتەبى تەسەووفى هیندى.

خۆشبەختى لە بڕین و ژان و ئازار و مەحڕوومیەتدایە، وەبۆ ئەوەى بگەیتە ئەو ڕۆحیەتە، دەبێ ئەو مەرجانە بکەیتە پیشە و ڕێبازى ژیانت.

یەکەم ڕیازەت.

دووەم: سلووک.

سێیەم: ئیعتیکاف.

چوارەم: ئەندێشە.

پێنجەم: بێدەنگ و سکوت.

شەشەم: تەحقیرى لەش.

حەوتەم: تەربیەتى ڕووح.

هەشتەم: تەجەڕوود.

نۆیەم: ئیعتیزال و پەڕگرتن.

٢- حیکمەتى ئیشراق:

بۆخۆى بیروڕایەکى فەلسەفییە لە سەدەى سێهەمى زاییندا، لە شارى ئەسکەندەریەوە پەرەى سەندووە، بنەماکەى

بیروبۆچوونەکـانی ئەفلاتـوونە، کە دەڵێـت: بنچیـنە و بنەمـای هەسـتی وجـوود دەگەڕێـتەوە بـۆ پەروەردگـار، کە ئەم کەون و کائیناتە نیشانەی تەجەللی زاتی خوداوەندە.

هەر فکر و ڕایەک بێ زاتی ئەو، بێ مانا و مەدلوولە.

هەر کەسێک بیەوێت لە خودا نزیک بێـتەوە، دەبـێ لە پێشـدا لە خـــۆیەوە دەســـت پـــێ بکـــات، زاتـــی خـــۆی بـــدۆزێتەوە و هەڵسەنگێنێت.

سۆفیگەری دوو جۆرە:

یەکەم: تەرکـــی دونیـــاکردن، بە هەمـــوو جۆرێـــک، کوشـــتن و فەرامۆشکردنی تەواو ئارەزووکان ئەوی نیازی حەزی لەشە بەلاوە نرێت... ئەم جۆرە سـۆفیگەرییە زۆرتـر ناسـراوە، بە سـۆفیگەری مەنفی وەک شێوەی ژیانی مورتازەکانی هیندوستان.

وەک جۆری ژیانی باباتاهیری هەمەدانـی یـان شەمسـی تەورێـزی یان وەک وەلی دێوانەی خۆمان.

دووەم: سۆفیگەری موسبەت:

پەیڕەوانـی ئەو مەکـتەبە تـاڵبی دونیـا و دیـنن، واتـا بـۆ هەردوو دونیا دەکۆشـن. تەهزیبـی نەفـس و خواپەرسـتی بەپێـی قۆنـاغ، وەک: ســەنایی، عەتتــار، مەولانــا، مەولەوی ڕۆمــی و مەحــوی و حافز...تاد.

ئەمانەی خوارەوە بڕێک وشەی فەرهەنگی تەسەووفن:

ئاوی ڕەوان: شادی و خۆشی دەمدەم و تاو تاو، یان نزیکبوونەوە لە پەیوەندی یەزدانی.

**ئاوێنە**: ڕواڵەتی کەسایەتییەکی هۆشیار و پڕ لە زانیاری و تێفکرینی مرۆڤێکی تەواو.

**ئەلف**: زاتی خودای یەکتا و بێهاوتا. حەرفی ئەلف هەوێنی تەواوی پیتەکانە. هەموو حەرفەکانی تر لە پیتی ئەلف پێکهاتوون.

**بادە**: عیشق دەستپێکردن، پەرەسەندنی زیکر.

**بادەفرۆش**: بیر و مورشیدی تەواو عەیار و لێزان و چاوساغ و پێگەیشتوو.

**بەزم:** کۆبوونەوە مەجلیسی پەیڕەوانی ڕێگای ڕاست.

**پیری خەرابات**: مورشید و ڕێگەنیشاندەر و چاوساغ.

پەیمانە: بادەی ڕاستی و ڕاستەقینە.

**تەجەلی**: موکاشەفە و دەرکەوتنە بۆ عارفان. ئەویش چوار جۆرە ١- تەجەلی سوەری. ٢- تەجەلی نوور. ٣- تەجەلی مەعنەوی. ٤- تەجەلی زەوقی.

**جام**: جیهانبین، دەروونی مرۆڤێکی خواپەرست.

**چینی زوڵف**: ڕەزامەندیی خواوەند.

**خاڵ**: ڕازی خوداوەند.

دانه فلفل سیاه و خال مه رویان سیاه،

هردو جانسوزند اما این کجا و آن کجا

چکمه سرخ شهین و چکمه شمر لعین

هردو از چرمند اما این کجا و آن کجا

**خاڵی ڕەش**: جیهانی غەیب، دڵ و دەروون و ئەندێشەی عارف. پڕە لە یەکتاپەرستی و جێگەی هیچی تیا نابێتەوە.

**دەف**: بەرەو پەروەردگار ڕۆیشتن بە ستایشەوە.

**دەم دەم**: ئەو حاڵ و بیروبۆچوونانەیە لە دەروونی پەیڕەودا وەدەر دەکەوێ، ئەویش دوای ڕیازەتی زۆر بەدەست دێت، وتراوە هەردەمێک دوو وەجدی تیادایە، یەکێکیان لەپێش گەیشتنە، ئەوەی تریان دوای تێپەڕبوونی ئەو دەمەیە. جا بۆیە دەڵێن عارفان لە یەک دەمدا دوو جەژن دەگێڕن.

حەق زاتی خوداوەند.

**ڕەند**: پەیڕەوانی ڕزامەندی دوور لە هەواو هەوەس.

**ریازەت**: جیهانێکە مورید دەبێ لێپرسراوانە بۆی تێبکۆشی. ئەویش سێ پایە و پلەیە:

١- لەبیرکردنی تەواوی دونیا و دەوروبەر جگە لە حەق.

بە حەق هەر حەق، بە نـاحەق نـاحەقم وتـووە لە ڕۆژێ بـووم
وەکوو مەنسوور ئەگەر بشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم

٢- دەستەمۆکردن و ڕامکردنی نەفس.
٣- خـاوێنکردنەوەی ڕۆح و ڕاهێنـانی بە جەزبە، ئامـادەبوون بـۆ خلسەی بیر لە خواکردنەوە.

زوڵف: پایە و مەقامێکی بوڵندە.

ساقی: هەڵهەڵەی مەعنەویاتی دەروونی مورشید.

ساقی! وەرە، مەیخانەیی دڵ کۆنە ڕەحیقی

گەر مایلی تەوفی حەرەم و بەیتی عەتیقی!

یەک ڕەنگم و بێڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ

بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕژیی عیشقی حەقیقی

**ڕاز**: خەڵوەتگا بۆ دەرکەوتن.

**شەو**: جیهانی پڕ لە جەبەڕووت و هێز و دەستەڵات.

**شەراب**: کلّپەی دەروون و شەیدایی هەق.

**عارف**: ئەو کەسەی بیر و ئەندێشـەی لە زاتـی خـودا بـڕاوەتەوە، بـێ تەمـاح لە پاداشـت، دوورە لە گومـان، لە دوودڵـی، لەتووڕەبـوون و هەڵچوون. دەستەڵاتی هەبێ و نەبێت وەک یەکە. کەم بێژە، سەلارە، بە ویقارە، بەخشندەیە، بێ فیزە، عارفی ڕاستەقینە پیاوی خودایە.

**غەمزە**: هەڵهەڵەی حاڵ لێهاتن، جۆش و خرۆشی هەستی دەروونی سالک.

**قەلەندەر**: عارفی پاک و خاوێن، دوور لە هەواو هەوەس.

**لێو**: ناو کرۆکی قسە و سیفاتی ژیان.

**مەست**: ئەهلی شەوق و جەزبە.

**موتریب**: پەیڕەوێکی پەیامبەر.

**مەی**: نەشئەی زیکر.

**مەیخانە**: دڵی عارف، پلە و مەقامی عیشق.

**مەی فرۆشی**: مورشیدی تەواو.

**نای**: پەیامی عیشق.

**وەفا**: عینایەتی هەتاهەتایە.

**سەول**: مەعریفەتێکی خوداوەندی.

هەڵبەتە فەرهەنگەکە گەورە و زۆرە و قەبەیە ناکرێت لەم باسەیدا هەمووی بخەمە ڕوو، بۆ ئەم باسە هەر ئەوەندە بەسە.

**لەندەن ١٩٩٣ /٩/١٠**

# فەرهەنگی تەسەووف

وشەو واژەی ئەدەبیاتی تەسەووف، ئەلفوبای جیاوازی خۆی هەیە و شاعیرانی دونیای ئەدەب بەو زمانە دواون، جا بۆیە بەندە بە پێویستی دەزانم ئەو موفرەداتە بخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد، تا بەوردی لە کاکڵە و مانای راستەقینەی شیعری تەسەووف تێبگەین، ئەڵبەتە ئەو موفرەداتانە لە بنەماوە عارەبی بوونە، وەمن ناچارم هەمان وشە وەک خۆی دابنێم و ماناکەی لێکبدەمەوە، زۆر کتاو لەو ڕووانەوە نووسراون، بەندە گرنگەکانیان هەڵدەبژێرم، وەک:

١- ئیبنولعەرەبی، کە بە [شێخ الاکبر] ناسراوە، دانەری کتاوی [الفتوحات المکیة]یە، شێخ موحیەدینی محەمەد عەلی تایی ئەندەلوسی لەساڵی شەش سەد و سی و هەشتی کۆچیدا مردووە..

کتاوی [اصطلاحات الصوفیه] کە لەلایەن کەمال و دینی عەبدولرەزاق کاشانیەوە نووسراوە، لە ساڵی حەوت سەد و سی و پێنجی کۆچی مردووە..

کتاوی [تعریفات] لەلایەن سەید شەریف عەلی کوڕی محەمەدی

جورجانیەوە نووسراوە.

کتاوی: [الرسالة القشيرية في علم التصوف] لەلایەن ئەبولقاسم عەبدولکەریم کوڕی هەوزن قشیریەوە نووسراوە..

کیتابی [اصطلاحات الصوفيه] لەلایەن کاشانیەوە نوسراوە

کیتابی [کشف المحجوب] لەلایەن هجویریەوە نووسراوە..





**ئەئیمەتول ئەسما** ناوی یەکەمی پەروەردگار، ناوە ئیلاهیەکان [حي، عالم، مريد، قادر، سميع، بصير، متكلم] سەرچاوەکەی کاشانیە..

**ئەبەد** ئەوشتەی بێ پایانە.. سەرچاوە.. "هجویری"

**ئیتحاد** هەموو بوارێک لەوجودی حەقدا تەواو دەبێ، یانی یەکانەی موتڵەق.. "کاشانی"

**ئیتکال** وشەیەکە کەوا کەس خۆی بەپابەندی یەکێکیتر دانێت.. "کاشانی"

**ئیسپات** وشەیەکە بەرانبەر نکول و نەفی کردنەوە، زۆرتر بۆ نەفی سیفاتی بەشەریەت و سەلماندنی سولتانی حەقیقەت

**ئەحەد** ناوی کەسێکی زۆرتر بۆ غەیب بەکار دەبرێت

**ئختیار** مەبەست لە هەڵبژاردنی حەقە کە پەیڕەو حەق بەسەر خۆیدا زاڵ دەکات..

**ئیخلاس** واتە پەیڕەو لە کارو کردەوەیدا، جگە لە پەروەردگار پەنا بۆ هیچ شاهدێک نەبات.. "تەعریفات"

**ئەدەب** ئەو زانیاریانەیە کە ببێتە هۆی پارێزکردن لە هەڵەکردن.. "ئیبنولعەرەبی"

**ئیرادە** خۆڵەمێشی ئاگری موحەبەتە لەدڵ و دەروونی

پەیڕەودا.. "کاشانی"

**ئەزەل** ئەوەی کەمن سەرەتام بۆ نەبێت.. "هجویری"

**ئەزەلی** سـێ بەشـە، ئەزەلـی و ئەبەدیە کە پەروەردگارە.. یا نە ئەزەلیە و نە ئەبەدی، کە دونیـایە کە سـەرەتای هەبـووە و دوادوایشـی هەیە، کە دونیـایە کە سـەرەتای هەبـووەو دوا دوایش هەیە، یان ئەبەدیە و ئەزەلی نیە، وەک ئـاخیرەت کە سـەرەتای هەیە و بـێ پایـانە.. "تەعریفات"

**ئیستدراج** کـارێکی نائاسـایی کە جادووگەرێـک ئەنجـامی‌دا [نفحات الانس]...

**ئیشارە** هەواڵی بە دڵ نەبوو.. "هجویری"

**ئیشتباە** شـێوەی حـال لەرووی حەق و نـاحەقەوە.. "هجویری"

**ئیشتیاق** بەلادا کێشانی عاشق بەرەو دیدار.. "تەعریفات"

**ئیستیفا** خـاوێنکردنەوەی دڵـی پەیـڕەو، تـا دڵـی پـڕ لە عیشقی خودا بێت و بەس.. "هجویری"

**ئیستماع** پەروەردگار بەندەی خۆی بە ئەدەب کـا و ئەوی رەوشـتی سـاکار هەیە بیخـاتە نـاو دڵ و دەروونیەوە...

**ئەعیـانی** ئەو راسـتەوینانەی دەربـارەی خوداوەنـد..





**سابتە** "کاشانی"

**ئوفق ئەعلا** دوا پلەی پایەی ڕۆح.. "کاشانی"

**ئوفقی موبین** پایانی پلەی دڵ.. "کاشانی"

**ئەلف** ئاماژەیە بە خودی خوا.. "کاشانی"

**ئومولکیتاب** یانی عەقڵی یەکەم.. "تەعریفات"

**ئیمامان** ئەو دوو کەسەیە کە لە چەپ و ڕاستی پیرەوە دادەنیشن.. ئەوەی لای ڕاستەوە بۆچونی بۆلای مەلەکوتە و ئەوەی لای چەپ، بۆچونی بۆلای موڵکەوەیە "کاشانی"

**ئیمتحان** دڵ تاقیکردنەوەی پەیڕەو، لە بۆنەهاتەکاندا "هجویری"...

**ئومەنا** مەبەست لە کۆمەلەی [مەلامەتیەکان]ە، ئەوانەی ئەولیان و هیچی دەرناخەن "هجویری"...

**ئینتیباه** نەمانی بێ دەربەستی لەدڵدا "هجویری"

**ئینزعاج** گۆڕانکاری دڵ لەکاتی حاڵ لێهاتندا.. "کاشانی"

**ئونس** بەندێکە لە ڕەوشتی سلوک، کە هۆکارەکەی تەنها خودایە..."هجویری"...

**ئینسان کامل** ئینسانی تەواو، کیتابێکی پەسەندی خوداییە.. "کاشانی"

**ئیحاء** مانا پەرژاندن بە پەنهانی.. "تەعریفات"

**ئیما** لێدوان بۆ ئاماژەکردن... "هجویری"

**باریقە** ڕۆشنایی لە پەروەردگارەوە، بەتیژی لەناوچونی

**باتل** جــگە لە خــودا هەرچــی بێــت لەنــاو چــووە، حەقــیقەت جــگە لە خــودا هیچیتــر نــیە.. "تەعریفات"

**بەست** دڵ کردنەوەی بێ پێچ و پەنا.. "هجویری"

**بەسیرەت** ئەو هێـــزەی بەشــێکی خـــودا لەدەروونــــدا دەدرەوشێتەوە.. "تەعریفات"

**بەڵا** هەر چەند ئازار و نەخۆشـی لە لەش و ئەندامـدا زۆرتــر بێــت بەو ئەنــدازەیە لە پەروەردگــارەوە نزیک بوونەوە.. "هجویری"

**بوردە** ئەوەی لەپـــڕ لە غەیـــبەوە دەکەوێـــتە دڵەوەو دەبێتە مایەی شادمانی.. "ئیبنولعەرەبی"

**بەیتولحیکمە** دڵێک کە پڕە لە ئیخلاس.. "کاشانی"

**بەیتولعیزە** چـــۆنیەتی پەیوەنـــدکردنی دلەوە بەخــــودا.. "کاشانی"

**بەیتولمەحرەم** دڵی مرۆڤی تەواو و سەرە.. "کاشانی"

**بەیتولمەقدس** دل و دەروونی خاوێن.. "کاشانی"

**تەجرید** خاڵی بوونی دڵ لە تەواوی هەستەکان جگە لە خودا.. "تەعریفات"

**تەجەلی** ئەو تیشـــکە دەم دەمـــانەی خوداوەنـــد کە

دەکەوێـــتە بیـــر و دڵ و دەروونەوە، ئەوانەی شایســتەی ئەو تیشـکانەن کە پەیـڕەو بـیەوێ دەیبینێـــت و نەشـــی ویســـت نـــای بینـــێ.. "هجویری"

**تەحلی** خۆگیردان بە کۆمەڵێک، دوون لە حەقیقەتەوە.. "هجویری"

**تەخلی** تەقەلـــلا بـــۆ وەلاوەنـــانی کۆســـپی بەر پێـــی پەیڕەو.. "هجویری"

**تەسلیم** پێشوازی لە رووداوە.. "تەعریفات"

**تەسەوف** هەڵسان و ئەنجامدانی بەندەکانی شەریعەت، یا واتە رەوشتە پەسەندەکان.. "ئیبنولعەرەبی"

**تەفرید** پشـــکنین بە شـــێوەیەکی پـــڕ لە حەقـــیقەت.. "تەعریفات"

**تەلبیس** دەرخستنی شتێک کە نەکرابێت.. "هجویری"

**تەلوین** ئەمـلاوئەولای بەنـدەو گۆڕانکـاری لە هەڵوێسـتدا "ئیبنولعەرەبی" دەڵێت: [کل یوم هو في شان]

**تەمکین** حـــاڵ و ئەحـــواڵی ئەوانەی پێگەیشـــتون.. "ئیبنـــولعەرەبی" وتـــویەتی [التمکـــین رفـــع التلوین].. "هجویری"

**تەوجد** بەدوای سووکردا گەڕان.. "کتاب حازر

**تەوکل** ئومێـدەوار بـوون بەوەی خـودا دەیبەخشـێت..

"کتاب حازر"

**حەیەروت** دونیای ناوەندی.. "ئیبنولعەرەبی"

**جەزەبە** نزیــــک بـــوونەوە لە لـــوتفی پەروەردگـــار.. "هجویری"

**جسم** هەوێنـــی حەقـــیقەت بـــۆ ســـێ کـــوچکەی دوورئەنداز.. "هجویری"

**جەلال** ئەوەی پەیوەندە بە توڕەبوونی پەروەردگارەوە

**جەمال** ئەوسافی لوتفی خوداوەند.. "کاشانی"

**جەمع** ئاماژەیە بە حەق.. "ئیبنولعەرەبی"

**جمع الجمع** پـــلە و پـــایەیەکی تەواوکەری جەمـــعە.. "تەعریفات"

**جەمـــــــــع تەفرەقە** ئەوەی دەخرێتە گەردنت ئەوە "فـرق"ە و ئەوی لە تۆ دەسێنرێت ئەو جەمعە.. "تەعریفات"

**جەمعیەت** کۆمەڵکردنی ورەو باوەڕ بە خودا.. "هجویری"

**جەوهەر** کـاکڵەی هەســتەکانی لەش و بەدەن، هەروەهـا عەقل و باوەڕ.. "کتاب حازر"

**حجاب** ئەو شـــتە جوانـــانەی چـــاو نایـــان بینێـــت.. "ئیبنولعەرەبی"

**حیجابولعیزە** سەرگەردانی بیروڕا.. "تەعریفات"

**حجەتـــولحەق عەلەلحەق** ئاماژەیە بە مرۆڤی تەواو بێ عەیب "کاشانی"

**حەرق** ئاماژەیە بە بڕێک تەجەلیات کە پەیڕەو بەرەو تیاچون دەبات.. "تەعریفات"

**حروف** ئەو حەقیقەتانەی بە بەرچاوەوەن.. "تەعریفات"

**حوریەت** خۆ دەربازکردن لە تەواوی ئارەزووەکان.. "تەعریفات"

**حوسن** رازی بوون بە فەرمان.. "هجویری"

**حەق** خودا.. "هجویری"

**حەقیقەت** نیشتەجێ بوونی بەندە لە جێگەیەکدا کە رازی خودای تیادایە.. "ئیبنولعەرەبی"

**الحقائق** پلەو پایەی بۆ هاوتای پەروەردگار.. "تەعریفات"

**خاتر** هەر خولیایەک بکەویتە بیرو ئەندیشەوە.. "ئیبنولعەرەبی"

**خەتەرات** ئەو خولیایانەی وەک خورپە دەکەوێتە دڵەوە.. "هجویری"

**خەڵوەت** وتووێژی پەنهانی لەگەل خودادا.. "هجویری"

**دورەتولبەیزا** عەقڵی یەکەم.. "ئیبنولعەرەبی"

**زات** کاکڵەی شت و راستەقینەکەی.. "هجویری"

**زەوق** وەک شەراب بیت تەواوی کارەکان بە جوانی وەدەرخا.. "هجویری"

**زیهاب** لەخۆ وەدوور کەوتنەوە.. "لەمع"

**رجاء** پەیوەنـــد بـــوونی کارێـــک بە مەعشـــوقەوە پەیوەندی هەبێت.. "تەعریفات"

**رەغبەت** حەزی زات بۆ کردەوەی باش وەرەغبەتی دڵ بۆ حەقیقەت.. "ئیبنولعەرەبی"

**روحولئەعزەم** روحی ئینسـانێک دیـاردەی خـودای تیـادا وەدی بکرێت.. "تەعریفات"

**روئیەت** بەچاو دیـتن، چ لەم دونیـادا یـا لە ئاخیرەتـدا.. "تەعریفات"

**روائد** تیشکی فراوان لەناو بیرو بۆچوندا.. "هجویری"

**سالک** ئەوکەسەی نەک بە هێزی زانست بەڵکو بەهێزی حاڵ لە رێبازەکەدایە.. "ئیبنولعەرەبی"

**سەحق** لەنـاوچون، بێچـارەیی، بەنـدە لە تورەبـوونی پەروەردگار.. "ئیبنولعەرەبی"

**سر** شـاردنەوەی حـاڵ و ئەحـواڵی دۆسـتایەتی.. "هجویری"

**سرولسر** شـتێکە پەیوەنـدی بە پەروەردگـارەوە هەیە.. "تەعریفات"

**سەفەر** رۆیشتن بەرەو خودا.. "تەعریفات"

**سوکر** واتە مەســـتی، یـــا بێهۆشـــی و دوور لە هوشیاری.. "ئیبنولعەرەبی"

**سـواد الـوجە** تیـاچونی تێکڕایـی لە خـودادا بەشـێوەیەکی وا

**في الدارين** هیچی بۆ نەمێنێتەوە لە خودا زیاتر.. "هجویری"

**سوئال** داوای حەقیقەت کردن.. "هجویری"

**شەجەرە** مرۆڤی تەواو.. "ئیبنولعەرەبی"

**شورب** شیرینی عیبادەت.. "هجویری"

**شرود** بەدوای حەق و حەقیقەتدا گەڕان.. "هجویری"

شەطح ئاماژەیە بە خۆپەسەندی.. "ئیبنولعەرەبی"

**شهود** حەق بە حەقیقەتەوە دیتن.. "تەعریفات"

**سەحو** واتە هۆشیاری گەڕانەوە بە هەستە خواپێداوەکان.. "لەمع"

**سەعق** تیاچون لە تەجەلی خوداییدا.. "ئیبنولعەرەبی"

**سیفەت** ئەوی بەرگەی رەخنە نەگرێت.. "هجویری"

**سیفاتی جەلالیە** دیاردەی عەزەمەت و عیززەت.. "تەعریفات"

**سیفاتی جەمالیە** ئەوەی پەیوەندی بە لوتف و رەحمەتەوە بێت.. "تەعریفات"

**سیفاتی فعلیە** وەسفێکە، رەنگە لە خودایشدا هەبێت وەک ئالۆزی و تورەبوون.. "تەعریفات"

**تەیبی روحانی** ئەو عارفەی توانای ئامۆژگاری تیادایە.. "تەعریفات"

**تەریقەت** هەنگاونان لە رێبازدا.. "تەعریفات"

**تمس** نوقم و نغرۆ بوونی پەیڕەو لە گەورەیی خودادا.. "تەعریفات"

**تەوراق** هەست کردنی دڵ بە چاکە، یان ئازار، لەکاتی موناجاتدا.. "هجویری"

**تەواقع** تیشک و دەرکەوتنی بۆ ناو تاریکی دڵ و دەروون.. "هجویری"

**زولم** نانی شتێک بۆ جێگەیەکی نەشیاو.. "هجویری"

**عارف و مەعریفەت** عارف ئەوکەسەی خوای بینیوە.. "ئیبنولعەرەبی"

**عالم** گیانلەبەرانی پەروەردگار.. "هجویری"

**عالم و علم** عالم ئەو کەسەیە خودا خۆی پێ‌پێشانداوە، ئەوە بە زانست ناو دەنرێت.. "ئیبنولعەرەبی"

**عەدل** دانانی شت لە جیگەی شیاودا.. "هجویری"

**عیلم بیلا** زانستی مەعریفەتە.. "هجویری"

**عیلم لەگەل خودادا** رێگای حەقیقەت و دەرخستنی پلەو پایەی ئەولیا.. "هجویری"

**عیلم لەگەل خودادا** زانستی شەریعەت.. "هجویری"

**عید** ئەوەی لە ئاکامی کارو کردەوەی شیاودا تەجەلی دەکات.. "ئیبنولعەرەبی"

**فیترەت** کوژانەوەی ئاگرێکی بڵیسەدار.. "ئیبنولعەرەبی"





**فەرق** ئاماژەیە بەوانەی لەسەر حەق نین.. "ئیبنولعەرەبی"

**فەنا** لەناوچونی كارو پیشەی ناشایستە.. "تەعریفات"

**فەوائد** هەست بەرازگرتن.. "هجویری"

**قەبز** دڵگیری نەخواستە.. "هجویری"

**قەرار** لەناو چونی دوودڵی.. "هجویری"

**قرب** هەست كردن بە نزیک بوونەوە لە پەروەردگار.. "هجویری"

**قوتب** ئەو كەسەیە لەوا لە هەموو كاتێكدا لە خوداوەندەوە نزیكە.. "هجویری"

**قەهر** لایەنگیری حەق و حەقیقەت.. "هجویری"

**كەرامەت** دیاردەی كارێكی نەبینراو، كار و كردەوەی ئەولیا "كتاب حازر"

**كیمیا** قەناعەت بەوەی كە هەیە.. "كاشانی"

**كیمیای خەواس** دڵ خاوێن كردنەوەی لە هەوەسەكانی دونیا.. "كاشانی"

**كیمیای سەعادەت** پەروەردەكردنی نەفس و دل و دەروون.. "كاشانی"

**كیمیای عەوام** گۆڕینەوەی دونیا بە دوا ڕۆژ.. "كاشانی"

**لیسانولحەق** پەیڕەوی بێ عەیب.. "تەعریفات"

**لوتف** لایەنگیری لە حەق و پەروەردگار.. "هجویری"

**لەوامع** تیشک کەوتن سەر دڵی تاریک.. "هجویری"

**لەوائح** سوربون لەسەر وەدەرخستنی مەبەست.. "هجویری"

**لەیلەتولقەدر** شەوێکی پەیڕەو دایناوە بۆ تەجەلیەکی تایبەتمەند

**موجاهدە** هوکارە کردنی نەفس بە بۆنەهات و ئازار.. "تەعریفات"

**موحازەرە** دڵ و دەروون وەرگێڕان بەرەولای خودا.. "هجویری"

**موحەقیق** تیاچونی بەندە لەوجودی خودادا.. "تەعریفات"

**مەحو** لەناو چونی رەفتار و کرداری نەشیاو.. "ئیبنولعەرەبی"

**موراد** ئەو کەسەی توانا و عەقڵی لێ سەنراوە.. "ئیبنولعەرەبی"

**مورشید** ئەوکەسەی لەپێش گومرابوندا ئاماژە بۆ رێگای راست دەکات.. "تەعریفات"

**مورید** رازاوە بە توانای خۆ، یان ئەوکەسەی دەرگای ناوەکانی لی کراوەتەوە.. "ئیبنولعەرەبی"

**موسامەرە** وتوویژی خودا لەگەل عارفەکاندا.. "هجویری"

**موشاهەدە** دیتنی شتیک لە رێبازی یەکانەگیدا..

"ئیبنولعەرەبی"

**مەقام** هەڵسانی پەیڕەو بەو ئەرکەی کەوتووەتە ئەستۆی.. "هجویری"

**موکاشەفە** ئەوەی بەزمان نەتوانرێت بوترێت.. "هجویری"

**مەلجەء** باوەری دڵ بۆ بەدەست هێنانی ئاوات.. "هجویری"

**مەوتی ئەحمەر** دژ بە زات وەستان.. "تەعریفات"

**مەوتی ئەبیەز** برسێتی.. "تەعریفات"

**نوقەبا** ئەوانەیئاگاداری فکرو زکری خەڵکین.. "تەعریفات"

**نورولنور** خوداوەند.. "تەعریفات"

**وەجد** ئەو شتەی بی تەقەللا دەڕواتە دڵەوە.. "تەعریفات"

**وجود** لەناوچونیسیفاتی بەشەریەتلە دونیایحەقیقەتدا.. "تەعریفات"

**وەقت** چرکەیەکە لەنێوان رابوردوو و سبەینێدا.. "تەعریفات"

**وەقفە** وەستان لەنێوان دوو پلەیدا.. "تەعریفات"

**هاجز** خولیای پەروەردگار.. "ئیبنولعەرەبی"

**هجوم** ئەو باوەڕەی بەهێزەوە دەگاتە دڵ..

"ئیبنولعەرەبی"

**هەیبەت** وەدەرکەوتنی جەلالی خودا لە بیر و بۆچوندا..

"هجویری"

**یەقین** زانیارییەک کە خاوەنەکەی لێی دڵنیا بێت..

"کتاب حازر"

# پێشبینییەکانی داهاتوو

وشەی "سبەی" لە ناو میللەتانی جیاواز فکری لێ دەکرێتەوە، بەلای ڕۆژهەڵاتیشەوە بەتایبەت ناوە ڕاستییەکان سبەی بێ بەرنامەڕێژی و پلاندانان دونیایەک ئومێدە و ئەگەر ئومێدەکانیشی بەراورد نەکرا دەڵێت خوا نەیکرد.

بەلای ڕۆژئاواییەکانەوە سبەی یانی ئێستا، بۆی دەستبەکار دەبێت ئەگەر بیخاتە سبەی، بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ دارشتووە و کاری لەسەر دەکات و لە کارەکەیشدا سەردەکەوێ.. بۆ سەلماندنی ئەو وتەیە وردبەرەوە لەوانەی وا لە ماڵەکەتدایە و ڕۆژانە سوودی لێ وەردەگرێت.

دەستکرد و داهێنانی ڕۆژئاواییەکانە، کەواتە جیاوازیی نێوانمان لە پێنج سەدساڵ کەمتر نییە، من بۆ هۆکارەکانی نارۆم و شی ناکەمەوە لەبەر ئەوەی زۆرن و لەم کورتە نووسینەی دا پێ ڕاناگەم.

بەندە دەمەوێ لە داهاتوودا بدوم، بزانین چی بە ڕێگەوەیە و ڕەنگە چی ڕووبدات و مرۆڤ لە زانستدا بگاتە چ قۆناغێک.

ئێمەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەستمان لەو داهێنانە سەرسام ئاوەرانەیدا پشکمان دەبێت، یان وەک هەمیشە لە داهێنان دوور دەبین و لە توندوتیژی و دەمارگیریدا بەردەوام دەبین و

هۆکارەکەیشی دەخەینە سەر ئەستۆی خەڵک و دوژمنانی ئیسلام و ڕەگەزەکانی ڕۆژهەڵات.

با وردەکارانە لە ئێستا بدوین، هەرچی داهێنانی تەکنۆلۆژی مرۆڤایەتی هەیە، لە سەد ساڵی ڕابردوو دەستی پێ کردووە و گەیشتووەتە ئێستا. پرسیارێکە زۆر کەس لەخۆی دەیکا، من یەکێکم لەوانە و بیری لێ دەکەمەوە لە چەند ساڵی داهاتوودا تەکنۆلۆژیای مرۆڤ و داهێنانەکانی دەگەنە کوێ؟

جا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بەندە سەرم بەسەر زۆر کونوقوژبندا کردووە و بڕێک زانیاریم لا گەڵاڵە بووە، ڕەنگە بە لای زۆر کەسەوە بە خەیاڵ دابنرێت و نەی سەلمێنن، وەک زۆر لە تازە باوەکان پێشتر خەیاڵ و سحر و جادووبوون لای مرۆڤ، وەک دابەزین لەسەر مانگ و فڕۆکە و هەروەها تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و موبایل و کورە عالەمێک لە داهێنان.

جا با پێکەوە گەشتێکی زانستییانە لە پێشبینی و تەماحەکانی مرۆڤدا بکەین تا بزانین دونیای پێگەیشتوو و تێگەیشتوو خەریکی چین و بە تەمای چین؟

پرۆفیسۆر تۆماس مالۆن دەڵێت:

١- زۆر ناکێشێت مرۆڤ لە هەر کوێدا بیەوێت بە ئاسانی باران ببارێنێت، یان بەری باران بگرێت. بەم شێوەیە بەری لافاو

گرتن ئاسان دەبێت و وشکە ساڵی لەناو دەڕوات و شێوەی کشتوکاڵی دەگۆڕێت و قڕوقاتیش نامێنێ.

٢- مرۆڤ دەتوانێ ئەو مووشەکانەی هەڵیان دەداتە ئاسمان بە شێنەیی بیانگەڕێنێتەوە سەر زەوی و چەندان جاری تریش سوودیان لێ وەرگرێت.

٣- شێوەی خواردەمەنی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئیدی میللەتە برسییەکان و نەدارەکان تووشی قاتی و قڕی نابن.

٤- دورگەیەکی دەستکرد لە دەریای باکووردا لەنێوان بەریتانیا و هوڵەندەیدا دروست دەکرێت بۆ پاڵاوتنی دەریا.

هەروەها دکتۆر تیودور، ئەی گوردن دەڵێت:

١- تا چەند ساڵێکی تر پێگەیەکی هەمیشەیی لەناو مانگدا دروست دەکرێت.

٢- تا چەند ساڵێکی تر مرۆڤ دەگاتە چەند ئەستێرەیەکی تر.

پرۆفیسۆر جیراد — ک- ئۆنیل دەڵێت:

١- بەم زووانە مرۆڤ دەتوانێ دە هەزار تۆن ئاسن و شتوومەکی پێویستی قورس ڕەوانەی ئاسمان بکات و دوو هەزار کەسیش بکاتە سەرنشینی و لە خاڵی (١٥) ئەو ئێزگە زلزەلامانە دامەزرێنێت.

٢- خاڵی (لاجرانج) دوو سەد و چل هەزار میل لە مانگ و زەوییەوە دوورە، بە ناوچەیەکی ئارام دەژمێردرێت، واتا

هێـزە ڕاکێشـەرەکان لە کـێش و تەرازوویەکـی بەرانـبەر دان.

٣- تا دوانزە ساڵی دی یەکەمین هەوارگە لە مەداری زەویـدا پێک دێت و دە هەزار کەسی تیادا دەژی، دوور نییە ئەو ئـاواییەی فـۆرمەکەی بـازنەیی یـان لـوولەیی بێـت و بە دەوری خۆیدا بخولێتەوە. هێزێکی ڕاکێشەریش بە دەست بهێنێ، بەڵام بە راورد ناکرێـت لەگەڵ قـودرەتی بەهێـزی ڕاکێشـی زەویـدا، خەڵکـی ئەو مـانگە دەسـتکردە بەبـێ دەزگا و ئـامێر دەتـوانن لە ئاسـمانی ئەو مانگەیـدا بـاڵە مەلەی ئاســمانی بــکەن و وەک باڵنــدەیەک هەڵفــڕن و مەحـاڵە خەڵکـی ئەو لادێـیە تووشـی نەخۆشـی دڵ بـن. لەوێــڕا دار و درەخــت و شــینایی تیــادا دەڕوێــت و ئاژەڵیشی تیادا دەژی.

٤- تا شەش ساڵی تر مرۆڤ دەتوانێ کورپەی ناتەواوی ناو سکی دایکی چاک بکاتەوە.

٥- زۆر ناکێشێت هێزی تۆفان و شاگەردەلوول دەخرێتە ژێر ڕکێـف و توانـای مـرۆڤەوە بـۆ سـازندەگی ئەو هێـزە پـڕ قودرەتە بەکار دەبرێت.

٦- تـا چەنـد سـاڵێکی تـر هێـزە سروشـتییەکان وەک بـا و تۆفان، بزیسکە و باران و لافاو دەکەونە ژێر دەسـتەڵاتی

مـــرۆڤەوە وەک چەکێکـــی ســـەربازی ســـوودی لـــێ وەردەگیرێت.

پرۆفیسۆر داڤید دەڵێت:

١- تا بە ئەمڕۆ نەمانتوانیوە هیچ پێوەندییەک لەگەڵ گیانلەبەرانی ئەستێرەکانی قووڵایی ئاسماندا بکەین. ئەگەر هەبن زۆر ناکێشی ئەو پەیوەندییەی ئەنجام دەدرێت.

٢- لە داهـــاتوودا پشـــووی ســـاڵانە و گەشـــتوگوزار لە ئەستێرەکانی ئاسماندا دەکرێت.

زانای گەورە ئیسیاستان سپیلوس دەڵێت:

١- ئەگەر بێـت و هەروا بـێ پەروا شـتومەک فـڕێ بـدرێتەوە دەریاکـانەوە ئاسـتی ئۆقیانووسـەکان بەزرتـر دەبێـتەوە و بەشێکی زۆری زەوی دەکەوێتە ژێر ئاواوە.

٢- ئەوەندە دونیای تەکنەلۆژیا قەرەباڵخ و ئاشووفتە و پڕ لە هەرا و هۆریا دەبێ مرۆڤ دەگەیەنێتە سەر سنووری ئاڵۆزی و شێتبوون.

٣- لە داهـاتوودا خەڵـک دەتـوانێ گەشـت بـۆ قـوڵایی ئاسـمان بکـات، هەڵـبەت ئەمەیـش بە پێـی زانسـتی کۆمپیـوتەر و ئینتەرنێت.

دکتۆر ئیسحاق سیموف دەڵێت:

تا چەند ساڵێکی تر تەواوی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکان لە قوڵایی گەردووندا ئەنجام دەدرێن و تەواوی کارخانە زەبەلاحەکان دەگوێزرێنەوە ئاسمان.

پرۆفیسۆر ملادیمیر ئەلکساندرۆڤیتش دەڵێت:

١- دەستگایەکی ئەلکترۆنی وا دروست دەکرێت، هەر قسەیەک هەڵەی ڕێزمانی تیادا بێت، ڕاستی دەکاتەوە وەریشی دەگێڕێتە سەر ئەو زمانەی کە دەتەوێ.

٢- بە هۆی مانگە دەستکردەکانەوە لە مەداری زەویدا تیشکی هەتاو گلێر دەکرێتەوە و بۆ نیازە پێویستەکان دەنێردرێتەوە سەر زەوی.

# مرۆڤ سێ تیپ و جۆرن

یەکێـک لە مەرجە گرنگەکـانی ئینسـانی ئینسـان بە گـوێرەی توانـا یارمەتی ئینسان دەدات، ڕێز و شکۆی بۆ دادەنێت و هەموو هێـز و توانـایەکی خـۆی دەخـاتە گـڕ بـۆ پاراسـتنی باڵـندە و ئاژەڵـەکـان و سەرتاسـەری ژیـنگە، ئەوە زۆرتـر لە ئەسـتۆی کەسـانی بە توانـا و لێهاتوودایە بە تایبەت لە ڕشتەیەکدا چاوساغ و لێـزان، لە سـەردەمی (حـــامورابی ١٧٢٨-١٨٨٦پ.ز پاشـــای یاســـادانەر و دادپەروەری بـابلییەوە تـا بە ئەمـڕۆ مـرۆڤ پەیـڕەوی سـزادانە و سـەلماندوویەتی سزادان دەبێتە هۆی ترس و تۆقیان لە دڵ و فکری تاوانباردا و ئەمە هۆکاری پاراستنی کۆمەڵگەیە لە کـار و کـردەوەی تاوانبـاردا یـا هەر نەبێت دووبارەنەکردنەوەی تاوان، ئەو تیۆریە ڕەنـگە زۆر ئیسـتاتیک و ڕچاو بێت و لە جیهـانی دینامیکـدا بە یەک نـاخوات، ئەو خـاڵە لە دەستنیشانکردنی مێژووی تاوانناسیدا بە جوانی ئاشکرا کراوە.

ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە ئینسان لە قەد و قامەت و قەڵافەتـدا لە زۆر ڕووەوە لە یەک دەچن، بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە زۆربەی مرۆڤ لە زۆر ڕووەوە جیـاوازیی زۆریـان هەیە، بەتـایبەت لە ڕووی خـو و خسـڵەت و دەروونیـیەوەیە نەک ڕەگەزەکـانی مـرۆڤ (ڕەش، سـپی، سـوور، زەرد) دەبینرێـت، جیـاوازیەکە لە مرۆڤێکـدا بە زەقـی وەدەر کەوتووە بەتایبەت لە حاڵەتی دەروونیدا چ پیاو یان ژن یـان پیـر یـا

وەکوو گەنج حاڵەتەکەیش دەستنیشان کراوە، مەزاتیەکە بەسێ جۆر ناسـراون، وەک: مەزاجـی پەڵغەمـی، مەزاجـی سـەفراوی، مەزاجـی سەوداوی و خوێناوی.

لەوانە گوزەشتە، جیاوازیی نێوان نێر و مێ، جگە لە بـاری دەروونـی لە قەد و قەوارەیشـدا جیـاوازن، ئـێمە نـاڕۆینە نـاو وردەکـاریی ئەم باسە، چونکە سەدان کتاو لە لایەن لێزانانی ئەو بوارەوە نووسراوە و پەیوەستەیش دەنووسرێت.

ئەوەی ڕوون و ئاشـکرایە ژن لە ڕوانگەیەکـی مێیینەیـیەوە دەنـوارێتە جیهاندا، پیاویش لە ڕوانگەیەکی نێرینەبوونەوە.

ئەو جیـاواز تێفکـرینە لە ژن و پیـاو و کـچ و کـوڕدا لە کـۆمەڵگەدا زۆرتر لە ئاکامی جیاوازیی تێفکرینە دەربـارەی ڕووداوەکـانی ڕۆژانەی ژیـان، هەشـن لە بـاری دەروونیـیەوە لە یەک نـزیکن، بەڵام لە بـاری لەش و قەد و قەوارەوە جیاوازن، دەبینرێت یەکێک بەرز و بوڵنـدە و ئەوەی تر کوڵەباڵا و باریک ئەندامە یان خرپن و گۆشتنە.

لە کۆنــــدا دەروون و مەزاجـــی خەڵکەکەیـــان بە قەد و قەوارە و ڕوخساردا دەستنیشان دەکرد، ئەگەرچی ئەو جۆرە دەستنیشـانکردنە ڕووکەشانە بووە بـۆ زۆربەی خەڵـکەکە بووبـوویە پێـوەر و بـاوەڕ بـۆ نموونە باوەڕ وابووە کوڵەباڵا زیرەک و گێرەشێوێنە، پیـاوی بـاڵابەرز، کەم عەقڵ و بێ کارەیە.

ئەگەر زۆر لە یەکـی دەیـنەوە، ئەو جـۆرە دەستنیشـانکردنانە زۆر لە بیروبۆچوونی زانستیانەی ئەمڕۆیەوە بە دوور نین.

جا با مرۆڤ بکەینە دوو بەشەوە:

١- قەوارە جوانەکان ئەوانەی لەش و ئەندامیان مەوزوونە.

٢- بێ قەوارەکان ئەوانەی لەش و ئەندامیان سروشتی نییە، بۆ نموونە دەبینرێت کەسێک لە پشتوێنەی بەسەرەوە سروشتییە و بە خوارەوە هەردوو پای کورتن و نامەوزوونە، یان هەردوو دەستی وەک دوو لاقی درێژن یان بە پێچەوانەوە. ئەم جۆرە نموونانەی لەناو خەڵکە زۆرەکەدا کەمن، بەڵام هەن... خەڵکە زۆرەکە سروشتین و ڕێکوپێک ئەندامن، ئەوانە دەکرێنە پێنج بەشەوە:

١- تیپی ورگن و گۆشتن.

٢- تیپی ڕەقەڵە.

٣- تیپی عەزالاتی قەبە.

٤- بێ قەوارەکان.

٥- تیپی تێکەڵ.

زانایان لەم ڕووەوە زۆر دواون، ڕەوانناسی ئەڵمانی "کرجمیر"، هەروەها زانای ڕواڵەتناسی ئەمریکایی شلدون لە ڕووی زانستی ڕواڵەتناسیندا زۆر خۆیان ماندوو کردووە، بەتایبەت باسەکەی "کرچمیر" سادەترە و نەڕۆیشتووەتە وردەکاریی فەلسەفی و دەروونناسی پڕ لە گرێ و ئاڵۆز، ئەو دەڵێت:

١- تیپی ورگن: ئەم چەشنە مرۆڤانە لە تیپی تر زۆرتر ئامادەیی قەڵەوبوونیان تیادایە، باڵاشیان نە بەرزە و نە کورتن، سەر و گەردەن کورت و چەسپاو، پێست ناسک و سپی. قژ و پرچ نەرم، زۆربەیان لە پێشی سەریانەوە مووی سەریان وەریوە.
لە قاپە ڕەقەیانەوە تا چۆکیان، لە چۆکیانەوە تا بنی ڕانیان وەک وا بێت دوو مەخڕووت بەسەر یەکەوە بن.
هەروەها مەچک و بازوویان تا بندەستیان هەر بەو شێوەی لاقیانە، ڕەگ و دەماری لەشیان بە نودرەت وەدەردەکەون و لە کاتی دەرزیلێداندا دووچاری گرفت و دژواری دێن.
لە باری کۆمەڵایەتییەوە زۆربەیان ڕووخۆش و زوو ئاشنا و بەزمئارا و گاڵتەچی و قسەخۆش و خۆخۆشەویستکەرن و بە ئاسانی دەڕۆنە دڵەوە. هەتاوەکوو لە کۆڕ و کۆمەڵی نائاشنایشدا بە ئاسانی دەتوانن ڕشتەی باسەکان بگرنە دەستەوە، زۆر مەیلیان بەلای هەڵسووڕانی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، تیادا سەرکەوتوون. لایان خۆشە بەشەڕ بێن، بەلام دەنگ وەرگردنیان لا دژوارە، لایان وایە شەڕ لە بەتاڵی چاکترە.
ئەم جۆرە مرۆڤانە خواردن و چۆنیەتیەکەی بەلایەنەوە گرنگە، نەک خودی برسێتی، لایان خۆشە باس لە خواردن و چۆنێتیی ڕازاندنەوەی مێزی خواردن و خواردنەوە بکەن و بە وردی ئاگاداری نەوسی خۆیانن.





لە ڕووی زانیارییەکـانەوە زۆرتـر لە کاروبـاری کـۆمەڵایەتییەوە نزیکن تا فیزیا و ڕیازیات و ڕشتەی وشک و برنگەکانی تری.

لە ئەدەبیاتدا تەوح و مەیلیان بە لای شیعرەوە زۆرە، حەزیـان لە نووسـینی سـادە و پەخشـانی بـێ گـرێیە. ڕووداوەکـان هەروەک خۆیان دەبینن و چڵ و لکی لـێ نـاکەنەوە، حەزیـان لە هـونەرە، زۆرتر حەزیان لە چۆنەتیی کارەکەیە تا ئەندازەی کارەکە.

فەیلەسـووفی بەناوبـانگی ئیسـلامی ئیبنوسـینا لەسـەر ئەم تیـپە ژمێـردراون، ئەم تیـپە گەلێـک زوو هەسـتیان دەجووڵێـت و بە زوویی ئاڵۆز و تـووڕە دەبـن و هەر بەو زووەیـش دادەمـرکێنەوە. هێنـــدە بە دوای تۆڵەســـەندنەوەدا نـــاگەڕێن، دڵتەنگـــی و خەموخەفەت لەنێو ئەو تیپەیـدا ئاسـتی بەرزە، ئەم تیـپە بەپێـی تەقسیم بەندییەکەی "بوکرات"وە بە تیپی "بەڵغەمی دادەنرێن.

لەش و ئەنـدامی ئەم تیـپە لە لایەن فزیولـۆژییەوە ئەگەر لەگەڵ تیپەکـانی تـردا بەراود بکـرێن، دەبینرێـت لکەکـانی ( تیرۆئیـد وە پـــارا تیرۆئیـــد) زۆرتـــر لە تەقەلادان، وە هەمـــان ئەنـــدازەیش زۆربـوونی ئەنـدازەی شـەکر و تووشـی نەخۆشـی و شـەکرە و تەوژمی خوێن و وەستانی دڵ دەبن.

هەروەها لە تیپەکانی تر زۆرتر تووشی غەموپەژارەی زۆر دەبن و دووچاری سووکە شێتییەک دەبن بەناوی " دیرسون" یـان شـادی و غەم و پەژارەی زۆر، بەڵام لە بـــــاری لە یەکـــــدانەوەی

تاوانکردنەوە لە هەموو تیپەکان ئـارامتر و لاشـەڕترن و کەمتـرین ئەندازەی تاوانیان تیادا دەبینرێت.

لە بەراوردێکی پڕ لە وردەکاریدا لەنێوان ژمارەیەکی سـێ هەزار و پەنجـا و دوو تاوانبـاردا لە وڵاتـی ئەڵمانیـادا ئەنـدازەگیری بەم شێوەیە کراون:

تیپی عەزەلاتی ١٣.٤% کەس

تیپی ڕەقەڵ ٣٣.٧% کەس

تیپی ورگن ٩،٧%کەس

لە تێکـڕای ئەو ئەنـدازە و ژمارەیـدا شـێوەی تـاوانی ورگنەکـان گەلێک سادە و بێ زیـان دراوە لە قەڵەم. ئەوەی وەدەردەکەوێـت ئەم تیپە لەگەڵ دژوارییەکاندا سازگارن و باشـتر دەگـونجێن و لە ڕووی ڕەفتاریشــەوە زۆر کـراوەن و چـۆن دەبینـرێن هەروان، لەو وتە بەناوبانگەی بەدوورن کە دەڵێت: هەرچۆنێک بێت زێڕ و ڕێگا و ئایینت بۆ کەس دەرمەخە.

٢- تیپی ڕەقەڵ: ئەم تیپە زۆتـر باڵایـان بەرزە، ئەگەر ڕووت ببـنەوە زۆربەی زۆری پێشــەی لەشــیان و ســایەی ئێســکیان لەژێــر پێستیانەوە دەردەکەوێت. لەش و ئەمیان بە یەکەوە ڕێکن و دوو دەست و لاقیان لە ئەنـدازە بە دەرنـین، ڕەقەڵەکەیـان تۆزەکێـک قونگ بوونەتەوە، ملیان درێژە، هەنگاویـان بەربـڵاوە بە گـوێرەی بەشــەکانی تــر تــووڕەترن، کەم قســەن، لەو دوو تیــپەی تــرە زیرەکتـــرن، لە ڕەفتاریانـــدا بـــێ ئەمـــلا ئەولا پابەنـــدن بە

بیروبۆچـوونی خۆیـان بـێ دەربەسـتن لە دەوروبەر و هەر ڕای خۆیانیـان لاگـرنکە و لە بوڵنـدی نـایەنە خـوارەوە، هەتـاوەکوو لەگەڵ خۆشیاندا نەرمونیان نین.

زۆر زیـــرەکن گـــوێ لە ڕای دەوروبەریـــان نـــاگرن، قســـەی بەرانبەرەکەیـــان دەبـــڕن، لایـــان وایە ئەوان ڕاســـت دەکەن و بەرانبەرەکەیان هەڵەن ولەسەر قسەی خۆیان سوورن. لایـان وایە ئەوانە لە هەڵەدان.

بە گومانن و کەم جار وابووە باوەڕیان بە کەس کردبێت.

هاوکـاریکردن لەگەڵیانـدا گەلێـک دژوارە، زۆرتـر واباشـە شـەڕە قسەیان لەگەڵدا نەکەیت و بە هێمنی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیـت. تووڕەیان مەکە و بە ئارامی لەگەڵیاندا بدوێ.

ئەوانە لە ڕەفتاریاندا ساردوسڕن، کەمبێـژ و کـڕن، هەتـا بتـوانن لەگەڵ خەڵک دوورەپەرێز و پەڕگـڕ دەبـن. وا باشـترە لەگەڵیانـدا بێدەنگ بیت و سەرنەخەیتە سەری.

ئەوان لە تیپەکـانی کە دڵڕەقتـرن، بە گـوێرەی ئامـاری لێزانـان زۆربەی تاوانەکان لە لایەن ئەم تـوێژەوە کـراوە، حەزیـان لەوەیە مامەڵەیـان بە ڕێـزەوە لەگەڵ بکرێـت، زۆر کەم وایە بتـوانن لە خووخەسڵەتی خۆیان دووربکەونەوە. زۆرتر پابەندی خۆیانن و لە تـازە باوەکـان بێـزران، پابەنـدی زاوابیـتە و دوورە لە ڕووح و

جەوهەری بەندەکانەوە، زۆر لە سەرنەکەوتن دەترسێن، دوورن لە خەیاڵ و خۆزگە.

٣- تیپی عەزەلاتی:

لەشوئەندامی پڕە لە جوڵە و بزاو و عەزەلات و پێیانەوە دەنازێ و هەمیشە لایان وایە ئەو ئاست و جێگە و شوێنەی تیادایە، بە گوێرەی ئەو نییە و دەبوا بەرزتر بوایە، دەکۆشی هەڵەی خەڵکی بخاتە بەرچاو لای وایە لە هەمووان بەرزتر و بالاّترە. ئەوە دەتوانێ گرفت و کێشەکانی ئاسان کات و بۆچوونی دەوروبەری بەلاوە گرنگ نییە، داواکارییەکانی زۆرن، گوێگری دەخاتە تەنگەبەرییەوە، فشەبازە، خۆ بەزلزانە، لاسارە، زۆرتر سەرگەرمی باسی خۆیەتی و باس لە سەرکەوتنەکان و هەڵوێستەکانی خۆی دەکات، جاروبار دەقە ناسراوەکان ڕەت دەکاتەوە، ئەگەر خۆی نەیلێت لای وایە لە پێشبڕکێی وەرزش دایە، بە دوای هەڵەی خەڵکدا دەگەڕێ بڕە پرسیارێکی لەبەرە بۆ خۆ وەدەرخستنەو بەس.

١٩٧٥تاران

# گاندی

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی بواری زانستی ڕەگەزەکانەوە دەڵێت: میللەتە ئارییەکان لە ناوچەکانی "پامیر"ەوە بە تێکڕایی کۆچیان کردووە و بوونەتە دوو بەشەوە، بەشێکیان ڕوو لە ئێران و زنجیرە چیای زاگرۆز و کوردستانی ئێستا ئەو بەشەکەیان ڕوو بە دۆڵی "سەند" کە هیندوستانی ئێستایە ڕۆیشتوون هەر قەوم و ڕەگەزێکی تری کە لەپێش ئەواندا لەوێ نیشتەجێ بوونە دایانپلۆساوەتەوە و تالانیان کردووە و سەرەنجام تێکەڵیان بوونە و بووەتە هۆکاری یەکەمین مێژووی وڵاتی هیندوستان. لەو دەڤەرانەیدا شەڕ و شۆڕێکی خوێناوی بە درێژایی چەند سەد ساڵی کێشاوە دەربارەی ئایین و تالان و بڕۆ.

داریوشی زنجیرە دەستەڵاتی هەخامنشی ئەو وڵاتەی داگیر کردووە، بە دوای ئەودا ئەسکەندەری مەکادۆنی ئەو وڵاتەی داگیر کردووە، سەرەنجام دەستەڵاتی "موریا" توانیویە سەرتاسەری هیندوستان داگیر بکات، ئەو دەستەڵاتە تا ساڵی (١٨٥پ.ز) بەردەوام بووە. لە سەدەی یەکەمی پێش زایندا هۆزەکانی "سەکای" ئەو وڵاتەی داگیرکردووە، بە دوای ئەوانیشدا "تەخارەکان"پەلاماری هیندوستانیان داوە، بەپێی هێز و دەستەڵاتی ناوخۆیان ئەو وڵاتەیان پارچە پارچە

کـردووە و هەر یەکە لەوانە بە تەمـای داگیرکردنـی دەسـتەڵاتی ئەوی تربووە.

لە سـەدەی چـوارەمی زاییـندا بنەمـاڵەی "گوپیتـا" کە لە دەوروبەری ڕووباری ئەفسانەییدا دەژیان توانییان دیسانەوە وڵاتـی هنـد بـکەنەوە یەک... ئەو دەسـتەڵاتە دووچـاری پەلامـاری بێئەمـانی هۆزەکـان بوونەوە، ئەو هۆزانە وڵاتی هیندوستانیان وێران کـردووە. لە سـەدەی شەشەمی زاییـندا ئەوانـیش ڕیشـەکەن کـران، لە سـەدەی حەوتەمەدا دەستەڵاتی شاهـ "هارشاسیلادیتا" تەواوی وڵاتی هیندوستانی کردەوە بە یەک، بە دوای مردنـی ئەو شـاه لێهـاتوودا دیسـانەوە هیندسـتان دابەش بووەتەوە سـەر چەنـدان دەسـتەڵاتدا، بە دوای ئەوانیشـدا شـا مەحمـوودی غەزنەوی دۆڵـی سـەند و دەڤەری کنگـی داگیـر کـردووە، دەسـتەڵاتی "غوریەکـان" لە سـەدەی سـیانزەهمدا دوایـی هـاتووە لە لایەن هێرشی بە هێزی "تەیموورلەنگ"وە، یەکێک لە نەوەکانی

کە تەیموورلەنگ بەناوی بابر بـووە، تـوانی ئیمپراتـۆیەتی دووبـارەی مەغۆل پێک بهێنێ.

لە دوای سەدەی شـانزەهەمەوە پورتووگالییەکـان ڕوو بە هیندوسـتان ڕۆیشـــتوون بە دوای ئەوانـــدا هۆڵەنـــدییەکان، بە دووای ئەوانیشـــدا فەڕەنســییەکان جــێگەی پــای خۆیــان لەو وڵاتەیــدا کــردووەتەوە، سەرەنجام ڕێچکەی دەستەڵاتی ئینگلیز بەرەو هیندوستان دەستی پێ

کردووه و بەپێی پەیمانی پاریس ١٧٦٣ز دەستەڵاتی کۆمپانیای هیندی شەرقی سەرتاسەری هیندوستانی داگیرکردووه.

له ساڵی ١٨٧٧ز شاژن فکتۆریا شاژنی بەریتانیا بووه بە ئیمپراتۆری سەرتاسەری وڵاتی هیندوستان.

ئەوەی کە خوێندتەوە کورتەیەک بوو له مێژووی ئەو وڵاتە، کە ئەورۆ پێی دەوترێ هیندوستان.

بەنده وەک خوێنەرێک هێندە سەرسامم بە کەسایەتیی گاندی ئەوی دەربارەی ئەو ئینسانە نووسرابێت و بە دەستم کەوتبێت خوێندوومەتەوە، ئەو زاتە توانیویە دەرسێکی مەزن نەک بە میللەتەکەی خۆی بدا بەڵکوو داویە بە سەرتاسەری بەشەریەت بیروبۆچوونی گاندی گڕێکی وا گەورەی هەڵگیرساند گۆشە و قوژبنە تاریکەکانی ڕێگای ئازادی ڕۆشنکردەوە و دەستەڵاتێکی خوێنخواری جیهانگری وەک ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای بەبێ چەک و تەقە بهێنێتە لەرزین و پاشەکشە دوا شای دەستەڵانی مەغۆڵ " ئۆرەنگ زیب"ی هێندە لاواز و بێدەستەڵات بوو هەر (راجا) یەک لە هیندوستاندا بۆخۆی بووبووە شایەک، بەتەواوی پێداویستییەکانی دەستەڵاتەوە.

ململانێی ئەو ڕاجانە بوو بە هۆی ئەوەی دەستەڵاتی بەریتانیا ڕۆژبەڕۆژ ڕەخنەی زۆرتر لە هیندوستاندا پەیدا بکات... له هەمان کاتدا لە ڕووی بەرنامەیەکی داڕێژراوەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان بەتایبەتی "تریاک" لەناو خەڵکە زۆرەکەیدا، له

ماوەیەکی کەمدا " ئەفیون و تریاک" بڵاوبوونەوەی بەرچاوی لەناو خەڵکەکەدا پەیدا کرد، لە ماوەیەکی کەمدا ئەوی بەربەرەکانی بوو لەناو هیندوستاندا لەناویان برد و لە سەرتاسەری وڵاتی هیندوستاندا کاربەدەستێکی پایەداری گەورەی هیندی بەدی نەدەکرا، تا توانییان هەستی جاشایەتی و جاشپەروەردەکردن لە هیندوستاندا کرایە باو، ئیتر ئەوی سووکایەتی بوو بێت دەربارەی خەڵک دەکرا.

دەڵێن جارێک گاندی لە دەرەجە دووی شەمەندەفەردا دەبێت کابرایەک لێی دەپرسێت بۆ لە دەرەجە دوویدا دانیشتوویت؟

لە وەڵامدا دەڵێت: ئاخر ئەو شەمەندەفەرە دەرەجە سێی نییە بە ناچار لە دەرەجە دوودام.

کاربەدەستانی داگیرکەری ئینگلیز بە ئەندازەیەک سووکایەتییان بە میللەتی هیندوستان دەکرد، هەستی ململان و بەرانبەرەکی دژ بە ئینگلیز ڕۆژ بە ڕۆژ لەناو خەڵکیدا تەشەنەی دەکرد، تا دەبوو خەڵکە زۆرەکە باوەڕیان بەخۆ بەتینتر دەبوو.

گاندی لە یەکێک لە وتەکانیدا وتوویەتی: ئینگلیز وڵاتەکەمانی داگیرکردووە، بەڵێ کردوویەتی، سەیرەکە لەوەدایە دەکۆشێ بێ باوەڕی بەخۆبوون لەناو ئێمەی هیندوستانیدا بڵاوکاتەوە و لە هەمان کاتدا بیسەلمێنین کەوا ئاغا و فەرمانڕەوایەکی باش و

شایستەشە، من لەوەی دڵنیام ئەو ئینگلیزەی پابەندی شەرەف و لێهاتوویی ئینسانیەت بێت ململانەکەی ئەم هیندوستانە بە ڕەوا دەزانێت، لە ڕۆژگارێکی پڕ لە فرمێسک و خوێندا... گاندی هاتووەتە مەیدانی ململانەوە دژ بە گەورەترین دەستەڵاتی سەر زەوی، توانیویەتی لە وڵاتەکەیدا بە دەریان نێت.

فەیلەسووفێکی ئینگلیزی کەڵەپیاوانی سەدەی بیستەمی هەڵبژاردووە، یەکەمیان گاندی بووە، هەروەها ئەنیشتاین. خۆ ئەوە یەشتا بۆ کەسایەتییەکی وەک گاندی کەمە، کەسێک بە تەنها و تەنها بێت و زۆر و زۆرداری بیگرە و بەردەی خوێناوی گۆڕانکارییەکی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی لەناو میللەتێکی ٤٥٠ملیۆنیدا پێک بهێنێت و لەناو سەرتاسەری ڕەگەزی بەشەریەتدا بە سومبول و شیاو پەسەندی دانێت ئەوەیە سەرتاسەری بەشەریەت، سەری تەعزیمی بۆ دانواندەوە.

ئەو ڕۆژەی گاندی لە لایەن دەمارگرژێکەوە شەهید کرا، لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ نووسینی دارایی و ئەوی لێی بەجێ ماوە، تەواوی دارایی گاندی ئەمەی خوارەوە بوو:

دوو کاسە و کەوچکێکی لە دار داتاشراو، کتاوێکی ئایینی بە زمانی هیندۆ، چاویلکەیەک، کاتژمێرێک، دەفتەرێکی یادداشت، چەقۆیەک بۆ کردنەوەی نامە، جووتێک کەوش.

ئەوانە تەواوی دارایـــی کەســـێک بـــووه ٤٥٠ملیـــۆن بەشـــەر بە ئاماژەیەکی جووڵاونەتەوه.

فەرمـــانڕەوایەتیی ئەم ســـەردەمەیش مـــاڵم قەوره هەروان، ئەی وا نییه؟

**٢٠/ ١٢/ ١٩٨٣ بەغدا**





# زەندیق

ستۆدیۆی ژمارە دە، بەرنامەیەکی ڕۆژانەی ڕادیۆی جەماهیرە، ڕۆژانە لە کاتژمێر دەی بەیانیدا بڵاو دەکرێتەوە، ئەو بەرنامەیە زۆرتر باس لە بیروڕای کۆمەڵایەتی و دونیای ڕۆشنبیری دەکات و لە سیاسەتەوە بە دوورە.

هەر ڕۆژێک لەگەڵ کەسێکی ناسراوی دونیای ڕۆشنبیری گفتوگۆ دەکەن، زۆر پەیوەندییان لەگەڵدا کردم تا بمدوێنن، نە دەچوومە ژێرباری گفتوگۆ...

لیژنەی سینەما و شانۆی عێراق بە بۆنەی نەورۆزەوە کۆڕێکیان بۆ گردم، خەڵکانێکی زۆری دونیای ڕۆشنبیری هاتبوون، هەر لەو کۆڕەیدا بەرپرسانی ستۆدیۆی دەش لەوێ بوون و پێما ئاڵکان و سەرنجام ڕەزامەندیی وتووێژم لەگەڵیاندا دا.

لە ڕۆژ و کاتی تەرخانکراودا ئامادەبووم، تمەز خەڵکانێکی زۆریان بە بوونی من ئاگادار کردبوویەوە، ئیتر پرسیار یەک بە دوای یەکدا دوو کاتژمێری ڕەبەق گفتوگۆ و وەڵامدانەوە.

لەو دونیای پرسیارانە ئەوی سەرنجی ڕاکێشام، کابرایەکی دەمارگرژی ئاڵۆزم لە بیرناچێ، لە وەڵامیدا بە باشی ڕووت و قووتم کردەوە،

بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی نەمویست دایخەم و فاشیل تری کەم...

ئەو دەیوت: ئەم جەژنــی نەورۆزی ئێـوەیە کتومـت بیروبۆچـوونێکی مەجووسـییە و نەک لەگەڵ ئـاییـنی پیـرۆزی ئیسـلامدا ناگونجێـت، بەڵکوو دوژمنایەتیشی دەکات و کاروکردەوەی زندیقانە...

دەی لەو گەوجە دەگەڕێـم و وشــەی زنـدیق ســەرنجی ڕاکێشـام، لە مێژدا فکرم لەوەی کردبوویەوە نەمدەزانی بۆچی ئەو وشەیە دابڕاوەتە سەر بێباوەڕی و بێ ئاییینیدا...

کەوتمە پشکنینی سەرچاوەکان و ڕێچکە هەڵگرتنـی وشـەی زنـدیق و بنچینە سەرەتاییەکانی... ڕاستە لەوەتەی مرۆڤ خولقـاوە بـێ خـودا نەبووە، لە هەمان کاتدا برێکی تر بەرهەڵستی ئەو تێفکرینە هەبـوونە و لەگەڵ باوەڕداراندا ململان و شـەڕە قۆچیـان کـردووە، مـرۆڤیش بە هەردوو بۆچوونەکەوە ڕاهاتووە.

زەنــدەقیەت جــێ خۆشــکەری پەیڕەوانــی مــاددەگەری بــووە، لە سـەردەمی دەسـتەڵاتی چوارسـەد سـاڵەی ئیمپراتـۆریەتی ساسـانیدا، ڕاپەڕینی مەزدەک دژ بە دەستەڵاتداران و ئاییـنی زەردەشـت و مـوغە ئاییـنییەکانی زەردەشت کەوتـنە تەقەڵاوە، زۆری خەڵـکە مەحـڕووم و هەژارەکە پەیڕەوییان لەو ئایینە تازەیە کردووە دژ بە دەسـتەڵاتداران و دەوڵەمەندان بیـروڕای دابەشـکردنی دارایـی دەسـتەڵاتداران و هەتـا وەکـوو ژن و کچـیش لە پــڕۆژە و بیــروڕای "مەزدەک" دا خــاڵێکی

ســـەرەکی بـــوون. ڕۆژ بە ڕۆژ جێگەیـــان بە ئـــایینی زەردەشـــت و پەرستگاکانی زەردەشتی چۆڵ دەکرد، تـا سـەردەمی ئەنەوشـیروان، کە دەسـتەڵاتی بە دەسـتەوە گـرت، بـێ ڕەحمـانە کەوتە کوشـتاری پەیڕەوانی مەزدەک، بۆخۆی مەزدەکیشی لەناو ئاگردا زیندوو، زیندوو سـووتان و تەفروتونایـانی کـرد، بەڵام بیروبۆچـوونی مەزدەک لەنـاو خەڵکدا هەر مایەوە.

خەڵـــکە ڕەش و ڕووتەکە لە نـــاخەوە ئیمـــانێکی پتەویـــان بە بیروبۆچوونی مەزدەک هەبووە و مەزدەکیەت وەک هەوێنـی سـەرەکی هەر ڕاپەڕینێک دژ  بە دەستەڵات دەستنیشان کرا، بە نموونە:

بـابەکی خورەمـدین، ئیبنولمـوقەفەع، قۆڵەکـانی خـوارەوەی عێـراق، شۆرشـی چەکـدارانەی قرمیتییەکـان، تەواوی ئەوانەی لەگەڵ ئـایینی ئیسلام و هیچ ئایینێکی پەیڕەوی یەکتاپەرستییدا نەگونجاون.

دەربارەی وشەی زەنـدیق زۆر وتـراوە، زۆر لە چاوسـاغانی ئەو بـوارە لایان وایە ئەو وشەیە موعەرەبیان کـردووە و لە وشـەی "زنـدیک"ەوە وەرگیـــراوە. "زنـــد" نـــاوی کتـــاوێکە، مەزدەک دژ بە ئاڤێســـتا نووسـیویەتی. هەمـان کتـاوی زنـد تەواوی موغەکـان و پەرسـتگا و پەیڕەوانی ئاڤێستای ئاڵۆز کردبووە و بە نیشانەی بێ ئایینی و کوفر و تـاوان ناسـیوە دژ بە ئـایینی زەردەشـتی و تەواوی پەیڕەوانـی ئەو کتاوە.

"زند" بە زندیک ناوبراون، کە بێ دین و بێ ئایینن.

دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، پەیڕەوانی زەردەشت و مانی و مەزدەک بە زەندیق ناسراون. لە سەردەمی دەستەڵاتی عەباسییەکاندا وشەی زەندیق چەند توێژێکی تری گرتەوە، بەتایبەت ئەوانەی پەیڕەوی بیروڕای عیلمی میتافیزیکین، لەم ڕووەوە ڕازی دەڵێت:

زەنادیقە تێکڕا ئەوانەی دەربارەی شەریعەت و ئایین و پەیامبەر و گۆڕ و عزرائیل و هەر هەمووی بە وڕێنە دادەنێن و بنەمایەکی زانستییان بۆ دانەناوە. خودی پەیامبەرانیش بە حەکیم دەناسن، نەک خاوەنی ڕیسالەتێکی ئاسمانی....

لەوە دەڕوا بیروبۆچوونی زەندەقە و فەلسەفەکەیان لەبەر دەمارگرژیی ئایینی ڕێگەلێگیراون و ماوەی وتووێژیان پێ نەدراوە و بە سەختی کوژراون و هەڵواسراون و هەرچی نووسراویان هەیە سووتێنراوە.

لە سەردەمی دەستەڵاتی ئەمەویەکاندا کۆمەڵێک پەیدابوون بە ناوی "الدهریـة" لایان وابووە، کە مرۆڤ دەمرێت زیندووبوونەوە نییە، زەمان هەتا هەتایە و باوەڕیشیان بە خواوەند هەبووە.

لە سەردەمی عەباسییەکاندا وەرگێڕان بوو بە باو، بەتایبەت لە بوارە زانستییەکاندا، هەروەها فەلسەفە و ئەستێرەناسین، هەندەسە، کیمیا، میکانیکا، جەبر و ڕیازیات، ڕۆژ بەڕۆژ کەوتنە پەرەسەندن و ئاستی ڕۆشنبیری بەرزبوویەوە... بیروڕای تازە کەوتە ناو کۆمەڵگای ئیسلامەوە.





سەرەنجام فەلسەفەی ماددیگەرا پەیڕەوانی پەیدا کرد و کۆمەڵەی موعتەزیلە هاتە مەیدانەوە، بەڵام دەربارەی خەلیفە و سیستەمی فوندالیسمە لە کوشتن و بڕینی ئەو کۆمەڵانە درێغی نە دەکرد و بێ ڕەحمانە هەڵی دەپاچین.

# سیراکۆس

ڕۆژگارێکی سەیره، حەربە، کیمیاباران هەموو گۆشەوکەنارێکی ئەم سەرزەویەی گرتووەتەوە، شەڕەکەیش، شەڕێکی جیهانی گەلانی پێشکەوتوو و نیوە پێشکەوتوو و دواکەوتووی وەک یەک گرتووەتەوە.

دەتوانین ناوی بنێین شەڕی جیهانی سێهەمی بایۆلۆژی تازە شەڕە جیهانییەکانی یەکەم و دووهەم، لە چەند وڵاتی سنووردار وا گرمە و زرمەی هاتووه.

ئەم شەڕەی کە پێی دەوترێت کۆڕۆنا پەساپۆرت و خاڵی پشکنینی لا نییە و خۆی دەکاتە سەرتاسەری وڵاتانی جیهاندا.

لەسەر ئەم باسەی ناڕۆم ڕەنگە لە من باشتر ڤایرۆسی کۆڕۆنا بناسیت، ئەوەی لەم باسەدا مەبەستمە دەمەوێ بڵێم کۆڕۆنا سەرتاسەری جیهانی خانەنشین کردووه، برێک کاروکردەوە و ڕەفتار و کردارێک کە لە ڕۆژانی ئاسایی دا دەتکرد ئێستا شتی تر جێگەی گرتووەتەوە، هەڵبەتە هەر کەسە و لە ماڵەکەیدا بە جۆرێک خۆی سەرگەرم کردووه.

کتاوخانەیەکی گەورەم هەیە لە مێژدا بیرم لەوە کردبوویەوە پێداچوونەوەیەک بە سەدان دەفتەری نووسراودا بکەمەوە.

لە یەکی بدرەوە ٨١کتاوی لە چاپدراو، کە بڕێکیان بیست بەرگن، بڕێکیان هەشت و پێنج و شەش بەرگ بوونە...

دەبێ لە چەند دەفتەرێکدا ئەوانەم نووسی بووبێت. جگە لە کۆڕ و گفتوگۆی کەناڵەکان و بۆنە جۆرار و جۆرەکان.

بەهەرحاڵ،کۆمەڵێکی زۆری دەفتەری نووسراوم هاتە بەردەست و لەم تاتێڵە زۆرەملێ کۆڕۆنایە کەوتمە پشکنین.

دەفتەرە نووسراوەکانم ئەوانەی بوون بە ڕۆمان و کتاوە جۆراوجۆرە لە چاپدراوەکان... مایەوە سەر ژمارەیەکی زۆری دەفتەری نووسراوی ترم، بڕێکیان نزیکەی چل ساڵ و سی و پێنج ساڵ لەمەو پێشەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە. وەک وتار، وەک باس، بە چاکم زانی ئەوانە لە یەک جیا بکەمەوە، چونکە بڕێکیان هونەرین و بڕێکیان ئەدەبین و بڕێکی تریشان مێژوویین... بڕێکی تریان لە هیچ کوێیەک بڵاونەکراونەتەوە، یەک دوو دەفتەری قەدەغەکراون مۆری سوورلێدراوی " مامۆستا نەریمان"یان بەسەرەوەیە. دیارە ئەو کاتە تەمغەی ڕەقابەی پشکنینی بەلاوە بووە. تەواوی ئەو بابەتانە بە چاپ بگەیەنم، بە پێچەوانەی بیروڕای چەند ساڵ لەمەوبەرمەوە، کە لە باوەڕێکدا بووم و دەموت... لێگەڕێ بۆ کێ لە چاپیان بدەم و کێ دەیانخوێنێتەوە؟

بەڵام کە بیرم کردەوە و سەیرم کرد گلۆڵەکە سەرەوخوارە و ڕەنگە دوای خۆم و منداڵەکانم وەک خۆم دڵگەرمی لە چاپدانیان نەبن، لەو

لاشەوە ڕوانیم نەخێر... یەشتا هەر باشە ئەوە نییە ڕۆمانی "شازادە و شاعیر" خەڵکانێکی زۆری زۆر خوێندوویانەتەوە و خەڵکانێکی زۆریش لە تەقەلای بە دەستکەوتنین.

جا وا خەریکم لە سەرەتای ساڵەوە سێ کتاوم لە چاپ داوە و گەیاندوومەتە دەستی ژمارەیەکی زۆری خوێندەواران و چوار کتاوی ترم لەژێر چاپدایە و نەخۆشیی کۆڕۆنایان گرتووە و سەرجەم نۆ دەستنووسی ترم ئامادەی چاپن، هەر لە بەڵای کۆڕۆنا ڕزگارمان بوو تەواوی ئەو دەستنووسانە دەگەیەنمە چاپ.

ئەمەی دەیخونیتەوە، بەناوی " سیراکۆس" لە مێژووی ١٩٨٧/١/١ز لە گۆڤاری کارواندا بڵاوکراوەتەوە ئێستا بە چاکم زانی وەک کتاو بیخەمە بەردەستی خوێندەواران، بەتایبەت بۆ ئەوانەی لەسەر توێژی گەنجی خوێندەوار دەژمێردرێن.

ئینجا با بێینەوە سەر سیراکۆس، بیست ساڵ لە پێش زاییندا دەستەڵاتی رۆما لە پۆپەی دەستەڵاتی سەربازی و وڵات داگیرکردندا بە چەپ و ڕاستی خۆیاندا لە پەلاماردا بوونە. بە هێزێکی گەورە و گران و تۆکمەوە هەڵیان کوتایە سەر شاری "سراکۆس"ی چوار دەور بە شوورەگیراودا.

خەڵکی شار بڕیاری بەربەرەکانێ و خۆ بە دەستەوە نەدانیان دا. هێزی ڕۆما ئابلۆقەی شاری دا خەڵکی شاریش بە سەر شوورە و کۆنگرەی شارەوە کەوتنە بەربەرەکانێی دوژمن.

ئابڵووقەدان و دووره شەڕ نزیکەی سێ ساڵی کێشا و خەڵکی شار ڕۆژ بە ڕۆژ بەربەرەکانێیان زۆرتر دەبوو، ژنان و کچانی شار لە بەهێزکردنی ململان و هاندانی شەڕکەرانی ناو شار، نەخشێکی بەرچاویان هەبووە.

دوژمنی ئابڵووقەدەر پەیوەستە لە تەقەلادابوونە زۆرتر و زۆرتر لە دیواری شار نزیک ببنەوە لەنێو پارێزەرانی سەر شوورەی شاردا گەنجێکی لاوخاس و قارەمان هەبووە هەر هەل و فرسەتێکی بە دەست بهێنایە لە شوورەی شار دوور دەکەوتەوە، سەری لە یارەکەی دەدا و هێز و باوەڕەکەی دەمەزەرد دەکردەوە و بە گوڕێکی تازەوە دەگەڕایەوە سەر شوورەی شار و ململانێی ڕۆژانە و تیرئاوێژان و دوژمنپێکانی چەند بەرانبەر دەبوو.

کوڕە کاتێک دڵدارەکەی دەدی، زوڵف و ئەگریجەی بوڵەند و درێژی کچەی بە ئیلهامی عیشقی خۆی دەزانی و شانازیی بەوەی دەکرد، کەوا دڵداری کچێکی وا پرچ جوانە، کچەیش دەیزانی سەر و زولفی بوڵەندی عیشقی دڵدارەکەی زۆرتر کردووە، ڕۆژانە گرنگیی دەدایە تاڵ تاڵی زوڵفی و ئاگاداری لێ دەکرد.

لە ژوانێدا دەنوارێت تاڵێک لە ژێی کەمانەکەی پێچراوە، لەو ڕۆژانەشدا لەبەر ئابڵووقەی دوورودرێژی ساڵ، هیچ ئاژەڵێک لە شاردا نەمابوو، هەمووی خورابوو، تاڵەتاڵی کلکی ئەسپ و ڕیخۆڵەی ئاژیڵەکان ژێی لێ دروست کەن.

کچەکەمـانی بـرد و بـۆ تاوێـک لە دڵـدارەکەی خـۆی گـوم کـرد و گەڕایەوە.

کوڕە نواڕی ژێی کەمانەکەی چـاک کـردووەتەوە، لەوە سـەری سـڕما، دەرکەوت کـچە لە چەنـد تـاڵی زوڵفـی درێـژی خـۆی بڕیـوە و ژێـی کەمانەکەی لێ دروست کردووە.

کوڕە لە سەرەتاوە دڵی نەدەهات دەست بۆ کەمانەکەی ببات، لەگەڵ خۆیدا دەیوت خواکان زوڵفی تۆیان تەنها بـۆ بـۆنکردن و سـەیرکردن خولقاندووە، نەک بۆ ژێی کەمان.

ستەمە من وای بەکار ببەم، سەرئەجام وردە وردە دەستی بۆ کەمـان برد و لە کەپووی خۆیەوە نزیکی کـردەوە و ڕوانـی هێـز و توانـایەکی زۆری بەخشـیوە، هەر بەو توانـا و گـوڕەوە، کە تیـر و کەوانـی گـرتە دەستەوە و کەوتە پێکانی دوژمن.

بۆنی گوڵاو و مسکی زوڵفی دڵدارەکەی توانایەکی وای پێ دەبەخشی لە دووری دوورەوە دوژمنـی دەپێکـا. هاواڵەکـانی لەو گـوڕ و توانـایە سەریان سڕمابوو. سەرەنجام پەیان بە ڕازی گوڕ و توانای کوڕە برد، شەڕکەرانی دەوروبەری کوڕە ئەوانیش هەمان کاریان ئەنجام دا. ئیتـر ئەو کۆنگرەی کـوڕە و هاواڵەکـانی تیـادا بـوو، دوژمنیـان تۆقانـدبوو، سەریان لە توانای تیرئاوێژی ئەو کۆنگرەی سەر شوورەیە سڕ دەما و هۆکارەکەیـان نەدەزانـی، سـەرەنجام لە ڕێـگەی خەفیەکانیـانەوە ڕازەکەیان زانی.

سەرەنجام ڕۆمانەکان توانییان لە گۆشەیەکی شوورەی شارەوە بڕژێنە ناو شار و شار داگیربکەن.

ئەو قـوڵە و کـۆنگرەی وا لە کوشـتاری ڕۆمانەکانـدا دەسـتی باڵایـان هەبووە، فەرماندەی ڕۆمانەکان لای بووبووە گرێیەکی گەورە و گـران، بڕیـاری دابـوو کـارێکی خراویـان بەسـەردا بهێنێـت و ئاگـاداری ڕازی پتەوی ململانەکەیان بوو، بۆیە بە هێزێکی فراوانەوە پەلاماری هەمان قۆڵەی دا و ئەوی کوژران کوژران و ئەوانی تری بە دیل گرتن.

ئەو ڕازەکەی دەزانی، بڕیاری دا هەرچی کـچ و ژنـی پـرچ درێـژ هەیە سەریان بتاشێت و لە زولفی تاشراویان پەتی قەنارەی لێ دروست کـا و بەو پەتە ئەو دلاوەرانە بە دارا هەڵواسێ.

یەکێک لەو پرچدرێژانە دڵداری کوڕەی کەماندار بوو، لە ڕیـزی ژنـانی زولف درێەکانیدا ڕاوەستابوو، تا نۆرەی بگاتی و بیری لە دڵـدارەکەی دەکردەوە چی بەسەر هاتووە، لەولاشەوە لە زولفە تاشراوەکان چەنـد کەسێک دەیان هۆندەوە و پەت و گوریسیان لێ دروست دەکرد.

پرچـی کـچەی دڵـداریان ڕنـی و وەک وابێـت بەنەکـی دڵـی لە بـنەوە وەدەر بهێنن. کە بەسەر تاشـراوی لەژێـر دەسـتی ڕۆمانەکانـدا وەدەر دەهات... ڕوانی چەندان سێدارە هەڵواسراوە لە پـرچ و زوڵفـی پەتـی سێدارەیان دروسـتکردووە، لەو کاتەیـدا ڕوانـی وا سـەربازانی ڕۆمـانی کۆمەڵێک بەدیلگیراویان داوە لەبەر، بۆ لای سـێدارەکانیان دەبـرد. لە

غەزرەتدا بێهـۆش کەوتە سـەر زەوی کاتێـک بە هـۆش هـاتەوە بەرەو لای لە سێدارەدروان ڕۆیشت.

دڵدارەکەی خۆی دیەوە بەسـەر زەویەوە، پەتەکەی ملـی پچڕابـووە و کەوتــووەتە ســەر زەوی، کە لە پەتەکە وردبــوویەوە ڕوانــی زوڵفــی خۆیەتی لە ملی دڵدارەکەی دایە.

کوڕە یەشتا گیانی تیادا مابوو، ئاوڕی لەسەری تاشراوی کـچە دایەوە و وتی: یەشتا هەر جوانیت، ئەوەی وتوو گیانی دەرچوو!



# فەرهەنگ

جاروبار فکری سەیر دێتە بیرما، لە شێنەییدا ئەوانە مەحاڵە، بەڵام بڕێکیان لە خەودا دەبینم. زۆرجار لە خەودا دیومە فڕیوم بە ئاسماندا، یان هێز و توانایەکی ئەفسانەییم هەیە و دژ بە جەببارانی جیهان لە شەڕدام، لە هۆشیارییدا پرسیاری سەیرم بە بیردا دێت، ئێمە ئەگەر دراوسێی عەرەب و عەجەم تورک نەباینا، هەروا دەبووین؟

وێنەیەکم کێشاوە، کوردێک نەخشەی کوردستانی بە کۆڵەوەیە و دەڕوات و دەڵێت: نەفرین بێت لە دراوسێبوونتان، لە واقیعیەتیشدا ناوەناوە لە خۆم دەپرسم، ئەگەر کورد نەبوومایە هەروا دەبووم؟

پرسیارێکە تا ڕادەیەک منداڵانەیە، بەڵام کاتێک بە وردی بیری لێ دەکەمەوە زۆریش لە واقیعەتێکی تفتوتاڵەوە بە دوور نییە، نووسەرێکی لێهاتووی کورد، هونەرمەندێکی بەتوانای کورد نەبووایە و لەناو میللەتێکی بۆ نموونە ئەورووپاییدا بایە، مەبەستم بە ڕەگەز ئەورووپایی و لە فەرهەنگی ئەورووپیدا گەورەبایە، هەر ئەمەی دەبوو، کە هەیە؟

پرسیارێکە لە خۆمی دەکەم ئەگەر کەسێکی وەک خوالێخۆشبوو "مەسعوود محەمەد" باجی کوردبوونی داوە، ئەگەر بە ڕەگەز فەڕەنسی یان چوزانم ئەمریکایی باتا هەروا دەبوو، کە بوو؟

بەلای منەوە ئەوە باج و خاوەدانێکی نەتەوایەتییە، ئێمەی کورد دەیدەین، هۆکارەکانیشی زۆرن، بەرهەڵستی ئەو خاوانە بڕێکی لە توانا و وزەی ئێمەدا نییە، هەر نەبێت جارێک و بڕێکی تریان بۆخۆمان هۆکاری ئەو باجە و خاوانەیەن وا دەیدەن، وەک ئیرسێک لە باو و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە و زۆربەشیان نەشیا و ناپەسندن، لەسەری هەموویانەوە نەخوێندەوارییە، لە یەکتر بە گومانبوون و سەنگەر لە یەکتر گرتنە، ئیدی ئەم میللەتی ئێمە هەر بە بژاردندا دەگا مۆڵەت و مەودای ئەوەی نەداوە یان پێی نەدراوە بیر لە چۆنیەتی مەرجە سەردەمییەکانی گەلانی تر بکاتەوە و خۆیشی هەڵسەنگێنێت.

کوڕە سەیرە! یەک دووساڵێکی تر پا دەنەینە سەدەی بیست و یەکەمەوە کە فکر لە گەلانی پێگەیشتوو و تێگەیشتووی دوور و نزیک دەکەمەوە، لەگەڵ خۆماندا بەراوردی دەکەمەوە گڕ دەگرم.

داخەکەم لەوە دایە ئێمەی کورد زۆر شت دەخەینە سەر میللەتانی تر. ئەی خۆمان چی؟ بلووری بێگەردین؟

کاتێک "ماد"ی باپیرە گەورەی ئێمەی کورد دەستەڵات و دەوڵەتیان هەبووە دەرودراوسێکانی ئێستامان وەک وەحش ژیاون، لە یەکتر کوشتن و تالانکردن و ژن و کچی یەکتر ڕفاندن بە پیاوەتی و ڕەوشتی ڕۆژانەی خۆیان زانیوە.

فارسەکان ژێردەستەی دەستەڵاتی ماد بوونە، کودەتا و خیانەت لە دەستەڵاتی ماد کراوە، کەچی ئەوە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ لەو

کــاتەوە دەوڵەت و دەســتەڵاتی مــاد لەنــاوچووە و ئــێمەی کــورد پاشــماوەی ئەوانــین، بــا لۆژیکیــانە لەیەکــی بــدەینەوە و دوور لە دەمارگرژی، ئەوە پێنج سـەد سـاڵ بـۆ خیـانەتی کورش و ڕەگەزی فارس، پێنج سـەد سـاڵیش بـۆ تـوورک و پێنج سـەد سـاڵیش بـۆ عەرەب، خۆ هەزار ساڵی ماوە، ئەرێ ئێمە بۆ نەبووینە دەوڵەتدار؟

بۆ هەر هەمووی تاوانەکە دەخەینە سەر خەڵک و میللەتانی تر؟

کەی ڕۆژگارێــک بێــتە بەرەوە لێهــاتووانی کــورد ئەوانەی لە بــوارە جۆراوجۆرەکانــدا چاوســاغن لە پێشــبڕکێی ئەدەبــی و هونەریــدا بەشداری بکەن؟

لە جیهـانی ئەمـڕۆدا هەر لێهـاتوویەک لە هەر بوارێکدا بێـت، لە هەر پێشبڕکێیەکدا بێـت، بۆ نموونە خەڵاتی نۆبڵ، بڕێکی زۆری خاڵەکان بـۆ پـێگەی فەرهەنگـی و تەکنۆلـۆژی مـیللەتەکەی دەدرێـت.. نەک کـابرای لێهـاتوو ئـێمە لەو پێشـبڕکیانەیدا بـاج و خـاوەی کوردبـوون دەدەیــن، بەنــدە ئاگــاداری ڕۆمانەکــانی جیهــانم، بەتــایبەتی ئەو ڕۆمانانەی گرەوی نۆبڵیان پێدراوە.

ڕۆمــانی نووســەرانی ئــێمەی کــورد بەم هەمــوو بۆنەهــاتەوە لەوانە کەمترنین، ئەو مافە بە ئێمەی ڕەوا نابینن، زوڵم و زۆرێکـی زۆرمـان لێ دەکرێت، یان دەبێ ڕۆژگار وای لێ کردبین، هەر کامیـان بێـت لە نەشیاوی پڕ لە تفتوتاڵیداین، سەیرەکە لەوەدایە خەتاکە، تـاوانەکە، نـاڕەواییەکە نـاتوانین بخەیـنە سـەر کەسـێک یـان کۆمەڵێـک یـان گەلێکی تر...

باشم لە بیرە کاتێک لە کۆلیژی هونەرە جوانەکاتی تاران وەرگیرام ڕوانیم ماوەی من و هاوکلاسیەکانم لە دونیای هونەردا گەلێک زۆرە. فکری لێکەرەوەوە لە دونیای خوێن و ململان و شەڕ و بیگرە و بەردەی پێشمەرگایەتیەوە بۆ ناو دونیایەکی پڕ لە هونەر و داهێنان، ئاگاداری مۆزیک و شێوەکاری و پەیکەرتاشین و هەتاوەکوو دونیای ئەدەبیاتی ئێرانی بوون، هەر نەبێ ڕووکەشانە منی کوردە لادێی پەروەردەی دەشتی گەرمیان و دونیای پڕ لە خوێن و برسێتی ١٩٦٣دەترسام تێکەڵیان بم، ڕۆژگارم لە دونیایەکی ئاڵۆزدا دەگوزەراند، یان دەبوا دەستبەرداری کۆلیژەکەم بم، یان دەبوو خۆم بگەینمە ئەواندا، ئیدی شەو و ڕۆژم دا بە دەم یەکەوە، لە کلاسە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی کۆلیژدا بەشداریم کرد، بە زۆرەملێ خۆم لە ئاستی ئەوان نزیک کردەوە، بەوەیش ڕازی نەبووم لە تەقەلای بەردەوامدا بووم" ئەوە خاوەی کوردبوون بوو من دام" ئیدی لە کەنارەگرتن و ترس و تۆقیانی هەڵەکردن و نەزانین وەدەرهاتم، لە ئەلفوبای هونەرەوە دەستم پێ کرد.

لە ساڵی یەکمدا بەبێ دواکەوتن ئیتر هەروا کۆلیژم تەواو کرد و کەوتمە نێو شەڕی ژیانەوە، گەلێک لە هاوکلاسییەکانم بەناوبانگتر و سەرکەوتووتر بووم. بۆنموونە لە ئۆفیسەکەمدا چەند کەسێک لە هاوکلاسییەکانم بوونە کارمەندم.

کە بیری لێ دەکەمەوە ڕەنگە زۆری وەک منی کورد ئەو هەلەی بۆ هەڵنەکەوتبێت، نەهاتی ژیان و زیندەگی کوردبوون هەڵی لووشی

بێت، ئەوەیش بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ جۆری فەرهەنگ، بەتایبەت فەرهەنگی پێگەیشتوو.

پلەوپایەیەکی موفت و بەلاشە، تاک تۆزێک خۆی ماندوو بکات دەگاتە ئامانجی خۆی، بێ باج و خاوەدان بە گوێرەی درێژی زەمان هەر میللەتێک گەیشتووەتە پلە و پایەیەکی فەرهەنگ و فەرهەنگی میللەتانیش بەپێی مەرجی تایبەتیخۆی هەر یەکە لەوانە لە پێکهێنانی فەرهەنگی میللەتێکدا کارین، وەک: ئایین، مێژوو، ئابووری، ڕەگەز، کەلتوور و کەلەپوور، واقیعەتی جوگرافی، فەلسەفە و عیرفان و ئەدەبیات، لە چۆنیەتیی فەرهەنگدا کارین، ئەگەر ئێمەی کورد لە هەزارەی سێهەمدا بکۆشین و تەقەلای بۆ بکەین، ڕەنگە بگەینە قۆناغێکی سەرەتایی فەرهەنگ... دیارە ئەرکە زۆرەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ خوێندەوارانی ناو میللەتەکەمان، ئەگینا لە داهاتوودا نەوەکانمان نامان بەخشن... یەک دوو ساڵ لەمەوبەر ئەم هەڵبەستم نووسیوە، لەگەڵ ئەم باسەمدا هاوڕای دەکەم:

من دەزانم بەرەبەیانمی سەربڕیوە
بەزم و بادەی سازکردووە
چش لە ڕابردووی خوێناویم
پەڵپی سبەینێی گرتووە.
بەرەو پێخەفی ترسی کوێر
پەڵی ئومێدی گرتووە
نەزانین زبر و زۆرە

کە بە نۆرە..

بێنێ هێوای و شاردەوە

هیچم لێ بەجێ نەماوە

لەسەر سفرەی بۆنەهاتا

ئەوەندە خۆمم خواردەوە

٢٠/٦/ ١٩٨١



# ئاڤێستا

شـێوەی خوێنـدنەوەی کتـاو جیـاوازە و ئەگەر ئەو کەسـە ئەهلـی خوێندنەوەی بەردەوام بێت، بەندە یەکێکم لەوانە، بەڵام شـێوەیەکی تـایبەتیم بـۆ خوێنـدنەوە هەیە، ئەویـش ئەوەیە لە یەک کاتـدا سـێ کتاوم بەدەستەوەیە، لە هەر دانەکیان ماندووبم دەچمە سـەر ئەوەی تر. ئیتر هەروا تا هەرسێیان تەواو دەکەم.

ئەمە ئەو کتـاوانە نـاگرێتەوە وەکـوو چەسـپ و لەزگە خـوێنەر بەرنادەن، دیارە لەو کتاوانەیش زۆرن، بە تایبەت لە بواری ڕۆماندا.

وەک زانراوە من کتاوخانەیەکی زۆر دەوڵەمەند و گەورەم هەیە، ناوە نـاوە نـزیکەی بیسـت کتـاو هەڵـدەبژێرم و دەیـانبەمە ژووری نووستنەکەمەوە، لەوێ مێزی گەورە و بچووکی تیادایە.

بیست کتاوەکە لەسەر مێزەگەورەکە دادەنێم و مێـزە بچکـۆڵانەکەیش لە بندەسـتی سیسـتەمی نوسـتنەکەمدایە، ئەو سـێ کتـاوەی بەسەرەوەیە.

ئیتـر ئەوە "تەیبـڵ لامـپە"، چـرای خوێنـدنەوەیە، دەرمـانە، ئـاوی خواردنەوەیە، جاران تەلیفۆنی وایەردار بوو.

لە سـەردەمی پێشـمەرگایەتی عادەتێـک فێربووبـووم، دەمـانچەم دەخستە ژێر سەرینەکەم، ئێستا دەیخەمە سەر مێزی لای سەرم.

وەرە و تەماشا بکە، ژووری نووستنەکەم فرە قەرەباڵخە، هەمیشە کتاوێک دەربارەی زەردەشت پەیامبەری تیادایە. با ڕاستگۆبم لەبارەی کەسایەتییەوە گەلێک پێی سەرسامم. لەو سەردەمەیدا تاک و تەنها کودەتایەکی بەربڵاوی لەناو چەندان میللەت و وڵاتدا ئەنجام داوە.

جا دەتوانم بڵێم زۆربەی زۆری ئەو کتاوانەم خوێندووەتەوە، کە دەربارەی ئەو نووسراون، وەنەبی هەر ئەو، ئەوی دەربارەی ئایینەکان و کتاوە ئاسمانییەکان نووسرابن، مەیلی خوێندنەوەیانم زۆرە، بەتایبەت دەربارەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ڕووداوەکان و مەزاهیبی ئیسلامی و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی ناو ئیسلام و هەروەها ڕووداوەکانی ناو تەورات و ئینجیل و ئەوانەی دەربارەی بودا و کۆنفشیوش و ئایینە بچووکەکانی تر و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیان.

ئەگەر بێت ئاگاداری ئایینی زەردەشتی بیت ناچاری مەتنەکانی ئاڤێستا بخوێنیتەوە...

با ڕاستگۆبم، لە مێردمنداڵییەوە عاشقی خوێندنەوە بوومە، کتاوخانەکەی باوکم لە لیوای کەرکووکدا ناو و باوی خۆی هەبوو، بە ئاسانی کتاوم دەکەوتە بەردەست.

باوکم هەفتانە سوارێکی ئەنارد بۆ قەسری شیرینی ئێران بۆ هێنانی گۆڤارە هەفتەییەکان" بەندە ئەو گۆڤارانەم بەرگ گردوون

و پاراستوومن"جا هەر لەو ڕێگەوە خۆم فێری خوێندنەوەی فارسی کرد. ئێمە لە قوتابخانەکەماندا لە کەلار، بە عەرەبی دەمانخوێند، بەنـــدە هەر لە ڕێـــگەی ئەو کتاوخـــانەوە فێـــری خوێنـــدنەوە و نووسینی کوردی بووم.

دەمێک بوو وشەی ئاڤێستا و ناوەکەی سەرنجی ڕاکێشابووم و بیرم لێ دەکردەوە.

ئەو دەم زۆربەی بە دژوار لەو بابەتە کتاوانە وەچنگ دەکەوتن، ئێستایش لە خوێندنەوەی ئەو جۆرە کتاوانەدا بەردەوامم، کاتێک چاوگە جۆراوجۆرەکانم بەدەست هێنا بۆم دەرکەوت یەشتا مانای وشەی ئاڤێستا یەکلایی نەکراوەتەوە و بیروڕا جۆراوجۆرە، بڕێک بە مانای " پەنا"ی دادەنێن و بازێکی تر بە مانای زانیاری و زانینی دەزانن، بەڵام بڕێکی تر لایان وایە ئاڤێستا یانی "بنەڕەت" یان بنەما.

ئەو زمانەی ئاڤێستای پێ نووسراوە زمانێکی کۆنی لەناو چووە و زۆرتر لە زمانی سانسکریتەوە نزیکترە.. لەم ڕووەوە چاوساغان پەیوەستە خەریکن و هەر تازە زانیارییەکیان بەدەست هێنابێت بووە بە کلیلی قوفڵە سەرمۆرەکان و چۆنیەتی تێفکرینی سەردەمی زەردەشت... کاتێک بەشە گرنگەکانی ئاڤێستا دەخوێنیتەوە " گاتاها" کەوا بە کۆنترین بەشی دەژمێردرێت، دەگەڕێتەوە بۆ هەزار و پێنجەسەد ساڵ لەپێش زاییندا، ئەو

بەڵگانەیش بەشێوەیەکی زانستی سەلمێنراون و تۆمار کراون. ئەوانەی لایان وایە زەردەشت پەیامبەر لە سەدەی پێنجەمی زاییندا ژیاوە، لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونەیدا ناگونجێن.

ئاڤێستا بۆخۆی چواربەشی سەرەکییە، ڕەنگە لەم باسەیدا لێدوانی بە درێژی هەروا ئاسان نەبێت، بەڵام تەقەلای خۆم دەکەم، بەشەکانی ئەڤێستا ئەمانەی خوارەوەن:

١- یەسنا.
٢- یەشت ها.
٣- ویستبرد.
٤- وردە ئاڤێستا.

یەسنا بە یەکەمین و گرنگترین بەشی ئاڤێستا دەژمێردرێت، هەروەها بە کۆنترینیش.. وشەی یەسنا لە گاتاهادا چەندان جار دووبارەکراوەتەوە، مانای ستایش دەگەیەنێت. خودی یەسنا کراوەتە حەفتا و دوو بەشەوە، بەشێک پێی دەوترێ "هائیتی"، ئەم بەشە لەسەر بنەمای سێکوچکە ناسراوەکەی ئایینی زەردەشت بنیادنراون" ئەندێشەی باش، کردەوەی باش، گوفتاری باش" زۆرتر دەربارەی داستانە مێژووییەکان دەدوێت، لە زۆر جێگەیدا ستایش لە دەوڵەت و دەستەڵات دەکات، ئەگەر ئەو دەوڵەتە لە ڕێگەی ڕاستەوە بەدەست هاتووبێت.

هــانی دوور لە دوودڵــی و نائومێــدی و درۆکــردن دەدا، گاتاهــا کۆنترین بەشی ئاڤێستایە:

١- ئاهنود.
٢- ئاشنود.
٣- سبیتمەند.
٤- هوخشتر.
٥- هیشتوشن.

وشەی یەشت وشەیەکی ئاڤێستاییە، بە مانای زکر دێت. یاستایش ئەو ویردانە لە کاتی پەرستنی ئاهورامزدادا دەخوێندرێنەوە.

ویستبرد: ئەم وشــەیە "ویســتپەرتو" بە مانــای هەمــوو ســەروەرت، بیستوحەوت فەسڵە.

وردەئاڤێستا: ئەم وشەیە لە ســەردەمی شــاه شــاپووری دووهەمــی ساسانیدا لە لایەن موبەدەکانەوە خراوەتە نێو ئاڤێستاوە، وا بــاوە "موغێک" بەناوی "مهر ئەسپەند" ڕاسپێراوە کە لە ڕۆژانی جەژن و شەڕ و لێقەوماندا بیخوێنێتەوە.

وندیداد: ئەمەیــان بە پێنجەمــین بەشــی ئاڤێســتا دەژمێردرێــت، لە ڕاستیدا ئەم وشــەیە " وی دئــوداتە" بە مانــای یاســای دژە دێــوە ناپاکەکـــانە، ئەم بەشـــەیەش لە ســـەردەمی دەســـتەڵاتی

ساسانییەکاندا هاتووەتە ناو ئاڤێستاوە و ڕەنگە زۆریش لەگەڵ بیروڕای ئاڤێستادا نەگونجێت.

بە هەرحاڵ ئەمە کورتەیەک بوو دەربارەی ئاڤێستا، ئومێدەوارم بەلاتانەوە سوودبەخش بووبێت.

٢٠٠٨/٦/١٥

# گۆرانی مەراببووس

ئەم گۆرانییه فارسییه بەناوی "مەرا ببووس/ من ماچکه" داستانێکی دوورودرێـژی هەیه، تـا ئێسـتا کـراوەته ئـازەری و ئـۆزبەکی و ئەو وڵاتـانەی به فارسـی دەدون، گەیشـتووەته کوردسـتانی باشـووریش، بەڵام به شێوەیەکی هەڵه.

بەنده لەم نووسینەیدا هەقیقەتـی ئەم گۆرانییەتـان دەخەمه بەرچـاو. لەناو برێک له میللەتاندا ڕووداو، یان چیرۆک یان ئاهەنگ به گوێرەی نیاز دەگوڕدرێت و دەیگۆڕن و لایان جوانتره وابایه شیاوتره تـا وەک خۆی.

ئەم گۆرانییه له سەردەمی محەمەد ڕەزای شای پەهلەویدا وەک ئـاواز و شیعر وتراوە، ئـاهەنگەکەی له لایەن " مەجیـدی وەفـا"بۆ دانـراوە. شیعرەکەیش هی عەلی حەیدەر رەقابییه.

باوەڕناکەم ئەوانەی تۆزێک ئاگاداری گۆرانی و ئاهەنگ بن ئاگـاداریی ئەم گۆرانییەی نەبـن و برێـک له شیعرەکانیشـان لەبەر نەکردووبێـت. زۆر دەربارەی ئەو گۆرانییەی و شیعرەکەی وتراوە. پەروێزی خەتیبی یەکێک بووە له هونەرمەنـدانی ئەو کـاتە، ئەم گـۆرانییەی به دەنگـی خانمێکی هونەرمەندی نەناسراو بڵاوکردووەتەوە.

ئەم گـــۆرانییە دەنگـــۆی زۆری بە دواوەیە، یەکێـــک لەوانە: گـــوایە عەقیدێکی لەشکری ئێران ئەنـدامی حزبـی تـودەی شـیوعی بـووە، بە نـاوی "عیزەتـوڵڵای سـیامەک"، لە لایەن دەوڵەتەوە بڕیـاری ئیعـدامی بەســــەردا دەدرێـــت، گـــوایە هەڵبەســـتەکەی ئەو نووســـیویەتی، دەنگوباســـێکی تـــریش هەر لەم ڕووەوە هەیە، گـــوایە ســـەرگورد" مقدم"یێکی سوپای ئێران بەنـاوی " عەلـی مـحەمەد موبەشـری"، کە ئەویش لەبەر ئەندامبوونی لە حزبی تودەی "شـیوعی" ئێـران بـووە و بڕیاری ئیعدامکردنی بەسەردا سەپاوە، گوایە شیعری ئەو بووە.

"ناسری ئینقیتاع" لە کتاوی "پـان ئێرانیسـتەکانی ئێـران" گـوایە ئەم شیعرەی بۆ کچێک نووسیوە، ناوی کچەکە تا بە ئێستا نەزانراوە.

ئەوە حاشـــاهەڵنەگرە ئەم گـــۆرانییە بە شـــیعری " حەیـــدەر عەلـــی ڕەقابی" تۆمار کراوە. ئەوەلێن جارێک ئەم گـۆرانییەی بڵاوکـراوەتەوە لە لایەن گـــۆرانیبێژێکی ئـــافرەتی ئـــازەری بەنـــاوی " پەروانە" لە فیلمێکـــی بەنـــاوی " ئیتهـــام" بڵاوبـــووەتەوە، هونەرپیشـــەژنەکە کە دەبرێت بۆ زیندان گۆرانی بۆ کچەکەی دەڵێـت.

حەیدەر ڕەقابی خزموخوێشی هونەرمەندی گەورە" بێژەن تەڕەقی".

بەناوبـانگترین کەسـێک ئەو گـۆرانییەی دووبـارە وتـووەتەوە " گـوڵ نەڕاقی"ی بووە، کە وەک قەوان بڵاوی کـردووەتەوە. هەروەهـا زۆر لە هونەرمەندانی بەناوبانگی ئێرانی ئەم گۆرانییەیـان وتـووەتەوە، وەک:

ویگـن، عـارف، مـوڕتەزا، سـیاوەش، شـاهرخ و زۆری تـریش، بەڵام ناتەواوە.

خەڵکەکە تەنها دووسێ بەیتی یەکەمی ئەم شـیعرەیان لەبەرە، بەڵـێ هەڵبەسـتی ئەم گـۆرانییە شـۆرش و ملمـلان دەخـاتە خولیـاوە، لە گـۆرانییەکەدا تەواوی شـیعرەکە بڵاونەکـراوەتەوە، لێـرەدا بەنـدە ئەم شـیعرە هەم بە فارسـی و عەرەبـی دەخەمە بەرچـاو، هەمـیش وەری دەگێڕمە سەر کوردیە حەیاتەکە تا بە وردی ڕۆشـنبیرانی کـورد هەر نەبێ ئەوانەی بە هەڵە دەربارەی ئەم شیعر و ئاهەنگەیان بیستووە:

مرا ببوس، مرا ببوس

برای آخرین بار، تو را خدا نگهدار که می‌روم به سوی سرنوشت

بهار ما گذشته، گذشته‌ها گذشته، منم به جستجوی سرنوشت

در میان توفان هم پیمان با قایقران‌ها

گذشته از جان باید بگذشت از توفان‌ها

به نیمه شب‌ها دارم با یارم پیمان‌ها

که بر فروزم آتش‌ها در کوهستان‌ها

شب سیه سفر کنم، ز تیره ره گذر کنم

نگر تو ای گل من، سرشک غم بدامن، برای من میفکن

دختر زیبا امشب بر تو مهمانم، در پیش تو می‌مانم، تا لب بگذاری بر لب من

دختر زیبا از برق نگاه تو، اشک بی گناه تو، روشن سازد یک امشب من

ستاره مرد سپیده دم، به رسم یک اشاره، نهاده دیده برهم،

میان پرنیان غنوده بود .

در آخرین نگاهش نگاه بی گناهش، سرود واپسین سروده بود .

بین که من از این پس دل در راه دیگر دارم .

به راه دیگر شوری دیگر در سر دارم

به صبح روشن باید از آن دل بردارم، که عهد خونین با صبحی

روشن‌تر دارم...ها

مرا ببوس

این بوسه وداع

بوی خون می‌دهد

به زمانی عەرەبی:

قبليني
قبليني قبليني
لآخر مرة
في حفظ الله وداعاً
فاني مُتَّجِهٌ صوبَ المصير
ربيعنا قد مضى
ماضينا قد مضى
فاني أبحثُ عن مصير

في وسط الطوفان
مع البحّارة صَفاًّ
نَزْهَدُ الحياةَ لنعبرَ الطوفان
في أواسط الليالي
عندي مع الحبيبة عهود
كي أشعل الجبال ناراً، آه

ليلةٌ سوداء
أشُدُّ الرحال
من دربٍ مظلم
أباشر العبور

يا وردتي تَرَفَّقِي
دموع الحزن امسكي
من اجلي لا تسكبي

قبليني قبليني
لآخر مرة
في حفظ الله وداعاً
فاني مُتَّجِهٌ صوبَ المصير
ربيعنا قد مضى
ماضينا قد مضى
فاني أبحثُ عن مصير

يا فتاتي الجميلة أنا ضيفكِ الليلة
أقيمُ عندك حتى تضعي شفتيكِ على شفتي
فتاتي الجميلة من بريق محياك
و دمعك البريئ
تَنَوَّرَتْ ليلتي الوحيدة

قبليني قبليني
لآخر مرة
في حفظ الله وداعاً
فاني مُتَّجِهٌ صوبَ المصير
ربيعنا قد مضى
ماضينا قد مضى
فاني أبحثُ عن مصير

زۆربەی ئەم هەڵبەستە لە گۆرانییەکاندا سانسۆر کراوە و بڵاوکردنەوەی پێ نەدراوە و خەڵکەکەیش هەر چوار بەیتی سەرەوەی بەرگوێ کەوتووە، بەندە لێرەدا تەواوی هەڵبەستەکەم بەدەستهێناوە،

ئەوەسا لەبەر چاوتە، ماوەتەوە سەر ئەوەی وەربێگێڕمە سەر زمانی کوردی، تا ئەوانەی ئاگاداری ئەم گۆرانی و شیعره نین، بیخەمە بەردەستیان، هەروەها ئاهەنگ و شیعرەکەیش وەک خۆی پێ بزانن، منیش یەکێک لەوانه بووم، که گوایه ئەو سەرهەنگەی دوا خواحافیزی له تاکه کچەکەی کردووە، وام تەجسووم کردبوو له خەیاڵمدا، بەڵام هەقیقەتی شیعر و ئاهەنگەکه و واقیعەتەکەی ناچاری کردم دادان به هەقیقەتدا بنێم، ئەگەرچی شیعرەکه وەک خۆی شۆڕشگێرانه ماوەتەو و پڕە له هاندان و زەڕافەت و جوانی، ئەوەی دەسلمێنێ هەمیشه هەقیقەت ئەگەرچی پڕە له تاڵی و شیرینی، بەڵام هەر وەک خۆی بێت جوانتره:

ماچم که وەره ماچم که
بۆ دواجار خودا پارێزگارت بێ
وا دەڕۆم بەرەو ئاکام
بەهاری ئێمه تێپەڕێ، تێپەڕبووەکان تێپەڕین
ئەوەسا منم به دوای سەرەنجامدا دەگەڕێم
به دوای ئاوڕدانەوەیدا، ئاوڕی بێ تاوانیی ئەو
دوا سروودی هۆنابوویەوە
لەنێوان تۆفانا هاوپەیمان لەگەڵ بەلەم ڕانا
خۆ بەختەکرانه لەگەڵ بەلەم ڕانا
هەر دەبێ بگوزەڕیم
ئاخر من نیوەشەوان هاوبیر و باوەڕی یارم

لە پۆپەی چیاکاندا ئاگر هەڵدەگیرسێنم
سەفەرکردووی شەوی تارم
دەڕۆم بە بزنەڕێی پڕ ئازارم
ئەی کچە جوانەکەی وەک گوڵم
ئەی بەرۆک تەڕبووی فرمێسکی چاو
کچە نازدارەکەم مێوانی تۆم من ئەمشەو
هاودەمی من بە ئەمشەو
بە ماچی دوو لێوت خۆم دەلاوێنمە، من ئەمشەو
کچە جوانەکەم تیشکی ئاوڕدانەوەت
چاوە بێ تاوانەکەت
ئەمشەوی منی ڕۆشن کردەوە
وا بەرەبەیانەوە ئەستێرەکان کوژانەوە
ئێمەیش فریشتە ئاسا وا خەو دەمانباتەوە
بە دوا ئاوڕی جوانی و ئاوڕی بێ تاوانی
دوا سروودی هۆنایەوە
دوای ئەمە خۆم ناوەتەوە بۆ بیروباوەڕێکی تر
خولیام پڕە لە عیشقی بۆچوون و ئاوڕێکی تر
بەرەبەیانێکی ڕۆشن کەوتووەتە خولیامەوە
یا مەرگ، یا ئازادی، ئیدی ناڵێم چیرۆکێک بووم و بڕامەوە.



# کوشتنی قەزافی

لەوەتەی دوورئەنـــدازی دەوڵەت و دەســـتەڵات و بگـــرە و بەردە تۆمارکراوە و هەبـووە و هەیە، هەمیشـە لە نـاخ و وژدانـی مرۆڤێکـی زیندوودا لۆژێک، هەوێنی سەرەکی بەردەوامی کـاروکردەوەی بـووە و بنەماکانی ژیانی لەسەر ئەو باوەڕانە داناوە.

فەرهەنگـی پێگەیشـتوو و تێگەیشـتووی مرۆڤـایەتی پـڕی پـڕە لە حیکمەت و ئەوی وشەو و واژەی موعادەلاتی شیاوی زیندەگییە تێـی ئاخنییە...ئیـدی ئەوە تـۆڵەیە، بەخشـینە، بەزەیـیە، ڕق و قیـنە، ژیـانە، مـردنە، کیـنەیە، لێبـووردنە، ئاسایشـە، ئـازادییە، ئـازارە، پەلامارە، پەت پەتێیە، یارمەتییە، ئیتر ئاوا...

بەنـدە ڕۆژهەڵاتـیم و موسـڵمانم، ڕەنـگە بەلامەوە ئاسـان نەبـێ و نەیســەلمێنم فەرمـانی جێبەجێکردنـی ئیعـدام بەســەر بکوژەکانـدا تووڕدرێتە لاوە، ئەوە بەشێکە لە مێژوو و کەلتـووری چوارتەنیشـتم، زۆر دەخایەنێـت تـا بـاوەڕ پەیـدا بـکەم کەوا خـوێن بە خـوێن پـاک نابێتەوە.

لە زۆر وڵاتـانی دوور و نزیکـدا هێشـتا نەیـانتوانیوە دیـن لە دەوڵەت جـــوێ بـــکەنەوە، بـــاوەڕی "ددان بە ددان" یەشـــتا لە زۆر وڵاتە

ئیسلامییەکاندا باوە و ڕەواجی هەیە. تازە بەوەی ڕازی نابن و دوور لە بەندەکانی یاسا بەپێی شەرع بەردباران و داری حەد و مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکرێت.

لە لایەکی ترەوە لە زۆربەی وڵاتاندا ئەوڕۆکە جێبەجێکردنی ئیعدام خراوەتە لاوە، کابرا هەرچەندەیشی کوشتبێ، ژیانی پارێزراوە، بە دڵنیاییی ئەو وەلاوە خستنە لە ڕووی هەروا بوونەوە نەخولقاوە، زۆر لە لێزانانی ڕشتە جۆراوجۆرەکان، زۆر لە چاوساغانی کۆمەڵگە بیریان لێ کردووەتەوە و لێی دواون و لە ڕووی کەیل و کێشانە و تەرازوویەکی وردەکارەوە هەڵیانسەنگاندووە و قۆناغی ئینسانیەتی ئێستای مرۆڤیان خستووەتە بەرچاو و کۆشاون لە هەڵە و هەڵەشەییەوە دووربن و دوورئەندازی داهاتوویشی بخەنە بەرچاو.

بەندە نایەم دوو کۆمەڵگەی جیاواز، دوو مێژوو و کەلتووری لە یەک جودای ئەوان و ئێمە، ئایینی ئێمە و ئەوان بە یەکەوە بەراوردکەم و بیخەمە دوو تای تەرازووەوە... ئەوی بۆ من گرنکە ئینسان و یاسا و تاوانەکانە...

مافی مرۆڤ، مافی ئاژەڵ، مافی دار و درەخت و ژینگە، ئەو مافانە سنوورەکان دابین دەکەن. ئیتر هەواو و هەوەس و مەزاجیەت و خولیای "من، منم" ئەگەر بنبڕ نەکات، ڕێژەی یەکجار کەم دەکاتەوە.

ئەوان و منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن و ئێمەیش پەروەردە دەبین. خۆ من ناگەڕێمەوە بۆ سەردەمی دادگاکانی پشکنین و سەدەکانی ناوەڕاستی وڵاتانی ئەورووپا، کە لە ژێر چاودێری و سایەی ئایین و کڵێسا و خودی پاپاوە دەوڵەتدارانی ئەو سەردەمانە چەند ڕووباری خوێنیان ڕشتووە، یان پەلامارەکانیان بۆ سەر یەکتر، بۆ سەر خەڵکی دوور و نزیک، ئەو دڵڕەقی و بکوژ بکوژەی لەو وڵاتانەیدا ڕوویداوە، نە لە ئێراق و نە لە سووریا و نە لە لیبیادا نەبینراوە، کورد واتەنی: " ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە!"

ئەوڕۆ قەزافییان کوشت... دڵنیام لەوەی ئاکام و سەرەنجامی هەر دیکتاتۆرێک، دیکتاتۆر سفەتێک تیاچوونە... لەوەی گەڕێ ... لەسەرتاسەری مێژووی وڵاتانی عارەبدا قەزافی تەنها دەستەڵاتدارێک بووە، ددانی بە مافی گەلی کوردا ناوە و دەستی یارمەتیشی بۆ خەباتکەرانی کوردیشی درێژکردووەتەوە.

با لەوەی گەڕێین، قەزافی دیکتاتۆر بوو، قەزافی خوێنڕێژ و توندخوو بوو بەرانبەر گەلەکەی، قەزافی بکوژ بوو، قەزافی خاوەنی سەر و ماڵی خەڵکی لیبیا بوو. ئەگەر بێت و بەپێی ئامار و لێکدانەوەیەکی سەرپەنجەیی کوشت و کوشتاری قەزافی لەگەڵ کاروکردەوەی سەددام دا بەر ئاورد کەین لە چاویدا قەزافی فریشتەیەکی ئاسمانی بووە و جگە لە قوربان قوربان نەبێت لەگەڵ میللەتەکەیدا نەدواوە.

وەک بینیمان سەدام گیرا و خرایە نێو تەلبەندی تۆمەت و تاوانەوە و بەپێی یاسا بڕیاری خنکاندنی دراوە و جێبەجێ کراوە. لەوەیش دڵنیام ئەگەر دەستەڵاتەکە بە دەست ئێراقییەکان بووایە، لە قەزافی خراوتریان بەسەر سەدامدا دەهێنا...

هێشتا ڕاکێشانی تەرمی عەبدولئیلاهـ و نووری سەعید لە ناو شەقامەکانی بەغدادا کە باس دەکرێت پرووزەی عەرەقی شەرم دەکەوێتە ناو چاوانی خاوەن وژدان و لایەنگرانی یاساوە... ئەوەسا کوڕ و کوڕەزای بکوژەکانی "نووری سەعید" زنجیرە درامای " نووری پاشا" دەخەنە بەر چاوی خەڵکی ئێراق و وڵاتانی دیکە.

پرسیارێک دەکەم، تۆی ئینسانی ئەم سەردەمە بەو چەشنە کوشتنەی قەزافییە، ڕازیت؟

بەندە لەوە دڵنیام، ئەو هەمەجیەت و بەربەرییەتەی لە کوشتنی قەزافیدا خرایە بەرچاو، فەرهەنگی ئەمڕۆی بەشەریەت دەبینرێت... سبەی یان دووسبەی، مەلەفی چۆنیەتیی ئەو کوشتنەی دامێنگیری نەک تەنها بکوژەکانی، بەڵکوو سەردەمدارانی "ناتۆ"یشی دەگرێتەوە.

لەوانەیش گوزەشتە، ئەو شێوە کوشتنە بە مشت و کەوش و قۆناغی تفەنگ، ڕسوایی و خوێنڕشتنێکی زۆری بە دواوە دەبێت، چ لە لیبیا و چ لە وڵاتانی تردا.

دیکتاتۆر و دیکتاتۆرە مەئابەکان، ئیدی شەڕی سەر وماڵ دەکەن و بە ئاسانی دەستبەرداری دەستەڵات و کورسییەکانیان نابن. ئەمەیش بە پڕۆژە و بەرنامەیەکی لە یەکدراوەی پاشەڕۆژی نێو وڵاتانی دەزانم.

ئەو جۆرە کوشتنە، کە دیمان زۆر لە موعادەلاتی ئینسان هێناوەتە لەرزین.

# ڕوکسەڵان و سوڵتان سلێمانی قانوونی

زنجیره درامای سوڵتان سـەلێمانی قـانوونی نەک هەر تەماشـاکەرانی کورد، بەڵکوو عارەب و گەلانی تریشـی بەخـۆوه سـەرگەرم کـردووه، ئەوەی لەو درامـــــایەدا دەبینرێـــــت زۆر دووره له واقعیەتـــــی مێـژوویيەوه ... بەنـده بە چـاکم زانــی ڕووداوه ڕاسـتەقینەکانی ئەو سەردەمە وەک خۆی بخەمه بەر دەستی خوێنەر. ئەگەرچی له مێژدا له کتـــاوی " حەڕەمســـەرا و خەســـاوەکاندا" به وردی باســـم له کەسایەتی لپ و لەوس خوێناوی بوونی " ڕوکسلان" خانمم کـردووه، بەڵام بەپێی سەرچاوه جۆراوجۆرەکان لەم باسەیدا ڕووداوەکـانی ئەو حەلەم خســتووەته بەرچـاو، تــا تەماشـاکەری کـوردی ئـازیز ئەو زنجیرەی دەبینن، واقیعیەته مێژووینەکەشیان لەبەر دەستدا بێت...

شـا تەهماسـوبی سـەفەوی پەنجـا و چـوار سـاڵ فەرمـانڕەوای کـرد" ۹۳۰- ۹۸٤ک" لەو ماوەیەیـدا چەنـدان ڕووداوی گرنگــی خوێنــاوی ڕوویان داوه. یەکێک لەوانه " ئەلقاس میرزا"ی برای شا تەهماسووب له شا یاخی بووه و پەنای بردووەته سـوڵتانی عوسـمانی، هەروەهـا ڕووداوێکـی تـری لەو بـابەته، پەنـابردنی شـازاده " بایەزیـدی کـوڕی سوڵتان سلێمان" ناسراو به قانوونی پاشا تەهماسووبی سەفەوی.

ئەلقاس میرزای برای شا تەهماسووب، باری یەکەم لە ساڵی ٩٥١ک، کە ئەو دەم لە دەڤەری شـــێرواندا بـــووە، یـــاخیبووە و شـــا بەخشیویەتی، جاری دووەم لە سـاڵی ٩٥٣ک دووبـارە لە شا یـاخی بووە و پەنای بردووەتە سوڵتان سلێمانی قانوونی و هەڵـی نـاوە تـا پەلاماری ئێران بدا. بۆخۆیشی بە سوپایەکی چەند هەزار کەسـییەوە تـا دەوروبەری هەمەدان هـاتووە و کۆشـاوە جەخـت و بەختـی بـرا تاجدارەکەی لە ڕیشەوە هەڵکەنێت. سەرنەکەوتووە و دووبـارە داوای بەخشـین و لێبـووردنی کـردووە و خـۆی داوەتە دەسـتی "شـا"وە و شایش بەڵێنی بەخشینی پێ داوە، کە چنگـی لـێ گیـر دەبێـت و لە قەڵای " قەهقەهە"دا زیندانی دەکات و سەرەنجام دەیکوژێت.

لە ساڵی ٩٦٦ک، لە کاتێکدا شا تەهماسووب خەریکی لەشکرکێشـی بووە، لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووکدا چەندان ڕووداوی خوێنین لەنێو سوپا و لەشـکری عوسـمانیدا ڕوویـان داوە. بـوو بە هـۆی ڕاکـردن و پەنابردنی شازادە بایەزیدی کوڕی سوڵتان سلێمان بە وڵاتی ئێران.

دووبەرەکێیەکی خوێنـاوی لەنێـوان بایەزیـد و سـەلیم دا ڕووی داوە، هەردوو کوڕی سوڵتان سلێمان بوونە، لە دایکی جیاواز، بە گـوێرەی سەرچاوەی جۆراوجۆر، هـۆی ئەو نـاکۆکییە خوێنـاوییەی نێـوان دوو بـرا، دایکـی شـازادە سـەلیم بـووە. کە بە لای سـوڵتانەوە جـێگە و پێگەی تایبەتی خۆی هەبووە.

ئەو ئـافرەتە کـۆیلەیەکی ڕووسـی بـووە، بەنـاوی "ڕۆکسـلان"وە، لە دواییـدا نـاونراوە "خـوڕەم". ئەو ژنە تـا بڵێـی زیـرەک و هۆشـیار و کارزان بووە و لەم دوادواییەیشدا شیعری یەکجار جوانی نووسـیوە و لێی بەجێماوە.

ئیــدی بە هەزار و یەک ئەفســوونی ژنــانە و حــیکمەت و لێــزانین، تەواوی ڕەقیبـانی نـاو حەڕەمســەرای سـوڵتانی خسـتووەتە لاوە و بۆخۆی بووە بە تاکەسوارەی حەڕەمسەرای دەستەڵاتی عوسمانی.

ئەو ژنە لێــزانە، وەک لە حەڕەمســـەرادا بەســـەر غەریمەکانیـــدا سەرکەوت و دڵ و بیـر و فکـری سـوڵتانی بەخـۆیەوە خەریـک کـرد، کەوتە تەقەلای چەسپاندنی دەستەڵاتی شازادە سەلیمی کوڕیەوە. تا لە دوای سوڵتان سلێمان کەس نەتوانێ بەربەرەکانی بکـات. بـۆ ئەم مەبەســـتەیش ڕۆســـتەم پاشـــای گەورە، دەســـتەڵاداری دەربـــاری عوسـمانی کردبـووە هاونیـاز و دەسـتگێرەی، تـا ئەوەی دوژمـن و ناحەزی شازادە سەلیمی کوڕی لەناو ببات.

سەرەتا بە هاوکاریی ڕۆستەم پاشا تـوانی " شـازادە مستەفاخان"ی کوڕە گەورەی سوڵتان سلێمان لەناو ببات و کوڕە بەر بێشـکەکەی " مســتەفاخان"یش ژەهرچێــژ بکــات و بکوژێــت، لە دوای کوشـــتنی مسـتەفای کـوڕە گەورەی سـوڵتات سـلێمان، شـازادە جیهـانگیر، کە کوڕێکی تری سوڵتان بوو، خۆکوژی کـرد و تەنهـا کەسـێک جـێگەی مەترسی بوو لە مەیداندا مایەوە شازادە سەلیم بوو.

له لایەکی ترەوە، مستەفا پاشای لەلەی شازادە سەلیم توانی زهن و فکری ئامادە بکات. کەوا شازادە سەلیمی برای بە هیچ جۆرێک نە بۆ سوڵتانی دەست دەدا، وە نە بۆ فەرمان ڕەوائی.

کابرایەکی وەک سەلیم کە شەو و ڕۆژ لەنا و پێخەفی ئافرەتان و سەرگەرمی بەزم و بالۆرەیە، کەی شایانی جێگری سوڵتان سەلێمانە؟

مستەفا پاشا توانی وا لە شازادە بایەزید بکات، بە هیچ جۆرێک بچووکیی نەکات و هەر وایشی کرد، بە ئاشکرا کەوتە دژایەتی سەلیمی برایەوە و تەواوی ئەو جولانەوەیش بە وردی دەگەیشتە حزووری سوڵتان سلێمان و زۆریشی دەخرایە سەر و بەهاراتیشی پێوەر دەکرا.

تا ئەو حەلە، شازادە بایەزید فەرمانڕەوای دەڤەر و ویلایەتی "کوتاهیە" بووە، لایەنگرانی شازادە سەلیم لە دەربارى سوڵتاندا دەست ڕۆیشتووبوون. داوایان لە سوڵتان کرد تا سەلیم بنێرێتە دەڤەری کوتاهییە و بایەزید بەلاوە بنێت. بایەزید هەم لەناو خەڵک و هەم لەناو سوپا و لەشکردا گەلێک لە سەلیمی برای خۆشەویستر بووە. ئەو خۆشەویستییە بووبووە چقڵی چاوە شینەکانی" ڕوکسلان"ی دایکی سەلیم. سوڵتان سلێمان هەر وای کرد و فەرمانی لادانی بایەزیدی مۆرکرد و هەناردی، نەڕۆیشتە ژێر جێبەجێکردنی، ئەو فەرمانە و یاخیبوون لە فەرمانی سوڵتانی مەزنی وەک سلێمان

قانوونی کارێکی گەلێک دژوار و بەنابەجێ دەژمێردرا، ئەو یاخیبوونە بـوو بە بەڵگەیەکـی دیـار و کەوتە چنگـی ڕوکسـەلانی بە خـوڕەم بـوو... هەروەهـا دەسـتوپاکانی ڕوکسـلان و شـانتەکێنەکانی لە دەرباردا کەوتنە هاندان و تەقەڵایەکی بەربڵاوی خوێناوییەوە.

سوڵتان لەشکرێکی گەورەی پێکهێنا، بە فەرمانـدەی محەمەدپاشـای وەزیـر و هـاوڕای ئەحمەدپاشـای ئەمیرولئـومەڕای ئەنـاتولی و فەرهادپاشای فەرمان فەرمای قرامان و عەلـی پاشـای زولـقەدر. ئەو لەشـکرە بە هاوکـاریی شـازادە سـەلیم پەلامـاری لەشـکری شـازادە بایەزیـدیان لە نزیکـی شـاری قـونیە دا، شـەڕێکی یەکجـار خـوێنین لەنێوان دوو لەشکردا ڕوویدا و بەسەر ئەوەیشدا شـازادە بایەزیـد لەو شـەڕەیدا لە ئـازایی و لێهاتووییـدا سـەرتەلی دوو لەشـکرەکە بـووە، نەیتوانیـوە سـەرکەوێت و ناچـاری کشـانەوە بـووە و بەرەو دەڤەری ئەماسـیە کشـاوەتەوە و لەوێـڕا سـێ کەس لە هاوکـارانی خـۆی، کە بەلای سوڵتـان سلێمانەوە بە هاندەر و تاوانبار دەناسران دەکوژێت و بۆ ڕەزایەتی باوکی سەری هەرسێکان دەنێـرێتە خزمەتـی سـوڵتان و داوای لێبووردن و لێخۆشبوون لە باوکی دەکات.

سوڵتان داواکەی ڕەت دەکاتەوە و لەشـکر و سـوپایەکی پۆشـتەتری بۆ دەنێرێت. بایەزیـد ناچـار دەکشـێتەوە بـۆ ئەرزەڕۆم لەوێـڕا ئەیـاز پاشا پێشوازی گەرمی لێ دەکات و دوای چەنـد ڕۆژێـک ئەسـکەندەر پاشا بە چل هەزار شەڕکەرەوە بەرەو "ئێرەوان" دەکشێتەوە.



دیارە ئێرەوان بەشێک بووە لە ئێران، فەرمانڕوای ئێرەوان کەسێک بووە بەناوی " شاقوڵی سوڵتانی ئیستاجلو" کە نوێنەری شا تەهماسووب بووە، هەر ئەو ڕۆژە تەتەرێک دەنێرێتە دەرباری سەفەوی و چۆنیەتی هاتنی شازادە بایەزیدیی بۆ شا ڕۆشنکردووەتەوە و لەگەڵ هەمان تەتەردا شازادە بایەزید نامەیەکی پڕ لە ڕێز و تەمەننا دەنێرێتە خزمەتی شا تەهماسووب و دەیدا بە نوێنەرێکی شازادە بایەزیددا، شا تەهماسووب نامەی ئەمان و ڕێزلێگرتن بۆ بایەزید دەنووسێت، فەرمان دەدا بە شاقووڵی سوڵتان هەرچی زووترە شازادە بهێنیت بۆ شاری قەزوێن، کاتێک شازادە بایەزید دەگاتە شاری تەورێز، بە فەرمانی شا" ئەمیر غەیب خان" حاکمی تەورێز، لەگەڵ ناسراوان و سادات و دەمچەرموانی شاردا دەرۆنە پێشوازی شازادە بایەزیدەوە، ئەویش بە چەپ و ڕاستکردن لەو پێشوازیەیدا کە بەناو بازاڕدا گوزەراوە، چاوی لەنێوان دوو گوێی ئەسپەکەی هەڵنەگرتووە. گەیشتووەتە گەڕەگی " چڕنداب" کە بۆی ئامادە کردووە. لەپێش ئەوەی بایەزید بگاتە شا تەهماسووب، سوڵتان سلێمان شاندێکی لێزان بە سەرۆکایەتی سینان پاشا و دیاریی گرانبەها دەنێریتە دەرباری شا تەهماسووب و داوای بە دەستەوەدانی دەکات و لەنێو شاندەکەیشدا "دەوراق"ی هاودەمی شازادە سەلیم نامەیەکی جیا بە شا تەقدیم دەکات. ئەو بەپەلە ناردنی شاندەی زۆرتر بۆ چەواشەکردنی زهن و بیر و فکری شا تەهماسووب بووە... تا لە پێش گەیشتنی بایەزیدا شا هۆشیار

کـرابێتەوە. لەم ڕووەوە ســەرکەوتووبوون، دوای مــاوەیەک بایەزیـد دەگاتە قەزوێن و پێشوازییەکی بەرچاو و شایانی لێ دەکرێت. ٢١ی مانگی موحەڕەمی ٩٦٧ک.

لە گۆڕەپانی سەعادەت ئابادی قەزوێندا بایەزید دەگاتە خزمەتی شـا تەهماسووب، لەم ڕەوەوە لە کتـاوی جیهـان ئـارادا قـازی ئەحـمەدی غەفــاری دەڵێــت: " دووشــەممەی جەمــادی دووهەم، کە ســوڵتان بایەزید گەیشتووەتە نزیکی تەورێز، تەواوی ئـومەڕا و پیاومـاقووڵانی شـار دەڕۆنە پێشـوازیەوە و لە نـوێژی عەسـردا دێـتە نـاو شـارەوە. دوای نیشتەجێبوونی شازادە و بایەزید لە قەزوێندا، دیارە بابولعـالی و دەربـاری شـا تەهماسـووب دەکەونە ڕاوێژێکـی خەسـتوخۆڵەوە. لە لایەکەوە سوڵتان سلێمان داوای بە دەستەوەدانی بایەزیدی کوڕی لە شا دەکاتەوە، لەولاشەوە، شا بەڵێن و وەعدی بە بایەزید دابـوو، کە وەک پەنابەرێک بیپارێزێت، لێـرەدا لێزانـی و سـووربوونی ڕوکسـلانی تاکە سواری حەڕمسەرای سوڵتان سلێمان دەسـتبەردار نەبـووە و بە تەواوی توانای خۆی و لایەنگرانی سـەدان پـیلان و بەرنـامە دەخەنە پێش چاوی سوڵتان، تا سووربێت لەسەر بەدەستەوەدانی بایەزید.

ســتراتیژەیەتی ئەو کــاتەیش، تــای تەرازووی توانــا و دەســتەڵاتی دەوڵەتـــی عوســـمانی گەلێــک قورســـتر و بەهێزتـــر بـــووە، لە شاتەهماســووبی ســەفەوی. ئیمپراتــۆریەتی عوســمانی لەوپەڕی دەستەڵات و توانای خۆیدا بـووە و لەشـکری عوسـمانی گەیشـتبوونە

دەرودەروازەی قووڵایی ئەورووپا و وڵاتی نەمسا... شا تەهماسووب دەیزانی ئەو توانا و قودرەتەی شک نابات تا لەسەر وەعدێکی خۆی دووچاری شەڕێکی قورسی وابێت و باوەڕێشی بەوە هەبووە کە هەر چەندە کوڕ لەسەر هەق بێت، نەشیاوە لە باوک یاخی بێت.

وەک لە مێژدا ئەلقاس میرزای برای دوو جاران لەخۆی یاخی بووە. دیارە توانا و دەستەڵاتی ڕوکسلان مەرز و سنوورێکی نەناسیوە و ئەوی ویستوویەتی کردوویەتی، ئەوی حەزی لێ کردووە بردوویەتی، سا بە نرخ و بایی خوێنی هەزاران کەسیش بێت، بۆی گرنک نەبووە.

من لێرەدا داوا لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەم، با کتاوەکەی خوسرەوجاف بخوێننەوە بەناوی " حەرەمسەرا و خەساوەکان".

بە وردی ململانێی پڕ لە خوێن و فرمێسکی ڕوکسلانی تیادایە. کە چۆن دوژمنانی نێو حەرەمسەرای دانەدانە لەناو بردووە و خۆی کردووەتە تاکە دولبەری سوڵتان سلێمان و ماوەی چلوپێنج ساڵ بە وجوودی سەدان ئافرەتی شۆخوشەنگی ناو حەرەمسەراوە تەنها ئەو هاوپێخەفی سوڵتان سلێمان بووە و بەس....

بڕێک لە مێژوونووسان دەستەمۆکردنی سوڵتان سلێمان دەگێڕێنەوە بۆ دوعا و جادووی ڕەشی ڕوکسلان... کە بۆ سوڵتانی ئەنجام داوە.

بڕێکی دیکە دەیبەنەوە بۆ لای عەشقێکی ڕاسەقینە، سوڵتان و بڕێکی تریش لایان وایە، لێزانین و دەروونناسینی ئەو ژنە بووە

بەهـۆی دەوڵەت و دەسـتەڵاتی و سـەرەئەنجام دەسـتەمۆکردنی سوڵتانێکی گەورەی وەک سوڵتان سلێمانی قانوونی.

شـا تەهماسـووب کەوتبـووە نێـوان دوو لێـوی مەنـگەنەوە، دەیزانـی توانـای شـەڕێکی تـازەی نێـوان ئێـران و عوسـمانی پێـوە نیـیە، لە باکووری ئێرانەوە ئۆزبەکەکان، هاومەزهەب و هاوپەیمـانی عوسـمانی بـوون، سـوپا و لەشـکری عوسـمانی لەوپەڕی پۆشـەتییدا بـووە، چ لەبارەی چەک و چ لەبارەی تەقەمەنی و ژمارەی هێزەکانەوە.

بۆیە کە شـاندی چەنـد بـارەی حکـوومەت گەیشـتە دەربـاری شـا بە سەرۆکایەتیی "سینان بەگ" شا نـوێنەری خـۆی" ئاقچەسـقل باشـی" کە باوەڕپێکراوی بوو لەگەڵ شانەدەکەیدا هەنارده خزمەتی سـوڵتان سلێمان و نوێنەرێکی دیکەی " ئارشتی ئاقا"ی لەگەڵ "دوراق ئاغا"ی نـوێنەری سـەلیم خانـدا، هەنـارده لای سـەلیمی کـوڕی سـوڵتان، لە هەردوو نامەیدا داوای بەخشینی شازاده بایەزیدی کردووە.

لە وەڵامی شادا سوڵتان دەڵێـت: " ئەم کوڕی مـنە، تـاوان و کـار و کردەوەی نەشیاوی زۆر کردووە، بەڵام لەبەر خاتری شا دەیبەخشـم، بە مەرجێک با ئەو کەسانەی هاندەری بوونە، وەک: فەرووخ و کوڕی عەبدولغەنی تورسوون و ئاقان سەیفەدین ، سەرەتا ئەوانە بکوژێت و تاوانبـارانی تـر بـا لە ئێرانـدا بمێنـنەوە و بۆخـۆی و منـداڵەکانی بگەڕێنەوە وڵات و با بڕواتەوە ئەماسیەی جێگەی فەرمـانڕەوایەکە... دوای ئەو وەڵامە چەندان نامەی تر لەنێواندا نێردراوە، سەرەنجام شا



تەهماسووب لە ترسی شەڕی نێواندا ملکەچی نیازەکانی سوڵتانی عوسمانی بووە.

لە کتاوی " روضة الصفا"دا دەڵێت:" شا تەهماسووب بە ناچاری بایەزیدی ڕاگوزاری سوڵتان کردووە، لەولاشەوە ڕوکسلان پەیوەستە لە هاندانی سوڵتاندا بووە، کە چۆن بە ئاشکرا تەهماسووب خەریکی دەستتێوەردانی کاروباری ناوخۆی عوسمانییە، بە تایبەت خێزان و خانەوادەی خودی سوڵتان.

مێژوونووسان ئەو ڕاگوزەرەی بایەزیدە بە کارێکی نەشیاو دەزانن، لە ڕەسم و ڕەواڵی شاهانەیدا، شای ئێران لە تەزکەرەکەیدا نووسیویەتی: بایەزید گەرچی مێوانی ئێمە بووە، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ دوژمنانی ئێمەدا پەیدا کردووە، وەک " خان ئەحمەدی" حاکمی گیلان و ئومەڕای مازیندەران و هیرات. دیارە خەفییەکان بڕێک وتەی بایەزیدیان گەیاندووەتە لای شا، گوایە بایەزید وتوویەتی سزاری ڕووسیا یەکێکە لە دۆستەکانی، ئەویش دوژمنی سەرسەختی عوسمانی و ئێران بووە. نوێنەر دەنێرێتە لای تاکوو یارمەتی بدات دژ بە سوڵتان سلێمان.

لە کتاوی " خولاسەی تاریخ" کە لە لایەن قازی ئەحمەدەوە نووسراوە دەڵێت:" لە ڕووداوەکانی ٩٦٧ک، بایەزید کاری نەشیاوی لێ وەشاوەتەوە، بڕێک ناکەسی وەکوو دەلو قەدوز و سینان بەگی بوزباشی، هەر ئەوانیش بە لای شاوەوە بە زمیان بۆ دروست کردووە

و شا دەستووری گرتنـی خـۆی و کوڕەکـانی داوە، کـوڕە گەورەکەی ئۆرخان دەسپێرێتە حەسـەن بەگ، سـوڵتان عەبـدوڵڵا دەداتە سـەید شەریف سوڵتان مەحموود بە مەعسووم بەگ و سـوڵتان مـحەمەد بە قورچی باشی و خودی بایەزیدیشی لە ماڵەکەیدا زیندانی دەکەن. وە شا تەهماسووب نـامەیەکی دەنێـرێتە لای سـوڵتان سـلێمان و تیایـدا دەڵێت: ان الله یـامرکم ان تـؤدوا الأمانـات الـی اهلهـا" لەو نـامەیەدا دەڵێت: ئێمە چاوەڕوانی نوێنەرەکانی شازادە سـەلیم خـان دەکەیـن، تا بایەزید و کوڕەکانی بدەین بە دەستیانەوە، لەبەر ئەوەی سـوێندم خواردووە، کەوا بایەزید تەسلیمی سـوڵتان نـاکەم، بـۆیە لام وایە بـا نوێنەری شازادە سەلیم ئەو کارەی بگرنە ئەستۆ..."

دوای ماوەیەک، حاکمی وان و سـینان ئاغـای چاشـنی گیـر و عەلـی ئاغای قاپووچی باشی لەگەڵ دوو سەد کەسدا لە لایەن سەلیم خانی کـوڕی روکسـلان دەگەنە قەزوێـن و هەر لەنـاو خـاکی ئێـران وەدەر دەچـن بایەزیـد و کوڕەکـانی و منـداڵی کوڕەکانیشـی لە ڕۆژی ٢١ی زولقەعدەی ساڵی ٩٦٧ک دەکوژرێن و بەو شێوەیە ڕووکسلان تـوانی بێ هیچ گرفتێک جێگیربوونی کوڕەکـانی " سـەلیم"ی کـوڕی هەمـوار بکات.

**سەرچاوەکان:**

١- تاریخ ئەدەبیات ئێران، ئیدوارد براون، لـ ٨٨.

٢- ئەحسەنولتەواریخ، محەمەد فەریک بیگ، لـ ١١٢.

٣- مونشەئات فەرەیدوون بیگ، لـ ٢٦.

٤- خولاسەتولتەواریخ، قازی ئەحمەد، لـ ٢٩٩.

٥- تاریخ جیهان ئارا، لـ ٣٠٤.

٦- تەزکەرەی شا تەهماسووب، لـ ٢٧، ٧٣، ٧٤.

٧- کۆمەڵە نامەکانی شا تەهماسووب.

٨- ڕەوزەتولسەفا، لـ ٨٢، ١١٣.

# كۆڕۆنا

بەنـــدە، دوژمنـــی لاســـاییکردنەوەم بەتەواوی بابەتەکانیشـــیەوە، هەتاوەکوو ئەگەر خێرخوازیش بێت و بزانم ئەوە لاساییکردنەوەیە لە فلانە کەس، یان فلانەگرووپ، نایکەم.

لەبارەی بۆچوونە نێگەتیڤەکانیش هەر مەپرسە، ئەوەیان هەر یەکجار تووڕە و ئاڵۆزم دەکات.

کابرا بیستوویەتی فلانەکەس مارکسییانە بیر دەکاتەوە، زەڕەیەک باوەڕی نە بە خودا و نە بە ئایین لە بێخ و بنچینەیدا نییە و مونکیری تەواوی ئایین و دونیای ڕۆحانیەتە... ڕەنگە ئەو کابرا بێدین و مولحیدە بۆ خۆی گەیشتوبێتە ئەو باوەڕە و بۆ چاولێکەری و لاساییکردن و پەنجە بۆ ئامـاژەکردنی نەبووبێت، لە ڕووی باوەڕی خۆیەوە بەو شێوەیە تێفکریت و لە ڕووی خوێندنەوەی سەدان کتاوی ئیلحادییەوە گەیشتووبێتە ئەو باوەڕە هەڵەیە!

ئەوی زۆرتر تووڕە و ئاڵۆزم دەکات کابرا چوار کتاوی بەتەواوی نەخوێندوونەوە، کەچی پەرچەمی ئیلحادی هەڵگرتووە و مونکیری پەروەردگارە!



دەی با ئەوەیش بڵـێم بەنـده له ڕووی کەڵلــەوشکی و دەمـارگرژی سەڵت و قـوڵتەوه بـاوەڕم به خـوا نیـیه و له ڕووی بیرکردنەوەیەکـی زانستیانه فکر له شکۆ و جەلالی پەروەردگار دەکەمەوه.

خودای ئەو کەونه هەره بڵاوه کەوا ملیاردەها ملیارد ئەستێرەی هەره گەورەی تیادایه و هەر هەمـوو ئەوانه بەدەوری یەکدا و له میحـوەری جۆراوجـۆردا دەسـووڕێنەوه، به بـێ تەرازان له میحـوەری خۆیـان و ئەوانیش...

ئەو هەمــوو جـوڵانەوه، ئەو هەمــوو کێشمەکێشــه، ئەو هەمــوو وزه جۆراوجۆرانه، ئەو هەموو تیشکه جۆراوجۆرانه، ئیـدی گڕ و گەرمـا و بزیسکه و بریسکه و تۆفانی کارەبایی و هێزی ڕاکێشان بەپێـی مەودا و مەســافاتی دیــاریکراو، بــێهەڵه و بێوچــان و بێوەســتان ئەوانه هەمووی جەلالی پەروەردگار نیشان دەدەن.

مرۆڤ گیـانلەبەرێکی ژیـر و کەمـوێنەیه. هەمیشـه بـاوەڕم به توانـا و عەقڵ و پلەی زانستی مرۆڤ هەبووه، لام وابـووه داهێنـان و زانسـتی مـرۆڤ له ئێسـتا و داهاتوویشـدا سـنووری وەسـتاندنی بـۆ نیـیه و ئێستایش له هەمان باوەڕ دام.

دەی ڤایرۆسی کۆڕۆنـا خـۆی گەیانـده تـۆپی زەوی، له کـوێ هـات و چۆن هات و له چییەوه دروست بووه؟

تا بە ئێستا ئەوە بە ڕوونی نەزانراوە... ڕازێکە مرۆڤ بەو هەموو زانست و تەکنۆلۆژیاوە لە ئاستیدا گێژ و وێژ و داماوە، بە دەست ڤایرۆسێکی نەناسراودا دەستەپاچەیە.

ئەوەی من بیزانم، بەپێی ئامارە جیهانییەکان تا ئێستا سێ ملیۆن بەسەرەوە تووشی هاتووە. سێ سەت هەزار کەس زیاتری لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کوشتووە. بنەما و بنەڕەتی ئابووری سەرتاسەری جیهانی داهەڕووژاندووە، نرخی نەوتی داڕماندووە، تەواوی پەیمانە جیهانییەکانی وەک ناتۆ، و وەک ئەتڵەسی، داوەتە دەم ڕەشەبایەکی بێ ئامانی بێ باوەڕییەوە.

هەر هەمان ڤایرۆسی بێ ئامانی "کۆڕۆنا" پێی خۆشە زۆرتر کۆشک و تەلار و بیمارستانە بەناوبانگەکانی دونیای پێشکەوتوو ڕاماڵێت و بێ ڕەحمانە کوشت و کوشتاری خۆی تیا بکات، بێ پەروا لە بانگەوازی بەڵێ ئەمن ئەوەسا لێرەم!

کەمتر لە عالەمی سێهەم ئاوڕ دەداتەوە ئەسپە سەرکێشەکەی کۆڕۆنا، زۆرتر حەزی لە ناو شەقام و ساختمانە هەوربڕەکانە، کەمتر خۆی لە وڵاتانی هەژار و نەدار داوە، هەر نەبێ تا ئێستا، ئەو وڵاتە بێدەرەتانانەی لەپێش کۆڕۆنادا سەدان دەردی بێدەرمانیان گرتووە و جگە لە تاعوون و کۆلێرا سەدان دەرد و پەتای تریان لێ کۆبووەتەوە، هەر لە منداڵییەوە ئیتر ئەوە ڤایرۆس و پەتا لە لاشەیاندا تەراتینێی کردووە، هەروەها ئەوە گرانەتایە، سیلە،

ئاوڵەیە، سوورێژەیە، مەلاریایە، کۆکەڕەشـەیە، هەڵامەتە، ئەنفلـۆنزای بەرزا و گامێش و حوشترە... کەسیش پێی نەزانیوە.

بێکەس و بـێ پەرسـتار و بێـدەوا و دەرمـان، بە هەزاران و ملیۆنەهـا مردوون، کەسیش نەیوتووە ئۆف!

من خەڵکی دونیای سێیەمم، خەڵـکی وڵاتێکـی بـێکەس و مەزڵـوومی وەک کوردســتانم، جەببــاران و خــوێنرێژانی دەوروبەرمــان ئەوە دوو هەزار ساڵە بۆ ئێمەی مەزڵوومی بێپشت و پەنا هەزارجـار ئەوەنـدەی کۆڕۆنایان لێ کوشتووین، کەچـی دونیـای پێگەیشـتوو و تێگەیشـتوو بێدەربەست تەماشـایان کـردووە، بڕێکیـان هانـدەر و چەپڵەلێـدەریش بوون...

مـن خەڵکـی کوردسـتانم، بـۆ ئەو هەمـوو ژمـارە کوشـتارەی دونیـای پێشکەوتووە نەک تەنها نیگەران بم، پەریشـانم...لەو ڕووەوە وا بیـر دەکەمەوە لە ئەستێرەیەکی تردام و لەوێڕا دەنـوارمە تـۆپی زەویـدا و هیچ ئامێر و وەسیلەیەکەم بەدەسـتەوە نییە تـا بمگەڕێنێـتەوە سـەر زەوی.

با وڵاتی خۆشـم نەبـێ، مـن هەر کـوێی زەوی بێـت بە وڵاتـی خـۆمی دەزانـم، مـن کـابرایەکی خەڵـکـی زەویـم، ئەو هەمـوو مـرۆڤەی سـەر زەویـیە ڕۆژانە دەمـرن بەو ڤایرۆسـە نەناسـراوە، نەزانـراوە کە وا لە کـوێنەوە نێـردراوە و پەلامـاری زەوی داوە... منــیش خەڵکــی ئەو تۆپەم، کە ناوی زەوییە، ئەوڕۆکە هەموو جێگرە.

دەمەوێ ئەوەی بڵێم: ئاوا ئافـاتێکی کـۆگیر و جێگیـری سـەر زەوی، هەموو ڕەگەز و ئایین و ڕەنگ و جوگرافییەکی ناوەتە لاوە...

بەڵێ، من خەڵکی وڵاتێکم پێی دەڵێن تۆپی زەوی... ئافەتی کۆڕۆنا، ئافەتێکی ئاسمانییە و لە فەزاوە وەک ئەستێرەیەکی ئاگرین داکشاوە و داویە لە تۆپی زەوی، ئینجا سەرتاسەری بەشەریەتی گرتـووەتەوە، بە ئومێـدی زاڵبـوون بەسـەر لەشـکری خـوێنڕێژی کۆڕۆنـادا، دەبڵـێ: ئامین!

# مەولانا خالید و قسەیەکی تر

کاتێک مەولانا خالید زویر کرا لە شاری سلێمانی بەدەرچوو و ڕێگەی بەغدای گرتەبەر و لەوێ نیشتەجێ بوو (١٧٢٨-١٧٧٦ز) لەو ماوە کەمەیدا توانی پەیوەندییەکی پتەوی ڕیشوودار لەنێو کۆمەڵگەی شاری بەغدا پێکبهێنێ و ڕێبازی سۆفیگەری "نەقشبەندی" لەو شارەیدا ڕەواج پێ بدات و بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەوشت و هەڵسان و دانشتنی ڕێبازی نەقشی بڵاوبکاتەوە، ئاوا دیاردەیەکی ئیمانی و خودادۆستانەی وەک: مەولانا نیازمەندی جێگەی و شوێنی تایبەتمەندی خۆی بووە، با وەک لە سەفەری یەکەمیدا بۆ شاری بەغدا کە هەر پێنج مانگی کێشاوە، گەڕاوەتەوە سلێمانی و نیازی بەو جێگە و شوێنە نەبووە...

لە بەغدا لە یەکێک لە ژوورەکانی غەوسی گەیلانیدا ژیانی بەسەر بردووە، هەر ئەو پێنج مانگە ژیانەی لە بەغدادا چۆنیەتی ژیان و فەرهەنگ و توێژەکانی شاری بەغدای هاتووەتە دەست، چ لە ڕووی سیاسی، یا ڕۆحی، یا کۆمەڵایەتییەوە...

بە دڵنیایی جیاوازییەکی بەربڵاو هەبووە لەنێوان شارێکی تازە دروستکراو وەک سلێمانی و کۆنەساڵی وەک بەغدادا، بەڵام کەسایەتیی بە توانا و بەهێزی مەولانا تەواوی ئەو سنوور و

پەرژینانەی هاڕیوە و خەڵکێکی زۆری لێ کۆبووەتەوە، پەیڕەوییان لە ڕێگا و ڕێباز و ڕەوشتەکەی کردووە.

ناوی ئەو موریدانەمان بەدەستەوە نییە، بەڵام بنکەیەکی ئایینی وەک گەیلانی بۆخۆی هەوارگەی پیاوچاکان و پەیڕەوانی دونیای ڕۆحی و میتافیزکی ئەو سەردەمە و ئێستایشە.

لە ڕۆژگارێکدا کە مەولانا لە بەغدا جێگر بووە دونیای سۆفیگەری لەو شارەیدا بە تەنگەبەریدا دەگوزەرا و جولانەوەی ڕاستەقینەی پێوە نەدبینرا. مەولانا لە بەغدا سەردانی پیاوچاکانی دەکرد و بیری لە دونیای بەربڵاوی تەسەووف دەکردەوە.

ئەگەرچی ئەو زۆر نەبوو لە هیندوستان گەڕابوویەوە، هۆی ئەو دەق بەستوو بۆتەی هەڵدەسنگاند و بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕا.

واباوە دەڵێن:

نیشتەجێبوونی مەولانا لە بەغدا بەپێی فەرمانی مورشیدەکەی غولام عەلی دهلەوی بووە، بەڵام زۆر نەماوەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، تا ڕێگە و ڕێبازی تەسەووف بڵاوبکاتەوە.

دیارە تووشی کێشەی جۆراوجۆر هاتووە، "ویستوویانە بیکوژن" بە ناچاری شاری سلێمانی بەجێدەهڵێ و دووبارە دەگەڕێتەوە شاری بەغدا.

دەستەڵاتی ویلایات نیوە سەربەخۆبوونە و هێندە پابەندی فەرمانی بابولعالییان نەکردووە.

عەباس عەزاوی مێژوونووس دەڵێت: ڕەوشت و شێوەی بۆچوونی مەولانا تەنها سلوکیاتی ئاینی نەبووە، ئەو کۆشاوە ڕێبازی ڕاستەقینە و توانای لەرزۆکی دەوڵەتی عوسمانی بەهێز بکات، تا لەو ڕێگاوە خزمەت بە ئایین بکرێت.

لە بەغدادا جێگە و شوێنی تایبەت بەخۆی پێکهێناوە و ئیدی وەکوو گەشتە پێشوەکەی گۆشەنشینی و دوور لە خەڵکی نەکردووەتە پیشە و لە مزگەوتی "الاحساء"ی دا کە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا بووە چەندان ژووری بۆ تەرخان کراوە.

بۆخۆی و پەیڕەوان و مورید و قوتابییانی ئەو مزگەوتە کەوتووتە سەر بنی کۆڵانێکی تەنگەوە، کە بەتەنیشتیەوە بازاڕ و خان و دووکانی زۆری لە دەور بووە بەناوی "راس القرية"وە.

لە دواییدا ناوی گۆڕاوە بە شەقامی ڕووبار، "شارع النهر"، لەبەر ئەوەی لە مەدرەسەی موستەنسەریە نزیک بووە ناوی شەقامی موستنەسەرەی لێ نراوە، کە لە سەردەمی عەباسیدا دروست کراوە.

هەر لەو لێواری دیجلەیدا چەندان خانووی زلزەلام و کۆشکی بازرگانی یان دەستەڵادارانی ئەو سەردەمە و دامودەستگای دەوڵەت سازێنراوە، وەک: کۆشکی "التاج" بنکەی سەرەکی دوا دەستەڵاتی

عەباسییەکان، دارولوەزرا تا پەلامارەکەی هۆلاکی مەغولی لە سالّی ١٢٥٨ز.

ئەو گەڕەگە زۆربەی زۆری سەلاّتین و دەستەلاّدارەکانی عەباسییەکان لەوێ نیشەجێبوونە بۆ ماوەی سێ سەدە...

ئەوەی ڕوون دەبێتەوە مزگەوتی "الأحساء"ی تەکیەکی دوورکەوتووی لەبیرکراو نەبووە. بەڵکوو لەناو جەرگەی دونیای دەستەڵات و بازرگانی کۆنەساڵی بەغدادایە، هەڵبژاردنی ئاوا جێگە و شوێنێک، مەبەستی مەولانا بووە.... تا پەیوەندی زۆری لەگەڵ خەڵکەکەدا هەبێت و ڕێبازەکەی بڵاوبکاتەوە.

چوار چمکی کەوای تەقەلای بەدار کردبوو، نەدەسرەوت، ئەو مزگەوتە بووبووە هەوارگەی نوور و نار و زیکری ئارام و خەڵوەتگەی ڕێبازی نەقشبەندی، مەزاری شێخ محەمەد ئیحسائی ١٦٧٢ز لە هەمان مزگەوتدا بووە. ئەو پیاوە یەکێک بووە لە زانیارانی سەردەمی خۆی ، لەگەڵ ڕێبازی سۆفیگەری نەگونجاوە و مزگەوتەکەیش هیچ جۆرە وەقفێکی بەناو نەبووە. هەمیشە بە هەوارگەی پیاوچاکان و خواناسان ناسرابوو.

چەندان ژووری تیادا بوو بە دەوری سەحنەکەیدا، ژوورەکەی خوارەوە مامۆستایان و سەرەوەیشی بۆ قوتابییان تەرخان کرابوو.

دیارە ئەو مزگەوتە لەمێژدا قوتابخانەیەکی ئایینی بووە و شێخ محەمەدی ئیحسای لەوێ مامۆستا بووە و هەر لەوێش نێژراوە.

لەم بارەوە عەلامە عەبدوڵڵا سویدی دەڵێت: لە سەرەتا ئەو مزگەوتە حوجرەی ئایینی بووە. من بۆخۆم لەوێ فەقێ بووم، کە ناسراوبووە بە "المدرسة الأصفهانية " کە لەسەر لێواری ڕۆژهەڵاتی دیجلەوەیە دەکەوێتە چەپی دادگای قازی.

ئەو مەدرەسەیە هەر بەو ناوە کۆنەوە ناوبراوە هەتاوەکوو دوای مردنی شێخ ئیحسائیش، بڕێک لە چاوساغان لایان وایە ئەو مەدرەسەیە هەمان مەدرەسەی سەردەمی عەباسییەکانە. لە ڕووداوەکانی ساڵی ٦٢٦ک ناوی هاتووە لە یەکێک لە تۆمارەکانی سەردەمی عوسمانیدا، بڕێکی زۆریشی بۆ وەقف تەرخان کراوە.

لە یەکێک لە فەرامینی سەردەمی عوسمانیدا هاتووە کەوا دزی و دەخەڵی لە وەقفی ئەو مزگەوتەیدا کراوە، یانی لە مەدرەسەی "الأصفهانی".

دیارە تا سەردەمی ڕۆیشتنی "صبغة الله الحیدری ١٧٧٩ز بۆ شاری بەغدا گرنگییەکی ئەوتۆ بە مەنتق نەدراوەو ئەم حەیدەرییە لە کوردستانەوە ڕۆیشتووە بۆ بەغدا و لەوێڕا بە باشی وەدەرکەوتووە. ئیدی ئەو مەدرەسەیە بوو بە هەوارگەی قوتابیانی هەڵکەوتوو و سەرکەوتوو، شێخ عەبدوڵڵا سویدی یەکێک بووە لەوانە.

مەولانا خالید ئەو مزگەوتەی کردووەتە جێگەی نیشتەجێبوونی ١٨١٥ز، فەرمانڕەوای ئەوسای بەغدا، سەعید پاشای کوڕی سلێمان پاشای گەورە بووە، ئەو پاشایە ڕێزێکی زۆری لە مەولانا گرتووە و

لە دوژمنەکـانی پاراسـتوویەتی، کەس نەیتوانیـوە ئاسایشـی مەولانـا بشـڵەقێنێت... ناووبـاوی مەولانـا لە شـاری بەغـدا بڵاوبـوویەوە و گەیشتە سەرتاسەری عێراق و وڵاتە ئیسلامییەکان.

یەکێک لەو موریـدانەی دەفـتەرداری بەغـدا داوود ئاغـا بـووە. کاتێـک دەفتەردار بووەتە والیـی بەغـدا ١٨٣١ز یەکەمـین کارێـک کردوویەتـی مزگەوتی "الاحسائی" بووە.

عەبدولحەمید عبادە دەڵێت: والی خۆی ناوی مزگەوتەکەی گۆڕیوە بە "مزگەوتی مورشـیدی گەورە شـێخ خالیـدی نەقشـبەندی موجەدیـدی" بەڵام محەمەد سەعید کوڕی عەبدولغەنی ڕاوی دەڵێـت: مەولانـا دوای ئەوەی کـوپەیەک زێـڕ لە مزگەوتەکەیـدا دەدۆزرێـتەوە، بۆخـۆی ئەو مزگەوتەی نۆژەنکردووەتەوە.

ئەو نووسـراوانەی لەسـەر دەر و دیـواری ئەو مـزگەوتەی نووسـراون بەتەواوی باس لە مەولانـا خالیـد دەکـات، نـاوی داوود پاشـای تیـادا نییە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە مەولانا خۆی دووبارەسازی کردووەتەوە.

مزگەوتەکە لە نۆ ژوور پێک هاتووە، بەسەر ڕاڕەوەکانیەوە ئیـدی ئەو ژوورانە وەک کتاوخـانە و جـێگەی دەرسـوتنەوە و مێـوان و موریـدی مێوانیش جێگەیان بۆ کراوەتەوە.

سینگ بە سووتان، دڵ بە گریان، شاربەشار و دەربەدەر
کێیە وەک من هەڵوەدابێ؟ دوورە یار و بێ دیار؟

خوێن لە دڵما هاتە چاو و (بەکرەجۆ)یەک کەوتەڕێ
وا دەکەم من چاری دەردو داخی دووری (سەرچنار)

(خالیدا) گەر ئەشقیا و چۆڵگەرد و شێت نەبی؟!
تۆ لە کوێ؟ غەزنەین وکابول، یا وڵاتی قەندەهار؟"

دڵ بوو بە خوێن، شەماڵ وەرە تۆ! بۆم بخۆ مشوور
توخوا لە باتی من بگەرە دەشتی شارەزوور

ڕوویێ نەمــا، بە خۆشــی تـــێـیـا بـــژیـن
تۆ پەیکی گیانی من بە! لەوێدا بە جێ نشین

خەم بوو بە کێوی (پیرەمەگروون)، بە ئاهی ئازار
چاو، چـاوگەیەکە بۆم، بۆتە ئـاوی (سـەرچنار)"

کارێ پێم کەردەن، مەحروومی ڕازت!
نەکـەردەن وە دڵ، نـیـم نـیگـای نــازت!

قەدری عــافـیـەت وەسڵت نەزانام!
شوکرانەی شوکری ڕازت نەوانام!

سا غەم، کۆی شادیم یا وە باد شانۆ
تەمـــام ئیـنـتـیـقام وەسڵت لـێم سانۆ

خاس خاس جە شیدەن نائیرەی دووری
کرد وە کۆی نوورە سەرتاپای (نووری)"

من وتم میسکی خەتایە مووت! خەتام کردووە خەتـــا
وەک قیاسی ڕۆژ بە ڕووت! خۆڕاییە، خۆڕاییە

دڵ بە (ساموتە)ی نیگات بەستراوە تۆ بێ قەیدی لێی !
گیان بە هاوارە لە دووت خۆڕاییە، خۆڕاییە

خۆت ئەگەر خوێنم بڕێژی! ڕووت بەهای خوێنم ئەدا
داد، وەکو (خالید) لە خۆت! خۆڕاییە، خۆڕاییە

# ئاغای ژەهری مارخان

ئـازادی، تێکەڵەیەکـی ئەفسـانەئامێزە، مـایەی بەردەوامیـی ڕەگەزی مرۆڤە، جگە لە خەوتن و خواردن ڕەنگە بە گرنگترین نیاز بـدرێت لە قەڵەم، لەپێناویدا ملیۆنەهـا قوربـانی دراوە و بەردەوامـیش ملیۆنەهـا مرۆڤی ئەم سەردەمە بۆی دەکۆشێت، ڕۆژانە ملیۆنەها بەرگی مەرگـی بۆ دەپۆشی و ئیدی ململانێکە بەردەوامە.

بەندە ئەوەی دەزانم ئـازادیی مـن لەوێـدا دەبـڕێتەوە، کە ئـازادیی تـۆ دەسـت پـێ دەکـات، بەڵام ئەوەی ئـاڵۆز و ئاشـوفتە و پەریشـانی کردووم هێشتا پانی و بەرینیی ئـازادیی خـۆم بـۆ ڕوون نەبـووەتەوە. نەمتوانیوە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا داینـێم و ژمـارە بەنـدی بـۆ بکەم و بڵێم: ئەوە یەک، ئەوە دوو، ئەوەیش سەد!

تـۆ و دەوڵەتـیش لەم ڕووەوە نـاتوانن و دەسـتەپاچەن و ئەو ژمـارە گوزاریەتان پێ ناکرێت.

کەواتە ئـازادی حەجـم و قەبـارەیەکی دیـاریکراوی نیـیە، تـا ئێسـتا نەتوانراوە بەرگ و کەوڵێکی پڕ بە پێستی بۆ بدورن و چوارتەنیشـتی دیاری بکەن.

باشە ئەم هەستە سحر ئامێزە، ئەم ئەکسیر و ئاوی حەیاتە، ئەم جادووە هەڵنەهێنراوە، نەزانراوە، بۆ وا بەخشندانە مرۆڤ لە پێناویدا خۆی بە کوشت دەدا؟

ئەوەیش زانراوە زۆر لە دەوڵەتانی جیهان پابەندی بڕێک یاسان و بەپێی موعادەلەیەکی یاسایی دەوڵەت و دەستەڵات دەبەن بەڕێگەوە.

باشە ئەم تەلیسم و جادووە لە کوێ دایە؟ وا لە ئەزەلەوە مرۆڤ بەدوایدا وێڵ و پەریشانە؟

ئایا ئەم تاموچێژە هی خوانێکی خوداییە؟ یان هەستێکی خاوێنە و لە قووڵایی ئەندێشە و بیری هەر مرۆڤێکدا خۆی مەڵاس داوە، بەلای بڕێکەوە دەکەوێتە تەقەلا و بەلای بڕێکەوە بەستوویەتی؟

مرۆڤ وەک قەدوقەبارە جوانترین گیانلەبەری سەرزەوییە، "انا خلقناکم فی احسن التقویم"، وە لە فەلسەفەی یۆنانی و جوانناسیدا ددان بە ڕێکوپێکی و مەوزوونیی بەشەردا نراوە و باسێکی زۆریش لەو ڕووەوە نووسراوە.

ڕەنگە لە داهاتوودا لە زانستی جوانیی بدوم، بەڵام ئەم بابەتە لەبارەی ئازادی و ئەبعادەکانیەتی (ئەگەر ئەبعاد هەبێت).

بەندە لام وایە ڕازی ئازادی لە بوونی مرۆڤ دایە. مرۆڤی ئازادیخواز، مرۆڤێکە پەسندی خودا و خەڵک و خاکە. ئەوە پابەندی " ڕەفتاری

جوان، کرداری باش، گفتاری شیاوە." خودای گەورە پەیامبەرەکانی زیاتر بۆ ئەو سێ بەندە هەناردووە.

بەندە لەو سێ بەندەیدا پەنجە دەخەمە سەر یەکەمیان، دیارە "کرداری باش و گفتاری شیاو" حەی عەلاسەلاتە و خەڵکە زۆرەکە بەبەرچاویەتی و دەیبینێ. ئەوی شاراوەیە و شایانی لێدوانە "ڕەفتارە"کە و مرۆڤی هەستیار و هۆشیار ئازار دەدات و ناتوانێت بێدەنگ و بێ هەڵوێست بێت.

کابرایەک دێتە هۆڵێکەوە، ئەوە کۆڕە و خەڵکەکە دانیشتوە، بۆی بکریت شەڕی ستانلینگراد دەکات بۆ ئەوەی لە ڕیزی پێشەوە دانیشێت.

ئەو جۆرە مامەڵەیە بووە بە دیاردەیەکی ناپەسندی کۆمەڵایەتی.

بەداخەوە بڕێک لە بەرپرسانی دەوڵەت و دەستەڵات هاندەری ئەو ڕەفتارەن.

کابرایەک ژمارەی موبایلەکەی دەدا بە من و تۆ، لە بۆنەیەکدا تەلەفۆنێکی بۆ دەکەی، نە جارێک و نە دە، وەڵامت ناداتەوە، باشە خۆ من داوام لێ نەکردوویت تا ژمارەی خۆتم بدەیتێ بۆ خۆت ئەو کارتەت بە من داوە! دەوڵەمەندی سەرسەر، بەرپرسی سەرسەر، خوداپێداوی سەرسەر(خودا لێت بسێنێتەوە ئیشالا)، ئیدی بە چ هەقێک ڕەفتاری وام لەگەڵ دەکەیت؟

یان کابرا لای وایە ئاسمان کون بووە و ئەوی لێ هاتووەتە خوار، ئەوی لە دەوربەری دایە بەڵمە برنجە و خودا لەبەر ئەو دروستی کردووە، بە میکرۆسکۆب بگەڕێی نووری محەمەد لە ڕوخساریدا بەدی ناکرێ، نە کەنینێک، نە بزەی سەر لێو، نە وتەیەک و نە چپەیەک

ئاغا محەمەدخانی قاجار لە گەنجیدا دوژمنانی باوکی دەیگرن و دەیخەسێنن، هەر ئەو پیاوە خەساوە توانی زنجیرە دەستەڵاتی قاجاری بە وجوود بهێنێت و زۆرتر لە سەدساڵ فەرمانڕەواییان بەردەوام بێت.

توندوتیژی ئەو شا خەساوە، داستانی زۆری لێ دەگێڕنەوە، یەکێک لەوانە خاڵۆیەکی هەبوو هیچ کەسێک نەی دیبوە پێ بکەنێت، دەوروبەر ناویان نابوو "ژەهری مارخان"

ئەوەندە عەبووس و دەموچاو گرژبووە ڕوخساریان ناوناوە بورجی ژەهری مار!

ڕۆژێک شا بانگی دەکات و دەڵێت:

خاڵۆ پێبکەنە... خاڵۆ پێناکەنی...

پێی دەڵێت: بە جقەی شاهیم قەسەم پێنەکەنی دەتکوڵێنم!

ژەهری مارخان پێکەنینی پێ ناکرێت.

شا فەرمان دەدا قازانێکی گەلێک گەورەی هەریسەی حوسەینی و ئاو تێبکەن و بیکوڵێنن.

دەڵێت: خاڵۆ ئەو ئاوە کوڵاوەی دەبینی... یا دەبێ پێبکەنی، یان ئاوەکوڵت دەکەم!

ژەهری مارخان لە ژیانیدا کەس پێکەنینی بە ڕوخساریەوە نەدی بووە، لە وەڵامی شادا وتی: دەتوانی بمکوژی، بەڵام پێناکەنم.

شا فەرمانی دا ژەهرمارخان بخەنە ناو ئاوی کوڵاوەوە پێکەنین و پاڕانەوەیشی لێ نابیسترێت... تا سەر ناوکی پێستی دادەماڵێ و شا دەنوارێ ژەهری مارخانی خاڵووی ئەوە خەریکە دەمرێ و پێ ناکەنێ، لە قازانی زنجیرە لە ملی کوڵاو وەدەری دێنێ و دەیدەن بەدەست حەکیمەوە.

خەڵکینە دوعایەک دەکەم دەبڵێن ئامین.

خودایا! ژمارەی شێوەی "ژەهری مارخان" لە وڵاتەکەمدا کەم کەرەوە، ئەم میللەتە لەو ڕوخسارە ناحەزانە بپارێزە... دەبڵێن: ئامین.

## بزنە سریالییەکەی ئازاد عەبدولواحید

بەندە لە خۆم ورد دەبمەوە و تەماشا دەکەم، تا ڕادەیەکی زۆر سەرسامم بە کەسایەتی و ڕەفتاری بزن، خۆ حاشاهەڵنەگرە بزن یەکێکە لە ئاژێڵە هەرە کۆنەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و سەرەنجام کوردستان. ئەم چەشنە بزنەی ئەوڕۆکە لە کوردستاندا دەبینرێت هەمان ڕەگەز و توخماتی ئەو دوو (بزن و تەگە)یەن وا لە کەشتییەکەی نووح پەیامبەر دابەزیون و لە وشکاییدا بەرەڵا کراون، ئەوڕۆ بە بزنی کوردی بە (ڕەش و مەرەز)یەوە ناسراون و لە چیاکانی کوردستاندا، یا ئەوانەی بە بزنەکێوی ناودەبرێن، ئیتر بەگوێرەی سیستمی سروشت و درێژەی زەمان، وردە وردە سک و زایان کردووە و زۆر بوونە و لە ترسی نەمانی لەوەڕگا بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و سەر و خوارا بڵاوەیان لێ کردووە و بەگوێرەی ژینگە جۆراوجۆرەکان بەدرێژایی زەمان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و شکڵ و شەمایل و قامەتیان گۆڕاوە، سا وەک درێژی، یا کورتیی شاخ و جۆری گرێیەکانی، یا درێژی و کورتیی تووک و مووی، یا گوێ پانیی، یا گوێ بچووکیی، یا درێژیی، یا پۆزە و برناخی عوقابی، یا بەرزی و نزمی، یا لەڕ و قەڵەوی. هەر با دوور نەڕۆین، بزنی خوار دۆڵی میزۆپۆتامیا کە ئەوڕۆ بە ئێراق ناودەبرێت، خۆ زۆر دوورنین، بەڵام لەگەڵ بزنی لای خۆماندا بڕێک جیاوازن و ئێستا کە

ناسراون بە بزنی عارەبی. ئەگەر سەرپایانە بەراوردێک بکەین لەنێوان بزنی کوردی و بزنی عارەبیدا چەند جیاوازییەک بەدی دەکرێن، بزنی کوردی لەدوای تۆفانەکەی لای نووحەوە، هەروەک خۆی ماوەتەوە و هیچ جۆره گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووه، واتە هەر ئەو ڕەگەزەن وا خوداوەند ناردیانییە نێو کەشتییەکەوە، ئێمەی کوردیش لەو ڕۆژەوە وا بە کورد ناسراوین چۆن بووینە هەروا ماوینەتەوە و هیچ گۆڕانکارییەکمان بەسەردا نەهاتووه، کەچی تایفە وەحشییەکانی یەکترخۆر خەریکی دەوڵەتداری و ژیانی سەردەمانەن، ئێمەی کوردیش لە قووڵایی مێژووەوە لەسەر یەک بەزم و بلوێر هەڵدەپەڕین و هەزاران ساڵە ژێردەستەی عەجەم و عارەب و تورکین و تا بە ئەوڕۆیش گوێمان لە فەرهەنگی پێگەیشتووی بەشەریەت نییە و بە لامانەوە ئاش هەمان ئاشە. بزنەکانیشمان هەر وەک خۆمان وان... با بێینەوە سەر بزن، زۆربەی زۆری بزنی کورد شاخیان شکاوە، هەرنەبێت یەکێک لە شاخەکانی، چونکە توانا و قودرەتی خۆی ناناسێت و قۆچ لە گابەردی وا دەدات بیست بەرامبەر ئەندازەی خۆیەتی، ئێمەی کوردیش بێ لە یەکدانەوە پەلاماری هێزە زلهێزەکانی ناو مێژوومان داوە، وەک دەسەڵاتی سەفەویی شاعەباسی، یا سوڵتان سەلیمی عوسمانی، یا بەریتانیای عوزما و ئاکامەکانیشی بووەتە هۆی وێرانیی وڵات و ماڵ کاولی خەڵکی. دوو بزنە کێوی شەڕیانە، بزنێکی تر بێ ئەوەی بزانێت مەوزووع چییە پەلاماری یەکێکیان دەدا و شەڕەکە دەکاتە هی خۆی، ئینجا یا

شـاخی دەشـکێت، یـا لـە تونێـک بەردەدرێتـە خـوارەوە و هـەپروون هــەپروون دەبێــت. زۆر ڕوویــداوە دوو لایــەن لــە شــەڕدا بوونــە، مامەکوردە لەپڕ خۆی هاوێژتووەتـە نـاو شـەڕەکەوە و تـا سەرئێسـک زەرەرمەند بووە. بـزن لـە لـەوەڕدا بـە تـەنیا دەلـەوەڕێ، لـە مـەڕەوە دوورە و لــە بزنێکــی تریشــەوە دوورە، وەک زانــراوە زۆربــەی زۆری دێهـات و لادێکـانی کـورد خـزم و خۆیشـی یـەکترن، لـە یـەک دوو عەشیرەت زۆرتر نین، کەچی تا خوا حـەز بکـا لەگـەڵ یەکـدا لەسـەر زەویوزار، یا ئاژێڵداری لەگەڵ یەکدا ناڕێکن و ناچار بوونە بگوێزنـەوە سەر یاڵێک، یا دۆڵێـک، یـا لادێیـەکی تـر. کـوڕە وەرە بمکـوژە، دوو عەشــیرەت لەســەر ســەگێک پــەنجا ســاڵە لــە یــەکتر دەکــوژن. بزن لاسارە و گرفتاری سێنە، تا خوا حەز بکـا لـەوەڕی لەبەردەست دایە، کەچی چاوی بڕیوەتە پریاسکەی نانی شوان و نانەکەی دەخـوا و تووشـی تێهەڵـدان و گۆپـاڵ تڕێنـی دەبێـت. کـورد هێنـدە دوژمنـی دەرەکی زۆرە، کەچی بە تەواوی دیرایەت و تواناییان چاویان بڕیوەتە نان و خوانی یەکتر، تا هاوڕەگەزی خۆی وەستا بێت بیر لـە دوژمنـە بابەکوشـــــتەکانی ناکاتـــــەوە، بنـــــوارە چ ســــاز و بەرنامـــــە و دوژمنکارییەکیان خستووتە گڕ

ڕامان:

گۆڤارێکی کلاسدار و سەردەمانەیە، تاکە هەوارگەی ڕۆشنبیرانەیە ماوتەوە، پڕە لە جوانی، پڕە لە دەقی جۆراوجۆر، پڕە لە زەرافەت و وردەکاری.. پەیکەری بزنە کێوییەکەی ئازاد عەبدولواحید پڕە لە وردەکاری و ئەندازە و تەناسوب، قەد و قامەتی، چۆنیەتی ماسولکەکانی وەک خۆی وەدەر کەوتوون، ئاناتۆمییەکەی وەستاکارانەیە.

ڕامان:

مووچە و بودجەی لە قەیران دایە، ڕامان یانی ئازاد، ئازاد یانی ڕامان، دوو موفرەدەی یەکتر تەواوکەرن، خوا نەکەردە ئازاد شتێکی بەسەردا بێت، یانی ڕامان (الفاتحە). بزنە کێوییەکەی ئازاد ورگی نییە، گەدەی نییە، بێ ڕیخوڵەیە، بێ لەوەڕە، لەسەر یەک پا وەستاوە، ئەو سێ پەلەکەی ژەنگی هەڵهێناوە، تا سەر ئێسک ڕزاون، کەچی مەغروورانە و باوەڕ بەخۆوانە ناز بە بینەر دەفرۆشن و باو باران و تۆفان نایان جووڵێنێت.

لە کوردستاندا ڕاوکردن قەدەغە کراوە، بەڵام یەشتا بڕێک لە ڕاوچییە تێرنەخۆرەکان بەدزی و ئاشکەرا ڕاوی خۆیان دەکەن، ئەگەر ئەو قەدەغەیە نەکرابا بە دەگمەن بزنە کێوییەکت لە دەشتودەر و چیاکانی کوردستاندا دەبینی، بە هۆی جۆراوجۆرەوە ڕاوی زۆر لە

گۆڤـار و کتێبـەکان کـراون، بۆیـان بلوێـت گۆڤـاری (ڕامـان)یش ڕاو دەکـەن و دەمـی دامودەزگـای تەختـەڕێژ دەکـەن، بـا وەک لـە بـاری گوزەرانییەوە بە شەهیدێکی زیندوو دەناسرێت.

ئەم بـەراورد و لەیەکدانەوەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردانی کـاک ئـازاد عەبدولوحید بۆ کارگەی پەیکەرسازییەکەم، ئەو کاتەی هات من لەناو ئاگر و دووکـەڵ و جۆشـکاری و چـەکووش وەشـاندا شـەلاڵی عـەرەق بووم، بەندە زانـیم بەلایـەوە سـەیرە، بـۆ ئـەو بزنـە ورگ و پـەلوپۆی نییە، بێ یەک و دوو وتم: دەزانم بۆ لە چۆنیـەتی ئـەم پەیکـەرە تـێ دەفکریـت.. سەرسـام مەبـە، ئـەوە گـەلێک لـە تـۆ و گۆڤـاری ڕامـان دەچێت، ڕامانیش لەباری گوزەرانەوە بەرەو سریالیزمی دەڕوات، هاکـا کرایـە پـەنجا پـەڕە، چـی بکـەین وا بـڕوات دونیـای ڕۆشـنبیری ئـەم قۆناغە بەرەو نەزۆکی دەڕوات، ئەگەر تا ئێستا نەزۆک نەبووبێت.

# مێژووی ئاڵا

ئاڵا لە مێژەوە دیاردەیەکی گرنگ و ڕێزلێگراو بووە لە فکر و زکری میللەتاندا... فکر ناکەم تا بە ئەمڕۆ هیچ دیکۆمێنتێک چ وەک نووسرا و چ وەک هەڵکۆڵینی سەر تاشە بەردەکان بەدەست هاتووبێت، مێژووەکەی لە (درەفشی کاویان) کۆنتر بێت .

وەک ئاشکرایە و بەڵگەنەویستە کە وەک نووسین یان نەخشی بەرجەستەی سەر تاشەبەردەکان لێرە و لەوێ دەبینرێت (درەفشی کاویان) دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر.

هەروەها فیردەوسی وەک نووسین لە شانامەکەیدا زۆر لە درەفشی کاویان دواوە، بۆ ڕوونکردنەوە ناچارین لە چۆنییەتیی پێهاتەی ئەو درەفشە بدوین.

"ئەژدیهاک، ئەستیاک،، زوحاک" هەرسێ ناوی یەک کەسن و بەپێی مێژوو دوا شای زنجیرە دەستەلاتی ماد بووە.

فیردەوسی کەسایەتیی ئەو شایەی تێکەڵی ئەفسانە کردووە و دوو ماری بەسەر دوو شانیەوە سەوز کردووە و داستانەکەی دوورودرێژە... چاوساغان و بەرپرسانی دەرباری زوحاک پێشنیار بە شا زووحاک دەکەن تا دەرگای دەربار بۆ میللەت ئاواڵە بکا، تا شکایەتی مەزڵوومیەتی خۆیان بە عەرزی شاهەنشاه بگەیەنن .

زووحاک بە گوێیان دەکات و دەر و دەروازی دەربار ئاواڵە دەکات و ئیتر خەڵکانێکی زۆر مەزڵوومییەتی خۆیان گەیاندە حزووری شا، یەکێک لەوانە کاوەی ئاسنگەر بوو.

کاوە ڕوو بە زووحاک دەڵێت: شاهەنشاه بەندە بیست و سێ کوڕم هەبوو، بیست و دوویان سەربڕان و مێشکیان دەرخواردی مارەکانی سەرشانی شاکران، ئەوەسا دوا کوڕمیان هێناوە بۆ سەربڕین .

شا زووحاک فەرمان دەدا کوڕەکەی ئازاد کەن .

کاوە لە دەربار وەدەر دێت و لەگەڵ دوا کوڕی و چەند کەسێکی ناو شاری ئکیاتانادا پەوەند دەکەنە " فەرەیدوون"ەوە، کە ئەو دەم لە چیاکاندا شەڕی پارتیزانی دژ بە دەستەڵاتی زووحاک دەکرد.

فەرەیدوون فەرمان دەدا بەروانکە چەرمینەکەی کاوەی ئاسنگەر بکەن بە ئاڵا و لەپێشی جەنگاوەرانەوە بەرزی بکەنەوە، تا ئێرە بە ئەفسانە لە قەڵەم دەدرێت.

کاتێک کورشی هەخامنشی و هارپاکی ناپاکی مادی دەست بە یەک دەکەن و کودەتایەکی نامەردانە دژ بە شای ماد ئەنجام دەدەن و ئەژدهاک دەستگیر دەکەن و دەستەڵاتی هەخامنشی پێک دێنن و درەفشی کاویان دەکەنە ئاڵای دامودەستگا و دەستەڵاتیان، ئیتر دەرفشی کاویان هەر وەک ئاڵای دەستەڵاتی هەخامنشیەکان دەمێنێتەوە تا پەلاماری ئەسکەندەری مەکادۆنی بۆ سەر ئێران و لەناوبردنی دەستەڵاتی هەخامنشی (٣٣٠-٥٥٠پ.ز) دوای مردنی

ئەسـکەندەر ئێـران بـوو بە بەشـی "سـلکوس" کە یەکێـک بـوو لە فەرماندەکانی ئەسکەندەر.

فەرمـانڕەوایی سلوکسـی یۆنـانی لە ئێرانـدا سـەد سـاڵی خایانـد، تـا لەسەر دەستی سوارەی ئەشـکانی لەسەرتاسـەری ئێرانـدا پێکهێنـرا و دیسان "درەفشی کاویان" کرایەوە ئـاڵای دەسـتەڵاتی ئەشـکانییەکان، دوای لەناوچوونی دەستەڵاتی ئەشکانی لە لایەن بابەکی ساسانییەوە، کە بە ڕەگەز کـورد بـووە و دەسـتەڵاتێکی بەربـڵاوی ئیمراتـۆریەتی ساسانی پێکهێنرا، (٢٢٤-٦٥١ز.)

دیسان دەرفشی کاویان پێگەی وەک خۆی مـایەوە تـا سـاڵانی لاوازی و بێهێزیـی ساسـانییەکان و ویلایـات و دەڤەرەکـانی ژێردەسـتەی ساسـانییەکان، کە وەک کۆنفیـدراڵی ژێردەسـتەبوون، هەریەک لەوانە ئـاڵای تـایبەت بەخۆیـان بەرزکـردەوە و وردەوردە پـێگەی درەفشـی کاوییان گرنگیی خۆی لەدەست دا و ئاڵای تر جێگەی گرتەوە .

ئاڵا وەک میکانیزمێکی شەڕەکان بەکاربراوە و هەر ڕەنگێـک گۆیـایەی فەرمانێک بووە، ئیتر کشانەوە، پەلامـار، چەپ، ڕاسـت، سـوارە، هەر یەک لەوانە ئاڵای سەربەخۆی تایبەت بەخـۆی هەبـووە و بەو شـێوە شەڕەکە دەبرا بە ڕێگەوە تا شۆڕشی سنعەتی...

لە وڵاتـــی چـــین و ژاپۆنـــدا زۆربەی ئاڵاکانیـــان نەخشـــونیگاری جانەوەرانیان لەسەر نەخشاندووە، ئەژدیها بۆخۆی لەنێو چیندا تا بە ئەوڕۆیش پێگەی خۆی هەیە و بەسەر پەرچەمەکانەوە دەبینرێن.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وڵاتانی ئەورووپا بەسەر میرزادە و قەڵادارانددا دابەش بووبوون، هەر میرزادەیەک ئاڵای خۆی هەبووە و هەر میرزادەیەک ئاڵاکەی بەسەر قەڵاکەیەوە شەکاوەتەوە.

زۆربەی شارەکان و بڕێک لە پەرستگاکان ئاڵای تایبەت بەخۆیان هەبووە.

وەنەبێ هەر لە وشکانیدا ئاڵا بەکار برابێت، هێزە دەریاییەکان و هەتاوەکوو دزە دەریاییەکانیش ئاڵای تایبەت بەخۆیان هەبووە، تا بە ئەوڕۆیش هۆزە عەرەبەکان لە شین و شایی و شەڕدا ڕەنگی ئاڵای خۆیان هەیە و بەرزی دەکەنەوە.

ئەو ئاڵایە وا پێشەوا قازی بە ئەمانەت دای بە بارزانیی نەمر، بەندە لە خێزانی پێشەوا قازیم بیستووە کە لەلایەن کچەگەورەی پێشەواوە (عیسمەت خانم)وە، هەر وەک ڕەنگەکانی بە "ساتان" لە لایەن ئەو کچە شێرزادەوە چنراوە.

# ئەو قوفڵە زێڕینە کلیلەکەی لای خەڵکە

زۆرتر لە دووهەزار و پێنج سەد ساڵە قوفڵێک کلیل دراوە تا بە ئێستا نەکراوەتەوە، ئاخر هەموو کەس بە ئاسانی قوفڵی پێ ناکرێتەوە، بەتایبەت ئەگەر قوفڵەکە زێڕین بێت .

کەڵەپیاوانی مێژووی کورد کۆشاون ئەو قوفڵە زێڕینە بکەنەوە و سەرنەکەوتوون و سەریان لەسەری داناوە، سەیر لەوەدایە ئەو قوفڵە یەشتا هەر قوفڵە و کلیلەکەی نەدۆزراوەتەوە !

ئەگەر چاوساغێک جێگە و شوێنی کلیلەکەی ون بکات و بەدوایدا بڕوات بڕێک کەس دەکۆشن چاوساغ بە لاڕێدا ببەن، لە مێژیشدا هەروا بووە.

نازانم ئەوە لەعنەتە؟ تەلیسمە، جادووە؟ یان حەوتخوانەکەی شانامەی مام فیردەوسیە؟

هەر کامیان بێت چاوساغ لە کلیلی قوفڵی زێڕین نزیک بووەتەوە... ئەگەرچی ئەو سەرسامییەم بۆ پێش هاتووە و بە تەرازوویی جۆراجۆر وردەکارانە هەڵی دەسەنگێنم، عەقڵ و عەقڵانییەت نایسەلمێنێت بۆچی ئێمەی کورد لە قوڵایی مێژووەوە تا بە ئەمڕۆ دەستمان لەو کلیلە سحرئامێزە گیرنەبووە، تا قوفڵی زێڕینی پێ بکەینەوە؟ هەڵەکە لە کوێدایە؟

خۆمـانین، دەوروبەرمـانە، بۆنەهـاتە، لەعـنەتە، جـادووە، یـان هەر هەموو ئەوانەن؟

بەندە ئیمانم بە بۆنەهات و بەخـت زۆر کەمە، یـان هەر نیـیە، ئەگەر هەشبێت بە ڕێکەوتی دەزانم تا بەخت، بەندە جەخت لەسەر تەقەڵای مـرۆڤ دەکەمەوە... بەخـت، مـرۆڤ و تەقەڵای مـرۆڤ پێکـدەهێنێ، بەخـت مـرۆڤێکە تەقەلا دەیچێنـێ، تەقەڵای تێکڕایـی یـان عەقـڵ و فەلسەفەی تاکە پیاوێک....

گاندی بێ تەقە و خوێنڕشتن میللەتەکەی گەیاندە قۆنـاغی ئـازادی و سەرفرازی.

ڕەنگە یەکێک بڵێت ... دوژمنەکانی گاندی و مـیللەتەکەی ئەم چنـگ خوێنـاوانەی دەوروبەری ئـێمە بانـا، بـاوەڕبکەن بە پێـنج گانـدییەوە دووسەد ساڵی دەخەیاند تا ئازادیی بەدەست بهێنن!

گاندی کەسێکی دەمارگرژی نێو مـیللەکەی کوشـتی دوای وەدەرنـانی داگیـرکەران ڕووبارێـک خـوێن ڕژا لەنێـوان موسـڵمان و غەیـری موسڵمانانەوە، دراوسێ دراوسێی دەکوشت، تا بە ناچاری وڵاتێک لە هیندستان دابڕا بەنـاوی پاکسـتان، لەوێش وڵاتێکـی لـێ جیـابووەوە بەناوی بەنگلادیش!

بڕێـک هۆکـار ئەنـدازەی کوشـت و کوشـتار و کینـە و ڕق و ئـاڵۆزیی کوشـتار و پەلامـار و تـاڵان و چەپـاو دیـاریی دەکـات، وەک: ڕەگەز، ژینگە، ئایین، کەلتوور سەرەنجام و سەواد و خوێندەواری.

ئـێمەی کـورد لە مێـژوودا پەیـڕەوی کـاری چـاک، کـرداری چـاک، گوفتـاری چـاک بـووینە، ڕەحمەتـی ئـایینی ئیسلامیشـی بەسـەردا هـاتووە، کەچـی نەخۆمـان و نە باووباپیرانمـان دەسـتمان لەو کلـیلە جادووییە گیرنەبووە تا قوفڵی زێڕینی پێ بکەینەوە؟

باشــە ئەم هەمــوو دراوســێ چنــگ خوێناویــانە لە دەوربەرمانــدا ڕۆیشـتوونەتە مەکـۆوە و لە مەڵاسـدان بـۆ پەلامـاردان، ئەمەیـش وەزعەکەی ناوخۆمـانە، ئەجینـداتی شـارەزا و چاوسـاغی وایـان لە خزمەت دایە، نەک چ ساڵێک بەڵکوو دەزانـن چ کاتژمێرێـک لە دایـک بـووینە، وەک لەپـی دەسـتیان کـوچە و کـۆڵان و شـارەکان دەزانـن، تەنانەت بزنەڕێی چیاکانمـان دەزانـن و بە سـڕنای بێگـانە هـاتوونەتە سـەما، خـۆ ئەوە حاشـاهەڵنەگرە ئـێمەی کـورد تەوح و حەزمـان لە هەڵپەڕکێیە، هەڵـبەتە جیـاوازیی زۆرە لەنێـوان هەڵپەڕکـێ و سـەمادا هەیە، هەڵپەڕکێ کەلتوورێکی نەتوایەتییە، نیشانەی خۆشـی و شـایی بەهارە، لە مێژدا جۆرێک بووە لە ستاییش و بەشێک بووە لە ئـایینی باووباپیرانمان...

با لە سـەما و سـڕنا بگـوزەرێین و بچینـەوە سـەر مانشـێتی وتـارەکە "ئەو قوفڵە زێڕینە کلیلەکەی لای خەڵکە"

ڕووی داوە، گـوێ لە خەڵـک نەگیـراوە، بە زەبـری زۆر و کودەتـا و زۆرەملـێ و داگیرکـردن کلـیلەکە دزراوە، ئەوی ئەوڕۆ لە گۆڕەپـانی وڵاتــدا دەکرێــت و دەبینرێــت چەواشــەکردنە، بە هەڵە خەڵــک

تێگەیاندنە، گرنک ئەوەیە بگاتە کلیلەکە و قوفڵی زێڕین بکاتەوەو بە چ نرخێک بێت ئەویش گرنگ نییە.

بەندە لە فکر و زکری ڕووخاندنەوە بە دوروم، ئەوی لە پێش مندا خشتێکی سازندەگی دانابێت، پێم بکرێت منیش خشتێک دادەنێم، نەک داروبەرد بهەڕووژێنم .

دەگێڕنەوە چوار کەس لەنێو بەلەمێکدا دەبن، سێیانیان پەیڕەوی مەزهەبی سووننە دەبن، چوارەمیان پەیڕەوی مەزهەبی شیعە بوون، دەریا دەخرۆشێ، تۆفان و زریانێکی مەرگ ئاوەر دەستپێ دەکات و دەکەونە دوعا و نزاوە، یەکێک لە سوننەکان دەڵێت: یا ئەبووبەکر بگە فریامان، دووهەم هاوار دەکات حەزەرتی عومەر بە هانامانـدا بگە، سێیەم بە لێوەلەرزە دەڵێت: خەلیفەی سێیەم مەدەدێک، چوارەم هەروا بێدەنگ سەیریان دەکات تا یەکێکیان بە تووڕەبوونەوە دەڵێت: باشە تۆ بۆ بێدەنگی، دوعا ناکەیت؟

کابرا هەڵدەستێتە سەرپا و ڕووبە ئاسمان هاوار دەکات : عەلی، عەلی، منیش لەگەڵ ئەوان نغرۆ بکە !

جا بمانەوێ و نەمانەوێ سیاسەتەو یەخەی پێ گرتووین و بووە بە نان و ئاومان، بەندەیش کە خەڵکی ئەو وڵاتەم و بەناچاری جاروبار دەکەومە داوی سیاسەت... بەوپەڕی وردەکارییەوە دەکۆشم بێلایەنانە بەشێوەیەکی هونەری، نەشیاوەکان بکەمە پەیکەر... سەیر و سەمەرە لەوە دایە، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەودا نیت بە لایەنگر و

مەسینەهەڵگری لایەنێکی تـرت دەزانـن، ئەمە گـرفتە، ئەمە فکرێکـی خێڵەکییە، دووره لە فەرهەنگی پێگەیشتوو، تێگەیشتووی ئەمـڕۆی بەشەریەتەوە، پێی دڵگیر دەبم، بەڵام نەک بە ئەنـدازەیەک کارەکـانم ڕاگرێت، چی بکەین؟ ئیتر ئەوە قەدەری ئێمەمانانە. زۆربەی ئەوانەی ئەمـڕۆ لە کوردسـتان تەرازوو بە دەسـتن، لە ئاسـتی جوانییەکانـدا ئەگەر کوێر نەبن، کەمـتەرخەمن و نەک گرنگیـی بەم جـۆره بابەتـانە نـادەن، بەڵکـوو بە زمـانی سانسـکریتی دەزانـن، بـا "نەیـدەن"، پێـی نائومێد نابم و لە کاروکردەوەی خۆما هەر بەردەوام دەبم و بەتەمـای هیچـیش نـیم، نە وەزیـر و نە گزیـر و نە شـانتەکاندن... ئەوەسـا لە ڕۆژنامەی (باس)دا زنجیره وتارێک بـڵاودەکەمەوە بەنـاوی حیکـایەتی پەیکەرەکانم، دەزانـم زۆربەی زۆری سیاسـییەکانی ئەمـڕۆی کـورد لە ساڵێکدا کتاوێک ناخوێننەوە، ئەوەیش بە گرفتێکی کەی نەتەوایەتیی دەزانم...

بەهەرحاڵ، بەردەوامم و سەرقاڵی کارم تـا ئەوەی هـۆش و فکـرم بـڕ بکات دەکۆشم لە ویژدانەوە دوورنەکەومەوە و هەمیشـە بەرژەوەنـدیی وڵاتەکەم لەبەرچـاوە و ئەوەیـش دەزانـم قۆنـاغی (بیـژەن، بیـژەن، ژەنیاوێ) زۆری نەمـاوە و لە چـاڵ دەنرێـت، ئومێـدەوارم سـەردەمانە مـامەڵە لەگەڵ یەکتـردا بکەیـن و فەرهەنگـی تۆڵەسـەندنەوە بەلاوە بنێین.

بەڵێ، پەیکەری ئەو قوفڵەزێڕینە کلیلەکەی لای خەڵکە، سەرتاپا لە ئاسن دروستم کردووە، قوفڵەکە، دەستەکان، پایەکەی، نووسینەکەی بائاسان ناشکێنرێت و دوو مەتر و نیو بوڵندە.

قوفڵەکە دەستەڵات و سەربەخۆییە، دەستەکان بەو ڕەنگە جۆراوجۆرانە حزبەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانن.

دەستەکان لە کۆشش دان بگەنە قوفڵی زێڕین، قوفڵ، هەر قوفڵە و یەشتا کلیلەکەی نەدۆزراوەتەوە، ئومێدەوارم بۆ بەدەستهێنانی کلیلی قوفڵەکە عەبوە و مین نەخەنە ڕێی یەکتر با خەڵکی کلیلەکەیان بداتێ.

ئەوە بیست چرکەی بۆ سەری ساڵی تازەی ٢٠١٧ماوە، لە کتاوخانەکەمەوە بەو وتارەوە خەریکم، مۆمی ئومێدم داگیرساندووە و بە ئومێدەوە دەڕۆمە پیری ساڵی تازەوە... ئیدی چەواشەکردنی خەڵکی تا ئێرە و بەس.. ئاخر ئەم میللەتە ماندووی دووهەزار ساڵە، ئەوانەی بێ دەربەستن لە بەرژەوەندیی ئەم خەڵکە نین و گوێڕایەڵی دوژمنانی کوردن، بە وێنەی ئێمەی گەرمیانی (خوا زەلیلیان کا) دەبڵێ :

ئینشـــــائەڵڵا!

## سادەنەکان

پیری موغان

لام وابوو لە فرمێسکی چاوتا غوسڵ وەدەردێنم

شاخم شکا و نامە سەری ڕدێنم

لام وابوو پڕی پڕن، لە زەرافەت ئاوسن

هیچتان نەهێشتەوە

سەد کوڕەکەچەڵ بازیان بەسەرەوە نیشتەوە

ئەوڕۆکە ئەوی باوە

هەبە و هانییە چەپاوە

خان سالاری و میحرابنشین

وەرە و ببین

ئەوەسا غەزەل و گریان ئامێختەی ئازارە

ئەوەسا سەربوورە و تەموورە ئاهەنگی سەر مەزارە

قەینا ئێمە لە فەنا فیلای عەزابدا

میحراب نشینین

سەوزین، سوورین، زەردین، شینین

بێ پلانین، دوور لە بیروڕای تۆکمە

وەک درەختێکی قڕۆڵ ڕیشوومان لە خوێنا نوقمە

قەینا ئێمە مێژووی ماندووی لەبیرکراوین

قەینا هۆکارەی سەد بەند و کۆت و داوین

بنواڕە کەشکۆڵی باوکم پڕە لە تەردید و دوودڵی

سڕی سڕە

کەچی لە باغی غڕوورا هەگبەمان پڕی پڕە

زۆرمان ترام نشینی ناو شاری غوربەتین

ئێمەیش هەگبەمان هەڵگری لەعنەت و نەگبەتین

شارمان شڕۆڵ و بەربادە

وڵات وابڕوا هیچ کوێ ئابادە

شاری بێ تفاق

شاری بەرپرسی دوور لە وژدانی چاو زاق

شاری بەرپرسە بێ گوێ کان.

لایان وایە سێوەری خوان

شاری مەپرسە بۆ، مەپرسە چۆن؟

شاری بەرپرسی گومڕای بێتەلەفۆن

شاری چەندان ساڵ بێ وەڵامی

هەوارگەنشینانی ناکامی

شاری ساختمانی بێ ڕەگەز لە باوانا

حەڕامزادانە چوونەتە ئاسمانا

شاری شەوبێدارانی غەمچن

شاری ئەوە هی من و ئەویش بۆ من

شاری بێ وژدانی، شاری بێ ئیمانی

شاری ئیتاڵی، ئینگلیزی، ئەمریکی، ئەڵمانی

ئیتر لێم مەپرسە و بارم قورسە

ئەوەسا خۆمم لەبیر دەچێتەوە

بیرم جێگەی شەقامەکانی تیادا نابێتەوە

شەقامی سالم، توی مەلیک، قڵامۆزەفەری

چایخانە، شێخەڵڵا، خان خورما، ئاسنگەران، شۆریجە

مەڕۆ بنوارە، جەستەم هەیکەلی ئێشە

مەڕۆ تاوێک گوێم لێبگرە و نازم بکێشە

لەم دیارە زۆر و زەوتم پێوە دیارە

ڕاستە کەوتوومەتە ناو گۆمی خۆم

دڵنیابە بۆ هیچ کوێ ناڕۆم

ڕازەکان گۆمی هەقیقەت دەشلەقێنێ

کەوشی پڕ بزماری عەقڵ دەمدوێنێ

ئەوانە لای من شیرین و تاڵن

لە بیرەوەریمدا قردێڵەی خەیاڵن.

قەینا دیدەم پڕ لە ڕۆژنامەی گەمژە نووسراوە

شەوانە فەیسبووکە و ڕۆژانە بە دیوارا هەڵواسراوە

شاشەکان پڕ لە مانشێتی خوێنن

وشەی ناجۆری پڕ لە جنێون.

دەمی پڕ لە خوێنی ڕوداو

هەیکەلی تاوانی بێدەم و چاو

لە باوانا لە مەتاهاتی زەمانا

دەمبا و دەمهێنێ وێردی تۆقیانم بۆ دەخوێنێ

ولاتەکەم پڕ لە سەیر و سەمەرەیە

سەد تاقم و سەد حیزبۆڵە سەد بەرەیە

لەم یاری و  بازیە

چەمەرانە گێڕی قاتلی عیشقە قازیە

سەرکۆماری عەشیرەتی غەم

بەخشندەیی بێ ڕەنگییە، بێ دەنگییە

دڵنیابن ناهێڵم لە گێلستانا خەو بمباتەوە

نایەڵم تاریکی تینو بمخواتەوە

نایەڵم لەپی سەرگەردانم بەسەر سنگمەوە ببینم

لە میحرابی مەستانا، لە خەوا، لە لێدوانا

ئیدی گوێ هەڵناخەم بۆ ئەوانەی بە ئایینن، یان بێ دینن.

مەحاڵە بێڵم ببمە نێچیری تەڵەی تاوان

یان ڕەهێڵەی وەهم و گرفتی دڵ لێدان

نایەڵم هەڕەشەی شمشێر بمترسێنێ

یان شەو پەلاماری نائومێدی بمدوێنێ

لە باندی نا ئومێدیا نانیشمەوە تا بپرسن کێم و چیم

هەرچی بم گوێڕایەڵی چرکەی پووچ نیم

ڕەفیقان من وەردی ژەهرم کێڵاوە

چاوم تەماشاکەری هەزاران شەونامەی هەڵواسراوە

لە ترمیناڵی غوربەتا چاوەڕوانیم کیشاوە

تا خۆم بدۆزمەوە

لە تارمایی تاوانا حەقیقەت بقۆزمەوە

خەڵکینە ئاشوفتە و پەریشانم، ئەم دیو ئەو دیوم

دەدەم  لە دەرگای ڕاز و ڕاڕەوی بێ تەواوبوون دەپێوم

گوێ نادەمە مین و تەقینەوەی ژێر پای خەیاڵم

یان نەداری و زیندەگیی تفت و تاڵم





وەک وتم جەستەم هەیکەلی ئێشە

تخوا مەڕۆ نازم بکێشە

لەم دیارە، بێ بەهارە زۆر و زەوتم پێوە دیارە

هاژەیە، هەرایە، جەهالەتی گومڕا حوکم فەرمایە

وا بڕوا دەردی من و تۆ بێ تەکبیرە

مێژووم ماندووە و من ماوم

ئەوەسا لە گۆمی خۆما خنکاوم

بێ پەروا چاتمەی ئاواتم دەهەڕووژێنم

هەندەسەی زوڵم و بنەڕەتەکان وەدەردێنم

سینەم پڕ لە ئۆکسجینی ڕووداوە

ڕەنگە بمباتە لێواری ڕووباری مەینەت

کۆڵ نادەم تا دەگەمە پەرستگای حەقیقەت

نابینن ئەوڕۆ گەوج و گێڵ مۆم داگیرسێنە؟

زۆربەی زۆری میحرابنشین دەم بە جوێنە؟

ماسترۆی ئاهەنگی خوێن دەست ڕاوەشێنە

فەرمان دەرەو بڕۆ وەرە ئەوە بێنە

مایک بەدەستان گۆمی ژیان دەشەڵەقێنن

هەر یەکە و لە ئاوازێ دەخوێنن

جاجمی شرۆڵی تێفکرین

دوور لە فکر و دوور لە لۆژیک دوور لە دین

دەهاوێژنە ناو هەڵدێرگای نەبوونەوە

بێ دەربەست لە قەیران لە وژدان لە تیاچوونەوە

غەزووی دژایەتی، شەپۆلی جنێو

هەموو جێگرە، دەردەکە بێ تەکبیرە

کۆکەی ڕۆشنایی نابیستن

لە مەیخانەی هەڵچوونا مەستی مەستن

کەوشی حیکمەتمان داکەندووە

تۆوی ئاژاوەیان چاندووە

ئەوەسا کفنی کوفریان پۆشیوە

وەک وابێ هەرگیز سینەی بێ ستیانی حەقیقەتیان نەدیوە

سوورن لەسەر ترازان و بێ یەک و دوون

نیشتەجێی هەڵدێرگای جادوون

ئەوی میحراو و مینبەر و مەزارە هەڕووژاوە

ئەوی زەرافەتە، بەو ئافەتە تیاچووە و نەماوە

تەربووی هەوری هەران

لایان وایە سێوەری خوان

تەرازوو بەدەستان لە خەڵکەوە دوورن

مەلەکەری ناو دەریای غروورن

شێوەنی من شێوەنی فکری پاکیزەیە

شێوەنی تالآنی فکر و ئەنگێزەیە

لە چوار لاوە بەنو و باوە

لەقاویان لە قەپۆزەی درۆ و هەرا ناوە

نازنم ئێمەی بێ ناز

غوسلی حەقیقەت لەکوێ وەدەربێنین؟

شێوەنمان بەسەر کام کۆتەڵدا بخوێنین؟

چی بکەم ژانەکانم وەک ڕەشەبا دەڕواو دێتەوە

ئاخر خاک و خۆڵ چۆن بارانی لەبیر دەچێتەوە؟

وەرە و سەیرکە دەمەقاڵەیە ئەنتەرنێتە، فەیسبووکە

ئیتر ئەوە دەم هەراشە لووسکەیە نێرەمووکە

ئیتر هەر بەزمە دەیگێڕن.

پڕوپوچیان بۆ ڕۆژنامە سەردێڕن

ڕاست و هەڵە بە یەک حیساب دەژمێرن

ئیتر هەر ڕۆژنامەی پڕ جنێوە لەبەر چاوە

بە دیواری تووڕەهاتە هەڵواسراوە

ئیتر هەر کاری نەشیاوی بێ پاساوە

درۆ و بوختان باوی باوە

وەک گومەتێک هەڵئاوساوە

زەمانێکە باپیرەی من و ئەوان

هەڕەشەی چەقۆ بارانی فێل تاڤگەی تاوان

کەلەبچەی دەرد و ترس و تۆقیان

وەکوو دەعبا لوورەیان دێت ڕوو بە ئاسمان

لە بەستەڵەک ڕچاوترین

لە ڕیسوایی بەرچاوترین

لە هەزارەی سینەمدا داهۆڵێکی پەرپووتین

زەنگی بێدەنگ و سکووتین

لە فەنافیلای عەزابدا میحراب نشینین

ڕۆژانە مەرگی ئارامە دەیبینین

کوردستان وامزانی کراسێکی پڕ بەرمی بەتەواوی

نەمزانی تەنها بەباڵای چەند بڕکەیەک دوراوی

بەوەش ڕازی نین و بە یەک شەڕ دەفرۆشن

سەوداسەرن هەر ڕۆژێک کراسێک دەپۆشن

ئەوەسا ئاواتەکانمان سەرالێژە لە تونێلی ڕەشەبادا

ئەوەسا بێ ناونیشان دەمان با بای ناتەبا

کۆبوونەوەکان شار بە شارە

ئاکامەکانی نزیکتری پەلامارە

کە دێنە دەرەوە یەک بە دوای یەکا

ڕادەوەستن لە بەرانبەر چەندان مایکا

وەک وابێ تێشووی بۆ میللەت هەڵگرتبێ

یان شەڕی مان و نەمانی کردبێ

منێک هەزاران هەڵدێرگای خوێناویم پێواوە

کەوشی ئاسنینم لە پابوو ئەوەسا هەسواوە

منێک لە مێژەوە پەروەردەی ئینشائەڵام

منێک پەروەردەی غەزوی هاوسێی، بەڵام

لەم دیارە بێ بەهارە

میللەتەکەم تۆزی سمی ئەسپی شاڵاوم پێوە دیارە

دەمدی ئازیزانم بە کۆیلە دەکران

بەرەو ڕۆژئاوا و ئەو خوارە دەبران

ئەمرۆ لە دوێنێ دەچێ خۆ ئەوە وایە

هەمان ئاشە و هەمان بڕوایە

کەچی چاوساغانمان داری زەقنەبووت دەچێنن

پەرت و پەڵان هەریەکە ئاوازێک دەخوێنن

٢٠١٩

هەولێر

# سەرشۆرگە

بەندە وەک کار و پیشە کابرایەکی تەلارسازم، ئەوە چل و هەشت ساڵە لە بواری تەلارسازیدا دەست بەکارم. نەک لە کوردستاندا بەتەنها، بەڵکوو لە زۆر وڵاتانی دوور و نزیکدا. لەم بوارەیدا ئەوەی دەیڵێم و دەیکێشم و دەیکەم لە ڕووی تاقیکردنەوەیەکی پڕ لە تاڵی و شیرینیدا بووە... بۆ نموونە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان کە ڕشتەی تەلارسازیم تەواو کرد، سەیرم کرد لەبارەی کاروباری مەیدانییەوە هیچ نازانم، ئەوی فێربوومە کۆمەڵە تیۆرێکی ناو کۆلیژە و بەس... دوو کارم خستبووە بەر خۆم دەبوا بمکردبا، یەکەمیان گیروگرفتی نێو کرێکاران و وەستایی بینام دەبوو بمزانیبا. دووهەمیان بەلای ئەندازیارێکی لێزان و خاوەن تاقیکردنەوە دەست بەکار بم...

یەکەمیان ئاسان بوو، جلوبەرگی کرێکارانم لەبەر کرد و گەلێک لە کرێکاران زووتر خۆم گەیاندە مەیدانی کرێکاران و وەستای بینا... لەوێڕا کابرایەک هەر تێی دەنواڕیم، ئەودەم بازووڵە ئەستوور و ناوشان پان و لە ئێستا باڵابەرزتر بووم، کابرا وردە وردە لێم نزیک بوویەوە و وتی: چ کارەی؟

وتم: کرێکارم.

وتی: کرێکارێت کردووە؟

وتم: نەخێر، نەدارم و ناچارم کرێکاری بکەم.

وتی: من وەستا حیشمەتم... وەرە لای من دەست بەکار بە.

زۆری نەکێشا کرێکارەکانی کەی کۆبوونەوە و بە پیکابە شەق و شیڕەکەی بەڕێکەوتین بۆ سەر ئیش. وەستا بۆخۆی لێی دەخوڕی و یاریدەدەرەکەی و کرێکارێکی تر لەپێشەوە سواربووبوون و ئێمەی پێنج کرێکاری تر لە دوای پیکابەوە پاوپلمان بەسەر بێڵ و قازمە و قوڵنگە و سەتڵ و داپێویستییەکانی کارکردنەوە بوو... لەبیرمە بەرەبەیانێکی ساردی بەفراوی، کزە باکە ئاوی کەپوومی بەردا بوو... گەیشتینە سەر کار و ساختمانێک. بەپێی نەخشە پشتووێنەیەک بە کەرپووچ بەرز کرابوویەوە، لەبەر بەهێزی و چوارشانە بوونم، ئەرکی هێنانی عەرەبانەی گیراوەی چیمەنتۆیان بە من سپارد تا لەلای ئەوەی چیمەنتۆ دەگرێتەوە بە عارەبانە بیگەینمە لای یاردەدەری وەستا، بۆخۆی دوو عارەبانە بوو، ئەوی لای وەستام جێ دەهێڵا ئەویتریان بەلای تێکەڵەگرەوە بۆ خەپتە بە دووسێ قۆناغ دەگەیشتە بەر دەستی وەستا، بە وردی ئەندازەی چیمەنتۆ و قوم و ئاو و چۆنیەتی گرتنەوەکە فێربووم، تا ڕۆژێک بە وەستا حیشمەتم گوت: من بەچاکی دەتوانم (خەپتە) بگرمەوە. هەر هەمان پارەی کرێکارێکی ڕووتم بدەرێ (پارەی خەپتەگر) ئەوەندە و نیوی کرێکارێکی سفری وەردەگرت. سەرەنجام جێگەی خەپتەگرم گرتەوە-

نەدەبوو ئەو کارەم کردبا، بەڵام کردم- یەک دوو هەفتیەک ئەو کارەم کـــرد، تەمـــاحم کردبـــووه ئەوەی کەرپـــووچی دەدا به بەدەســـتی وەستاوە، وەسـتا ڕەزامەنـدی دا تـا کەرپـووچ بـدەم بەدەسـتیەوه تـا ئەوەی دەسـتم دەگەیشـتە پـێش دەسـتی وەسـتا، کێشـەم نەبـوو تـا دیوار بەرزبوویەوە، دەبووا کەرپووچەکە هەڵدەم بۆ پێش وەستا، ئەو سەیری خوارەوەی نەدەکرد، دەبووا کەرپووچ به ئەندازەیەک هەڵدرێ نه کورت بکا و نەسەر. لەبیرم دێ یەکەم جار کەرپـووچم هەڵـدا دام به ناوشـانی وەسـتادا، به جنێـودانی فـرەپیس و نـاجۆر بـۆم هـاته خـوارەوه که مشـتەماڵەیەکی سـراوەنده بندەسـتمدا یەشـتا ژانەکەیـم لەبیـره، که وەسـتا سـاردبوویەوه بـاش بـوو دەری نەکـردم (مـن کرێکـارێکی بەهێـز و دڵسـۆز بـووم)... دووبـاره سـەرکەوتەوه و نەڕاندی: بیهاوێژه بۆ پێشم. دووسـێ جـار تـاقیمی کـردەوه و ئیـدی فێربووم. سەرجەم چل ڕۆژ لەو کـارەیەدا بەردەوام بـووم، بەوەسـتام وت: ئیـدی کـاری کرێکـاری نـاکەم، بەڵام دەمەوێ شـەوی جـومعه داوەتتـان بـکەم، جـێگه و شـوێنی ڕێسـتۆرانتەکەم دایه وەسـتا و ســەرجەم هـــاوەڵه کرێکارەکانیشـــم داوەت کـــرد، وەســـتا هەروا سەرسامانه تێی دەنـواڕیم ئیـدی که هـاتن و منیـان به جلوبەرگێکی ترەوه دی ئەویش له ڕێستۆرانتێکی گرانقیمەت و بەناوبانگدا .

وەسـتا حیشـمەت وتـی: به کرێکارەکـانم وت ئـێمه هەڵەهـاتووین و حوسەین گـاڵتەی پـێ کـردووین، تـا لەپشـتی جامەکەوه ڕوخسـارتم نەدی نەموێرا بێمه ژوورەوە، ئەتۆ پێم ناڵێی تۆ چیت و کێیت؟



منـيش بەدەم پێکەنیـنەوە وتـم: مـن هەمـان حوسـەینی کرێکـارم و تۆیش وەستامی... وەستا حیشمەت وتی: کەر خۆتی، دەتەوێ باوەڕ بکەم و بمخەڵەتێنـی؟ بەدرێـژی بـۆم گێـڕایەوە، کە بـۆچی کرێکـاریم کردووە. نزیکەی ساڵێک بەلای ئەندازیارێکی تەلارسازی بەناوبـانگەوە کارم کرد و سەرەنجام بـۆ خـۆم لەگەڵ هاوکلاسـیەکەمدا مەکتەبێکـی تەلارسازیمان پێکهێنابوو دەستمان بەکار کـرد. لە کـۆلیژدا خـانمێکی فەڕەنسـی مامۆسـتای دیزاینمـان بـوو، هەمیشـە گرنگیـی جـێگەی سەرشۆرگەی لە دیزاینی خانوودا دەخستە بەرچاو و دەیـوت: ئێـوەی ڕۆژهەڵاتـی دەبـێ ئەوە بسـەلمێنن (سەرشـۆرگە وWC ) لە شـوێنە گرنگەکانی خـانوو یـان هەر سـاختمانێکن. ئەوەشـی دەوت: کۆشـکی (ڤێرسـ‍ــــــا)ی لە پاریســـــــدایە و بەو زەرافەتە میعمـــــــاریەکەی لەسەرتاسەریدا (WC) تێدا نییە! منیش بۆ پێکەنـین وتـم: بێگومـان مەلائیکە و پەریزادانی تیا ژیاوە، لە جوێی پیسـی نووریـان کـردووە. لە دواییدا بۆم هەڵکەوت سەردانی کۆشـکی ڤیرسـام کـرد و لە پـلانە تێکڕاییەکەیدا تەوالیتی تێـدا نەبـوو تـا بە ئەمـڕۆیش هـۆی نەبـوونی (WC)لەو کۆشکە مەزنەیدا نەزانراوە. لە کاتێکدا گەلێک کـۆنتر لەو مێـژووە لەسـەردەمی یۆنـان و ڕۆمـان و شاهانشـاهییەکانی ئێـران و دەســتەڵاتی فەراعیــنەدا گرنگیــی دراوەتە سەرشــۆرگە و تەوالیــت بەتایبەت حەوزچەی شاژنەکان لەجوێی ئاو پڕ دەکرا لە شیر و گوڵاو و گەڵای گوڵەبـاخ. لە بنەمـاڵەی میعمـاری ئیسـلامیدا گرنگیـی زۆر دراوەتە سەرشۆرگە و (WC) هۆکارەکەیشـی بەشـێکە لە فەرەزیـاتی

نـوێژکردن، وەک دەبینـین مزگەوتەکـان بەناچـاری لەبەر دەسـتنوێژ گرتن گرنگیی تایبەتیان بە (WC) داوە .

بە شێوەیەکی تێکڕایی میللەتی مەغـۆل وازانـراوە بە نـودرەت خۆیـان شۆردووە، بە بۆنیاندا دەزانرا ئەوە مەغۆلن، لە یاسـای جەنگیزخانـدا سـزای کوشـتن دانرابـوو بـۆ ئەوەی لە ڕووبـاردا مەلەی کردبـا. ئیتـر ئەوەی بۆنی زیاتربووایە ئەوە ئازاتر و لێهاتووتر بـوو. ئەو جەهـالەتە ژنەکانیـانی نەگرتـووەتەوە. سـەرچاوەیەک دەگێـڕێتەوە: کاتێـک جەنگیزخـان بەشـێکی زۆری وڵاتـانی چینـی داگیـر کـرد کچـی شـای دەڤەرێکی مارە کرد، کـچە لە نـزیکەوە جەنگیـز و بـۆنەکەی هـات بە کەپوویدا هەر لەوێدا خۆی کوشت.

بـا نزیکـی کەیـنەوە و بگەڕێیـنەوە بـۆ ویلایەتەکـانی عوسـمانی، تەلارسـازی بەناوبـانگی ئەو سـەردەمە (سـینان)ی لای سـوڵتان سـلێمانی قـانوونی. سـینان گۆڕانگـارییەکی بنەڕەتـی لە جـۆری سـاختمان و کۆشـکەکان و هەتـاوەکوو مزگەوتەکانـدا بەدی هێنـا و ئێستایش زۆربەیـان تـا بە ئێسـتایش بە پێـوە مـاون. ئەو تەلارسـازە مەزنە گرنگییەکی بەرچاوی داوەتە سەرشۆرگە و(WC) ئەم وڵاتە کە ئێستا بە دەوڵەتی عێراق ناسراوە لە سـاڵی ١٩٢٠ دروسـت کـراوە لە مێژدا ویلاەتێک نەبووە بەناوی عێراق. ئەم دۆڵە کە ناسراوە بە دۆڵی دوو ڕووبار (میزۆپۆتامیا) لە پێش ئیسلامدا پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ساسـانی لەم دۆڵەیـدا بـووە بەنـاوی (تیسـفۆن پایتەختیـان بـووە)

ئەوەتا تاقی کیسرا لە خواری بەغداوە دیارە و ماوە. دوای سەرکەوتنی ئیسلام، ئەمەوی ١٨٠ساڵ و عەباسی ٤٢٠ساڵ و عوسمانی و وردە دەستەڵاتەکانی تر ٤٠٠ساڵی تر فەرمانڕەواییان کردووە و لە شارەکاندا تا ڕادەیەک گرنگیی دراوەتە سەرشۆرگە (WC)ئەو دەم سێ ویلایەت لەم دۆڵەیدا هەبووە. عوسمانییەکانیش هەروایان کردووە و ئەم دۆڵەیان کردووەتە سێ ویلایەت. سەردەمێک ئیمارەتی بابانی و ئیمارەتی سۆران لە کوردستانی باشووردا فەرمانڕەوا بوونە لە دووایییدا ئەم دۆڵە بووە بە سێ ویلایەت (موسڵ، بەغدا، بەسرە) بەڵام سیستەمی خەڵکە زۆرەکە بەشێوەی عەشایەری ژیاون و ژیانی خێڵەکی یا ڕەوەندبوونە یا لادێنشین لە هەردوو حاڵەتدا شتێک بەناوی سەرشۆرگە و (WC) وجوودی نەبووە، جگە لە مزگەوتەکان نەبێت لەبەر دەستنوێژ دەستیان بەئاو گەیاندووە .

من لادێیم، سەرەتاییم لە لادێدا تەواو کردووە و ئاگاداری ژیانی لادێ هەم. بەڵێ لە ماڵی ئێمەدا سەرشۆرگەی تایبەتمان هەبووە و WC لە دووری دوورەوە ژوورێکی بچکۆلەیان بۆ تەرخانکردبوو، بەڵام خەڵکە زۆرەکە ئەوەیان نەبوو، ئەو حاڵەتە لە زۆربەی زۆری ناو خێڵ و لادێکاندا هەروا بووە .

لەپێش ئەوەی هۆزی جاف نیشتەجێ بن جۆرێک لە سەرشۆرگەیان هەبووە. شایانی باسە مندال بووم، کە دەمزانی خەریکی

دروســتکردنی ئەو سەرشــۆرگەن و منیشــی تیــا دەشــۆن، لە مــاڵ وەدەرچووم و یاخی دەبووم و پیاویان بۆ ناو دێ بە دوامدا دەنارد و لەمن ڕاکردن و سیرم سیرم لە پیاوەکان سەرەنجام ئەیان هێنـامەوە. بە شێوەیەکی بازنەیی شەش داری ئەستووری دوو مەتریان لە زەویدا دەچەقانـد و ســەریان بە چەنـد دار دەگـرت و بە گـوریس شــەتەک دەدرا. بازنەکە جێگەی سێ کەس بە دانیشتنەوە تیا دەبـوو. سـەر و دەوریان بە لێفەی نووستن دەگـرت و کـونێکی بە ئەنـدازەی کەسـێک بتــوانێ بچێــتە ژوورەوە، دووســێ قــازان ئــاوی گەرم و مەقــاڵەیەک ئاگری پشـکۆداری گەشـی تیـا دادەنـرا، ئیـدی تـا شـۆردنەکەم تەواو دەبـوو مـن دەمزیڕانـد... ئێسـتا بـۆم دەرکەوتـووە حەمـامی (سۆنا) ســەرەتاکەی هەر ئەوە بــووە و ڕەنــگە مـیللەتە کۆچەرەکـانی کەش ئەوەیــان کردبێــت. ســەیر لەوە دایە عەقڵیەتــی ئەوە یەشــتا لە زۆر توێژدا ماوەتەوە، کە خـانوویەک دروسـت دەکـرێ تەنگتـرین جـێگە و نەشیاوترین شوێن بۆ WC و سەرشۆرگە دابین دەکرێـت بە زەحـمەت تیادا دادەنیشرێت یا جووڵەی تیادا کرێت.

بەنــدە وەک تەلارســازێک لە نەخشــەکانمدا گەلێـک گرنگــی دەدەمە سەرشۆرگە و تەوالیت و کوالیتییەکەیان، دونیـا گـۆڕاوە و سیسـتەمی ژیــان لە ئاپارتمانــدا گرنگــی داوەتە سەرشــۆرگە، قەینــا درەنــگ هەستمان بەو گرنگییەی کردووە، بەس نییە کردمان.

ئەورۆ لە جیهاندا گرنگییەکی گەلێک بەرچاو دەدرێتە سەرشۆرگە و WCبە شێوەیەکی وا جگە لە بەرینی و پانتایەکەی مەتریالی گەلێک گران و بە نرخی تیا بەکار دەبرێت، ئیتر هەر کەسە و بە گوێرەی توانا و هەوەسی خۆی دەکۆشێ کوالیتی سەرشۆرگە و WC بەرزتر و بەرچاوتری تیادا ئەنجام بدەن. جگە لە ڕازاندنەوەی بە جێگەی خاولی و پەشتەماڵ و دانانی چەندان بۆنی جۆراوجۆر هەتاوەکوو هەڵواسینی تابلۆ بە دیواردا. بەڵێ شێوەی ژیان گۆڕاوە، بەڵام ڕۆڵ و نەخشی دیزاینەر لەو گۆڕانکاریەیدا کاری و بەرچاوە و بووە و نکووڵی لێ ناکرێ. لەو ماوە دووردرێژەی تەلارسازیمدا تووشی گیروگرفت و بیگرە و بەردەی زۆر هاتووم. وەک زانراوە پیشەی تەلارسازی پەیوەندە لەگەڵ توێژی دەوڵەمەنداندا... لەناو ئەو توێژەیدا عەقڵیەتی خۆ بەزلزانی و لێزانی و فەرماندان لە زۆربەیاندا بەرچاوە. لەبەر دەستێوەردانی خۆی و خێزانەکانیان زۆر کار و دیزاینم بەجێهێڵاوە، ئاخر ئەو جۆرە مرۆڤانە لایان وایە لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندن چۆن دەکرێ زەوقی دیزاینیان تیادا نەبێ... زۆربەیان نەخشەکەمیان تێک دەدا و ئەگەر بە گوێیانم کردبا کارە ناجۆر و نەشیاو و ناپەسندەکە بەناوی منەوە تەواو دەبوو، بۆیە بەردەوام نەدەبووم و نیوە تەواو کارەکەم بەجێ دەهێڵا. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت لە وڵاتی ئێمەدا یەشتا نە نان بۆ نانەوایە و نە گۆشت بۆ قەساوە ...

# سیروان لێشت نەدەم هەر دەمبەی؟

هەرایە! ئاشـــوفتەبازاڕییە، لەو خـــوارە هەرکەس بـــۆ خـــۆیەتی، کەســبەکەس نیــیە، هەمــووان پەریشــان و لە هەوڵــی خۆیانــدان و پەیڕەوی پادار بگرە و بێ پاماڵی خۆمـانەیە. وەنەبـێ لە قـۆڵی لای خۆمانیشــەوە لەو جــۆرە ئاهەنگــانە نەبیســرێت... شــتێکە لێــرە ئازارەکــان جۆراوجــۆرن، لەو خــوارە، خەڵــکە زۆرەکە گەیشــتووەتە بڕناخیان و ئیتر بەدەمیەوە نەماوە و دەڵێن: سەرێکە و هێناومـانە و لێگەڕێ با ئەویش نەبێ!

بەڕاستی مـرۆڤ گیـانلەبەرێکی سـەیرە. کاتێـک ئازارەکـان، ژانەکـان، ئێشپێگەیشـتووەکان، بـێ بـانگەواز ڕێکخسـتن و کـۆنفرانس و کـۆڕ و کۆنگرەگردن بەهێز و توانای ژانە تێکڕاکـان، یەکـدەنگ دەبـن، قەڵای زۆرداران و پۆپەنشــینەکان دێنــنە لەرزیــن. ئەوســا قەڵاو قەڵاداری گرنگیی خۆی هەبووە و قەڵایەکی موحکەم و پتەو لەبەرانبەر هێرشی گەورەترین سوپا و لەشکری جەبباراندا خۆڕاگری دەکرد و مەلحەمەی مەردانەی تۆمــار دەکــرد. ئــێمە جــگە لە قەڵای دمــدم نەبێــت نموونەیەکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە، خەلەلەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیــی مێژوونووســانمان (خــودا حفزیــان بکــات). ئەگەر تەقەڵای مێژوونووســە بیانییەکــان نەبــووایە، بڕێــک زانیــاری و

دیکۆمێنتیان خستووەتە بەرچاو، ئەگینا وەکوو "دۆمەڵان" بێ ڕیشـوو دەماینەوە .

دەی با لە قەڵا و قەڵاداری گەڕێین، باسەکەی مـن بـیگەرە و بەردەی ئەو خــوارەیە، خــوا بــکە دزەنەکــاتە نــاو مــیللەتە خێرنەدیـوەکەی خۆمان. ئەگەر تۆزقاڵێک دیرایەت و حیکمەت بەکار ببەین هەر نەبـێ دەبیــنە تەماشــاکەر و بەباشــی خۆمــان لەو گــۆبەنەی دەپــارێزین (پیلانەکە لەوە گەورترە). ئەم کوردە وتەی سەیری هەیە، دەڵێت: " ئەگەر لە کونێکەوە مـار پێـوەی دام، خـوا بیگـری، ئەگەر لە هەمـان کونەوە دیسان پێمیەوەدا، خوا بیگرێ." کاکە ئێمە لە هەمان کونەوە مــار دووجــار پێمــانی وەداوە لە (٢٠١٤- ٢٠١٥). ئەوەتــا مــارەکە دیسان خۆی خەپکە داوە، بێ مەبادا دەست بۆ بردنی لە حیکمەتەوە دوورە .

جەنابی عیبادی چی نەما نەیکا، بەتـایبەت بەرانـبەر میللەتـی ئـێمە، زەوی و ئاسمان و چوارتەنیشتیشی لێ تەنینەوە، بەم هەموو دوودڵـی و بـێ متمـانە بەخـۆییە، کە سـەرتاپای داگـردووە، لە ئـێمە بـوو بە ڕۆســتەمی زاڵ و گــورنەتەڵە... ئەوی تــوانی، کــردی... ئەوی پێــی خۆش بوو، بردی- لە پشـتوین شـاڵ و خیانەتکـاری خۆمـاڵی گەڕێ- ئەو کابرایە تێکەڵەیەکە لە گـرێ و (کـۆمپلیکس) بەتـایبەت بەرانـبەر ئێمەی کورد و مافە سـەرەتاییەکانمان، بەو هەمـوو تـاڵان و چەپـاوە لەو خوارە کـراوە و دەکرێـت، چـوار سـاڵ نەیـوێرا ناویـان بهێنێـت و

هەزاران جار لێی بیسراوە وتوویەتی: " کەسانێک، بڕێک کۆمەڵێک، چەند کەسێک" بەخوا نەیوێراوە ناوی دزێک بهێنێ. لەناو ئێمەی کوردا واباوە" ناوێرین ناوی جنۆکە بهێنین، پێیان دەڵێین (ئەوانگەل)" ئەویش هەروا ناویانی دەبردن. بەندە لەوە دڵنیام ئەوانەی پاڵێوراون بۆ سەرۆک وەزیران کامەیان بەرانبەر کورد خراپترن لە دکتۆر عیبادی، گەلێک باشترن. بەس نییە دەزانی کابرا چییە و چی دەکا، ئەم بابایە بە ئاشکرا دەبینرێت خەریکی چییە، بە نهێنیش دە ئەوەندە دەکا. بۆ ئێمەی کورد لە حیکمەتەوە دوورە پشت بە پەیمان و بەڵێنی د. عیبادی ببەستین .

برادەرانی ئەمریکایی، پشتمان بەوان بەستبوو، ئەوی دەیانتوانی بیکەن نەیانکرد و ئێمەی کوردیان هاویشتە ناو هەڵدێرگاوە. خۆ ئەوە شتێکی تازە نییە، پەیمانی نەگریسی (الجزائر) یەشتا هەڵمی لێ هەڵدەستێ .

ئەو کوردە ڕۆژانی دوایی (ریفراندۆم)ی لەبیر چێت پێم وایە بەسەر لەشی دایکیدا قەڵمبازی دەکات. ئەو هەموو ڕەفتارە ناشیرینە، ئەو هەموو گفتارە ناپەسندە بەرانبەر ئێمەی کورد کرا لە فەرهەنگی هیچ زۆردار و جەببار و داگیرکەرێکدا نەبینراوە .

من پێم وانییە ئەوی ئێمە دیمان و بیستمان بیروڕای خەڵکە زۆرەکەی ئەو خوارە بێ ئەوانەی لە هەمووان جۆش و خرۆشی





دەمپیسی و دەروون  پڕ لە پۆخەڵەواتربوون، نێر و مێی خەڵکەکە ڕای پێ نەدان و (تریک و تۆپیک چاو قەرزداربوون).

-لەنێو ماڵی کورددا ناکۆکی هەیە؟

-بەڵێ هەیە.

-ناڕەزایەتی هەیە؟

- بەڵێ هەیە.

-مەرجی ژیانێکی سەردەمانە کەم دەبینرێت؟

-بەڵێ کەمە...

ئەوانە نەقسن، گرنگە چارەسەر بکرێن، ئەگەر ڕەواج بدرێتە توێژی گەنجی لێهاتوو دەموچاوە هەمیشەییەکان هەر نەبێت کەم کرێتەوە، حەکیمانە گرفتەکان چارەسەر دەکرێن... ئاخر خوا هەڵناگرێ نەساڵێک و نە دوو و  نە دە و نە بیست بەبێ ڕووح و گیان لە جێگەیەکدا هەر وەک خۆی بمێنیتەوە .

قیادەی کورد دەبێ هەست بەو بەرپرسیاریەتییە بکا و بێژینگ بەدەستەوە بگرێت و پاک و پیسێک بکا... بەندە لەوە دڵنیام دامەزراوەی عێراق بەم زووانە مەحاڵە! مارەکان بوونەتە مارخۆر، ئەوانەی وێڵی وڵاتان بوون دەربەدەر، ئەورۆ بوون بە ملیاردەر. ڕێوی بوون، ئەمڕۆ ئەژدیهان، کەپوو و پۆزەیان لە خوێن تێرن، پەیڕەوی فەرهەنگی جەبەڕووتن، شەیدای زەڕ و زۆرن، نە یەکن و نەدووان،

چین چین وان و هەزاران. بە هەر لۆغەتێک لەگەڵی بدوی لای وایە عەتابە و سوەیحلی و مەقامی محرمەداوییە... وەرەوە و تەماشاکە، وا چاکە ئێمەی کوردیش بە خۆماندا بچینەوە و هەر نەبێ ئەلف و بای ئەو لۆغەتە فێر بین، ئەگەرنا لەگەڵ ئەو ڕموزنانەیدا ناگەینە دونیای ئاسایش و ژیانی سەردەمانە .

لە ڕۆژانی دوای ریفراندۆمدا زۆربەی زۆری برادەرانی سوننەی عەرەب لەوانی تر کەمتر نەبوون، بەتایبەت لە قیژەقیژەکانی ناو پەرلەمانی پێشوودا... دەتوانم زۆریان بژمێرم. ئەگەر بڵێی ئێمەی کورد تووش نەهاتووین، لە ڕاستیدا خراو تووش هاتووین. لەم قۆناغەیدا هەتاوەکوو بە عەقڵانیەت و حیکمەتیشەوە لەگەڵیاندا هەنگاو بنێین، هەر مافخوراوین و ناگەینە هەوارگەی دڵخوا، شتێکە ڕیش بووە بە ڕیشەوە، دەبێ شانەی بۆ هەڵگری حیکمەت لەوەدایە، زەرەر لە نیوە بگەڕێتەوە هەر باشە .

# بەردی پیرۆز و نایاب و گران

پیرۆزترین بەردی ناسراو تا بە ئێستا بەردە ڕەشەکەی بندەستی کابەیە، بەردێکە جگە لە میللەتانی ئیسلام لە ناو زۆربەی میللەتانی جیهاندا ناسراوە، چ بە لای خەڵک و خواوە یان زانیارانی بەردناسی و جیهانی جیۆلۆجیا و بەردەدەگمەنەکان زانراوە بەردێکی ئاسایی نییە و لە ئاسمانەوە چ کەوتبێتە خوارەوە یان هێنرابێتە خوارەوە، هەر کامیان بێت لە ڕووی زانستەوە سەلمێنراوە ئەو بەردە تا بە ئێستا لە چەشنی ئەو بەسەر زەوی و بنزەویشەوە نەبینراوە، هەر نەبێ تا بە ئێستا، بە وردیش سەرچاوەی پیرۆزبوونی ڕوون نەکراوەتەوە بۆچی پیرۆزە؟

ئەم بەردە پیرۆزە بەسەرهاتی زۆرە پیاڕاناگەم هەمووی باس بکەم. دەڵێم کاتێک سوپاوسانی قرمتییەکان کەوا تاقمێکی توندڕەوی پەلاماردەر و تالانکەری ناو ئیسلام دەستیان بەسەر مەککەدا گرتووە، بەردی ڕەشیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە بۆ پایتەختی دەستەڵاتەکەیان، کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن وڵاتی بەحرێن بۆ ماوەی چواردەساڵ بێ ڕێزییان بەو بەردە پیرۆزە کردووە کاتێک توانرا لە لایەن خەلیفەی عەبباسەوە لەناو ببرێن دوای چواردەساڵ گەڕێنراوە بۆ مەککە و لە هەمان جێگەی ئێستایدا دانراوەتەوە، وەنەبێ هەر

لەنـاو ئـێمەی ئیسـلامدا داروبەردی پیـرۆز بە یەکێـک لە هۆکـانەوە ناسراو یان پیرۆز بن، ئیتـر چۆنییەتیی ناسـراوی یـان پیرۆزییـان بە گوێرەی ئایین و کاڵچەر و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان جیاوازە بـا دوور نەڕۆیین هەر لە ناو خۆماندا ئێمەی کورد لەو دیاردانەمان زۆرن .

بۆ نموونە لەبیرمە ئەوسا و ڕەنگە ئێسـتایش لە مەزارەکانـدا چەنـدان بەردی خڕخــڕی گەورە و بچــووک بچــووک لە تەنیشــت گــۆڕ یــان بێشکەی مەزارەکاندا دانـراون، ئەوانەی پەنایـان دەبـردە ئەو مەزارانە سا شێخ بووە یان سەید یا سۆفی یا چوزانم ڕەنـگە هـیچ کامیشـیان نەبووبێت، سێ چوار لەو بەردە خڕانە کە هەر یەکەیان بە ئەنـدانزەی تۆپێکی (تەنس) نەختێک گەورەتر بەسەر یەکەوە دادەنران ئەگەر بۆ چـرکەیەک یـان زۆرتــر ڕاوەســتابان ئەوە مانــای وابــوو نیــازەکەی جێبەجێ دەبێت. هەر لە وڵاتـی خۆمانـدا لێـرە و لەوێ لە زۆر دۆڵ و دەربەند و ملە و گەردەنەی شاخەکاندا تاشـەبەردێک لە ڕووی لافـاوە یان تەوژمی باو و بارانەوە شـکڵ و شـێوەیەکی لـێ دروسـت بووبێـت ئەوە ناکرێ نەزانرابێت و بەپیرۆز ترسێنەر نەبێت.

سـاڵی شێستوسـێ پێشـمەرگە بـووم، زسـتانی ئەو سـاڵە گەلێـک لە ساڵانی ڕابردوو ساردتر بوو، ئێمە بیست پێشـمەرگە بـووین بە دۆڵـی قەرەداغدا دەچووین بۆ دەوروبەری چەمچەماڵ، لەو قـۆڵەوە ئەوەنـدە سارد بوو تفت هەڵـدایە دەمەیـی هەموومـان گمیزمـان دەهـات نەمـان دەوێـرا بـیکەین، چـوون لە ئـاوا سـاردییەکدا بەو شـێوەیە مەحـاڵە

گمیزکـردن، بڕیارمانـدا ئاگرێـک بکەیـنەوە و خۆمـانی وەبەر دەیـن، چواردەور سپی دەکـردەوە لە بەفـردا، لە تەنیشـت تـاکە درەختێکدا بەسـەر تەپـۆڵکەیەکەوە ڕاوسـتاین تـا چـیلکە گلێـر کەیـنەوە بـۆ ئاگرکردنەوە، یەکێک لە پێشمەرگەکان بەناوی (حەسـەن ڕەشـید) — لە دواییدا شەهید کرا- وتی: مامۆستا مـن دەڕۆمە بـن ئەو تـاکە دارە وا کراوەتە مەزار لە ژێریدا کۆترەداری وشکەوەبووی زۆرە لێـی دێنم، یەکێک لە پێشمەرگەکان هەڵیدایە: نەکەی بـۆ خـاتری خـودا نەکەی، ئەوە تـاوانە! حەسـەن وەڵامـی دایەوە: ژاوەژاو، گوناهــ، ئینجا ڕووی کـردە مـن و وتــی: ئەو گـۆڕەی وا لەژێـر ئەو درەخـتەدایە و ئێسـتا کراوەتە مەزار ئەمە تاڵانکەری عەرەبی ئەوسـایە هـاتووە وڵاتەکەمـان داگیر کا، باو و باپیرەکانمان لەناو ئەو گابەردانەوە بـۆی دانیشـتوون داویانەتە بەر تیروکەوان. چاوەڕوانی فەرمانی من نەبوو و ڕۆیشـت بە خنەخن کۆترەداری وشـکەوەبووی هێنـا و ئاگرمـان لـێ کـردەوە. جـا یەشتا ئەو جـۆرە تێفکیـرنە لەناومانـدا هەر مـاوە. ئەوە نـیـیە هەر لە دەوروبەری هەولێردا دارێک بەناوی (دارەبزمارە) بزماررێژ کراوە، فکر لەوە ناکرێتەوە ئەو بزمارانە سەرەنجام دارەکە وشک دەکـاتەوە. یـان تاشـەبەردێکی بە تەنیشـت جـادەکەوەیە کـراوەتە دوو لەتەوە گـوایە حەزرەتــی عەلــی بە شمشـێری زولفەقـار دوو لەتــی کـردووە. ئەوی زانراوە حەزرەتی عەلی نەهاتووەتە کوردستان، مەگەر زولفەقـارەکەی وەک مووشــەکی زیرەکــی ڕێنمــاکراو لەوێــڕا ئەو بەردەی دوو لەت کردبێت خۆ هەر ئەوانە بانا هەر نەیسە، بـڕۆ لە زۆر جـێگە و شـوێن

لەو مەزارە نەناسـراوانە هەن. لەنـاو میللەتـانی کەشـدا ئەو جـۆرە تێفکرینـانە زۆرن بڕێـک لەو میللەتـانە ئاژەڵیـان لا پیـرۆزە تـا بگـاتە داروبەرد. بەهەرحـــاڵ، زۆر لەبەردی ســـاف و ســـووڵ و ناســـک بەدەسـتەوەیە و ناسـراوە بڕێکیـان بـۆ ڕازانـدنەوەی نـاوی سـاختمان بەکـار دەبـرێن وەک ( گرانیـت، هـۆنیکس، کەرارە). ئیتـر دەرودیـوار زەوی بەو مەڕمەڕە گرانبەهایانە دەبەنە کار. بڕێکیان هێندە ناسک و زەریفـــن تیشـــک لە پشـــتیانەوە وەدەر دەکەوێ... لە مێـــژەوە هونەرمەندە گەورەکان لە بەردی کەرارە و گرابێت پەیکەریان دروست کردووە، وەک پەیکەری حەزرەتی مووسا یـان حەزرەتـی داوود کە لە لایەن (مایکـل ئەنجلـو)وە دروسـت کـراون، ئەمـانە بە سـەرمایەی بەشەریەت دەدرێن لە قەڵەم. لەوان کۆنتر (ڤیدیاس)ی پەیکەرسـازی سەردەمی دەستەڵاتی یۆنان زۆر شاکاری لە بەردی کەرارە سازاندووە و لە مۆزەخانەکانـدا دەبینـرێن بە دایکـانەی هـونەری پەیکەرسـازی ناسـراون. بەردە گـرانە دەگمەنەکـان ناسـراون بە بەردی زەریـف و نایـاب، لە مێـژەوە مـرۆڤ ناسـیونی و بەکاریـان بـردوون، وەک ئەنگوشتەر وگەردەنبەند و دەستبەند و سینەبەند.... بەردی نایاب و جۆراوجـۆرن، وەک: ئەڵمـاس، یـاقووتە، مەرجـانە، دووڕە، هەروەهـا مرواری، عەقیق، سەندەلووس، پیرۆزە، کەهرەمـان و زۆر جـۆری تـر. بێشـک زۆرتـر بەلای دەسـتەڵاتدارانەوە بەکـارهێنراون لە سـەردەمی سـۆمەر و ئەکەد و ئاشـوور و مـاد و زنجیـرە دەسـتەڵاتەکانی ئێـران، یۆنـــان، ڕۆمـــان، فەراعیـــنە، چـــین، هیندســـتان. ئیتـــر لەوانەوە

شۆڕبووەتەوە ناو میللەتانی تر. وەنەبێ هەر بۆ ڕازاندنەوە بەکاریان هێنابن، بڕێک لەو بەردانەیان هاڕیوە و وەک دەرمان سوودیان لێ وەرگرتووە. حەکیمەکانی ئەو حەلە بۆ نەخۆشییەکان چۆنیان بەکار بردووە ئەوە باسێکی تایبەتی کەیە. سەیر لەوەدایە ژمارەی ئەو جۆرە بەردانە زۆرن. دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەو بەردە نایابانە ملیۆنەها ساڵ لەناو قووڵایی زەویدا ماونەتەوە و لە ماددەی (سلیکا) دروست بوونە و جۆریان زۆرە و جیاوازن و زۆر گرانبەهاشن، بڕێکی تریان نیوە گرانن، گرانییەکانیان بەسراوە بە چۆنیەتی تێکەڵەی فیزکی و کیماوییەکەیانەوە، هەروەها چۆنیەتی ئەو جێگە و شوێنەی تیایدا بوونە. ئەڵبەتە تەقینەوەی گڕکانەکان و بومەلەرزە لە قووڵایی زۆرەوە فڕێدراونەتە دەرەوە، وەک: ئەڵماس، زومرود، یاقووت. بەڵام مەرجان و مرواری لە بنی دەریادا بە درێژی زەمان ڕەگەزیان دەگۆڕێت، یان سەرەتا گیانلەبەربوونە و بوون بە بەرد ئەویش بە درێژی زەمان. لە ڕەگەزی گیاییش بەردە بەدەستەوەیە، وەک کاهرەمان، کە سەرەتا شریسی دارودرەخت بووە و بووە بە کاهرەمان .

بەردەکان وەنەبێ تەنها بۆ ڕازاندنەوە بووبن، بۆ داوودەرمان دوای هاڕین لە لایەن حەکیمانەوە دەستنیشان کراون. بۆ چ جۆرە نەخۆشییەک سوودبەخشن، یا وەک لەباری زانستەوە یەشتا نەسەلمێنراوە بۆ ئەو نەخۆشییانە سوودبەخشن یان نا، بەڵام

ئەوەیـــان دەرکەوتـــووە بڕێکیـــان تـــا ڕادەیەک دارای (شـــەپۆلی کەهرۆموگناتیسی) هەن، بەسەر بڕێک مرۆڤەوە نەک هەموو مرۆڤێک.

ئەڵماس: جگە لە زەرافەت و گـرانییەکەی یاریـدەدەرە بـۆ دەرکردنـی بەردی نــاو میزڵــدان و قەبــزی لابــردن و ئــارامکردنەوەی دەروونــی ئاشووفتە و ئاڵۆز. سێ ڕەنگی هەیە: زەرد، سپی، ڕەش.

مەرجـان: جـگە لە زەریفیـیەکەی بە تیمـارکەری نەخۆشـی (جـوزام) دەژمێردرێت و برینی ناو گەدەیش چاک دەکاتەوە لە هەمووی گرنگتر دڵی ڕەقی دڵدار نەرم دەکات و دێتە ژێرباری عیشق و سۆزی زۆرتر.

ئەلزیکۆن: کەمخوێنی چاک دەکاتەوە، نەخۆشیی حەساسـیەت تیمـار دەکات.

پیــرۆزە: دڵەکـوتە کەم دەکــاتەوە وابــاوە هەڵگــرەکەی دەوڵەمەنــد دەکات و لە چاوپیس دەیپارێزێت .

بەردی مانگ: یاریدەدەرە بـۆ ئاسـانکردنەوەی گرفتەکـانی بـارداری و هۆڕمۆنی ژنان ئاسایی دەکاتەوە ئەگەر هاوسەنگیی تێک چووبێت.

ئۆباڵ: ناسراوە بە چاوی پڵنـگ، ئـارامکەرەوەی دەروونە ئاڵۆزەکـانە، یاریدەدەرە بـۆ ئاسـاییکردنەوەی منـداڵبوون و یـارمەتی پیـاوانی بـێ منداڵ دەدا و لە ئۆجاخکوێری ڕزگاریان دەکات .

لازووریت: کەمکەرەوەی تەواوی ژانەکانە.

مـرواری: یاریـدەدەرە بـۆ ئەو ئافرەتـانەی لە خـوێنرپێژیی مانگـانە دەکەون، هەروەها موحکەمی ددان دەپارێزێت و نـایەڵێ شـەق و لەق بن و چاویش دەپارێزێ لە نەخۆشییەکانی چاو.

سایترین: توورەبوون و ئاڵۆزی کەم دەکاتەوە، هەروەهـا دڵەڕاوکـێ و نەخۆشی شەکرەش کەم دەکاتەوە .

زەفیر: ڕەنگی شینە، ئارامکەرەوەی دەروونی مرۆڤە.

هـونیکس: بۆنخۆشـە و بـۆ ئێسـک باشـە هەروەهـا ڕەشـبینی بەلاوە دەنێ .

ئەسبەد: بۆ چاو چاکە و برین زوو چاک دەکـاتەوە، هەروەهـا پـرچ و ئەگریجە جوانتر دەکات.

زومروود: بۆ جەرگ باشە، لە ژەهر دەتپارێزێت .

ئەمازیت: هاتووچۆی خوێن ڕەوان و ئاسان دەکات.

یاقووت: چەند ڕەنگە: سـوورەکەیان چـاکترینە، هێـورکەرەوەی بـاری دەروونە.

عەقیـق: چەنـدان ڕەنـگە: سـوورەکەیان غەم لابەرە، سـەوزەکەیان خـوێنە بەسـتە، ئـافرەتی سـاوادار شـیرەکەی زۆرتـر دەکـات و ژانـی منداڵبوون کەم دەکاتەوە.

تێبینی: با ئەو جۆرە تیمارانە لەسەر من حساو نەکرێن تـا بە ئەورۆ هـیچ لەوانە لەبـاری زانسـتییەوە نەسـەلمێنراون، بەڵام باووباپیرانمـان بەپێـی تاقیکردنەوەیـان باوەڕیـان هەبـووە و بەو شـێوەیە بەکاریـان بـردووە . مـن وەک خوسـرەو بـاوەڕم بەو قەناعەتـانەی نەبـووە و نە هەیە .

# پیاوێــک لە ویژدان

کە دیم، دەستی موحەبەتی بۆ درێژ کردم، بە قەیچی باوەڕبەخۆبوون و ویژدان و ئەوەی پەردەی شەرم و ئەتەکێت و بوڵەند پێگەیی هەیە سـەلارانە دادڕی و هیچـی لەنێوانـدا نەهـێڵایەوە و وەک دوو ئاشـنای دێرین کەوتە گفتوگۆ.

لەم زەمانەیــدا وا زەڕافەتەکــان، هەنگــاوە جوانەکــانی نێــوانی بە گولــلەی جەهــالەت و خـۆبەزلزانی پێکـراوە... مـن پیـاوێکم دی، لە داری ویژدان دابڕابوو. بەڵێ ویژدان...

ئـاخر ویـژدان خسـڵەتی خوداوەنـدە. ویـژدان پـاپلکەی مرۆڤـایەتییە، ویــژدان فەرمــانڕەوایی هەمــوو جگێــرە ویــژدان، زمــانی زەمــانی پێگەیشـتوو و تێگەیشـتنە. ویـژدان سـەرمایەی ڕاسـتەقینەی ژیـان و مردنە... من پیاوێکم لە درەختی ویژدان دی .

کە دانیشـت پـێم وابـوو لە مـۆڵگەی پەریـانەوە هـاتووە و زەمـانێکە دەیناسـم و عـومرێکە لەو چەشـنە مـرۆڤە لە عەقـڵ و عەقڵانیەتمـدا پەروەردە کـراوە. ئیتـر وەک دوو کەسـی هـاوفکری دێـرینەی لەیەک دابڕاو کەوتینە گفتوگۆ.

درێـژی زەمـان تـوایەوە، پەردەی شـەرم دادڕا، ڕابـردوو تێکەڵـی ئەو ساتە و ئەو حەلە بـوو... ڕۆحمـان دەیزانـی (فرسەت)ـە، بـۆیە باسەکانمان بە لێشاو و بەپەلە بوون.

وتـی: بـا لە بەرنـامەی زەرافەت و جوانییەکـان بـدوێین... ئـاخر ئەم میللەتی ئێمەی خێرنەدیـوە زۆر نـاحەز و ناشـرینەکان دەورەی داوە، کاتی ئەوە هاتووە هەناسەیەکی پڕ لە ئـۆخەی هەڵکێشـی و پێـوەری زەرافەتەکـان بە تەرازووی ویـژدانەوە بکێشـی شـایانی جوانییەکـانە... وەرە یـارمەتیم بـدە، بـا پـێکەوە ڕێچـکە و ڕێگـای پـڕ لە ئەفسـوونی زەرافەتەکان بگرینە بەر و کلیلـی گومبـووی دەرگـاکەی بـدۆزینەوە. تـا دێوی نەگبەت و ناهـاڵی هەروەهـا بـوون لە فکـر و زیکـری ئەم و ئەودا بتارێنین و لە جێگەیدا گوڵی هەزار ڕەنگ بچێنین .

بـاوەڕم نەدەکـرد لەم دەوروزەمـانە پـڕ لە هیچەیـدا کەسـێک، سـۆفی سیفەتانە بڕوانێتە واقیعیەتی پڕ لە تفتوتاڵی و نەهامەتییەکان و هەوڵ و تەقالای نەهێشتنیان بدا و بەدوای یار و یاوەردا بگەڕێ...

پەروەردگارا! ئەوە سزایە... یا حیکمەتە؟ مەدەدێ... تا نامەرد و دز و دەخەڵ و خۆفرۆشێک ببەیتەوە، سەد پیاوچاک و شۆڕەسوار و قارەمان دەبەیـتەوە لای خـۆت! لەم چوارسـاڵی ڕابردووەیـدا نـزیکەی سـێ هەزار قارەمـان و خــۆبەخش و شۆڕەســواری ئــێمەی کــوردت بــردەوە... باوەڕنـاکەم شـەش ناپـاک و دز و دەخەڵـی نێـو ئـێمەت بـردبێتەوە... ئەوەتا زاق زاق دەنواڕن... بەڵێ لەم دونیا و دەوروبەرە بـێ ویژدانەیـدا (من پیاوێکم لە ویژدان دی)، ئەویشت بۆ لای خۆت بردەوە .

ئاخر خوایەگیان! ئێمەی کوردی خێرنەدیو، نیازمان بە پیاوچاکانە نیازمان بە خاوەندارانی ویژدانە، لە جویێی ئەوەی نموونەیان زۆرکەی، ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان کەم دەکەیتەوە .

خودایە! ئێمەی کوردی بێ پشتوپەنا، نیازمان بە ڕەحمەتتە. دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە خوێنخواران، خوانەناسان لێمان بوون بە ئاغا و کەڵەگا و فەرمانڕەوا... بەهۆی جۆراوجۆرەوە قارەمانانمان، پیاوچاکانمان، کۆتا تەمەن دەکەیت... ئیتر خوای گەورە بەسە...مەدەدێ، ئاوڕێ، ڕەحمەتێ، هیمەتێ....

بەڵێ، من پیاوێکم لە هەوێنی وژدان دی، پڕ بە دەم بانگەوازی بۆ سەروەری پاشەڕۆژ دەکرد... بەڵێ برادەران، من دلۆڤان بارزانیم دی .

# بەرپرس و تەلیفۆن!

ئەگەر بە وردی لە مێـژووی ئـامێری پەیوەنـدییەکان بنـوارین کاتێـک بـووە بەگشـتی و سـوودبەخش بـووە بـۆ هەمـووان بە "لاسـیلکی" نـاوبراوە، بە کـوردییەکەی لای خۆمـان بە "بێـتەل" ناسـراوە. بە دەنگێکی بەرز کابرا دەینەڕاند:" هەلاو، هەلاو! ئایا دەمبیسـی؟ وەڵام بـدەرەوە." ئەو قۆنـاغە گـوزەرا و قۆنـاغی تەلیفـۆن و تلـیکس بـوو بەهۆی پەیوەندی تێکڕای نێـوان خەڵـکە زۆرەکە و تەلیفـۆن ڕۆیشـتە ماڵانەوە، بەدوای ئەودا "سورەییا" کەوتە بازاڕەوە، ئێسایش موبایل و خێزانەکەی لە باخەڵی هەمووان دایە و دەور دەوری ئەوە !

حاشـاهەڵنەگرە موبایـل و بنەمـاڵەکەی سەرتاسـەری جیهـانی پـڕ چنگێـک لـێ کـردووە... لەبـن دەسـتی هەمـووانە و لە چرکەیەکـدا دونیـات دەخـاتە بەرچـاو. ئەم نـیعمەتە زادەی عەقـڵ و تەقـالا و داهێنـانی مـرۆڤە و ئەشـهەدو یەکـێکە لە شـاکارەکانی مـیللەتە تێگەیشتوو و پێگەیشتووەکان و ئامێری تازەتر و سوودمەندتریش بە ڕێگەوەیە .

پەکـوو لەو مـیللەتە لێهـاتووانە! ئەشـهەدو پـێش قەرەوڵـی زەواری بەشـەریەتن و مـافی خۆشـیانە شـانازی بە عەقـڵ و لێهـاتوویی و دیرایەتی خۆیان بکەن... ئەوە نییە ئەوی لە مـاڵی خەڵکی جیهـانی

سێهەمدا دەیبینین و سوودی لێ وەردەگرین، بەرهەمی هۆش و لێکدانەوە و داهێنانی ئەوانە. تۆ بڵێی پەروەردگار لەباری بایەلۆژییەوە عەقڵی ئەوانی لە عەقڵی خەڵکی جیهانی سێهەم دامەزراوتر خوڵقاندبێت؟ یان عەقڵ و فکری ڕۆژانەیان ڕاوەستانیان بۆ نییە و پەیوەستە، لە تەقالای نوێگەرایی و داهێنانی تازەدان، وچان بەخۆیان نادەن.

میللەتی ئیسلام و ئەوانەی لە عالەمی سێهەمدا دەژین بۆ وەک ئەوان نین و هۆکارەکانی چین؟

بەندە بیر لەوەی دەکەمەوە چ هۆکارێکە ئەوان وان و ئێمەیش ئەمەین، کە دەیبینی؟ ئەو ئامێرانە، کە دەگاتە لای ئێمە هەتاوەکوو بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی ناپەسند و ناڕێک بەکار دەبەین، تازە تۆمەتی جۆراوجۆری خوانەناسین و شەواڵ پلیتییان پیادا دەکەین و بەوە تۆزێک واقوڕمانمان کەم دەکەینەوە، دڵی خۆمان خۆش دەکەین ئێمە ئەو دونیامان هەیەو ئەوان دۆزەخین.

بەندە لە ژیانمدا گەشتی زۆرم کردووە و تا بشتوانم بەردەوام دەبم. زۆرجاران لەو وڵاتە دۆزەخیانەیدا تووشی شۆک و سەرسڕمان هاتووم و عەقڵم بڕی نەکردووە، هەر لەوێڕا پەنام بردووەتە پەروەدگار و پرسیمە: باشە ئەی خودای گەورە و بێ هامتا، خەڵکی ئەم وڵاتە ڕەنگە بەرهەمی تەقالا و هەوڵ و هۆشی خۆیان بخۆن ئەوا ژیانێکیان پێکهێنابێ... ئەوە مافی ڕەوای خۆیانە، ئەی ئاو و هەوا و ژینگەی

وڵاتەکەیـان چـی؟ خـۆ ئەوەیـان بەهـۆی پێشـکەوتنی تەکنۆلۆژیـاوە دروست نەکردووە، ئەوەی من دەیبینم لووتف و موحەبەتی خودایيە.

تاوێ باران، تاوێ هەتاو، دەمێک شنەی بـای ئارامبەخشـی هاوینـان. ئیتـر بەپێـی وەرزەکـان هەر نـیعمەتە و دەیبـارێنێتە سـەریانە. ئەوە بەفربـارینی ئـارامە، ئەوە هەور و هەڵای جۆراوجـۆرە، ئەوە جریـوە و شەقەی باڵی باڵنـدەی بـێ حەیـا و بـێ دەنـگە، ئەوە کـۆلکەزێڕینەی هەزار ڕەنگە، دارودرەخت و گوڵ و شـینایی نـاز بەیەکتـر دەفرۆشـن، ئەوانە هەمووی نیعمەتـی خـودان. یەکـدوو سـاڵێک لەمەوبەر گـوزەرم کەوتە وڵاتی نەرویـژ، برادەرێـک داوەتـی لـێ کـردم بـۆ نـاو چیاکـان. ئەوی مـن دیـم بـاوەڕ نەکردەنـی بـوو، ئـاخر لە یەک جێگەیـدا لە دەربەنـد و دۆڵێکـدا شـاخی هەزار پـا بوڵنـد بەسـەریەوە دەریـاچەی پیرۆزەیی بەلاپـاڵی شـاخەوە تـاڤگەیەکی کەف چەریـن، ئـاونگپڕژێن، هاژەی دەکردە خوارەوە، سـنگی شـاخ بە دار و درەختـی جۆراوجـۆر داپۆشــرابوو. ڕەنــگ ئــامێزی جــوانتر لە تــۆیەی شــینایی ســنگی شــاخەکەوە تاشــەبەردی ڕەنگاوڕەنــگ لە تــۆیەی دارودرەختەکــانەوە نیونیگــا خۆیــان وەدەردەخســت، لەوەی دڵنیــابووم ئەو جــێگە و شوێنەی هی پەریزادانی لە بەهەشت وێڵن !

بە تەئکید ئەو سروشتە ڕازاوەیە کردگاری پەروەردگارە و خـودا پێـی بەخشیون، ئەوە سروشت، ئەی فەرهەنگ چی؟ فەرهەنگ سـەرمایەی ڕاستەقینەی هەر میللەتێکە، فەرهەنگی پێگەیشتوو و تێگەیشـتوو بە



سێکوچکەی ژیانی گەلان دەژمێردرێت... فەرهەنگ یانی ڕۆشنبیری، یانی ژیانی سەردەمانە، یانی ڕێز لە یاسا و مافی مرۆڤ، فەرهەنگ یانی یەکتر قبوولکردن، پێکەوە ژیان. فەرهەنگ یانی وژدان و ڕێز لە مرۆڤ و حەیوان. فەرهەنگ یانی پاراستنی دارودرەخت و ژینگە. فەرهەنگ یانی پەی بە گرنگیی سنوورەکان، سنوورپاراستن یەکێکە لە مەرجەکانی گەلێکی هۆشیار و لێهاتوو، سا ئەوە سنووری وڵات بێت یان سنووری تاکەکەس. ئەگەر من سنووری خۆم بزانم تۆیش سنووری خۆت بزانی، ئەویش سنووری خۆی بزانی، یانی کۆمەڵگەیەکی شیاو و دامەزراو، یانی ژیانێکی سەردەمانە... ئاخر سنووری من لەوێدا تەواو دەبێ، کە سنووری تۆ دەست پێ دەکات .

برادەرینە! بنەمای میللەتێک بە توێژە جۆراوجۆرەکانییەوە، لە فەرمانبەرەکانیەوە بیگرە تا کەسێکی ئاسایی، ئەو موعادەلەیە دەیگرێتەوە. وازانراوە (٢×٢) دەکا (٤). جێگەی داخە بەلای بڕێکەوە دەکا سەد و دەکا هەزاریش و جاروباریش دەکا هیچ! هیچ هیچە. "سفر" نییە، سفر ژمارەیە. هەست بە هیچکردن گەورەترین ئازاری ناو مرۆڤایەتییە، سەرتاسەری شۆڕشە خوێناوییەکان هەست بە هیچبوون هانی سەرەکی خەڵکە زۆرەکە بووە، هەست بە هیچبوون ژانە، ئازارە، ئاگری ژێر ژیلەمۆیە، کە گڕی گرت کوژانەی دژوارە بانگەوازەکەی دەم بەهاوارە، بێ تەکبیرە، هەموو جێگیرە .

ئەوی قەدر و قیمەتی خۆی بزانێ، دەبێ قەدر و قیمەتی خەڵکیشی لابێت .

کاکە! تۆ ژمارەی موبایلەکەت دەدەی بە من، تەلیفۆنت بۆ دەکەم، بۆ وەڵام نادەیتەوە؟

ئەو وەڵامنەدانەوەیە لە چ خانەیەکدا دادەنێی؟ کەمتەرخەمی؟ یان خۆبەزلزانی؟ یان سەرقاڵی و نەپرژان؟

بەندە هەر یەک لەوانە بە پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی خۆمی دەزانم و دەبێتە هۆی دابڕان و پەیوەندی نەکردنی دووبارە .

سەد ڕەحمەت لە "معاویەی ئەبووسوفیان" کە وتوویەتی:" وەڵڵاهی! تاڵە دەزوویەک لەنێوان من و دوژمنەکەمدا بێ نایەڵم بپچڕێت، ڕایکێشا شلی دەکەم و شلی کرد ڕای دەکێشم" کوڕە وەرە بمکوژە! کابرا بە کڕینی ماشێنێکی تازەوە لووت و کەپووی دەگاتە باڵانبۆ و حەسارۆست .

ئەوەی جێگەی داخە وەڵامنەدانەوەی زۆربەی زۆری کارمەندان و کاربەدەستان لە خەڵکەکە زۆرتر ئەو دیاردە و حاڵەتەیان تیادا دەبینرێت. من ناڵێم هەموویان، بەڵام زۆربەی زۆری بەرپرسە گەورەکان، وەڵامنەدانەوەیان تیادا باوە و ئەو دیاردەیە شۆڕبووەتەوە خوارەوە تا لای یاریدەدەری بەڕێوەبەرە گشتییەکان. ماشائەڵڵا! ئەوەندە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە کوردستاندا زۆرە، لە وڵاتی چین و

ڕووســـیا و ئەمریکـــایش زۆرتـــرە. خـــۆ بـــۆ گەورە بەرپرســـەکان تەلیفۆنکردن ئەوە حەوت خوانی ڕۆسەمە و یەکێکە لە مەحاڵەکان .

لە مەلایەکیـان پرسـی: وشـەی عـارەبی "یجـوز" یـانی چـی؟ وەڵامـی دابوویەوە یانی " نابێت"

وتیـان باشـە ئەی " لایجـوز" یـانی چـی؟ وتبـووی: ئەوە یـانی "هەر نابێت."

جـا بـرادەرینە! بەنـدە دەسـتم لە زۆربەی زۆری پلەوپـایە بەرزەکـان شۆشـتووە... ئەی بەرپرسـیارە بچووەکـان بـۆ؟ ئایـا ئەو حـاڵەتە لەم ڕۆژگارانەیـدا کـراوەتە کەلتـوور، یـان تەنهـا دیـاردەیەکی نەگـریس و نەشیاوە؟

بەنـدە چەنـد جارێـک ئەم گلەیـانەم بەلای بەرپرسـانەوە کـردووە، پاســـاویان ئەوە بـــوو کە دەبـــێ، هـــیچ کـــاروکردەوەیەک نەکـــا لە وەڵامـــدانەوەی تەلیفـــۆنی خەڵکـــی نەبـــێ. ئەو بـــرادەرانە ئەوەیـــان لەبیرچووە لەو جێگەیەیدا دانیشتووە ئەوە جێگەیەکە تەرخانکراوە بۆ ئاسـانکردنی گیروگرفتـی خەڵـکەکە، کەواتە  وەڵامـدانەوەی خەڵکـی ئەرکە، ئەرکێکی ئیداری و وژدانیشە .

ئەمە جیاوازی نێوان فەرهەنگی پێگەیشتوو و فەرهەنگی خرچوکـاڵ. وەلیعەهدی بەریتانیا، سەیارە لێدەخوڕێ، هەڵەیەکی هاتوچۆ دەکات، پۆلیســی هــاتوچۆ پێشــی پــێ دەگــرێ و ســزای دەدا، بە ســبەینێدا پۆلیسەکە خەڵاتکرا و بوو بە باسی ڕۆژنـامە و کەناڵەکـان. لە وڵاتـی

ئێمەیدا بەڕێوەبەرێکی گشتی لە دایرەکەی وەدەردێت، شەقامی بۆ ڕادەگیرێ تا ڕەت دەبێ .

کەسی ئاسایی وەڵامی خەڵک نەداتەوە ئازادە، سەرەنجام بەتەنهایی دەژی و بەتەنهایش لەگۆڕ دەنرێت، بەڵام بەرپرسیار ئەو جێگەیەی تیادایە هی خەڵکە و ئەو بۆ کاروباری خەڵکی دانراوە. وەڵامدانەوەی خەڵکی بە "نەخێر و نابێ و ناکرێ" پەسندترە لە بێ وەڵامی. بێ وەڵامکردنی خەڵکی یانی تووڕدانی بۆ ناو هەڵدێرگای "هیچ "

وەک وتم، هەست بەهیچبوون کردن، کاردانەوەی دەبێ، هەر نەبێ لە فکر و زکر و هۆشی کابرایدا، جا بۆیە لام وایە ئەم دیاردەیە بە کەم دانەنرێت و پیاداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەزاری خێرە و دوو هەزاری بەرەکەتە، لەوانە گورزەشتە، مامەڵەکە هیچی تێ ناچێت.

بەرپرسێکی گەورە، لێدوانێک یان فەرمانێک لەم ڕووەوە بخاتە ڕوو، بێگومان دەبێتە هۆی ئاشتەواییەکی دەروونی بەلای خەڵکە زۆرەکەوە .

باوەڕم پێ بکەن ئەم وەڵامنەدانەوەی برپرسانە کە بە ئاسایی وەرگیراوە قەتماغەی ناڕەزایەتی لە دڵ و دەروونی خەڵکە زۆرەکەدا بەستووە .

گرفتی زۆری ئەم سەردەمە زۆرن، بەلای بەندە گرفتی نەخوێندنەوە، بە گرفێتکی دایکانە دەزانم. لەوەی دڵنیام زۆربەی زۆری بەرپرسان لە ساڵێکدا کتاوێک ناخوێنێتەوە... کوڕە وەرە بمکوژە! ئافاتەکە

تــوێژی ئودەبــا و ڕۆشنبیرانیشــی گرتــووەتەوە، ئەوانــیش دووچــاری وەبای ئامێرە تازەکان بوون و نایانپڕژێتە سەر خوێندنەوە .

بەندە ئەوە بە (خوێ گەنان)دەزانم، ئاخر خوێ بگەنێ مەحاڵە.

ڕەنــگە یەکێــک بڵێــت ئەم کــابرایە وەڵامــنەدانەوەی بــۆ کــردووەتە مەلحەمەی گلگـامێش و شـانامەکەی فیردەوسـی. بەرپرسـیاری کـورد سەد گرفتاری ڕۆژانەی هەیە و بەو ئەرکەی پیا ڕاناگـا، ئەی لە وڵاتە زلهێــز و پــڕ لە خەڵکەکانــدا بــۆ هــیچ پەیوەنــدییەک بــێ وەڵام ناهێڵنەوە؟

بەندە بۆ خۆم لە خەڵکی کەمتر دووچاری وەڵامنەدانەوە بـوومە، هەر ئەو نەختە بێ وەڵامـیـیەی بەکـارێکی نەگـریس و نەشـیاو دادەنـێم... ئەوەسا هاتوومەتە دەنگ. باوەک ئەوەی دەزانم ئەو برادەرانە توخنی خوێنـدنەوە نـاکەون... قەینـاکە! بەلای مـنەوە واچـاکە لەم جـۆرە نەشیاوانە بێ دەنـگ نەبـم و بە تۆمـارێکی دیکـۆمێنتی دادەنـێم و لە پاشـەڕۆژدا دەبێـتە هـۆی سـەرفرازی بوڵنـد پەروازی ڕووح و ڕەوانـم، بۆیە دەڵێم: سەد خۆزگەم بە سـەردەمی بێتەلـی ئەوسـا، بەس نیـیە هی هەمووان نەبوو !

# درۆیە کاوە زوحاکی نەکوشتووە!

زوحـــاک لە مێــژدا هەبـــووە و ئێســـتایش هەیە و لە داهاتوویشـــدا لەناوچوو نابینێت. زوحاک دیاردەیەکی مەیـدانی و سـایکۆلۆژییە و لە فکر و دەروونی میللەتاندا ملّق دەدا و هەر میللەتێک بە شێوەیەک لە شـێوەیەکان تەجەسـوومی زوحاکێـک دەکـا و دوورئەندازیشـی بـۆ دادەنـێ. ئـێمە وەک مـاد و کـوردی ئەم دۆڵە و بنـاری چیاکـانی ئەم زاگـرۆزە، میتالۆژیـا و تێفکرینـی مێژوییمـان لەگەڵ گەلانـی تـردا جیاوازە، لە بنەمادا جێگە و شوێن و جۆری ژینگە تـا ڕادەیەکـی زۆر چـۆنییەتی تایبەتمەنـدی ئەفسـانەکان و شـێوەی تێفکـرین گەڵاڵە دەکات و بەلای خەڵکە زۆرەکەوە وەک مێژووی ڕاسـتەقینەی ڕابـردوو پێناســە دەکرێــت و بە مێــژووی ڕاســتەقینە دەیــدەن لە قەڵەم. هەتاوەکوو چیرۆکە خۆماڵییەکـانیش بە گـوێرەی ژینـگە جیـاوازن. لە کوردسـتاندا چیرۆکـی ئەفسـانەیی زۆرن و بڕێکیـان پەیوەنـدن لەگەڵ دەڤەرەکەدا. ئاو لە گەرمیاندا نیازێکی تێکڕاییە، بۆیە ڕەنگـدانەوەی لە تێفکرینـی دەروونیـدا کـاریگەریی خـۆی هەبـووە، چیرۆکـی سـەیر سەیریان بۆ سازاندووە. ئەژدیهایەک بەری ئاوی دەڤەرێک دەگرێـت و هەفتەی قوربانییەکی پێشکەش نەکرێت ناجووڵێتەوە و بەری ئـاوەکە بەرنادات. (موڵک محەمەد) ناوێک بە ڕێبواری گوزەری دەکەوێتە ئەو دەڤەرە و ئەژدیها دەکوژێ و بەری ئاو بەر دەدا .



دیاره ئێمەی کورد له مێژەوه خاوەنی ڕاستەقینەی چیاکانی زاگرۆز و دەوروبەرەکەین. بۆ نموونه زۆربەی ئەفسانه میتالۆژییەکانیش هەر هی کورد بوونه. شتێکه لەبەر کەمدەستەڵاتی و ژێردەستەیی میللەتانی دەوروبەر ئەویش وەک سامانەکانی تری چەپاوکراون و بوون به مولّکی گەلانی دەستڕۆیشتوو. بکوژ و ببڕ و تالانکەرانی عارەب له ئێراندا له سەردەمی فیردەوسی (٩٢٠- ١٠٢٠) و پێش ئەودا له عەقڵی فیردەوسیدا هەمیشه کاردانەوەی خۆی هەبووه، بۆیه کارەکتەرێکی وەک زوحاکی کردووەته عەرەب و داگیرکەری وڵاتەکەی. دیاره له کورد بێدەستەڵاتری له دەڤەرەکەدا نەدیوه، بۆیه چڕنووکی له مێژووی "ماد" گرتووه و دوا شای "ماد" "ئەژدهاک"ی کردووه به زوحاک و ئیتر داستانی شەیتانی بەلای هەمووانەوه زانراوه. له شانامەکەی فیردەوسیدا قارەمانه سەرەکی و لاوەکییەکان دەسنیشان کراون. سەرەکییەکان پەنجا ناون، (٤٩) پیاون و یەکێکیان ئافرەته. دووسەت و پەنجا قارەمانی لاوەکی تێدایه، یەکێک لەو قارەمانانەی "کاوه"یه، ئەویش له بیست و نۆ بەیتدا، که سەرجەم شانامه (٦٠٠٠٠) بەیتی شیعرییه، تەنها له (٢٩) بەیتدا ناوبراوه .

کەسایەتیی (زوحاک یا ئەژدهاک یا ئەستیاک) که هەر سێیان یەکێکن وەنەبێ له ئەفسانەکاندا نەبووبێت، هەبووه شتێکه به گوێرەی لێزانی و چاوساغی "فیردەوسی" وای لێ کردووه تا به گوێرەی داستانەکەی ئەو بیناسین، ئەگینا له ئایینی زەردەشتیدا به

وردی باسـی له (ئـاژی دهـاکه)ی کـردووه و لەو ڕووەوه دەڵێـت:" کــاروکردەوەی درۆ و درۆزنـــی و هەڵخەڵەتانــدن و کــاروکردەوەی "ئەنگرەمینیــو" ئەهریمەنــانه، زۆرتــر لەنــاو تــوێژی دێوەکــانه بەناوبانگترینیان زوحاکه (ئەژدی هـاکه). زوحـاک سـێ سـەر و سـێ پـۆزه و شـەش چـاوی هەبـووه، سەرتاسـەری لەشـی وەک گـوێچکه ماسی وایه و لەشی پڕە له دوپشـک و گیـانلەبەرانی ئـازاردەر. ئەگەر لەشــی هەڵبــدرێت جیهــان پــڕ دەبێــت لەو جــانەوەرانه و ئــازاری بەشەریەت دەدەن." زوحاک سەت ئەسپ و هەزار گا و ده هەزار مەڕ بەدیـاری بـۆ دەنێریـت (ئاناهیتـا –ناهیـد)ی فریشـته تـا لێـی گەڕێ ئەوی بەســەر زەویەوەیه لەنــاو ببــات بەوه دەســتبەردار نابێــت له کۆشـکه ڕازاوەکەیـدا که تەواوی کۆڵەکەکـانی له زێـڕ دروسـت کـراون بەسەر تەختی زێـڕینەوه دادەنیشـی فەرمـانی قوربـانیکردن دەدا بـۆ پێشگای (ئاناهیتا) و (رای)، که هەردوو یەکێـک بـوون له خواکـان، بەڵام هەردوویان داواکەی زوحاک ڕەد دەکەنەوه. (ئەژه دەیهاکه) یـا زوحاک که یەکێکه له نەوەکانی خودی ئەهـریمەن بەوه ڕازی نـابێ و دەکەوێـــته تەقەڵای کـــوژانەوەی "ئـــاگر"ی پیـــرۆز، بەڵام (جەم)ی دەســـتەڵاتدار و بەتوانــا بەری دەگـــرێ و نــاهێڵێ ئــاگری پیــرۆز بکوژێنێتەوه .

زوحاک تـۆڵەی خـۆی دەکـاتەوه و دوو کـچەکەی (جەم) دەڕفێنـێ و خودی جەمیش به هەڕه دوو لەت دەکات. ئەو سەرکەوتنەی زوحـاکه زۆر ناکێشـێ (فەرەیـدوون)ی قارەمـان دوو کـچەکەی (جەم) ڕزگـار

دەکا و زوحاکیش لە چیای دەماوەندا زیندانی دەکا و لەوێڕا تا ئاخیرزەمان بەند دەبێ کە بەڕەڵا دەکرێت دووبارە پەلاماری جیهان دەداتەوە، یەک لەسەر سێی گیانلەبەران قووت دەدا و زەرەر و زیانێکی زۆر بە ئاگر و ئاو و سەوزایی دەگەیەنێت. سەرەنجام زوحاک لەلایەن (گەرشاسپ)ەوە دەکوژرێت. لەم گێڕاوەیەدا کە بە سەرچاوەی سەرەکی دەژمێردرێت. (کاوە)یەک بەدی ناکرێت لە گۆڕانکارییەکەی (فیردەوسی) ناو شاهنامەیدا. کاوە کەسایەتێیکی گەلێک لاوەکی ناو شانامەیە و تەنها بە بیست و نۆ دێڕ ناو دەبرێت، کە دەرواتە لای زوحاک و دەڵێت: ٢٣کوڕی هەبووە، بیست و دوویان کوژراون و مێشکیان دەرخواردی مارەکانی سەرشانت دراون، ئەوەسا دواکوڕیشم هێنراوە تا سەری ببڕن. زوحاک فەرمان دەدا کوڕەکەی بدەن بەدەستیەوە با بڕوا، ئەویش لەگەڵ کوڕەکەیدا پەنا دەبەنە بەر (فەرەیدوون)، کە دژ بە زوحاک لە شۆڕشدا بووە. لێرەیش زوحاک دوو خوشکی فەرەیدوون دەڕفێنێ و لە دەرباردا دەستبەسەریان دەکات .

لە شەڕدا فەرەیدوون زاڵ دەبێ بەسەر زوحاکدا، دەیەوێت بیکوژێت، دوو فریشتە لە ئاسمان دێنە خوارەوە و دەڵێن: مافی کوشتنی زوحاکت نییە، دەتوانی لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی چیای (دەماوەند)دا دەستبەسەری کەیت. دەمەوێ ئەمەی بڵێم: ئەم کاوە چەکووشبەدەستەی لای خۆمان نە لە ئەفسانەکانی ئایینی زەردەشت دایە و نە لە شانامەکەی فیردەوسیشدا بوونی هەیە. ئەگەر

قارەمانێکی وەک کاوەی لای خۆمان لە شانامەیدا هەبووایە، "فـارس" بە ئاسانی دەیهێڵا ببێت بە موڵکی مامە کوردەی مەزڵووم؟

ئەوە خەیاڵە، ئەوە مەحاڵە!

زوحاک لە مێژوودا هەبووە و ئێستایش هەر هەیە و دوێنـێ بـوو نەک زوحاکێـک چەنـد زوحاکمـان بە چـاوی خۆمـان دیـوە. ئەو کـوردەی ڕۆژگـاری ڕەشـی ١٦ی ئۆکتـۆبەری لەبیربچێـت، خیـانەت لە شـیری دایکشی دەکات.

ڕەفتارەکـانی عیبـادی، گفتارەکـانی عیبـادی، کردارەکـانی عیبـادی و حەسـەن پلایـز هـیچ زوحاکێکیـان پـێ نەدەگەیشـت. ئەو ئەهـریمەن سفتانە، هەمیشە زوحـاک ئاسـا دەرگایـان بە ئەم مـیللەتە گرتـووە و چاوەڕوانی هەلن و لە فرسەتا ژەهری خۆیان دەڕێـژن. ئەوی جـێگەی داخ و ئـاخە، فرسـەتەکان لەلایەن دز و دەخەڵ و خۆفرۆشـەکانەوە دەڕەخسێنرێت. ئەگینا ئەم خاک و بـوومە نە نـاڵ شـێل کـراوە و نە تانگرێژ، ئەگەر پاڵپشتی خیانەتکاران نەبـێ، نە حەسـەن پلایـز و نە حوسـێن دەرنـافیز بە ئاسـانی پۆسـتاڵ نـاخەنە سـەر پەرچەمـی کوردستان و نێرگەلەی سەرکەوتن بکێشن.

# ژەنراڵ عیبادی

ئەگەر لێم گەڕێن توخنی هیچ دەمارگرژییەک ناکەومەوە و ئەمڕۆیانە، سەردەمانە، موعادەلە ئینسانییەکان هەڵدەسەنگێنم و سنووری خۆم و خەڵک دەپارێزم و پا لە گلێمی حەق و حەقیقەت درێژتر ناکەمەوە .

دەزانی چ بەهەشتێکە، چ لەزەتێکە ددان بە ماف و لێهاتوویی خەڵکدا بنێیت، هەر نەبێ بە ئەندازەی نیوەی تەماحی لێهاتوویی خۆت.

لە چوارتەنیشتێکدا دەژین بە کوردستانی لای خۆشمانەوە زۆر شت لە ئەندازەی خۆی دەرچووە، ئیتر ئەوە دەمارگرژییە، خۆ بەزلزانینە، واقیعیانە نەنواڕینە، تۆماری ویژدان دڕینە. بێ لێکدانەوە و پاساو ساڵ بەساڵ دیاردە نەشیاوەکان زۆرتر دەبن و کەم ناکەن، ئەوە خیانەتیشی هاتە پاڵ!

خاشوقچی ناوێک کوژرا، دونیا هاتە جۆڵان و لەرزین، هەر دوێنێ بوو بە دوای ١٦ئۆکتۆبەردا سەدانمان لێ کوژرا، هەزاران ماڵمان وێڵ و ئاوارەی دەڤەرەکان کران، ئاو لە ئاو تەکانێ نەخوارد، کەسمان لەسەر نەهاتە جواو، کەس خۆی نەکردە خاوەنمان و ئەوی کردیان

کردیـان و تـازه چەپڵەشـیان بـۆ لێـدرا. هەمـوو کوردێـک له خـۆی دەپرســی ئەو کەمتــرەخەمییەی دونیــای پێشــکەوتووه دەرحەق به ئێمەی کورده پیشەیانه یا تاوانی خیانەتکارانی خۆمـاڵی بـووه؟ کـێ کلیلی دەر و دەروازەی کەرکووکی دا به دەسـتی دوژمنـانەوه؟ ئەگەر ئەو خیـانەته نەکرابـا، ئایـا هەڵوێسـتی دۆسـت و دوژمنانمـان ئەمه دەبوو که دیمان؟

ئایا هەتیـوگەلی حەشـدی دەیـانتوانی پـەرچەمـی کوردسـتان پاشـێل کەن و نێرگەلەی بەسەرەوه بکێشن؟ ئێمەی کورد زەمانێکه دووچاری دەعبایەکی ناهاڵین وەک دیمان دەعباکان بەم هەمـوو ناڕێکیەمـانەوه کەوتنه کلـکه لەقـێ و دەر و دەروازه و ئاسـمانیان لێمـان تەنیـیەوه، ئەوەشمان زانیوه ئەوەتەی دەوڵەتـی عێـراق دروسـت بـووه له سـاڵی ١٩٢٠له هیچ قۆناخێکدا دۆستانه نەیانڕوانیوەته مافه ڕەواکانی ئێمەی کـوردا و بەپێـی توانـا ڕق و کیـنەی خۆیـان ڕشـتووه و دوژمنـانه ڕەفتاریـان کـردووه. ئـێمه ئەوانمـان به داگیـرکەر زانیـوه، ئەوانـیش ئێمەیـان به یـاخی داوه له قەڵەم. بەپێـی یاسـا و ڕێسـای دەوڵەتـی عێــراق هــیچ بەنــد و مــاددەیەکی قــانوونی مــافی ئــێمەی تیــادا نەپـارێزراوه، بـۆیه هەرچییـان کـردووه لایـان وابـووه بەپێـی یاسـا دەیکەن. ئەو هەموو خـوێنه ڕژا، ئەو هەمـوو خوێنەیـان ڕشـتین، ئەو هەموو خەڵکەیان کوشت سەرەنجام خوێنی ناهەق یەخەیـانی گـرت و بەو ئاکامەیانی برد.

ئێ ئەوان گۆڕبەگۆڕ کران، دونیایەکی تازە هاتە کایەوە، ئەو کاتەی لە پەرلەمانی عێراق بووم، لەبیرمە لەسەر بەندێکی دەستوور، چەند ڕۆژ گفتوگۆ کراوە، هەر ئەم سەردەمدارانەی ئێستای عێراقە دانە دانە لە نووسینی دەستووربوونە و واژوویان کردووە. بەپێی بنوودی دەستووردا مافی گەلانی عێراق دەستنیشان کراوە و پارێزراوە، کەچی لە عەلاوییە بگرە تا جەعفەری و تا مالیکی و هەم مالیکی ئینجا عیبادی تا سەردەمی ژەنرالیەتی عیبادی هەر هەموویان دەستووریان پاشێل کردووە، مالیکی نانی خەڵکی کوردستانی بڕی، بەڵام خەڵکی نەکوشت، عیبادی ئەوانەی مالیکی کردی، کردی و کوردیشی کوشت. چەکی قەدەغەکراوی بەکارهێنا، دەستووری لە لیتاوا هەڵژەنی، ئاخر ئەو خۆی بە ژەنراڵ (ژوکۆف)ی دوای شەڕی "ستانلینگراد" دەزانی. ئێمە ئاگاداری سەردەمی ئۆپۆزسیۆنی سەردەمی سەدامین و لە تەواوی تەقەلا و ملمەلانێ و کۆنفرانسەکانی ئەو دەمەی ئۆپۆزسیۆندا با یەکێک بڵێت من عیبادیم دیوە. لەو سەردەمەیدا عیبادی کرێکاری ناو ئاسانسۆری بەشی عەرەبی B.B.C))بووە. دوگمەی سەروخواری ئاسانسۆری پەنجە پیا دەنا، بازی بەخت نیشتە سەر کوڕە کەچەڵەوە و کرایە سەرۆک وەزیران. لە عێراقی تازەیشدا مەسینەهەڵگری مالیکی بووە، ئەوەندە کەمنمو و دوور لە کاریزما بوو دوو دەورە لەگەڵ یەکدا لە پەرلەمان بووین، بۆخوا یەکجار پێم نەوتووە (مەرحەبا) تا ئێستا نەزانراوە ئەم زەرنەقوتەیە چۆن (هوما)ی بەخت نیشتە سەر کوڕەکەچەڵەوە و

کرایە سەرۆک وەزیران. ئیتر ئەوە قودرەتی قادیرە، دوای ئازادکردنی مووسڵ و تەلەعفەر و حەویجە هەموو کوردێک دەیزانی عیبادی مەست و مەغروورى ئەو سەرکەوتنانەیە و هیچ قەدر و بەهایەکی ئەوتۆی بۆ پێشمەرگە و هاوپەیمانان دانەنا. وای دەزانی بەو ئاسانییەی ئەو دەڤەرانە ئازاد کراون، لەوەیش ئاسانتر دەتوانێ کوردستان داگیر بکات... ریفراندۆمیش نەکرابا، عیبادی پەلاماری خۆی هەر دەدا، بەڵام ئەگەر ئەبوو"ڕوغال"ـەکان دەرودەروازەیان بۆ نەکردایەتەوە بە خەویش بەو ئاسانییەی نەدەڕۆیشتە ناو کەرکووکەوە .

شەڕ سەرکەوتن و دۆڕانی تێدایە، ئەو نامەردی و قین و ڕق و بوغزەی لە عیبادی بینراوە، ئەگەر بە وردی لە یەکبدرێتەوە، لە عەلی حەسەن مەجید کەمتر نەبووە.

ڕیفراندۆم کرا، خیانەت بە دوایەوە و پەلاماریش بەدوایاندا هات. ئەوی لە کوشتن و بڕین و داگیرکردن پڕ ژانتر بوو ئەو هەموو بڕیاردانەی پەرلەمانی پێشووبوو کە لە سێ کاتژمێردا هەژدە فەرمانی دۆزەخییان وەدەرهێنا و قەدر و قیمەتی ئەم میللەتە کەوتە ژێر دەستی فسفس پاڵەوانێکی وەک " هەیسەم جبووری" و ژنە نازدارەکەی خێڵی فەتلە حەنان خانم. ئەوی لە پەرلەمانی پێشووی عێراقدا ڕوویدا، لە هیچ پەرلەمانێکی تری سەر ڕووی زەویدا ڕووی نەداوە. ئەوی توانییان کردیان، ئەوی ویستیان بردیان.

با جارێ لە خیانەتکاران گـوزەرێین... هەر نەبێ جـارێ... لە پـێش پەلامـاری داعشـدا وەک پێشـمەرگەیەکی ئەیلـوول بیـرم دەکـردەوە و دەموت ئەگەر رۆژگارێـک دوژمـن پەلامـاری دایـن، پێشـمەرگەکۆنەکان پیربوونە و پێشمەرگەی ئێستایش شەڕیان نەدیوە و زۆرتر کارمەندی دەوڵەتن تا پێشمەرگە. رۆژگارێکی نادیار و تاریکم لە ئـاوەزدا گەڵاڵە دەکـرد- چەنـد هەڵە بـووم- نەمـدەزانی ئـازایەتی ژنیتیکـیە و لە خوێندایە، شـەپۆلێکی غیـرەت و غـروورە و ڕەواج دەداتە هەڵـمەت و پیـاوەتی وەک بینـرا ئـاوازە و ناوبـاوی ئـازایەتی پێشـمەرگە لە سەرتاسـەری جیهانـدا دەنگـی دایەوە. ئـاخر هەڵـۆ و بـاز نمـوونەی شـانازی و پەلامـارن، لە سـەرەتاوە تـازە کـارن، کە چەشـە دەکـرێن نیچریان لە چنگ وەدەرناچێت... بەڵێ پێشمەرگە هەڵۆیە .

ئەگەر هەڵـۆ نەبـوایە، نەیـدەتوانی پـۆزەی داعـش و شـڕەخۆرەکانی حەشد و ژەنڕاڵ عیبادی لیتاو و ماڵ کـا. بە شـەهادەتی چاودێرانی جیهان ئەو سێ پەلامارەی ژەنڕاڵ عیبـادی و هەتیـوگەلی حەشـد بـۆ سـەر کوردسـتان " پـردی مەخمـوور سـحێلا" کە چـۆن ڕسـواکران پەنجەمۆری بۆ دلاوەرانی پێشمەرگە و (کوردستان یان نەمان) .

وڵاتێکـی سـەیره! کـابرا ملیارەهـا دەدزێ و دەدرێـتە دەسـت فەرامۆشییەوە... کابرا حەی عەلاسـەڵات دەسـتوور پاشـێل دەکـات و ئەوی قەدەغەیە دەیکا، کەچی هیچ جـۆرە لێپرسـینەوەیەک لە ئـارادا

نییە... ئەی ئەم هەموو پارێزەر و یاساناسەی لە کوردستاندا هەن بۆچی بێ دەنگن؟ چی تیا ماوەتەوە؟

بۆچی شکایەتی ئەم هەموو قوربانی وماڵوێرانی کوردە ناخەنە قاڵبی یاساوە؟ دەڵێن سبەی، کام سبەی؟ لەناو میللەتانی بە فەرهەنگدا سبەی یانی ئەمڕۆیە، ئەمە دەمارگرژی پێ ناڵێن، ئەمە بە زیادەڕەوی لە قەڵەم نادرێت. مافێکی ڕەوای یاساییە هەر دەبێ ژەنراڵ عیبادی سزا بدرێت. قەینا جێبەجێ نەکرێت، ئەمە عێراقە، سەد دیزە بە دەرخوونە کراوە، هەر نەبێ یان ژەنراڵ عیبادی حەسەن پلایز حوسەین دەڕنەفیز بزانن شار بێ خاوەن نییە و حەق ئەگەر کۆنیش بێت نافەوتێت .

وا بڕوات ئاش هەمان ئاشە، ڕاستە ئێمەی کورد پەلامار دەرنین، بەڵام بەربەرەکانی و بەرگەگرتن تا مردن خسڵەتی ئێمەی کوردە، ئەی ئەمە تاکەی؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە قیادەی کورد شێوازی خۆی بگۆڕێت و سەروکاری لەگەڵ ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا پتەوتر کا و لە ڕووی مەنهجیەتەوە نەک میزاجیەت بکەوێتە تەقەلایەکی بەربڵاوی جیهانی و سەر بە کونی هار و ماردا بکا بۆ سەلماندن لە دونیای ئازادا. دڵنیابن... ئەوانەی ئەو خوارە تا بتوانن ددان بە مافی ڕەوای کورددا نانێن و زەمان دەگوزەرێنن... ساڵێک، دوو، ئەمە پانزە ساڵە بەشەڕ و بە ئاشتی دەمان لاوێننەوە و چاوەڕوانی هەل و فرسەتن.

فرسـەتەکان وەک دیمـان جۆراوجـۆرن، بـوجەنەدانە مـووچەبڕینە، هەڵخەڵاتانـدنی هەرزەکـانی خۆمـاڵییە، درۆ و دەلەسـە و بوختـانە، چەواشـەکاری لە ڕێکخراوەکـانی جیهـانە، هانـدانی دراوسـێکانە، کە بەرانبەر کورد (بەترێک بەنن) وەک دیمان تەنها بۆ سێ وشە (بەڵێ بۆ ئازادی کوردستان) چ گۆبەنێکیان نایەوە .

بە تەئکید زمان و لۆژیکی هەزارەی سێیەم لەگەڵ هەزارەی دووهەمدا جیاوازە، لە فەرهەنگی ئەمڕۆی جیهاندا مرۆڤ قیمەت و قەدری خۆی هەیە، با سوود لەو فەرهەنگە وەرگرین و لە جوێی دەوڵەتەکـان پەنـا ببەیـنە ئەو مـیللەتە پێگەیشـتووانە و بکۆشـین مەزڵـوومیەتی ئەم مـیللەتە بسـەلمێنین و بیـانکەینە هاوفکرمـان، ئـاخر ئـێمە یەشـتا نەمانتوانیوە ئەنفال بە جینۆساید بناسێنین. ئێمەی کـورد چارەمـان لە شێوەی گۆڕینی ململانێدایە... دەیالاّ بیسمیلا...

ئـێمە بەدبەختیـی و گرفتەکانمـان یەک و دوو نـین، یەک لە گـرفتە گەورەکانمـــان زۆربەی زۆری قیـــادەی کـــورد لە ســـاڵێکدا کتاوێـــک نـاخوێننەوە. بەشـداربوون لە کـۆڕ و کـۆمەڵی ڕۆشـنبیراندا ئەوە هەر مەپرسە!

مەحـاڵە ئەو (تەنـازووڵە). هەر ئەو جـۆرە تێفکـرینە بـووەتە هـۆی دابەزینـــی ئاســـتی رۆشـــنبیری تێکڕایـــی و قەدر و قیمەتـــی قەڵەمبەدەستان. ئەوە موعادەلەیەکی تۆمارکراوی جیهـانییە، گەلێک ڕێـز و حـورمەت لە ڕۆشـنبیرانی نەگرێـت، مەحـاڵی مەحـاڵە لە

قۆنـاغێکەوە بـڕواتە قۆنـاغێکی تـر. ئیـدی بەم هەمـوو دوژمـن کـارە کردارانەوە، بەم هەموو ڕەفتارە ناڕەوایانەوە، کە دژی میللەتی ئێمەی کـورد و هەرێـم کـراوە و دەکرێـت. ئەوەسـا پـایتەختی هەرێمـی کوردستان یەکێکە لە پێنج ئارامترێن شارەکانی جیهان لە ڕۆژهەڵاتـی ئاڵۆزی پڕ لە شەڕ و هەرا و ململانێدا ئاسایش و ئارامی وا پـارێزراو بێـت بەم هەمـوو نـاهەقیەوە نەتـوانرێ ددان بەوەدا نەنرێـت... ئەوە بۆخـۆی بەڵگەیەکـی ڕوون و ئاشـکرایە، ئـێمەی کـورد میللەتێکـی ئاشتیخوازین و دەژین بۆ ژیان. ..تـوویش نەکـرێین لە توونـدوتیژی و یاساشـکاندنەوە بەدووریـن، ئەگەر لێمـانگەڕێن و شـەڕمان پـێ نەفرۆشن، کە دەیفرۆشن.

# بۆچوونێك

ئەکپاتانا پایتەختی دەسته‌ڵاتی" ماد" بووه، "هیرودوت" مێژوونووسی یۆنانی پێش زایین دەربارەی ئەکپاتانا دەڵێت:" ئەو شاره حەوت شوورەی بەدەوردا هەبووه، هەر شوورەیەکی به ڕەنگێک و نێوانیان چەندان گالیسکەی جەنگی بووه شانبەشان توانیویانه پڕتاو بڕۆن. کۆشکی شا و دەسته‌ڵات له چەقی شاردا بوونه و به دەوریدا کۆشک و ساختمانی جۆراوجۆر بونیات نراون. میللەتی ماد نزیکەی پێنجسەد ساڵ ژێردەستەی دەسته‌ڵاتی ئاشوورییەکان بوونه، سەرەنجام دەسته‌ڵاتی ئاشوور لەلایەن لەشکری داخ له دڵی مادەوه لەناو برا، شاری نەینەوای پایتەختی ئاشوور نەک تەنها سووتێنرا، بەڵکوو بەردی بەسەر بەردەوه نەما و کرایه تەپۆڵکەیەکی گەوره .

دەمارگرژه فارسەکان له زەمانی محەمەد ڕەزاشای دەرکراودا، که جەژنی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵەیان ئەنجام دا، سەدوهەشتا ساڵی دەسته‌ڵاتی مادیان لەسەر مێژووی ئێران ئەژمار نەکرد و برادەرانی ئێستای ئێرانیش هەر وەک ئەوان تێدەفکرن و به هیچ جۆرێک مەلەفی دەسته‌ڵاتی ماد ناخەنەڕوو، ئەو پشتگوێخستنه ناتوانێ ڕووخسار و ڕووی هەقیقەتی مێژوو داپۆشی. لێره و لەوێ ئاسەوارەکانیان ماون .

زانستی میعماری زنجیریەکە پەیوەندە بە یەکەوە، چاتمەیەک لەپڕ پێک نەهاتووە ئەو چاتمەیە زادەی فکری خێزانێکی میعمارییە و بەپێی قۆناغی جۆراوجۆر گەیشتووەتە ئێستا، گوڵتە و پایە بنەماڵەیەکی ڕیشووداری دونیای میعمارییە، وردەکارییەکانی تەلارسازیی ئەوانیش پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە بە گوێرەی ژینگەی وڵاتان گۆڕاوە تا گەیشتووەتە ئێستا .

ئەوە حاشاهەڵنەگرە هیچ شێوە و شەمایلێکی میعماری لەپڕ پێک نەهاتووە و وەک ڕابردوو ڕەچەڵەکی تایفەکانی مرۆڤە. ئەگەر جیاوازی لەنێواندا دەبینرێت ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ژینگە و کەرەستەی خۆماڵی، دەمەوێ ئەوە بڵێم: ئەوەی مەحاڵە کۆشکەکانی (پرسپۆلیس)، کە لە سەردەمی کۆرش و خشاپارشادا دروست کراون، زادەی فیکر و هونەری دەستەڵاتی سی چل ساڵی دەستەڵاتی دەوڵەتی هەخامنشیان بن، ئەگەر سەدوهەشتا ساڵ دەستەڵاتی ماد و کارە میعمارییەکانی ئەوان نەبووایە مەحاڵە (پرسپۆلیس) دروست کرابا .

دەی ئەوە زانراوە ، مێژوو دەستنووسی دەستەڵاتدارانە، ئێمەیش ئەوە دووهەزار و پێنج سەت ساڵە بێ دەستەڵاتین و پەیڕەوی پایەتەختە بیانییەکانین و ئەوانیش لە وژدانەوە دوورن. میعماری و گەشەکردنی دونیای میعماری ئەوسا و ئێستا و بۆ هەمیشەش پەیوەندە لەگەڵ دەستەڵاتدا، مەحاڵە میللەتێک بووبێتە خاوەن



شێوەیەک میعماری ئەگەر لە دەستەڵاتی خۆیەوە بەدەر بێت. ئەوە دەستەڵات و دارایی دەوڵەتەکانە بیر لە سازندەگی و تەلارسازی شکۆمەندی کۆشک و کاخ و قسوور کردووەتەوە، لەبەر هەیبەت و ترس و تۆقیانیش بووە ملهوڕەکانی مێژوو دەستیان داوەتە تەلارسازی، ئێستایش دەوڵەت و دەستەڵاتی ئێرە و ئەوێ، ئەگەر ئابوورییەکی جێگیر و دەستەڵاتێکی پتەو و دامەزراویان نەبێت مەحاڵە بتوانن بیر لە بواری تەلارسازی بکەنەوە. ئەوە موعادەلەیەکی ناسراوە، پێشکەوتنی تەلارسازی پەیوەندە لەگەڵ ئابووری و ئاسایش و ئەکادیمیەتدا.

ئێمەی کورد لە چوار تەنیشتێکدا دەژین، سێ میللەتی داگیرکەر وڵاتەکەمانیان داگیر کردووە بە ئەوپەڕی توانایانەوە ئەوە بۆ هەزار ساڵ زۆرتر و بڕێکیان لە دوو هەزار ساڵیش بەسەرەوە لە تەقەلای لەناوبردنی زمانەکەشماندا بوون، ئیتر بێ ڕەحمانە کۆشاون بۆ لەناوبردنمان، خۆشبەختانە زمانەکەمان هێندە بەهێز و پتەوە نەیانتوانی وەک شتی تر قووتی بدەن .

قوتابخانەی میعماری ئیسلامی شکڵ و شەمایلی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێ و ناسراوە. لە بیرمە کۆڕێکم لە مەجمەعی عێراقی گرد دەربارەی (بنەماڵە میعمارییەکانی جیهان)، کە هاتمە سەر بنەماڵەی میعماری ئیسلامی لە گفتوگۆدا تووشی گرفت و

تۆمەت هاتم، کە بۆ نەموتووە بنەماڵەی میعماری عەر ەبی ئیسلامی و تەنها وتوومە بنەماڵەی میعماری ئیسلامی. هەتاوەکوو یەکێک لە سەرۆک زانکۆکان بە ئالۆزییەوە وتی: من لەوە دڵنیام تۆ (شعووبی)ت لەو سەردەمانەیدا شوعوبیەت تۆمەتێکی گەورە بوو، منیش بۆ ئەوەی گاڵتەی پێ بگرێ وەڵامم دایەوە: دکتۆر تۆ بە هەڵەدا ڕۆیشتووی، من نەک تەنها شعووبی بم، بەداخەوە سونی مەزهەبم، حەزم دەکرد شیعەیش بامە .

هۆڵەکە بوویە قاقای پێکەنین، کابرا کەوتە تەنگە بەرییەوە و نەڕاندی و وتی: سوورم لەسەر ئەوە کە شعووبیت!

بەندەیش نەمدەویست وردەکاری مێژووی میعماری ئیسلامی ڕوونکەمەوە، ئاخری ڕووم کردە کابرا و پێم وتم: مادام وای لێ هات، گوێم لێ بگرە...

من وەڵامەکەت بە پرسیارێک دەدەمەوە: ئایا سەرەتای میعماری ئیسلامی لە یەکەمین مزگەوتەوە دەستی پێ نەکردووە؟

وتی: بەڵێ:

وتم: یەکەمین مزگەوت دیوارەکانی لە قووڕ بووە و بنمیچەکەیشی لە سەعفی دارخورما بووە، هەر لەو سەردەمەیدا دوو بنەماڵەی میعماری پڕ لە زەڕافەت لە چەپ و ڕاستی جەزیرەتولعارەبدا شانازییان دەفرۆشتە بینەریان.

یەکەمیان بنەماڵەی میعماری ساسانی.

دووهەمیان بنەماڵەی میعماری بێزەنتی.

هەستە برۆ سەر بانی ئەم ساختمانە و بنوارە! باشووری بەغدایدا بەناوبانگترین تاقی دونیا بە چاو دەیبینی ئەوە پاشماوەی شاری (تیسفون)ە ناسراو بە تاقی کیسرا.

مزگەوتی ئێستای ئیسلام لە دوو شت پێک هاتووە (تاق و پایە) تاقی سەردەمی ساسانییەکان و پایە و گوڵتەی میعماری بێزەنتە.

لەگەڵ ئاوا دەمارگرژیەکدا میللەتە مەزلوومەکان ژێردەستی عەقلیەتی وابێ مەعریفەت عەوزەلکردنی مەرجەکانی ژیان مەحاڵە تا بگاتە میعماری و هونەر و چڵ و لکەکانیدا .

ئێمەی کورد لە دەستەڵاتەوە دووربووینەو ئابووریمان پەیوەست بووە بە پایتەختی داگیرکەرانمانەوە بووە بە قنیات (لێرەیەک یان تمەنێک، یان دینارێک) تەرخانکراوە بۆ ئاوەدانی ولاتەکەمان و بە پێچەوانەوە وەکوو مانگایەکی شیردەر هەمیشە ولاتەکەمانیان دۆشیوە، ئیدی لە کوێنەوە دەبینە خاوەنی میعماری؟

ڕەنگە یەکێک بڵێ چۆن میعماریمان نییە، ئەوە ساختمانەکانی ناو قەلای هەولێر نییە؟ ئەوە ساختمانەکانی شاری سنە نییە؟ ئەوە چەندان ساختمانی جۆراوجۆر لە کوردستانی باکووردا نین؟

ئەو پرسیارە بەجێیە... من باسی ساختمانێک ناکەم وەکوو چێشتی مجێور وایە دەر و دیواری هی میعماری عوسمانییە و سەقف و موقەرنەسەکانی هی میعماری ئێرانییە، پایە و ڕوخساری هی میعماری ئیسلامییە، ئەوە ئێرە .

لە باکووردا میعماری عوسمانی ئەبعادەکانی ناسراوە و بە هەر کویەکیدا بنواڕی شکڵ و شەمایلی دەمی (سینان)ی تەلارسازی عوسمانی پێوە دیارە، شاری سنە و ساختمانە مێژوویەکانی بەشێکە لە میعماری سەردەمی قاجاری و سەفەوی. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئێمەی کورد وەک گەلانی تر تەماحگیری شێوەی تایبەتمەندی تەلارسازی خۆمان نەبین.

میللەتانی پێشکەوتووی دونیای میعماری لە هیچەوە دەستیان پێکردووە و بوون بە خاوەنی تەلارسازی خۆیان. بەندە دە ساڵ لەمەوبەر کردمە بانگەواز بۆ دەوڵەت و دەستەڵات تا شەقامێک لەناو شاری هەولێردا تەرخان کرێت بۆ بەدیهێنانی میعماری نەتەوایەتیمان، بەپێی مەرجەکانی چاوساغانی دونیای میعماری چەند مەرجێک تەرخان کرێت بۆ ئەو شەقامە بە گوێرەی ئەو مەرجانە لەوێڕا ساختمان دروست بکرێت... هەوڵم زۆردا، دەستەڵات گوێی لێ نەگرتم، ئێستایش زۆر درەنگ نییە و دەتوانین لە سبەینێوە دەست پێ بکەن. میللەتانی دونیا بەم قۆناغی ئێمەدا گوزەراون هەتا وەکوو چاوساغیان لە دەرەوەی وڵاتی خۆیانەوە هێناوە و بەپێی

بەرنامەیەکی لە یەکدراوە بەردیان لەسەر بەرد داناوە و گەیشتوونەتە شێوەی میعماریی خۆیان .

جا خوێنەری بەڕێز: ئێمەی کورد لە هیچ میللەتێکی دەوروبەرمان کەمتر نین (ئەگەر لێهاتووترنەبین) ئەم تەماحە نەتەوایەتییە وەک زۆر شتی دابەش نەبێتە سەر حزبەکاندا با پێکەوە تێکڕا بۆی بکۆشین دوور لە حزبایەتی و دوور لە شارچییەتی و زۆر چێتی تر، با بکەوینە بەرد لەسەر بەرد دانان تا دەگەینە قۆناغی پڕ لە زەرافەتی تەلارسازیی خۆمان. (هەی هاوار) دەستەڵات و حزبەکان هیچ کامیان گوێ لە ئاوا بانگەوازێک هەر ناگرن... با نەیگرن. بەندە ئەوەی پێم بکرێ، دەیکەم. ئەوەی پێم بوەترێ دەیڵێم، دڵنیام لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاوا بانگەوازێک دەکرێتە سەرچاوە، کەیە؟ نازانم! بەڵام ئەوەی دەزانم میللەتەکەم میللەتێکی زیندووە و هۆشیارە، جا درەنگ و زووی هەیە، ئێمەی کورد هەر دەبێ ببینە خاوەنی تەلارسازی تایبەتمەندی خۆمان... ئەمڕۆ نا... سبەی.

# مەلای منەوەر

جیهانی ڕۆژئاوا لەخۆڕا نەگیشتووەتە ئەم پایە و پلە زانستییەی، ڕۆژگارێکی گەلێک پڕ لە چەرمەسەری و پەلامار و کوشتوکوشتار و برسییەتی و نەخۆشی و جەهالەتی بەخۆیەوە دیوە تا گەیشتووەتە ئەمڕۆ .

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کڵێسا و عەقڵیەتی تێکەڵ بە خەرافات و توندوتیژی ئایینی سەرتاسەری ئەورووپای داپۆشی بوو، ئەوی فەرمانڕەوای بێ لێدوان بووە خودی پاپا و نوێنەرەکانی ڤاتیکان بوونە، تەواوی دەستەڵاتدارانی ئەو سەردەمەیان خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو هیچ یەکێک لەوانە توانای لەلکردنیان نەبووە و تەواوی دەربار و دەوڵەت و دەستەڵاتەکانی گوێڕایەڵی فەرمانی کڵێسا و پاپا بوونە .

وەزعی ئابووری و کۆمەڵایەتیش لە ئاستێکی هەژار و نزمدا و ئومیگەرانە و دڕ و بێ بەزەییانە بەڕێوەچووە. ئەگەر میرێک، دەستەڵاتدارێک زەویوزارەکەی فرۆشتبا، بە جووتیار و وەرزێرەکانیەوە دەیفرۆشت.

برسیەتی و توندوتیژی ئایینی بوو بەهۆی پەلامارەکانی شەڕی خاچ و ئیتر ئەو پەلامارانە بەناوی ئایینەوە چەند سەد ساڵ زیاتر لە

حەوت شەپۆلی پەلاماردا ڕوو بە ڕۆژهەڵات و وڵاتە ئیسلامییەکانەوە تاڵانێکی زۆریان کرد و خوێنێکی زۆریان ڕژاند. ئەگەر سەلاحەدینی ئەیوبی هەزاران گەنج و دلاوەری کوردی بە کوشت نەدابا ئەو قۆڵی سووریا و لوبنان و فەلەستینە سەرتاسەری دەکرانە کریستیان و فڕیان بەسەر ئایینی ئیسلامەوە نەدەما .

سەیر لەوەدایە دەمارگرژە عارەبەکە ئێستایش ددان بەو خۆبەختکردنە پڕ لە شانازی و شکۆمەندییەی گەنج و لاوی کوردیدا نانێن و ئەوەندە دەمارگرژ و لە هەق و هەقیقەتەوە دوورن، ئەو بەرگرییەی بە هی خۆیان دەزانن و هەتاوەکوو ددان بە ڕەگەزی سەلاحەدینیش دانانێن... ڕەنگە تا ڕادەیەکیش هەقیان بێت و ئەو فیداکاریانە، ئەو شەڕ و شۆڕە پڕ لە شکۆمەندییانە بێ جگە لە دەمارگرژی ئایینی لەسەر هیچ بەرنامە و بنەمایەکی تردا نەبووە، بەو ئاسانییەی خۆیان بە کوشت داوە. ئەگەر سەلاحەدین ئەو تەقەلا و دلاوەریانەی بۆ مافی ڕەوای میللەتەکەی خۆی کردبا، ئێستا ئێمەی کورد دووچاری ئاوا هەلومەرجێکی پڕ لە مەترسی و دەمارگرژی دراوسێکانمان نەدەبووین هەتاوەکوو ددان بە ڕەگەزی سەلاحەدینیشدا نانێن. خۆ وەڵڵا هەقیانە ئەگەر لەو کات و دەورو زەمانەدا سەلاحەدین و دەوروبەرەکەی وا بە دەمارگرژییەوە بۆ ئایین فیداکارییان کردووە نەختێکیش بیریان لە میللەتەکەیان کردبا، ئێمەی کورد ئەمڕۆ لە ئاوا ڕۆژگارێکی ڕەشدا نەدەبووین. ڕەنگە

یەکێـک بڵـێ ئەوە نەشـیاوە بیـروڕای نـزیکەی هەزار سـاڵ لەمەوبەر بەپێوەری ئێستا بخرێتە تای تەرازووەوە...

باشە ئەی بۆ سەد و هەشتا ساڵ لە پـێش سـەردەمی سـەلاحەدیندا دەسـتەڵاتی ئەمەوی ڕەگەزپەرسـتی عـارەب، ئەوی غەیـری عـارەب بووایە پێیان دەوت" موالی" و مـوالیش مـافی ئەوەی نەبـووە سـواری ئەسپ بێت، دەبوو سواری هێستر یان گوێدرێژ بووایە !

کەواتە لەپێش سەلاحەدیندا نەتەوەپەرسـتی و بەرتەری ڕەگەزایەتـی لە فکـر و زکـری میللەتانـدا بـووە و کاریـان بـۆ کـردووە، ئەگەر سـەلاحەدین ئیسـلامگەرایی زاڵتـر بـووە ئەرکـی نەتەوایەتیـدا، بەنـدە ئەوە بەنەقس دەزانم بـۆ سـەلماندنی هەسـتی نەتەوایەتـی ئەو دەمە. "قەرەقووش" وەزیری ناوخۆی سەردەمی سەلاحەدین بووە، لە قاهیرە یەکێک بووە لە دادپەروەرترین کەسایەتیی ئەو کاتە، کەچی لە ڕووی دەمـارگرژی نەتەوایەتیـیەوە بە یەکێـک لە زاڵمتـرین و ڕەمەکـی فەرمانـدان تـا بە ئەمـرۆیش ناودەبرێـت، ئەمەیـش لەبەر ئەوەی لە ڕەگەزی ئەوان نەبـووە. بەڵـێ لەو سـاڵانەیدا دەمـارگرژی ئـایینی بووبووە بەڵا و دەستەڵادارانی ئایینی کریستیانی و ئیسلامیش خۆیان دابووە پاڵی و بەو دروشمەوە چەند ساڵ کوڕی خەڵکیـان بە کوشـت داوە... داویانە !

ئیتـر ئەورووپـا لەژێـر پەتـا و مەرگـی ڕەش و کوشتوکوشـتاری دادگاکانی پشکنینی پاپا و قەڵای ڤاتیکانی ئەو دەمەیـدا ناڵەیـان بە

هیچ کوێیەک نەدەگەیشت. هەر قەشەیەک دەیتوانی ئەوەی بیەوێ بیکا، هەزاران خێزان بە تۆمەتی سیحر و کوفر و جادووگەرییەوە سووتێنران، هەزاران و ملیۆنەها کەوتنە بەر ڕق و کینەی زرتەزەلامەکانی پاپا و دەوڵەتی بەهێزی ئەو کاتەی ڤاتیکان.

لە هەقیقەتدا ڤاتیکان نەک تەنها بە ناوەندی ئایینی ئەو دەمە دەژمێردرا، بەڵکوو بە ناوەندی دەسەڵاتی سەرتاسەری ئەورووپییان دەژمێردرا. تەواوی شا و میرزادەکانی ئەورووپای لەژێر فەرماندا بووە، بەو شێوەیە ئەورووپا بەردەوام بووە تا سەردەمی ڕێنساس... ئێستایش چەندان مۆزەخانەی ئامێری ئەشکەنجە و پەلپەلکردن و شەقکردن و داخ و سووتاندن و برژاندن هەن، سەدان ئامێری ئازار لەو مۆزەخانانەدا خراونەتە بەرچاو تا خەڵکی ئەورووپا بۆ هەمیشە ئەو توندوتیژییە ئایینییە لەبیر نەکەن، نەکا خوانەکەران ڕۆژێک لە ڕۆژان کڵێسا بکەوێتەوە کەڵکەڵەی دەسەڵات .

ڕێنساس بە شۆڕشێکی تێکڕایی و بێدەنگی سەرتاسەری ئەورووپا دەژمێردرێت، ڕێنساس بەبێ کوشتوکوشتار بیگەرە و بەردە میللەتەکانی ناو ئەورووپای لەبنەماوە گۆڕی. ڕێنساس دای لە بن و پایەکانی دامودەزگای چەوسێنەری کڵێسای پاپا و قەشە دەڵەکەکانی سەرتاسەری ئەورووپا. ڕێنساس بوو بە پێشقەرەوڵی دونیایەکی نوێ و گەلانی ئەورووپای لە تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاست وەدەرهێنا و گەیاندییە بەندەرگایەکی نوێ و تازە و باو.

ڕێنساس ئایینی لە دەوڵەت و دەستەڵات جیا کردەوە، بەپێی پێوەرێکی تازە ڕێچکەی ژیانێکی تازەی دانا. ڕۆژ بە ڕۆژ دەستەڵاتەکانی پاپا و ڤاتیکان دەکشانەوە ناو چواردیواری کڵێساکان و لەدەستێوەردانی ژیانی خەڵکی سنووریان بۆ دادەنرا و ئیتر لێهاتووان و داهێنەران و فەیلەسووفەکان و هونەرمەندان و تەواوی بوارەکان هەریەکە لە لایەکەوە کەوتنە تەقالا و بەرنامەدانان و بیروڕای تازە بابەت و ڕۆژێک نەدەبوو کۆمەڵێکی تازە نەفەسی داهێنەر یا ئەنجوومەنێکی تازەباو لە سەرتاسەری ئەورووپادا نەکەوێتە بانگەواز بۆ بابەتەکەی یا بۆ پرۆژەکەی. ئەو فکر و ئەندێشە و بیروڕایانە بوونە بەردی بناغەی دونیایەکی تازە لە سەرتاسەری ئەورووپایدا، دین و پیاوی دین و کڵێسا و ڤاتیکان خرانە بازنەیەکی دیاریکراو... دروشمی ئایین بۆ خوایە و وڵاتیش بۆ هەمووان لەسەرتاسەری ئەورووپادا دەبیسرا.

لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا کارەکە پێچەوانەیە لە هەزارەی سێهەمەدا دەستە و دایرەیەکی خوێنڕێژ و خەڵکوژی وەک "قاعیدە" هاتە کایە و بەناوی ئیسلامەوە ئەوپەڕی دڕندایەتی ئەنجام دا و تیرۆر و پەلاماری کردە دروشم لە سەرتاسەری جیهاندا، کوشتاری کردە دیاری بۆ میللەتان و بە دوای ئەودا دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هاتە مەیدانەوە "قاعیدە" لە چاویدا بە حەوت ئاو شوراوەتەوە. لە کوشتندا داهێنەر، لە پەلاماردا بێ پەروا. لە خۆ بەکوشتنداندا بەبڕوا... جگە لە بواری سێکس نەبێ، ئەوی بواری زیندەگی و

زەرافەت و بوژانەوەی عەقڵ و عەقڵانیەت بوو... لە مەنهەجیەتیدا بە زەڕەبین بەدی نەکراوە و سووریشن لەسەر بیروڕاکانیان و بەوان بێت سەرتاسەری بەشەریەت لەناو دەبەن و بەتەنها خۆیان دەهێڵنەوە.

بـا لەو دوو تـاقمە دڕنـدەیە گەڕێـین و بێیـنە سـەر ژیـان و هۆکـارە جوانەکانی پەرەسەندنی مەرجی ژیان و سەردەمانە فکرکردنەوە .

جـێگەی داخە بڕێـک لە مامۆسـتایانی ئـایینی لێـره و لەوێ دژ بە بوارەکانی هونەرن و بە شێوەیەکی پەسەند و شیاو نادون.

ئیتــر ئەوە پەیکەرســازییە، شــێوەکارییە، مۆســیقایە، گــۆرانییە، هەڵپەڕکـــێ و ســـەمایە، شـــانۆیە، ســـینەمایە، هەتـــاوەکوو تەلەفزیۆنیش...

بەندە جگە لەوەی نووسەر و تەلارسازیم، پەیکەرسازیشم، پرسـیارێک لەو برادەرانە دەکەم: پەیکەر بۆ ڕاپەڕین بکەم بۆ حەڕام بێت؟

پەیکەر بۆ ڕیفراندۆم بکەم بۆ حەڕام بێت؟

کارەساتی داگیرکردنی کەرکووک بکەمە پەیـکەر، بـۆچی بە حەڕام لە قەڵەم بدرێت؟ تراژیدیای کۆڵبەر بکەمە پەیکەر، دەبێ حەڕامیـیەکەی لەکـوێ دابێـت؟ مۆسـیقا لە ئەزەلەوە هەبـووە، گـۆرانی لە ئەزەلەوە بیســراوە، مەگەر حەزرەتــی داوود بلــوێری لــێ نەداوە و بە دەنــگە خۆشەکەی گۆرانی نەدەوت؟

لەناو پیاوانی خودا زۆریان لە بواری هونەردا دەستی باڵایان هەبووە. جگە لەوانە ئایینە ئاسمانییەکان چەندە بۆ پەرستنی خودا بوون، ئەوەندەیش بۆ خزمەتی بەشەریەت بوون. لە تەواوی کتاوە ئاسمانییەکاندا پەروەردگار هانی مرۆڤ دەدا تا مرۆڤایەتی و مەرجەکانی بپارێزێن، تا هاوکار و هاودەردی یەکتربن. تا سوودبەخشبن بۆ یەکتری، دەستی یارمەتی بۆ یەکتر درێژکەنەوە و پێکەوە ژیان لەسەر بنەمای وژدان و دادپەرستی بونیات نێن. پێکهێنانی ئاوا ڕێبازێک و ئاواژیانێک هەر بەدەم ناکرێ. ڕاستە خودا عەقڵ و دەم و زوانی بەخشیوەتە مرۆڤ، بەڵێ چاویشی پێ بەخشیوە، گوێشی پێ بەخشیوە. مرۆڤ نیازی بە دیتنی ڕەنگە جوانەکانە.. بنوارە! هەسوونە زێڕینەی چەند ڕەنگ ئامیژەیەکی زەریف و پەسندە، نەوایەکی ئارامی مۆسیقا چەند فکر و زکری مرۆڤ ئاواڵە دەکا. پەیکەرێک مێژووی زیندووی قۆناغێکە... ئەو هونەرانە بەخشندەیی خودایە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی، ئەگەر چوار عەرەبی گەوجی سەردەمی جەهالەت لە خورما پەیکەریان دروست کردووە و برسییان بووە و خواردوویانە نابنە بەڵگە بۆ نەفرینی هەتاهەتایی پەیکەر، مەگەر ئایینی ئیسلام لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە نەگەیشتووەتە ئێمەی کورد، ئەی لەبندەستی (الأزهر)دا سەدان پەیکەر نابینرێت؟ مەگەر ئێران دەوڵەتێکی ئیسلامی نییە، ئەی شەقام و شارەکانیان بۆ پڕن لە پەیکەر و شانازی بە هونەرمەندان و شاعیرانیانەوە دەکەن.

بەندە نائومێدی سەری لێ دابووم، کەوا مەلای منەوەر خەریکە لەناو کورددا دەگمەن بێت، کاتێک کتاوەکەی مامۆستای پایەبەرز مەلا ئەحمەدی یەکگرتووم خوێندەوە زانیم یەشتا لە وڵاتەکەمان پڕە لە خێر و بێر. خۆزگە لەناو میللەتی ئێمەدا چەند مەلایەکی ڕۆشنفکری منەوەری وەک مەلا سەید ئەحمەدمان تیادا هەڵدەکەوت و بە گوێرەی لە یەکدانەوەی ئایات و حەدیس دەربارەی هونەر دەدوان. بەندەیش وەک موسڵمانێک ئەوەم لا ڕوون بووەتەوە ئایینی ئیسلام هی یەک قۆناغ و سەد قۆناغ نییە، بۆ هەمیشە چلچرای ڕێگە تاریکەکانە و ڕێنمای ژیانی سەردەمانەیە و دوورە لە جەهالەت و زەینکوێری .

بەندە هەر لەم باسەیدا، بەناوی تەواوی ڕۆشنبیرانی گەلەکەمەوە سوپاسگوزاری مەلا سەید ئەحمەدم، کە بەو زەڕافەت و وردبینیەوە، بەپێی ئایاتی قورئانی پیرۆز لە هونەر دواوە. ئومێدەوارم نموونەی ئەو مەلا منەوەرە لەنێو میللەتەکەماندا زۆر بێت. ئاخر برادەرینە! میللەتێک زمانی هونەر نەزانێت، ڕێز لە هونەر نەگرێت، بە چاوی حورمەتەوە لێی نەڕوانێ، ناوی چی لێ بنێین؟

هونەر زمانی ئەمڕۆی بەشەریەتە، ئەو میللەتەی ئەو زمانە نەزانێت، مەحاڵە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەنگاوێک بەرەو ژیانی سەردەمانەی تێگەیشتن و پێگەیشتن بنێ....

# مێژووی هەڵپەڕکێ و سەما

سـەما و هەڵپەڕکـێ لەپـێش نووسـین و گفتوگـۆی مرۆڤـدا، مـرۆڤ کردوویەتـی. سـا بە چـاولێکەری پەلەوەر و ئاژەڵەکـان بـووبێ یـان بۆ بوونی نیازێکی دەروونی یان بایەلۆژی بووبێـت. بە درێـژی زەمـان بـووەتە دیـاردەیەک بـۆ ڕیوڕەسـمی ئـایینی و لە دواییشـدا بـووە بە بەشێک لە فۆڵکلـۆری میللەتـان و لە ڕێـگەی سـەما و هەڵپەڕکێـیەوە داستان و ڕووداوەکان گێڕدراونەتەوە. ئەو حاڵەتە بەردەوام بووە سا بـۆ خـۆ نمـایی یـان لەزەتبـردن لە جـوڵانەوەی ڕێکـوپێکی مەوزوون، ئیـدی قۆنـاغی زۆری بڕیـوە تـا بـووە بە هـونەری سەرتاسـەری مرۆڤایەتی.

چاوساغانی بواری سەما دەڵێن: یەکەمـین دەنگێکـی مەوزوون مـرۆڤ بیسـتوویەتی لێـدانی دڵـی خـۆی بـووە، ئەو ترپەتـرپەی پەروەردە کـردووە لە خولیایـدا وردە وردە تێکەڵـی دەنـگ و جـوڵانەوەی دەوروبەری کردووە، دەنگ و هاژە و لوورەی با و جریوە و خوێنـدنی باڵنـدەکان و پەلەوەرەکـان، خشەخشـی گەڵای دارودرەخـت، خـوڕەی ئاو، لێزمەی باران و نەڕە و بۆڕە و باڕە و قاڕە و لوورەی ئاژەڵەکان بووەتە هۆی جۆرێک لە جوڵانەوەی ڕێـک و ڕیتمـدار (ئیقاع) لە بیـر و جوڵانەوەکانیدا و لە ڕێـگەی جـوڵانەوەی هەسـتی خـۆی دەربڕیـوە...

ئیدی ئاوا زانستی جوانی جوڵانەوە دەستی پێ کردووە و بەپێی پێگەیشتنی میللەتان و پەنجەگیرکردن لە فەرهەنگێکی پێشکەوتووتر و شانبەشانی زانستی دەنگی مەوزوونی ریتمدار .

سەما و هەڵپەڕکێی مەوزوون لەپێش هەشتا هەزار ساڵ پێش زایینـدا بووە بە باو، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیش بۆ باشتر وەدەرخستنی بیروڕای ئایینی زمانی جوڵانەوەی لەش و ئەندامی بەکارهێناوە بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونە ئایینەکان هاوڕای دەنگە مۆزیکە سەرەتاییەکان یان لەسەر ئیقاعی چەپڵە و دەنگی گۆرانی .

زۆر دیمەنی هەڵکۆڵراوی سەر تاشەبەردەکان سەلماندوویەتی کەوا سەما بۆ هاوڕاییکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی بووە، تا بە ئێستایش ئەو دیاردەیە بەردەوامە لەناو برێک لە میللەتاندا وەک سەمای (ئلوج)ی چەرکەسییەکان یان سەمای جووڵانەوەی سمت و ورگی ژنان کە لە ڕۆژهەڵاتدا تا ئێستا ئەنجام دراوە بۆ زۆری سک و زا. چەمانەوەی میسرییەکان کەوا بە سەمایەکی فیرعەونی ناسراوە نموونەی بەسەر پەڕەی بەردییەوە نەخشێنراوە .

ئەوە حاشاهەڵنەگرە هەڵپەڕکێ و سەما ڕۆشنبیرییە، هونەرە، نواندنە، پەیوەندە لەنێوان هەست و لەش و ئەندامدا، لەگەڵ کەوندا تێکەڵ بە ڕێکخراوی نۆتەی مۆسیقاوە. هەستەکە هەستێکی جادوو ئامێزە و ڕازەکەی یەشتا بە دروستی هەڵنەهێنراوە، سەما لە سەرەتای بەشەریەتەوە یەکێک بووە لە خولیاکانی مرۆڤ، بەپێی

دیرایەت و هۆشی مرۆڤ بە گوێرەی جۆری ژیان و ژینگە سەماکان جۆراوجۆربوونە، وەک سەمای بتەپەرستی، یان سەمای سوپاس بۆ خوا یان سەما بۆ قوربانیکردن یان بۆ جەنازە و مردن یان بۆ ڕاونانی ڕووحەوڕەوانی دڕ و دەستوەشێن یان سەما بۆ گۆڕستان و ڕۆیشتن بۆ ئارامکردنەوەی ڕووحی سەرکێش و ئالۆزی مردووەکە و تا بە ئێستایش، بڕێک لە گەلان وەک ئێمەی ئیسلام نوێژەبارانە دەکەین، ئەوە (سەمای بارانە) دەکەن و لە ڕێگەی سەما و هەڵپەڕکێیەوە داوای بارینی باران دەکەن. بڕێک سەمایتر یەشتا دەکرێ، سەماونواندن، شمشێربازی و نەڕەنەڕ بۆ هاندانی شەڕ و دوژمن تۆقاندن. هەروەها سەما و هەڵپەڕکێی سەرکەوتن لە شەڕ و پەلامارەکاندا، ئەو حاڵەتانە وردە وردە بە گوێرەی پێگەیشتنی فەرهەنگ کەوتە قۆناغێکی ترەوە، بەتایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دواتر بوو بە دیاردەیەکی هونەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکاندا، بە پێچەوانەی ئێمەی کوردەوە کەوا هەڵپەڕکێکانمان بە کۆمەڵە و جۆراوجۆرن، میللەتانی تر سەمای جووت جووتیان زۆرتر تیادا باوبووە بەتایبەت سەما ئارامەکان تایبەتی دەوڵەمەند و دەربار و میرزادەکان بووە. سەما توونـد و تیژەکانیش تایبەتی چینی هەژار و نەدار و کرێکاران بووە. بەگوێرەی پێگەیشتن و تێگەیشتن بەتایبەت لە دوای دیاردەی ڕێنسانس جیاوازی چینایەتی لە ئەورووپادا بنبڕکراوە و وردە وردە سەما بووە بە دیاردەیەکی پیشەیی پڕ لە زەوق و ریتم و جوانی و وەدەرخستنی

زەرافەتی لەش و ئەندام لەسەر ئاوازی مۆسیقا و ئامێرە تازەکان. ئەگەر بێت و باس لە تەواوی سەمای میللەتان بکەم، زۆر دەکێشێ جا ناچارم تەنها لەو میللەتانە بدوم کەوا سەما بە بەشێکی سەرەکیی ژیانیان دەژمێردرێت وەک سەمای میللەتانی ناو هیندستان کە لە هەزاران ساڵەوە زمانێک بووە پێی دواون، بەو زمانە ڕووداوەکان هێرشەکان، شین و شایی، نەخۆشییەکان، ئەوانە هەموو بە زمانی سەما لێی دواون، هەر ئەو سەما تێکڕاییانە بووە بە یەکێک لە پێناسەکانی هیند و ئایینە جۆراوجۆرەکانی ناو هیندستان بەتایبەت دوای پێشکەوتنی دونیای هونەر و خۆنواندن و دونیای هونەر و شین و شایی و دەرخستنی خۆشەویستی.

سەما کلاسیکییەکانی هیندستان وەک سەمای (بەهارتا ناتیا) کە سەمایەکی ئایینی هیندۆسییە یان سەمای (کاتهاکالی) کە بۆخۆی درامایەکە تیادا ڕۆڵی کەسایەتی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە یان ئاهەنگ و سەمای (مانییوری) کە بە شێوەی تێکڕایی یان جووت جووت یان بە شێوەی تاکی داستانی (کریشنا) دەگێڕێتەوە .

سەمای هیندی پڕە لە جوڵانەوە و ئاماژە بەتایبەت ئاماژەی دەست و پەنجە هەر بۆ یەک دەست بیست و هەشت جۆر ئاماژە هەیە و هەر یەک لەو ئامانژانەش گۆیای باسێکە بۆ هەردوو دەست پێکەوە. بیست و چوار ئامـاژەی تر هەن وەک خوێندنەوەیە، داستانی جوانی و زەرافەت دەگێڕێتەوە، کەواتە جوڵانەوە، توانای وەدەرخستنی درامای

هەیە. میللەتـانی ناوەڕاسـتی ئاسـیا، بەتـایبەت وڵاتـانی تورکسـتان، ئۆزپەکستان، تاجیکسـتان، کازاخسـتنان، قیرغسـتان... سـەماکانیان جیـاوازە ئەوان تەنهـا لە پشـتوێنە بەسـەرەوە دەجـوڵێنەوە. لە سـەرووی ئەوانەوە وڵاتـانی ڕووسـیا، ئۆکۆانیـا، گرنگیـی دەدەنە جوڵانەوەی ڕان و هەردوو پا تێکەڵ بە بازوان و هەڵسوداکەوت... بۆ وەدەرخسـتنی هونەرەکەیـان نیازیـان بە جـێگەی ئـاچووخ و بەربـڵاو هەیە. لەنـاو میللەتـانی ڕووسـیادا سـەمای (بـالیە) هەبـووە، بەڵام نەبووبـووە شـێوەیەکی هـونەری تـا سـاڵی ١٩٢٦لەسـەر شـانۆی (بەڵشـەفیک) لە مۆسـکۆدا خـرایە بەرچـاو، ئەرمنسـتانیش سـەما و هەڵپەڕکێـی خۆیـان هەیە و زۆرتـر لە قـووڵایی مێژوویـانەوە شـۆڕبووەتەوە، نـاوی بڕێکیـان هـی سـەردەمی بتپەرسـتییانە، وەک سـەمای (جـانگوڵم) و سـەمای (ڕازەکـان)، کە بـۆ هانـدانی شـەڕ و پەلامـار بـووە، هەروەهـا بـۆ شـادی و شـایی سـەمای (ئوزنـدارا)یان هەیە، کە لە چیاکانی قەرەباخدا ئەنجامیان دەدا.

میللەتەکانی تریش هەر یەکە و خاوەنی سەما و هەڵپەڕکێی خۆیـانن و لە وڵاتی یۆگۆسلافیادا سەمایەکی تێکڕایـی هەیە، بەنـاوی (کولـو) زۆرتـر بـۆ ڕاونـانی جـادووکەران و ئەهریمەنەکانیـانە، زۆرتـر ئەو هەڵپەڕکێیە فۆڵکلۆیـانە لە بۆسـنە و هەرسـک و مەکـدۆنیادا بـاوترە. سەمای (تـانگۆ) سـەرەتا لە گەڕەکە هەژارەکـانی ئەڵمانیـا و نەمسـا ئەنجـام دەدرا، لە دوایـیـدا گـوێزرایەوە بـۆ سـاڵۆن و کۆشـک و دەربارەکـان. سـەمای (فلامینکـۆ) سـەمایەکی ئیسـپانییە، هەروەهـا



سەمای (فالس)... لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە چەندان سەمای جۆراوجۆر بوو بە باو، وەکوو: ڕۆمیا، سامیا، مامیون، بوغی، تشاتشا، ئەو سەمایانە بە داهێنانی ڕەگەزی ڕەش ناسراون لە دواییدا ڕۆک و ئەندرۆل و تویست و جاجا بوو بە باو. بە شێوەیەکی تێکڕایی سەما و هەڵپەڕکێ لە ناو ئسلامدا بێزراوە، ئیدی شێخ و مەلا و تەکیە و خانەقا و پیاوە ئاییینییەکان نکوڵی لە سەما و هەڵپەڕکێ دەکەن، تەنها سۆفیانی پەیڕەوی مەولانای جەلالەدینی ڕۆمی نەبێت بێ مەبادا لەو هاتوهاوارەی ئەو شێخ و مەلایانە سەمای مەولەوی بە ڕووکنێکی سەرەکی شێوەی تەسەووفەکەیان دەزانن و لە بۆنەکاندا ئەنجامی دەدەن. ئێمەی کورد یەکێکین لە میللەتە کۆنەکانی قووڵایی مێژوو، کاتێک فەرهەنگی بەشەریەت لە دۆڵی (میزۆپۆتامیا)دا پای گرت و میللەت و دەستەڵاتیان لە دۆڵی دوو ڕووباردا پێکهێنا، سۆمەر، ئەکەد، بابلی، ئاشووری، ماد، لەوانە هیچ یەکێکیان وەک تاکەکەس نەماونەتەوە جگە لە ئێمەی کورد نەبێت، کە بە نەوەی ماد دەژمێردرێن، ئەویش ئەگەر مەوقیعیەتی جوگرافی نەبوایەتە پاڵپشتی بوونمان، هێرشە پەیتا پەیتاکان ئێمەی کوردیشی لەناو دەبرد، وەک ئەو میللەتە (منقر×)انە. کەواتە با ستایشگەری زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و دەوربەرەکەی بین هەتاوەکوو لەم دواییە سوپا تاڵانکەرەکانی ئەمەوی و عەباسی بەناوی ئیسلامەوە داعشئاسا پەلاماری کوردستانیاندا، دیسانەوە چیاکانی کوردستان هاتنەوە فریامان، زۆر لە گەلی کورد نەچوونە ژێر زەوت و زۆری

پەلاماردەرانەوە... ئەوەسا یەشتا دوو ئایینی ڕەسەنی کوردەواری ماون (یارسان و ئێزدییەکان) هەردوو ئەو دوو ئایینە گرنگییەکی تایبەتیان داوەتە بواری مۆزیک. ئەوەسا ئامێری (تەمووره) ڕووکنێکە لە ڕووکنەکانی ئایینی یارسانی، شمشاڵیش ئامێرێکی ئایینی ئێزدییەکانە. هەڵبەتە لە زیکر و فکریاندا بەپێی ئەو ئاهەنگانە لە پشتوێنیان بەسەرەوە بەشێوەیەکی ئارام و لەسەرخۆ دەلەرزێننەوە. لەناو ئێمەی کورددا هەڵپەڕکێ بەشێکە لە ژیانمان، بەتایبەت لە وەرزی بەهار و نەورۆزدا، نەک تاک و تەراک، بەڵکوو وەکوو میللەتێک لە هەڵپەڕکێداین، وەک وابێت ئەرکێکی ئایینی ئەنجام بدەین و شانازی بە باو و باپیرانمانەوە بکەین کەوا هەڵپەڕکێ بەشێکی سەرەکی ئایینی ئەوسامان بووە ستایشێکە لە ئاهوڕامزدا، کە لە مێژدا پەیڕەوی ئایینی (میترا)یی و زەردەشتی و مەزدەکی و مانبگەری بووینە. ئەوە دیکۆمێنتێکی مێژوویی بەدەستەوەیە. داگیرکەرانی چواردەورمان لە هیچ دزی و دەخەڵی و تالآن و چەپاوێک نە گوزەراون، تا توانیویانە وشە و واژەی زمانەکەمانیان چەپاو کردووە، ئەوی کەلتوور و فۆلکلۆر و جوانییەکان هەبووە خۆیان کردووەتە خاوەنی (کوڕە خوا بیانگرێ ئاوا، خواڕسوایان کا) ئەو دزانە بە تالآن و بڕۆی سامانمانەوە نەوەستاون ئەوەسا هەرچی هەڵپەڕکێی هەزار ساڵەمان هەیە کردوویانەتە هەڵپەڕکێی حەلەبی و ئەنادۆڵی و عەجەمی و عارەبی. ئەوە نازانن ئێمەی کورد هەڵپەڕکێ لە خولیاماندایە. لە سۆراندا چەندان جۆر هەڵپەڕکێمان هەیە: سێ

پایی بەڕوپشت، فەتتاح پاشایی... خۆ بادینـان مەپەرسـە ئەوەنـدە هەڵپەڕکێـــی جـــوان و زەریـــف لەناویانـــدا هەیە، ســـەرمایەیەکی نەتەوایەتیـیە، وەک: هەڵپەڕکێـی هەری باشـوو، تلانـێ، سـێ پـێ، ملانـێ، بەرزوو، شـێخانی، عەیدیشـۆ، ملانیـازاخۆ، پاپلکـان، قلـیچ، ڕەنگە جۆری تریش هەبن و من نەیانزانم. ئـاخر لە مێـژدا هەڵپەڕکـێ عیبادەت و ستایش بووە بۆ ئێزدیان، ئێمەیش نەوەی ئەوانین. زیـاتر لە هەزار ساڵە دەمانچەوسێننەوە، تالأنمان دەکەن، بەنـاوی ئـایینەوە لێمـان دەکـوژن، بـۆ نوانـدنی زووڵـم و جەبەڕووت ئەوی نـاڕەوایە لە هەقمـان کردوویـانە ( ئـاخر خـوا بتـانگرێ خـوا ڕیسـواتان کـا، بەس نیـیە!) تەماحتـان کـردووەتە هەڵپەڕکێشـمان؟ ئەوەسـا لێـرە و لەوێ کۆشـاون نـاوی هەڵپەڕکێکانیشـتان گۆڕیـوە بە عـارەبی و فارسـی و تـورکی، هەر ئەوەی مـاوە شـایەتمان لە جـوێی ئـێمە بهێـنن و لەو دونیایش لە باتی ئێمە بڕۆنە بەهەشت! ئەی دۆزەخییەکـان، نەیخـۆن تاڵە! ئێمەی کورد زۆربەمان بەهەشتین، دەبڵێ ئینشائەڵڵا.

# نان به نرخی ڕۆژخواردن مێژوو نییه!

سەردەمانه تێفکرین یەکێکه له نیازەکانی ئەمڕۆی بەشەریەت، دوور له هەر دەمارگرژییەک چ ئاییني بێت یاخود نەتەوایەتی یا حزبی یان خێڵەکی.. گرفت لەوەدایه له وڵاتی خۆماندا له دەوروبەر و دەرودراوسێکانماندا دەمارگرژی دیاردەیەکی ڕۆژانەی زەقه. یەکێک له سەردەمدارانی برا تورکەکانی هاوسێمان وتوویەتی: "ئەوەی تورکی نەزانێت ناڕواته بەهەشت." به قسەی ئەو برادەره دەمارگرژه بێت موحەمەدەلموستەفایش بەهەشت نابینێ، مەگەر فریای خۆی بکەوێت و تورکی فێر بێت.

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەگەڵ دوو برادەری ئاشووری کەوتینه باسەوه، کەمکەم بۆم دەرکەوت ئەو دوو برادەره لایان وابوو ئێمەی کورد داگیرکەرین و ئەم سەرزەوی و خاکەی پێی دەڵێن کوردستان له مێژوودا هی ئەوان بووه و ئێمه داگیرمان کردووه.. ئیتر درێژەپێدانی باسەکەم به نەزۆک زانی، تەنها وتم: کەواته ئێمه له هوتێل داین و هەر دەبێ چۆڵی بکەین !

ئیتر درێژەم نەدایه باسەکه، له دواییدا بۆم دەرکەوت چەند برادەرێکی ترم گوێگری ئەو جۆره توڕەهاتانەی بوونه، بۆیه بڕیارمدا به گوێرەی سەرچاوه باوەڕپێکراوەکان لەم ڕووەوه بنووسم.

بەداخەوە ئـێمەی کـورد نەک دەربـارەی ئەو باسـە، دەربـارەی زۆر گرفت و مێـژووی ڕابردوومـان بـێ سـەرچاوەین. کەوتـمە پشـکنین لە سەرچاوەی (عەرەبی، فارسی، ئینگلیـزی) دونیـایەک هەقـایقم کەوتە بەچاو... ئەوی سەرسـامی کـردووم بەم هەمـوو مێژوونووسـەوە، بەم هەموو کۆلێژی مێژووە، کە لە وڵاتەکەماندا هەن نەکۆشاون ئەو جۆرە بۆچوونە گەوجانە بـخەنە درۆوە. بەنـدە دوور نەڕۆیشـتم پەنـام بـردە بەر مێـــژووی خـــودی مەســـیحیەت، کە بە وردی لەم ڕووەوە دواوە بەتایبەت دەربارەی نەستووریەکان (النساطره)

لە ئایینی پیرۆزی مەسیحیەتدا هاتووە، کە حەزرەتی مەسـیح لە دوو جەوهەر پێـک هـاتووە، دوو جەوهەری لە یەکەوە نزیـک (مرۆیـی و خـودایی) تێکەڵاونەبـوونە و پێکەوەبـوونە، لە (تەعمیـد)ەوە دەسـتی پێ کردووە، لە بە خاچکێشانی حەزرەتـی مەسـیحدا دوایـی هـاتووە، جا بۆیە نـاکرێ بوترێـت حەزرەتـی مەریەم خـوایەکی بـووە بە نـاوی مەسـیح، بەڵکـوو مرۆڤێکـی بـووە جەوهەری تێکەڵـی جەوهەری پەروەردگار بووە، لە بەخاچکێشاندا لێک جوێ بـوونەتەوە. یەکەمـین کەس ئەو بیـروڕایەی خسـتە بەرچـاو (نەسـتوریوس پەتریرکـی قوستەنتینییە) بووە، پەیڕەوانی ناسراون بە (النساطره) لەم کـاتەوە کڵێسـا مەسـیحییەکان ئەو بیروبۆچوونەیـان ڕەتکـردووەتەوە. کۆبوونەوەی چاوساغانی مەسـیحیەت لە شـاری (ئفس) دا لە سـاڵی ٤٣١ بۆچـوونی قەشـە نستوریوسـیان ڕەتکـردەوە، بەسـەر ئەو ڕەتکردنەوەیشدا بۆچوونی نەستوریوس بڵاوبوویەوە، بەتـایبەت لەنـاو

مەسـیحییەکاندا، کە ئەودەم ئەو دۆڵە کە پێـی دەوترێـت دۆڵــی دوو ڕووبار پایتەختی دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکانی تیادا بووە بەنـاوی (تیسـفۆن) عەرەبەکـان پێیـان وتـووە (المـدائن) لەولاشـەوە دەسـتەڵاتی مەسـیحیەت (بتریـک نسـتوریوس) دوورخـرایەوە بـۆ نـاو سارای میسر و لەوێڕا تیـاچوو. دوای پەلامـاری سـوپای ئیسـلام بـۆ سـەر ئێـران و دەسـتەڵاتی ساسـانی و لەنـاوچوونی ئیمپراتـۆریەتی ساسـانی و دامەزرانـدنی ئـاییني ئیسـلامی لە ئێرانــدا، هەروەهـا دەسـتەڵاتی ئیسـلامی لە ئێرانـدا هـیچ تونـدوتیژییەکی دەربـارەی نەسـتوورییەکان نەنوانـد... ئیتـر هەروا مـایەوە تـا سـەردەمی دەسـتەڵاتی عەباسـییەکان، دەوڵەتـی عەباسـی نەوازشـی کڵێسـای (جاسـلیق)ی دەکـرد، کەوا بە کلیسـای نەسـتوورییەکان ناسـراوبووە زۆر لە پزیشک و حەکیم و ئەهلی سەواد و وەرگێـڕان لەنـاو کڵێسـای (جاسلیق) دا هەبوونە، خەلیفەی عەباسی و فەرمانڕەوایانی عەباسـی ڕێزوحورمەتیان لێ گرتوون و دوای ئەوەی هۆلاکۆخان بەغدای گرت و دەسـتەڵاتی عەباسـی لەنـاوچوو، مەغۆلەکـان ڕێزێکـی تایبەتیـان لە نەسـتوورییەکان گـرت، لەبەر ئەوەی ژنە دەسـتەڵاتدارەکەی هۆلاکۆخانی مەغۆڵ پەیڕەوی ئاییني نەستوورییەکان بووە، بەڵام ئەو نـاز و نەوازشـە درێـژەی نەکێشـاوە ئەوانـیش وەک خەڵـکە زۆرەکە تووشی جەبەڕووتی مەغۆل هاتوون، بەناچاری تیسفۆنیان بەجێهێڵاوە و ڕۆیشـتوون بـۆ چیـای ئەلقـووش و ئامێـدی و پانتـای مووسـڵ و کڵێسـای سـەرەکییان لە (دیـر مـار هورمزد)یـان لە چیـای ئەلقوشـدا

دروست کردووە. بەسەر ئەو هیجەرەتیشدا نەستوورییەکان لە ئازار و تالآن و بڕۆی دەوڵەتی (ئاق قوینلو) بێبەش نەبوونە، یانی سەدەی پانزەهەم، بەڵام لە سەدەی حەڤدەهەم بەم لاوە دەستەڵات و توانای پاپای کاسۆلیکی ڕۆژ بەڕۆژ بەربڵاوتر بووە، زۆربەی زۆری کەنیسە ڕۆژهەڵاتییەکانی قووت داوە، وەک: ( مارونئییەکان، ملکیە، یەعاقییەکان) و ئەوانی تریش و هەروەها نەساتیرەی مووسڵ و دێهاتی پانتایی مووسڵ و دیاربەکر ... ئەوانە ئایین و مەزهەبی کۆنی خۆیان گۆڕیە سەر مەزهەبی کاسۆلیک، ئەو گۆڕانکارییە گرفتی لە ناوەکەدا دروست کردووە، نەستوریەت ناوێکی نەتەوایەتی نەبووە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ قەشە نەستوریوس، کە ڕۆما و پاپاویەت ئەوەیان بە لادان لە ئایینی مەسیحیەت (هرتەقە) داناوە، بۆیە ناوی نەستووری نەگونجاوە لەگەڵ مەزهەبی کاسۆلیکدا جا بۆیە (پاپا) ناوێکی تازەی بۆیان دانا بەناوی (کلدان) ئەو ناوەیش نە هیچ بنەمایەکی نەتەوایەتی نە ئایینی نەبووە، هەتاوەکوو زمانەوانی و مێژوویی تەنها پاڵپشتی کردووە بە تەورات ئاماژەی کردووە بە (ئور الکلدانیین) ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە (ئور) کلدانی نەبووە و سۆمەرییە. کلدانییەکان دەوڵەتی سۆمەری دووهەمیان دروست کردووە، ئیدی ئاوا نەستوورییەکان ئەوانەی ئایینیی خۆیان لە نەستوورییەوە گۆڕیە سەر کاسۆلیک بە (کلدان)ی ناوبران و کڵێساکەیان بە کلدانی ناسرا. لە ڕاستیدا هیچ پەیوەند و پۆیەکیان بە کلدانی و نەستووریە و نییە و کەنیسەیەکی کاسۆلیکی تەواوە

تەنها (قەداست) بە زمانی سریانی تیا خوێندراوەتەوە، کە زمانی نەستوورییەکان بووە، ئەو ڕێوڕەسمە لە تەواوی ناو مەسیحیەت و دۆڵی دوو ڕووبار و سووریا و دورگەی فوراتدا هەر وایە.

لەناوەڕاستی سەدەی هەژەهەمدا هیچ نەستوورییەک بەدی نەدەکرا جگە لە بڕێک تیرەی لێرەولەوێ دەڤەری هەکاری نەبێت، کە لەسەر مەزهەبی خۆیان تا ئێستا ماونەتەوە... لەبەر ئەوەی ئەو ناوە بەلای دەستەڵاتی مەسیحیەتەوە بێزراوە و قابیلی قەبووڵ نەبووە. چاوساغە (المبشرون) بەریتانییەکان (مەسیحی) لە دوادوایی سەدەی نۆزدەهەمدا ناوێکی تر کە بە بالای ناوی (کلدان)یان ناونا (کەنیسەی ڕۆژهەلاتی ئاشووری)، کەبۆنی هەستی نەتەوایەتی لێ بێت، زمانەکەیشان بەشێکە لە زمانی سریانی، کە زمانی نەستوورییە بە کاسۆلیک بۆنەکان هیچ پۆو پەیوەندێکی بەسەر زمان و فەرهەنگی کۆنی ئاشوورییەوە نییە و نەبووە... ئەمە مێژووە و حاشاهەڵنەگرە. سەرچاوەکان هی خودی ئایینی مەسیحیەتە نەک ئیسلام و نەک منی کورد .

بەندە لێرەوە داوا لە برا مێژوونووسەکان دەکەم تۆزێک لەو وردە بۆچوونە گەوجانە بدون، تا ئێمەی کوردی ماڵوێران و خاک داگیرکراو بەپێی لۆژیک و دیکۆمێنتی باوەڕپێکراو کە زۆر بەدەستەوەن لە کۆڕ و پانێل و بۆنەکاندا دوور لە دەمارگرژی بخرێنە بەرچاو... داوەت لە برا ئاشوورییەکانمان بکەن بۆ بەشداربوون لە

باسەکاندا، ماوەتەوە ئەوەی بڵێم: بەندە چەندێک ڕەگەزم بڕواتە سەر مەغـۆڵ یـان قەبـیلەی (ملسـای) لە ئەفریقـا ، برادەرانـی ئاشـووری ئێستایش هەر ئەوەندە پەیوەندییان بە ئاشوورییە کۆنەکانەوە هەیە.

# کوردی ناو ئەستێرەی کۆشینکا!

ئەو خوا گەورە و جوان و جەببارە، وەرە و لێی وردبەرەوە تا بزانی ئەو ئاسمانە و قووڵاییەکەی و بنوبێخی چۆن دروست کردووە، ئەگەر بنوبێجی هەبێت!

ئیتر ئەوە کۆمەڵگای ئەستێرە و هەتاو و مانگ و کونەڕەشەکان و پۆلەئەستێرە و ئەستێرەی کلکدار و کۆمەڵە ئەستێرەی هەورنما لە دەرەوە هەروەک هەوری ڕەش و زەرد و سوور و شین لە چاودا شەپۆل دەدەن و هەر یەکەیان بە دەوری خۆیاندا و ئەستێرەی تردا دەسووڕێن و لە دەوراندان... بۆچی یەکێکیان لە مەداری خۆیاندا مەترێک کەم و زیاد دەکەن یان لە یەک دەدەن؟ مەحاڵە.

ئەو تۆپە زەوییە خنجیلانەی وا ئێمەی مرۆڤی تیادایین ئەگەر لە دووری دووری دوورەوە بە دووربینێکی مەزنی زەرەبینەکەی ترلیۆنێک لە زەرەبینە ناسراوەکانی سەر زەوی گەورەترەوە.. لەوێڕا بنوارێتە تۆپی زەویدا وەک ئەوەیە نووکی دەرزییەک ببینرێت... ئەگەر ببینرێت؟

جا برادەر! بەندە ئەو ئاسمانەی بە دەستکرد و قودرەتی پەروەردگار دەزانم، تۆ کەیفی خۆتە بە دەستکردێکی سروشتی دەزانی، یان هەر موعادەلەیەکی تر.

لە قورئـــانی پیـــرۆزدا دەڵێـــت: خـــودا ئەو ئاســـمانەی — کە زەوی ئێمەیشی تیـادایە لە شـەش ڕۆژدا دروسـت کـردووە. تەورات دەڵێـت: ڕۆژی حەوتەمـی کـردە پشـوو، جـا خـوایەک خـاوەنی ئەو توانـا و دەستەڵاتەی بێ، چ نیازی بە پشوودانە؟

پشـــوودان نیـــازێکی بـــایەلۆژییە هەروەهـــا وچـــان بـــۆ دروســـتکراوە ســـەنعەتییەکان پێویســـتە، گیـــانلەبەر توانـــایەکی ســـنووداری هەیە ئینسـان و حەیـوان و دار و درەخـت بەردەوامییـان لەگەڵ زەمەنـدا بەردەوامی هەتاهەتایی نییە و سەرەنجام لەناوچووە و دەبنە خۆراکی بـابەتێکی تـر و دروسـتبوونی شـتێکی تـر. ئەوی هەتاهەتـایە و بە توانایە و بێسنوور و مەودای قودرەتی نەزانراوە، تەنها پەروەدگـارە، ئەوە بۆ هەمیشە، ئەوە ئەوەڵە، ئەوە ئاخیرە.

دڵنیـابە بەنـدە لە ڕووی دەمـارگرژی ئـایینییەوە ئـاوا تـێ نـافکرم، کۆشاوم لە زانستەکانەوە دوورنەکەومەوە و بەو پێوەرە بیـر لە بـوون و نەبوونی خوداوەند دەکەمەوە، نەک هەروەها بوون — باوباپیرانمان وابـوونە و ئـێمەیش بە ڕێـگەی ئەوانـدا دەڕۆیـن- بە دڵنیـاییەوە بەو شـێوە فکـر نـاکەمەوە. بە تەئکیـد تـۆی عەلمـانی و پەیـڕەوی مـوتڵەقیەتی عەلمـانییەت، وەک مـن تـێ نـافکری، تـۆیش ئـازادی و منیش ئازادم... با لە برایانی عەلمانی گەڕێین.

ئێمەی مرۆڤ بە سەر ئەم زەوییەوە توانایەکی سنووردارمان هەیە، پێوەرەکانمان نەگەیشتوونەتە نیازەکانی فەزا، تا بەو زمانەی بدوین و بگونجێت لەگەڵ بەربڵاویی ئاسماندا.

زەمان، ئەندازە، قەبارە، دووری، نزیکی، تاریکی، ڕۆشنایی، کێش و قورسایی، تیژی، گەرمی، ساردی، زۆر شتی تر، کە لە قووڵایی ئاسماندا جیاوازن و چاوساغانی ناو ئێمەی مرۆڤ نایزانن و تا بە ئێستایش دەستەپاچەن و ناتوانن لەگەڵ پێویستییەکانی فەزادا بەراوردی کەن و بە وردی لێی تێبگەن.

بەلای ئێمەوە ئەم زەوییە پانوپۆڕە بەربڵاوە بە چیاکانییەوە بە دەریا و ئۆقیانووسەکانییەوە، لە چاو ئەستێرەکانی قووڵایی ئاسماندا سفریش نییە، زانست ئەوەی سەلماندووە.

وردبەرەوە، تەنها لە ڕێی کاکێشدا سەد ملیار ئەستێرەی گەورە و بچووکی تیادایە، سەرتاسەری ئاسمان و قووڵاییەکانی ئەوێ تا ئێستا مرۆڤ زانی بێتی چوارسەت ملیارد ڕێی کاکێشی تیادایە، کاکێشەکەی لای خۆمان بە بچووکترین کاکیش دانراوە. ئەگەر لەو ژمارانە بیر بکەینەوە، ئەوا ژمایەیەک بەلای ئێمەی مرۆڤەوە نییە، هەر نەبێ تا ئێستا نیمانە. نەک زانیاران و چاوساغانی بواری فەزا، ئێمەی مرۆڤی سادە و سروشتی پرسیارمان لا گەڵاڵە بووە ئایا ئەو هەموو ئەستێرە و ژمارە زۆرەی کاکێشە کە بڕێک ئەستێرەی تیادایە چەندان میلۆن بەرانبەر زەوییە خنجیلانەکەی لای خۆمانە. تۆ بڵێی

ئەو هەموو فەزا پانوپۆڕە پڕ لە ئەستێرەیە گیانلەبەرانی تیادا نەبێت و لە خۆڕا دروست کرابن؟

ئەگەر وایە بۆچی؟ ئەوە لە عەقڵەوە دوورە، ئەگەر ئێمەی مرۆڤ لەم زەوییە بچکۆلانەوە بە تیژی تیشک بکەوینە ڕێ تا بگەینە یەکێک لەو ئەستێرانە، چواردە ملیارد ساڵی تیشکی دەکێشێ ... جا وردبەرەوە لە پانوپۆڕی ئاسمان.

بێگومان مرۆڤی ئێستا لە پلەوپایەکی باشی زانستی دایە، کەچی یەشتا نەمانتوانیوە بە وردی ئاگاداری "مانگ" بین. ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ دووری ئەستێرەکاندا دارئاوێژێکە تا بگاتە دراوسێکانی کۆمەڵەی هەتا و تا بگاتە سەد ملیارد ئەستێرەی کاکێشی لای خۆمان و چوارسەد ملیارد کاکێشەکانی تری.

خۆ ناکرێ ئەو ژمارە ئەستێرەیە، کە بەلای ئێمەی سەرزەوییەوە بە ژمارەیەکی ئەفسانەیەیی و جادووئامێزی دەزانین... تۆ بڵێی بە شێوەیەک لە شێوەکان گیانلەبەرانی تیادا نەبێ؟ ئەگەر هەبێ، عەقڵ و هۆشیان زانستیان لە ئێمە پێگەیشتووترن؟

ئەو پرسیارانە بەلای ئێمە لەو بوارە نەزانەوە بێ وەڵامە، بەڵام بە لای زانیارانی بواری فەزاوە شەرمنانە دەدون و سوورنین لەسەر بوونی ژیانی تر، بەڵام ڕەدیشی ناکەنەوە.

جا بە جۆرێکی لێی بدوین لە کاکێشی لای خۆماندا سەد ملیارد ئەستێرەی تیادایە ئەگەر هەر یەک لەوانە ئەستێرەیەکی (سەییار)

هاوڕابێ، یانی سەد ملیـارد ئەسـتێرەی سەیاریشـمان هەیە، ئەگەر لە هەر سـەد ئەسـتێرەیدا یەکێکیـان ڕەنـگە ژیـانی تیـادابێ، دەکـا سەدملیۆن ئەستێرە. لە ڕووی زانستەوە زانـراوە کاکێشـی نزیـک لە-زەوی بچکۆڵە و بەسەزمانی لای خۆمان- گەلێـک لە کاکێشـەکانی تـر بچووکترە.

بـا فەرەزیـیەک بەکـار بـبەین و بڵێـین ئەسـتێرەیەک شـەش سـاڵی تیشکی لێمـانەوە دوورە و ئێمەیش کەشـتییەکی ئاسـمانی پەیمامـان هەیە، تیژیەکەی بە ئەندازەی تیـژی تیشـکە و بەرەو ئەو ئەسـتێرەیە بەڕێ دەکەوین، کە لامان وایە ژیانی تیادایە .

هەڵبەتە بە پێی تیـۆری (نسـبییەت) دوانـزە سـاڵ دەکێشـێ. بڕینـی نێوان بۆلێخوڕەکانی کەشتییەکە هەر دوانزە ساڵە هـاتن و ڕۆیشـتن، بەڵام لەسـەر زەوی سەدوبیسـت سـاڵ گـوزەراوە، بـۆ سەرنشـینی کەشـتییەکەی کە دەگەنە زەوی ئەوی ئەوان ناسـیویانە نەمـاون و هەموویان مردوون.

ئەمە ئەوە دەگەینێـت ئەگەر بە تیـژی تیشـکیش بـڕۆین نـاگەینە ئەستێرەیەکی ئاوەدان و ژیانی تیادا بێت، کە لامان وایە گیانلەبەرانی قـوولایی فەزا هەزاران سـاڵە هـاتوچۆی سـەر زەوییـانی کـردووە. لە وڵاتە دەستەڵاتدارەکانی ئەوساو بە فەرهەنگی سۆمەری و فیرعەونی و چین و یۆناندا بەسەر تاشە بەردەکانەوە شێوەی کەشتیی ئاسمانی زۆر هەڵکەنـراون، لە داسـتانی (گلگـامێش)دا کە لەسـەر گڵـی سـوورکراو

نووسراوە باسی گەشتی ئاسمانی دەکا، کە بە هەڵۆیەکی ئاسنین بووە. خۆ زیاتر لە سەد تابلۆی پێش سەدەکانی ناوەڕاست بەدەستەوەیە لە ئاسمانەکەیدا کەشتی جۆراوجۆری تیادا نەخشاوە. بەندە وێنەی ئەو تابلۆیانەی بەلاوەیە وەک کاری ئەم هونەرمەندانە :

هونەرمەندی فەڕەنساوی پۆڤۆ ٨٤٢ز.

هونەرمەند ساموئیل کوکیوس ١٥٦٦ز

وێنەی مەریەمی پیرۆز لە (جیوانیو) سەدەی پانزەهەم.

تابلۆی بە خاچکێشانی مەسیح لە (ئوزوی) یوگوسلافیا، کە لە ساڵی ١٣٥٠ز ئەنجام دراوە.

تابلۆی یوئانتۆراسلمینی ١٦٠٠ز لە کڵێسای سان لۆرینرۆدا ئەنجام دراوە.

تابلۆی شۆردنی (مەسیح) هونەرمەند ئیرندگلد١٧١٥ز، زۆرتری هونەرمەندان لەو بابەتەکارانەیان کردووە و نووسخەکانیان بەلامەوەن.

جگە لەوانە گەشتیارانی ئاسمان لە هەزاران ساڵەوە هاتوچووی سەر زەوییان کردووە و زۆر لە خەڵکی زەوییان فڕاندووە یان بردوویانەتە ناو کەشتییەکانیانەوە، ئەو ڕووداوانە لە لایەن "ناسا"وە سەلمێنراون تۆمار کراون. لە ساڵی ١٩٧٣ز دوو کەس فڕێندراون بەناوی کالوین پارکەر و چارلس هیکون لە ویلایەتی نیوئۆرلیان ئەمریکا.

ڕووداوەکەی ولیام ڤیدی و کوڕەکەی ١٩٤٧ز لە " ناسا"دا تۆمار کراوە.

جیسون رجوی ١٩٤٧ز فرِیندراوە جۆرجویلکوس ناوێک "ناسا"ی ئاگادار کردووەتەوە. واباوە "ناسا"و دەستگا ئەمنییەکانی جیهان دەکۆشن ئەو گەشتانەی بشارنەوە تا خەڵکەکە نیگەرانی و دڵەڕاوکە سەریان لێ نەدا. ئەو وێنانە، ئەو تاشەبەردە هەڵکۆڵراوانە جگە لە سەردەمی ئێمە، دیارە لە کۆنی کۆنەوە ئەو هات و چوو و فڕاندنە بەردەوام بووە، کەواتە لە باو وباپیرەی ئێمەی کوردیش فرِینراون و براون بۆ یەکێک لەو ئەستێرە دوورانە و ڕەنگە دوای دووسێ هەزار ساڵ ئێستا بووبن بە میللەتێک و دەوڵەتی تایبەت بەخۆشیان هەبێت .

بەندە لێرەدا دەست بە دووعام و ڕوودەکەمە پەروەدگار خودایا! ڕەحمەتی عەزاب و ئەشکەنجەی ئێمە کورد بەس نەبوو؟ هەزار، دوو، ئەوە بۆ سێ هەزار ساڵە ئێمەی کورد دووچاری کاروکردەوەی دووژمنکارانەی دراوسێکانمانین. کورشی کودەتاچی باپیرەکوژ وڵاتمانی داگیکرد و دەستەڵاتی مادی لەناو برد. عارەب بەناوی ئیسلامەوە سەر وماڵمانیان بە تاڵان برد و بەشێکی زۆری وڵاتمان لەژێر دەستیاندایە، لەو باکوورشەوە سوارەی توورکی ناوەڕاستی ئاسیا هێرشیان کردە سەر وڵاتەکەمان و داگیریان کرد و لایان وایە ئێمەی کورد لە وڵاتی خۆماندا میوانین و لە هوتێلداین .

پەروەردگارا! لە ڕووی ڕەحمەوە تێمان بنوارە و گوێمان لێ بگرە و لەم زوڵمە هەرە زۆرە ڕزگارمان بکە، ئەگەر بکرێ ئێمەی کورد هەڵبگرە و بمانبە بۆ لای کوردەفرێندراوەکان یان ئەم میللەتە لە دەست خۆفرۆش و جاشسیفەت و نۆکەرەکانی بێگانەی ناوخۆمان ڕزگارکە، بە تەئکید

دانەدانەیان دەناسـی هەڵیـان بگـرە و بیانهـاوێژە نـاو ئەسـتێرەیەکی لە فەرمانـت یـاخی. دڵنیـابە لەوێـڕا کـارێکی وا دەکەن برابـرای بکـوژی ئاژاوەیەکی وا دەنێنەوە بە حەوت پێغەمبەریش چارەسـەر نەکرێ. ئەی خوای گەورە! ئەو ڕەحمە بەم میللەتە مەزڵـوومەی بکە و لە ڕمـوورنی ناوخۆمـــان ڕزگارمـــان کە ئـــازادی و ســـەروەری و یەکپـــارچەکردنی کوردستانی لەسەر خۆمان .

.تیژی تیشک لە یەک چرکەیدا سێسەد هەزار کیلۆمەترە .

# هیپیی کورد

کونکریت تا نەرمونیانە و تەڕە و وشک نەبووەتەوە وەک منداڵێکی تازە پاگرتووی بێدەسەڵات وایە و چی پێ بوترێت و چۆنی لەگەڵدا مامەڵە بکەیت بە گوێت دەکا!

کونکریت وشکبوویەوە دەبێتە یەک پارچە ململان و بەرگەگرتن.. ئیتر هەڵگرتنی باری قورسە بەرگەی گەرما و سەرماو باو و باران و تەوژمە جۆراوجۆرەکان بە درێژیی زەمان دەگرێت !

منداڵیش وایە تا ساوایە بێ توانایە ئەوی فێرکرێت بە ئاسانی وەری دەگرێ هەرکە گەورە بوو فکر و هۆشی هاتە سەرخۆی بە پێەێ توانا و لەیەکدانەوەی خۆی هەنگاوی دەنا، ڕفتاری کردار و گفتاری ڕەش وسپی لەیەک جوێ کردەوە ئەوە بە دیاردەی کەسایەتی ئەو کەسە دەژمێردرێت و دەدرێت لە قەڵەم.

بڕێک هۆکار لە پێکهاتنی ئەو کەسایەتیەیدا کاریە، وەک: دەوروبەر و چوار تەنیشت و چۆنیەتیی کۆمەڵگا و، زانست و ئایین و ژینگە هەر یەک لەوانە لە فکر و هەڵسوکەوتی ئەو کەسایەتیەیدا شوێندەستێ کاریە و لە جۆری مامەڵەکردنیدا لەگەڵ گرفت و ژیانی ڕۆژانەیدا کەم و زۆر خۆیان وەدەر دەخەن و بەپێی ئەندازەی فکر و لەیەکدانەوەی خۆی، دەیخاتە تای تەرازوو ڕەنگە یەکێک بڵێت کام تەرازوو؟

بۆچی تەرازوو لە وڵاتی ئێمەیدا هەیە و ماوە؟

مـن دەڵـێم بەڵـێ مـاوە شـتێکە لە زۆر بـابەت و مامەڵەیـدا خـوار و خـیچە... خـوار و خیچـی تەرازوو دیـاردەیەکە لە نێـو زۆربەی زۆری میللەتاندا بەدی دەکرێ، شتێکە کەم و زۆریەکەی ڕێژەییە.

لە بڕێک وڵاتاندا تەرازوو تۆزێک سـەر دەکـا، لە بڕێکـی تـردا تەرازوو خـوارە، لە بڕێکـی تـری وڵاتانـدا تەرازوو هەر نیـیە، لە بڕێکـی کەی وڵاتاندا تەرازوو هەیە و کەیل و کێشانە نییە!

بەنـــدە وەک تـــاکێکی کـــورد خوشـــحاڵم بەوەی تەرازوو لە نێـــو میللەتەکەمـدا بـوونی هەیە و نەبـووە بە عەنتـیکە و بـۆ دیـتن لە موزەخانەکاندا دانەنراوە..

بەو شـــێوەیە هەیەو لە وڵاتانـــدا دەبینرێـــت مـــایەی ئومێـــد و خۆشحاڵییە.. ئەدی هەر نەبوایە چی؟

مـادامێکی تەرازوو هەیە لەوەی دڵنیـام لە داهـاتوودا لەسـەر کەیـل و کێشـانەوەی حەق و حەقـیقەت دەق دەبەسـتێ و تـاکی کـوردی پـێ خۆشبەخت دەبێ کەیە؟

نازانم!

لە قـوڵایی مێـژووە ئـێمەی کـورد دووچـاری لەنگیـی تەرازووین، ئەو لەنگـی و خـوارییە پیرەزاڵیکـی تەمەنـدرێژە و لەگەڵیـدا پەروەردە بـوینە سـەیر لەوەدایە بڕێکـی خۆشـخەیاڵ لە عـالەمی حەپەلووشـدا

دەژین و لایان وایە وەبا و ئافەتی لەنگیی تەرازوو بە چوار وتاری تورەهاتی وەک ئەم وتارە خوار و خێچی منە توور دەدرێت و دەکرێتە تەرازووی تەرازوو..

ئەڵبەتە ئەوە خەیاڵە، ئەوە مەحاڵە، ئەو خەیالە مەحاڵە!

مانای ئەوە نییە بە نائومێدیەوە بوترێت .. لێگەڕێ .. باووباپیرانمان چۆنبوونە .. ئێمەش وا دەبین. و فێری ئاوا تەرازوویەکین!

نەخەیر و هەزار نەخەیر، ئەوە فکر و بۆچوونێکی ڕاونراوی ترسنۆکە، ئەوە مامەڵەی کەسێکی داماوی سەر لە سەر چۆکە.. مرۆڤی باوەڕ بەخۆ لە زاتیدا ململان و کۆڵنەدان بەشێکی زۆری ژیانی بەخۆ تەرخان کردەوە و بووە بە بەشێک لە خووخسڵەتی و دیاردەی کەسایەتی.

ئەگەر من و تۆ ئەو تەرازوو هەڵگرین و بڕوێن بۆ ناو میللەتانی هاودین و غەیرە دین، دەبینین کەیل وکێشانەکان لەگەڵ کەیل وکێشانەی ئێمەیدا زەوی تا ئاسمان جیاوازن...

بەڵێ تەرازووەکان هەمانن، ئەو کەیل و کێشانانە بوونەتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگاکەیان، زۆر شت لەو بیروڕایانە بەلای ئێمەوە بە نەشیاو دادەنرێت و لەگەڵ ئایین و جۆری تێفکرینی ئێمەیدا ناگونجێن، بەڵام لەگەڵ ئەو نەگونجانەشدا مافی تاک پارێزراون وتەرازووەکانیان زۆر کەم سەروخواری تیا دەبینرێت.

با هەر لە سواڵکەرەوە بیگرین، ئەوە مانگی ڕەمەزانە و دز و دەخەڵ وتەرازوو لەنگەکان لایان وایە بە بەخشینی دوو فلس و عانەیەک بە نەدارەکان وگرانفرۆشی و دزی و دەخەڵیان لە پەروەردگار دەیان شارنەوە، لەوەی غافڵن تەرازووی حەق وحەقیقەت لە دڵ ودەروون و عەقڵ و وژدانی خویدایە لە مامەڵەی ڕۆژانەیدایە لەگەڵ خەڵکیدایە بەلای پەروەردەگارەوە هەموو مانگێک ڕەمەزانەوە هەمو ڕۆژێکی خوا ڕەمەزانە.

بابێینەوە سەر سیستەمی سواڵکردنی نێو ئێمەی کورد و میللەتانی تردا...

بەندە نامەوێ لە هۆکارەکانی سواڵکردن بدوم، ئەوە چاوساغی خۆی هەیە و زۆر لە من باشتری لێ دەزانن و منیش ئەو کاتەدرێژەم نە بەدەستەوەیە نەوەک ئەویشی لێی دەزانم..

جا وەک دەبینرێت لەیرا و لە وڵاتە موسڵمانەکاندا دیاردەی سواڵکردن ڕێژەی لە مانگی ڕەمەزاندا بەرز دەبێتەوە و لە شەقامەکان و کوچە و کۆڵانی ناو شارەکاندا زۆرتر دەبینرێن ئیتر ئەوە ژن و منداڵی ساوایە، کابرا شەلە، گۆجە، کوڵە لە عەرەبانەیدایە سەد بەزمی درۆ و ڕاستی جۆراوجۆر.

پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان ئاگاداری فرتوفێڵی ئەو باندانەن و چەندین جار خەڵکیان لەو دیاردەیە ئاگادار کردوەتەوە.

وەنەبێت لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا سواڵکەر و دەرۆزەکەر نەبن کابرا لە گۆشەی شەقامێکدا دانیشتووە و لە بندەستیدا سـەگێک یـان دوان ڕاکشاون... کابراو سەگەکان چاو دەبڕنە چاوی هاتوچووکەرانـدا و بە زمانی بێزمانی دەڵێن: مەڕۆ پارەیەکمان تێگرە..

کـابرای سـواڵکەر و سەگەکانیشـی لە شـارەوانیی شـاردا مـووچەی مانگانەیان هەیە شتێکە جەنابی سواڵکەر لەبەر کێشانی حەشیشـە و مادە هۆشـبەرەکان و خـواردنەوەی ئەلکهـول ئەو بـڕە پـارەیە بەشـی ناکا و بەلای خۆیەوە ناچاری ئەو کارەیە.

بڕێکی تریان خاوەن بەهرەی هونەرین و ئامێری جۆراجـۆر دەژەنـن و ڕیگوزەرەکان پوڵوپارە دەخەنە نیو قوتـوی سـواڵیانەوە. بڕێکیتریـان سەر و لەشیان ڕەنگ دەکەن و خۆیان دەکەن بە پەیـکەری بێـڕوح و گیان و چەندین کاژمێر بێ جووڵە بە بەر سەرما و بەفـر و توفـانەوە ڕادەوەستن.

بڕێکیتریـان وەرزشـکاران وکـار و کـردەوەی پـاڵەوانیەتی ئەنجـام دەدەن.

بڕێکی تریان گاڵتەجاڕی و قەشمەریبازی دەکەن.

جاران لە شارەکاندا (شەقاوە) وملهووڕ و چەقۆکێش هەبوون و ژیـان و گوزەرانیـان بەسـەر خـاوە سـەندن و بـاج بگـریەوە دەگـوزەرا، لە دەرودەشت و ڕێگەوبان و گەردەنە و ملە سەختەکاندا چەتە و ڕێگری

دەکـراو خەڵکیـان ڕوتـدەکردەوە یـا دەیاننـاردە لای دەوڵەمەنـد و ئاغاکان پارەوپوڵیان بۆ دەناردن تا شەڕیان دوورخەنەوە.

چەند ئەورۆ لە دوێنێ دەچێت!

شـتێکە شـێوازەکە جیـاوازە، بنـوارە لێژنەکـانی پەرلەمـانی ئێراقـدا (هەموویان نا) بڕێکیان شـەریکەدزن، بڕێـک لەو سـەرۆکانە بـوون بە ملیۆنێر، ئەوان دەزانن کێ پارەوپوڵی قەبە و مۆلی لایە و تـا کـوێی مەچەکی چەورە.

بڕێک لە دەستگا ڕێکلامەکان و قەڵەم بەدەسـتانیش بەهەمـان شـێوە لە کاردان...

ئیتر بە ڕاست و درۆ دز و دەستپاک، وەک یەک دەتۆقێنن و کـابرا لە ترسی وتارێکی نـاتەواوی قەڵەم بە دەسـتەکەدا ناچـاری خـاوەدان دەبێت و لەبەر ڕسوایی پەنا ناباتە شکات و دادگا و لێکـۆڵینەوە، تـا ناوی لە فەیسبوک و ئـامێرە تازەباوەکانـدا تۆمـار نەکرێـت و نەبێـتە هەوێنی ڕفتاری چەوت و سەقەت.

بەندە وەک پەیکەرسازێک زۆرتر بیر لە دیاردەکان دەکەمەوە ئەوانەی لە قۆناخدا ڕوو دەدەن، چەند ساڵێکی تر دیاردەی "کولبەر" لە بیـر نامێنێـت و دەبێـتە بیرەوەریەکـی لە بیرچوویـان شـەهادەتی (شـیفا گەردی مایـک بە دەسـت) بەنـدە ئەگەر پەیـکەری (شـیفا)م وەک ئافرەتێـک کردبـا چەنـد سـاڵێکی تـر خەڵـک دەیپرسـی ئەو ئـافرەتە کێیە؟

بۆیە بە چاکم زانی پەیکەری دەست و مەچەکێکی مایک بە دەستێک ئەنجام بدەم سەرتاسەری جیهان بە هی خۆی بزانێت و ناوەکەش بۆ ئێمەی کورد بمێنێتەوە..

ئەمە ئەو... ئێستا وا خەریکی پەیکەری (ڕفراندۆم)م ڕفراندۆم وشه و شکڵ وشەمایلی نییە بە ئاسانی بە پەیکەر ناکرێت وخەڵکی لێی تێ بگا، ئیدی ئەوە بە ڕێگەوەیە تا لە گۆشەی شاردا دانرێت.

ئەم پەیکەرەی لە بەر چاوتە ناوی (هیپی کوردە) لە مەوبەر دامتاشیوە بوڵەندیەکەی یەک مەتر و پێنج سانتی مەترە، وەک زانراوە هیپی و ڕفتاری هیپیانە لەگەڵ خەڵکە زۆرەکەدا جیاوازە، ئەو جیاوازیەی تا ڕادەیەک شیاوە زەرەر و زیانی بۆ خەڵکی تر نەبێت لەو سنوورە تێپەڕی جیاوازی نییە لەگەڵ باجگیر و چەتە و چەقوکێشەکاندا.

هیپی ئێمە کورد شارەوانی شار یارمەتییان نادا ، بەڵام دەتوانن نان بە نرخی ڕۆژ بخۆن بە زۆر و بە ڕەزا خاوە و باج لە خەڵکی بسیەنن.

ئەوە نییە دەڕۆنە سەر مەشرووبفرۆشەکان و بە زۆر ئەوی بیانەوێ دەیبەن؟

ئەمەش دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ خواری و خیچیی ( تەرازوو) پێشم وانییە بەم زووانە نە یاسا وە نەدادگا وە نە دایەرە ئەمنییەکان بتوانن ئەو ڕفتارانە ڕیشەکەن کەن، بە تایبەت لەم

هەلومەرجەیدا وا هەڵبژاردن نزیک بوەتەوە و حیزبەکان لەگەڵ شێواندنی دەقەکەیدا نین، ئەگینا ئەو هیپیڕفتارانە بەلای دەستگا ئەمنییەکانەوە دنک دنک ناسراون و سەیر لەوەدایە چەپڵەلێدەریشیان هەیە بۆ جنێودان و پەتپەتیکردن بە خەڵکی و بە یاسایش.

ئەم پەیکەرەی لەبەر چاوتە کابرایەکی شەقاوەیە هیپییە، بێ دەربەستە گۆی لە هیچ نادا ئەوی بیری لێ ناکاتەوە خەڵک و خوا و یاسایە....

لەزەت لە ڕفتاری خۆی دەبا نەشی با وای پێ باشە و بۆی لواوە، بێ ئاگا لەوەی سبەی و دووسبەی یاسا ئەو ڕفتارانەی لێ قبوڵ ناکا و سەروەری خۆی دەنوێنی.

بە ئۆمیدی ئەو ڕۆژەی دەوڵەت و دەسەڵات بە تەواوی تواناوە سەرەوەریی یاسا بپارێزێن و ئەو دیاردە نەشیاوانە لە ساحەکەیدا دەبینرێن حەواڵەی یاسا بکرێن و سزادانیان نەدەنە دەست خەڵک!

ئەم وتارە بە وێنەی پەیکەرەکەوە لە ڕۆژنامەی "باس" بڵاوکراوەتەوە.

# مەولانا

مەولانا جەلالودینی (ڕۆمـی) یـان (بەڵخـی) لە سـاڵی ( ٦١٠ ک) لە شاری بەڵخدا هاتووەتە دونیـاوە لەسـەر ڕەگەز و پێناسـەی ئەم زاتە کێشمەکێشـێکی چەنـد سـەد سـاڵە لەنێـوان سێ وڵاتـدا بەردەوامە و تابە ئەوڕۆیش بێ ئاکام و بـێ سـەرئەنجامە . ئەفغانسـتان پێـی وایە ئەفغانییە و خـۆی و بـاوکی و بـاپیرانی لە شـاری بەڵخـدا هـاتوونەتە دونیاوە...

ئێـران دەڵێـت: نەخەیـر ئێـرانییە و بەڵـخ و دەڤەری بەڵـخ و وڵاتـی ئەفغانسـتان سـەدان سـاڵ بەشـێک بـوونە لە ئێـران و بەزورەملـی لە ئێران جوێ کراوەتەوە.

لەوە گۆزەشـتە تەواوی شـیعرەکانی مەولانـا هەر هەمـووی بەزمـانی فارسییە و کەسایەتیی فەرهەنگی مەولانا ئێـرانییە ..تورکیـا ئەو دوو بۆچـوونەی قبـووڵ نیـیە و دەڵێـت: مەولانـا لە منـداڵییەوە لە شـاری (قونیە)دا ژیاوە و هەر لەو شارەیدا ئەوزەڵی کردووە پەروەردە کراوە و لەوێرا بووە بە خـاوەنی ناوبـاو و شـورەت و هەر لەوێـرا مـردووە و ئەوروکە مەزارەکەی قیبلەی عوشاقانیەتی ..

سەیر لەوەدایە ئەو سێ وڵاتە هەر سێ سوورن لەسەر بۆچوونیـان و ڕەنگە چەند سەد ساڵی تریش ئەو هەرایە هەروا بەردەوام بێت ..



ئەوە حاشــا هەڵنەگــرە مەولانــا لە شــاری قونیەیــدا کودەتــا ویژدانییەکەی دەست پـێ کـردوە و هەر لەوێـرا قوناغەکـانی دونیـای تەسەووف و ڕێبازە تازەکەی و دونیای عیشقی تەی کردووە.

لە چوارتەنیشـتێکی دەقبەسـتووی دەمـارگرژدا خانەقانشـینێک بە تەنها بتوانێت شـێوەیەکی نـوێ بەرەفتـارێکی تـا ئەو حەلە نەکراو و نەبیسراوە... هەوادارانی بە ڕێبازێکی دونیای عیشقی خـودایی ئاشـنا بکـا و بە شـێوەی ئەو بیـر لە خـودا بـکەنەوە. بێگۆمـان تەکـیە و خانەقاکانی تـر و دەمـارگرژە ئایینییەکـان لێـی بێـدەنگ نـابن و دژی رادەوەسـتن و دەردەسـەر و گرفتـی بـۆ دروسـت دەکەن. هەروایـان کـرد. ئیتـر تـۆمەتی نـاڕەوای جـۆرا و جۆریـان بـۆ هەڵبەسـت وەک بـدعەت، بـێ ئیمـانی، ڕەگەزبـازی، هەڵخەڵەتانـدن، بەڵام مەولانـا درەختێک نەبوو بەو تۆفـان و زریـانە بێـتە لەرزیـن و بە پـێچەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکــــانێ دوورونزیکـــــی لــــێ کۆدەبــــوویەوە و بیروبۆچوونەکانی پەرەی دەسەند.

بەوەوە رانەوەستان کەوتنە هاندانی دەسەڵاتداران و هەروەها نوێنەرە دیوسـفەت و دەسـتخوێناویەکانی مەغـۆل. مەولانـا لە کودەتاکەیـدا بەردەوام بـوو شـیعر و موزیـک و سـەما لە خانەقاکەیـدا بەردەوام ئەنجام دەدرا مەولانـا دەرسـوتنەوەی بەلاوە نـاو سەرتاسـەری ژیـانی تەرخـانکرد بـۆ هەڵبەسـت و موزیـک و بەزم و ستایشـی خـودا.،، بە دەم سەماوە باس لە پەروەردگار کردن ، بەشێوەیەکی نـوێ بـاس لە

ژیان و مردن ، لە هەمان کاتدا لێزەمە و بارانی تـومەت لە کـۆچە و کۆڵانەکانی قونیەیدا بەردەوام بوو.

بە سەرپەرشتی کوڕە بچووکی مەولانـا و چەنـد لایەنگیرانـی ڕێبـازی مەولانا . هۆی ئەم هەمو وناتۆڕ و دەنگۆ و ناشیرینانەیان بە وجودی {شەمسی تەبریزی} دەزانێ و ئەو بووبووە هۆی ئاشـوفتەکی مەولانـا و ئەو هەم و نـاو و نـاتۆرە ناشـیرنانەی، بـۆیە بڕیـاری لەنـاو بردنـی شەمسیان داو لە پڕ شەمس بە دیار نەما لەبەر ئەوەی دووجار لە پڕ بێ ئاگاداری مەولانا شەمس قونیەی بەجێ هێڵابـوو، ئەمجـارەش هەر بەتەمای گەڕانەوەی شەمس بوون نەهاتنەوەی درێژایی کێشا شـەمس نەهــاتەوە مەولانـــا بۆخـــۆی بە دوای شەمســـی تەبریزیـــدا ڕێگـــای دورودرێـژی شـام و شـاری دیمەشـقی گـردە بەر ، لەوێـڕا مـاوەیەک مایەوە و سەرئەنجام نائومێد گەڕایەوە قونیە.

کاتێک بەهائولوەلەد مردووە، مەولانا تەمەنی بیست و چوار سـاڵ بــووە، لەســەر وەســیەتی بــاوکی و هەروەهــا موریــدان و ســوڵتان عەلائودینیش مەولانا جێگەی باوکی گـردۆتەوە و لە کاروبـاری شـەرع و فەتــوا و کاروبــاری ئاییــندا ســەرگەرم بــووە، وە لەو کاتەیــدا بورهــانودینی مــوحەقیقی ترمــزی دەگــاتە شــاری قــونیە و لەوێــڕا نیشتەجێ دەبێت.

## بورهانودینی موحەقیقی ترمزی

بەرەگەز دەگەرێتەوە سەر حەزرەتی حوسەین و یەکێک بووە لە سەرسوپوردەکانی باوکی مەولانا و لە شاری "بەلخ"دا لە خزمەتی بەهائولوەلەددا بووە و بۆ خۆیشی رۆژ بە رۆژ لە دونیای تەسەوف و ریازەتی عیرفانیدا پلەپلە سەرکەوتووە.. برێک سەرچاوە باس لەوەیدەکا لە شاری بەلخدا بەهائولوەلەد مەولانای بەو سپاردووە وەک لەلە لێی دوورنەکەوتۆتەوە..

کاتێک بەهائولوەلەد شاری "بەلخ"ی بەجێهێشتووە بەهائودین لەشاری ترمزیدا گۆشەی خەڵوەتی هەڵبژاردووە و بە عالەمی عیرفان و زیارەتەوە خەریک بووە، بەڵام کە بەهائولوەلەد لە بەڵخ وەدەردەچێت قۆناخ بە قۆناخ هەواڵی بە دەست دێنێ و سەرئەنجام بۆی دەردەکەوێت بەهائولوەلەد لەشاری قونیەدا گیرساوەتەوە و بورهانودین کۆچ و بار دەبەستێ و روو لە شاری قۆنیە دەکات، کە دەگاتە شاری قونیە یەک ساڵ بە سەر مەرگی بەهائولوەلەددا گوزەرابوو یانی ساڵی ٦٢٩ کۆچی.. ئەفلاکی لە کتاوی "مناقب العارفين"دا جامی لە کتاوی [نفحات الانس]دا دەڵێن: بورهانودین بە وانە وتنەوە خەریک بووە، لە پڕ روو بە قوتابیەکانی دەکا و دەڵێت: حەیف پیرەکەم جیهانی بەجێهێڵاو کوڕی پیرەکەم "جەلالودین" نیگەرانی رۆیشتنی منە، وە ئەوە ئەرکێکە کەوتە سەرم دەبێ روو بەشاری قونیە بەڕێ بکەوم و ئەو ئەمانەتەی پیرەکەم بەمنی دابوو بیدەمەوە دەستی...

بەدیعولزەمانی فروزانفەر دەڵێت: ئەم داستان و کەرامەتەی لە "وەلدنامە"ی سوڵتان وەلەددا نەهاتووە، وە "وەلدنامە" بەسەرچاوەی باوەڕپێکراوی سەرەکی بورهانودینی زانیوە، هیچی لەو رووەوە نەنووسیوە، ئەوە نەبێت دەڵێت: هێرشی مەغول و کردەوەکانیان بووەتە هۆی کۆچی بورهانودین لە شاری ترمزەوە بۆ شاری قونیە...

ئەفلاکی دەڵێت: کاتێک بورهانودین گەیشتوەتە قونیە، مەولانا لە شاری "لارندە"بووەو بورهانودین لە مزگەوتی "سنجاری"دا ژیاوە و لەوێرا نامەیەک بۆ مەولانا دەنووسێت بەگەیشتنی نامەکەی، مەولانا دەگەڕێتەوە قونیە، بەڵام لە "ولدنامە"دا ئاماژەی بەو نامەیە نەکراوە... لەوەلەدنامەدا هاتووە، سەید بورهان لە زۆر رووەوە مەولانا تاقی دەکاتەوە و دەنوارێ ئامادەگیەکی بەرچاوی هەیە لە زانیاریەکاندا، وە بە مەولانا دەڵێت: سەد بەرانبەری باوکت بە تواناتری، با ئەویشە بڵێم..

باوکت لە زانیاری وتندا بە توانا بووە، هەروەها لە حالیشدا دیسان بە توانا بووە، دەمەوێ بۆ لەمەولا لە زانیاری سلوک و حاڵدا بەخۆتا راگەیت و بکەویتە تەقەلـلاوە، وە من ئەوەم لە باوکت وەرگرتوە و تویش لە منێ وەرگرە، تا لەو رووەیشەوە ببی بە وارسی باوکت..

ئەو وتەیەی سەیرە بەلای مەولاناوە جێگەی خۆی گردۆتەوە و مەولانا بە رێنمایی سەید وردە وردە دەڕواتە خەڵوەت و سلوکی ریازەتەوە، ئەو ماوەیە نۆساڵی کێشاوە؟

## مەولانا لەشاری حەلەبدا

وەک لە کتاوی "مناقب العارفین"دا هاتووە، دوو ساڵ دوای مەرگی باوکی، رووی لە شاری حەلەب کردووە رۆیشتنەکەی لەسەر قسەو رێنمایی بورهانودین بووە.. وە بۆ خۆیشی تا "قەیسەریە" لەگەلیا رۆیشتووە. وە بورهانودین لە شاری قەیسەریەدا نیشتەجێ بووە و مەولانا روو بە حەلەب وەرێ کەوتووە و لەوێدا بە خوێندنەوە خەریک بووە، وە گومان لەوەیدا نیە، کە مەولانا ئاشنایيەکی بەربڵاوی لە زانیارییە ئیسلامەکاندا هەبووە لەو کاتەیدا دیمەشق و شام بەتێکڕایی بوو بووە هە وارگەی زۆربەی زۆری عولەمای شەریعەتی ئیسلامی و هەروەها لێزانانی دونیای ئەدەبی عارەبی و فارسی، بە تایبەت لە ترسی هێرشی مەغولدا زۆربەی زۆری چاوساقانی ئێرانی لەوێرا نیشتەجێ بوو بوون، ئێرانیەکان زۆرتر لە "جەبەل لبنان"دا سەقام گیر بوونە، وە "شێخ محی الدین" لێزان و چاوساقی دونیای عیرفان و تەسەوف لەو ناوچانەیدا ژیاوە و دەست بەکار بووە...

**مەدرەسەی حەلاویە**

ئەفلاکی دەڵێت: مەولانا و چەند کەسێک لە موریدەکانی باوکی لەو قوتابخانەیدا جێگیربوونە.. ئەو مەدرەسەیە لە سەرەتاوە بۆ خۆی کلیسایەکی سەردەمی دەسەڵاتی ڕۆمانەکان بووە، گوایە حەزرەتی عیساو هاودەمەکانی لەو "بوقعە"یەیدا بۆ ماوەیەک ژیاون، کە هێرشی لەشکری سەلیبی پەلاماری ئەو دەڤەرانە دەدەن — ٥١٨ کۆچی — میری ئەو دەڤەرە "ئیلخازی کوڕی ئەرتەق" شەڕو بەرانبەرەکی بەلاوە ناوەو بۆی دەرچووە.. بەڵام لە دواییدا [قازی ئەبولحەسەنی کوڕی محەمەدی کوری یەحیای کوڕی خشاب] چوار لە کلیسای گەورەی ئەو شارەی گۆڕیوە و کردوویە بە مزگەوت، وە بە دوای ئەودا نورەدین زەنگی، ناسراو بە [مەلیک عادل-٥٤١ — ٥٦٩ کۆچی — چەند ژوورو نیازمەندیتری بۆ ئەو مزگەوتانە دروستکردوەو بەشێوەی قوتابخانەی لێکردووە و کردوویە بە وەقفی ئەبوحەنیفە...

لە ساڵی ٦٤٣ کۆچی، ئیبنولنەدیم لەسەر فەرمانی مەلیک ناسر، ئەو قوتابخانەیە دووبارە نوێژەن کراوەتەوە، وە بۆ جارێکیتر لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا سوڵتان "محەمەدخان — ١٠٧١ کۆچی — نەوسازی کراوەتەوە...

ئەو قوتابخانەیە وەقفی زۆری هەبووە و قوتابیان تیایدا حەساونەتەوە، وەلەبەر ئەوە لە مانگی ڕەمەزاندا شیرینەمەنیان دابەشکردووەتە سەر قوتابیاندا، بەناوی "حلاوية" ناوی دەرکردووە،

وە بە مامۆستای ئەو مەدرەسەیە دەژمێردرێت، وە بورهانودینی سەلەفی بووە بە یاریدەدەری...

## کەمالودین ئیبنولعەدیم

کاتێک مەولانا لەو قوتابخانەیەدا قوتابی بووە، ئیبنولعەدیم سەپەرشتی ئەو مەدرەسەیەی کردووە، وە ناوبراو بە رەگەز دەگەڕێتەوە سەر [ئەبی جەرادە عامری کوڕی رەبیعە]، کە یەکێک بووە لە یارانی حەزرەتی عەلی، وە بۆ یەکەمین جار موسای کوڕی عیسا چوارەمین کوڕی ئەبوجەرادە لە شاری حەلەبدا گیرساوەتەوە، هەروەها نەوەونەتیجەیان لەوێرا ماوەتەوە و بەکاروباری جۆراجۆرەوە خەریک بوونە...

نازناوی ئیبنولعەدیم بەووانەی وتراوە [قازی هیبەتولای کوڕی ئەحمەد] کە لەو بنەماڵەیە بووە تا خوا حەز بکات دەوڵەمەند بووە، لە نووسین و شیعرەکانیدا پەیوەستە لە دەست نەداری و هەژاری نالاندویەتی، بۆیە بەناوی هەژار و نەدار ناویان بردوەو بنەماڵەکەشی بەناوی "عەدیم" ناو بردووە.

کەمالودینی عەدیم کوڕی چوارەمی "هبەتوڵلا عەدیم" بووە، لە ساڵی ٤٨٨ کۆچی هاتوەتە دونیاوە، لە زانیاری و ئەدەبیاتدا ناوبانگی گەورەی سەردەمی خۆی بەدەست هێناوە، لە هەمان کاتدا یەکێک بووە لە خۆشنووسە بە تواناکان و شیعری زەریفیشی

نووسیوە.. یاقوتی حەمەوی، کە لە ساڵی ٦١٤ کۆچی بە خزمەتی کەمالودین گەیشتووە لەو حەلەیدا لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بووە، بووە بە مامۆستا لە مەدرەسەی شادبەخت، دیارە لە دواییدا لە "حەلاویە"دا بووە بە مامۆستا، لە ساڵی ٦٣٤ کۆچی بە فەرمانی مەلیک ناسر مەدرەسەکە نوێکراوەتەوە.. ئەم ئیبنولعەدیمە چەندین کتاوی نووسیوە، یەکێک لەوانە مێژووی حەلەب بەناوی [زبدة الطب]، هەروەها کتابێکیتری نووسیوە بەناوی [الاخبار المستفادة في ذكر بني جرادة]، لەسەر داوای یاقوت نووسیویەتیەوە، کتێبێکیتری هەیە بەناوی [الدراري في ذا الذراري] پێشکەشی مەلیک زاهیری کردووە.. کاتێک مەغول گەیشتە حەلەب – ٦٥٨ کۆچی–، ئیبنولعەدیم بەرەو میسر بۆی دەرچووە، دوای چۆڵکردنی مەغول گەڕاوەتەوە بۆ شام، لە دوای دوو ساڵ مردووە ٦٦٠ کۆچی..

ئەفلاکی زۆری دەربارەی کەمالودین وتووە و دەڵێت: بە دەسەڵات و تێرنەخۆر و بەناوی مەلیکولمولکی حەلەب ناو دەبرا.. لەبەر ئەوەی هەستی بە زیرەکی و لێهاتویی مەولانا کردبوو زۆری رێز لێ دەگرت و زۆر بەدەمیەوە بوو. لەبەر ئەوەی کەمالودین پەیڕەوی مەزهەبی "حەنەفی" بوو، مەولانا ناچار بوو دەبوا فقهی حەنەفی بخوێندایە.. نەزانراوە مەولانا چەندێک لە شاری حەلەب ماوەتەوە، فروزانفەر دەڵێت: لەو رووەوە ئەفلاکی دیسانەوە باسەکانی تێکەڵ کردووە، لە باسێکدا مەولانا رۆیشتووە بۆ دیمەشق، هەر لەو مێژووەدا دەڵێت: سوڵتانی روم بەدوایا ناردوویەتی تا بۆ قونیە بگەڕێتەوە. ئەمەش

لەگەل سالآنی دەسەلآتی سولْتان عزەدیندا ناگونجێت..

## مەولانا لە شاری دیمەشق

دوای ئەوەی مەولانـــا لە شـــاری حەلەبـــدا بـــۆ شـــاری دیمەشـــق دەیگـوێزێتەوە، بـۆ مـاوەی چوارسـالْ، یـا حەوت سـالْ لەو شـارەیدا مـاوەتەوە بە خوێنـدن و ریـازەتەوە سـەرگەرم بـووە، وەک لە مێـژدا وتمـان شـاری دیمەشـق بووبـووە هەوارگەی زۆربەی زۆری هەلاتـوانی زانیاران و ئەدیبانی وڵاتە داگیرکراوەکانی ژێر سمی ئەسپی مەغول..

وە لەو کاتەیدا شێخ محیدینی عەرەبی [٥٦٠ – ٦٣٨ کـۆچی] دوا سالآنی ژیانی گوزەراندووە .. ئەو زاتە ناوی محیدین کوڕی محەمەدی کوڕی عەلـی تـائی ئشـبیلی بـووە، یەکێـک بـووە لە گەورە سـۆفیانی سـەردەمی خـۆی و ئێسـتاش .. توانیـویە ڕێبـازی سـۆفیگەری لە قالْبێکی عەقلانـی و زانسـتیدا بخـاتە ڕوو، وتـراوە کە لە ژیانیـدا ٢٤٠ کتاوی نووسیوە، وە کتابی [فتوحات مكية]یەی یەکێکە لە گرنگتـرین کتاوەکانی.. ئەو زاتە لە دیمەشقدا مردووە و لە گۆرستانی سـالحیەدا نێژراوە..

تێکەلآویەکی دیاری و بەرچـاو دەکەوێ لە نێـوان ژیـانی مەولانـا و شاری دیمەشقدا، وە لە قەسیدەکانی مەولانادا زۆر بـاس لە دیمەشـق و تاقیکردنەوەی خۆی لەو شارەدا هاتووە، هەروەها ڕۆیشتنی شەمس بـۆ دیمەشـق و دووری مەولانـا لە شـەمس، مەولانـا دوو سـەفەری

دیکەی شاری دیمەشقی کردووە، ساڵی ٦١٥ کۆچی و ساڵی ٦٤٧ کۆچی وە ناردنی کوڕەکانی بۆ خوێندن بۆ ئەو شارە نیشانەی گرنگی پێگەی شاری دیمەشق دەردەخات لە فکری مەولانادا..

ئەفلاکی دەڵێت: زانایان و حوکەمای شاری دیمەشق کاتێ زانیان مەولانا بۆ شارەکەیان هاتووە، رۆیشتونەتە پێشوازی و لە مەدرەسەی "مقدسیە"دا نیشتەجێیان کردووە، وە لەو شارەیدا مەولانا گەیشتوەتە خزمەتی محیدینی عەرەبی.. کەمالودینی حوسەینی خوارەزمی لە کتاوێکیدا بەناوی "شەرحی مەسنەوی" جواهر الاسرار دەڵێت:

کاتێک مەولانا لە دیمەشق بووە، زۆر جار گەیشتوەتە خزمەتی [مەلیکولعارفین] موحد محقق کامل الحال و القال شێخ محي الدین العربي و سید المشایخ المحققین شیخ سعدودینی حەمەوی وە هەروەها عومدەتولمشایەخ و المحدسین عوسمان الرویی، هەروەها شیخ سەدرودینی قونوي وە ئەوحەدودینی کرمانی] و مامۆستای گەورە فروزانفەر دەڵێت: مانەوەی مەولانا لە دیمەشقدا بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە حەقیقەتەوە بە دوورە..

## گەڕانەوەی مەولانا بۆ قونیە

دوای ئەو ماوەیەی مەولانا لە شامداماوەتەوە، کە بە دروستی نەزانراوە، ئایا چوارساڵ بووە، یا حەوت ساڵ، بێ شک لە حەوت

ساڵ کەمتر بووە، لە گەڕانەوەیدا عولەماو زانایان تا قەیسەری ڕۆیشتون بەپیرییەوە، هەتا وەکو لەلایەن شا عزەدین کەیکاوسەوە [٦٤٤ — ٦٥٥ کۆچی] وەزیرێک بەناوی [ساحب شەمسودینی ئەسفەهانی] لەو پێشوازیەدا بەشدار بووە.. کە مەولانا گەڕاوەتەوە، بە پیی ڕێنمایی ریازەتەوە بەسەر یەکەوە سێ چلەی ئەنجام داوە، وە بە پێی سەرچاوەکانی وەک.. [ئەحمەد دەدە]ە مەقالاتی وەلەد چەلەبی سەرجەمی خەڵوەتی مەولانا بە هەزار و یەک ڕۆژ گەیشتووە.. لە دوای ئەو ماوەیە سەید بورهانودینی موحەقق، بە مەولانا رادەگەیەنێت ئیتر ریازەت بۆ تۆ نەشیاوە و گەیشتویتەتە ئەو رادەیە نیازت بە ریازەت نەماوە..

لەوەدا گومان نیە کە مەولانا قوتابی بورهانودینی موحەقق بووە، وە لە نووسینەکانی مەولانا و هەروەها وەلەدنامەشدا بەروونی دیارە، لە وەلەدنامەدا هاتووە، مەولانا نۆساڵی تەواو لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی بورهانودیندا هەڵساوە و دانیشتووە، وە لەسەر فەرمانی ئەویش ئەو ماوە زۆرە لە شامدا ماوەتەوە..

ئەفلاکی دەڵێت: کاتێک سەهرەوەردی هاتووە بۆ وڵاتی روم — ٦١٨ کۆچی — و لەگەل بورهانودیندا یەکتریان دیوە، یانی لە شاری قەیسەریدا.

سەید بورهانودین لە شاری قەیسەریدا مردووە -٦٤٤ کۆچی — ساحب شەمسودینی ئەسفەهانی مەولانا لە مردنەکەی ئاگادار

دەکاتەوە و یەکراست خۆی دەگەیەنێتە قەیسریە و ئەوەی کتاب و نووسینی هەبووە لەگەڵ خۆیدا دەیبا بۆ قونیە.. ئەوە ئاشکرایە کەوا سەید لە ڕێبازی تەسەوف و زانستەکاندا دەستی باڵای هەبووە، ئەگینا کەسێکی وەک مەولانا لە خۆڕا ئاوا پابەندی نەدەبوو، ئەگەر مامۆستایەکی لێزان و لێهاتو نەبوبێت..

ئەفلاکی دەڵێت: سەید خانمە، ناسراوێکی ئەو دەمە موریدی بووەو بە سەید دەڵێت: تۆ لە گەنجێتیدا ڕۆژو و ریازەت و نوێژت ئەنجامداوە، بەچی مەعنایەک لە پیریدا ڕۆژو ناگریت و زۆربەی نوێژەکانت لەدەست دەڕوا؟

سەید لەوەلامدا دەڵێت: ڕۆڵە ئێمە وەک حوشترە بارکێشەکانین باری گران و قورسمان زۆر کێشاوە، ئەوەی دژواری و زەحمەتی ژیان هەیە دیومانە و کێشامانە، ئەوەی ڕێگای دووری پڕ لە مەینەت هەیە پێوامانە، ئەوەی تۆکی پشتمان هەیە وەریوە و سواوە..

بێ ئەندازە زەعیف و لەڕو ناتەوان بووین و کەم خۆری و تەنگ قورگی توانای پاروقوتدانی بۆ نەهێلاوەتەوە بە تیکەیەک نانی جۆ رازی دەبین و لە چەژنی مەرگدا دەبینە قوربانی، ئەوەی لە چێشتخانەی سوڵتاندا سەردەبرڕێت ئەوانەن لە زۆر خواردندا هەڵئاوساون.

سەید لە عارفانی رابردودا مەیلی زۆرتر بەلای "سەنائی"ەوە بووە، لە وتوویژەکانیدا پەیوەستە شیعری "سەنائی" خوێندۆتەوە.

## مەولانا دوای مردنی بورهان موحەقیق

دوای مردنـی سـەید، مەولانـا کەوتە وانە وتـنەوە و ئیرشـادکردن، یـانی بەدرێژایـی پێـنج سـاڵ، وە لە مەدرەسـەی باوکیـدا زۆرتـر لە چوارسەد فەقێی تێا دەیخوێندو مەولانا دەرسی پێ دەوتنەوە.

## سەردەمی کودەتا و ئاشوفتەگی مەولانا

مەولانا مۆڵەتنامەی لە بورهان موحەقیق وەرگرت بوو، وە لە هەر چوارلاوە تەلەبەو فەقێی لە مەدرەسەکەی باوکیدا کۆبووبوونەوە، لە ژێر چاودێری مەولانادا بە زانستەکانەوە سەرگەرم بونە و لە پرسیار و وەڵامەکاندا و لە شەریعەتدا بە وتەی [یجوز و لایجوز] وەڵامی دەدایەوە. وە لە هەمان کاتدا ژیانی سادەو بی ئارایشی مەولانا، ریازەت و خەڵوەتەکانی مەولانا بوو بووە هۆی سەرسامی دوورو نزیک و خاڵ و دیاردەیەکی نمایان لە یەکتاپەرستیدا.. هێندە خەڵکەکە باوەڕیان پێ پەیدا کردبو بە دڵ و داوەوە بەتەمای دوعایەکی دەبوون و بە پێشەوایەکی گەورەی ئاینی دایان دەناو هەموو وتەو هەموو جوڵانەوەیەکی بە چاوی رێز و سەرسامیەوە لە فکر و زکری خەڵکەکەدا دەقی دەبەست.

ئەم چوار بەیتە لە مەسنەوی وەرگیراوە، داخەکەم ناوی شاعیرەکەم بۆ روون نەبووەتەوە، هەرکێ نووسیویەتی رۆحی شاد و دوعای بەخشینی بۆ دەکەم..

زاهد کشوری بُدم صاحب منبری بُدم

کرد قضا دل مرا عاشق کن زنان تو

غزل سرا شدم از دست عشق و دست زنان

بوقت عشق تو ناموس و شرم هرچم بود
عفیف و زاهد و ثابت قدم بُدم چون کوه
کدام کوه که باد تواش چو که نر بود
زاهد سجاده نشین بودم با زهد ورع
عشق درآمد ز درم برد بخمار مرا

هاوار چیم بەسەرهات، منی مینبەرنشین، دیاردەیەک بوم و ئاماژەی بۆ دەکرا بۆ ئاین و دین.. رۆژگار وایلێکردم و عاشقی چەپڵە و دەست و پەنجەی تۆی کردم و بەم دەردەی بردم. ئەوسا غەزەل سەرای نازو کریشمەی ژنان بومە، وێرانە ماڵ بێ ئەی عیشق.. نابینی چۆن تیاچومە؟

منێکی قورس و گران وەک کێوی داڵەهو.. کام کێو لەبن نەهات بە تۆفانی تۆ؟

گۆشەگیر و بەرماڵ نشین بوم ئەی عیشق بزانە، کە هاتی دەمبینی ئێستا مەیگێرێکم لە گۆشەی مەیخانەی عیشقدا ئەوە لیکدانەوەی ئەو چەند بەیتەیە.. شاعیر دەڵێت، لە دونیای رێبازی تەسەوفدا هیچ شتێک "سابت قدم" نیە و هەموو شتێ شیاوی گۆڕانە، رەنگە سبەی هەر زاهید و پیاو چاکێک و سوارکارێک تێوەگلێت و زاتی خۆیی هەوەسەکانی زاڵ بێت بەسەر دونیای پاک و خاوێنا، وە بە پیچەوانەوە کەسێکی لەدونیای ویژدان و دەرگای حەق بە دوور روو لە دەروازەی رەحمەتی پەروەردگار بکاو سەری

بەنـدەگی دانەوێنێـتەوە و لە رابـوردووی پەشـیمان بێـتەوە و ئینکـار بکا، هەر دوو حاڵەتەکە بۆیان هەیە و شیاون..

ئەم مەولانای ئێمەیە، هێندە ناسک و لەسـەرخۆ بـوو لایەنگیرانـی لە "بـا"یش دەترسـان نەکـا بیبـا، کە دەهـاتە قسـەو لەکـاتی مینبەرنشـینیدا هەناسـەدان دەبیسـرا.. حـافزی شـیرازی لەم رووەوە شیعرێکی هەیە فەرمویەتی:

که ای بلند نظر شهباز سدره نشین

نشیمن تو نه این گنج محنت آبادست

ئەی دوو بـراو شـابازی سـەربن نشـین.. ئەی دەمڕاسـتی رێبـازی چاوساقی وتووێژ، ئەی شاسەواری دەرد و میحنەت و خـوێنریژ. هـیچ گەنجێک هیچ زەڕو سامانێک ناگاتە هاو دەمیتا..

دەوروبەرو.. دوورو نزیـک و دەسـەڵاتدار و هەژارو نەدار، زۆربەی شـێخ و مەلا یەک رەنـگ و یەک دەنـگ بـوون، لەسـەر پـاکی و پیاوچـاکی و رەوشـتی مەولانـا.. لە پـڕ هەتـاوی عیشـقی لە ئاسـۆی فکری گڕ گرتووی مەولانا سـەری لە ئاسـۆ وەدەرهێنـا و درەختێکـی ئـاگرینی لە فکـر و زکـری مەولانـادا چێنـا، کودەتـایەکی بنەمـایی لە رۆژگـاری مەولانـادا رەشـەبای بـێ گەردێ گەردەلـول ئاسـا دەسـتی پێکرد و ئەوەی ئارامی و ئاسایشی مەولانا بوو رایماڵی و بردی..

مەولانا ئەوەی جاران دەیکرد و لەسەر رەواڵ و شێوەیەکی ناسراو هەنگاوی دەناو دەجولایەوە، تۆڕی بەلاوەدا و شـێوەی ژیـانی گـۆڕی،

لە هەمان کاتدا زۆر لە دەورو بەری مەولاناش روویان لە مەولانا وەرچەرخاندو لێی دوورکەوتنەوە.. .

ئەوانەی کەم دید و روانگەیان کورت و تەنها بینەری، بەرپای خۆبین بوون، لە نورو تیشکی مەولانا خۆیان مەحروم کردو کەشتی سەرسامیان لە دەریای پڕ لە شەپۆلی شک و گوماندا نغرۆ بوو.. شەمسی تەبریزی، رازی هەڵنەهێنراوی مەولانا و کودەتاکەی بوو لە ژیان و تێفکرینی مەولانادا..

دەخەڵ و شانتەکێن دەچونە لای مەولانا و دەیانوت بەڵێ لەشاری بەغدا شەمسیان دیوە یەکێکی تر دەهات نەخەیر من لە شاری ئەردەبیل دیومانە ئیتر هەریەکێک بە نەوعێک دەوروبەری مەولانا دەیانوت: قوربان ئەمانە درۆ دەکەن تەنها لەبەر خەڵاتکردنە دێنە خزمەتتان مەولانا وەڵامیانی دەدایەوە و دەیوت:- من دەزانم درۆ دەکەن خەڵاتیان دەکەم خۆ ئەگەر ڕاست بکەن هەرچیم هەیە دەیدەم. ڕەنگە یەکێک بپرسێت زۆر شتی گرینگتر لە پەیکەری سەمای {مەولەویە} لەبەر چاوە ((خوسرە و جاف))

زەحمەتی بکێشیت و وەک پەیکەر بیخاتە بەرچاو...؟ ئەوە پرسیارێکی بە جێیە ئەگەر ئاگاداری مەولانا و کودەتاکەی عیرفانی مەولانا نەبێت... بەندە ئاگاداری ئەمڕۆ و دوێنێی ئەدەبی کوردیم نووسەرێکی کورد بە دڵ و داوە ڕۆمانێکی نوسەرانی ئەمریکای لاتین

بێ ئەوەی زمانه ڕەگەزەکەی نووسەرەکە بزانیت دەڕوا ئەو ڕۆمانه له پێشدا وەرگیراوەته فەرەنسی له فەرەنسیه کراوەته عارەبی یان فارسی ئەو دێت دەیکاته کوردی من هەر وەرگێڕانێکم لا باشه به هەموو کەم و کورتیەکانیەوە.

باشه ئێمه با ئاوڕێک له جوگرافیا بدەینەوە .ئەمریکای لاتین له قەمەرێکی تردان هەزاران کیلۆمەتر له کوردستانەوە دوورن ، گۆڕی مەولانا لەشاری قونییەی تورکیایه به فڕۆکه یەک کاژمێره، تەسەووف ڕووکنێکه له ئەرکانی ئیسلام.

لەوەی گوزەشته عیرفانی مەولانا ئەشعار و ئەدەبی مەولانا دیارده یەکی هێنده بەرز و بوڵەنده میللەتانی دوورو نزیک شانازی پێوه دەکەن، من که تا ڕادەیەک نەک له دەریای مەولانادا بەڵکوو له یەکێک له گۆمەکانیدا خەریکی مەلەم ، زاتێکی وا بەو مواسەفاتەوە به حەیفی دەزانم لەم بندە سەیدا میللەتەکەم نەیناسن بۆیه به ئەرکی خۆمم زانی کتاوێک دەربارەی مەولانا بنووسم لەژێر ناوی (مەولانا و ڕازی نەی) ئەوە بەرەو چاپی سێهەم دەڕوات .. خۆ مەولانا تەنها به بیری فەلسەفی و سۆفی نه ناسراوە ، ڕوحدوێنه ، دەق شکێنه ، دەقی چەند سەد ساڵەی شکاندووە سەهۆڵ بەندانی عەقڵیەتی ڕچاوی شکاندووە ، ئاوا ڕەچەشکێنێک توانیویه پیر و گەنج لەسەر نەوای تەڵی تارو مۆزیک بهێنێته سەما ، ئیتر دوور له ناتۆر و تۆمەتی خانەقا و تەکییەکان شێوەیەکی تازه له دونیای

عیرفانا بهێنێتە کایەوە، ئەوەسا دوای هەزار ساڵ سەماکەی مەولانا مـوزیکەکەی مەولانـا لە بۆنەکـانی گەلانـدا بەرچـاو دەخرێـت، هەر ئەوەنـدە بەش دەکـا لە مەولانـا بـدوم ئەوانەی لایـان خۆشـە زووتـر مەولانا جەلالـو دیـن بناسـن بـا بـڕۆن کتـاوی (مەولانـا و ڕازی نەی) خوسرەو جاف بخوێننەوە.

بە نووسین ڕەنگە ئاسان نەبێت باس لە سـەما و جـۆری جـوڵانەوەی سەمای {مەولەویە} بکەم بۆیە کەوتمە بیری پەیـکەری سـەماکەرێکی سەمای مەولەویەوە ڕێگام زۆر لەبەر بوو لەچی مەتریالێک ئەو کارەی ئەنجـام بـدەم لە هەمـوی شـیاوتر بـۆ سـازاندنی پەیـکەر کەرسـتەی (بڕونـز)ە دیـارە هونەرمەنـدانی کـورد وەک زۆر شـتی تـر لە مـادەی (بڕۆنز)یش مەحروومن لەبەر دوو هۆ:

یەکەم کەرەستەیەکیگران بەهایە ...

دوهەم تا ئێسـتا کـورەی تواندنەوەی بڕۆنـز لە کوردسـتاندا وجـودی نییە لە کاتێکدا پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر سۆمەرییەکان تواندنەوەی بڕۆنزیان ئەنجام داوە بەدوای ئەواندا فەراعینە و یۆنـان و ڕۆمـان ئەو کارەیان کردوە.

چیی بکەین ئیتر ئەمە قەدەری ئێمەی کوردە ، کوردبوون لە ژیانـدا لە تەواوی بوارەکاندا خاوەی خۆی هەیە و ئێمەی کوردیش فێری ئەو خـاوەدانەین، لێهـاتوانی گەلانـی تـر رەنـگە مەودایەکـی وایـان نەبێـت لەگەڵ کـاروکردەوەی لێهـاتووانی کـوردا ، ئەوان هەلـومەرجێکی

بەربڵاویـــان خـــراوەتە پـــێش بەڵای ئێمەشـــەوە لە ڕووی ڕەحـــم و بەزەیـیەوە دەنـوارنە لێهاتووانـدا ، نـاڕۆمە سـەر هـۆی مەزلـومیەتی لێهاتووان بەتایبەتی لە بواری هونەردا ئەوە کەلتورێکی هەزار و چوار سەد ساڵەیە، بە فەرمانێکی وزاری چوزانم ئیداری چارەسەر ناکرێت، ئەو تێفکرینە عەقڵیەتێکی ڕچاوی دەقبەستوی هەمـوو جێگیـرە ، وا بڕوات ئەو دەردە بێ دەواو بێ تەکبیـرە، هەر نەبێـت لەنێـو میللەتـی ئێمەدا وا بڕوات هونەر بێ ڕێز و فەرامۆشە، کوڕە کاکە یەشـتا بەلای بڕێکەوە بە هونەرمەندانی گـورانیبێژ دەڵـێن (لـۆتی) خـۆ بەشـەکانی دونیای هونەر لە فکر و زکری خەڵکی لای ئێمەیدا گەڵاڵە نەبـووە بـۆ نمـــوونە لە نێـــو حیزبەکـــانی ئەمـــڕۆی کـــوردا وەک زانیـــاری وەک ڕۆشـنبیری کـۆمیتەیەک تـایبەت بە دونیـای هۆنەریـان تیـا نیـیە تـا ئەندامەکانیان سەوادێکی هونەرییان هەبێت و ئاشنایی پەیدا بکەن تا لەگەڵ دونیـــای پێگەشـــتوو و تێگەیشـــتوودا زۆرتـــر هاوئاهەنـــگ بـــن سەرئەنجام بڕیارم دا پەیکەری سەمای مەولانا لە ئاسـن داڕێـژم، ئەم پەیکەرەم لە هەزار و پەنجا پارچەی بچووک و گەورە دروست کـردوە بە بوڵەنـــدی ســـەد و هەشـــتا ســـانتیمەتر جـــگە لە پـــایەکەی کە (٦٥سم)ە بە هەرحاڵ بەندە ڕێز لە پەیکەرەکانم بگیرێت یا نەگیـرێ نابێتە هۆی داماوی و نائومێدیم مـن بـاوەڕم بە سبەینێ هەیە کـاری خۆم دەکەم ساڵانیک لەپێشە و دەزانـم مـیللەتەکەم هەروا دەربـارەی دونیای هونەر کەم تەرخەم نابن ئەو عالەمە ڕەنگا و ڕەنگە ئەو شکڵ و شەمایلە پڕ لە زەرافەت و قەشەنگە دەبێت بە بەشێک لە ژیانیان.





لە کاتی ئەنجامدانی ئەو پەیکەرەیدا دەست و بازوم بە گڕی جۆش و لەحیم لەدوانزە جێ سووتاوە دووجار سەرم شکاوە، چەندین شەو دووکەڵ و گڕی لەحیم ژان و گڵ و فرمێسک نە یانهێڵاوە تا سەحەر بنوم ، ئیدی ئەو جۆرە ئازارانە بە شێکن لە کارەکە و هەر جۆرە ئامێرێکی پارازتنیش بە کارببڕێت دیسان پارێزراو نیت ئەوە سیستەمی ئاسن و جۆشکاریە خاڵێک بەلامەوە خۆی وەدەر دەخات بەلای برێک کەسەوە وایە دەبێت هونەر لەکاتی شەڕدا بەڵاوەخرێت و تەواوی بوارەکان خۆیان تەرخان کەن بۆ سەرکەوتن لەو شەڕەیدا، بەڵێ میللەتانی زیندوو وا تێدەفکرن چونکە بواری هونەر بەشێکە لە بوارە سەرەکیەکانی ژیانیان بۆیە لە شەڕی جیهانی دووهەم دا لە جەبهەکاندا هونەر لە تەواوی ڕشتەکانیدا ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان ئەنجام داوە بە داخەوە هونەر لە وڵاتی ئێمەیدا لە پێش شەڕی داعشیشدا گرینگی وای پێنەدراوە: بۆ نموونە لە سەردەمی نازیسم و فاشیسمی ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا هەردوو وڵات لە شەڕێکی خوێناوی دا بوون لە ئەڵمانیای سەردەمی دەسەڵاتی هیتلەردا جوانترین سیمفۆنیای و ئۆپێرا هاتنە کایەوە لە ئیتاڵیای موسولونی دا شێوەیەکی تایبەتی پەیکەرسازی خرایە بەرچاو بەڵام دوای لە ناوچوونی ئەو دوو دەسەڵاتە تەواوی ئەو کارانە قەدەغە کران و لەناو بران بەڵام لەیراو لەوێ هەر باسیان دەکرێ.

جا بەندە بڕیارم داوە لە ڕۆژنامەی ((باس))دا کۆمەڵە پەیکەرێکی بێناز و نەوا بخەمە بەرچاو تا ئەو خەڵکە بزانن لەم وڵاتەیدا یەشتا

کەسانێک وەک من هەن دەروێشانە سەر گەرمی کار کردنن قەینا بێنازن بێ ڕێزن ئیدی ئەوە حەقیقەتێکی تفت و تاڵی ئەم سەردەم و قۆناغەیە .

قەینا لەم سەردەمەیدا ڕێز لە هونەر و هونەرمەندان ناگیرێ بەڵام بەندە پێشنیار دەکەم هونەرمەندانی گورانیبێژ و ڕشتەکانی کەی هونەری و بەرنامەیان ببەنە نێو جەبهەکانی جەنگ هەر نەبێت بۆ تاوێک پێشمەرگە دلێر و مەحروومەکان سەرگەرم کەن .لەگەڵ ڕێزی خوسرەوجاف دا..





# ژنسالاری

ئەوە حاشاهەڵنەگرە لە سەرتاسەری جیهاندا سەردەم، سەردەمی پیاوسالارییە، هەتاوەکوو لە وڵاتە عیلمانیە پێگەیشتووەکانیشدا، نەک تەنها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە ئیسلامییەکاندا یان ڕەگەزە جۆراوجۆرەکاندا یان ئایینەکانی کەی گەلاندا ئەڵبەتە ئەندازەکان کەم و زۆری هەیە و پیاوسالاریش هۆکاری خۆی هەیە. ئاستی خوێندەواری، کەلتوور، فەرهەنگ، ئایین هەتاوەکو ژینگەش لە کەم و زۆریی پیاوسالاریدا نەخش و ڕۆڵی خۆی هەبوە و هەیە و پێوەرێک دەخاتە ڕوو، کە بۆ خۆی دەبێتە ڕێوڕەسمێکی نەتەوایەتی.

لە سەرتاسەری جیهاندا لەیراو لەوێ تیرە و تایفەی جۆراوجۆر دەژین سەرتاپا ڕووت و قوتن و ڕۆژانە نێر و مێ عەورەتی یەکتر دەبینن و تا ڕادەیەک لایان ئاسایی بووە وەک بینینی دەموچاو و دەست.

لە برێک لە وڵاتاندا ئافرەتان سەرتاپایان داپۆشراوە و (برقع) لە ڕوخسار دەنێن تەنها چاویان بە دەرەوەیە و لە گەرمای شەست پلەیشدا دەستکێشیان لە دەستدایە، جگە لە چەندین ڕوپۆش و لەچک و کوڵەنجەی جۆراوجۆر خۆیان داپۆشیوە...

بەپێی زەمان و لەیەکدانەوەی زانستی، ئایین و ئاستی خوێندەواری گەلێک کارین بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا... بۆ نموونە لە زەمانی

جاهلیەتـدا یـانێ لە پـێش ئـایینی پیـرۆزی ئیسـلامدا ژنـان تەوافـی دەوری کابەیان بە ڕووت و قوتی ئەنجـام دەدا، هەر لەو سـەردەمەیدا لە ناو خێڵەکانی عارەباندا کابرا ژنەکەی خۆی دەنارده لای پیـاوێکی ئازا و جەربەزە و نـاودار، تـا لەگەڵیـا هـاوپێخەف و جـووت بێـت تـا منـداڵی ژنەکەی بەنـاو منـداڵی ئەوە و لە ڕووی ژینیتیکـیەوە هـی کابرای جەربەزەیە تا وەک ئەو کابرا جەربەزە دەرچێت...

لە نێـو میللەتـی (ئسـکیمو)دا وڵاتەکەیـان دوانـزە مـانگی سـاڵ یەخبەنـدان و بەفـر و بەسـتەڵەکە ئەگەر مێوانیـان بهاتبـا شـەوێ لە باخەڵی ژنەکەیدا دەیانخەواند.

بـا دوور نەڕۆیـن و پێچەوانەکەشـی هەڵسـەنگێنین لە دوای خولەفـای ڕاشدینەوە خەلیفەکـانی دەسـەڵاتە ئیسـڵامیەکان بە هەزاران کـوێلە و کەنیـزەی ڕەنگـا و ڕەنگیـان لە حەرەمسـەراکانیاندا کۆکردبـوویەوە چ تاوان و بەبەریەتێک لەو حەرەمسەرایانەدا ئەنجام دەدرا مایەی شەرم و خەجـاڵەتی ڕەگەزی ئینسـانە و ڕوخسـاری نـاڕەواو دڕەنـدەیی پیاوسالاری وەدەر دەخات...

بـۆ نمـونە لە سـەردەمی سـەلاتینی عوسـمانیدا کاتێـک سـولتان (ئەحمەدی دووەم) سولتانی موعەزەمی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بووە و هەڵگـری نازنـاوی خەلیفەگەریشـی بە قـڵان دۆشـانیەوە بـووە. نامەیەکی عاشقانە لە حەرەمسەراکەیدا دەگیرێت و هەرچی دەکوشێت





ناوی (جاریە)کە بزانێت سەرئەنجام بۆی ئاشکەرا نابێت زۆر بە ئاسانی بڕیار دەدا هەر سێ سەد و هەشتا کەنیزە و ئافرەتانی ناو حەرەمسەرا بکوژرێت (ئەگەر دەتەوێ لەم ڕووەوە زانیاری زۆرتر بەدەست بهێنیت واچاکە کتاوی (حەرەمسەرا و خەساوەکانی خوسرەوجاف بخوێنیتەوە)

ئەم جۆرە تاوان و ڕەشەکوژییە وەنەبێت تەنها لە ناو فەرمانڕەوایانی ئیسلامدا روویان دابێت، بکوژ بکوژەکانی هنری هەشتەم و (پوترس)ی گەورە و لەوان کۆنتر (نیرون) لە برادەرانی هاودینی خۆمان کەمتر نەبوونە.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕەشەکوژی ڕەگەزی مێینە بە خوێنساردیەوە سیستەمی کوێلایەتی بووە کە هیچ جۆرە مافێکی ئینسانی و ئەخلاقی بۆ کوێلە و کەنیزی دابین نەکردوە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهاندا سیستەم وبەندو بنودی کوێلایەتی نراوەتە لاوە وبە پیەی یاسا کوێلایەتی بە تاوان دەژمێردرێت کەچی لە بڕێک لە وڵاتانی عارەبیدا بە تایبەت سعودیە کە بە هەوارگەی ئیسلام دەدرێت لە قەڵەم یەشتا ئاش هەمان ئاشە و ئامار و ژمارە بە دەستەوەیە بڕێک لە کچانی ئیزەدی فرۆشراون بەو جانەوەرە تێرنەخۆرانەی کە بە چوارژنەوە هەر تێر ناخۆن و چاویان لە نامووس و خێزانی خەڵکیە.

مـن نـامەوێ بـڕۆمە نێـو ئەو وردەکـاریەوە، ئەوی ئـازار و ئەزیەتـم دەدات ئاسـتی نـاهەموار و پـێگە و جـێگەی ئـافرەتە لە کۆمەڵگـای ئەمـڕۆی کـورددا، بەپێـی ئەو ئامـار و ئیحسـائیانەی بە دەسـتەوەیە سـاڵانە زیـاتر لە سـەد ئـافرەت خـۆی دەسـوتێنێت یـا دەسـوتێنرێت یاخوی دەکوژێ یان دەکوژرێت، ئەوی ستەم و جـێگەی داخە زۆربەی ئەو کوشـت و کوشـتارەی لە سـەر قسـەی پڕوپـوچ و کاروبـارێ تورهات بووە.

بۆ نموونە ئاگـام لەوەیە کچێکـی گەنـج وەڵامـی هەلاوێکـی هەڵەی لە موبایلەکەیدا داوەتەوە کـوژراوە، بـێ ئەوەی بزانێـت کـابرای هەلاوکەر کێیە و خەڵکی چ شار و دەڤەرێکە ..

ئیدی لەو هەمەجێتە هیندە زۆر و زەقـن، هێنـدە بـێ دادە و ڕەقـن، لەوانەی نەگونجاوتر لێپرسینەوەش لە ئاستی بەرپرسیاریەتیدا نییە.

دەمەوێ یگەڕێمەوە بۆ قووڵایی مێـژوو یـانی ئەو کاتـانەی مـرۆڤ لە ترسی سەرما و دەعبا لە ئەشکەوتەکاندا دەژیان ئەو دەم پیاو تەنهـا ڕۆڵ و نەخشـی ڕاوکردنـی لەسـەر بـووە و ئەوی فەرمـانڕەوا و دەسـەڵاتداربووە ڕەگەزی مێیـنە بـووە سـانی سـەردەمی (ژنسـالاری) هەر ئافرەتێک چەندین مێردی هەبـووە ئیتـر هەوەس و تـرس و نیـاز بۆ خۆی دەوری هەبووە لە نۆرەی پیاوەکاندا..

ئەو شێوە ژیانە چەند هەزار ساڵ درێژەی کێشاوە تا بە ئێسـتا نە لە ڕووی زانسـتییەوە یـان ئـایینییەوە هـیچ دیکۆمێنتێـک بە دەسـتەوە

نییە. بەڵام بەڵگە و دیکۆمێنت و نیشانەی زۆر بە دەستەوەیە مرۆڤ کەی لە ئەشکەوت وەدەر هاتوون لە ترسی سەرما و جانەوەراندا بەردیان لەسەر بەرد داناوە و دیواریان دروست کردووە، بێشک دوای دۆزینەوە و ئاشنابوونی مرۆڤ لەگەڵ ئاگرکردنەوەیدا.. دیوار.. دروستکردن یەکێکە لە شاکارەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمە بووە.

با دوور نەڕۆم و بێمە سەر (حکایەتی پەیکەرەکانم) بۆ پێگەو جێگەی ئافرەتانی میللەتەکەم چەندین پەیکەرم دروست کردووە خۆی لە خۆیدا بانگەوازە بۆ دەستنیشانکردنی نەهامەتییەکانی ئافرەت، بەڵام ئەوی پێی گەیشتووم و تێی گەیشتووم زۆربەی زۆری ئافرەتانی کورد کەمتەرخەمن بەرامبەر مافە ڕەواکانیان و ئەو کەم تەرخەمیەش بۆ خۆی هانە بۆ جەبر و زۆری زۆرتری پیاوسالاری.

بۆ نموونە ئەگەر ئافرەتێک بۆ پۆستێک، بەزمێک چوزانم مەقامێک خۆی هەڵبژێرێت ئافرەتانی تر پیاوە بەرامبەرەکەی هەڵدەبژێرن با ئەمەش نەخەینە سەر ئایین و شەریعەتەوە لە بڕێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا کە پلە و پایەی خوێندەواری لە ئاستێکی باشتردایە ئافرەتان زۆرتر و گەرمتر دەڕۆنە پیری مافەکانیانەوە.

بەم وەزعەشەوە بەندە شانازی بە ئافرەتانی میللەتەکەمەوە دەکەم زۆر هەڵبەستم لەو ڕووەوە هوناوەتەوە. چەند خۆشحاڵتر دەبووم ئەو شانازیەم بگەیشتایەتە ئاستی ڕەزامەندی زۆرتر، ڕەنگە ئاوات و ئارەزووکەشم نەکردە و نەشیاو نەبێت ئافرەتان بۆی بکۆشن دەتوانن

زۆر زوڵـم و زۆری ڕۆژانە تـووڕەدەنە لاوەو وردە وردە عەقڵـی خێـڵ و خێڵایەتی هەر نەبێت کەمتر کەنەوە.

ئەم پەیـکەرەم ناونـاوە (ژنسـالاری) لە کەرەسـتەی مەڕمەڕ دروسـتم کردووە. لەیرەدا ئافرەتەکە وەک قەد و قەبارە دوو بەرامبەر پیاوەکە بەرز و بوڵەنـدترە، نـواڕینی ئـاوڕدانەوەی ئـافرەتەکە پـڕە لە هێـز و باوەڕ بە خۆبوون پیاوەکەش تامەزرویە و نۆرەیەتێ، هێنـدە لە بیـری لە دەســتنەدانی هەڵەکەیەتــی گــوێ لە ئــاوڕ و مــاوڕ و مرەمــڕی دەوروبەری نـادات و دەیەوی لە چرکەکـان سـوود وەرگرێـت .. ئەمە ئەو...

برادەرێک هات و لەم پەیکەرەی وردبوویەوە و وتی-:

باشە بۆ چ دوو دەستی ئافرەتەکەت بڕیوە؟

وتـم بـرادەر سـەردەم سـەردەمی ژنسـالاری بێـت و دوو دەستیشـی هەبێت بۆ هەتـا هەتـا ڕەگەزی نێـرینە دەکـاتە کـوێلە.. بـۆیە ئەوەم هێڵاوەتەوە و نەمداوە لە بنی هەوانەکە.

هەر لەو سـایز و ئەنـدازەیە چەنـدین پەیـکەری جۆراوجـۆری تـرم سازاندوە بڕێکیـان لە برونـزن بڕێکیـان لە مەڕمەڕن بڕێکـی تریـان لە گیراوەی کیمیایی و سیمان و فایبەرگلاسن.



ئەوی مـــایەی نیگـــرانیمە لە سەرتاســـەری کوردســـتاندا ( باشـــوور) کورەیەکی تواندنەوەی (برونز) لە کـار دا نیـیە ڕەنـگە یەکێـک بڵێـت باشە (خوسرەو جاف) تۆ بۆ خۆت ئەو کارەی ناکەی؟

ئەوە پرسیارێکی بە جێیە، بەڵام ئەوانەی ئاگـاداری چەنـگ و فەنگـی کورەی تواندنەوە و قالبسازی و وردەکاری ئەو کارەی بن دەزانن ئەو رشـتەکارەی سەرتاسـەری وەختـی دەیەوێـت و منـیش بە دە جـۆرە کــارەوە خەریکــم و ئەگەر شــان بــنەمە ئەو کــارەیەوە کــاتم بــۆ نامینێتەوە سەرم بخورینم و لە تەمەنیشدا گلۆڵەکەم بەرەو خـوارە و ســاڵ درەنـگە، لەولا شـەوە ئەگەر لێزانێکـی پیشـەیی هەبێـت و ئەو کارەی بکـا لەم چوارتەنیشـتە نەزۆکەیـدا نە دەوڵەت و نە شـارەوانی کاری پێ ناسپێرن...

کۆرە وەرە بمکوژە، بەندە بە زەحمەتی خۆم بە عەرەقرێژانی خـۆم، پارەی خـۆم پەیـکەر دەسـازینم و ئامـادەم بـێ بەرامـبەر پێشکەشـی شـارەکانی بـکەم وا دەزانیـت ڕەحمـی پـێ کـردوم ئەگەر پەیکەرێکـم یاهی خەڵکی تریش لە گۆڕەپانێکدا دانات... بڕۆو تەماشای پەیکەری (ئەژدەهــا) بــکە وا لە پــێش پــارکی شــانەدەر دانــراوە شــانازی بە بیــــنەری دەفروشــــێت و ڕۆژانە خەڵــــکەکە ســــەدان فۆتــــۆگرافی لە تەنیشـتدا دەگـرن.. ئەوە لەوێـدابێت ... خـراپە؟ بنـوارە جەنگەڵــی تابلۆی بازرگانی لە ناو شاری هەولێـر و شـارەکانی کەی کوردسـتاندا ]بەرەکەت کەن[

ئیدی کابرایەکی هونەرمەندی خاوەن کورەی تواندنەوەی برونز کی کاری پێ دەسپێرێت؟

ئەوانەی وا شاریان سازاندوە و میلۆنەها دۆلاریان سوود بردووە؟ بۆ خوا پەیکەرێک چوزانم کارێکی هونەری لە شارەکانیاندا وەدی ناکرێت.. یان دەوڵەمەندان؟ برادەر بڕۆ بۆماڵی دەوڵەمەندانی ئێمەی کورد من هەموان نالێم زۆربەی زۆریان بە دیواری ماڵەکەیانەوە بۆ خوا وێنەیەکی هونەری نابینێ نە مۆدێرن نە کلاسیک نە کەلتووری و نە ئایینی ئەگەر کابراش رچەشکێنی بکات و زاتی هەبێت تابلۆی قازێک یا باڵندەیەکی وڵاتی چینی هەڵواسی بێت کە بە دوو فلس و نیو سەندویەتی .. ئەمە بەلای یەکێکی وەک منەوە یەکێکە لە تراژیەدیەکان.

هونەرمەندانی پەیکەرساز خۆ وەک ئەو خوا پێداوانە لە ئاسمانەوە بۆیان داناباریێت.. دەبێت کاریان پێ بسپێرن کی پێی دەسپێرێت ..؟ ئەوانەی وا ناویانم هێنا ..؟ (با شەمە لە مانگ ببڕێت)

بەسەر ئەوانەدا ئەوە ناگەیەنێت هونەرمەندان دووچاری نائۆمێدی بن و دەستبەرداری هونەرەکەیان بن وبڵێن .. تا ئەیراو بەس؟

وەرە تەماشەکە حەوشەکەم پڕە لە پەیکەر ئەگەر چی ئەوڕۆکە عەقڵیەتی دژە پەیکەر و تەواوی رشتە هونەریەکان زاڵن ودەسەڵاتدار دڵنیام ڕۆژێک دێتە پێشەوە ئەو پەیکەرانەم بە پای خۆیان دەڕۆنە ناو گۆڕەپانی شارەکانەوە (پاچکەم بۆیانکردووە..)

ڤــان کـۆخ گەورە هونەرمەنـدی جیهــان زۆرتــر بە کێشــانی تــابلۆی سورشتەوە خەریـک دەبـوو بەیانییـان لە ترسـی بەردبـارانی منـداڵانی گەڕەکەکە دەمە و شەفەق سێ پایەی نیگارکێشەکەی دەخستە سـەر شانێ و بە هەڕا لە ماڵ دەر دەچوو، ئێوارەش کە دەگەڕایەوە سـووچ بە سـووچ دەکەوتە چـاوە چـاو تـا بزانێـت منـداڵان بـۆ بەردبـارانی ڕاوەســـتاون، هەر ئەو هونەرمەنـــدە مەزنە دەیناڵانـــد بە دەســـت نەداریەوە ڕەنـگ وداپێویسـتەکانی نیگارکێشـیەکەی بـراکەی بـۆی دەسـەند، ئێسـتا هەریەک لەو تابلۆیـانەی دەفرۆشـرێتەوە ملیۆنەهـا دۆلار و بە سەرمایەی بەشەریەت دەژمێردرێت.

ئیتر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو میللەتانەی لە ژێـر تەوژم پەلاماری عەقڵیەتی نیمچە دەواکەوتوون هەر یەکەیان بە جۆرێک باج و خـاوەی خۆیـان دەدەن، ئـێمەی کـوردیش لەو دیـاردەیەی بێـبەش نین، ئێمە ئەوە دووهەزار و پێنج سەد ساڵە ژێر دەستەین و خـاوەی دەدەیـــن، خـــاوەدان هۆکـــاری زۆرە نەخوێنـــدەواری، ژێردەســـتەیی، توندوتیژی ئایینی، فەرمانڕەوایانی دز و دەخەل و خۆفرۆش.

جـا تـۆ، مـن ، ئەو، هەر هەمومـان فێـرە خـاوە دانـین هەر یەکە بە ئەندازەی خۆی. بە تایبەت ئەوانەی لە دونیای هونەردا کـار دەکەن و پاڵپشتیان نییە و کاروکردەوەکانیان تەماشاکەر و گوێگریان نیـیە یـا ئەو ڕۆشنبیرانەی لەبەر هۆکاری (چیەتیەکان) چەپڵە لێـدەربان نیـیە دەرد و ئازاریـــان تـــێکەڵ بە بـــاج وخـــاوەدانەکەیە و وردە وردە وەک

مومێــک دەتــوینەوە... ئیتــر نە هاودەردێــک، نە هاودەمێــک نە هاودەنگێک دەستی هاودەردی و دڵنەوازیان بۆ درێـژ ناکـا، مـن وەک کوردێـک ئەو جـۆرە ژیـانە لە پەرسـتگای مەوجودیەتـدا بە عیبـادەت دەزانــم، عیبــادەتێکی ســوفیانە بە ئۆمیــدی ئەو ڕۆژەی مورشــیدی ڕاستەقینە ئاورِ لە موریدەکانی بداتەوە و پەرستگای ژیـان جـوانتر و جوانتر و جوانتر کاتەوە، ئەوە کەیە؟

من و ئەم جیلە نایبینین!

# پەیکەری دەغدو

من دوژمنی بابەکوشتەی پێشەکیم بەتایبەت بۆ ڕۆمان، نازانم بۆ پەیوەستە ناچاری پێشەکی نووسینیش دەبم؟

ڕۆمانی دەغدو هەرچی بێت ئەوەسا وا لەبەر دەست دایە، مەبەستم لە پێشەکی ڕوونکردنەوەیە و بەس.

لە کاتێکدا بە ڕۆمانی دەغدوە خەریک بووم، کوڕە ئێستایش، شەو و ڕۆژ بە بەرچاوە بوو.. بە چاکم زانی پەیکەرەکەیشی دروست کەم، ئیتر پێیەوە خەریک بووم و سەرەنجام پەیکەرم بۆ دروست کرد، ئەوەسا بە بەرگی ڕۆمانەکەوەیە و لە ماڵەکەمدا وەک زۆر پەیکەری تر لە جێگەیەکی شیاودا دامناوە و ڕۆژانە دووسێ جار چاکوچۆنی لەگەڵدا دەکەم.

خۆ ڕەنگە دەغدو لە ڕووت و قوتیی پەیکەرەکەی ڕازی نەبێت، جا من کەی ئەوەندە دەستەمۆبوومە ئەوەی پێم بڵێن مەیکە و نەیکەم!

بەوەیش ڕازی نەبووم، هاتم پەیکەری شەبیهەکەیشم کرد، ئەگەرچی ئەو دوو ڕۆحە وەک شێوە و شکڵ زۆر لە یەک دەچن، بەڵام دونیایەک جیاوازییان لەنێواندا هەیە.

شـەبیهەی دەغـدو لەو ڕووت و قـوتییەی دڵشـادە و هـانی وردەکـاری تریشی دەدام، بە گوێم نەکرد.

جاروبـار هەسـت بە وجـوودی ڕۆحـی دەغـدو دەکەم، بەتـاییەت کە تەنهـام، پـێم وایە لە کـاتی نووسـینی ئەم پێشـەکییەدا ئەوەسـا ڕووبەڕووم دانیشتووە، بۆیە جاروبار لەبەرخۆمەوە دەڵێم: هـا شـازادە چۆنی؟

ئیتر ئازیزی خوێنەر، هەر ئەوەندەی دەدرکێنم، وتەکانمت لا سەیرە!

برۆ دەغدو بخوێنەوە...

ناشێ خوێندبێتەوە، مەیلی خۆتە... مـن کەمێـک لە ژیـانی خـۆم بـۆ باس کردی، چاکە... خراپە... چی بکەم ئەمەم.

# پەیکەری مایکەکەی شیفا گەردی

دوو ساڵ لەمەوبەر لە کتاوخانەکەمدا بەدوای کتاوی (شیعەگەری) ئەحمەدی کەسرەویدا دەگەڕام کتاوی (دوو سەد ساڵ بێدەنگی) پرۆفیسۆر (زەرین کوب) هاتە دەستمەوە ئەو کتاوەم چل ساڵ لەوەو بەر خویندبویەوە، بە چاکمزانی دووبارە بیخوێنمەوە، عەقڵی چل ساڵ لەمەوپێش لەگەڵ ئێستادا لە زۆر ڕووەوە جیاوازە کە دووبارە خوێندمەوە نواریم چەند ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێت، ئەو کتاوە دەربارەی هێرشی عارەب بۆ سەر ئێران دەدوێ یانی لە شەڕی قادسیەوە بۆ دووسەد ساڵ چ کاروکردەوەی خوێناوییان بە ناوی ئیسلامەوە کردووە.

وردبوومەوە تیفکرێنی فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) و دەوڵەتی ئەوکاتەی خەلافەتی ئەمەوی و خەلافەتی عەباسی کوتومت پارچەیەکن لە یەک تۆپ قوماش دادڕاون. کەواتە بە ئەرکێکی نەتەوایەتیم زانی وەریگێرمەوە سەر زمانە حەیاتەکەی خۆمان و هەر وامکرد و ئەوەسا چاپی دووهەمیشی بەڕێگەوەیە دوو سەدساڵ ئەو کوشت و کوشتار و تالآن وبرۆیە بێ پرس سەر و ماڵی خەڵکی هی ئەوان بووە، دوای دوسەد ساڵ شوڕشگێرانی گەلانی ئێران دژ بەو ڕەفتارە خوێناویانە کەوتنە تەقالاوە و توانییان

جەبەرووتـــی عـــارەب لە وڵاتەکەیانـــدا کەم کەنەوەو لەیـــڕاو لەوی سەربەخۆیی بەدەست بهێنن.

داعـش تـاڵەموویەک لە خەلافەتـی ئەمەوی و عەباسـی لای نەداوە هەمان سیستەم هەمان ئایدۆلۆژی هەمان عەقلیەت (ئەوی هـی تـۆیە بۆ مـنە و ئەوی هـی خـۆمە بـۆ خـۆمە) تەنهـا جیـاوازیەکی نێوانیـان هەزار و ئەوەنـدە سـاڵە، ئەو مـاوە زەمەنـیەی وا ئـێمەی گێژوێـژ و سەرسـام کـردووە ئەگینـا داعـش شـتێکی تـازەی نەخسـتوەتە ڕوو، ئەوان و ئەمـان ئەوی ویسـتویانە بردویـانە، ئەوی حەزیـان لـێ بـووە کوشـتویانە و بـێ یەک و دوو کردویـانە، چمـانە تـاعون، ڕەشـەبای مەرگ، چمانە وەبـا هـیچ مەرز و سـنوورێکیان نەناسیوە بـاوەک ئەو باهۆزە خوێناویە یەشتا لەیراو لەوێ وەدی دەکرێن و بنبڕ نەکـراون و لە پەلە قـاژیەی مەرگـدان .. ئەوی لە سـەرمانە ئـێمەی قەڵەم بە دەسـتان ئەم پەلامـارەی نابێـت لەبیـرکەین ساوەک ڕۆمـان بێـت یـا چیـرۆک یـا هەڵبەسـت، شـانۆی، وتـار، تـابلۆی شـێوەکاری یـان پەیکەرسازی.

ئـاخر ئـێمەی کـورد میللەتێکـی بەخشـەندەین بەخشـەندەیەکەمان گەیشتووەتە سنووری فەراموشکاری، هەر یەکجـار زوو کـاروکردەوەی دوژمنانمان لەبیر دەکەین هەر فرە زوو کاروکردەوەی قارەمانەکانمـان فەرامـۆش دەکەیـن. خـۆ ناشـوکری خـودا نەبێـت ململانەکـان وای کردووە ئەوی زەرافەتە لە ناوی بردووە نامەوێ بیانژمێرم نازانم ئەوە

لەعـنەتە، تەوقە، کۆتە خـراوەتە گەردەنـێ ئەم قونـاغە، ئەو جـۆرە مامەڵەیە شوڕبووەتەوە نێـو توێژەکانـدا ئیتـر هەر جـوان خاسـێک لە ژوورەکەی خــویەوە بــووە بە میــدیاکارێک خــۆی بە فەرمانــدە و چاوساغی بەڕ و بەحر دەزانێت و لاشـی وایە ئەوی دەیکـا و دەیڵێـت ڕەوایەو مافی خۆیەتی.

چەند خۆش دەبوو سنوور و مەرزی ماف لەم وڵاتدا تەرخان دەکـرا، ئەو دەم نرخوبایی و قەدرو قیمەت بۆ چاوساغان دادەنرا بـۆ ئەوانەی وەستاکارانە پـەردەی حەقیقەت دەدڕن، ئەوانەی کراس و کەوای ژیان بە باڵای ئەم میللەتەی دەبـڕن، ئەوانەی هـورە و حەیـران و لاوک بـۆ زیندەگی دەچڕن.

کەواتە گەیشتوینەتە تووڕدانی قوناخی جادوو و تەلەسـمی ناتەبـایی هەڵوەشـێنینەوە و ئەوی جــوان و زەرافەتە دوور لەم ئـافەتە بەلاوە نێین و ڕەهاکەین کەیلوکیشانە نەشیاوەکانی شارچێتی و دەڤەرچێتی و حیزبچێتــی و تەواو چێەتیەکــانی تــر لە مەوجــودیەتی ســازندە و پەسەند دوورخەینەوە و بکۆشین ئەلفوبای زمانە تێکـڕایە جیهـانیەکە فێربین ئەویش زمانی هونەرە، ئێمە لەو زمانە بێ خەبەریـن ئەو کەڕو لاڵــیەی هۆکـاری کـۆن و تــازەی هەیە، لەم کـورتە باسـەیدا جـێگەی لێــدوانی نیــیە، ئەگەر نیەتــی مانــای ئەوە نیــیە نەبــن وفکـری لــێ نەکەینەوە!!..

سـەرەڕای ئەو هۆکـارە زەقـانە یـا ئەو مـوفرەداتە زەقـانە، پەنـدە لە کـاری هونەریـدا بەردەوامـم وبـاوەڕم بە داهـاتوی مـیللەتەکەم هەیە، لەوەی دڵنیام سبەێ چوزانم دوسبەێ چەند ساڵی تر مـیللەتەکەم لە ئەمڕۆی باشتر دەبێ، سـاوەک فکـر و عەقڵانـیەت یـاوەک سیسـتەمی ژیان بۆیە بێ مەبادا شەو و ڕۆژ خەریکم. ئیدی ئەوە جەبری زەمانە. دوای شەهیدبوونی ئەو کچە کـوردە مایـک بەدەسـتە "شـیفا" منـیش وەک زۆر کەس گریام و تەنها بە گریان خۆمم نەلاوانـدەوە بڕیـارم دا پەیکەرێک بۆ ئەو ڕووداوە بکەم .. دوو ڕێگام لە پێش بوو دەمتوانی پەیکەرێک هەر وەک خۆی بە شێوەی کلاسیک ئەنجام بدەم بەڵام کە ورد بوومەوە ڕەوانیم دوای چوار پێـنج سـاڵی تـر خەڵکـی دەپرسـێت ئەو پەیکەرە کێیە؟

بـۆیە بڕیـارم دا دیـزاین وبیـرۆکەیەک بەکـار بـبەم لێـدوانی نەوێـت و بۆخۆی بێ پێ وتن باس لە ڕووداوەکە بکـا بـۆیە پەیـکەرەکەم ناونـا (مایکەکەی شیفا گەردی) تا هەرچـی مایـک بەدەسـتی جیهـان هەیە بەهــی خــۆی بزانێــت و شــانازیەکەش بگەڕێــتەوە بــۆ مــیللەتەکەی شیفا...

هەروامکرد کەوتـمە کـار کەنـاڵی میـدیایی ڕووداو بەو کـارەی زانـی و هاتنە دیدارم وتیان:- ئەگەر بکرێت بـا بگـاتە ڕێوڕەسـمی چلەکەیـدا، سەرەتا بەڵێنم نەدا، لە دواییدا زانـیم دەتـوانم پیـاڕابگەم ڕەزامەنـدیم دا.

ملم پێوە نابوو کارەکەی هی مانگێک و دوو نەبوو زۆرتری دەخایاند ئیتر شەو و ڕۆژم دابووە دەم یەکەوە سەرجەم لە شەو ڕۆژێکدا چواردە کاتژمێر کارم تیا دەکرد بەهەرحاڵ پەیکەری (مایکەکەی شیفا)م لە سی و یەک ڕۆژدا تەواو کرد.. ئەو پەیکەرە:

١_ سەرجەم چوارسەدو سی وچوار کاتژمێر کارم تیا کردووە.

٢- بوڵەندیەکەی چوار مەترو دە سانتیمەترە.

٣- کێشەکەی هەشت سەدو بیست کیلۆگرامە.

٤- لەسەدو هەشتاو پێنج پارچە پێک هاتووە.

٥- سەرجەم دوگالن عەرەقم ریژاوە تا تەواوم کردوە.

لە پێش ئەوەیدا لە کارگەکەمدا دەست بە کاربم لەسەر کاغەز لە چەندین لاوە وەک (سکیج) پیێیەوە خەریک بووم دیزاینەکە بریتیە لە دەستگایەکی تەلەفزیۆنە کۆنەکان لە دواوە گولەتۆپێک لێی داوەو شاشەکەی هەڵتەکاندووە لە جوێی گولەکە دەست و مایکێک هاتووەتە دەر. پولێک کوتر بەرەو ئاسمان لەفڕیندان ئەو دەستگا تەلەفزیۆنە بەسەر پیتی (R) ەوە چوشدراوە کە یەکەمین حەرفی ڕووداوەو شیفا هەڵگری مایکی ئەو کەناڵە بووە، تەواوی ئەوانە بەسەر نشیمەنگایەکەوە پەیوەندە بە چەندین لاوە، ڕستەی (لەبیرت ناکەین) بە کوردی، ئینگلیزی، فارسی وعارەبی نووسراوە و لە چەندین لاوە ئارم ولۆکۆی ڕووداوی لەسەر نەخشێنراوە، تەواوی

ئەمانە هەر هەموو لە ئاسن دروستم کردوون تا بەرگەی گەرما و سەرمای زەمان بگرن و بە ئاسانیش لە لایەن خێڵی پەیکەرشکێنەوە نەشکێنرێت.

ماوەتەوە سەر خاڵێک ڕۆژێک بە فەرماندەی شەهید فەرەیدوون جوانرۆیم وت، دەمەوێ پەیکەری پێشمەرگە لە قەباخی تەقەینەوەکان بکەم بەڵکوو بتوانی قەوانی تۆپی ١٥٢ ملیم و ئەوانی ترم بۆ پەیدا کەی دوای ماوەیەک ئەو قەوانانەی بۆ ناردم یەشتا فرسەتم نەکردووە ئەو پەیکەرە ئەنجام دەم بەڵام یەکێک لە قەوانەکانی ١٥٢ ملیم بۆ کارەکەی شیفام بەکارهێناوە.

کاتێک برادەرانی "ڕووداو" هاتنە دیتنێ پەیکەرەکە تەنها مەرجێکم ئەوە بوو کە لە ناو شاردا دابنرێت جێگەیەکی شیاوی بۆ دابین بکرێت..

کاتی ئەوە هاتووە میدیای ڕووداو غەمی بخوا .. ئەگەرچی لە پایتەختەکەماندا ئەوی جێگەی جوان و شیاو هەیە بۆ هونەرە جۆراوجۆرەکان تابلۆی بازرگانی کۆمپانیای ڕاگەیاندن مەغۆلئاسا داگیری کردووە، هیچیان بۆ جوانی و ڕازاندنەوەی ئەم شارە کۆنەساڵە نەهیشتووەتەوە، خۆ داعشیسم تەنها کوشت وکوشتار نییە ئەو دیاردەیە نیازی بە پیاداچونەوە هەیە، ئاخ بۆ جوانخاسێک جوامێرێک بڵێ ئەری لەشکری تابلۆی بازرگانی بەو شێوە نەشیاوە تاکەی جەنگیزئاسا بەری چاوی ئەوی جوانییە گردووتە ئەوی

جێگەی جوانە لەم شارەیدا بۆ خۆی بردوویەتە، کەسیش ناوێرێ بڵێ: بەری چاوتان کلێ پێوەیە!

# باوکی شەهید

یەشتا بەدروستی ژمارەی شوهەدای کورد و کوردستانییەکان بەلای دەستگا دەوڵەتییەکانەوە وەک ئامار و ئەحسائییە لە شۆرشی ئەیلوولەوە بیگرە تا شەڕی داعش بە وردی بەدەست نەهاتووە.

ئەلبەتە ئەو حاڵەتە لە دونیای پێگەیشتووە تێگەیشتوودا نەک بە نەقس بدرێت لەقەڵەم بەتاوان دەژمێردرێت.

من نازانم کێ لەم نەقس و تاوانەیدا بەرپرسیارە پیشزانم هیچ لەمەسەلەکە ناگورێت و حاڵەتەکە هەر وەک خوی دەمێنێتەوە و لەوەی زیاتر (لێگەڕی سبەی دەیکەین) هیچی تر بەدەست ناهێنم.

بەلای میللەتانی زیندوو وردبینەوە (سبەی )یانی ئەمڕۆ یانی ئێستا .

زۆر لە مێژدا وتراوە کاری ئەمڕۆ مەخەرەسبەێ لەبەر ئەوەی ( سبەی)هی خەڵکانێکی ترەو نایانەوێ رەنگ زەردی لای چینەکانی داهاتووبن... ئاوا تێفکرین و مامەڵەیەک موعادەلەیەکی سەردەمانە و بەرپرسیارانەیە شتێکە لەم قۆناغەیدا بیندرێژی و حەوسەڵەی دەوێ.

خۆ بەندە ئەوەندە تەماحکار نیم بڵێم: باشە ئەوان بو وان و ئێمە بو ئەوەندە خوێنسارد و بێخەیاڵین، خۆ لەم وڵاتەیدا پلەی گەرما لە پەنجا بالاترە ئەوسا داروبەرد دەکولێ ..ئێمە ئەم خوێن ساردیەمان لەکوێنەوە هێناوە یەخچاڵ لە دەروونماندایە؟

نەخێـر دیارەبەنـدە بـێ ویژدانـی دەکەم ئـێمە قەت و هەرگیـز لەوان کەمتر نـین ئـێمەیش کـاری ئەمڕۆمـان نـاخەینە سبەی ئـێمەش وەک ئەوان پەیڕەوی هەمان موعادەلەین؟

نەخێر بەخودانین!

ڕاستی کام موعادەلە؟

بەلای ئەوانەوە دووجار دوو، چوارە و نەبە سێ دەبێـت و نە بەپێـنج بەلای ئێمەوە جاروبار هەزارە.

کــوڕە بەهەرچـــی ئـــایینە بە هەزار ڕازیـــبم ئەوەنیـــیە لە یەکێـــک لەشارەکانی کوردوستاندا کابرایەک یەک ملیـار (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠$)دۆلاری دزیـوە یـانی دەکـا (١٢٥٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠)دینـار. وەرەبـی بمکـوژە! بەلأم لەپـــێش کوشـــتنمدا ورد بەرەوە لەژمـــارەی ئەو ســـفرانە دەڵێـــی شەمەندەفەری ئاژەیڵ هەڵگرە.

من لادێیم و لادێیانەش حیساب دەکەم بـا بگەڕێینەوە بـۆ سـەرەتای ڕاپەڕیـن لەوکاتانەیـدا لەتەواوی دەڤەرەکـانی کوردسـتاندا بەهەمـوو خەڵکەکەیەوە (١٠٠ملیون)دۆلاری تێدانەبووە و پەیدا نەدەکرا.

لەم ماوە کورتەیدا کابرایەک یان دوان یـان سـێ چـۆن دەتـوانن یەک ملیارد دۆلاری (کاش) کۆبکەنەوە؟

جگە لەموڵک و ساختمانی بیستوسێ نهۆمی و پارەی کاشی تر ئەو ملیاردە دزراوە ئەوەبوو ڕۆژی تەنگانە نێراوەتە دەرەوە تاتوشی برسێتی نەبێت، (ئەعوزوبیلا).

باوەڕبکەن ئیمانی ١٠٠%م هەیە بەخەللاقیەت بەداهێنان بەلێهاتوویی، بەڵام هەرچی لە یەکی دەدەمەوە دەبێ ڕازێکی جادوویی ئەفسانەی لەپێش ئەو ژمارەیە بێت و ئەو هەموو (سفرە) سەرمایەی میللەتێکە نەک دوو یا سێ کەس مەگەر جنۆکە و تەلیسم و جادوو لە پشتی ئەو ژمارەی بێت ئەگینا مەحاڵە، ئەوە خەیاڵە، یەکێک یان دوان بتوانن برەپارەیەکی وا مەغۆل لەماوەی پانزەساڵدا بەدەست بهێنن حەتمەن و ئەکیدەن سحر و جادوو لە کاردایە یاوەک گەنجینە گومبووەکانی قوڵایی مێژوو دۆزراونەتەوە...

قوڕبەسەر (قاروون) وا بەدناوکراوە ئەگەر قاڕوونی ئەوسا ئەوڕۆ گوزەری بکەوێتە کوردستان ناتوانێ ببیتە هاودەمی خواپێداوانی ئێستای کوردستان و ڕەنگە بەفیزەوە قسەی لەگەڵدا بکەن.

ئەوەی مایەی سەرسڕمانە و سەیرە بەم هەموو دادوەر و دەستگای جۆراوجۆری ئاسایش و یاساپارێز و ئەم هەموو پارێزەرەوە دوو جوامێری پارێزەر فکریان لەم جۆرە تاڵانە نەکردوەتەوە و دەعوایەکیان لەسەر حاڵەتەکە تۆمار نەکردووە ئەو کارەیان تەنها بۆ خواکردبا، نەک خەڵک !..

کەچی باوکێکی نەدار و برسی لەسەر شیر دزین بۆ منداڵەکەی ئەوەندەساڵ زیندانی بوو بڕاوەتەوە (بەرەکەت کەن).

ئەم پەیکەره یەکێکە لەپەیکەرەکانی مۆنۆمێنتی شەهیدان و بەشێوەی بچووک دروستم کردووه و مادەکەشی برۆنزه .

لەمۆنۆمێنتی شەهیدان دا (٣٠٠)گۆڕی سومبلێکی تیادایه هەر گۆڕێکی گۆیای هەزار شەهیده کە سەرجەم (٣٠٠٠٠٠)شەهیده ئەو ژمارەیه لەپێش شەڕی داعش دایه ...پەیکەرەکه بەسایزی سرووشتی دەبوا دروستکرابا و له لێواری گۆڕەکاندا دانرابا و بڵێت (بنواڕه چییان لێکردووین)..حەیف نەک پەیکەرەکه نەکرا خودی مۆنۆمێنتی شەهیدان بەزیندووی شەهید کرا.

بەنده له ڕۆژی ٢٠١٠/٩/٨وەک دەستەگوڵێک تەسلیمی تێکڕایم کردووه به (دایرەی پیاداچونەوەی ئەنجومەنی وەزیران )حەوت ساڵ لەمەوبەر ئەو پڕۆژه نازداره بێ سەرپەرشتی و چاودێری هونەری بێ سیانه لەگەرمای پەنجا پلەی گەرمادا لەساردی زستان له بەفرو باراندا لەبادا لەتۆزدا لەجولانەوەی زەویدا بەو هەموو جام و شوشەبەندیەوه بێ چاودێری بەرەو کاول بوون دەڕوا..

فەرموو بڕۆ لەو دایرەیەی وا وەرگرتنی کۆتایی لەمن وەرگرتووه پرسیار بکه وەلامت نادەنەوه..

لەوەی گەڕێین، بێینەوه سەر پەیکەرەکه ئاماژه بۆ گۆڕەکان دەکا و دەڵێت (بنواڕه چییان بەسەرهێناوین)بەڵێ وایان بەسەرهێ ناوین

ئەوانە دوژمـــنن و نەک هـــی ئەمـــڕۆ بەڵکـــوو لەهەزاران ســـاڵەوە ئەو دوژمنکاریەی بەردەوامە تا بەئەوڕۆ تازە دەڵێن رفراندۆم مەکەن !

ئێســتا ئومێــدێک کەوتــۆتە دڵمــانەوە، کە بەرەو ســەربەخۆیی بــڕۆین (وەرە و تەماشـــاکە )هەر ئەو دوژمنـــانە لەچ فیـــت و هانـــدان و گۆبەنێکدان هەر ڕۆژێک بەزمێک دەگێــڕن، هەر ڕۆژێــک ســرنایەک لــێ دەدەن و موزیکێک دەژەنن.

## بیژەن بیژەن ژەنیاوی

## بای داڵەهو لێی داوی

کاکەمن ڕازیم بە بـای داڵەهـوئەو سـابای بنـاری دەردەنێـل و شـاخی زێڕین لە لایەکەوە هەڵی کردووە لەو لاشەوە باو باران و بەسـتەڵەکی چیـــــای ئەلبورزمـــــان پـــــێ دەگـــــاو لەو خوارەشـــــەوە وەک هەمیشەگڕەوگەرمای نەخلستانی ئەو خوارەمان پـێ دەگـاو ئیتـر هەر بایە و پێمان دەگاو هەن بەو بایەش بایـدەدەن و دێـنە سـەما (بـای دەداو..بابابایدەدا).

گرفـت لەنێـو ئـێمەی ئێسـتادا بەرپرسـیاریەتی ڕێـژەییە بەرژەوەنـدیی یەکێـک کۆمەڵێـک زاڵە بەسـەر بەرژەوەنـدیی خەڵـکە زۆرەکەدا، ئەمە هەر لە کەیسی ڕیفراندۆم بەدی ناکرێـت و دیاریـدەیەکە شـاراوە نیـیە بۆ هەر مەلەفێک کورگەلێک لەکاردان و حەی عەلاسەلاتە...

نکووڵی لەوەش ناکەن ئیتر ئەو بایانە هەڵیان کردووە و ئاهەنگی پێ دەگێڕن نازانن پایتەختەکانی خۆیان لەئێمە زۆرتر مولەقترن و موزایەدە بەسەر میللەتەکانیانەوە دەکەن تاکێشەی ئێمەی کورد بکەنە پرد و بەسەریا بگوزەرن .

دڵنیایان دەکەینەوە (ئەو باوکە مرد)، جارێکی تر بێ پەساپۆرت بەسەر ئەو پردە کۆنە ساڵە هەرووژاوەیدا تێناپەڕن.

# ڕاپەڕین

ئەو شــەڕە لەعنەتیــیەی شاعەباســی ســەفەوی و بایەزیــدی عوســمانی ( چاڵــدیران ) دەرگــای دۆزەخ و نەهامەتییــان لە ئــێمەی کورد کردەوە و تابە ئەوڕۆیش باهۆز و ڕەشەبای قینی بەردەوامە.

دوو دەســەڵاتی بەهێــزی ئەو دەمە دوو ســوپای شــەرەنگێزی پۆشــتە و تەماحکــار، دوو دنیــای بکــوژو داپڵۆســینەری چەکــداری پەلاماردەر بە درێژایی زیاتر لە دووسەد ســاڵ کوردســتانیان کردبــووە گۆرەپانی شەڕ و پەلاماریان، ئیتر هەر دێ و شاری کورد بووە لەژێــر سمی ئەسپی ئەو دوو دەســەڵاتەیدا وێــران و تــاڵان کــراوە، ئیتــر هەر ئازووقە و خەرمــانی کــورد بــووە ســوتێنراوە بە درێژایــی ئەو زەمــانە دوورودرێژە (قزلەباش و یەنگی چری) لە هیچدا ڕێــک نەبــوونە تەنهــا لە کوردکوشتندا نەبێت ...

چەند ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێت ....شتێکە شێوەکەی گۆڕاوە وەئیلا ئــاش هەمــان ئاشــە و زیــاتریش ئەوان کوردســتانیان کردبــووە دوو لەتەوە (سایکس- بیکۆ ) بەوە ڕازی نەبوو کردیە چوار بەشەوە، چوار بەشی لە یەک دابراو، چوار دەوڵەتی داگیــرکەری خــوێنڕێژی لە خــوانەترس، چــوار دەســەڵاتی دوژمنکــاری یەکتــر و تەنهــا لە ئــێمە کوشتندا دۆست و برابوون یەشتا لایان وایە میللەتێکــی چــل ملیــۆنی

لە هۆتێلدا دەژین و ئەوان خاوەن هۆتێلەکەن و هەرکات بیانەوێ دەتوانن وەدەرمان بخەن!

ئاوا عەقلیەتێک دوورە لە سیستەم و هەڵسوکەوتی ئەمڕۆیانەی مرۆڤەوە، لە بەند و بنودی یاساکانی میللەتە ئازادیخوازەکانەوە کەچی یەشتا دەنگی دەهۆڵیان دێ لەنێو ئێمەی کوردیشدا یەشتا هەن بەو ساز و دهۆڵە هەڵپەڕن و بێنە سەما.

مشتێک نموونەی خەرمانێکە، ئەوە بوو سەد ساڵ دەڕوا کوردستانی باشوور دووچاری دەوڵەتێکی شەق و شڕی وەک ئێراقە نەک بۆ ئێمەی کورد بەڵکوو بۆ تەواوی دانیشتوانی نەیتوانیوە ببێتە نیشتیمان.

دوور لە دەمارگرژی با ئاوڕێک لە مێژووی ئەم دۆڵە بدەینەوە کە پێی دەوترا (میزۆپۆتامیا) یا دۆڵی دوو ڕووبار لەم دۆڵەیدا شارستانیەتی مرۆڤ خولقاوە و چەند دەسەڵاتی گەورە و مەزن هاتنەتە کایەوە وەک سۆمەر، ئاشوور، ئەکەد، بابلیوە (( ماد))یش لە رۆژهەڵات و چیاکانی زاگرۆزدا دەژیان ئێمەیش پاش ماوەی ئەوانین.

جگە لە ئێمەی کورد کە بە پاشماوەی ((ماد)) دەژمێردێین بۆ خوا تاکەکەسێک لەو میللەتانە نەماون و بەلای چاوساغانی رەگەزناسانەوە (سۆمەر ، ئاشور ، ئەکەدە، بابلی ) بە میللەتە لە ناوچووەکان دەدرێن لە قەڵەم .

با زۆر دوور نەڕۆین لە هێرشی سوپای ئیسلامەوە دەست پێ بکەین کە دەکاتە شەرە گەورەکەی نێوان لەشکری ئیسلام و ئیمپراتۆریەتی ساسانی یان شەڕی ( قادسیە ) بە دوای ئەو شەرەیدا شەری (گولاڵە) روویدا بە دوای ئەودا شەڕی ( نەهاوەند) روویدا کەوا عارەبەکان بە ناوی ( فتح الفتوح ) ناوی دەبەن و بە یەکجاری لە ناوچوونی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و کوردستانیش بەشێک بوو لەو داگیرکردنە تا بەئێستا!

دوای خولەفای راشیدین دەسەڵات کەوتە دەستی خێڵی ئەمەوی توانییان دەوڵەتێکی بەربڵاو بۆ ماوەی سەد ساڵ زیاتر دروست بکەن و پایتەختەکەشیان لە (دیمەشق) بێت .

دۆڵی رافیدەین لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەمەویدا دوو ولایەت بووە ولایەتی (جبال) و ولایەتی (کوفە) بەدوای دەسەڵاتی ئەمەوی عەباسیەکان هاتنە سەرکار و پایتەختیان گۆێزایەوە ئەنبار و لە دواییدا بەغدای ئەمڕۆ، چوارسەد و بیست ساڵ بەردەوام بوونە... ئەم دۆڵە کە ئیستا بە ( ئێراق ) ناو دەبرێت بەو ناوە نەناسراوبووە و بەسێ ویلایەت ناو دەبرا، ولایەتی (کوفە ) ولایەتی (سەواد)، ولایەتی (جبال) .

بەدوای ئەواندا دەسەڵاتی عوسمانی چوارسەد ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە و ئێراقی ئێستا سێ ولایەت بووە ولایەتی ( بەسرە ،بەغدا ، موسڵ ) ئەمە مێژووە، قسەی من نییە.





لە پێش ئیسلامیشدا پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بۆ ماوەی چوارسەد و هەژدە ساڵ لە (تیسفون) دا بووە یانی ((تاقی کیسرا))ی ئێستا کە بیست کیلۆمەتر لە خواروی بەغداوەیە، دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلام و قۆناغی چوار خەلیفەکە دەوڵەتی ئەمەوی دروست کراو پایتەختەکەی لە دیمەشقی ئێستایدا بووە .

ئەمە واقیعیەتێکی مێژووی دۆڵی رافیدەینە لەو ماوە دوورودرێژەیدا بۆ خواجارێک ناوی ( ئێراق ) نەهاتووە و بەو ناوە نەناسراوە، کەچی ئەورۆ ناوی ئێراق و پێگەو پایەی ئێراقیان کردووەتە ئایەتی مونەزەل و لایان وایە نەوە و نەتیجەی ئاشورپانیپال و نبوخوزنوسەرو ئاسەرحەدون ...

من ئەم حەقیقەتەم لەپەرلەمانی ئێراق دا باس کردوەو لە ئەرشیفی ئەوێدا پارێزراوە ئاور لەوەی نادەنەوە تەمەنی حەقیقی دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی ( ١٩٢١ ) ز یەوە دەست پێ دەکاو ئەوەندە ئەم دۆڵەی بێ خاوەن بووە مەلیکییان لە دەرەوەی وڵات بوو هێناوە.

بەهەر فەلاکەتێک بوو دەوڵەتی ئێراقیان دروست کرد و کردیانە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆر رێکخراوی تر. لە رۆژی دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقەوە تا بەئەورۆ ئارامی و ئاسایشی بە خۆیەوە نەدیوە پەیوەستە میللەتە جۆراوجۆرەکانی ناو ئێراق ئایینە جیاوازەکان رەنگ و دەنگە جۆراوجۆرەکان لە کینەو میحنەت و نابەرابەریدا ژیاون...

ئەوە نییە ئێراقی ئەمڕۆ چەند خاوەنی هەیە، باوە پیارەی ڕۆژهەڵات خۆی بەخاوەنی دەزانی لە باکوورەوە کوڕ و کورەزاکان و واریسانی خەلافەتی ئیسلامی ( عوسمانی ) هەر ئەی من ئەی منیەتی.

لەولاشەوە شۆڤینیەتی عارەبیش شمشێریان بە راسەرەوە سۆر دەدەن. ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە میللەتی ئێمەی کوردە و لایان وایە لە هۆتێل داین و ئەوان خاوەنی هۆتێلەکەن و هەروەخت بیانەوی لە هۆتیل وەدەرمان دەنێن.

باشە با لە رابردوو گەڕێین ئیراق هەرچی بووە و هەرچی هەیە موبارەکی خاوەنی بێت خوای دەکرد هەزار ساڵی تر دەوڵەت دەبوو، بەڵام بە ئێمەی کورد و کوردوستانیەکان بۆ چاویان هەڵنایە بمان بینن، ئەوان تەنها شەوکوێر نین و ڕۆژکوێریشن؟

لەو وڵات و دەوڵەتەیدا تاکەی بە هاووڵاتی پلە سێمان بزانن ؟

تاکەی لە هەرای ناو ئیراقدا سوتەمەنی بین ؟

تاکەی ئەنفال کریەین ؟

ئەوە نیە بۆخۆیان دەڵێن (قطع الاعناق ولاقطع الارزاق) سەربڕین نەک نان بڕین..

موچەو بودجەبڕین بوخۆی ئەنفالێکی تره، یان تێکرا ..کردیان لەجاشەخۆماڵییەکان گەڕێ.

لەو خواره هەرایه و هەراکەش جارێک تەواو بوونی بۆ نییه ... ئاغاگەلی دەرەوەی ئیراق ئەوانیش دەستەباچە و سەردەرگومن و وایان لا باشە ئاوا بوون درێژه بکێشێت تا دروستبوونی یاساو دەوڵەتداری و ئاسایش و زیندەگی .. ئەگەر میللەتی ئێمە بیەوێ لەو ئاشوفتە بازارییەی خۆی دوورخاتەوه و ژیانی سەردەمانە دەست پێ بکا بەم هەم و کەموکورتیەی هەمانە و بۆیان دروست کردووین، رۆژێک زووتر لە ئیراقی ئەمڕۆ دووركەوینەوه هەزاری خێره و دوو هەزاری بەرەکەته.

ئەم حەرەکەتەی دەستمان داوەتێ هەنگاوێکی گرنگی مێژوویيه و مافی رەوای خۆمانەو (لە پیاو ماقوڵانی مالکی گەڕێ ) گەلانی ئازادەی جیهانمان لەگەڵە، ئەمڕۆ نا سبەی پێی دەگەین و هەرەشە و گورەشەی دز و خەڵکانی ناو حەشدی شەعبیش بە فلسێکی سوور ناسێنین، دهۆڵژەنەکانی ناوخۆشمان هەرچییان بردەوه بەشی میللەتە چەوساوەکەمانی لێ نەدەن باتێر بخۆن.

حەنان فەتلاوی ئەندامی پەرلەمانی ئێستای ئێراق لە یەکێک لە کەناڵەکاندا رای گەیاند بە تەنیا خۆم توانیومە دوانزه ساڵ نەهێڵم مادەی (١٤٠)بجولێت، کەچی دەیبەنە مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجەوه.

کـورە وەرە و تەماشـاکە .. ئەوە نیـیە پەرلەمانتـارێکی پەرلەمـانی کوردستان دەڵێت: ریفراندۆم تورکیای لە پشتە.

دیارە میللەتی ئێمە بەختی هەڵسـاوە وا تورکیـا دەیەوێ ریفرانـدۆمی ئازادی بۆ کورد بکات.

مـن نـاڕۆمە نێـو وردەکـاری ئەو ملمـلانە پروپووچـانەوە، بەڵام وەڵا وەبـیلا وەتەڵا بەرد دەهێنــنە قســە ئومێـدەوارم (عـوقەلای قەوم) حەدوسنوورێک دانێن بۆ قسەی گەوجانە و پاشیلکردنی موقەدەساتی ئەم خەڵکە و ئەم وڵاتە.

ئەگەر بمانەوێ راپەڕینەکانی میللەتەکەمان دانەدانە لێی بدوێین زۆری دەوێ، خۆئەوەش حاشاهەڵنەگرە بەدرێژایی زەمـان میللەتەکەمـان لە ڕاپەریندا کۆتاییان نەکردووە سا وەک شۆرشی چەکدارانە یا راپەرینە جۆراوجۆرەکان.

پرسـیارێکە زۆر کەس لە خـۆی دەپرسـێ بـۆ ئەو هەم و راپەرینـانە ئەوشۆرشــە خوێناویـانە نەگەیشـتنە ئاکـام و راپەرینــی ئەم دوایەی ئەمڕۆی بە وجود هێناوە؟

ئایـا تەنهـا ڕاپەڕیــنەکە ئەمــڕۆی بە وجــود هێنــاوە یــا گــورانی ئیستراجیتیەتی جیهانیش پاڵپشت بووە؟

با زۆر دوور نەڕۆین ئێمە بە وردی ئاگاداری پێگەوجێگەی بەریتانیـای عوزما نەبووین و نەشمان دەزانی دەوڵەتی عوسمانی دەخەزار بووە و

لە جێگەی مەرگیدایە، ئێمە تەواوی هێلکەکانمان خستبووە سەوەتەی دەوڵەتی سۆڤیەت و دیکتاتۆریەکی وەک ستالینەوە ...

بێئاگا لە سازش و بەرژەوەندییەکانی پشتی پەردەوە (رێک کەوتنی نێوان ستالین و قەوام سەڵتەنەی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتە) گۆرانکاری لە ستراتیجیەتی نێودەوڵەتیدا سەدان (خولە بە حەمە ) دەکا ترست لە چییە؟

ئەوڕۆ دونیا گۆڕاوە ،نەخشە و سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناواڕاست لە گۆرانکاریدایە میللەتی کوردیش لەم یارییەدا بەشدارە و ئاییندەی کوردستانیش بە ڕوونی دیارە و ریفراندۆم .. دیکۆمێنتە، بەڵگەیە، دەخرێتە سەرمێزی چاوساغانی ئەمڕۆی جیهانەوە، ریفراندۆم هەنگاوێکی بەربڵاوی زیندەگی و ئاییندەی ئەم میللەتەیە بانگەوازی شەرەف و ناموس و خوێنبەهای شەهیدانە، گەورە هەنگاوە دەینەین، جوانترین پێگەیە ، کەیل و کێشانەی ژیانی سەردەمانەیە ، ئەلفوبای قاموس و فەرهەنگی سەردەمانەی ئەم میللەتە خێر نەدیوەیە با جاش سفەتەکان رسواکەین..

خۆ ئەوەشە حاشاهەڵنەگرە لە نێو ئێمەدا نەشیاوەکان زۆرن ،لەپێش ئێمەیدا میللەتانی تر بە قۆناغی ئێمەدا گوزەراون و گەیشتوونەتە ئەم رۆژەپێنج سەد شەش سەدساڵ لەئێمە زووتر. .

یەکێک لە نەشیاوەکان گرنگینەدان بە پێگەوجێگەی هونەرە، نە دەوڵەت و نە خەڵکەکەش گرنگییەکی ئەوتۆ نادەنە زمانی هونەر کە

ئەورۆ بەزمانێکی جیهانی دەژمێردرێت و بەو زمانە دەدون و هەنگاو دەنێن کەچی ئێمە لەو ڕووەوە لە عالەمی حەپەڕووتداین.

بەندە بەبێ بەرامبەر بە تواناو ئیمکانیەتی خۆم پەیکەر دەسازێنم. تا شەقامی شارەکانی پێ برازێنمەوە تامێژووی زیندوو بخەمە بەرچاو کەچی برێک لە بەرپرسان دوو دڵانە ئەوان منەت بە سەرما دەکەن من فێری ئەو منەتانە بووم و کاری خۆم دەکەم و منەتیشیان هەڵدەگرم و لە کاردام گوێ لەو کەمتەرخەمیانەی نادەم و لە کاردام.

ئەم پەیکەرەی لەبەرچاوتانە یەکێکە لەو پەیکەرانەی پێشنیارم کردبوو لە مۆنۆمێنتی شەهیداندا بە قەد و قەبارەیەکی بەرز و بوڵند لە (برۆنز) دروست بکرێت ئیدی ئەوە حەوت ساڵە نەک ئەم پەیکەرە بە سایزی گەورە نەکرا خودی مۆنۆمێنتی شەهیدانیش بەرەو وێرانی و شەهادەت دەڕوا، ئەگەر بێ دەربەستی دەوڵەت ودەسەڵات تا ئەوڕۆ بێ (فاتحە)مۆنۆمێنتی شەهیدانیان بەڕۆژی ڕۆشنا شەهید کرد.

..دەبڵێن: ئەلفاتیحا!

---

ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی "باس" بڵاوکراوەتەوە



# ئاهورا مـــــزدا

لەنێو میللەتانی ڕۆژئـاوادا بەتـایبەت لەسـەردەمی دەسـەڵاتی یۆنــان و ڕۆمانــا میللەتــانی ئەوســای ئەورووپــا پەیــرەوی ئـایینی فرەخــوایی بــوونە، بــۆ هەردیــاردەیەک خوایەکیــان دەســت نیشــان کردبوو، بەلایانەوە هێز و توانای خواکان کەم و زۆریـان هەبـووە، لە یۆنانــدا بــاوەڕ وابــووە کۆمەڵگــای خواکــان لەچیــای {ئولەمــب} نیشــــتەجێن...لە وێــــڕا کەون و کائینــــات دەبەن بەڕێــــگەوە ئەو کۆمەڵگـــایە لەلایەن{زئـــوس}ەوە دەبـــرا بەرێـــگەوە و هەریەک لەو خوایانە ئەرکێکی پێ سپێرابووە، ئیتر لە ئاسمان و باران و برووسکە و بزیسکەوە بیگرە تا سەر تۆفان و زریان و لافاو و دەریا و رووبار و دار و درەخـت و شـینایەوە، بیگـرە تاسـەرمەرگ و خێـر و شـەڕ و ژێــرزەوی تاســەرترس و تۆقیــان و جــوانی و عیشــق و مۆزیــک و هونەرەکان و تەواوی نیازمەندییەکانی مرۆڤ، لەزۆر لەو وڵاتانەیدا بـۆ رێزلێنــــان بــــۆ ئەو خوایــــانە هەر یەکەیــــان بەگــــوێرەی پــــێگە و دەســەڵاتەکەیان پەرســتگای بەرز و بۆڵەنــدی جۆراوجۆریــان دروســت دەکرد.

برێک لەوپەرستگایانە ئاسـەواریان تـا بە ئێسـتاش مـاوەتەوە و پـڕی پــڕن لەزەرافەتــی میعمــاری و شــانازی بە بینەریــان دەبەخشــن ئەو

میللەتانە وەنەبێت تەنها باوەڕیان بەوخوایانە بوبێت بەڵکوو باوەڕیان بە نیمچەخواکـانیش هەبـووە یـانی ئەوانەی لەئاکـامی تێهەڵچـوون و تێکەڵاوی خواکان و مرۆڤدا هاتوونەتە دونیاوە باوەڕ بە فرەخـوایی لە نێومیللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقـادا پتەوبـووە بە تــایبەت لەدۆڵــی میزۆپۆتامیــادا رەواجــی زۆرتــری هەبــووە لە ئەفسانەکانی دۆڵی دوو رووباردا داستان و مەلحەمەکەی {گلگامێش}و ئەنەکید و کە هەر دووکیان خاوەنی توانا و تاقەتێکی بەربڵاوبوونە و بە نیمچەخوا دەدران لەقەڵەم .

لەنێو دەسـەڵاتی دورودرێـژی{فەراعینە}ی میسـردا دیسـان بـاوەڕ بە فرەخـــوایی رەواجـــی زۆری پێـــدراوە،ئەو بـــاوەڕە هەتـــاوەکوو لە ئـاایینی{میترا}یشـدا کە بە ئـاایینی هەرە کـۆنی مـیللەتە ئاریایەکـان دەژمێردرێت گرنگی پێدراوە، بەڵام نەک بەبەربڵاوی دەسەڵاتی یۆنـان و ڕۆمان و میسری کۆن . لەنێوان ئەو خوایانەیدا بڕێکیان خێرخواز و بەرەحـم و بەزەیـی بـونە و بڕێکـی تریـان دڵـرەق وتـوڕە و ئـاڵۆز و پەلاماردەر بوونە..

ئیدی ئەو {خێر و شەڕە} بەشـێوەی جۆراوجـۆر شـۆربوونەتەوە نێـو فکر و زکری میللەتاندا لە ئاایینی میترائیـدا بیروبـاوەڕی دووخـوایی و لایەنگرانی هەردولادا هەبوونە سـاوەک نێوە خوایـا توانـاو دەسـەڵاتی بێسنور. ئەو جورە باوەڕە بەردەوام بووە.

بەتـایبەت لەنـاو مـیللەته ئاریایەکانـدا تـا پەیـدابوونی زەردەشـت پەیامبەر.

لەئایینی زەردەشتیدا باوەڕی فرەخـوایی نـراوەته لاوه ئەوی بەلایەوه پیرۆزه و بێ هاوتایه {ئـاهورامزدا}یه ئەوی شـەڕخولقێنه و پەیـرەوی ناحەقی

وتاریکیه{ئەهریمەن}ه .

ململانێی نێوان خێر و شەڕ له سەرەتای کەون و کائیناتەوه هەبووه تـا به ئێسـتاش لەنـاو ئایینەکانـدا یـا لەنـاو دڵ و دەروونـی خـودی مرۆڤدا.

بەنده پارێز لەوەی دەکەم بڕۆمه نێو وردەکاری ئەو ئـایینەوه و دای دەنێم بۆ چاوساغی خۆی، بەڵام یەشتا به وردی ڕۆژی له دایکبـوونی زەردەشـت نەزانـراوه و چەنـدان بـاوەڕیش هەیه بـۆ شـوێنی له دایکبوونی، ئیدی ئەوه حاشاهەڵنەگره له دامێنـی چیاکـانی زاگـرۆزدا هاتووەته دونیاوه، دایکی ناوی {دەغدو}بووه بەنده ڕۆمانێکم له چاپ داوه به هەمان ناو .

ئـایینی زەردەشـتی نـزیکەی دوو هەزار سـاڵ لەپـێش زاییـندا مەوجـوودیەتی هەبـووه، هەروەهـا له ئێرانـدا وەک ئـایینی فەرمـی ئیمبراتـوریەتی ساسـانی بەردەوام بـووه تـا {فـتح}ی ئیسـلامی ئەو ئایینەیه یەشتا ملیونەها پەیڕەوی هەیه.

بـائەوەیش بڵێـین لە پـۆپەی دەسـەڵاتی ئـایینی زەردەشـتیدا ئـایینی مەزدەکـی لەلایەن کەسـێکەوە بەنـاوی{مەزدەک} بـانگەوازی بـۆکراو زۆری نەخایانـد خەڵکـانێکی زۆری لە دەور گلێربـوویەوە هەتـاوەکوو شـــای وڵات ئـــایینی مەزدەکـــی بە یەکەمـــین هەنگـــاوی {ئیشتراکیەت}دەدرێت لەقەلەم {مەزدەک}لە باوڕێکدابوو داراییەکـان وەک یەک و یەکسـان بەسـەرخەڵکەکەدا دابەش بکرێـت هەتـاوەکوو ئـافرەت ئەو بـانگەوازە ئەوی رەشـوڕووت و نەدارەکـان بـوون لەدەوری کۆبـۆنەوە بەڵام زۆری نەخایانـدووە تەقالای{موغ}ەکـان و شازادەکان گەیشتە ئاکام و دووبـارە دەوڵەت و دەسـەڵاتیان گـرتەوە دەست و (مەزدەک)یان گرت و پێستیان کەند و کوشتیان.

بەدوای ئـایینی مەزدەکـدا کەسـێکی تـر بەناوی{مـانی} داوای پەیامبەری بەرزکـردەوە، مـانی بۆخـۆی هونەرمەنـدێکی شـێوەکاری یەکجارپەنجە ڕەنگین بووە ئەو توانـا هەنەریـیە بە ئەنـدازەیەک بـووە خەڵکەکە بە بەهرەیەکی هەرە بەرز و بۆڵەندی ئاهورامزدای زانیـوە و هەرئەو باوەڕە بووەتە هۆی گلێربـونەوەی خەڵکـانێکی زۆر لە دەوری ئەویش زۆری نەکێشاوە گیراوە و کوژراوە.

مەزدەک و مانێ هەردو پەیڕەوی ( (ئاهورامزدا)) بـۆنە و ئەهریمەنیـان بێزاندووە، ئەو دوو ئایینە پەیڕەوانیان تـا هێرشـی عەرەب بـۆ ئێـران هەر لە تەقالادا بـوونە، تەقـالای ئـایینە جۆراوجۆرەکـان دژ بەئـایینی زەردەشـتی پەیوەسـتە لە کۆمەڵگـای ئێرانـدا بەردەوام بـووە، وەک:

مەسیحیەت، بودائی، مەزدەکی، مانیگەرایی، ئەوململانە ئایینیانە یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکیەکانی لە ناوچوونی ئیمبراتوریەتی ساسانی. نەک تەنها شەڕی قادسیە.

ڕەنگە یەکێک بپرسێت بۆ پەیکەری ئاهورامزدا؟

لە وەڵامەیدا دەڵێم: بۆنا؟

دونیای هونەرمەندان دونیایەکی جیاواز و تایبەتمەندە. دونیایەکە ئەرکی داهێنانی بەسەرشانەوەیە، دەکۆشی کاروکردەوەیەکی لە مێژدا نەکراو بخاتە بەرچاو.

ئەگەر هونەرمەند هەر بەکارە تەقلیدییەکانەوە سەرگەرم بێت کەواتە سەرکەوتوو نابێت و هیچی نەکردووە..

سەدان و هەزاران کتاو دەربارەی ئاهورامزدا نووسراون باشە ئەم ئاهورامزدایە، چۆن بووە؟ چ ڕەنگێکی هەبووە؟

شکڵوشەمایلی چۆن گەڵاڵە دەکرێت؟

ئەم جۆرە پرسیارانە لە خولیای من و کەسانێکی وەک منەوە لە جوڵاندایە، ئەوبیرە وای لێکردم بکەومە بیری دروستکردنی پەیکەری ئاهورامزداوە وەک لەپێشدا ئاماژەم بۆ کرد زۆر لە میللەتە ئارییەکان پەیرەوی ئاهورامزدا بوونە باوباپیرانی ئێمەی کوردیش یەکێک بوونە لەو میللەتانە دوایی بیرکردنەوەیەکی قوڵ گەیشتمە ئەو باوەڕە ناکرێت پەیکەرە کە وەک گیانلەبەرێکی ئاسایی بخەمە

بەرچاو بەپێی ئاڤێستا ئاهورامزدا گەلێک بەهێز و مەزن و بە توانـایە رەنگاورەنگ و خێرخواز و سەرسام ئاوەرە دژی شـەڕۆ ناپەسـەندی و نەشـیاوەکانە ئـاوا {مەوجوودێـک} ئاسـان نیـیە بەشـێوەی پەیـکەر دروست بکرێت وەلەوەیش دڵنیام تابە ئێـستا هـیچ پەیکەرسـازێک لە هــیچ کــوێی جیهانــدا فکــری لە دروســتکردنی ئــاوا پەیکەرێــک نەکردووەتەوە...

بەنـــــدە بە ((ئـــــاهورامزدا ))وە رانەوســــــتاوم پەیـــــکەری {ئەهریمەن}یشم سازاندوە.

ئەوسـا بیـر لە دروسـتکردنی پەیـکەری{روح}دەکەمەوە یـا پەیـکەری دەروازەی {دوزەخ} یـادەرختی {سـدرە المنتهـی} بەهەرحـاڵ، بەنـدە ئاهورامزدا وا دەبینم کە لەبەرچاوتە تومارەکەی ناو ئاڤێسـتام داوەتە دەســتی و ئەو دەســتەکەی ئامــاژەیە بــۆ راســت ڕۆیشــتن دوور لەپێچوپەنـاو نەشـیاوەکان سـێکوچکەی زەرافەت و جـوانیی ژیـان و مرۆڤایەتی لەم سێ کۆچکەیەدایە.

١-وتەی چاک

٢-ڕفتاری چاک

٣-کردەوەی چاک

ئەوسـێ کـۆچکەی چـاکە لەنێـوتەواوی ئـایینە ئاسـمانییەکان و هەتـا وەکوو عیلمانیەکاندا پەسەندە..

کێ بێ حەز لەوەی نەکا گوفتار و وتەی پەسەند ببیسیت؟

کێ ڕەفتاری جوان و شیاو دەبێزینێت؟

کردەوەی ساکار و شیاو پەسەندی لای هەمووانە ئیدی ئەوە پەیکەرسازێکی تر بەشێوەیەکی تر دەیخاتە بەرچاو ڕەنگە برادەرانی زەردەشتی بەمە رازی نەبن، بەڵام ئەم پەیکەرە هیچ لە پێگەی ئاهورامزدا کەم ناکاتەوە بەڵکوو وەبیرهێنانەوەی مێژوو ئاینی ئەوسای میللەتەکەم بە ئەرکێکی نەتەوایەتی دەزانم نەک تەنها پەیکەر بەڵکوو وەک ڕۆمان یان هەڵبەست یاشێوەکاریی کۆڕ و وتار

ئەگەر ئێمەمانان ئەوانە وەبیر نەهێنینەوە لەمە ماڵ وێرانتر و تالانکراوتر دەبین . بنوارە.

ئەوەی هەمان بووە و ئەورۆ بە کەڵکە لێمان دزراوە و ئەورۆ هی خەڵکە.

سەیر لە وەدایە ئەگەر بتوانن و پێیان بکرێت ئەوەی ماوەتەوە و بە درێژایی زەمان لە بیریان چووە، یان نەیانپڕژاوەتە سەر دزینی ئەو خوانەناسانە، ئەو ئەهریمەن سفەتانە بتوانن دوو هەزار ساڵی تر دەماندۆشن و دەکۆشن، ئاش هەمان ئاشەکەی جاران بێت. دەبڵێ:
ئەوی دزە بە لەعنەت بێت.

# مانی

لە سەردەمی دەستەڵاتی چوارسەدساڵەی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا دوو کەس بانگەوازی پەیامبەرایەتییان کردووە، یەکەمیان (مەزدەکە) و ئەوەیتریان (مانی) بووە. یەکەمیان بیروڕایەکی کۆمۆنیستی و ژیانێکی تێکڕایی گشتی و دابەشکردنی دارایی بەسەر هەمووانـدا هەتاوەکوو ئافرەتیش، . دووەمیان (مانی) بووە.

مانی گەورەترین هونەرمەند و شێوەکاری زەمانی خۆی بووە و لە سەدەی دووهەمی زایندا ژیاوە. مانی بە ڕەگەز شازادەیەکی سەردەمی دەستەڵاتی ئەشکانی پێش ساسانییەکان بووە. ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە یەکێک لە هۆکاری هەرووژانی دەستەڵاتی ساسانی، فرەئایینی و لاوازبوونی ئایینی زەردەشتی بووە، وەک وتمان دووکەس بانگەوازی پەیامبەرایەتییان کردووە. ئایینی بودائی لە ڕۆژهەڵاتدا پەرەی سەندووە، ئایینی مەسیحیەت لە ڕۆژئاوادا ڕۆژبەڕۆ بەربڵاوتر بووە. بۆ نموونە زۆربەی زۆری شازادەکان دەرباری ساسانییەکان بوون. بە پەیڕەوی ئایینی مەسیحیەت و خودی موغەکانی ئایینی زەردەشتیش هێندە بە دوای سوودی شەخسی خۆیانەوە بوون ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی بیریان لێ نەکردووەتەوە، ئایینی زەردەشتی بووە، بۆیە کۆمەڵێک لەشکری





برسی و تالآنچی عارەب لـە شـەڕی (قادسیە)دا سـەرکەوتن بەسـەر سوپا و لەشکری مەزنی ئەو دەستەڵاتـەیدا... وردبەرەوە پێنج ئـایین: زەردەشتی، مەزدەکی، مانیگەری، بـودایی، مەسـیحیەت لـە ئەوپـەڕی ململانێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی دەسـتەڵاتی بـەربڵاوتر و لاوازکردنـی ئـایینی زەردەشـتی و هـەروەها پەرتـەوازی دەسـتەڵات و لەولاشـەوە برسـیەتی و زولـم و زۆر و نابەرانبـەری لـەناو میللەتەکـەدا بـەربڵاو و هێڵەی کردووە.

٢٠٠سـاڵ دوای زایـین شـازادەیەکی ئەشـکانی لـە شـاری هـەمەدان ئێستادا دەژیا بەناوی (پاتیگ) لە زنجیرە دەسـتەڵاتی (ئەشـک) کـە بـە دەسـتەڵاتی ئەشـکانییەکانی پـێش ساسـانی دەوتـرا، (پاتیگ)ـە ژنێکی هێناوە بەناوی (مریەم) لە بنەماڵەیـەکی کـەی ئەشـکانییەکان بـەناوی (کەمسـەرەگوڵ). پاتیگـە دوای ژنهێنـانی، شـاری هەمـەدانی جێهێڵاوە و ڕۆیشتووە بۆ شاری بابل. ئەم پاتیگە کابرایـەکی ئـایینی بـــووە، بـــەدوای خـــوا و هەقیقەتـــدا گـــەڕاوە. لـــەم ڕووەوە (ئیبنولنەدیم)دەڵێـی ڕۆژێک وەک هەمیشـە لـە میحرابـی بتخانەکەیـدا بـــووە، هەســـتێکی ڕۆحـــی دایـــدەگرێت، دەنگێـــک لـــە میحرابـــی یتخانەکەیـەوە دێتـە گـوێی و پێـی دەڵێـت:" پاتیـگ گۆشـت مـەخۆ، شـەڕاب مـەخۆرەوە، دووربـە لـە ئـافرەت، بـۆ مـاوەی سێ جـار ئـەو دەنگەی دێتە گوێ، پاتیگ سەخت دەکەوێتە بیـرەوە، بەتایبـەت لـەو فەرمانەدا، بۆیە بڕیار دەدات بڕواتە نێـو کۆمەڵـەی مەندائیەکانـەوە." لە کتێبی (آثار الباقیة)ی هـاتووە:" لـە ڕۆژی ١٤ی ئـەپڕیلی سـاڵی

٢١٦زاینـــی منـــداڵێک لـــه دایـــک بـــووه لـــه لێـــواری چـــەپی ڕووبـــاری دیجلەدا، ناونراوه مانی.

وازانراوه مانی له دوانزه ساڵیدا وەحی پێگەیشتووه، یـانی لـه سـاڵی ٢٢٨ ز له یەکێک له سەرچاوەکانی (قبتی)یـەکانی میسـر هـاتووه: " كه به مانی گـوتراوه تـۆ نـابێ وەک باوکـت پـەیڕەوی لـەو کۆمەڵـەی بکەیت تۆ ئەرکته له هەموو هەوەسەکانەوه بەدوور بیت.. ئەو دەنگـه له فکر و زکری مانیدا هەمیشه دەزرنگایەوه، تـا تەمـەنی ٢٤سـاڵی کۆمەڵـــەی مەندایيـــەکانی بـــەجێهێڵا و کەوتـــه تەقـــەڵای ئەنجامـــدانی فەرامینی ئاسمانەوه. بانگەوازی پەیامبەرایەتی گەیانده خـەڵکی. کـه ئەو له لایەن (روح القدس)ەوه فەرامینی پـێ دەگـات تـا بـه خـەڵکی ڕابگەینێ. سەرەتا باوکی و کەسوکاری کرده پەیڕەوانی ئایینەکـەی و کۆڵـــەباری بەســـتەوه و کەوتـــه تەقـــەلای بڵاوکردنـــەوەی بیـــروڕا و ڕێبازەکەی. سەرەتا خۆی گەیانده (بلوجستان) و دواتـر هندوسـتان. سەرچاوەیەکی قبتی دەڵێت:" مـانی بۆخـۆی دەڵێـت لـه سـەردەمی ئەردەشـیر شـادا خوێنـدنم تـەواو کـردووه، ڕووبـەوڵاتی هیندسـتان ڕۆیشتووم، لەوێڕا ڕێگه و ڕێبازی ژان و زینـدەگێم بـه خەڵکەکـه فێـر کرد. مانی بـه زمـانی دایکـی خـۆی لەگـەڵ خەڵکدا دواوه. ئـەوەیش حاشـا هەڵنـەگره مـانی لـەو سـەردەمەیدا زۆر سەرسـام بـووه بـه وردەکاری ئـایین و ڕێوڕەسـمی بـودا له بۆچوونەکانیـدا ڕەنگـی خـۆی داوەتەوه.

ئەو کاتەی مـانی لـە هندوسـتاندا بـووە ئەردەشـیر شـای بـە توانـا و قودرەتی ساسانی کۆچیدوایی کردووە و کوڕەکـەی شـاپووری یەکـەم جێگـەی گرتووەتــەوە. بــە کەشــتی گەڕاوەتــەوە ئێــران، ســەرەتا گەیشتووەتە بابل و لە دواییدا خوزستان . مانی توانی لـە ڕۆژی تـاج لەسەرنانی شاپوردا بگاتە لای شاپور شاوە لـە یەکشـەممەی مـانگی ئەپریلی ساڵی ٢٣٢ز. بۆ زانیاریش دیداری شـا و مـانی سـێ جـاران بووە. لە ڕێگەی بەهرۆزی برای شـاپوورەوە ئـەو دیدارانـە ڕێکخـراون. لەبەر ئەوەی خـودی بـەهرۆز یـەکێک بـووە لـە پـەیڕەوانی مـانی. لـە یـەکێک لـەو دیدارانـەدا کتـاوی (شـاپوورگان)ی پێشـکەیش بـە شـا کردووە. لەو دیدارەدا شـا مۆڵـەتی داوەتـە مـانی تـا ئازادانـە ئـایینی مانی بڵاوبکاتەوە. لە کتاوێکیدا مانی دەڵێت:" شا زۆر ڕێـزی لێنـاوم و زۆربەی کات لە نزیکیـەوە بـووم، لـە لەشکرکێشـیدا هـەر لەگەڵیـدا بووم." کرتیر دوژمنی سەرسەختی مـانی بـووە، دیـارە پیرشـالیاریش لەسەر ئایینی زەردەشتی بـووە، لـە سـەردەمی دەسـتەڵاتی شـاپوردا (کرتیر) بە مانی نەوێراوە.

شـاپور لـە سـاڵی ٢٧٣ز کۆچیـدوایی کـردووە، (بـەهرام)ی یەکـەم جێگەی باوکی گرتووەتەوە، ئەم بەهرام شـایە کەسـایەتییەکی لاوازی هەبووە و زۆرتر پاپەندی ئایینی زەردەشتی بووە. کرتیر و بڕێـک لـە شازادەکانی دەربار توانییـان بـەهرام شـا قـانع بکـەن بـۆ لـەناوبردنی مانی. مانی دێننە خزمەتی شا و بـە مـانی دەڵێـت:" ئـەو وەحیانـەی

بەتۆ دەگەن بۆ بەمن ناگەن؟ هەر لەوێدا فەرمانی زنجیرکردنی دەدات و لە ماوەی ٢٦ڕۆژدا مانی کۆچیدوایی دەکات.

## هونەری مانی

دوای کوشتنی مانی، موغەکانی ئایینی زەردەشتی توانییان فـەرمانی شـا بەدەسـت بهێـنن بـۆ لـەناوبردنی هـەر دیاردەیـەکی ئـایینی و هونەری. مانی و مانیگەری لـەناو ببـەن، بـەڵام لێـرە و لـەوێ لەسـەر تەختە بەردەکان، لەناو ئەشکەوتەکان، لە بڕێک لە شارەکان توانراوە نووسین و کاری هونەری بپارێزن. فیردەوسـی شـاعیر لـە مەلحەمـەی شاهنامە لە بەیتێکدا دەربـارەی هونـەری مـانی دەڵێـت:" پیاوێـک لـە دەڤەری چینەوە، جیهان شێوەکاری وەک ئەوی بەخۆوە نەدیبوو."

مانیگەری و پەیڕەوانی مانی کەوتنـە بـەر شـاڵاوی دەسـتەڵاتی شـای ساسـانی و دەسـتگای پیـاوە ئایینیـیـەکانی زەردەشـتی . ئـەوەی پەیوەندی بە فەلسەفە و هونەری مانی بووە لەناویان بـردووە. مـانی لـە دوو سـەرەوە، هـەم لـە باوکییـەوە هـەمیش لـە دایکییـەوە لـە شـازادەکانی ئەشـکانی بـووە، هونەرەکەیشـی پـەیڕەوی سـەردەمی ئەشکانی بـووە. بۆیـە زۆر بـە زەحمـەت دەتـوانرێ جیـاوازی بخرێتـە نێوانیانەوە. مانی گەلێک شانازی بە هونەرەکەیەوە کردووە، هەمیشە وتوویـەتی: ئـایینی مـن پـڕە لـە (مـوعجیزە) هـەر تابلۆیـەکم موعجیزەیـەکی پـەروەردگارە، هـیچ ئـایینێکی پـێش مـن ئـاوا موعجیزەیەکی نەخستوەتە ڕوو.

پـەلاماری عـەرەب بـۆ سـەر ئێـران تـەڕ و وشـکی پێکـەوە سـووتاند، بەتایبـەت پاشـماوەی پـەیڕوانی مـانی تووشـی دووبـارە پـەلامارێکی خوێناوی عارەبی تالآنکەر هاتن، زۆربـەیان وڵاتیـان جێهـێڵا و ڕوو بـە ڕۆژهەڵات یان وڵاتانی ناوەڕاستی ئاسیا کۆچیان کرد.

بـە فـەرمانی خەلیفـەی بەغـدا ئـەوەی کتـاو و دیکۆمێنـت وتـابلۆی جۆراوجۆری مانی و پەیڕەوانی مانی هەبووە سووتێنراوە. بەسەر ئەو ترس و تۆقیان و پەلامار و ئیرهابـەدا بڕێـک لـە تـابلۆ هونەرییـەکانی مانی ماونەتەوە، بڕێکیـان فـۆرم و شـێوەی هونـەری چـین و بـودایی پێـوە دیـارە، ئەمـەیش لەبـەر دوو هـۆ: خـودی مـانی بـە بـودا و تەعالیمەکەی سەرسام بووە، دووهـەمیان تێکـڕای هونـەری ئەشـکانی ڕوخسـاری چینـی و ناوەڕاسـتی ئاسـیای پێـوە دیـاربووە. ئـەو چوارسەدسـاڵە دەسـتەڵاتی ئەشـکانییەکان و تێکـەڵاوییان لەگـەڵ کەلتووری گەلانی ژێردەستەیان. هونەرەکەشان ئەو جۆرە تێکەڵاویەی پێوە دیارە. نموونەی هونەری مانی ئەوانـەی ماونەتـەوە بڕێکیـان لـە کڵێسـاکان پـارێزراون، بڕێکـی تریـان لـە پاشـماوەی شـارە وێرانکراوەکانـدا یـان بەسـەر دیـواری ئەشـکەوتەکانەوە ماونەتـەوە. هەروەها بڕێکـی زۆریـش نموونـەی خـەتی مـانی و نووسـراوەکانی لـە پەرسـتگەی بوداییـەکان و سـەومەعەی مەسـیحییەکاندا پـارێزراون. زۆربـەیان لـە دۆڵ و دەربەنـدی (سـەنگیم)دان. هـەر ئـەو پـەلامار و کوشتن و بڕینی پـەیڕوانی مـانی بووەتـە هـۆی پەرتـەوازەییان، بۆیـە تێکڕا هونەرەکەیان سەرجەم سێ جـۆر دیاردەیـان پێـوە دەبینرێت.

دیاردەی هونەری ئایینی بودایی، دیاردەی هونەری ئاسیای ناوەندی، هونەری خودی ئێران زەمین. مانی پەیامبەر عاشقی سروشت بووە، خوداپەرستی بە هونەری شێوەکارییەوە خستووەتە بەرچاو، هەروەها گوێگرێکی باشی مۆسیقا بووە. لە نووسراوێکدا دەڵێت:" ئەو پەیامبەرانەی لە پێش مندا هاتوون هیچیان وەک من نەیاننووسیوە، من بەدەستی خۆم نووسیومن، نەیاتوانیوە نەیانزانیوە ئایینەکەیان وەک من بە شێوەیەکی هونەری بخەنە بەردەستی پەیڕەوانیان. لەسەرچاوە ئیسلامییەکاندا مانی وەک هونەرمەندێکی شێوەکار ناو دەبرێت. مانی زۆربەی کاتی لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا ژیاوە، ڕۆژێک دەگاتە زنجیرە چیایەک ئەشکەوتێکی تیادا دەبێت، کەم کەس بەو ئەشکەوتەی زانیوە، بۆ ئەوەی لایەنگرانی بزانن، ئازووقە و پێداویستییەکانی یەک ساڵی لێ کۆ دەکاتەوە، لە لای لایەنگرانەوە دەڵێت:" من بۆ یەک ساڵ دەڕۆمە میوانی ئاسمان، هەر کاتێک دوانزە مانگ تەواو بوون وەرنە لای فلانە جێگە، کە نزیکی ئەشکەوتەکە بووە، دوای ئەو وتەیە مانی گوم دەبێت و یەکسەر دەڕواتە ناو ئەشکەوتەکەوە و ئیدی یەک ساڵی ڕەبەق بە شێوەکارییەوە خەریک بووە، ئەو شێوەکاریانە ناونراون (ئەرژەنگی مانی). دوای ئەو ساڵە لە دەوروبەری ئەشکەوتەکە خۆی نیشانی پەیڕەوانی دەدات، کە باوەشێک تابلۆی جۆراوجۆری پێیە. ئەوانەی تابلۆکانیان دیوە سەرسام بوون بەو جۆرە شێوەکاریانە، بۆیە مانی وتوویەتی:" من ئەوانەم لە ئاسمانەوە هێناون، ئەوانە موعجیزەی

مـنن. میرخوانـد لـە کتاوەکەیـدا دەڵێـت:" مـانی لەسـەر زەوی بـە پەنجەی بازنەیەکی ٥مەتری کێشاوە، کە (برگاڵ)یـان هێنـاوە و ئـەو ئەندازەیان کردووە، بازنەکە کەم و زیادی نەبووە."

# لەیلاقاسم و ئەمریکا

شەهادەت و شەهیدبوون بووە بەپشکێکی خودایی بۆ ئێمەی کورد، وەنەبێ لە ئێستاوە بێت، بەڵکوو لە قوڵایی مێژووەوە ئەم پشکە خوێناویە بەردەوام بووە تا بە ئەمڕۆ، چ ئەوساو چ لەئێستاشدا هیچ میللەتێک بە ئاسانی وەک ئێمە لێی نەکوژراوە تاوانکارانیش وەکوو پسکی بانان بۆی دەرچوون و ئێمەی کوردیش ماڵوێرانتر و بێ پشتوپەناتر بووینە تابە ئەوڕۆ.

لەدوای دەسەڵاتی مادەوە کورد وەک شەڕکەرێک بوونیان هەبووە لە سوپا و لەشکری هەخامنشیەکاندا بەدوای ئەواندا لە لەشکری ئەشکانییەکاندا بە دوای ئەوانیشدا سوپاوسانی دەسەڵاتی ساسانی وەک نووکی ڕمی لەشکری ساسانی بوونە..کە لە ئایینی باوباپیرانیان هەڵگەرانەوەتەوە و بوون بەپەیڕەوی ئایینی ئیسلام... لەوەشدا شەڕکەری باش بوونەو ئاسان خۆیان بەکوشت داوە.

کەواتە پەروەردگاری گەورە و مەزن ئەم میللەتەی تەنها بۆ کوشتن و فەرمانبەرداری جەببارانی ئەوسا و ئێستا دروست کردوە و بەس.. ئەگینا هیچ ماقووڵ نییە میللەتێک ئەوە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە لێمان دەکوژرێت و نەمان توانیوە ببینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان ئێمەی کورد واباوە میللەتێکی ئازاین.

ئـازایەتی پانتـایەکی بەربـڵاوە و جوراوجـورە هەر دەور و زەمـانەیەک چــونییەتیی ئازاییەکــان دەستنیشــان دەکــات ئیتــر لە ســەردەمی تیروکەمان و شەڕە شمشێرەوە بیگرە تا سەر تۆپ و تفەنـگ و تانـک و تەیــارە ئەگەرچـــی ئــازایەتی تەنهــا شــەڕی مەیــدانی نیــیە و جوراوجۆرن، وەک:

ئـازایی بەیـان، ئـازایی قەڵەم، ئـازاییی حەقبێژی،راسـتگویی ئـازایی، لێبــوردن یـــان ســـەخاوەت مـــن بەئـــازایی دەزانـــم، ئەوەیـــان حاشاهەڵنەگرە، لە ئازایەتی مەیدانیدا، کە بە سەر پۆپەی ئازییەکـان دەژمێردرێــت، کــورد بەشـــی شـــێری هەیە ئەی بــۆ تــا ئێســتا نەمانتوانیوە ببینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆمان؟

ئــاتۆ وردبەرەوە و ســـەیرکە میللەتــانی پڕۆپــوچی وا هەن ئەوڕۆ خــاوەنی دەوڵەت و دەســـەڵاتی خۆیــانن، نەمێــژوو، نە فەرهەنــگ، نەئایین، نەکەلتوور..کوڕە وەرە بمکوژە هەتاوەکوو زمـانێکی خـاوەن موفرەداتیان نییە و بەزمانی میللەتانی تری دەدون، کەچی ئاڵاکەیـان لەپێش ساختمانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بای ئۆقیانووسی ئەتلەسی دەیشـــەکێنیتەوە تـــۆ بڵێـــی ئەم زەلیلـــی و ژێردەســـتەیەی ئـــێمەی کوردە ( (حیکمەت))ی خوابێت؟

ئەی خــوای گەورە..خــۆ زۆر لەو دەوڵەتــانە نەخــوا دەناســن نەئایینیان هەیە، ئێمە دەتناسین و بەندەیەکی مـوتیعی تـۆین، کـابرا تاڵانکەرە ئێمەنین، پیاوکوژە..ئێمەنین،شـەرف ونـامووس و رەوشـتی

تیادا نییە ئێمە وەک میللەتێک پابەندی ئەوانەین لەسەر وشەیەک تەنها وشەیەک {بەڵی بۆ سەربەخۆیی} هاتوون بمانکوژن بەتانک و تۆپ و سەدان جۆری چەکی مودێرنەوە، دەرودەروازەیان لێ گرتووین وەک وابێت خوێنیان بەلامانەوە بێت.

ئەمە تەنها بۆ وشەیەک {بەڵێ بۆ ئازادی} ئەی بانگەوازی سەربەخۆی راگەیەنین چی؟

لەمێژدا کیمیابارانیان تاقیکردووتەوە دڵنیام بتوانن و پێیان بکرێت ئەتۆم و هایدروژینمان تێدەگرن. سەرم سڕ دەمێنێ لەدڵێکی وابچووکدا ئەم هەم و رق و کینە و بوغزە بەرانبەر بە ئێمەی کورد، چۆن جێگەی دەبێتەوە؟

کەواتە خەلەل و هەڵەیەک لەکاردایە و ئێمەی کورد پێی نازانین یا خۆمانی لێ گێل دەکەین..

تۆ بڵێی بەشی زۆری خەلەل و نەهامەتییەکانمان بەلای خۆمانەوە نەبێت؟

ساڵێک دوو هەزار ئەوە دووهەزار ساڵ زورترە ئێمەی کورد گیرۆدەی زەلالەت و زیللەتین.. ئەمە ئەوە ناگەینێت لەناو ئێمەی کورددا هەمیشە ژمارەی[دایک خۆ]کان کەم نەبوونە؟

مشتێک نموونەی خەروارێکە، بنوارە ئێستای کەرکووکدا چەند ئەمرۆ لە دوێنی دەچێت!

لەمێژەوە زانراوە پێشمەرگایەتی ڕەوشتمە.

ئەوی کۆڵەواریکردم هی نووکی خنجەری پشتمە ئێ باشە..بەم هەموو توانـاوە بەم هەمـوو تـاقیکردنەوە بـۆچی دەرس لە رابـردوو وەرناگرین؟

بـۆ تـا ئێسـتا بەوردی نەمـانتوانیوە پەی بەعەقڵـیەت و دەروونـی رمووزنەکانی بەغدا ببەین؟

ئەوەی لەناو پەرلەمانی ئێستای بەغدا روویدا دادگاکانی قەرەقـوش و روبسییری شۆرشی فەرەنسادا ڕووی نەداوە..

ئەگەر بیانتوانیبـا بەری بـاو هەناسەدانیشـیان بەپێـی بڕیـارێکی پەرلەمـانی لە ئـێمەی کـورد دەگـرد، ئەگەر بیانتوانیبـا بەتـانکی ئەپرامسی ئەمەریکی ماڵ و منداڵمانیان دەشێلا و و نچڕونچڕ دەکرد.

کەچی ئەوانەی واتـاپۆی رەشـی خیانەتیـان لەگیرفانـدایە، دوێنـێ یەکێکیـان لە کەناڵێکـدا لەکەرکـووکەوە جۆرێـک باسـی لە نەوازش و بێئازاری ((حشـد)) دەکـرد و پاسـاوی بـۆ دەدانەوە رووی هەرچـی داعش هەیە سپی کردبوویەوە...

بێئاگـا لەوەی کەرکـووک و کەرکووکییەکـان رۆژگـاری لەمەڕەش تریـان زۆر دیـوە..ئیتر ئەوە دونیـای سیاسـەت و بەرژەوەنـدییەکانە لەشـەڕە گەرمەکـانی پێشـمەرگە لەگەڵ داعشـدا ئەمریکـا حەیـران و لاوکی بەباڵای پێشمەرگەدا دەوت و ئێمەش باوەڕمـان پـێ کـرد بـوو

مەگەر ئەوە ئەمریکا نەبو لە١٩٧٥ دا کورد و شۆڕشەکەیدا بەدەستی شـای ئێـران و سـەدامەوە، مەگەر ئەوە ئەمریکـا نەبـوو شـای بە ریســوایی لە ئێــران وەدەرنــا و لەبــێ کەســیدا لە یەکێــک لە بیمارستانەکانی قـاهیرەدا وەک ڕێوی گیـانی لەدەستدا، ئەوە نیـیە دەعباکانی حەشد بە سواری دەبابەی ئەپرامسـەوە پەلامـاری ئـێمەی کورد دەدەن؟

با برادەرانـی کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـاش بـزانن دوای نەمـانی (داعش) ئەمەریکا دەیانفرۆشیتە نەیارەکانیان..

ئەوە نیـیە کەسـوکاری خزموخویشـی کیمیابـارانکەران و ئەنفالچیـانی پــڕچەک کــردووە و بەر داوەتە ئــێمەی کــورد هەر لە بەر ئەوەی وتومانە بەڵـی بۆ ئازادی.

کەواتە بــا شــانازی بەپەیــکەری ئــازادی و مەشــخەڵەکەی دەســتی لەشاری نیۆورک نەکەین مەگەر بیسەلمێنن کەوا ئازادیخوازن.

برێک رفتاری ئێستای ئەمریکـا دەخـنە سـەرئەنجامدانی (ریفرانـدۆم) یەکێـــک لە گەورە راوێژکـــارانی ســـەردەمی بۆشـــی بـــاوک لە بیرەوەرییەکەیـدا نووسـیویەتی ئـێمە دەترسـاین و دڵ لە سـینەماندا هەزار لێـی دەدا تـۆ بڵێـی سـەدام لە ( (کویـت))وە دەرچێـت و ئەوی ئــــێمە ڕیســــــامانە بیکـــــــاتەوە خــــــوری؟





بـوچی ئەمریکـا نەیـدەزانی بەغـدا دوای (حـویجە) پەلامـاری کـورد دەدا..؟

بـۆچی ئەمریکـا نـازانی بەچەک و تـانکی ئەوانەوە کەرکـووک گیراوە..؟

بـــۆچی ئەمریکـــا ئەنـــدازەی دوســـتایەتی گەرمـــی نێـــوان (مەککۆرک و مالکی) نازانێت لە سەر چ بنەمایەکدایە؟ بۆچی ئەمریکا نازانێت ژمـارەیەکی زۆری دەسـتگای حەشـد سـەریان لەچـی ئاخۆرێک دایە؟

لە زەمـــانی شـــەڕدا هەر رۆژە کۆمەڵێـــک لەو بنـــاری ئەورووپـــا و ئەمریکاوە بە زیل و بەمەوە دەگەیشتنە کوردسـتان، ئـێمەی کـورد یەشـتا خـۆێنی هەزاران شـەهیدمان وشـکنەبووەتەوە تـوولە و تـانجی حەشدیان تێبەر داین .

دەرکەوت ئـێمەی کـورد جـگە لەخۆمـان دۆسـتانێکی ئەوتۆمـان لە دونیای بەحیساب پێگەیشـتوو و تێگەیشـتوودا نەبـووە و تەنهـا لێـی ماوینەتەوە.

کەواتە تەنها پاڵپشتیمان هەر خۆمانین دەبا دوور لە کـۆنەقین، دوور لە تۆڵەســەندنەوە، بــا زامەکانمــان تیمــار کەیــن، بــاوەک ســەردەمی شورشی ئەیلوول دوور لەتەنکەگژەی حیزبـایەتی دەسـت پێبکەیـنەوە با لەیەک خوشبین هەتاوەکوو لە[دایک خۆ...]کـانیش دێـی پـێکەوە بێشکەی پیلان بستێنین

لە کوانووی ململانا گریگ گەورە هەڵگیرسێنن؟

رەنگە یەکێک بڵێ: ئەم برادەرە خەیاڵپڵاوە..ئەوە هەزارەی سێهەمە و تازە دەمان باتەوە بۆسەردەمی (جیڤارا) و شۆرشی ئەیلوول.

وشـــــــەی پـــــــارتیزانی و بـــــــنکەو لقـــــــوپەل و کەرت)) ســـەیر و ســـەمەرەکە لەوە دایە هەرگیـــز ئێـــران و تورکیـــا و ئەم دوایەش ئێراق) هەرگیـز ئەوەنـدەی ئێسـتا رێـک نەبـوون لە ئـازار بە ئێمەی کورد گەیاندندا موو ناڕواتە نێوانیانەوە.

بـاوەڕ بـکەن ئەگەر مـاڵی خۆمـان رێـک نەخەێـن، ئەوانە ئامـادەن سـەردەمی [قزلەبـاش و یەنگـی چـری و رۆفەقا]مـان بـۆ تـازە کە نەوەحەشد و مەشدیش سەر باقی ئەمانەی دەیڵـێم لە نـا ئومێـدیم نیـیە، ئـێمەی کـورد نمـوونە و ئەلگۆمـان زۆر هەیە و دەتـوانین لە باوەڕبەخۆبونی قارەمانانی رابوردومان پارچەیەکی خۆێناوی دادڕین.. ئەوانەی لەزینـدانەکانی ئەوسـا و ئێسـتای دەوروبەرمانـدا ئەسـتێرەیە کیان لەئاسماندا نەبووە و نییە تەنها بەهێـزی بـاوەڕبەخۆبوون بـاوەڕ بەوڵات و ئایدۆلوژییەکەیان سەرفەرازانە رۆیشتوونە تەپـای سێدارە و خـۆڕاکی تەنهاییـان تەنهـا عشـق بـووە و بەس، عشـق بەوڵات عشـق بەململان عشق بەحەق و حەقیقەت عشق بەسەربەخۆی کوردستان.

ئەوکاتەی [لەیلاقاسم] و هاوڕێکانی پێکەوە لە سێدارەدران بەنـدە لە دەرەوەی وڵاتدا لەپەنابەریدا بووم، [سەلاح جـاف]ی ئـاموزام لەگەڵ

(لەیلا)دا ئیعدام کرا بە سبەینێدا خزمانم ڕۆیشتن بۆ پزیشکی یاسایی بۆ وەرگردنی تەرمەکەی یەکێک لە خزمانم وتی:

ترسمان لێ نیشت بوو دەستگیرمان کەن کابرایەک لەولا ماوەنەوە ڕاوستا بۆ بە ئەمن ومەمنمان دەزانی تا یەکێک لەخزمانمان وردەوردە لێی نزیکبوویەوە و دواندی دەرکەوت ئەوە ((ئەمن))نییە و باوکی ((لەیلا))ی شەهیدە و توانای گرتنی تەکسییەکی نییە تا تەرمی لەیلای شەهید بگەیەنیتەوە خانەقین.

تا پارەمان بۆ کۆکردەوە. ئەم وڵاتە بەخوێنی لەیلا قاسمەکان هاتوەتە کایەوە هەزاران بەدرۆشمی (کوردستان یانەمان) بەرەومەرگ ڕۆیشتوون.

ئەم رەشەبایە دەڕوا و میللەتی ئێمە دەمینێتەوە و هەروەک خۆی وایە و ئەم نەهامەتیەش مەوداکەی کۆتایە.

حکایەتی ئەم پەیکەرەش وەک ئەوانی تر داستانی خۆی هەیە..

کاتێک بەدیزاینی مۆنۆمێنتی شەهیدانەوە خەریک بووم وام بەچاکزانی لەبەشی مۆزەخانەکەیدا جێگەیەک تەرخانکەم بۆ ڕێوڕەسمی ئیعدامکردن بۆ ئەو جێگایە دەبوا پەیکەری شەهیدێک بەپەتی قەنارەوە بێت جاوەک شەهیدێک وەک سومبولی ژنانی کورد شەهادەتی شەهید لەیلا قاسمم دەستنیشان کرد، ئەم پەیکەرە سومبولی پەیکەری گەورەترە کە لە (برۆنز)دروستم کردووە،

ئەگەرچی بۆ خۆم ڕێورەسمی کردنەوەی مۆنۆمێنتی شەهیدانی کوردستان نابینم بە ئومێدی ئەو ڕۆژەی دەرودەروازەی ئەو پرۆژە لەبیرچووەی دەکرێتەوە.

# قەقنەز

لەوەتەی مـــروڤ خولقـــاوه بـــێ خـــوا نەژیـــاوه، له وەدەر نـــانی (ئادەم،حەوا)وه له بەهەشت بگره تائەو دەمەی مروڤ بیری له تاکه خوا یا خواکان کردووەتەوه مروڤــ لەو ڕووەوه قونـاغی سەیرسـەیری بڕیوه.

سـەرەتای بەشـەریەت به گـوێرەی ئەو دیکومێنتـانەی به دەسـتەوەیه مروڤ له ترسی سەرما و دڕەندەکان پەنایان بردووەته ئەشکەوتەکان و ئاژەڵئاسـا ژیـاون و له هەرچـی ترسـابان، به سەرسـامییەوه سەیریان دەکرد و ئیتر وەک خوا یا هەر گیانلەبەرێکی ترسێنەر تێـی دەنواڕین.

چەنـدی خایانـدووه مـروڤ له ئەشـکەوت وەدەر هـاتووه و بەردی لەسەر بەرد داناوه و بنمیچی بۆ کردووه و خۆی له با و باران وتـۆف زریان و جانەوەران پاراستووه تا به ئێستا دیکـومینتێکی زانسـتی به دەسـتەوه نیـیه، سـەردەمی راوکـردن بـۆ لەبرسـان نەمـردن، نه بـۆ کشتوکاڵکردن و ئـاژەڵبەخێوکردن له تەواوی ئەو قوناغانەیـدا مـروڤ بێ خوا نەژیاوه و لەو روەشەوه گورانکاری زۆر بەسەر فکریدا هاتووه له فرەخوایەوه بگره تاسەردەمی (تاک)خوایی پەیامبەران!

ئەوی بەلای بەنــدەوە بــووە بە پرســیار بــۆچی هەرچــی پەیــامبەر هەبــووە، یــا هەرنە بــێ زۆربەیــان بــۆ لەنــاو مــیللەتە ســامییەکاندا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتوونەتە دونیاوە؟

زەردەشــت پەیــامبەریش گەرچــی لە رەگەزی ئــاری بــووە، ئەویــش لەســەر ڕۆژهەڵاتــی ناوڕاســت دەژمێردرێــت، برێــک لەو پەیــامبەرانە خــاوەنی کتــاوی ئاســمانی بــوونە و بە نێــردراو (رســول) دەناســرێن برێکیتریان بە (نبی) ناو دەبرێن.

بەهەرحاڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهەوارگەی پەیامبەران دەناسرێت.

پەیـامبەرانی تـریش لەنـاو میللەتـانی دوور و نزیکـدا رووی داوە و بە ئەهلی کتاو ناناسرێن ئەوڕوکە ملیاردەها مروڤ پەیرەویان هەیە وەک (بــــودا، کونفشــــیوس)، هەتــــاوەکوو لە ســــەردەمی دەســــەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانیدا، کە ئایینی زەردەشتی تیادا پتەو بەهێزبووە دووکەس خۆیــــان بە پەیــــامبەر دانــــاوە وەک (مەزدەک و مــــانی) خەڵکــانێکی زۆریــان لە دەور گلێربــووەتەوە و ســەرئەنجام هەردوو کوژراون .

دەســــەڵاتدارانی مێــــژوو ئەوانەی توانیویــــانە بە زەبــــری شمشــــێر پانتــاییەکی جوگرافیــایی بەربــڵاو بەدەســت بهێــنن زۆربــوونە وەک ئیمپڕاتۆریەتی ئاشور، ماد، هەخامنشیان، ساسـانیەکان، فەراعینـەی میسر، یونان، رۆم.

زۆربەی زۆری ئەو دەسەڵاتانە پەیڕەوی بیروڕای فرەخوایی بوونە، سەیر لەوە دایە لە ناو برێک لەو دەسەڵاتانەیدا حەکیم و فەیلەسووفی وا ژیاوە بیروڕای فەلسەفییان تا بە ئەمڕۆ وەک وانە دەخوێنرێن، وەک: (سوکرات، ئەرستۆ، ئەفلاتوون).

باشە ئەوکەسانە بەو هەموو عەقڵ و عەقڵانییەتەوە چۆن پەیڕەوی فرەخوای بونە؟ بۆ هەر بەش و دیاردەیەک خوایەکی خەیاڵیان داناوە؟

ئیتر ئەمە خوای دەریایە، ئەمە خوای جوانییە، خوای عیشقە، خوای مەرگە، خوای بارانە، خوای بزیسکەیە خوای توفانە، خوای رۆشناییە، خوای تاریکیە، خوای شەڕە، خوای تۆڵەیە، خوای ڕاوە، چوزانم فرە خوای تر.

ئەو فرەخواییە هەریەکە لەوانە سەدان داستانی خەیاڵی و ئەفسانەییان بۆ دروست کراوە، ئەگەر لەیراو لەوێش شەرمنانە کەسێک باسی لە تاکخودایی کردووبێت گرفتار کراوە.

ئەو داستان و ڕووداوە خەیاڵیانەی دراونەتە پاڵی خواکانیان بۆ خۆی دونیایەکە لە بەربڵاوی خەیاڵی ئەفسوناوی ئەفسانە، وەنەبێت لەناو میللەتانی پەیڕەوی تاکخواییدا ئەفسانە و میتۆلۆژیا نەبووبێت، تا بە ئەوڕۆ میللەتانێ زۆر هەن ڕێزێکی ئایینی بۆ مەیموون و گاو مشک و جانەورانی تردا دەنێن توانا و هێزێکی خەیاڵی دەدەنە پاڵ ئەو جانەوەرانە تابە ئەوڕۆیش سەدان ئایینی جۆراوجۆر لە ناو

میللەتانـدان، ملیۆنەهـا پەیڕەوانیـان هەیە وەک پەیڕەوانـی بـودا، کونفشیوس ئەوی بەندە بیری لێدەکەمەوە لە یۆناندا بە وجوودی ئەو هەمـوو حەکـیم و فەیلەسـووفانەوە، وەک (سـوکرات، ئەرسـتۆ، ئەفلاتـون)ەوە بەو هەمـوو زانیاریـانەوە، کە بوویـانە چـۆن بیریـان لە خوای (تاک و تەنها) نەکردووەتەوە؟

سـەیر لەوەدایە هەر خـوایەک لەو خـوا نەبینـراوانە رووداوی سـەیر و سەمەرەی خەیاڵی زۆریان دراوەتە پاڵ باوەڕیان پێی هەبووە،

ئیتـر چوارتەنیشـتی جوگرافیـایی، ڕەگەز مێـژوو دەسـەڵاتی دێـرین و ئایین ئەوانە هەموو کاریگەرییان لەسەر ئەفسانە و میتولۆژیایدا هەیە و هەبـووە و دەبێـت تەنهـا مـیللەتە دەستڕۆیشـتووەکان خـاوەنی ئەفسانەیی بـن، هەر میللەتێـک بە شـێوەیەک لە شـێوەکان داسـتانی خەیاڵی و خۆماڵی خۆیـان هەیە و قارەمـانی ئەفسـانەیی و چیرۆکـی جۆراوجۆریـان خولْقانـدووە لەو میتولۆژیـانە ئەوڕۆکە لە جیهانـدا کە لەهەموان بەناوبانگترین ئەم سیانەن:

١-ئەلیادە و ئودیسای یۆنانی کە لەلایەن (هۆمیرۆس)ەوە دارێژراوە.

٢-مەها بەهارتای هندوستانی کومەڵە چیرۆکـی ئەفسـانەییە و شـەڕی نێوان خواکانی ئەفسانەیی دەگێڕێتەوە.

٣-شانامەی ئێرانی، کە لەلایەن ئەبولقاسمی فیردەوسـیەوە نوسـراوە، باوەک لەپێش ئەودا شاعیرێک بە ناوی ( دەقیقی) هەزار و پەنجـا و هەشت بەیتی لێ نووسی بوەو (فیردەوسی

بـۆ خـۆی دانـی بەوەیـدا نـاوە ( شـانامە) لەسـەردەمی ئیسـلامدا نوسراوەتەوە لە سەرتاسـەری شانامەیدا کە زۆرتـر لە شەسـت هەزار بەیتە تەنها دو وشەی عارەبی تیادایە، ناسیونالیسمە دەمارگرژەکـانی فارس شانامە بەقورئانی نووسراوی خویانی دەزانن.

دەسـەڵاتی (فەراعـنە)ی میسـر زیـاتر لە دوو هەزار سـاڵ بەردەوام بـوونە سـەرجەم (٣٦) بنەمـاڵەی جۆراوجـۆر لەوێـرا فەرمانڕەواییـان کـردووە تەنهـا فیرعەونێـک بـاوەڕی بە (وحـدانیەت) هەبـووە بەناوی (ئخنـاتون)ئەویش دوای مردنـی دەسـەڵاتدارانی پەرسـتگاکان دیسـانەوە دەسـەڵاتیان بەدەسـت گـردووە و ئـایینی ئخناتونیـان بە لاوەناوە ئەو ئایینانەی بە ئەهلی کتاو دەژمێردرێن. لە نێو ئەوانیشـدا ئەفسـانەی جۆراوجۆریـان خوڵقانـدووە ئـێمەی کـوردیش بە درێژایـی زەمان ئەفسانەی زەریف و شیرینمان زۆر هەبووە وەک زۆر شتی تر زۆربەیـان لە لایەن مـیللەتە باڵادەسـتەکانی دراوسـێمانەوە دزراون (بەرەکەت نەکەن ئینشـائەڵا) بەڵام یەشـتا هەر (خەرمـان بەرەکەت) بەشی خۆمانێ لێ ماوەتەوە لەوانە باڵندەی (قەقنەز)ە.

ئەم باڵنـدەیە لە عیشـقا دەسـووتێ و دەتەقێـتەوە و هەر پڕزۆڵێکـی دیسـانەوە دەبێـتەوە (قەقـنەز)ێـک بەنـدە لە مۆنـۆمێنتی شـەهیدانی کوردوسـتاندا دوو پەیـکەری (قەقـنەز)م کـردوە و لە چەپ و ڕاسـتی دەرگای سەرەکی نـاوەوە دامنـاون بەو بـاوەڕەی شـەهیدێکی عاشـقی کوردسـتان لە عیشـقی وڵاتەکەیـدا خـۆی بەخـت دەکـا و سـەدان و

هەزاران عاشقی وڵات جێگەی دەگرێتەوە، ئەو دوو پەیکەرە ئەوە شەش ساڵە چاوەڕوانی دیتنێ عاشقانی میللەتەکەیانن وا بروات ئەو دوو پەیکەری (قەقنەز)ە لە عیشقدا خۆیان ناتەقێننەوە بەڵکوو لە داخی کەمتەرخەمیی سەردەمدارانی وڵاتدا بە تەئکید خۆیان دەتەقێننەوە و هەر پرزولێکیان دەبنە ئەژدیهایەک و دەئاڵێنە گەردنی سەبەبکارانی کەم تەرخەمیدا.

# کۆڕەو

ئەو راپەرین و شۆرشانەی لە مێژا کورد کردوویەتی لەگەڵ شۆرشی گەلانی تردا هەڵسەنگێنین و دوور لە دەمارگرژی پێکەوە بەراوردکەین جیاوازی زۆریان لە نێواندایە.

ئەوەسا ئەوان گەیشتوونەتە مەبەست و نیازەکانیان ئێمەش دوای چەند سەد ساڵ لە یەکەمین هەنگاوداین و بەربەست و بەرهەڵستەکان هەر وەک خۆیانن.

با واقیعیانە لە هەموو هۆکاری سەرنەکەوتن و شکستەکانمان بدوێین و تا بزانین گرفت و خەلەلەکە چەندی لەسەر دوژمنانە و چەندێکی تری لە ئەستۆی خۆمانە.

میللەتانی تر گەلێک لەمێژەوە بیریان لە ئازادی و سەربەخۆی وڵاتەکەیان کردووەتەوە و لەپێش دەستپێکردنی شۆرشەکەیاندا بیریان لەچوار تەنیشتیان کردوەتەوە و دوور لە مەزاجییەت بەپێی بەرنامە ئەگەرەکانیان هەڵسەنگاندوە و بیرمەندانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە و بەرنامەی تۆکمەیان دارشتووە پلانەکانیان تەنها لەسەر ئازایەتی و پەلاماردان دانەناوە، بەڵکوو وەستاکارانە ئەجنداتی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیان بە وردی لە یەکداوەتەوە، ئەو دەم

هەنگــاوی مەیــدانییان نــاوە و پیــادەکردوە و دوور لە تێکوتــان و مەزاجییەت بەپێی بەرنامە دارێژاوەکانیان ڕۆیشتونەتە پێشەوە .

زۆربەی زۆری میللەتانی سەربەخۆی ئێستا بەو قۆناغەیدا گوزەراون و گەیشتوونەتە ئەمڕۆ!

هەزاران کتاوی نامەی ماجستێر و دکتۆرا لەم ڕووەوە نووسراون بە وردی هەڵسوکەوتی شۆڕشی میللەتانیان خستووەتە ژێر زەرەبین و لەیەکیان داوەتەوە و ئەورۆکە ئەو کتاوانە بەدیکۆمێنتی ئەکادیمی مێژووی دەژمێردرێن.

ئەوە سەدەی بیست و یەکەمە زانست گەیشتووەتە پلە و پایەیەک مرۆڤ ئیستنساخ دەکرێت.

منداڵ بوونی لوولەیی نێرومێیەی بەپێی نیاز بۆ دابین دەکرێت مرۆڤ دەستی لە چمکی کەوای قولایی ئاسمان گیرکردووە و سەدان ئێزگەی ئاسمانی تیا دروست کردووە، کەچی بەندە و ئەوانەی وەک من وان یەشتا ناتوانین ئەکادیمیانە تیشک بخەینە سەر شۆڕشەکانی رابردوومان، ئەگەر لەمن ئازاتر پەنجە بخاتە سەر هەڵەکانی رابردوو بە (کابە) هەرووژانی دەزانن .

بەندە لەوەی دڵنیام ئێمەی کورد لە قوربانیداندا درێخیمان نەکردوە و، لە گەلانی ئازادی ئەورۆ زۆرتر و زۆرتر قوربانیمان داوە و سەرنەکەوتووین، نەجارێک و نەدەجاران ماڵوێرانیمان بەسەردا هاتووە و رەشەکوژ کراوین..

لێرەدا با نەختێک لە هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو شۆرشە خوێناویانەمان بدوێین و هەموو تاوانەکان نەخەینە ئەستۆ و گەردنی دوژمنانمان.

من زۆر دوور و قووڵ ناڕۆم و لە سەدەی بیستەم زۆرتر بەولاوە ناڕۆم
.

سمایل خانی سمکۆ بەبێ بەرنامە شۆرشی دەست پێکرد و سەرەتا هەر بەتەمای تۆکمەکردنی دەسەڵاتەکەی لە ناوچەکەی خۆیدابوو، کە ڕوانی خەڵکانێکی زۆری لە دەور گلێر بووەتەوە ئەو دەم کەوتە بیری بەربڵاوی تەقالاکانی سەرەتا کەسانی بێتاوانێ کوشت و پەلاماری دوور لە یەکدانەوە کریستانییەکانیدا و برێک رەفتاری دەستە و دایەرەکەی لە رەفتاری چەتە و یاخی دەچوون تا شۆرشگێڕ .. خۆ هەرکەسێک نکۆڵی لە جوامێری و ئازاییەتی (سمکۆ) بکا لە هەق لای داوە ئەوەبوو دوور لە لەیەکدانەوە سەری خۆی خستە ژێر چەقۆی دوژمنان و شەهید کرا.

ئەوەی لە ئازەیەتی و جوامێری شێخ مەحموود نکووڵی کا بێویژدانی کردووە..

شێخ فەرماندەیەکی لە خۆبوردی شۆرشگێر بووە، ئەوە حاشاهەڵنەگرە نە شێخ و نە دەوروبەرەکەشی بە وردی ئاگاداری ستراتیجیەتی سیاسی جیهان نەبوونە ئاگاداری گۆڕانکاری سیاسەتی دەوڵەتەکان نەبوونە..

ئەو دەم بەریتانیـــای عوزمـــا زۆرتـــر لە نیـــوەی جیهـــانی حـــوکم دەکرد،بـاران لە هەرکـوێ بارییـا دەبـارییە سـەر زەوی و زارێکـدا یـا ساوڵی بەریتانیای بەسەرەوە بووە، دەوڵەتی عوسمانی لەناو جێگەی مەرگیدا رۆژگاری دەگوزەران و وڵاتانی ژێـر دەسـتەی بە بەرچـاویەوە گـــوریس بەش دەکـــران (مـــس بیـــل و لـــۆرانس ) دوو کارمەنـــدی دەســـتگای (ئنتجلـــت ســـرفیس )ی بەریتانیـــا بـــوون ، لـــۆرانس لە عەرەبستانی سعودییەدا لەگەڵ مەلیک فەیسەڵی یەکەمدا هاوکـار بـوو رەفتـــار و هەڵســـوکەوتی مەلیـــک فەیســـەڵ ئەوەنـــدە چوبـــووە دڵـــی (لۆرانس)ەوە ناوی خۆی نا لۆرەنسی عارەب، کەچـی (مـس بیـل) بوو بە دوژمنی بابەکوشتەی ئێمەی کورد و یەشتا قـورِ و لیـتەی ئەو راپۆرتـانەی (مـس بیـل) ئـێمەی ئێسـتا دەیشـێلین مێژوونووسـێکی کورد ساڵ و نیوێک نێردرا بۆ شاری لەندەن تا راپۆرت و دیکـۆمێنتە ئازادکراوەکـانی دەوڵەتـی بەریتانیـا ئەوی پەیوەنـدی بە کـوردەوەیە دەســتبژێر کــا (کــردێ) بەڵام تەنهــا برێــک لەوانەی بڵاوکــردەوە کە تاوانەکانی بەریتانیای دەستنیشان دەکرد.

خۆ مس بیل هار و دێـوانە نەبـووە وا بەو شـێوە دوژمنکـاری ئـێمەی کوردی کردووە ؟

مامۆســـتای مێژوونـــووس دەبـــوا چـــاکە و خـــراپەی ئەو راپـــۆرتە ئازادکراوانەی وەک یەک بڵاوکردبایەتەوە ئەو نەیکرد ..



من لە هۆکارەکانی نادوێم بەڵام دونیا هێندە بچووک بووەتەوە پڕی چنگێکە، سبەی نەک یەک مێژوونووس بەڵکوو دەیان بەو کارەی هەڵدەستن دوور لەدەمارگرژی نەتەوایەتی ،ئایینیٚ یا دەڤەرچێتی یا شارچێتی باش و خراپ دەخەنەروو..

بە پەلەپەل جەمهوریەتی مەهاباد پێکهێنراو خەڵکانێکی زۆر لە دەوری ئەو دەسەڵاتە تازەکارە گلێربونەوە وردەوردە بۆن و بەرنامەی دەوڵەتداری بە خۆیەوە دەگرت و پەلوپۆی بۆ دەڤەرەکانی دوورتر دەکوتا، تارادەیەکی باش سەردەمدارانی جەمهورییەت سەردەمانە تێدەفکران و ئەنجوومەن و رێکخراوی جۆراوجۆریان لەناو خەڵکەکەیدا سازاند و دیموکراتیانە دەدوان و مامەڵەیان دەکرد.

وەنەبیٚ لەو سەردەمەشدا جاش و جاش سفەتان نەبووبن ،بەڵام زمانی چاوساغانی جەمهوریەت بەو توانا کەمەوە بەو بارە ئابوورییە لەرزۆکەوە تەرازوویەکیان بۆ گرفتەکانیان پێکهێنابوو، جگە لە گرفتە گەورەکە کە تەواوی هێلکەکانیان خستبوە سەوەتەییەکەوە ئەویش سەوەتەی دەوڵەتی سۆڤییەت و ملهوورێکی بکوژی وەک (ستالین)!

رێککەوتنی نەوتی نێوان سەرۆک وەزیرانی ئەودەمی ئیران (قەوام سەڵتەنە) و (ستالینی سۆڤیەت) لە چرکەیەکدا جەمهوریەتی ئازربایجان و کوردستانیان دابەدەم رەشەبای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە ئەگەر راپەرینی ئەم دوایەی گەلەکەمان لەگەڵ

شۆرشـەکانی رابـردوودا بەراوردکەیـن شۆرشـەکانی رابـردوو گەلێـک خوێناوی تر و وێرانکەرتر بوونە و بێ ئاکام.

بەڵام کـۆرەو بـوبە پەنجەمـۆری ژیـان و زینـدەگی گشـتی هـاوارەکە گەیشتەسەرتاسەری جیهان.

لەکاتێکـدا ئەو خەڵـکە زۆرە دەشـت و دەرو کێـو و کەمەری بەرەو هەوارگەیەکـی نادیـار گـردە بەر سـتراتیجیەتی جیهـان و رۆژهەڵات لە گۆرانکاریـدا بـوون (مـحەمەد رەزاشـا )شـای بەهـلەوی بەو توانـای سەربازیەوە بەو پێگەی نێو دەوڵەتییەوە کە لە دونیای پێشکەوتوودا تەراتێنی دەکرد هەروەکوو مشکێکی تۆپیـو کلکیـان گرتـوو لە ئیـران وەدەریان نا..

ئەوە توانـا و بـاوەر و پێویسـتی ئسـتراتیجیەت بـوو کـۆرەوی کـردە دەسـتەگیرە و پـرد بـۆ کلـک و گـوێکردن و قەمتەرکردنـی کەڵـپە و قەپۆزی سەدام حوسەین.

ئێستاش دیسان رۆژهەڵاتی ناوەراست لە گۆرانکاریدایە برێک روخسـار و رووی دەوڵەتە فاشییەکانی ئەم رۆژهەڵاتە هەڵبژاردەی وەلاوە نانن، دونیا گۆراوە ..

سەردەمی ئەی خوا چی بکەمی (ئوباما) وەلاوە نراوە، ئەوە چەنـدین مانگە دامودەستگای تازەی ئێستای ئەمریکا خەریکـی پـاککردنەوەی پۆخڵەواتی ئیدارێ پێشون و پێ راناگەن.

برێک دەوڵەت و سەردەمداری سیاسی لەلایەکەوە دەڵێن .. کاتی (گشتپرسی نییە ) لەو لاشەوە هاندەری رۆژێک زووتری ریفراندۆمن تادەست بەرداری نەبن!

لە دەوڵەتی موقەدەس و موعەزەمی ئیراق جیابوونەوە یەکێکە لە مەحاڵەکان.

برێک لە تالانکەرانی سودجوی ئیراقی ئەو دهۆڵەی لێدەدەن و برێک سەماکەری نێو خۆمانیش بۆی هەڵدەپەرن، ئەمە شتێکی تازە نییە و ئەوسایش هەروابوە و ئەمرۆیش هەروایە و سبەینێش لەو سەماکەرانەی لە رەزالەتخانەکاندا هەردەبن.

موفرەداتی فەرهەنگی پێکەوە ژیان لەگەڵ سەردەمدارانی ئێستای ئیراقدا زمان و زەمانەکەی نە ئێمەی کورد نە ئەوانی حوکمرانی ئەو ئیراقە شەقوشڕە تێ ناگەین تەنها ئەبجەدیەتەکەی ئاغاکانیان لێی تێدەگەن.

سەرەتا لامان وابوو زمانی سانسکریتە ئەویش نەبوو ، بزمارییە ؟

نەخێر ئەویش نییە، وتمان رەنگە زمانی پەهلەوی کۆن بێت چاوساغانی زمانە کۆنەکانمان هێنا سەریان لێ وەدەر نەهێنا

هەرچی بێت ئەو زمانە سەرتاسەری مرۆڤی سەر ئەم تۆپە خاکییەی لێ بێگانەیە .. خۆ هەر زمانەکە بایە هەر نەیسە ئەی رەفتاریان؟

ئەی کرداریان ؟

وەرەو تەماشـاكە چییـان بەسـەر ئەو خەڵـكە بەسـەزمانەیدا هێنـاوە دیوتە لە وڵاتێكا برۆ .برۆ تا سەر وڵاتی جنۆكە و عەفاریت دیـوتە لە دە ساڵدا هەزار ملیار (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠) دۆلار سەرف بكرێت و ئەمەش ژیانی خەڵكی ئیراق بێت؟

ئـاو نیـیە، كارەبـا نیـیە، ئاسـایش نیـیە، مەرگ هەیە، فرانـدن هەیە كوشتن و خاوە و چەپا و زۆر و زەبەنە، ئیتر وەرەو تەماشاكە، باشە .. ئەمە لەعنەتی خوایە یا ئەوانەی لەویرا حوكمرانن خۆیان لەعـنەتن بەلەعنەت هاتونەتە دونیاوە و بوون بە حاكمی وڵاتێكی حەرامزادە و لەعنەتی؟

ئیــراق لە ســاڵی ١٩٢١ ز بە زۆرەملــێ كــرایە دەوڵەت هەتــاوەكوو مەلیكیــان لە دەرەوە بــۆ هێنا،ئێســتاش كــۆمەڵێكی سیاســی فاشــل دەیــبەن بە رێــگەوە بــۆ ئەمــڕۆ چركەكــانی ســاعەتەكانی دەژیــن و باوەریان نە بە سبەی و نەبە ئەورۆشە هەموو شتێكیان دابەشكردووە هەتاوەكوو گەرەك و شەقامەكانیش چەمبەری پاقلەفرۆش هی ئاغـای (بكوتە)ئەوی چەمبەری نـۆك فرۆشـە هـی ئاغـای (ئەبوهیلە)میـوەی هاوردە هی سەی (سـەماوەر )ە سـەوزەجات هـی (ئـوم عەفـیفە )ی دایكی (ئەبوغەدارە)یە.

ئیتــر هەرایە كەچــی بەو وەزعەوە دانـاكەون تەمـاحگیری هەروەهـا بوونی ئێمەی كوردن و ..كوردستانیەكانیشن ..

ترسـی ئەوان لە ئـازادی کوردسـتان نیـیە، ئەوان ترسـەکەیان لە سیسـتەم و دینـامیکی داهـاتووی کوردەسـتانە، ئەوان ترسـیان لەسەردەمیانە ژیانە، ئەوان ترسیان لەهەر هەنگاوێکی دیموکراتیانەیە ئەگینا ئەگەر ئیراقیان دەوێ و کوڕی ئیراقن ئەی بۆ وای لێدەکەن؟

بۆ تاسەر ئیسقان دەیکرِێنیەوە.

خۆ لای خۆی ئەم دۆڵی رافیدەینە وا لەم دوادوایەیدا نـاونراوە ئیـراق خۆپرە لە مەزاری پەیامبەران و ئەئیمەی ناسراو .. ئیدی ئەم تەنکە ریشە و توێڵ داخکردنە لەچی؟

پەیکەری ئەمجارەمـان پەیـکەری (کـۆڕەوە)مەزنەکەی میللەتەکەمـانە گرنگـی کـۆرەو ، تراژیـدیای کـۆرەو لەفکـرو بۆچـون و ئەندێشـەی ڕِۆژئاوایدا چەندین بەرانبەری ڕاپەرینەکانی پێشوتر بوو .

کـۆرەو ویژدانـی جیهـانی هێنـایە جـووڵە، دڵ و دەروونـی میللەتـانی هێنـایە پەلە، ئەوی ویـژدان بـوو، ئەوی ئەخلاقـی مرۆڤـایەتی بـوو ، ئەوی رێـز و شـەرەفی ئینسـان بـوو لە ئاسـتی (کۆرەو)هـاتە قسـەو بێـدەنگ نەمـا (کـۆرەو) بـوو بە دیکۆمێنتێـک و خـرایە سـەر مێـزی ویژدان و ئەخلاق.

(کۆرەو) بوو بە پەساپۆرتێک بۆ خـاڵی پشـکنینە ئـاڵۆز و سـەخت گیرەکان.

ئیدی (ریفراندۆم) و گرنگیی (ریفراندۆم) لە (کۆڕەو) کەمتر نییە (ریفرراندۆم) ئەبجەدیەتی زمانی سەردەمانەیە ئەوی بڵێ نەکرێ و دواخرێ نە لەگەڵ خۆیدا راست دەکاو نە لەگەڵ خوای خۆشیدا...

ئەم بیگرەو بەردەو کەمپینی (نەخێر)ە، هێزی مەچەکی دەست و قەڵەمی ئەو کەسەیە (موێل)ی دۆراند و بوو بە مایەی کوشتنی هەزاران خەڵکی بێتاوانی سڤیل و غەیری سڤیل کلک و گۆیەکانی ئەو کەسە پارەیەکی زۆری خستوەتە سەوەتەی کەمپینی (نەخێر)ەوە برێکی تر تازە دەستیان پێ کردووە تازە پێراناگەن گیرفانیان چەور بکرێت و نیمچە کەناڵێک دەست و پاکەن.

کابرا دەڵێت ..واچاکە ریفراندۆم دواخەن ئێوارە دەچرپێنێ بە گوێی بریاردەرانی کوردا نەکا ریفراندۆم دواخەن رۆژێک زووتر بێت لە قازانجی کوردستانە.

لەوانە گوزەشتە (ریفراندۆم) بکرێت چی دەقەومێ؟

چەرخ چەمەر ئەوی..؟

زەلزەلەو باهۆزی مەرگ هەڵدەکا ؟

پرسیارێکە رزگاریت دەوێ یان نا ..؟

ئاو لە ئاو تەکان ناخوا نە وەبا و تاعون بڵاو دەبێتەوە و نە شەری نێو دەوڵەتی ...

شتێکە برێک ئەم کەیسەیان کردووەتە وەسیلە نەک هەدەف وەسیلەی خۆ وەدەرخستن وەسیلەی کاروکردەوەی جوان پەکخستن، ئەوەندە ئاشیانە و پێ نەکەوتوانە هەنگاو دەنێین دڵنیام لەناو خێزانی خۆیانیشدا لاقرتێ و جەفەنگیان دووچار دەکرێت تا بگاتە لای عوقەلای قەوم کەوتبوومە بیری دروستکردنی پەیکەرێک بۆ گرنگی کۆڕەو تا لە مۆنۆمێنتی شەهیدانی کوردستاندا بە سایز و قەدو قامەتی دووبەرانبەر چوزانم سێ بەرانبەری سایزی سروشتی لە برۆنز دروستی کەم ئەم پەیکەرەی لەبەر چاوتە نموونەیەکی بچووکە لە برۆنز دروستم کردوە و دامناوە تا رۆژی خۆی ئەگەر مام و پیا راگەیشتم و مەرگ مۆڵەت و مەودای دام لەمۆنۆمێنتی شەهیداندا دەنرێت!

مرۆڤ لە ژیانیدا پرۆژەو بەرنامەی زۆر بۆخۆی دادەنێت، برێکی بۆی دەلوی پیادەی کا، برێکی تر هەر وەک بەرنامە دەمینێتەوە برێکی تریش دووچاری دەردە کوردبوون و دەبن ئیتر ژیان و سەرکەوتنەکانی ناو ژیان رێژەیین بۆ ئەوەی خەفەت نەخۆم برێک کەس دەبینم لە من خوێنەوارترن،لە من هونەرمەندترن کەچی لەژیاندا بەو شێوەی وا شایستەن بەداخەوە سەرنەکەوتوون ئەوە نارەحەت و نیگەرانم دەکا لە لایەکی تریشەوە هانی کاروکردەوەی زۆرترم دەدا تاسەری تەسلیم بەرانبەر سەختیی ژیان و ناحەقیەکانی دەورووبەرو چوار تەنیشتم دانە نوێنمەوە و پر بەدەم هاوارکەم.

ئەی زێندەگی هەرچەندە سەخت و پر لە دژواری بێت، هەرچی هەی ..بابیت ..

بەنـدەش سـەنگی خـارام پیـرە داربەرویەکـی ئەم وڵاتەم و بەرگەی تەواوی نەهامەتییەکان دەگرم با ئەم راستییەش بدرکێنم

زۆرتر لە هەفـتەیەک بەسـەر کـاغەزەوە خەریکی دیزاینـی (کـۆرەو)ە بووم هەرچیم دەکرد بە دڵم نەبوو...

بەسـەیرکردنێ وێنەکـانی سـەرجەمی کـۆرەوە خەریـک بـووم وێـنەی دایکێکم دی سێ منداڵی بە کۆڵەوەیە هێندە سەرسامی کـردم هێنـدە بەلامەوە پرمانابوو

تەواوی سـێکچەکانی خـۆمم خسـتە لاوەو ئەو وێـنەیەم هەڵبـژارد و کــردمە ئەو پەیــکەرەی لەبەرچــاوتە هەروەک ئەو دایــکەی وا لە وێنەکەدا بوو.

خۆزگە ئەو دایک و سێ منداڵەم دەدی ...هەزارخۆزگە.

# ڕیفراندۆم

حاشاهەڵنەگرە برادەرانی ئەو خوارەو هاوسێکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی باشوور ئەوەندە لە دینامیکیەتی سەربەخۆیی کوردستان دەترسن لە خودی سەربەخۆیەکە ناترسن لەوخوارە هەرایە و هەراکەشیان بەم دەم و دەستەی بڕانەوەی بۆ نییە، ئەو لاکەی بەسەریەوەن تا ئەزەل بەشی ئەوان دەکا و هارومار دەبن ئەگەر گەلەکۆمەکەیان لێ تێکدرێت.

لەو ڕۆژەی ئەو وڵاتە بە زۆرەملێ کرایە دەوڵەت (١٩٢١ز) و ئێمەی کوردیشیان تێوەئاخنێ میللەتەکەی بۆ جارێک لە سایەی ئەو دەوڵەتە رمووزنەیدا ئوخەی نەکردووە هەستی بە نیشتیمانبوونی پێ نەبەخشیوە لە سەردەمی سێ پاشا هاشمییەکەوە تا سەر تەواوی کودتاچیانی یەک بە دوای یەکدا تا گەیشتە دەعبایەکی لپولەوس خوێناوی وەک سەدام حوسەین.

وتمان هەزاری خێر و دوو هەزاری بەرەکەت ئەوە دامودەزگای وەحشەت و کوشتن و بڕین لەگۆرنراو ئێمەی کورد ڕۆیشتینە پیری ئەو هەرووژانەوە و باوەشمان کردەوە بۆ برادەرانی ئێستای دەسەڵاتی بەغدا.

دەستووردانراو (کۆمەڵەی نیشتمانی ) دامەزراو وەک دوو برا کورد و عارەب بۆ ئاسایش و پێشخستنی (ئیراق) بە حیساب کەوتینە تەقالاوە .

وردە وردە دەمارگرژە ئایینیەکان ، ڕەگەزپەرستان و ئەوانەی تا دوێنێ لەدەرەوە تەسبیحیان دەفرۆشت و بەقاڵی میوەیان دەکرد و کارتیمۆبایلیان دەستی سێ دەفرۆشتەوە ، یا ئەوانەی قافڵەداری پیر و پاتاڵی حەجی (عمرە) و یان ئەوانەی نەوچەی دەلاڵی خانووبەکرێدان بە گەشتیارە گەوجەکانی وڵاتانی عارەب و ئەفریقایان کردبووە پیشە، ئەوڕۆ هەریەکە لەوانە قۆناغی ملیۆنیرییان بڕیوە و ئەوەسا هەڵکشاون بەرەو ملیاردێری ...

وەرەو تەماشاکە بڕۆ ناو دیسکۆکانی ئەورووپاو مەلهاکانی لوبنان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دوور، کوڕانی دەسترۆیشتووانی ناو دەوڵەتی ئیراق جۆرێک ژیان دەبەنە سەر نە هاروون رەشید و نە ((گازەنوڤا)) پێی نەگەیشتوون .

ئەمە پانۆرامای سەرەتای وجوودی دەوڵەتی ئیراقە تابە ئەمڕۆ لە مێژدا لە هیچ کوێی ئەم دۆڵی دوو ڕووبارەیدا دەوڵەتێک بەناوی (ئیراق) نەبوونی هەبووە و نە بیستراویشە.

دەی ئەوە جەبری زەمانە و (ئەی خوا چی بکەمی ئێمەی کورد)یش پاڵپشتی تراژیدیای ئێمەی ئێستای کوردە .

با له ڕابـردوو گەڕێـین، ئەوڕۆ دەوڵەتـی ئیـراق یەکـێکە له ئەنـدامانی (نەتەوه یەکگرتووەکان) لەویڕا بمانەوێ و نەمانەوێ ئـێمه ئیـراقین و هەڵگـری پەسـاپۆرته سـەوزە مەهتـووکەکەی ئیـراقین و یاسـاکانی دەوڵەتـــان و ریکخـــراوی (نەتەوه یەکگرتووەکـــان ) ئەو دەوڵەتەی دەپارێزن، قەینـا جـانەوەرێکی وەک سـەدام و موتەخەلیفـانێکی وەک حەشدی شەعبی لەو وڵاتەیدا تەراتین دەکەن.

ئەگەر کاروکردەوەی خوێناوی (داعش) نەبـوایە، ئەگەر جـوامیری و خـۆبەختکردنی پێشـمەرگه نەبـوایه وڵاتـانی پێشـکەوتووی ئەمـڕۆی دونیاو و نەتەوه یەکگرتووەکانیش چۆن بێ دەنگبوون و تەماشاکەری کۆمەڵکوژی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجه بـوون، ئـاوا خوێنسـاردانه دەیاننواڕییه هەلومەرجی ئێستای ئێمەی کوردا.

بەهەرحـاڵ، دونیـا گـۆڕاوەو رێکخـراوی (داعـش) رەنـگه بـۆ لەمەولا نەتوانێـت شـەڕی جەبهەیـی ئەنجـام داو دەڤەری پـانوپۆر داگیرکـاو پەرچەمه خوێنـاویکەی تیـادا بشـەکێنێتەوه، بەڵام ئەوەنـدەی تیـادا مـــاوەو دەمێنـــێ له پایتەختەکـــانی ئەیـــراو وڵاتـــانی ڕۆژئـــاوادا کاروکردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدا.

ئێمەی کورد دەمانەوێ سەردەمانه بژین (( رفراندۆم )) کەشتیەکەی (نوح) پەیامبەره ئەوی سواری ئەو کەشتیەی نەبێت خنکـاوی نـاوەو رسوای لای خواو خەڵکه ..

تــۆ گــوێ لە کەمپــین و مەمپینــی چــل ملیــۆن دۆلاری مەدە کە وەرگیراوەو بەشــی قەڵەم بەدەســتان و ســەماکەرانی ئەو کەمپیــنەش نەدراوە .

کــابراو دەســـتەو دایەرەکەی لایــان وایە وڵات بــێ خــاوەنەو ئەم خیانەتەی وا پڕە لە رسوایی میللەت دەیانبەخشێت.

بەم زووانە ئەو دیکۆمێنتانەی لەم روەوە بەدەستهاتوون دەخـرێنەڕوو ئەو دەم برادەرانــی بــێ ئاگــای (نەخەیریســم ) دەزانـن کلاویـان بـا بردوویەتی و کوڕە ئازا چل ملیۆنەکەی بە تاک و تەنها هەڵلوشیوە.

من کەس پێی نەوتووم پەیکەر بۆ (رفراندۆم ) بکەم لەسـەر ئەرکی خـۆم و هەسـتی بەرپرسـیارەتی ئەم پەیـکەرەم کـردووە ، چـونکە دڵنیام لۆغەتی ئەمڕۆی راگەیاندن تەنها ئامـار و قسـەو قەڵەم نیـیە، هـونەر لە خزمەتــی چـاودایە، لە خزمەتــی گــوێ دایە لە خزمەتــی جـوڵانەوەی لەش و ڕەنـگ و دەنگـدایە تـا مەبەسـت و سەرتاسـەری گرنگییەگانی زیندەگی بخاتە بەرچاو.

بەنـدە نەمویسـت بـڕۆمە نێـو دونیـای هـونەری مـۆدێرن و پۆسـت مـودیرنەوە، ئەوەی دەزانـم جارێـک مـیللەتەکەم لەزەت لەو بـابەتە هونەرەی نابەن بۆیە گەرامەوە بۆ مێـژووی مـیللەتەکەم و کەوا چـۆن ئێمەی کورد ئەوە دوهەزار و پێنج سەد ساڵە بێ دەوڵەتین پەیـرەوی جەبـرووت و دەسـەڵاتەکانی پـایتەختی (فـارس ، عـارەب ، تـورک )

بوینە، چەند ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێت و ئەوە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە ئاش هەمان ئاشە.

باشە ئێستاش لێمان ناگەڕێن و دەڵێن :

مافی ئەوەتان نییە .. جاریک ..

یانی بە حیسابی ئەوان دەبێ یەک دوو هەزار ساڵی تر چاوەڕوان بین.

"نەیخۆن تاڵە!"

بەندە لە ڕۆژی پەردە لادانی ئەم پەیکەرەیدا بۆ تێگەیشتن لە پەیکەری رفراندۆم ئەم دوو لاپەرەم لەناو خەڵکەکەدا بڵاو کردەوە.

# دەمامەک

ئەو وێنـانەی بەسـەر دیـواری ئەشـکەوتەکانەوە کێشـراون بـێ شـک کاروکردەوەی یەک کەسی ئەو کۆمەڵە ئەشکەوت نشینەی بووە .

لەوەش دڵنیـام لە لایەن ملهـوڕ و گەورەی ئەو کـۆمەڵەوە توشـی دەردەسـەر و تێهەڵـدان هـاتووە لەبەر ئەوەی لە ڕاوکردنـی ڕۆژانەیـدا نەبـووەو هاوکـاری گرووپـی ڕاوچیـانی نەکـردووە و پەیوەسـتە دیـوار هەڵکـۆڵین و بەڕەنگکـردنەوە خەریـک بـووە و لە مەترسـییەکانی ڕاوکردنەوە بەدوور بووە.

ژیانی مرۆڤە سەرەتایەکان بەسەر ڕاوکردنی ڕۆژانەوە گـوزەراوە جـگە لە ڕاوکردن و گۆشت سەرچاوەیەکی خۆراک و خواردنیتریان نەبووە ، کـابرای هونەرمەنـدی ناویـان زۆربەی کـاتی بە هـونەری نەقاشـییەوە خەریک بووە و بەلای ڕاوچیانی کەسوکاریەوە جـێگەی متمـانە و ڕێـز نەبووە و بە ترسنۆک و موفتەخۆر دراوە لەقەڵەم .

دەمەوێ ئەوەی بڵێم هونەر بەهرەیەکی خـوداییە، ژنتیکـیە کـابرا ئەو تۆمەت و تێهەڵدانەی قبووڵ کردووە لەبەر ئەنجامدانی هونەرەکەی.

ئەمە ژیانی هونەرمەندێکی سەرەتای بەشەریەت بووە!

ئەوە سـەدەی بیسـت و یەکەمە زانسـت گەیشـتووەتە ئاسـتێکی سەرسام ئاوەر، مرۆڤ و ئاژەڵ [ئیستنساخ]دەکرێن ، منداڵی لوولەیی ڕەگەزی نێر و مێیی بۆ دابین دەکرێت ، سەدان ئێزگەی جۆراوجۆری ئاسمانی لە قووڵایی ئاسماندا دامەزراوە.

مرۆڤ چنگی لە چمکی کەوای قوڵایی ئاسمان گیر کردووە ،

لە ئـاوا ڕۆژگارێکـدا زمـانی هاوبەشـی میللەتـانی پێگەیشـتوو و تێگەیشـتووی مـرۆڤ دونیـای هـونەرە، زمـانی هـونەرە تێکـڕا پێـی دەدون...

ئیدی عەقڵ و عەقڵانیەت حوکم دەکەن ، چـاو کـاروکردەوە ڕەنگـاو ڕەنگەکـان دەبینێـت، گـوێ ئاهەنگەکـان دەبیسـتێت، جـوڵانەوە مەوزوونەکان داستان دەگێڕنەوە، ساز و نەواکان هەست دەجوڵێنن ..

پەیکەرەکـان مێـژو دەگێـڕنەوە، تـابلۆ ڕەنگـاو ڕەنگەکـان جـوانی و زەرافەت دەخەنە بەرچاو.

مـن و تـۆ و ئەو، زمـانی میللەتێـک نـازانین کەچـی چێـژ لە گۆرانیەکانیـان وەردەگـرین، نەواو موزیکیانمـان لا سـازگارە، شـێوەکاریەکانیان بە لامـانەوە پەسـەند و شـیاون و مێـژووی میللەتەکەیان دەگێڕنەوە.

کەچی بەلای بڕێک کەسەوە گۆرانی حەڕامە، مۆزیک ژەندن مەکرووهە ، پەیکەرسازی حەڕامە، هەڵپەڕکێ نەشیاوە ،پێکەنین مەکروهە ،گریان پەسەندە ، سەیرکردن ناپەسەندە ، شێوەکاری بێزراوە و سەدان نەشیاو و مەحرومیەتی تر .

تەنها هەردەبێ فکر لە مەرگ و مردن بکرێتەوە و بژین بۆ مردن و دووربین لە ژیان.

ئەگەر وابێت خۆ دەبێ تازە باوەکان وا لەماڵەکانماندا سوودی لێ وەردەگرین ئەوانەش حەڕام کرێن ، لە کارەباوە بیگرە تاسەر هەر ئامێرێک لە وڵاتانی ڕۆژ ئاواوە دروست کراون و گەیشتوونەتە ئێمە .

ئەگەرنا .. ئەوە بانێکەو دووهەوا!

زانست سەلماندوویەتی بڕێک نەخۆشی بە دەنگی مۆسیقا چارەسەر دەکرێن و لە چەندان وڵاتدا بیمارستانی لەوجۆرە بۆ تیماری نەخۆشەکان دروست کراون، وەنەبێ هەر مرۆڤ بەڵکوو بڕێک لە ئاژەڵ و باڵندەکانیش تەوح و حەزیان لەسەر مۆسیقایە و کەیفیان پێ دێت و گوێڕایەڵی مۆسیقان..

حەزرەتی [داوود]پەیامبەر دەنگی گەلێک خۆش بووە و گۆرانی وتوەو وەک پاشایەک ژیاوە .

مەولانــا جەلالــودینی ڕوحــی مــوزیکی ژەنــدوە ، ئەو پیــاوە مەزنەی دونیــای تەســەووفە بەســەر و ریشــی ســپیەوە لەســەر نەوای مۆســیقا سەمای کردووە.

ئەوە هەزار ساڵ بەسەر مردنیدا دەگوزەرێ ساڵانە بە زمـانی مـیللەتە جۆراوجۆرەکان سەد کتاو دەنوسرێت دەربـارەی فەلسـەفەی مەولانـا، شیعرەکانی مەولانا، فکرو کودەتاکەی مەولانا، مەسنەوی مەولانا!

ئەگەر دەربارەی گرنگی موزیک لەناو میللەتانـدا بـدوێن ئەوە بۆخـۆی شـــانامەیەکە، بەڵام مــن لە مــیللەتەکەم دوورنـــاکەومەوە ئەوە لەم بندەستەیدا برادەرانی [یارسانی] ئامێری [تەمووره ] ژەندن ڕوکنێکـی ســەرەکی ئەرکــانی ئــایینی یارســانیە ، یــا وەک برادەرانــی ئیــزەدی شمشاڵ لێدان بەشێکە لە ئایین.

لە مێژدا لە نێو ئێمەی کورددا هەڵپەرکێ ڕوکنێـک بـووە لەئەرکـانی ستـایش و عیبـادەت .. نـانواڕی لە بەهـاردا پیـر و گەنـج ژن و پیـاو سەرانسەر لە هەڵپەڕکێدان؟

بەندە کابرایەکی باوەڕ دارم بە خوا بە ئایینی ئیسلام ، بە ژیان ، بە وڵات ، بە ســـەربەخۆیی ، ڕێــز لەو زەرافەت و هەمــوو نیعمەتـــانەی دەگرم وا پەروەردگار بەخشیویەتە بەندەکانی لە سەرەوەی هەمـوەوە [عەقڵ و هۆش ]ی پێ بەخشیوم تا چاکە و خراپە لەیەک کەمەوە تا بتوانم کارابم لە ئەرکە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیەکاندا تا بتوانم ئەوی گفتاری باشە بیڵێمم ، ئەوی ڕەفتاری جوانە بیکەم ، ئەوی کردەوەی

ساکارە ئەنجامی دەم نەک تەنها بۆ میللەتەکەم، بەڵکوو بۆ ڕەگەزی بەشەریەت و هەتاوەکو دەربارەی ئاژیڵەکانیش [ڕەئوف و ڕەحیم ]بم .

من لام وایە ژینگەپارێزی بەشێکە لە [ئەخلاق] ئەخلاقیش بەشێکی گرینگی ئایینە[ پیاوێکی ئایینی یا ئاییندار ئەخلاقی تەواو نەبێت ناقسولدینە ] بۆ ئەوەی جیهان ئاگادارکەمەوە لە نەهامەتیەکانی گەلەکەم بۆ ئەوەی بتوانم هاواری مەزلومیەتی میللەتەکەم بگەیەنمە گەلانی ئازادیخواز ناچارم ئەلفبای هونەر فێربم...

سەرئەنجام زمانی هونەر ئەوڕۆکە دونیای پێشکەوتوو پێی دەدون، نەشیاوە ئێمەی کورد ئەو زمانە نەزانین و لەو پەیوەندییە جیهانییەی مەحرووم کرێین!

دەمامەک بەشێکی کۆنی هونەرە لە چەند هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە دەمامەک بەکارهاتووە بەتایبەت لە شانۆیەکانی [ئەرستۆڤان]ی یۆنانی کۆندا،لە ناو میللەتە جۆراو جۆرەکاندا بە شێوەی جیاواز بەکارهاتووە تا بە ئەمڕۆی من و تۆ..

بڕێکیان ژینگە ناچاری کردوون [تۆز و لم ، هەتاو ] دەمامەک بەکاربیەنن بڕێکی تریان مەرجی ئایینییە، بڕێکی تریان هەواو هەوەسی فەنتازیە بەتایبەت لە کۆمەڵگای دەوڵەمەندان و شەونشینێ بڕێک لە دەربارەکان [باڵماسکە] جۆرێک بووە لە ئامێری ڕابواردن و خۆش گوزەرانی ..

بەو شێوە بەزمیان گێڕاوە هەتاوەکوو تارای بوکی لای خۆمانیش هەر لەسەر دەمامک دەژمێردرێت!

بڕێک لە سیاسییەکان لەیراو لەوێ جنۆکە ئاسا دەمامکی درۆ و دەلەسە لە ڕوخسار دەنێن و ڕوخساری حەقیقیان لەژێر دەمامکێکی نادیاردا کاروکردەوەی ناپەسەند ئەنجام دەدەن و وەستاکارانە خەڵکە زۆرەکە هەڵدەخەڵەتێنن، لەوجۆرە سیاسیانە لە ئیراقدا لێوانلێوە، بڕۆ تەماشاکە!

پێچەی ژنان لە کۆمەڵگەی توندوتیژی ئاییندا یەکێکە لە دیاردەکان لەولاشەوە خوێنساردانە ژن و منداڵی خەڵکی بە هەرزانترین نرخبایی دەگرن و دەفرۆشن.

]بورقەع]جۆرێکە لە پۆزەبەندی ژنانی لیواری کەنداو لە ڕوخساری دەنێن ، لە بڕێک ژینگەی سەخت و دژواردا ژن و پیاو ڕوخسار هەڵدەپێکن لە باهۆزی توند و بەستەڵەکدا یان لە گەردەلولی ساردا، ئیتر ئەوە بای پڕ لە لمە، گەرمای هەتاوە ، گەردەلوولی ناو سارایە، ناچاری ڕوخسار داپۆشینن..

لە باکووری ئەفریقادا هۆز و قەبایلێک دەژین بەناوی [تەوارق] ژنانیان ڕوخساریان ئاواڵەیە پیاوانیان ڕوخساریان هەڵپێکاوە تەنها چاویان بە دەرەوەیە.

دەمامەک بۆ کاری نایاسایی و بۆ شانۆیە هونەریەکان و بۆ بەزمە جۆراوجۆرەکان لە ئەمڕۆدا بەکاردەبرێت.

بـۆیە بە چـاکم زانـی دەمـامەک و گرنگـی دەمـامەک لە یەکێـک لە کارەکانماندا بیخەمە بەرچاو ئەگەرچی دەمامەک و پێچە و عابا لەنـاو عەشایەری کورددا بوونی نییە، لەم دوا ساڵانەیدا زۆرتر کراوەتە بـاو ..

(کلودیـوس ڕیـچ) گەڕیـدەی بەناوبـانگی ئینگلیـزی لە سـاڵی ١٨٢٠ز گەشتێکی بە کوردوستاندا کردووە تیایدا دەڵێت:

لە بەغـدا دەرچـووم ڕوخسـاری ئـافرەتێکم نەدی تاگەیشـتمە نـاو عەشایەری جاف، ژنانی ئەو عەشیرەتە نە عابـا و نەپێچەیـان بەلەش و ڕوخســارەوە نەبــوو لە چــادرەکەی [کێخوســرەوبەگی جــاف]دا سەرۆکی مەزنی ئەو عەشیرەتە خێزانی بەبێ خۆشـاردنەوە هـاودەمی خێـزانەکەم بـوون و لەمەجلسـەکەدا لە وتووبێژەکانـدا بەشـدارییان دەکرد.

لەم پەیکەرەیـدا کە نـاوم نـاوە [شـاژنی دەمامکـدار ] جـگە لە وەدەرخسـتنی دەمـامەکەی ویسـتوومە سیسـتەمی [تناسـب] بـخەمە بەرچاو ، ئەو سیستەمە کـاکڵە و جەوهەری لەقەبـارە و ئەنـدازەکانی لەشـی مـرۆڤ وەرگیـراوە کەوا جـوانترین و ڕێکـوپێکترین ئەنـدازە و قەبارەیە هەتاوەکو لەقورئانی پیرۆزدا هاتوە "انا خلقناکم فـی احسـن التقویم ] یانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و باشـترین شـێوە دروسـتتانم کردووە.

ئەو سیستەمەی تەناسوبەی زۆرتر لە لەش و قەبارەی پیاودا وەدەر دەکەوێ تا ژنان.

لەعیلمی جوانیدا مەمکی ئافرەت تەناسوبەکەی تۆزەکێک تێکداوە، لە فەلسەفەی زانستی جوانیدا لە یۆنانی کۆندا ئەوەی قورئان فەرموویەتی سەلمێنراوە بەپلەی دووهەم قەدو قەبارەی لەش و ئەندامی "ئەسپ"ە، ئیتر جوانییەکان پلەبەندی کراون.

ئەم پەیکەرەم لەئاسن و زنجیر دروست کردووە ، زۆرتر گرنگیم داوەتە جل و بەرگەکەی لەش و ئەندازەکانی ئافرەتەکەی شاردووەتەوە.

دونیای هونەر دونیایەکی بەربڵاوی داهێنانە تەکنۆلۆژیاش بووە بە هاوڕاز و دەمسازی دونیای هونەر و داهێنانی هونەری تا بە ئێستا سەدان قوتابخانەی هونەری لک و پۆی لە هونەری "کلاسیک]ی دایکانە گەورەکەوە جیابووەتەوە سەرەتاو بیدایەتی ئەو دایکانە گەورەیەی دونیای شێوەکاری بۆ یەکەمین جار لە هونەرمەندەکەی ناو ئەشکەوتەوە دەستی پێ کردووە و شۆڕبووەتەوە ناو سەرتاسەری مرۆڤایەتیەوە، ئیتر بمانەوێ و نەمانەوێ هونەر زمانێکی ئەمڕۆی بەشەریەتە کەچی بەلای ئێمەوە تا ڕادەیەک نەشیاو و مەینەتە، لای برێکیش لەعنەتە.

بە ئومێدی ئەو ڕۆژەی میللەتەکەم هەست بە گرنگیی ئەو زمانە بکەن لەسەری هەمووانەوە بەرپرسان و چاوساغانی دەستڕۆیشتووی

نــاو مــیللەتەکەم ئەوان ئەگەر لەو زمــانە تێــبگەن لەزەت بــبەن ئەوە دەبێتە هەنگاوێکی پیرۆز بڕینێ دوورتــرین ڕێگــا بەیەکەمــین هەنگــاوە دەست پێ دەکا.

# هەرا

زمانی خەڵک ئەلفوبایەکی تایبەتە، هەموو کەسێک ناتوانێ پێی بدوێت!

هەر میللەتە و مێژوو و کەلتوور و فۆلکلۆری تایبەت بەخۆی هەیە، ناکرێ دەستەلاتداری میللەتێک هەر بە زمان و ڕەفتار و کرداری میللەتەکەی لەگەڵ میللەتانی غەیری میللەتەکەی خۆی بدوێ... بۆیە ئەوە لە هەزار ساڵ زۆرترە دەستەلادارانی فارس و عارەب و توورک لەگەڵ میللەتانی غەیری خۆیاندا سەرکەوتوونەبوون جگە لە زۆر و زەوت و تالان و داگیرکردن زیاتر زمانێکی تریان نەزانیوە.

هەڵبەتە ئەمە فێڵ و تەڵەکە و هەڵخەڵەتاندن ناگرێتەوە، زمانێکی دۆزەخییە و دەستەلادارانی ئەو سێ میللەتە مامۆستان لەو زمانەیدا، بەتایبەت دەربارەی ئێمەی کورد. بە هەق لەگەڵ ئێمەی کورددا مێژوویەکی خوێناوییان هەیە. خۆ دەتوانم چەندان کتاو لەو ڕووەوە بنووسم، بەلام هەر ئەوەندە دەڵێم ئەوە هەزارەی سێیەمە و تەکنۆلۆژیا گەیشتووەتە ئاستێک مرۆڤ فۆتۆکۆپی دەکرێت... کەچی ئێمەی کورد یەشتا دەستەلادارانی ئەو سێ میللەتە زۆر لە حزبەکانمان دەڕەقسێنن، گوێ بە فەرامین و ئاماژەیانن.

باشــە ڕاســتە لە دونیــای سیاســەتا دوژمنــی هەمیشــەیی نیــیە، بەرژەوەندیی هەمیشەیی هەیە، کەچی چاوساغانی ئەو سێ میللەتە لەو موعادەلەیە بەدوورن.

ئەوان بۆ فیز، بۆ کەشخەیی لەزەت لە کوشتنی کورد دەبەن.. ئەوە تیۆری نییە و دەتوانم بۆ نموونە سەدان ڕووداو بخەمە بەرچاو، بەڵام لێرەدا باس لە زمانی پەیکەر و هونەرەکەم دەکەم.

بەداخەوە دەستەڵادارانی کورد ئەو زمانە بە زمانی سانسکریتی و جنۆکەی دەزانن و سەیر لەوە دایە سوورن لەسەر ئاوڕنەدانەوە لەو زمانە، کە ئەوڕۆ میللەتانی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو پێی دەدون و ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئێمە چیمان لەدەست دێت جگە لە پەنجە لەسەر زام دانان نەبێت، وەک مۆمێک لە تاریکیی موتڵەقدا دەسوتێن و کەسمان بەدەورەوە نییە... تەنانەت پەپوولەکانیش ... ئەی خوا مەرگ. بۆ لە بێڕەنگی و بانگەوازمان بێدەنگی؟

لێهاتووانی کورد، ڕۆشنبیرانی کورد، تاکەی خاوەی کوردبوون بدەن؟

بەنــدە ئاگــاداری هــونەر و ئەدەبــی زۆر میللەتــانم بــاوەڕ بــکەن کــاروکردەوە و بەرهەمــی ڕۆشــنبیرانی کــورد لە کــاروکردەوەی میللەتانی تر کەمتر نییە، ئەگەر باشتریش نەبێت!

لێم گەڕێن با دەردی دڵێکتان لا بکەم: بەندە لە ماوەی دوو ساڵدا چوار خەڵاتی نێودەوڵەتی کراوم، قەینا میللەتەکەی خۆم خەڵاتم

ناکەن، میللەتانی تر لەو پەڕی ئۆقیانووسەکانەوە کابرایەکی وەک من دەدۆزنەوە و خەڵاتی دەکەن...

هەر ساڵی پار دوو خەڵات کرام:

١- دکتۆرای فەخری زانکۆی (کامبریدج) کە بۆخۆی بە باڵاترین زانکۆی دونیا و هەروەها کۆنترین زانکۆ دەدرێت لە قەڵەم.
٢- دکتۆرای فەخری ئەکادیمیای ئەمریکی لە قاهیرە.
٣- ئەمساڵ لە مانگی سێ دا لە وڵاتی هۆڵەندا لە شاری لاهای خەڵاتی یەکێتیی ئەورووپا و ملوانکەی زێڕی ئەو یەکێتییەم پێ بەخشراوە.

باوەڕ بکەن جگە لە جەنابی سەرۆک و لقی دووی پارتی نەبێت، نە یەکێتییی نووسەران، نە وەزارەتی ڕۆشنبیری، نە هیچ کەس پیرۆزبایی لێ نەکردم.

٤- هەر ئەمساڵ لە مانگی حەوتدا یەکێتیی نووسەرانی عێراق ملوانکەی زێڕی پێ بەخشیم لە شاری کەرکووکدا ڕێگە و ڕەسمەکەیان بۆ ئەنجام دام.

باوەڕ بکەن دامودەزگای دەوڵەت تەنانەت پۆلیسیش نەهات.

ئەوی تۆزێک نیگەرانی کردم زۆر لە برا عەرەبەکانمان لە بەغدا و خواروی بەغداوە هاتبوون بە لاقرتێوە دەیانوت: دیارە کاربەدەستانی ئەو شارە یان نەخۆشن، یان لەسەفەردان!

بەندەیش وەڵامێکی شـەرمنانەم دەدانەوە، نەخێـر لە جەبـهەن... هەڵبەت جەبهەی کەمتەرخەمی و بێبایەخکردنی ڕۆشنبیران!

کاکە با لەوانە بگـوزەرێین، ئەتـۆ کـابرایەکی، شـەو و ڕۆژ لە ئـاگری لەحیم و هۆڵدن و چەکوشـکاریدای چیـتە لەو باسـە نەزۆکـانە...لێی گەڕێ بۆ پیاوی خۆی...

ئـاخر کـاکە لـێگەڕان ئاسـان نیـیە، منـیش کـوڕێ ئەو وڵاتەم، دڵ و دەروونم دەسووتێت کاتێک نەشیاوەکان دەبینم.

جا بە ئەرکی خۆم دەزانم بەشێوەیکی بڕێک لە گرفتەکان بۆ ئەمڕۆ و سـبەی بـخەمە بەرچـاو. ئـاخر ئەو کـارە نەکەم نەوەی داهـاتوو گەلیبارانم دەکەن. بڕیارم داوە ئەوەی لە توانام دا هەبێت لەو هەرا و بەزمە بێدەنگ نەبم.

ئەوەیش دەزانم لە ئاوا چوارتەنیشتێکدا جگە لە خـوا دەنگـم ناگـاتە کەس، ئەوەیــش دەزانــم دامودەزگــای ڕاگەیانــدن و زۆربەی زۆری کەناڵەکـان بە بـازاڕێ خۆیـانەوە سـەرگەرم و سـەرقاڵن، بڕێـک لە سەمای حزبایەتیدا شـەلاڵی عەرەقـن، بڕێکـی تریـان نـوقم و نغـرۆی شارچێتی و دەڤەرچێتین... وای لێهاتووە گەڕەکچیەتی و کەناڵچێتی و گۆڤـارچێتی و کـوڕە تەڕەماشـچێتین! ئەوی زەرافەت و جـوانی و هەق و هەقیقەتە خـراوەتە لاوە... ئیتـر هەرایە، ئەم هەرایە وا لەبەر چاوە، ئەمڕۆ دیاردەیەکی بەرچاو و گشتییە...





لە وڵاتەکەی خۆماندا هەرا چییە و لە چییەوە سەر هەڵدەدا؟

مـن نـامەوێ لێـی بـدوێم، بەڵام بە ئەرکـی خـۆمی دەزانـم وەک دیکۆمێنتی هونەری بیخەمە بەرچاو، ئەگەر وەک وتار و باسکردن لە کەناڵەکاندا بەشداریی بکەم، خۆ دەبمە بەشێک لە هەرا، کە تـازە ئەو هەموو و حەکیم و چاوساغ و لێزان و پرۆفیسـۆر و بلیمەتـانەی ڕۆژانە سەفحەی تەلەفیزۆنەکانیـان لە خۆیـان و باسـە نەزۆکەکانیـان پڕ کردووە، ڕۆژ بەڕۆژ چیلکە و نەوت دەخەنە سـەر گڕەکە و پەرە بە هەرا دەدەن.

کەواتە هەرا دیـاردەیەکی سـەرەکیی ئەم قۆنـاغەیە، زۆرن ئەوانەی ڕەواجـی پـێ دەدەن و سـوودمەندن لە هەرا، هەر بـۆیە پەیـکەری هەرام سازاند.

ناشکوریی خودا نەبێت هەراسازان ژمارەیـان ئەوەنـدە زۆرە، ئەوەی فکـری لـێ نەکەنەوە ئاکـام و سـەرەنجامی ئەو مـیللەتەیە، بەلای ئەوانەوە گـرنگە خـۆ وەدەرخسـتن و پەکخسـتن، دەر و پەنـجەرە بەستنە بە ئومێدی ئەو ڕۆژەی ئەو دیـاردانە بەلاوە خەیـن، دەبڵـێ: ئینشائەڵڵا!

# خەمی دونیا بەسەر کۆڵمەوەیە

داڵەهوو، چیایەکی مەزنی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و مەڵبەندی مێـژووی پـەیڕەوانی ئـەهلی حەقـە، دەڤـەرێکی ئێڵاخـی بـەربڵاوە لـە باشوورەوە دەنوارێتە دەشـتی زەهـاو و سـەرپێڵ و قەسـری شـیرین، لەباکووریشەوە هاودەڤەری سەلاسـی باوەجـانی و لـە ڕۆژهەڵاتیشـەوە کرند و تا دەگاتە شائەبادی غەرب.

ئـەو پانتاییـە جوگرافییـەی لـەمێژدا بـە مەڵبەنـد و مـەئوای ئـایینی یارســـان ناســـراوە و پـــەیڕەوانی ئـــەو ئایینـــە وەمـــەزاری پەیامبەرەکانیشیانەوە، زۆربەیان هەر لەوێدان هەمیشە ئەو چیایە بـە پشت و پەنای یارسانیەکان ناسراوە.

چیای داڵەهوو و نزارەکانی بە درێژایی سـاڵ بـەفری لـێ ناچێتـەوە و یەکێکە لە کوێستانە دڵگیرەکانی کوردستان و مـەزاری پیـری مـەزنی یارســانیەکان (باوەیادگار)هــەر لەوێدایــە و ســەرچاوەی ڕووبــاری (ئەڵوەن)یش لـە دڵـی داڵـەهووەوە هەڵـدەقڵوپێت و دەشـتی زەهـاو دەپێوێ و لە کەناری شاری قەسری شـیرین-دا دەگوزەرێـت و شـاری

خانەقین دوڵەت دەکا و لـه بـاکووری شـاری گولاڵـەوه دەڕژێتـه نـاو ڕووباری سیروانەوه.

بەیتێک شیعری دەڤەری داڵەهوو هەیه دەڵێت:

وەتاو ناهەقی فرەهوڵمه

چەنه داڵەهوو خەم وەکوڵمه

لەڕاستیدا هەوێنی ڕاستەقینەی ئەم پەیکەره ئەم بەیته شیعرەیه کـه له زۆر گۆرانیی ئەو دەڤەرەیدا دەبیسرێت و بەندەش بـه هـەمان مانـا و مەفهوم کردوومەته پەیکەر.

بەیتەکه دەڵێت:

لـه عـەزرەت ناحەقیـدا ئەوەسـا خـەم داگیـری کردوومـه و هـوڵم لـێ هـاتووه و بــه ئەنـدازەی قورسـایی چیـای داڵــەهوو خــەم بەســەر قلاندوشـــــــــــــــــــــــــــــــــانمەوەیه.
ئیدی خەمێکی وا قـورس و گـەوره و گـران چ تـوێژێکی نێـو میللـەت زۆرتر ئەو خەمەی بەسەر شانیەوەیه؟

بـەلای منـەوه ئـافرەتی کـورد زۆرتـر لـه میحنـەتی جۆراوجۆردایـه تـا

پیـاوان، وەنـەبێ نێرینـەی کـورد لـە میحنـەت و بوونـەهاتا کـەمی چیژابێت، شتێکە ژنان جگە لە ژان و دەردەسەری منداڵ بەخێوکردن دوو بەرامبەر پیاو لە کوێرەوەریدایە، بۆیە بەنـدە لـە جێـی قورسـایی چیای داڵـەهوو تـۆپی زەویـم ناوەتـە سـەر شـانی ئافرەتـەوە، وەتـاو ناهەقی وەتاو نابەرابەری و حەق نەپاراستن..

بەڕاستی کام حەق؟

حەق و حەقیقەت، دوو وشەی لەیەکەوە نزیکن، بەڵام کەم جار یـەک دەگرنــەوە، بەتایبــەت لــەو کۆمەڵگایانــەی وا زانســت ڕۆشــنبیری ئاستەکەی شـیاو نـین و خۆخسـڵەتی زۆرەملـی و کەڵـەگایی بووەتـە دیاردەی ڕۆژانە و بەرجەستە، ئیدی ئەو دیاردانە تونـدوتیژیی ئـایینی بێت، کۆمەڵایـەتی یـا دارایـی یـا حزبـی یـا هـەر جۆرە تەخـەلوفێکی قێزەونی تر.. ئەو بەیتە خۆماڵییە کۆنەساڵە لەمێژەوە وتـراوە دیـارە میللــەتی ئێمــە ســەدها هۆکــار هــی زوڵــم و زۆری چوارتەنیشــت و جـەببارانی دەرەوە و خۆماڵییـە، ئـەوە نییـە لـەو بەیتـەدا هـاوار لـە ناهەقی دەکا، نـازانێ شـکاتی ناهەقیـەکان بگەیەنێتـە کـام عـەرش و دادگا و بـەرپرسـیارێک، بۆیـە دوا پـەنا و چـارەی هـەر قڵاندوشـان و کۆڵیەتی، ئەو خەمە زۆرە لە ماوە و مەودایەکی کەمدا پێکنەهاتوون، ئەوە دیاردە و دیاریی هەناردەی میللەتەکانی دراوسـێمانن بـەدرێژایی زەمـان کەلەکە بـووە و بـە ئەنـدازەی چیـای داڵـەهووی لـێ هـاتووە،

حەیف هێشتا نەمانتوانیوە ئەو زوڵم و زۆرە خوێناوییە وەک دیکۆمێنت بخەینە بەرچاو، بەداخەوە نەمانتوانیوە پەنجە بخەینە سەر زامەکانمان تا بزانین برینەکانمان هی چ تیخ و شمشێرێکە وا پەرێشانی کردووین!

ئەو شمشێر بەدەستانە ئەوە نییە بە راسەریانەوە شمشێرەکانیان با دەدەن و هەیشن هەر بەو ئاهەنگ و ئاوازە هاتوونەتە سەما و بۆیان با دەدەن!

کورە خۆ سەدان داخ بەسەر لەشمانەوە زاخاوی لێ دەتکێت، یەکێک لەو داخانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرنەکەوتنی مامۆستایان و چاوساغانی مێژوو و مێژووزان و مێژوونووسەکانمان.

بەداخەوە تا ئێستا لە ئەرکەکانیاندا زۆربەیان سەرنەکەوتوون و نەیانتوانیوە دوژمنانی دێرینی ئەم میللەتە ریسوا بکەن و بە میللەتەکەمان بسەلمێنن و شێوە و کردار و ڕەفتاری ئەو دوژمنە ئەزەلییانە بخەنە بەرچاو تا وەک ئەمڕۆ بڕێک دوودڵ نەدەبوو لە دوژمنکاریی ئەو دوژمنە هەمیشەییانە وەک دیکومێنت بیخەنە بەرچاو.

دونیای ئەمڕۆ گرنگی دەداتە دیکۆمێنت تا کەی ئێمە هەر بە هەوێنی تەقەلای گەڕیدە بیانییەکان بدوێین و بنووسین؟ تا کەی هەر پەنا ببەینە بەر ئەو زانیارییانەی وا سەد یان دووسەد ساڵ لەمەوبەر نووسراون؟

هەزاران تەپە و تاشەبەرد و ئاسەواری جۆراوجۆر لە کوردستاندایە، یەشتا سەریان هەڵنەدراوەتەوە، یەشتا نووسینەکانیان نەخوێنراونەتەوە.. ئەی باشە کاری ئەم هەموو زانکۆ و کۆلیژانەی مێــــــــــــــــــــــــــــــــــژوو چییــــــــــــــــــــــــــــــــــــە؟ کەی و کام زانکۆ کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیی بۆ روونکردنەوەی مێژووی میللەتەکەمان کردووە؟

دەڵێی قەیرانی داراییە؟ خۆ ئەوسا قەیرانێک لەگۆڕێدا نەبووە، هەمووی دوو سێ ساڵە لە قەیراندایین، لەم ڕووەوە بەرپرسەکان کەمتەرخەم بوونە.. یا سەرتاسەری مێژوونووسان یا هەرهەموو ئێمەی کورد؟

لە سیاسەت گەڕێ لە ململانێی بێ ئامانی حزبەکان گەڕێ کە دەڵێی ماراتۆنی ئۆڵۆمپیکە.. من باس لە بەرنامە و پرۆژەی ئەکادیمی دەکەم، دەمەوێ پەنجە بخەمە سەر ئەرکی نەتەوایەتی کەوا ئەورۆ و دوێنێش هەرکەسە بە گوێرەی توانای خۆی لێی بەرپرسیار بووە و هەیە، لەو ڕووەوە برێک خۆیان بە چاوساغتر دەزانن، ئەوانە ئەرکەکەیان لە من و تۆ زۆرترە، ئەگەر بەندە و تۆ لەگەڵیاندا بین و هاودەنگ و هاوهەنگاویان بین، با دێوەکان یا عفریتەکان لایان ناخۆش بێت... ڕاستی ئەوانە کەی لە ئاستی ئێمەی کوردا چاویان هەڵهێناوە؟ سەد ساڵی تر پێنجسەد ساڵی تر؟ کوڕە ئەوە دوو هەزار

و پێنجسەد ساڵە دەماندۆشن و چاویان هەڵنایە نەک ماف، تەنانەت خۆمانیش ببینن!

ئەوانە دوژمنن، دوژمن ئەوەی بتوانێ دەیکا و بەگوێرەی هەوا و هەوەسی سازی خۆی دەژنێ، ئەوەی کۆڵەواری کردووم کەمەربادانی برێکە بە و ساز و سرنایەی هاتوونەتە سەما و چاوەچاوی سێ پایەختی سێ کوچکەی شەڕن و خەریکن دەیکەنە رومەل غەزا دژ بە وشەی (بەڵێ) فکر لەوەی ناکەنەوە برێک لەو (بەڵێ )یانە موقەدەسن، پیرۆزن، وەک بڵێی: ئەرێ خوا هەیە؟ بەڵێ هەیە.

ئایینەت دەوێ؟ بەڵێ دەمەوێ
شەرەفت دەوێ؟ بەڵێ دەمەوێ
ئیمانت دەوێ؟بەڵێ دەمەوێ
ژیانت دەوێ؟ بەڵێ دەمەوێ
ئایینت دەوێ؟ بەڵێ دەمەوێ
ئەی سەربەخۆیی؟ بەڵێ
دەمەوێ

زۆر لە (بەڵێ)کانی تر لەنێو {بەڵێ بۆ سەربەخۆیی}دا خۆیان حەشار داوە و لە داهاتووی نزیکدا خۆیان وەدەر دەخەن. پەیکەری (خەمی ئافرەتی کورد) لەگەڵ زۆربەی پەیکەرەکانی ترمدا

جیاوازە لە مەڕمەڕ دامتاشیوە، چواردە مانگ پێوەی خەریک بوومە، چواردە مانگ خوێن و ئارەقم تێکەڵاو بووە تا بتوانم بەشێک لە بۆنەهات و کوێرەوەرییەکانی ژنانی کورد بخەمە بەرچاوی خەڵک و خوا و دونیای دوور لە خۆمان ئاگادار بکەمەوە، بوڵەندییەکەی یەک مەتر و پێنج سانتیمەترە و درێژییەکەی مەترێک و بیست سانتیمەترە.

لە کۆمەڵگای ئەوسا و ئێستای ئێمەی کوردا، زوڵم و زۆرێکی بەربڵاو لە ڕەگەزی مێینە کراوە و دەکرێت، خەڵکەکە و زۆربەی زۆری ئافرەتانیش بەو جۆرە تیفکرینەوە ڕاهاتوون و لایان وایە ئافرەتانی دوور و نزیک هەروەک ئەوانن، ژیان ئەمەیە و هەر وایە، بەگوێرەی وتەی (ئیلْ بەگی جاف) کە فەرموویەتی: ”هەر وایە و هەر وابووە.“

بەڵێ ئەوسا (هەر وابووە) بەڵام ئێستا بەشەرییەت گۆڕاوە، زانست لە تەواوی جومگەکانی ژیاندا لە جەوەلاندایە و ڕۆژ بەڕۆژ پەیوەندیی ژیان و زانست پتەوتر و بەیەکەوە پەیوەستتر دەبن، ناکرێ لەو واقیعیەتە سەرسام ئاوەرە خۆمان گێل کەین، دەکرێت بڵێین ئەو جۆرە ژیانە و ئەو نیازانە بۆ ئێمە نین و بە ئێمە ناکرێ؟ دەکرێت خۆمان لە تازە باوەکان دوور خەینەوە؟ خۆ ناکرێت لە دوورگەیەکی چۆڵەوانیدا بژین.

کەواتە بەڵێ بۆ ژیان، بەڵێ بۆ زانست، بەڵێ بۆ داهێنان، بەڵێ بۆ ڕۆشنبیری، بەڵێ بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان، بەڵێ بۆ یەکسانی، بەڵێ بۆ دیموکراسی، بەڵێ بۆ ئیمان، بەڵێ بۆ نان، بەڵێ بۆ هونەر، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی!

نەخێر بۆ بەرەڵایی، نەخێر بۆ دیکتاتۆریەت، نەخێر بۆ هەرا و فەوزا، نەخێر بۆ دزی و دەخەلی، نەخێر بۆ وابەستەبوون، نەخێر بۆ هەر وەهابوون، نەخێر بۆ بادان و کلکەلەقێ بۆ دوژمنان. نەخێر بۆ تاران، نەخێر بۆ ئەنکارا، نەخێر بۆ بەغدا، خۆ ئەوە ڕاستە سیاسەت بینێی گەدووین و ژیانی ڕۆژانەمان بۆ خۆی سیاسەتە، هەتاوەکوو هەناسەدانیش!

ژیانمان تێکەڵی سیاسەتە، ئەوە نییە هەزاران کوردی قارەمانی لەخۆبوردوو، خۆی لە هەناسەدان کرد و بوو بە قوربانی کوردستان، ئەوە نییە هەناسەی ساردی خێزانی شەهیدان تێکەڵی گریانە؟ تۆیش لە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی دوودڵی، دوای هەڕۆژانی ئیمپراتۆریەتی (ماد) و داگیرکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن کورشی هەخامنشیەوە و دامەزراندنی دەسەڵاتی (هەخامنشی) کورش دوعا و نزایەکی بەسەر تاشەبەردێکەوە هەڵکوڵیوە و تیایدا نووسیویەتی:

خوایە وڵاتەکەم

لە بێ بارانی، لە وەبا، لە درۆ... بپارێزە

ئەگەر بەوردی لە برێک ریکلام و ڕاگەیاندنی دامودەزگاکان ورد بینەوە، درۆ و دەلەسە هێڵە دەکەن و روخساری ناحەزی و وابەستەبوونیان پێوە دیارە. خۆ ناشوکریی خوا نەبێت، ئەورۆ زۆر کەس لە ژووری نووستنەکەیەوە بووە بە ڕۆژنامەکار و بە هەوەسی خۆی چوکڵ رادەداتە مەنجەڵەکە، ئیتر رادانە و بادانە، ئومێدەوارم ئەو ڕادانە و بادانە بۆ بەرژەوەندیی وڵاتەکەمان بێت، نەک سێ کوچکەی شەڕ و سرنا و ساز و دهۆڵ ژەنەکانیان!

دەبا پێکەوە دوعایەک بکەین و بڵێین:

خوایە وڵاتەکەمان لە سەماکەرانی سێ کوچکەی شەڕ و لە جیرەخۆرانی سێ کوچکەی شەڕ و لە خودی سێ کوچکەی شەڕ بپارێزە.

# پەیکەری نەوت

برێک ڕووداو لە ژیانی مرۆڤدا روو دەدەن رەنگە بەئاسانی لەبیر نەکرێن و لە دڵ و دەروونداا بۆ هەمیشە وەک بیرەوەرییەکی خۆش و ناخۆش جێگەی خۆیان کردووەتەوە.

لە رێوڕەسمی کردنەوەی فڕۆکەخانە کۆنەکەی هەولێردا بەشداریم کرد، ئەوە بۆ من رۆژێکە لەو رۆژانەی لەبیری ناکەم.

ئەودەم خەڵکە زۆرەکە بەوردی ئاگاداری گرینگیی فڕۆکەخانە نەبوون کەوا لە پایتەختی کوردستانەوە فڕۆکە هەڵفڕێت و لە پایتەختە دوورەکانی جیهاندا بنیشێتەوە.

من خۆم بۆ یەکەمین جار لە تابلۆی هەڵفڕین و نیشتنەوەی فڕۆکە بۆ (هەولێر-سلێمانی) کاتی هەڵفڕین و دابەزینەکەیم دی، خۆشییەکی تێکەڵ بە غروور رووی تێ کردم، ئەوەسا دوای چەند ساڵ باسی دەکەم.

کاتێک نەوتی کوردستان لە رێگەی لوولەوە گەیشتە بەندەری جیهان، بە هەنگاوێکی سەردەمانە و گرنگم زانی، زانیم ئەو جۆرەکارانە رێگای دوورودرێژی سەربەخۆیی کوردوستان کورتتر دەکەنەوە، ئەوە لوولەی ((گاز))یش بەڕێوەیە، ئەو جۆرە پرۆژانە لە هەزاران بگرە و

بەردەی حزبەکان بۆ ئەم میللەتە خێرنەدیوە باشترە و بەو شێوە ئێمە دەتوانین لەگەڵ میللەتانی پێشکەوتوو و تێگەیشتوودا بەسەر مێزی حەق و حەقیقەتەوە دانیشین و لە بەرژەوەندیی دوو لا بدوێین.

من و تۆ و ئەو، ئەگەر ئاسمانیش بگرینە کۆڵەوە، دوژمنانی ئێمەی کورد ددان بە مافە رەواکانماندا نانێن، بەڵام لێیان گەڕێ بەڵکی لە سواری کەری دێزی خۆیان بێنە خوارێ... نەیەنە خوارێش کەری دێز لە هەڵدێرگاکانی وڵاتدا هەڵیان دەدێرێ.

میللەتی ئێمە بە قۆناغی سەخت و دژوارتردا گوزەراوە و گەیشتووەتە ئەورۆ.

زۆر لە دوژمنانی کورد، گرەو لەسەر ناکۆکییەکانمان دەکەن و تاک و تەرایەکمان تاک دەکەنەوە و لە کەناڵەکانیاندا دەیانهێننە سەما و عیشوەگەری.

لەنێو میللەتانی ئازاد و سەربەخۆدا بوونی نەوت رەحمەتە، کەچی ئەوەتەی نەوتی کەرکووک دۆزراوەتەوە، ئەو رەحمەتە بۆ ئێمەی کورد دنیایە زەحمەتە... ئەگینا هیچ جیاوازییەک لەنێوان هەولێر و کەرکووکدا وەدی ناکرێت و هەولێر پایتەختی کوردستانە، گرفتی نەوتی کەرکووک تا بە ئێستاش یەکێکە لە خۆڵەمێشەکان و هەرسات بیانەوێ لە ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ بڵێسەدارتری دەکەن.



میللەتی کورد زۆری چێژاوە و زۆر نەهامەتیان بۆ سازاندووە، لەو ڕێرەوە دوور و درێژەیدا خەڵکانی نایاب و نەشیاویشمان تێدا بووە.
لە ڕێکەوتی ٢٠١٧\٨\١٣ خانمە پەرلەمانتارێکی کورد لە کەناڵی (دجلە)دا دەدوا، کابرای عارەب خۆی پێ ڕانەگیرا و بەو خانمەی گوت: "وا نییە، ئێمەش بەوردی ئاگاداری ڕووداوەکانی کوردستانین و ئەوەی دەیڵێیت بە ڕاستی نازانم."

بەندە و خەڵکانی تریش باوەڕیان بە ئازادیی بەیان هەیە و زۆر کەسیش بۆ ئەو جۆرە ئازادییەی سەری دۆڕاندووە، ئەوەی لە کەناڵێکی دوژمنکاردا چەواشەکاریی نەتەوایەتی بسازێنی و بەو شێوە ناجۆرە بخاتە ڕوو، لام وایە پێش ئەوەی زیان بە نەیارانی حزبەکەی بگەیەنێت، ئەوە لە پێگەی تێکڕای میللەتەکەمانی کەم کردووەتەوە حزبەکەی خۆیشی زەرەرمەند دەکا و هەستی بەرپرسایەتیی نەتەوەیی لە ڕووانگەی خەڵکیدا کەم دەکاتەوە.

لەبیرمە شەستەکان پێشمەرگە بووم، ئەگەر کابرایەکی نەناسراو گوزەری کەوتبایەتە دێیەک، ژنانی دێ بە تێڵاوە دەوریان دەدا و داوای پسوولەی کادری حزبییان لێ دەکرد.

بەوردی لەو دوو حاڵەتەی ورد بەرەوە و هەڵی سەنگێنە، حوکم بدە لەنێوان ژنانی دێ و ئەو خانمە پەرلەمانتارە.

ناچمە ئەو باوەڕەوە تەنها جیاوازی فکر وا بکات لەبەر بیروڕای حزبایەتی هێڵە سوورەکانی نەتەوایەتی پاشێل کرێت، مەگەر

سـوودێکی خـۆ لەنێوانـدا بێـت و حزبەکەشـی پێـی نازانێـت. ئـەم دیاردەیە ئەوڕۆکە ئاشکرا و بەیانە، لەو باوەڕەشدام ئاوا لێدوانێک لـە داهاتوودا حزبەکان لە ئەندامانی قبوڵ ناکەن و لەسەریان ماڵە.

دیسانەوە لە خۆم دەپرسم: تا بەئێستا دەوڵـەتی رمـووزن و دەعبـای وەک ئیــراق چ گــوڵێکی کردووەتــە لاهەنیســکی ئــەو خانمــە و میللەتەکەمانا لە ماڵوێرانی زیاتر؟

کام رێز و حورمەت؟ کام ئاسایش و ژیان؟ ئەوەتەی دەوڵەتی ئێـراق دروست بووە ١٩٢١ز نەک بۆ ئێمەی کورد هەتاوەکوو بـۆ خەڵکەکـەی غـەیری کـوردیش نـەیتوانیوە ببێتـە نیشـتمان. ئـەوە جـۆری ژیـان و گوزەرانی خەڵکەکەیە، حـەزم لـە گەشـتوگوزارە، بـۆم بلوێـت سـەفەر دەکەم، بـاوەر بکـەن کاتێـک پەسـاپۆرتە مەهتوکەکـەی ئێـڕاق وەدەر دێنم دەست دەست عەرەقی شـەرم بـە لەشـمدا دەچـۆڕێ، ئەفسـەری پشکنینی پەساپۆرت یەکسەر دەڵێت: بڕۆ لەولاوە راوەستە.

خەڵکەکــە دێــن و دەڕۆن زەردەخەنەیــەکم تــێ دەگــرن خــۆم بــە ساختەچی و دز و دەخـەڵ و تیرۆریسـت دەزانـم و وەک وەبـازەدە و تاعون لێدراوێک مامەڵەم لەگەڵدا دەکرێت.

باشە تا کـەی ئێمـە ئـەم جـۆرە خاوانـەی بـدەین تـا کـەی وا ئیهانـە کرێین؟

هەی هاوار، بۆ خوایش بووە یەک سـوودی عێراقیبـوونم بـۆ هەڵـدە.. لەبیرت نەچێت من باس لە دەوڵەتی عێراق دەکەم نـەک میللەتەکـە..

ئەوەتــەی دەوڵــەتی عێــراق دروســت کــراوە وەک مــەڕ و مــاڵات نواڕیویانەتـە میللەتەکـەدا، ئـەوی بیریـان لـێ نەکردووەتـەوە خـەڵکی وڵاتەکەیە.. بەڵام هیچ یەک لـە دەوڵەتـدارانی ڕابـردوو وەک ئەمانـەی ئێسـتا نـەبوون، لـەدوای هـەڕوژانی سـەدامەوە هـەزار ملیـار دۆلار لـە عێراقدا سەرف کراوە و سەد و هەشتا ملیاریش قەرزارە، بنواڕە ڕیزی ئەم سفرانەیدا (١٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠٠٠٠$) ژمارەیـەکی ئەفسـوناویە ئـەوەش وەزعــــــــــــی خەڵکــــــــــــە بەدبەختەکەیــــــــــــەتی.

دەوڵەتدارانی عێراق هەمیشە لـە ئاسـتی ئێمـەی کـوردا بـاش بیریـان نەکردووەتەوە، هەمیشە لووتبەرزانە نواڕیویانەتە خەڵکی کوردسـتان. لێیان گەڕێ ..ئەو نەخوەتەیان پیرۆز بێ با خۆیان بە کوڕی (نووح) و بــەنی قــەحتان و بــەنی عــەدنان و کاکڵــەی قــوڕەیش بــزانن، بەمەرجێک دەست لە کوڵمان کەنەوە، ئەوی هی ئەوانـە بـۆ ئـەوان و ئەوی پاشماوەی تاڵانە بۆ خاوەنی و بەڵێنیش دەدەین دراوسێی باش بین و هـەر چیشـتێکیش لـێ نێـین کاساوسـێیان بـۆ دەنێـرین ئەگـەر شـاییمان بـوو دەعوەتیـان لـێ دەکـەین، شـین و بۆنـەی کولتـووری غـەمناکیان هـەبێت، خۆمـان دەگرینـە قـوڕ، بـەڵام برامـان برایـی و کیسەمان جیایی و تا ئێرا و بەس.

بەندە ناچار نەبم پەیکـەری سیاسـی ناسـازێنم، بـەڵام جاروبـار بـەرد دێننە قسە، دوودڵ بووم لەم پەیکەرە بیکەم یان نا؟

لەبەر ئەوەی لە باوەڕێکدام (نـەوت) چەنـدە ڕەحمەتـە دوو ئەوەنـدە زەحمەتە و ئاژاوەخوڵقێنە.

ئـەوە زیـاتر لـە سـەد سـاڵە نـەوت لـە کەرکووکـدا دۆزراوەتـەوە، هــەژارترین شــار بەســەر دەوڵەمەنــدترین زەویەوەیــە، نــەوت لــە دەڤەرەکانی دیکەی کوردستـاندا لـەیرا و لـەوێ پێـی زانـراوە و دەری دێنن و ئەوەسا ئەگەر پوڵ و پارەیەک هەبێت هی ئەو نەوتەیـە هـەم خەڵک و هەم پێنج حزبە گەورەکە هەر یەکەیان بەگوێرەی قەبارەیان سـوودی لـێ وەردەگـرن (دوور لـە دەمـارگرژی و ئالـەتی حاسـیبەی فـەوزا) ئـەوە واقعیەتێکـە هـەمووومان دەیـزانین، ئـەگینا ئـەم هـەموو خانەنشـین و معاشـخۆر و کـەناڵی تەلـەڤزیۆن کـە ملیۆنـەها دۆلاری دەوێ خۆ لە ئاسمانەوە دانابارێت لەو نەوتە وەردەگیرێت، من باسـی ماشـــێنی وەنەوشـــە و مەنەوشـــەی جۆراوجـــۆر ناکـــەم.

ئەوە پەیکەری (نەوت)ە

بەرمیلێکی نەوتم بە شێوەیەکی فانتیزی دوولەت کردووە و پەرچەمی کوردستانم لەسەر نەخشاندووە، لەو بەرمیلە پێنج زنجیری قەبە شۆڕ بوونەتەوە بە ڕەنگی هـەر پێـنج حزبـە گەورەکـە و چەنـدین زنجیـری بچکۆلـەی تـری وەدی دەکـرێن پەنجـەمۆری معاشـخۆرین، بەلووعـەی بچوک بچوک لەو بەرمیلەدا دەبینرێن، گویای وردە ناشەفافیەتە، پـێم وایە ئەو ناشەفافیەتە کەم و زۆر لـە جیهانـدا وەدی دەکرێـت بەسـەر

(قاعدە)یەکی چوارگۆشەوەیە هەر چوار لاکەی هەریەکە و قوفڵێکی لێ دراوە نیشانەی ئازادنەبوونی هەر چوار پارچەی کوردستانە.

لەساڵی هەشتاودوودا دیوانی شیعری (بەفری گڕگرتوو)م بڵاوکردەوە، ئەویش دوای هەشت مانگ مانەوە بەلای رەقابەی بەحیساب رۆشنبیریەوە، لەوێرا هەڵبەستێکی تیادایە بەناوی (پەری) ئاماژەیە بۆ فکری جاشایەتی و نۆکەرسفەتی کەوا ئەورۆیش لەنێو میللەتەکەماندا دەبینرێت ئەوە نییە کەمپینی دژ بە ئازادیی کوردستان دەکەن لە کۆپلەیەکی شیعرەکەدا دەڵێت:

ئەرێ کابرا ..
کەڕی، کوێری، لاڵی...
خرچی، خامی، کاڵی...؟
نابینی شاییە بەرێزا
خەنەبەنانیان خوێنی ئازیزە؟
تۆ بۆ سەماکەری هەرزەئاوازی؟
نەڕەی جاڕدەر و پەیڤی بانگەوازی؟
بۆ سەرچۆپی کێشی زەماوەنی؟
بۆ هێزی بازووی دهۆڵژەنی؟
بۆ سارەبانی پەلاماری؟
بۆ سادەن کوژی کابەی شاری؟

پەری هات و وتی:

یەکێک بوو یەکێک نەو

دەزانی گوڵ و لمە دەبنە بەرد و چەو؟

دوای ملیۆنەها ساڵ

دار و درەختە نەوت پێک دێنێ

نەوت وەبایە

نەوت بەڵایە مەرگ دەڕوێنێ.

تەوژمە خاک دەکاتە سەنگ

تەقینەوەیە ئاکامی هاواری بێ دەنگ

گڕە سەبەبی جوششی ئاوە؛

زۆر و زوڵمە هاندەری هەڵمەتی پیاوە

پەری دیسان بە گوێمدا چرپانی

وتی: دەزانی؟

زۆربەی زۆری ئەم ژینە

هەم هەمەیە و بەن و باوە

سەرماوسۆڵە لە نەبوونی گەرمی هەتاوە

گڕی مۆمە

قەتڵگای پەپوولەی گچکە و هەراشە

خەرمان کە سوور بوو ئاکامی ژیرد و

بەردە ئاشە

تیەی گەیشتی و پێی گەیشتی

دەســــــــت بـــــــە دامــــــــان
نەکـــــــــــــەی ئامـــــــــــــان
خـــــــۆت بـــــــە زل مەبینـــــــە
گلێنـــە هـــەر چەنـــدە جـــوان و ڕەنگینـــە
ئاوێنە نمای خەڵک و خـوا و دیمـەنی ژینـە
جیهان نمایە دیدەنە تەنها خۆ نەبینە.

لە هەشتاکاندا ئەم هەڵبەستەم بڵاوکردەوە و گرفتی زۆری بۆ دروست کردم، ئەگەر تەقالای پیاوچاکێک نەبوایە خراپیـان تـووش دەکـردم. ئـەوڕۆ زۆر کـەس ئاگـاداری ئـەدەبیاتی (مقاوەمـەت) نـین و نـەک ڕەخنـەی سـازندە بـەڵکوو دۆ و دۆشـاو تێکـەڵ دەکـەن و کەسـیش هیچیـــــان پـــــــێ ناڵێـــــــــت. ئەوە نییە حەی عـەلا سـەڵات پیـاوی مـالیکین و تـەراتێنی دەکـەن و کەمپینێک دەفەرموون.

ئەوە نییە بەئاشکرا دەڵێن (نەخێر) بۆ شەرەف (نەخێـر)، بـۆ حـەق (نـەخێر) بـۆ ویـژدان، بـۆ پاشـەڕۆژی ئـازاد (نـەخێر)، بـۆ ئیمـان (نەخێر) بۆ ئازادیی کوردستان.

ئەوانە مێـژوو و پاشـەڕۆژ ڕووڕەشـیان دەکـا، دەوڵـەت و دەسـەڵات هیچیان پێ ناڵێت، دەبا ئەو ڕووڕەشیەیان پیرۆز بێت!

## سوپاس بۆ عەبادی!

لە سەرەتاوە دەمەوێ سوپاسی جەنابی دکتۆر عەبادی بکەم، هەر ئەو بە تەنیا نا، بەڵکوو هەموو ئەوانەیش، هاوشمشێری بوون. من وەک هاووڵاتییەکی کورد، لە دڵەوە سوپاسگوزاریانم، کە نەیانهێشت لەو خۆشباوەڕییەدا بم و زەنگە مەترسیدارە هەمیشەییەکانیان بۆ لێ دام.

چەند خۆشباوەڕ بووم، مەستی برایەتی و سەداقەت بووم و زوڵم و زۆرە هەمیشەییەکانم لەبیر کردبوون، پێم وابوو ئەوان شەرمەزاری زانستی هەزارەی سێیەمن و لەززەتی زۆر و زوڵمیان لەبیر چووەتەوە و پایان ناوەتە ناو سەردەمی فەرهەنگی پێگەیشتوو و تێگەیشتووەوە.

سوپاس بۆ ئێوە ... من و ئەو و ئێمەی کوردستان خەریک بووین قەڵاچۆکردنی ئەنفال لەبیر بکەین، باوەشمان کردەوە بۆ کەسوکاری کیمیابارانکەرانی هەڵەبجەی خوێنین و ئەنفالچییەکان و کارەساتە خوێناویەکانی تر، تاکوو پێکەوە بژین و لە هەوارگەی تەخەللوف و تۆڵە دوور کەوینەوە و عێراقێکی فیدراڵی و ئازاد و دیموکراسی پێک بهێنین.

چ خەیاڵێکی خاو، چ فکرێکی بۆش و بەتاڵ بوو! ئیتر ساڵ دوای ساڵ بەرەو بنبەستی قفڵکراو و هەڵدێر ڕۆیشتین. ئێمەی کورد



سوپاسگوزاری جەنابت و سەماکەرانی دوێنێ و ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسیی ئەم چەرخەین، کەوا هوتافی ڕەشبگیریی کوردیان کێشا. پێم سەیرە لەناو دڵێکی بچووکدا ئەم هەموو کینە و ڕق و بوغزە چۆن جێگەی دەبێتەوە؟

چاکت کرد خۆشباوەڕیی ئێمەت بەسەر سەبوورە ڕەشەکەتەوە سڕییەوە، باشت کرد زەنگی مەترسیی خۆشباوەڕییت بۆ لێ داین و سەلماندت ئاش هەمان ئاشە، بیروباوەڕەکان هەمان شتن.

با نەختێک بگەڕێینەوە سەر سەردەمی سەدام و کوشتارەکانی، بەڵێ زۆری لێ کوشتین، وڵاتمانی وێران کرد، گرتی و بردی و سووتاندی، ئەمما کەسی بە بەرچاوی باوک و دایک و کەسوکاریەوە لاقە نەکرد. کەچی دەعباکانی لای ئێوە، لە خورماتوو کردیان، کوشتیان، سووتاندتان، تالاَنتان کرد، تەقاندتانەوە، وێرانتان کرد.

جەنابی دکتۆر، ئێستا ئیمزای جۆراوجۆری ناچاری لە ئێمە بە دەستێکی لەرزۆکەوە وەردەگری، منێکی پیری کورد، لە چیای حەسارۆست و قەندیل سەرفرازتر و شکۆدارترم. تۆیش مەستی غرووری خۆ بەزلزانییت و لات وایە ژەنراڵ "ژوکوفی"ی و لە شەڕی ستانلینگرادا سەرکەوتنت بەدەست هێناوە.

لەبیرت چووە ئەمە عێراقە و زۆر لە جەنابت بەهێزتری لە ئاسمانی خۆیدا سڕیوەتەوە، لەبیری خەڵک و مێژوو نەماون.

دەمەوێت بپرسم ئەرێ ئێمەی کورد چیمان کردووە؟

گوتمان: بەڵێ بۆ ئازادی. بەڵێ بۆ سەربەخۆیی.

تۆ بۆچی ئاگاداری ئەوە نیت، ئەمە خەونێکی هەزار ساڵەی سەرتاسەری خەڵکی کوردە.

سەیرە جەنابت لە خەونیش مەحرووممان دەکەیت؟ خۆ خەون حاڵەتێکی بایەلۆژیی ڕەهایە، ڕەهایەکی موتڵەق.

لەبیرمە ساڵانی (٦٣-٦٤-٦٥) پێشمەرگە بووم و فەرماندەی ناوچەی گەرمیان بووم، لە ئاسماندا ئەستێرەمان نەبوو، برسی و ڕووت، حیسابمان بۆ تاکە فیشەکێکش دەکرد، بەڵام باوەڕمان بە سبەینێ و پاشەڕۆژ هەبوو. زۆر دەوڵەت و دەسەڵات لە عێراق هاتن و ڕۆیشتن، بەڵام ئێمە هەر ماین. وای چەند ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێ! ئێمەی کورد هەژاری و زوڵممان زۆر بینی، بەڵام دڵنیاین بە مەزڵوومیەتەوە جوانترین، نەوەک زاڵمبوون. زوڵمەکانت پیرۆزت بێت.

**خوێنەری ئازیز:**

باوەڕم پێ بکە هیچ حزبێک نیم، بەڵام تا سەر ئێسقان کوردم و ئومێد و ئارەزووم سەربەخۆیی کوردستانە.

دەمارگرژەکانی لای ئێوە، ئەوە چەندان ساڵە پەیڕەوی پرۆگرامی خوێنن، ئەوەی بیری لێ ناکەنەوە عێراق و خەڵکەکەیەتی، ئاوڕێک بدەرەوە چییان بەسەر عێراقدا هێناوە؟

وەرە عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراسی و پڕ لە ئاسایشم بدەرێ، تا نیو سەدەی تریش سەربەخۆیی دەخەمە ناو قەفەسێکی زێڕینەوە.

ئاوڕێک لە عێڕاقە مەزنەکە بدەوە، بزانە چییان بەسەر هێناوە.

ئاسایشە، نییە. ئابوورییە نییە. هەژاری و نەخوێندەواری زۆر و زەبەنە. دزی و دەخەڵی و فەساد هەر مەپرسە.

پێگەی نێودەوڵەتیی عێراق ئەوەیە وا سەرۆک ترەمپ لەم دوایییەدا ئاماژەی بۆ کرد. لەبیرمە شەهرستانی چەند ساڵ لەمەوبەر گوتی: "ساڵی داهاتوو کارەبا دەنێرینە دەرەوە" ئەوە ساڵەهایە گوزەراوە، لەجیاتی کارەبا میلۆنەها خەڵک ڕۆیشتوونەتە دەرەوە.

خوێنەری ئازیز:

ئەم وەڵامەم لە دەمارگرژی و ڕەگەزایەتیی نییە، هاوارێکە و دەیکەم بۆ هەموو خاوەن هەستێک، ئەمە سزادانی تێکڕای ئێمەی کوردە، بەم شێوە وەحشییانە بانگەوازی پرۆژەی (فەشەل) دەکەن، چەندان ساڵە دیاردەی فەشەلایەتی بووە بە میهنەی عێراقی نوێ، ئەوانەی لە دەوڵەتدان لەو خوارە ددان بەوەدا بنێن و بڵێن ئێمەی (فاشیل).

من یەکێک بووم لەوانەی لام خـۆش بـوو بـە ســەرۆک وەزیران و جەنابی نووری مالیکی بەسەریدا سەرنەکەوت، بەڵام ئێستا پەشیمانم. مالیکی نانی خەڵکی کوردستانی بڕی، بەڵام لەگەڵ خۆیدا ڕاسـتی کـرد، کەچـی جەنابـت پـەیـڕەوی حیکـایەتی (ئەلـف لەیـلە وەلەیلە)ی، نـاتوانی سـزای قیادییەکـانی کـورد بـدەی. بنـواڕە چیـت بەسەر فەقیر و هەژاری ئەم میللەتەدا هێناوە، زیـللـەت و نەهامەتیـت کـردووەتە دیـاریی سـەردەمی حوکمڕانییـت. خەڵکـی کوردسـتان ڕۆژ بەڕۆژ هەست بە دابڕان لە بەغدا دەکەن، خەڵکەکە بیانەوێت یان نـا، ئێوە بە عێراقییان نازانن و لاتان وایە مێوانێکی نـاوەختە و ناشـیرین و ناپەسندن. ئەو سزایانە بوونە دابڕانی هەتاهەتایی.

لێم دەپرسی: چیی بکەین، چیی بکرێت تاکوو بەسـەر ئەو دیـاردانەدا سـەرکەوین، مـن پـێم وایە ئاسـان نیـیە، بەرژەوەنـدیی دزەکـان، دەمارگرژەکـان، مافیاکـان، چەتە و کانگسـتەرەکان ئەم سـزادانەیان کردە کولتوور، لە مەزاجیەت دەرچووە و کراوەتە مەنهەجیەت. بۆچی سەرتاسەری گەلانی عێراق نازانن دەوڵەت لەگەڵ ئەو یاساشکێنانەیدا بێت، بێدەسەڵات و زەبوونە؟

کەواتە بەردەوامیـی سـزادانی گەلـی کـورد، نە تەکنیکیـیە و نە لـێ نەزانیـنە، بەڵکـوو پەرەپێـدانە بە جیـاوازی، دابـڕان، ململانـێ، ڕەگەزایەتیـی ئـایینی، هەرا. ئەوە بـۆ خەڵکـی ڕوون بـووەتەوە، زەرەروزیـانی ئـێمە هەر ئەوەنـدەیە کە کردوومـانە، نـۆرەی سـزادانی

ئێوەیە! کەواتە قوماریان لەسەر سزا و زەبوونیی ئێمە کرد. سبەی وەرە تەماشا بکە، سەیری ئاکامی هەڵبژاردنتان بکەن، کام سەرکەوتن، لەسەر بنەمای خوێن و فرمێسکی گەلێکی تر، بەدەست هاتووە! لات وایە سەرکەوتوویت؟

لە هیچ کوێی دنیا ڕووی نەداوە، دەوڵەتی مەرکەزی دژی میللەتەکەی خۆی مانۆڕی سەربازی بۆ تۆقاندن و ترساندنی میللەتەکەی لەناو خاکی دراوسێکانیەوە بەسەر سنووری وڵاتی خۆیەوە کردبێت، بەڵام دەوڵەتی ئێستا عێراق کردی.

ئەمانە هەمووی بەربەستی قووڵن لەپێش ئاساییکردنەوەی نێوان هەرێم و مەرکەزدا. ئەگەرچی هەرێم ئەوەی مەرکەز گوتوویەتی بە گوێرەی دەستوور جێبەجێی کردووە. با ئەوەیش بڵێم: پشتگوێخستنی بەندەکانی دەستوور لە لایەن بەغداوە، حاشاهەڵنەگرە. خانمێکی ئەندام پەرلەمانی عێراق لە یەکێک لە کەناڵەکاندا بەشانازییەوە گوتی: "من بە تەنیا دوازدە ساڵە نەمهێڵاوە ماددەی ١٤٠جێبەجێ بکرێت". ئیدی تاوانی میللەتی ئێمە دەبێ لە کوێدا بێت؟

بەڵێ گوتمان: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی، بەڵێ بۆ خەونی هەزار ساڵەمان.

دەپرسی: هەڵبژاردنی داهاتوو دەبێتە مایەی هێورکردنەوەی نێوان بەغدا و هەولێر؟

ئەگەر هەمان ڕووخسار بێنەوە سەر حوکم و زۆرینە بەدەست بێنن، نەخێر. ئەگەر کەسانێکی دڵسۆزی عێراق و خەڵکەکەی زۆرینە بەدەست بێنن، بەڵێ هەنگاوەکان ڕوو بە ژیان دەنرێن، بەڵام من و خەڵکێکی زۆری عێراق نائومێدن، دوودڵین لە هەڵبژاردن و سەرەنجامەکانی. خوا بکات ئێمە هەڵە بین و کەسانێکی شایستە بچنە پەرلەمانەوە.

دەپرسی ئایا ڕۆشنبیران دەتوانن ڕۆڵ و نەخشیان لە ئاساییکردنەوەی نێوان بەغدا و هەولێردا هەبێت؟

ڕۆشنبیران و تەواوی نەتەوەکانی ناو عێراق نەک هەر فەرامۆش کراون، بەڵکوو لەسەر نەخشە سڕاونەتەوە، ڕۆشنبیران چینێکی فەرامۆشکراوی ڕووت و برسین.

من پرسیارێکت لێ دەکەم، لە هیچ شوێنێکی دنیا بە قەد عێراق کۆبوونەوە و کۆنفرانس و دانیشتنی سیاسی و ئایینی ناکرێت، ئایا دیوتە بۆ یەکجاریش لە ڕێزی پێشەوە بۆ ڕۆشنبیرێک، بۆ بیرمەندێک، کورسییەک دابنرێت؟

کام ڕۆشنبیر؟ ڕۆشنبیر بە لای ڕۆشنبیرەوە ڕێزی لێ دەگیرێت و پێگەی بۆ دادەنرێت، بەڵام دەسەڵاتی عێراقی ئەمڕۆ بابەکوشتەی ڕۆشنبیرانن. من دەهۆڵژەن و سەماکەرانی ناو ڕۆشەنبیران ناڵێم،



تەنانەت ئەوانیش یان لە ترسان یان لە برسان هاتوونەتە سەما، هەر کات مایکەکان لە دەموچاوی گەنـدەڵکاران دوور خـرانەوە، ڕۆڵ درایە ڕۆشنبیران، ئەوکات هیوا و ئومێد لە عێراقی نوێدا پەیدا دەبێت.

## شكرا للعبادي!

بداية أود أن اشكر السيد الدكتورحيدر العبادي، ليس هو وحده، بل كل من شاركه وعاونه...أكرر وأقول: انا كمواطن كوردي اشكرهم من اعماق قلبي... فكيف لا أشكرهم ، وهم نبهوني من الغفلة وأبعدوني عن السذاجة التي وقعت فيها !

يا لهذه البساطة التي آمنت بها ! نسيتُ ظلمهم وشعرتُ بالأخوة والصداقة... توقعت انهم يخجلون من معارف و تقنيات -الألفية الثالثة- وظننتُ انهم نسوا التمتع بالجور وتقدموا الى عصر الإرتقاء والبلوغ.

شكرا لكم... جاهدنا كثيرا حتى ننسى جرائم الإبادة والأنفال ومن قام بهما، لقد قبضنا على الجمر، وإن كانت لفحات هذا الجمر تحرقنا وتؤلمنا .. لكن ما كان من سبيل سواه، وفتحنا حضننا لذوي المجرمين الذين قاموا بالقصف الكيمياوي على حلبجة وحملة الأنفال و جرائم كثيرة اخرى لاتعد ولاتحصى ، من اجل أن نتعايش سويا ونبتعد من التخلف والقصاص والغاء الاخر ، وعملنا لإقامة عراق جديد لما بعد صدام حسين على أسس التعددية و الديمقراطية و الفدرالية و إحترام حقوق الأنسان و القوميات ...

يا لهذا الوهم و الخيال الفارغ... مرت سنوات طويلة، ونحن على مشارف منزلق خطير، وسدت في وجهنا الابواب. ولهذا نحن الكورد نشكر حضرتك ونشكر الرقاصين في الأمس واليوم في اروقة السياسة الذين هتفوا وصفقواعلى ضربنا بالقنابل والغازات السامة وساندوا البعثيين وهم يرتكبون ابشع الجرائم بحق الشعب الكوردستاني .

أتعجب كثيرا، كيف يتسع هذا القلب الصغير لهذا القدر من الألم والبغض والحقد؟

فعلت عملا رائعا، حين مسحت سذاجتنا وبساطتنا على السبورة السوداء ، وحذرتنا لكي لا نخوض في هذه السذاجة والصفاقة ونبهتنا من خطورتها، فشكرا لك مرة أخرى. فقد أثبت ان الرحى الجديد هو نفس الرحى القديم، المعتقدات هي نفسها ولم تتغير بشئ اطلاقا .

دعنا نرجع قليلا الى زمن صدام حسين، أنه لاريب قتل منا آلاف المدنيين العزل، وخرب بلادنا، ودمرنا، وشردنا، وأخذنا وعذبنا، وحرقنا، لكن مع هذا، ما اغتصب النساء أمام ذويهم كما فعل جنودك في طوزخورماتو.

سيادة الدكتور، في هذا الوقت الحساس، تستلم منا التواقيع بأيد مرتجفة، وأنا المسن المحدب سأبقى مرفوع الرأس وشامخا مثل شموخ جبل قنديل وحساروست... وأنت كأنك سكران بخمر الغرور، وكأنك تعتقد بأنك (جنرال جوكوف) انتصرت في معركة ستالينكراد... لعلك نسيت أن هذا هو العراق، أسقط في سمائه كثيرا من أمثالك بل أقوى منك... الآن ذاكرة الناس والتأريخ خالية من ذكرهم!

اود ان أسأل - نحن شعب الكورد- ماذا فعلنا؟

قلنا: نعم للحرية، نعم للإستقلالية.

وأنت لماذا لم تكن مطلعا على تأريخنا؟ هذا هو حلم الشعب الكوردي منذ الاف السنين وهو حق طبيعي وفق المواثيق والعهود الدولية الصادرة من الجمعية العامة للأمم المتحدة..

عجبا... جنابك تحرمنا من كل شئ حتى من أن نحلم بالإستقلال! اليس الحلم حالة بيولوجية محضة غير ارادية ؟

أتذكر في أعوام (٦٣-٦٤-٦٥) كنت في سلك قوات البيشمركة وقائد منطقة گرميان، كنا عريانين وجوعانين، بل أن الطلقة الواحدة كانت محور إهتمامنا وإعتبارنا...لكن مع هذا كنا مؤمنين بالغد والمستقبل، تعاقبت السلطات العراقية، وذهبت آثارها، لكننا بقينا.

سبحان الله ، مأأشبه اليوم بالأمس! نحن الكورد ذقنا طعم الفقر والظلم والإضطهاد، تألمنا كثيرا، ولكننا أمنين ومطمئنين وأن نعيش مظلومين خير لنا من ان نعيش ظالمين... فهنيئا لك تلك المظالم...فكمايقال : (المظلوم لا يهدأ... والظالم لن يهنأ)

ايها القارئ العزيز:

ثق بي ، انا مستقل ولاأنتمي الى اي حزب سياسي، لكنني اتوق ليوم الإستقلال، يوم تحقق كل الامال .، يوم انبثاق دولة كوردستان .

المتعصبون العرقيون من قبلكم، يلتزمون بخارطة الدم، كن مطمئنا هم لا يفكرون بمستقبل العراق ( ارضأ وشعبأ ). ارجو ان تلتفت الى الوراء حتى ترى ماذا فعلوا بالعراق ؟

يا سيادة الرئيس، اعطني عراقا فيدراليا وديموقراطيا متمتعا بالأمن والأمان، وأنا أتعهد بتاجيل مشروع الإستقلال الى نصف قرن آخر...وأضعها في قفص ذهبي.

سيادةالدكتور ، التفت الى عراقك العظيم، لاحظ ماذا فعلتم به، الوضع الأمني خطير، الوضع الإقتصادي سيئ للغاية، عدد الفقراء لايعد ولايحصى، ولا تسأل عن السرقة والفساد المنتشرين في كل أنحاء البلاد. وهذا هو وضع العراق الحالي، وقد أشار الرئيس ترامب الى ذلك.



في إحدى السنوات الماضية قال الشهرستاني نصا " فى العام الجديد بغداد قادرة على تصدير الكهرباء الى خارج العراق"( انتهى الاقتباس )، سنوات مضت على هذه المقولة ولايزال المواطن المغلوب على امره يعاني قلة التجهيز وتعطيل الخدمات. وبدلا من الكهرباء، خمسة ملايين عراقي غادروا العراق، وتبقى الهرباء أزمة الأزمات.

ايها القارئ الكريم :

كلامي ليس من باب التعصب، بل هو نداء لكل من له سمع وقلب، اليوم ما تفعله الدولة ، هو عقاب لكل منا، وهذه الوحشية دعوة لمشروع (فاشل)، وأن الفش أصبح مهنة وليس حالة.

وأنا من الذين كنت مسرورا برئاسة د. العبادي وإبعاد المالكي عن الحكم. ولكنني الآن نادم على نفسي. صحيح ان السيد المالكي قطع قوت شعب الكوردي في رابعة النهار، لكنه كان صادقا مع نفسه، وانت (يا سيادة الدكتور) ملتزم بحكاية (الف ليلة وليلة).

أنظر ماذا فعلتم بفقراء هذا الشعب... حاصرتموه وجوعتموه وافقرتموه ثم اذيلتموه ان الشعب الكوردي يوما بعد يوم يشعر بالقطيعة عن بغداد. شئتم أم أبيتم ان الناس لايعترفون بنا كعراقيين، يعتبروننا ضيوفا مزعجين ومكروهين اتينا على غير موعدنا، وبهذا العقاب الجماعي تتوسع دائرة القطيعة الى ابد الآبدين.

( تسألني: ماذا نفعل حتى نتخلص من تلك الظواهر الشائعة؟

وانا أعتقد ان التخلص من هذا الوضع ليس سهلا، لإن اللصوص والمتعصبين اتخذوا عقاب الكورد عادة، وميزانا لجمع الأصوات الإنتخابية، وعندهم خرج عقاب الكورد من المزاجية الى المنهجية.

اعتقد جازما ، ان كل شعوب العراق يعلمون ان الدولة بأيدي هؤلاء المخالفين للقانون صارت معوقة وذليلة. وهذا العقاب ليس بجهل بل انما هو فن ممنهج لتعميق الإختلافات وتنمية القطيعة والصراع العنصري والديني، تبين للناس هذا تماما. غدا يكون موعد انتخاباتكم ، فانظروا كيف يتقمرون على عقابنا، لاحظوا نتائج انتخاباتكم ، تتنافسون على اساس الدم والدموع لشعب آخر؟ معاقبة الشعب الكوردي من أجل الحصول على أصوات أكثر...اليس كذلك؟

الدولة العراقية تعاقب شعبها، وتقوم بمانورات عسكرية، وعلى حدود كورستان وتستخدم كل اساليب التخويف والترهيب ضد شعوبها ! كل تلك المشاكل تشكل عوائق كبيرة امام تطبيع الأوضاع بين اربيل وبغداد . وإن كان إقليم كوردستان يتعامل مع المركز وفق الدستور والقانون. أقول لك بصراحة ان بغداد أهملت الدستور ولا تتعامل مع إقليم كوردستان كشريك حقيقي ، هذا واضح وبديهي لدى كل العقلاء فلا يحتاج الى الدلائل.

قالت نائبة في برلمان العراق على احدى الفضائيات " كنت طيلة الفترة الماضية وخلال ١٢سنة الماضية وقفت ضد المادة ١٤٠، وتطبيقها ونجحت " إذا ما ذنبنا نحن؟

نعم، قلنا للإستقلالية، نعم قلنا لتحقيق حلمنا الغالي، حلم الاف السنوات والاف الشهداء .



تسألني وتقول: هل الإنتخابات البرلمانية المقبلة تكون خطوة جيدة لتطبيع الأوضاع السياسية بين اربيل وبغداد؟

اقول لو عادت الوجوه القديمة الى البرلمان وحكمت بالأكثرية، لم يغير الأمر على ارض الواقع...لاشك ان فوز المخلصين و المصلحين باغلبية ساحقة، سيكون خطوة جيدة صوب الأمام والتقدم وتطبيع الأوضاع، ولكن انا وكثير من الناس يشعرون بخيبة الأمل، ويقلقون من نتائج الإنتخابات أمام هذه السلطة. ارجو ان أكون خاطئا في فهمي وتقديري ...

تسألني ما هو دور المثقفين في تهيئة الأجواء السياسية بين بغداد وأربيل؟

اقول وبصراحة ، الثقافة ليست أمامها إلا أن تؤدي دورها في مكافحة المخاطر، وعلى المثقف أن يأخذ دوره الحيوي في كشف ملابسات الواقع المعقد، لكن المثقفين وجميع ابناء الشعب العراقي ليسوا مهمشين فقط ، بل تمت ازالتهم من خريطة الدولة، وهم شريحة فقيرة ومحرومة.

كل يوم تنعقد مؤتمرات وإجتماعات وجلسات سياسية ودينية و إجتماعية، فهل رأيت مثقفا أو مفكرا يجلس في الصف الأول ولو لمرة واحدة فقط؟

اي مثقف تقصد؟ المثقف الواعي أو المثقف المصنوع والموجه من قبل السلطة الفاسدة ؟ احترام المثقف ومكانته عند المثقف فقط، اما عند السلطة و هو الد الخصوم. لاأتكلم عن المثقفين الرقاصين والمتملقين! ولو ان اكثريتهم يتملقون و يرقصون خوفا او جوعا.

أقول بصراحة ،حينما يسقط قناع الفاسدين عن وجوههم، ويرجع الدور للمثقفين الأصلاء، فحينئذ يعود الأمل الى قلبي بحياة جديدة في العراق.

مع التقدير

## گیۆتیـــــن

له تەواوی ئایینەکاندا کوشـتن به تـاوان له قەڵـەم دراوه... تەورات و ئینجیـل و قورئـان و ئاڤێسـتا له چەنـدان لاوه ئاماژەیـان بەو گەوره تاوانه کردووه، خۆ ئەوەنەبێ تەنها ئایینداره‌کان نەهییـان له کوشـتن کردووبێت، ئەوی بـێ ئـایین و عەلمانیشـن سـەدان فەقەره و بەنـد و بڕگەی یاساییان داناوه، تا مرۆڤ له کوشـتن دوورکەونەوه و تـرس و تۆقیان و سزای گەورەیان خستووەته پێش بکوژەکان، کەچـی ڕۆژانه هەزاران ڕووداو لەنێو میللەته جۆربەجۆرەکانـدا ئـایینه جیاوازەکانـدا، ڕوودەدات.

باشه بەو هەموو ڕێگریەی له کوشتن دەکرێت، ئەی بـۆ مـرۆڤ واز له تاوانکردن ناهێنێت؟

ئایا ئەوه له قابیل و هـابیلەوه بـۆ مـرۆڤ به ئیـرس مـاوەتەوه؟ یـان وەک غەریزه و ئەنگیـزەی کوشـتن له دڵ و دەروونـی هەمـوو مرۆڤـدا خۆی مەڵاسداوه و له کاتی خۆیدا سەر هەڵدەدات؟

بەپێـی ئامارەکـان ڕێـژەی کوشـتن لەنـاو نەخوێندەوارانـدا زیـاتره تـا خوێندەواران، بەڵام ئەگەر به وردی ئاوڕێک له مێـژووی گەلانـی دوور و نزیـــک بـــدەینەوه بۆمـــان دەردەکەوێـــت که ئەوی کوشـــتار و کۆمەڵکوژی هەیه له لایەن خوێندەوارانەوه کراوه.



ئەو دەستەڵاتدار و ئیمپراتۆرانە دەریایەک خوێنیان ڕشتووە تا ئەو توانا و دەستەڵاتەیان پێکهێناوە، ئەو دەستەڵاتانە فەرماندەکانیان خوێندەواربوونە، جیهانگیریەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی چەندان فەیلەسووفی هاوڕا بووە و کۆیلەکردنی هەزارانیان بە ڕەزا و ڕەوا زانیوە، یان پەلامارەکانی جەنگیزخان و هۆلاکۆ سەدان قەڵەمبەدەست و فەیلەسووف و شاعیر و نووسەریان لەگەڵدا بووە. ئیتر بەو چەشنە ملهوڕەکانی ڕابردووی مێژوو لە ئەسکەندەر و جەنگیزخان کەمتر نەبووە، پەلامارەکانیان بە هەر هۆیەکەوە بووبێت ئاکامیان کوشتن و چەپاوی بە کۆمەڵ بووە.

ملیۆنەها مرۆڤ لە جەنگی یەکەمی جیهان و دووهەمدا کوژراون و بەرنامەڕێژیی ئەو شەڕ و کوشتارەی لە لایەن خوێندەوارانەوە بووە دانا و زاناکان چەکی کۆمەڵکوژییان داهێناوە و خستوویانەتە بەردەستی بڕیاردەرانی شەڕ و شەڕەنگێزان.

ئەوە هەزارەی سێهەمە و مرۆڤ لە پلە و پایەکی زانستی وا دایە، کەهکەشان دەپێوێت، قوڵایی ئاسمان تەی دەکات، کەچی یەشتا لە کوشتاری تێکڕایی و کاولکردنی جیهانی بەشەریەتەوە بەدوور نییە و پەیوەستە بەسەر لێواری ئەو مەترسیەوەیە.

ئەو ئەگەر و مەگەرە ترسێنەرە بە بوونی سەدان پەیمان و بەڵێننامە و تۆمارە ئیمزا کراوەکانەوە نەیتوانیوە لە لە ناوچوونە تێکڕاییەکان

بە دوورمان خەنەوە، لێرە و لەوێ چەکی کۆمەڵکوژی بەکار دەبەن و دەبێتە هۆی کوشتاری هەزاران کەس؟

هەر دوێنێ بوو پێنج هەزار کوردی بێتاوان لە هەڵەبجەدا بە چەکی یاساغ و قەدەغەکراو شەهید کران، کیمابارانی ئەو شارە لەککەی نەنگە بەناوچاوانی فەرهەنگی پێگەیشتووی ئەمڕۆی بەشەریەتەوە.

سەت ڕەحمەت لە "بێکەسی شاعیر" کە دەڵێ:

تف لە عیلم و سەنعەت سەد کارەبـــــــــا..

مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا..

توشی لافاوی عیلم بووم بەڵام زوو دەرپەڕیم

سواری پاپۆڕی جەهل بووم و بەناویا تێپەڕیم..

سەد شکور ئۆخەی نەجاتم بوو لەباسی عیلم و فەن..

نامگرن جارێکی تر بۆیە لەکەیفا هەڵپەڕیـــــــــم..

خوێنەواری شێتیە هەر جەهلە ئینسان سەرئەخا..

گەر ئەمجارە باسی عیلمم کرد بزانن سەر سەریم..

هێندە تعقیبی هەقم کرد تاکوو نانی خۆم بڕی..

سوک و ڕسوا بووم لەناوا پیری ئاخر شەڕی..



من کەزانیم حاڵی زانا نەفیە حەپسە یان شەقە..

هەر کتبێکم هەبوو دوێنێ لەداخانا دڕیم..

گەرچی تائیستا وتومە تێبگەن زوو پێبگەن

بەو قسانەم قەتعیەن باوەڕ مەکەن سەگ بووم وەڕیم..

پیاوی دانا عەقڵی دانا زانی بۆی ناچێتە سەر..

بەرگی نادانی لەبەرکرد بوو بەخاوەن زێڕ و سیم..

شەرتە کەربم بارە گوێزم لێبنێن خڕەی نەیە

تا دەمێ زۆر و کەمێ وەک بێخەمێ بۆخۆم بژیم

ئای چەند ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێ، ئەوە نییە "داعش" لەژێر ناوی قورئانی پیرۆز و ئاییینی ئیسلام و "لااله الاالله محمد رسولله"، ئەوەی خودا پێی ناخۆشە دەیکەن:

سەربڕین، سووتاندن، بەردباران، سووکایەتیکردن، خۆتەقاندنەوە لەنێو موسڵمان و خەڵکانی بێتاوان، جگە لە کۆمەڵکوژی و چەپا و تاڵان و بە کۆیلەکردنی ژن و منداڵی غەیری ئیسلام....

بەهەرحاڵ، ئەم وتارەم دەربارەی پەیکەری "گیوتین"ـە، ڕەنگە بڕێک کەس ئاگاداری چۆنیەتیی دروستبوونی ئەم ئامێرە خوێناوییە نەبن.

هەر کاتێک باس بێتە سەر "گیوتین" ناکرێت ناوی "رۆبسبیر" لەبیر بکەین، ئەو پیاوە یەکێک بوو لە شۆڕشگێرانی شۆرشی میللەتی فەرانسە، کە لە چواردەی گەلاوێژی ساڵی ١٧٩٨زایینی ڕوویداوە.

کاتێک شۆڕش سەرکەوت و دامودەزگای شاهی و خودی شا و شاژن سەربڕان و شۆڕش سەرکەوت، ململانێ کەوتە نێوان دەستەڵادارانی نێو شۆڕشگێرانەوە زۆری نەکێشا باڵی رۆبسبیر زاڵ بوو بەسەر تەواوی باڵەکانی تردا و ئیتر رۆبسبیر کەوتە قەڵاچۆکردنی نەیارانی، بەڵام سێدارە و قەنارە و سەربڕین بەو ژمارە زۆرەیدا نەدەگەیشتن... بۆیە رۆبسبیر کەوتە بیری دروستکردنی ئامێرێکی بکوژی گورجوگۆڵەوە و سەرەنجام ئامێری گیوتینی سازاند، ئیتر بەو ئامێرە کەوتە درەوکردنی سەری نەیارانی... زۆری نەکێشا لە چەندان لاوە میللەت دژ بە ڕۆبسبیر کەوتنە تەقەلاوە و سەرەنجام رۆبسبیر دەستبەسەرکرا و بەو ئامێرەی دروستی کردبوو سەربڕا.

من ئەو پەیکەرەم کە پەیکەری " گیوتینی مەقسەلە"یە سەر تۆپی زەویم خستووەتە ژێر چەقوکەیەوە و جیهانی کردووەتە دوو بەشەوە، خێر و شەڕ، ئاهورامزدا و ئەهریمەن، ڕۆشنایی و تاریکی چاکە، خراپە.

یاخوا ئەوەی پەیڕەوی ئەهریمەن و تاریکییە سەریان بەر چەقوی گیوتین کەوێت.

یاخوا ئەوەی مەیلی بەلای زوڵم و زۆر و چەپا و تالانە سەری بەر نەشتەرگەری گیوتین کەوێ!

یاخوا ئەوانەی ئاژاوە بۆ ئەم میللەتە لەتلەتە، مەزڵوومەی دەنێنەوە سەریان بە چەقووی مەقسەڵەی کەوێ... یاخوا ئەوانەی لە دامودەزگای ڕاگەیاندندا ئاگری هەرا هەڵدەگیرسن، زمانیان بە گیوتین ببڕدرێت.

خوایە وڵاتەکەمان لە بێبارانی و تاعوون و درۆ بپارێزە...

ئەوانەی دەربارەی مێژووی ئێمەی کورد درۆ هەڵدەبەستن و دەیانەوێ بیکەنە سەرچاوەی باوەڕ پێکراو سەریان بکەوێتە ژێر چەقوی گیوتینەوە، دەبڵێ: ئامین!

یاخوا! هەرچی گوڵتە و تابلۆی ڕیکلام هەیە، لەناو شاری هەولێردا هەڵنەکرێت و لە زمانی زۆرداری ڕزگارکرێت، دەبڵێ: ئامیین!

یاخوا هەرچی جێگەی جوانیی ناو شەقامەکانی هەولێر هەیە لە جوێی گوڵتە و تابلۆی ڕیکلام، بکرێتە جێگەی پەیکەر و گوڵ و گوڵزار.

# لەگەڵ تۆمە!

ئـێمەی کـورد جاروبـار ناچـارین وشـەیەکی بیـانی هەر وەک خـۆی دانەین، چونکە ئەو ئامێره یا ئـاژەڵ و جـانەوەرانە لە وڵاتـی ئـێمەدا نەبینراوە و نەبیسراوە، بـۆ نمـوونە کەری " زێبـڕا" مـن نـاوم نـاوە " کەره شەمامە" یان سەدان و هەزاران ئامێری تازە بابەت بوونەتە باو و بـووە بە بەشـێک لە ژیانمـان تـا سـەردەمێک لەمەوبەر ناویمـان نەبیستووە.

بـۆ نمـوونە وشـەی : "مـوعەرەق" هەرچـی کۆشـام بیکـوردێنم، سەرنەکەوتم، ئەم وشەیە ناوی کاردەستی و هـونەرێکە لە دەوربەری ئێمەی کورددا، میللەتانی فارس و عارەب و تـوورکیش هونەرنماییـان تیا کردووە.

ئـێمەی کـورد لەو کـاره هـونەری و کاردەسـتی و پیشەسـازییەوە بەدووربووینە و پابەندی بیروڕایەکی دەمارگرژانەی خێڵەکی بـووینە و پیشەسازیمان تا ڕادەیەک بەلاوە ڕێزدار نەبـووە، تـا بگـاتە کاروبـاری هونەری.

ئەم باسـە بۆخـۆی باسـێکی دوورودرێـژە ڕەنـگە لە باسـی هـونەری "مـوعەرەق"دا نەتـوانم هەقـی خـۆمی بـدەمێ جـا لێـی دەگەڕێـم بـۆ خەڵکانێکی تر.





سەرەتای هونەری موعەرەق لە شاری شیرازی ئێراندا سەری هەڵداوە و هونەرمەنــدانی ئەســفەهانی گەیانــدوویانەتە تــاران و لەوێــڕا بڵاوبووەتەوە، ئەمە چاوساغانی ئێرانـی وا دەڵـێن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هونەرە هەزاران ساڵە لەناو هونەرمەندانی وڵاتـی چـین و بەدوای ئەواندا هندوستاندا باوبووە و ئەو کارەیان بە وردەکارییەوە کردووە.

مــوعەڕەق وشــەیەکی عــارەبییە و بە فارســی کــراوە، لە وشــەی "عروق"وە وەرگیراوە، یانی دەمار، یان ڕەگ، ئەو هونەرە بەسـەر دار و لە دار ئەنجام دەدرێت. بڕێک لەو دار و درەختانە کە دەیبڕیت و ئەگەر لە ڕووی بڕینەکەی وردبیتەوە، ڕەگ و دەمارێکی تیا دەبینرێت ..

ئەو دەمــارانە ڕەنگیــان لەگەڵ بەقــیەی ڕووکەدا جیــاوازە، ئەو جیـاوازیی ڕەنـگە هونەرمەنـدان سوودیان لـێ وەرگرتـووە و سـاف و لووسـیان کـردووە، بە شـکڵ و شـێوە و شـەمایلی هـونەری بڕێـک کـاروکردەوەی پـڕ لە وردەکـاریی هونەرییـان نوانـدووە، سـەرەتا ئەو کــارە وەک کاردەســتی وابــووە، بەڵام لە دواییــدا هونەرمەنــدە ئەکادیمییەکــان دەســتیان تێــوەرداوە و ئەوڕۆ بە بەشــێک لە دیـاردەیەکی هـونەری دەدرێـت لە قەڵەم و تـابلۆی هونەرمەنـدانەی جۆراوجۆریان سازاندووە...

بەندە کاتێک دەربـارەی هـونەری ئیسـلامی دەنووسـم شـیاوە باسـی موعەرقیش بـکەم و بـیخەمە بەردەسـتی خوێنـدەوار و هونەرمەنـدانی

میللەتەکەم، بەڵکوو لەم بوارەیدا دەست بەکار بن، زیندەگی مرۆڤ لە سەرەتاشەوە هەویرەکەی بە ئاوی هونەر گیراوەتەوە، بە گوێرەی درێژایی زەمان کە فکر و هۆشی مرۆڤ پێگەیشتووە هونەریش لە ئەوزەلیدا وەک تێفکرینی گەشەی کردووە، تا ئێستا بیروڕای جۆراوجۆر دەربارەی هونەر وتراوە و نووسراوە، ئەوی ڕوونبووەتەوە هونەر ئاوێنەنمای هەستە زەریفەکانی بیروئەندێشەی ڕۆحی ئینسانە، بە شێوەی جۆراوجۆر وەدەری دەخات.

ئێمە هونەر دابەش دەکەینە سەر دوو قۆناغدا سەرف نەزەر لە وردە قۆناغەکانی ئەو دوو قۆناغە سەرەکیەیدا کە ناسراوە بە :

١- قۆناغی کلاسیک.

٢- قۆناغی سەردەم.

هونەری کلاسیک ڕیشووی لە کەلتوور و شێوەی زیندەگی خەڵکەکەدا داکووتاوە و لە بیر و ئەندێشەیانەوە بە دوورنەبووە ، لە هەر دەڤەر و ناوچەیەکی جوگرافیدا بە گوێرەی هۆشی ڕۆشنبیری خەڵکی وڵاتەکە کەوتووەتەڕوو، هونەری کەلتووری یان سوننەتی ناوبراون.

ئێران وڵاتی میللەتانە و تەنها بەهی برا فارسەکانمان ناژمێدرێت و ئێمەی کوردیش کۆنترین گەلێکین لە کوردستاندا ژیاوین و لەگەڵ ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا تێکەڵاوین، چاوەقولە هاتووە گردومانە و شەڕ و پەلامار ڕووی داوە و کردوومانە

هەژاری و قڕ و قاتی ڕوویداوە، دیومانە و ئێمەیشی گرتووەتەوە، ناکرێی و نەشیاوە لە داهێنـان و زەرافەتەکانی بێبەش بکرێین، وابیدەین لە قەڵەم " ئەوی بە کەڵکە هی ئێمەیە و هی خەڵکە." قەینا ئێمە فێری ئەو مەزڵوومیەتەین چ ئەوسا چ ئێستایش.

ئیتر تا ئێرە و بەس، با نەختێک ئەمڕۆیانە بیـر لە چوارتەنیشت بکەیـنەوە و ددان بەوەدا بنێـین کەمتەرخەمیەکەمـان دەربـارەی دونیای هونەر تەمەنی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە، سـەیر لەوە دایە وا چـارەکی یەکەمـی سـەدەی بیسـت و یەکەممـان گوزەراندووە و چاوساغانمان یەشتا بە عەقڵـی شاخ لە ژیـان و نیازەکانی سەردەم بیردەکەنەوە...

لەوە دڵنیـام ئەمە کۆتـا هەناسـەیە و دەسـتەپاچەییە، نەسـلی داهاتوو قبووڵی ناکا و نەفرینی دەکات، بەتـایبەت ئاوا تێفکـرین دەربارەی جیهانی هونەر و هونەرمەندان.

من سەرم سـڕدەمێنێ ئـێمەی کـورد نەک لە هـونەردا بەڵکـوو لە تەواوی کاروباری پیشەسازیدا نەک تەنها لە دونیای دروستکردنی گاسـن و داس و تەور و قـورمە و هەوجـار و مـژان هەنگاوێـک پێشـنەکەتوون، بەڵکـوو بە چـاوی ڕێزیشـەوە نەمـان ڕوانـیەتە سـازندەی ئەو کـاروکردەوەی پیشەسـازییە لە ڕووی عەقڵێکـی خێڵەکیانەوە بیریان کردووەتەوە و زوڵمێکی زۆرمان لە قەرەجـی دۆم و تەواوی سـەنعەتکاران کـردووەتەوە و ئێسـتایش بە

شێوەیەکی شایان نا نواڕینە هونەرمەندان، بڕێکی جاهیل یەشتا وشەی " لۆتی" بەکار دەبەن و هەتاکوو بەوەیشەوە نەوەستاون، شاعیران بە "شایەر" ناو دەبەن.

بەندە هۆی ئەو دیاردانە دەزانم و باسێکی دووردرێژە، لام وایە سووریشم لەسەر ئەوە تا بە ئێستا نە حزبەکان و نە دەستەڵات بە شێوەیەکی جدییانە لەم ڕووەوە هەنگاویان نەناوە و لایان وایە هونەر تەنیا سرناژەنی و گۆرانیبێژانی میللەتەکەن. بۆیە هەر هەنگاوێک دەنەن سیاسییە و دوورە لە چارەسەری دونیای هونەر.





# ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

وەبەرچاوکەوتنی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنیی زۆر لە ناو خەڵکی کوردستاندا بەدی دەکرێت، ئێستا بە دەمودەستی خەڵکەوەیە، ڕەخنەیش وەک ڕۆمان بە بابەتێکی تازە لە قەڵەم دەدرێت لە ئەدەبیاتی کوردیدا... هەتاوەکوو گۆڤاری گەلاوێژ لە پەنجا و چلەکاندا لە شاری بەغدا وەدەر دەهات لە تەواوی ژمارەکانیدا یەک بابەت ڕەخنەی تیادا وەبەر چاوناکەوێت.

لەناوبردنی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی جەمهووریەتی بوو بەهۆی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە زۆر بواردا، یەکێک لەوانە شێوەی ڕاگەیاند و دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر بوو، هەتا لەو کاتانەیشدا هیچ ڕەخنەیەکی ئەدەبی نە دەنووسرا، ئەوی جاروبار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەدی دەکرا دەربارەی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان زۆرتر بۆچوونێکی چینایەتی بووە.

بۆنی هێرشی لێدەهات تا ڕەخنە و شیکردنەوە.

ئەو شێوە تا ساڵانی حەفتاکان بەردەوام بوو. کە نوێگەرایی لە شیعر دەستی پێ کرد و لەو ڕووەوە بابەت دەنووسرا.

نووســەران کەوتــنە ململانەیەکــی فکــرییەوە، وردە وردە شــێوە و شەمایلی ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا کەوتە بەرچاو، تـا هەفتاکـان ســەرچاوەی ســەرەکی ڕۆشــنبیری کــورد زۆرتــر لە ئەدەبیــاتی عەرەبییەوە بوو، هێشتا پەیوەند و زانیـارییەکی ئەوتۆیـان دەربـارەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی بەدەست نەهێنابوو...

کە شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ کرد و ململان و هیجرەت و ئەودیـو ئەم دیـو زۆرکـرا، هەر ئەو ئـالیەتە یـوو بە هـۆی ئاشـنایی نێـوان ڕۆشنبیریی کورد و ئەدەبی فارسـی... ئیـدی کەسـێک لە ڕۆشـنیرانی بواری ئەدەبی وەک ڕەخنەگر ناسران، بەڵام هێشتا شێوە ڕەخنەگران دووربوون لە مەنهەجـیەت و ئەکـادیمیەتەوە، بیـر و فکـر و بۆچـوونی سیاسی زۆرتر ئایدۆلۆژیەتێکی چەپگەرایان لە نووسینەکانیاندا وەدەر دەکەوت و بەو کەیـــــل و کێشـــــانەوە تەرازووە کارەکانیـــــان هەڵدەسـەنگاند. سـەیر لەوە دایە تـا بە ئەمـڕۆ زۆر کەم ڕەخـنە بـۆ سـازندەگی و پێگەیشـتن وەدی دەکرێـت، زۆربەی زۆری ڕەخنەگـران لەژێر کاریگەریی حزبە سیاسییەکاندان و کەمجار ڕاسـتگۆیانە و دوور لە حزبچێتی و دەڤەرچێتی  و شارچێتی و گۆڤـارچێتی و کەنـاڵچێتی دەنووسن.... ئەو چیتیانە! زەرەرو زیانێکی گەورە و گرانی لە ئاستی ڕۆشنبیری ئەمـڕۆی ئـێمە داوە، لە پـڕ لە چەنـدان لاوە، نووسـەرێک، ئەدیبێک، ڕۆشنبیرێک پەلامار دەدرێت و  لە ڕۆژنـامە و گۆڤارەکانـدا، کە زۆربەی زۆریان سەر بەو لایەنان، تایبەتمەندانە بـڵاوی دەکەنەوە، خـوا هەقە چەنـد ڕەخنەگرێـگ هێشـتا دەسـتبەرداری وژدانـی خۆیـان

نەبـوونە و بێلایانـانە جاروبـار قەڵەم بەکـار دەبەن، ئەوە بۆخـۆی مایەی ئومێدە... دڵنیام لەوەی ڕۆژگارێک لەپێشە بـواری ڕەخـنە لەو ئاشوفتە بازاڕییە دێـتە دەرێ و وژدان و خـاوێنی قەڵەمـیش جـێگەی شیاوی خۆیان دەگرنەوە.

مـاوەتەوە سـەر ئەوەی نـاوی ژمـارەیەک لە ڕەخنەگرانـی ناسـراو و بەرجەسـتەی کوردسـتانی باشـوور بـخەمە بەردەسـتتان، ئەویـش ئەمانەی خوارەوەن:

١- زایەر ڕۆژبەیانی.
٢- ئازاد عەبدولواحید.
٣- عەتا قەرەداخی.
٤- کەمال غەمبار.
٥- ڕەئووف حەسەن.
٦- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد.
٧- محەمەد بەکر.
٨- عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی.

# دیوار

کاتێک مرۆڤ بیری کردەوە و لە ئەشکەوت وەدەر هات، لە قۆناغێکی مان و نەمان کەوتە تێڕامان چۆن خۆی لە سەرما و گەرما بپارێزێت، بەردی لەسەر بەرد دانا و ڕۆیشتە پەنایەوە.

دیوار یەکێک بوو لە شاکارەکانی مرۆڤی سەردەمی بەرد، ژیانی ئەو سەردەمە گرنگییەکی پابەپای دۆزینەوەی ئاگر بوو.

من وەک ئەندازیارێکی میعماری سەروکارم لەگەڵ دیوار و قەد و قامەت و زەرافەتکاریدایە.

بەلای منیشەوە "دیوار" نیشانەی ژیان و زیندگانییە، باس کە دێتە سەر دیوار، ناکرێت دیواری بەغدا لەبیر بکەین، نەشیاوە دیواری شاری تەڕوادە و شاری ئیسپارتە پشتگوێ خەین، یان حەوت شوورەی شاری ئکپاتانای پایتەختی ماد، یان دیوارە ئەستوورەکەی نەینەوا و بابل، یان شوورە پتەوەکەی دەوری قوستەنتەنیەی دەستەڵاتی بێزەنتە یان دیواری شوورەی چینە.

با زۆر نەڕۆیین دیوارە ترسێنەرەکەی شاری بەرلین یان هێڵی ماژینۆ کە ئەویش بە جۆرێک لە دیوار دەژمێردرا، خۆ دیوارە ئاسنینەکەی سنووری یەکێتیی سۆڤیەت ئێستایش بەناوهێنانی ترس دەخزێنێتە دڵانەوە.



جگە لەو ئەو دیوارانە بڕێکیان ژیانبەخشبوونە و بڕێکی تریان زیانبەخش و مەرگپووتێن. زۆر دیواری نەبینراویش لە ژیاندا هەستی پێ دەکرێت و شاردەی کاروکردەوەی خودی ئینسانە، مایەی سەرشۆڕیی ڕەگەزی مرۆڤە، مایەی ئازار و بەدبەختی و ئۆفە، وەک: دیواری ئابووری، دیواری چینایەتی نێوان هەژار و دەوڵەمەند، یان بڕێک دیواری کەلتووری، ڕەگەزایەتی یان کۆمەڵایەتی یان ئایینی...

ئەو دیوارە هەستیارانە تایبەتمەندیی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانە، بەداخەوە بە ڕێژەی فراوان هەستی پێ دەکرێت، زۆرتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

باس، باسی دیوارە، نەشیاوە باس لە شاری بەغدا و ڕابردووی بەغدا و دیوارەکەی دەوری و هۆلاکۆخانی مەغۆل و ئیبنولعەلقەمی و دوا خەلیفەی عەباسی نەکەین، کە هەر یەکە لەوانە شانامەیەکە بۆخۆی.

ئەوی ڕوونە شاری بەغدا هەرگیز بێ دیوار نەبووە، هەر زنجیرە دەوڵەت و دەستەڵاتێک لەو شارەیدا فەرمانڕەوا بووە گرنگی داوەتە دیوار و دیواری سازاندووە، دیارە دیوار بە نیشانەی جەلال و هەیبەت و توانا ژمێردراوە، بۆیە لەم شارەدا تا بە ئەمڕۆ دیوار باوە...

قەڵا و قەڵاداری هەر لەسەر دیوار دەژمێردرێت و حساوە، ئیدی بەرزی و بوڵندی و قایمی و قووڵی قەڵا بە دیاردەی بەربڵاوی خاوەنەکەی هەژمار کراوە.

قەڵای "ئەلمـــووت"ی "بەنگکێشـــەکان" چوارســـەد ســـاڵ بەرانـــبەر هێرشـــەکان و پەلامارەکـــانی هۆلاکـــۆ ڕاوەســـتابوو. لەنێـــو شـــاری بەغدایشدا بە گوێرەی زەمان قولله و قەڵای زۆری تیادا بووە.

لەم دوادوایەشدا بە فەرمانی سەددام دوو دیواریان بە دوولای مەتاردا سازاندبوو بە درێژایی چواردە کیلۆمەتر.

ماڵم لە گەڕەکی عـامریە دابـوو ئەو گەڕەکە بە تەنیشـت ئەو دیـوار و جادەیەدا دەگوزەرا.

لەبیرمە شـەوێک درەنـگ مەلاجەمیـل ڕۆژبەیـانی و مەلاشـوکر مێـوانم بوون، ویستم بۆخۆم بیانگەیەنم نازانم بۆچی بەو جادە مەشئوومەوە ڕۆیشـتم، دەبـوا ڕوو بە "مەتـار" بڕۆیشـتبامە، لە فەتـحەی یەکەمەوە وەرچەرخامـا نـاو شـاری بەغـدا، نەگـبەت بردمـانی لەو "فەتـحە"یە گوزەرام و بە ناچار دەبوا لە فەتحەی دووهەمەوە وەرچەرخێمەوە... لەلای فەتحەی دووهەمدا دوو نێرە حەیتەمـان لـێ دەرکەوتـن، چـاوت ڕۆژی ڕەش نەبینـێ، ڕایـانگرتین و پشـکنینی خۆمـان و ئۆتۆمبێلیـان دەســتپێکرد و پێنــاس وەرگــرتن و چــاوزەقکردنەوە و پاڵپێوەنــان، سەعات یەکی شەوە!

مەلا شــکوور زۆر ترســا، بەڵام مەلاجەمیــل تەقەی ســەری دەهــات، لەوەی دەترســام مەلاجەمیــل خراپتــری لــێ بکــات و بە پــارەیش چارەســەر نەکرێـت، ســەرەنجام دوای کێشــەیەکی یەک ســەعاتی، بە بڕێک پارە بەرەڵایان کردین، هەرکەوتینە ڕێ، مەلا شکور گوتی:

خوسرەو! تخوا ئەمە نان بوو خواردمان یان ژەهری مار؟

دوای هەڕووژان ئەم دوو دیوارە ئاساری بەسەر پاسارەوە نەما و تەنانەت بلۆکەکانیشی دزران.

سەیر لەوەدایە ئەو ڕێگە و بانەی ئەو مەتارە ئێستایش ئاش هەمان ئاشە، کە ناتوانیت ئاسایی بەو ڕێگەیەدا بگوزەرێیت، ئەگەر پێناسی سوور و سەوز و شینت لە گیرفاندا نەیەت، خۆ ئەگەر ڕێچکەی هەمەری ئەمریکاییت تووش بیت، بچووکترین هەڵەت لێ ڕوو بدات کوژراویت.

بەڵێ، بەغدا هەرگیز بێ دیوار نەبووە و نابێ! شتێکە لەسەرتاسەری مێژووی ئەو شارەیدا بە ئەندازەی ئێستا دیواری تیادا نەبووە و نەبینراوە، بە جیاوازیی ئەوەی دیواری ئێستا تەختەی کۆنکریتی زەلام و ئەستوورە نەک کەرپووچ و بەرد.

ڕاستییەکەی داهاتووی ئێمەی کورد پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەو دیوارە کۆنکرێتانەی بەغدایە، بە دڵنیایی بە لابردنی ئەو دیوارانە یانی نەمانی ئیرهاب و توندوتیژی ئاواتی ئێمەی کوردە، یان ئەو بەرە سیاسیانەی وەک ئێمە بیر دەکەنەوە.

بەداخەوە ئەوانە بەو وەزعە شرۆڵەیانەوە چەندان ساڵە ددانیان بە بەشێکی کوردستاندا نەناوە، پەیوەستەیش لە هاندان و هەڵگیرسانی شەڕ و ئاژاوەدان...ئاخری خێر بێت!

بەهەرحاڵ، پـێم وانیـیە لەم ڕۆژەیـدا بیـر لە پاشـەڕۆژی ئەو دیـوارانە کرابێتەوە، خۆ ئەوان بیر لە زبڵ و بۆگەنیی ناو شار ناکەنەوە، چـۆن دەپرژێنە دیوارە کۆنکرێتەکان؟

بەهەرحاڵ، زۆر بە ئاسانی دەکرێت ئەو ملیۆنەها تەختـە کـۆنکریتییە ئەستوورانە بکرێتە دیواری خانووبەرەی کەم دەرامەتەکان... بۆنا؟

ئیدی ماوەتەوە سەر داوایەکی بچکۆلانە و دەمەوێ لەگەڵما بڵێیت بـا بەهەڕووژێت تەواوی ئەو دیوارانەی بۆنی زۆریان لێ دێت!

با پێکەوە بەرد و بناغەی دیواری موحبەت و ژیان دانەین.

با کەنین بخەینە سەر لێوان.... لەگەڵ سازەندەگیدا بکەویـنە ژوان و ژیان...

دەی فەرموو نایەی؟

من وا چووم چاوەڕوانم!

# مێژووی تیپی شێروانە

دێی کەلار پەنجاکان سەیر بوو، تێکەڵەیەک بوو لە تایبەتمەندی لە جێگە و شوێنی تردا لەو شێوازە نەدەبینرا، نە شار بوو نەدێ، نە دەوڵەتی تیادابوو، نە بەند و بنوودی یاساکانی....

لەوێڕا سیستەم و بیروڕای خێڵەکی جاروبار فکرێکی کاڵ و خرچی سەردەمانە لێرە و لەوێ دەبینرا، وەنەبێ دەمارگرژیی خێڵایەتی و ناوچەگەری تیادا نەبووبێت جاروبار ڕووداو ڕووی دەدا، ئیتر ئەمە دزییە، پیاوکوشتنە، ئاشووب و هەرای زەویوزار و کێڵگە و لەوەڕگایە، تەواوی ئەوانە لە لایەن بە گزادەکانەوە ئاسان دەکرا و ئەو کەسەی پەنای بۆ یاسای دەوڵەت ببردایە بە یاخی لە سیستەمی عەشایری دەژمێردرا و جێگەی لە کەلاردا نە دەبوویەوە.

لەبیرمە هەمیشە چوار پێنج بکوژی ڕاکردوو و لە کەلاردا وەکوو پەنارەبەری تیادا بوو، دەوڵەت و دەستەڵات دەستیان بۆ نەدەبرد.

جگە لە ئەو بکوژانە، چەندان پەنابەری ڕاکردوو دەستی "تحقیقات الجنائیة"ی ئەمنی بەغدای سەردەمی پاشایەتی و کابرا لەندەهۆرەکەی ئەو دەم "بەهەجەت عەتیە" لە کەلاردا بوون و لە ماڵی باوکمدا نیشتەجێ بوون، ئەوانەی ناوەکانیان لەبیرمە عەلی

بەگی حسێن بەک، کەمالی میـرزاکەریم و چەنـد کەسـێکی تـر...وەک سەید تەهای شێخ جەلال.

له بیرمه منداڵ بووم چەند کەسێک به تۆمەتی شیوعەتییەوه ئەمـری گرتنیان دەرچووبوو، ڕایان کردبوو له کەلار له ماڵی ئێمەدا بوون.

کەلاری پەنجاکان وەک قەڵای لێقەوماوان وابوو، زۆر لێقەوماوی تیـادا بـوو، زۆریـان تـۆمەتی بکوژیـان یەدەک ڕادەکێشـا کـورد و عـارەب و تورکمان لەوێ پەنابەر بوون، دەوڵەتی عێراقی دەستی بۆ نەدەبردن، هەتـاوەکوو لێقەومـاوانی ئێـرانیش له کەلاردا دەبینـران، بـۆ نمـوونه "قەدەمخێـر" ژنه شۆڕشـگێڕەکەی لوڕسـتان له ناچـاری ئێرانـی به جێهـێڵا، پەنـای هێنـایه بەر بەگزادەکـانی جـاف. له قزرابـات شاردیانەوه.

نـزیکەی دوو سـاڵ له مـاڵی عەبـدوڵڵابەگی کەیخوسـرەو بەگـدا له شاری قزرابات "سەعدیه"دا ماوەتەوه، ئاخر نیوەی ڕاسـتی ئەو شـاره وەک موڵک هی ئێمەیه، مزگەوتی مەحموودپاشا لەوێیه، گۆڕی باوکم حەمەسەعید جاف لەو مزگەوتەدایه، بۆیه کورد حەمرین به هی کورد دەزانێ چونکه موڵکی ئێمەی کوردی جافه.

ئەمەی دەگێڕمەوه، بۆ خۆم لەبیرمه کرێکارێکی ئێرانی "ئـازەر"ی له ماڵی ئێمەدابـوو، بەنـاوی " عەلـی تـورکه" وەک وتـم بـاوکم تـۆمەتی چەپگەرایـی پێـوه بـوو، هەواڵمـان پـێ گەیشـت سبەی "تەحقیقـاتی نەهجەت عەتیه" مودیری ئەمنی عام دێن بۆ پشکنینی کتاوخـانەکەی

بابم، بابم لە ماڵدا نەبوو، دایکم دەستەپاچە بوو، کەسێکی ئەوتۆ لە کەلاردا نەبــوو بتــوانێ و بزانــێ کتــاوی چەپــگەرا و هانــدەری کۆمەنیستی کـامەیە، تـا لە کتاوخـانەکەی بـاوکم وەدەری بهێنــێ.... سەری سڕمابوو، چی بکـات. ئەو کرێکـارە دەیزانـی دایکـم پەریشـانە دەڵێت خانم من دەتوانم ئەو کتاوانە وەدەر بهێنم، دایکم تورکی چاک دەزانــی هەر بە تــورکیش قســەی لەگەڵیــدا دەکــرد، بە نەختێــک تووڕەبـوونەوە پێـی دەڵێـت: گیت...گیـت.. واتـا لاچـوو لاچـوو... گیـت ناکـات و نـاڕوا و سـوور دەبـێ لەسـەر قسـەی خـۆی و دەڵێـت دڵنیابە من ئەو کتاوانە دەناسم!

دایکـم هەر بە ئـاڵۆزی و سەرلێشـواوییەوە وەڵامـی دەداتەوە و پێـی دەڵێت: ئاخر کرێکارێکی وەک تۆ لە کوێنەوە ئەوەی بتوانێ بکەی!

لە وەڵامـی دایکمـدا دەڵێـت:" بـاوەڕبکە مـن ئەو کتـاوانەی دەناسـم، برایەکم هەیە لەو کتـاوانە دەخـوێنێتەوە، بەلای ئەوەوە ئەو کتـاوانەم دیوە".

دایکـم لە ناچـاری ڕازی دەبێـت، لەبیـرمە شـەو بـوو، ئەودەم کارەبـا نەبـوو، لۆکسـیان هێنـان و ڕۆیشـتنە نێـو کتاوخـانەکەی بـاوکمەوە، کـابرای لـۆکس هەڵگـر نەختێـک لۆکسـەکەی بەرز دەکـردەوە، مـن ئەوەندە منداڵ بووم سەرم نەیدەدا لەژێر لۆکسـەکە لەنێـو کـاتژمێردا کۆمەڵێک کتاوی دەرهێنا و بە دایکمـی وت: بە ڕاحەتـی بنـوە، تـاقە کتاوێکی لەو بابەتەی وا بۆی دێن لەم کتاوخـانەیە نەمـاوە و وەدەرم

هێناوە... بە سبەینێدا کۆمەڵێ پشکێنەری ئەمنی بەغدا هاتن و گەڕان و پشکنینی وردیان بۆ کرد هیچ کتاوێکی مارکسیەتیان لەو بابەتانەیان نەدۆزییەوە، دوای چوار مانگ کابرا گەڕایەوە ئێران و دەستگیرکرا و ئیعدامیان کرد. بابم زۆری پێ دڵگران بوو، تەمەز ئەو کرێکارە هەمان "خوسرەو ڕۆزیە" سکرتێری حزبی تودەی ئێران بووە و بە چاوساغیی حزبی شیوعیی عێراقی نێردراوەتە لای باوکم، برادەرانی حزبی شیوعی دەربارەی مامەڵە و ڕەفتاری ماڵی ئێمەیان لێپرسی بوو لە ئاستی چۆن بووینە؟

لە وەڵامدا وتبووی: سەرجەم ڕەفتاریان زۆر باش بووە، تەنها خوشکێکی خاوەن ماڵ عەقڵێکی دەرەبەگایەتی لە خولیایدا هەیە، زۆر بە فەرمانە"هەستە، برۆ، وەرە، لاچۆ، بێنە، ببە" ئا لەو بابەتە خوسرەو ڕۆزیە ڕاستی کردووە، ئەو پوورەم ناوی پەریخان بوو، لە ساڵی ١٩٨٣ز کۆچیدوایی کردووە.

زۆر لە گەنجان و خزمانی باوکم ئەندامی حزبی هیوابوون، کە دەوڵەتی عێراقی پەلاماری بارزانی داوە بۆ ئەوەی دەنگیان بگاتە دەوڵەتی عێراق لەگەڵ دەسترۆیشتووانی دەوروبەردا کۆبوونەوەیەکیان کرد و لەوێدا بڕیاریاندا مەرکەزی شورتە و ناحیەکانی دەوروبەر بدەنە بەر تەقەی تفەنگ، لە یەک شەودا ئەو کارەیان کردووە، ڕەفیق حیلمی سەرۆکی حزبی هیوا، چەندان جار هاتووە بۆ کەلار...

کەلاری ئەو دەمە دەتـوانم بڵـێم جۆرێـک بـوو لە پێکەوەژیـان، ئەگەر بڵێم جیاوازی چینایەتی نەبووبێت، ئەوە هەبوو، بەڵام کاتێک درمێـک نەخۆشـــییەک بڵاودەبـــوویەوە ئیتـــر ئەمە گرانەتـــایە، مەلاریـــایە، سێوەڕوویە، چوزانم، کۆکەڕەشەیە، هەمووان تووش دەهاتین...

شـەوان ئـێمەی منـداڵی دێ لە دووسـێ گەڕەکەدا یـاری شـەوانەمان دەکرد و چاوشارکێ و قەرەهاتمان دەکرد، لە بەهاراندا سێباز و گورز و بن میخان و هەڵووکانێمان دەکرد... تازە یاری تـۆپیپێ داهـاتبوو، ئێمەی منداڵ ڕەمەکی ئەو یاریەمان دەکرد و بیگـرە و بەردەیەکـی وا تونـدوتیژمان بە دوای تـۆپێکی لاسـتیکدا دەکـرد، دەتـوت هێرشـی مەغـۆلین لە قوتابخانەکەمانـدا هەر مامۆسـتایەک گەمـژە و تەنـبەڵ و نەزان بایە وانەی وەرزشیان بۆ تەرخان دەکرد.

قوتابخانەکەمان شەش پۆلی بـوو، پۆلەکـان دەرگەیـان پێـوە نەبـوو. دوو پەنجەرەی بێ جـامی تیـادا بـوو، سـەرما بـا و تـۆز بەبـێ پـرس خۆی پیا دەکرد.

لەولاوە دەڕۆیشـتە دەرەوە ئەو دەم کەلار خەسـتەخانەی تیـادا بـوو، برینپێچێک دەیبرد بەڕێگەوە.

لە قوتابخـــانەدا هەمـــوو ڕۆژێـــک نـــاوی بیمـــاران و نەخۆشـــەکانیان دەنووسی بۆ خەستەخانە دەڕۆیشتین زۆربەمان لە ڕووی سەهەنەیەوە دەڕۆیشتین بۆ تیمارکردن.

لە لیستی سزاداراندا هەمیشە نـاوی منـی تیـادابوو، بـا مونسـیف بـم سزاکانم هەمیشە لەسـەر هەق بـوو، تـا خـوا حەز نەکـات چەتـوون و لاسار بووم.

یاریمان گوێزایەوە لێواری دێ و دوو ڕاستە دارمان لە زەویدا چەقانـد و وەکـوو دەروازەی گـۆڵ کۆمپانیـای "ولـیم پـریس"ی بەریتـانی بە کێشانی جادەی نێوان گولاڵەوە دەربەندیخانەوە خەریک بـوو، ڕۆژێـک کریدەرێکی جادەسافکردن ڕێگەی گـوم کـرد و خـۆی کـرد بە کەلاردا نیشتینە ملی و گۆڕەپانی یارییەکەمان پـێ تاشـی و بـووینە خـاوەنی ساحەیەکی سنووردار، لە دواییـدا تەمـاحگیری دەروازەیەکـی ئاسـنین بووین، بە هەر فەلاکەتێک بوو شـەش لـوولەی ئیسـکلەی لە باغیمـان بە چنـگ هێنـا و کردمـانە دەروازە بەوەوە ڕانەوەسـتاین ناردمـان دە دەسـت جلـوبەرگی یەکڕەنگمـان لە کفـری دۆڕانـد بە شـێوە ڕەنـگ و ڕووی تیپمان لێ نیشت و کەوتینە کەڵکەڵەی نـاوی تیپەکەمـانەوە... گەورەکـانیش لە ناونانـدا بەشـداریيان کـرد و سـەرەنجام نـاوی "شێروانە"مان لێ نا.

تا دەبوو باوەڕمـان بەخـۆ زۆرتـر دەبـوو، کەوتیـنە بیـری کێبرکێـوە، بڕیارماند لەگەڵ کفریدا یاری ئەنجام دەین، بـا ڕاسـتگۆبم، خۆمانمـان زۆر بە گرنگ و لێزان هاتبووە بەرچاو، یـاریکەرانی کفـری هـاتن سـێ گـۆڵی خـاوێنی بـێ بەرانبەریـان لـێ کـردین... ئیتـر تەماشـاکە... کۆمەڵگـایەکی خێڵەکـی کوڕەکـانی لە مـاڵی خـودا کـۆیلە و

کۆیلەڕەفتارێـک هەتکیـان کـا... ئەوەی نەدەزانـرا ئەوە فتبـۆڵە و هونەره!

دەی ئـێمەی ئەنـدامانی تیپـی شـێروانە لە ڕۆژگارێکـدا بـووین سـەگ نەیبوه.. لە هەر کوێدا دەرکەوتینایە ئەها! دۆڕاوەکان هاتن! کەوتینە ئەوەی چی بکەین، چۆن تۆڵەی خۆمـان بکەیـنەوە؟ ئەو دەم دکتـۆر حەسەنی ئێستا و قوتابی بوو لە ناوەندی خانەقیندا، بڕیارماندا فێـڵ بەکار ببەین، هاتین وامان  بە چاک زانی پێـنج یـاریزانی بەناوبـانگی شـاری خـانەقین بهێنـین و تێکەڵـی تیپەکەمـان بکەیـن و بـڕۆینەوە مەیدانی یاریزانانی کفرییەوە، هەر وامـان کـرد، نـاوی دوو یاریزانیـانم لەبیره، یەکیـان دۆسـتی ئـازیزم مامۆسـتا کەمـال شـاکری سـکرتێری پێشـووی حزبـی شـیوعی کوردسـتان بـوو، ئەوی تریـان کـاک عەلـی حەربی، ئەم دووانە بەسەر تەلی یاریزانی نەک تەنها خانەقین بەڵکوو لیوای دیالە دەژمێردران.

کـاکە ئەوە دوو پاسـی تەختەمـان بەکـرێ گـرتەوە، دەور و نـاو و هەردوو لاکەی و سەربانیان پـڕ پـڕی خەڵـک بـوون. کفـری بمگـره و هاتم!

گۆڕەپانی کفری جمەی دەهات. سـەرتان نەیەشـێنم... شـەش گـۆڵی پاک و خاوێنمان لێ کردن... بەوەوە ڕانەوەستاین هەڵمانکوتـایە نـاو بازاڕ، ئەوەی چایخانە و کەبابخانەی ناو کفری هەیە و وێـنەی کەمـال

ئەتاتوورکی تیادا هەڵواسرابوو، دەمانگرت و لەژێر پادا ورد و هانمان دەکرد و ئیتر بە بژی و بڕووخێ لە شار هاتینە دەرەوە.

مامۆستا کەمال شاکر لە زۆر جێگە و بۆنەدا باسی ئەو ڕۆژەی دەکات و دەڵێت: ئەو ڕۆژە بۆ من وەک ئەلفوبایی کوردایەتی بوو، داستانەکە گەورە کرایەوە لای دەوڵەت و دەستەڵات و گەیشتە ئەمنی بەغدا و سین و جیم!

ئەم داستانە دەگەڕێتەوە بۆ پەنجا و ئەوەندە ساڵ لەمەبەر، ئێستایش لە دەرەوە چاو لە دوورم، لە دوورەوە یارییەکانی شێروانە چاودێریی دەکەم... کە دەیبەنەوە دەڵێم: ئافەرین کە دەدۆڕێنن، دەڵێم ئۆف و ئەو ئۆفەیش دەخەمە سەر هەزاران ئۆفی خۆم و نەتەوە خێر لە خۆ نەدیوەکەم. بە ئومێدی وڵاتێکی ئازاد و میللەتێکی بەختیار..

# ڕۆمانی کوردی

لە دوای کودەتاکەی کورشەوە و داگیرکردنی وڵات و دەستەڵاتی ماد، وا بۆ دوو هەزار و شەشسەت و حەفتا ساڵە ئێمەی کورد لە دەستەڵاتێکی هەقیقی خۆمانەوە بە دووربووینە و بە درێژایی ئەو ماوە زۆرەی ژێردەستە و فەرمانبەرداری فەرمانڕەوایانی بێگانە بووینە، بەوەشەوە ڕانەوەستاون وڵاتەکەمان ساڵ گۆڕەپانێکی خوێناوی بووە و تەڕ و وشک لەژێر سمی ئەسپی داگیرکەراندا سمشێل و وێران بووە...

ئەوی نەشیاوە لە وڵاتی ئێمەدا کراوە: کوشتن، بڕین، تاڵان، چەپاو، بەدیلگرتنی ژن و منداڵ، ڕاگوێزان، کیمیاباران...

لە قووڵایی مێژوو تا بە ئەمڕۆ ئەوەی بەسەر میللەتی کورددا هاتووە، ئەگەر بەسەر میللەتی عارەبدا بهاتبا، بە عەزەمەتی قورئانی پیرۆزیشەوە، ئەمڕۆ وشەیەکی عارەبیت نەدەبیست!

با لە مێژووی میزۆپۆتامیا وردبینەوە، لەو دۆڵەیدا شارە دەستەڵات و دەستەڵاتی پانوپۆڕ و ئیمپراتۆریەتی تیادا بووە. ئیدی ئەوە سۆمەرە، ئەوە ئەکەدە، ئەوە کلدو و ئاشوورە، جگە لە ئاسەواریان ڕەگەزێک ئەوڕۆکە لەو کاتەوە تا بە ئێستا لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا ماوەتەوە و بەرگەی سەرما و سۆڵە و بەستەڵەک و پەلامار

و تاڵان و تاعوون و وەبا و قڕی و قاتی گرتووە، فیداکارانە چنگی لە تاشەبەردەکانی کوردستان گیرکردووە و وەک میللەتێک بەناوی کورد ماوەتەوە، ئەوە کوردە و بەس!

باوەڕ بکەن سەرەتای بەشەریەت لەو وڵاتەیدا خولقاوە، زەوی زۆربەی گۆمی ئاوبوو، لێردا یەکەمین ترووسکە، یەکەمین گڕ، یەکەمین ڕازی بەقاو، یەکەمین سڕ، یەکەمین تاو، یەکەمین هاڵاو، تیشکی هەتاو، یەکەنین شنە، یەکەمین باران، یەکەمین کەفی هەور، یەکەمین ئاسمان، بێ یەک و دوو، یەکەمین هەناسەی مێژوو، لە شەوەزەنگدا بێ چرا، لە کوردستانا تۆمار کرا، وڵاتی من لانک و بێشکەی فەرهەنگە...

یەکەمین گوڵ، یەکەمین عشق و خورپەی دڵ، یەکەمین بەهار، یەکەمین دێ، یەکەمین شار، یەکەمین ڕەنگئامێزی و جوانی، یەکەمین هۆرەی ئاهوورایی و گۆرانی، یەکەمین یاسا و تەرازوو و تاوان، یەکەمین بەزینی زوڵم و ململان، لە کوردستاندا ڕووی دا.

یەکەمین تێڕامان... وەرە با پێکەوە بێشکەی مێژوو بسووتێنین، لە باوەشی هەقیقەتدا گرێکی گەورە هەڵگیرسێنین، ئەوە کورتەی مێژووی وڵات و میللەتی ئێمەیە....

پرسارێک پێش دێت... باشە میللەتێک بەو هەموو ڕابردووەوە، بۆ واین؟

بۆ لە زۆربەی زۆری بوارەکاندا لە یەکەمین هەنگاودانین؟

یان ئەساسەن هەنگاومان بۆ نەهاویشتووە....

بێگومـــان وەڵامـــدانەوەی ئەو پرســـیارانە درێـــژە دەکێشـــێت و لەم نووسینەدا ئەم دەرفەتەم نییە، تەنها دەڕۆمە نێو بـواری ڕۆمـانەوە، بە تایبەت لە باشووری کوردستاندا.

ڕۆمـان و ڕۆمانووسـین بە دژواتـرین بەشـی ئەدەبیـات دەژمێردرێـت و بەشێکی یەکجار گرنگی بەشی ئەدەبە، هەروا بە ئاسـانی لە وڵاتێکـدا پەرەناسێنێت و گەشە ناکات، ئەگەر کەشوهەوای تایبەت بەخـۆی بـۆ نەڕەخســابێت، پێشــم وا نیــیە هــیچ پــارچەیەکی کوردســتان ئەو هەلـومەرجەی بـۆ ڕەخسـابێت، تـا لە بـواری ئەدەبیـات و هـونەر و میعماریدا پێگەیەکی بەدەست هێنابێت و خۆی بە خاوەنی حاڵەتێکی تایبەتمەنـد بزانێـت، سـەیر لەوە دایە سـەدان هەزاران سـاڵە ئـێمە لە وڵاتەکەی خۆماندا بێگانەین...

وا ســـەدەی بیســـت و یەکەمە و ئـــێمەی کـــورد هێشـــتا پـــلان و بەرنـامەیەکی داڕێژراومـــان بەدەســـتەوە نـیـیە، تـــا لەو بوارانەیـدا لە قۆناغێکەوە بڕۆینە قۆناغێکی تر.

هێشـتا هەروابـوون و مەزاجـیەت و هەر کەس بۆخـۆی زاڵە، بەسـەر زۆربەی زۆری کارەکانـدا و ململانێـی ئاشـکرا و شـاراوە لێـرە و لەوێ بەدی دەکرێت، ئەوی زەرەرمەندی ڕاستەقینەیە مـیللەتەکەی ئـێمەیە نەک چاوساغان و فەرمانڕەوایان.

ڕۆمان تەنها زادەی لێهاتووی و خەلاقیەتی نووسەرەکەی نییە، یان هەر بە خوێندنەوەی بەرهەمە جۆراوجۆرەکان بتوانێت بەرهەمێکی پوختە و پەسند داڕێژیت و مەرجەکانی ڕۆمانێکی سەرکەوتوو وەدەس بهێنیت!

ڕۆماننووس پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی ئینسکلۆپیدیاییە، ڕۆماننووس نیازی بە تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ هەیە لە بواری وردەکاریی نێوان نێر و مێدا، یان گەشتوگوزار و دیتنی کەلتوور و ئاداب و نەریتی گەلانی دوور و نزیک.

زۆربەی زۆری ڕۆماننووسەکانی ئێمە لە شارەکەیان وەدەر نەهاتوون، جوگرافیای وڵاتەکەی خۆیان نازانن، هێشتا بە وردی ناوی ئاژەڵ و گژوگیای وڵاتەکەی نازانێت، هێشتا  بە وردی ئاگاداری ژیانی لادێ و چیاوچۆڵ و دەشت و دۆڵ نییە... ئەدی چۆن دەتوانێ ڕۆمانێکی ئاستبەرز بنووسێت؟

ئێمەی کورد هێشتا ئەلقەی جۆراوجۆر لەسەر و گەردەنمان ئاڵاوە، تەقەلایەکی زۆری دەوێت تا لەو خاڵە پشکنینانە بگوزەرێم و بگوزەرێین و بتوانین لە دونیای بەربڵاوی ڕۆماندا جێگەیەک بۆ خۆمان بەدەست بهێنین.

ئێمەی کورد دووچاری بڕێک مەرجی دژوارکراوین، سەدان ساڵە پێیەوە دەناڵێنین، هێشتا تاکوو ئەم ساتەیش بەردەوامە.

ڕۆمان لە کۆمەڵگەیەکی پێگەیشتووی دامەزراودا گەشە دەکات.



تـا ئێسـتا ڕۆماننووسـی کـورد لە چەنـدان خـاڵی پشـکنین دەربـازی نەبووە، وەک ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- ئاساییشی نەتەوایەتی.
٢- ئاسایشی ئابووری.
٣- نەبوونی دەستەڵاتی ناوەندی.
٤- دژوارییی نێوان سنووری چوارپاچەکەی کوردستانی گەورە.
٥- بەرزبـــوونەوەی ڕێـــژەی نەخوێنـــدەواری و نزمـــی ئاســـتی ڕۆشنبیریی تێکڕایی.
٦- جیاوازی ئەلفوبای کوردی (عەرەبی- لاتینی- سلاڤی)
٧- درەنـــگ پەیـــدابوونی ڕۆژنـــامە و گۆڤـــار و دامـــودەزگەی چاپەمەنی.
٨- دابڕانی نووسەران لە گەلانی تر.

ئەم خاڵە قـوڕس و قەبـانە هێشـتا تارماییـان بەسـەر فکـر و زکـری نووسەری کوردەوەیە، لێهاتووانی کورد لە مێژەوە هۆکاری ئەو جۆرە باج و خاوەن... پیسوا دەڵێت:

ئەوی دەینووسـم بە فەرمـانی ئەو کەسـەیە کە لە دەروونمـدا خـۆی مەڵاس داوە، نـاتوانم بـێ فەرمـانیی ئەو بـکەم، ئەشـهەدو ڕاسـتی فەرمووە!

ڕۆماننووسانی کوردیش هەمان کەس لە ناخیانـدا خـۆی مەڵاس داوە لە فەرمانیدا نافەرمانیی ناکەن.

جیاوازییەکە ئەوەیە هاواری کەسی ناو ناخی ئێمەی کورد خنکێنراوە و دەنگیان ناگاتە کەس!

ئەوانەی لە بواری ئەدەبیاتەوە هەڵدەبژێردرێن و گرەوی نۆبڵیان پێ دەبەخشرێت تەنها لە ڕووی لێهاتووییانەوە نییە، بەشێکی زۆر لە خاڵەکان بۆ ڕەگەزی نووسەرەکە دانراوە... بۆ پێگەی میللەتەکەی لە شانۆی سیاسی جیهانیدا..

ئەگینا ڕۆماننووسێکی وەک یەشار کەمال دەبوا ئەو گرەوی پێ درابایە.

لە دنیای سیاسەت و ستراتیژیەت زۆر شت لە مێژدا بڕیاری لەسەر دراوە و بە نۆرەیە، دیارە بەپێی پلان و تەرازوویی ئەوان ئێمەی کورد هێشتا نۆرەمان نەهاتووە و ماومانە!

با بێمەوە سەر ئێستای ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی باشووردا، ئەوی ڕوونە ئەو هونەرە ڕۆژئاواییە درەنگ شۆڕبووەتەوە نێو ئەدەبیاتی کوردی، میللەتانی تر بەتایبەتی ئەرووپییەکان بە سەدان و هەزاران ڕۆمانیان نووسیوە.

جۆرج لۆکاش ڕۆمانی بە مەلحەمەی سەدەی بیستەم داناوە، ئێمەی کورد زۆر درەنگ هەستمان بە بوونی کردووە.

کاتێک لە بیستەکانی (سەدەی ڕابردوو) بۆ یەکەمین جار دەرکەوت لاواز و شەرمنانە و کرچوکاڵ هاتە پێشەوە.

ئـێمە شـتێکی ئەوتۆمـان بەدەسـتەوە نییە وەک سـەرەتای ڕۆمـانی کوردی جگە لە "لە خەوما"کەی جەمیل سائیب (١٩٢١) کە لەنێـوان چیرۆکـی درێـژ و نۆڤلێتـدا خـۆی دەنوێنێـت، لە ئێراقـی عەربیشـدا کەسێک بەناوی (محمـود السـید) شـتێکی نووسـیوە ئەویـش هەر بە خەون دەستی پێ کردووە.

پاشـان نـۆڤلێتەکەی ئەحـمەد موختـار جـاف بەنـاوی "مەسـەلەی ویژدان" بە بەردێکی دیکەی ڕۆمانی کوردی دەژمێردرێت. تەنها ئەو دوو تەقەلایەمان وەک نووسراو بەدەستەوەیە.

بە دوای ئەو دوانەیـدا ڕۆمـانی "پێشـمەرگە"ی ڕەحیمـی قـازی کەوتووەتە بەردەست، ئەویش لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان نووسـراوە، ئەو دەقە ئەو بەسـتەڵەکەی توانـدووەتەوە و لە بـارەی تەکنـیکەوە خەت و خـاڵێکی خسـتووەتە سـەر ڕوخسـاری پەژمـوودەی ڕۆمـانی کوردی.

لە سـاڵی ١٩٥٦ز بـرایم ئەحـمەد بە نووسـینی ڕۆمـانی "ژانـی گەل" سـەرەتایەکی پەسـندی بـۆ ڕۆمـانی کـوردی دانـا، وەک وتـراوە:" خرِنـووک لە بیابانـدا درەخـتە" ڕۆمـانی ژانـی گەل ئەگەر لەگەڵ ڕۆمانەکـانی پـێش خۆیدا بەراورد بکەیت و هەڵیسـەنگێنی بەهێـز و بەپێزترە، لە ڕووی زمان و تەکنیکەوە.

ساڵی ١٩٧٠ پاش ڕێکەوتنەکەی ١١ئازار یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد پێشبڕکێیەکی بۆ چیرۆک و ڕۆمانی کوردی سازدا، سـەعید ناکـام بە

ڕۆمـانی " ئـاگری بـن کـا" بەشـداری کـرد و خەڵاتـی یەکەمـی پـێ بەخشرا... بەڵام لە چاپدانی زۆر دواخرا.

ئەگەر ڕۆمـانی ژانـی گەل و ئـاگری بـن کـا لە کـاتی خۆیانـدا چـاپ کرابان کاریگەرییان بەسەر ڕۆمانی کوردییەوە زۆرتر دەبوو.

لە سەرەتای هەشتاکان و ساڵی ١٩٨١ز ئیسماعیل ڕۆژبەیانی ڕۆمانی "نـازە"ی نووسـیوە و بـۆ یەکەمـین جـار لەسـەر کتێبێکـی کـوردی بنووسرێ (ڕۆمان)

حوسـێن عـارف لە هەشـتاکان بە ڕۆمـانی شـار هەر لە هەشـتاکاندا هاتە نێو دونیای ڕۆمان، کە خۆی کورتە چیرۆکی دەنووسی. ئیـدی دوو ڕۆمــانی کەی بەدوادا نووســی بەنــاوی "ئەندێشــەی مــرۆڤ" و "هــیلانە" عەزیــزی مەلای ڕەش "کوێخــا ســێوە"ی نووســی، کە کوردییەکەی بێ گرێوگۆڵ و ڕەوان بوو.

مــحەمەد مــوکری بە دوو بەش ڕۆمــانی "هەرەس"ی لە چاپــدا، بە دوایدا ڕۆمانی "ئەژدیها"ی نووسی، کە لە ڕووی تەکنیکەوە هەنگـاوی سەرکەوتووتری ناوە.

عەبـدوڵڵا سـەراج بە ڕۆمـانی" هەڵکشـان بەرەو لـووتکە" هـاتووەتە مەیدانەوە.

شـێرزاد حەسـەن نـۆڤڵێتی "حەسـار و سـەگەکانی بـاوکم" بەشـداری کردووە، هەست دەکەی درێژەی پێ داوە.

بە تەوازووعەوە دەڵـێم ١٩٩٦لە سەرتاسـەری کوردسـتان کـورد خاوەنی ١٦ ڕۆمان بوو، پێنج دانەی هی خوسرەوجاف بوو:

١- "کۆردەرە" ١٩٨٤.
٢- هیچ ١٩٩١.
٣- پاشایان کوشت ١٩٩٤.
٤- ڕاز ١٩٩٥
٥- گەماڵ ١٩٩٦.

هەر یەک لەو ڕۆمانانە لە سەردەمی خۆیدا بەزمێکی تایبەت بەخـۆی ناوەتەوە، لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆمانێکم بە هەشـت بەرگ چاپکراوە بەناوی "دەربار" .

لە نەوەی نـوێش هێنـدێک نـاو بەرچـاو دەکەون، لەوانە: بەختیـار عەلی، تا ئێستا چوار ڕۆمانی بە چاپ گەیاندووە...

من شک نابەم هیچ میللەتێک بە درێژایی زەمان بە ئەندازەی ئـێمەی کورد بەڵا و موسیبەتی بەسـەردا هاتبێت، هەر ئەوانەی وا لە بیـرن وەک: کۆمەڵکوژی، قڕکردن، کیمیاباران، دەرسیمی ساڵی ١٩٣٨. یـا خـود ڕووخـان و لەنـاوبردنی کۆمـاری کوردسـتان و یـان کارەساتە بەدنـاوەکەی ئەنفـال و کیمیابـاران و هەڵەبـجە و شێخوەسـان و سێوسێنان!

لە دونیـای کەلەپـوور و ئەفسـانە و داسـتان و مەلحەمەکانـدا کـورد یەکـــێکە لە مـــیللەتە دەوڵەمەنـــدەکان. کەچـــی نەمـــانتوانیوە بەشێوەیەکی ئەمڕۆیانە سوودیان لێ وەرگرین.

کەم کەس ئەو تەقەلایەی کردووە. من دەستخۆشی لە خوالێخۆشبوو محەمەد ئۆزون دەکەم لەم ڕووەوە، یەشـار کەمـالیش بە ئەفسـانە و داستانی کوردی ئەدەبی تورکی دەوڵەمەند کردووە.

بەربڵاوی کارەسـاتی ئەنفـال لە کوردسـتانی باشـووردا جگە لە سـێ کەس، نووســەری دیــکە ئەو کارەســاتەی لە ڕۆمانــدا دەرنەبڕیــوە، لەوانە: حوســێن عــارف، ئەحــمەد مــحەمەد ئیســماعیل، حەســەن جاف....

ئەمە کــورتەیەک بــوو دەربــارەی ئاســتی رۆمــان لە کوردســـتانی باشــووردا، بەداخەوە تــا بە ئەمــرۆ نە دەســـتەلاتی کــوردی و نە دەســـتگا بەرپرســـیارەکان وەک کـــۆلیژە ئەدەبییەکـــان و یەکێتیـــی نووسەران یان بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیای کورد هـیچ یەک لەوانە لە هەوڵــی ڕاســتەقینەی ڕۆمــانی کوردیــدا نــین و هێشــتا لە دەرەوەی بازنەی سفر دان.

# فەرهەنگی مۆم

لە ئەفسانەکانی یۆناندا بەسەر پۆپەی شاخی "ئۆلەمپ"ەوە بە سەرۆکایەتیی "زئوس" خودای خودایان لەوێڕا کۆڕی خودایان دەبسترا و دونیای بوون و نەبوون بە ڕێگەوە دەبرا.

ئەو دەم بیروڕای یۆنانییەکان وابوو مرۆڤ تازە خولقابوو، گێژ و وێژ و بێدەستەڵات و هیچ نەزان بوو، لە تاریکیدا دەژیا. زۆریان لە برسان لە ترسان لە جانەوەران و سەرمادا دەمردن.

یەکێک لە خواکانی چیای "ئۆڵەپ" و ئەندامی کۆڕی خودایان بەناوی "پرۆمیتوس" ئەو بێدەستەڵاتی و زەبوونەی مرۆڤی دەبینی، هەستی بەزەیی لە دەروونیدا کەوتە جۆشوخرۆش و بێ ئاگادارکردنەوەی زئوس و کۆڕی خودایان ئاگری کردە دیاری و دای بە مرۆڤ.

ئەو دیارییە بە یەکەمین و گەورە دۆزینەوەی مێژووی مرۆڤ دەژمێردرێت، بەمە سەرمایان چارەسەر کرد، ڕۆشناییان بەدەست هێنا، گۆشتیان پێ برژاند، کانیان پێ تواندەوە، چەکیان پێ سازاند، ئیدی ئاگر بوو بە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە مرۆڤە سەرەتاییەکاندا. زئوس خودای خودایان کاتێک بەم نافەرمانییەی پرۆمیتۆسی زانی، بڕیاری سزادانی دا و لە چرکەیەکدا بەسەر تاتە بەردێکی چیای قەوقازەوە چوار مێخەی کێشا و فەرمانی بە

هەڵـــۆیەکی زلـــزەلام دا تـــا ڕۆژانە ســـنگی هەڵـــدڕێت و نـــاو ســـکی دەربهێنێـــت و دووبـــارە زامەکـــانی پەیوەســـت ببـــنەوە، بە ســـبەینێدا هەمان کار و هەمان ئازار.

ئاگر بووە هەوێنی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤ، داستانی خۆبەختکردنی پرۆمیتۆس و تراژیدیا دوور و دێژەکەی ژیانی بوو بە هەوێنی هەزاران هەڵبەست و بەرهەمی داهێنان لە کار و کردەوەی ڕۆشنبیراندا.

ئـــاگر تـــا بە ئەمـــڕۆ، یـــانی ســـەردەمی کارەبـــا و تەکنەلۆژیـــای قـــورس گرنگیی خۆی لەدەست نەداوە، بە هەوێنی سازندەگی عەقڵـــی مـــرۆڤ دەژمێردێت.

ئاگر بەنی مۆم دەسووتێنێ و ئارام فرمێسکی سەرالێژ دەکاتەوە.

مۆمە قـــوژبنە تاریکەکـــان ڕوونـــاک دەکـــاتەوە، مـــۆم پـــردی پەیوەنـــدی نێـــوان فکـــر و ڕۆحە، مـــۆمە ڕێکـــخەر و ڕێبـــازی دونیـــای عیرفـــان دەستنیشان دەکات.

ئاشـــوفتەکان دەلاوێنێـــتەوە، مـــۆمە هانـــدەرە و بۆنەهاتەکـــان لەبیـــر دەبـــاتەوە، مـــۆمە ســـەودای عارفـــانە لێزانـــانە دەخـــاتە خولیـــاوە و بە رووناکی تاریکی عارفان و شوعەرا ڕووناک دەکاتەوە.

ئەگەر ئاوڕێـــک لە دیـــوانی کەڵەشـــاعیرانی کلاســـیک و ئێســـتایش بدەینەوە و لێی وردبینەوە پڕن لە باسی "مۆم و گوڵ و پەپوولە"

هەڵگڕا وەک مۆمی کافوری بە شەودا موو بە مووم

دا سیاهی روو بخوێنم نوقتە نوقتە خەت بە خەت

من دەڵێم شەو بوو بە ڕۆژ نەفسم دەڵێ ڕۆژ بوو بە شەو

ئەوە موسیبەتە، چونکە چاوی پێ سپیبوو من غەڵەت

دیـارە هەلگیرسـانی مووەکـانی مەبەسـتی سـپی بـوونی تـوکی سەریەتی کە نیشانەی پیرییە ، مـرۆڤ کـە چـووە نـاو تەمەنـەوە ئینجـا ئەکەوێتـە لـە بـێ ژنـگ ددانـی کردەوەکـانی و باشـی و خراپەکانی دێتەوە پـێش چـاوی تـا ئـاهی پەشـیمانی هەڵکێشـێ، بۆیـە دەڵـێ لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو سـپیبونەدا کـە وەک مـۆم داگیرسـاوە خـاڵ خـاڵی هەڵـەکانم دەستنیشـان کـردوو کەوتمـە گفتوگـۆ لەگـەڵ نەفسی بـەدخووماو پـێم گـوت : تاکـەی بـەڕێی هەڵەدا ئەڕۆیت خۆ وا سەرت سپی بوو با شـەرمی خـوا بتگـرێ ، نـەفس وەڵامـی دامـەوەو گـوتی سـپی بـوونی سـەر نیشـانەی لێکـەوتوویی و لـە دەسـتدانی ئارەزووەکـانی جـوانی و سـەردەمی کـەفوکوڵی گەنجێتیـە ، نـالی هـەر خـۆی قسـەی نەفسـی بـەلاوە ڕاست بوو چونکە هێشتا نەکەوتۆتە ژێر سـایەی بـەزەیی خـواوە، لەبەرئـەوە نەفسـم زاڵ بـوو بەسـەر حـەزی ڕاسـتەقینەی تەوبـەو گەڕانـەوە بـۆ لای خواناسـیو حەقیقـەت زانـی چونکـە دڵـم ئـەو ڕاسـتیەی نـەدەبینی. دکتـۆر عەبـدولوەهاب لـە شـەرحی ئـەم غەزەلەی نالی وەهای نووسی بوو.

بە هـــاوین جەســـتە خەســـتەی دەردی

گەرمــــــــــــــــــــــــــام

بە زسـتان دڵ شکسـتەی بەردی سـەرمام

لە هـێلانەی زەمینـدا وەک شـتور مـورغ

منـی قـودس ئاشـیان بێبـاڵ و پەڕ مـام

لە قــوربی قــاب قوســینی دوو ئەبــرۆت

منـــی ادنـــی چ دوور و دەربەدەر مـــام!

بەڵاگەردانـــی بـــاڵات بــم ئەگەر چـــووم

فیـدای هینـدوویی خاڵـت بـم ئەگەر مـام

نەفەس هەروا لە ڕێــدا دێـــت و نـــایێ

لە ســەیر و مەیـری ئەسـبابی سـەفەرمام

دەمــێکە وا لەســـەر پێـیەک دەســووتێم

لە شەوقی تۆ بە میسلی مۆم و هەر مـام

وەرە قوربــان! بە جـان هەردوو بـرا بـین

کە تـۆ بـێ مـادەر و مـن بـێ پـدەر مـام

لە دارالعلمـــــی تەحســـــیلی مەعـــاریف

وەکــوو نـالی جەهــوول و بـێخەبەر مـام

مۆم هەمیشە ڕۆشنکەرەوەی دڵ و بیـرە بـێ نوورەکـان بـووە، بـا لـە دونیای عیرفان و زەرافەتی شیعری و گرنگیی مۆم گەڕێین و بکەوینە بیری بەکارهێنانی مۆمدانێکدا، لە تەواوی دونیادا چاوساغانی هونەری

دیکراسیۆن ناتوانن مۆمدان و گڕی مۆم نادیدە بگرن و گۆشەیەکی بۆ دابین نەکەن.

ئەمرۆ شکڵ و فۆرمی یەکجار زۆری جۆراوجۆری مۆمدان ئەوڕۆ بەدەستەوەیە، لە گرانترینیانەوە تا هەرزانترینیان. لە کلاسیکەوە تا مۆدێرن و سوپەرمۆدێرن.

بەندە وەک دیزاینەرێک، وەک: هونەرمەندێک، یان شاعیرێک، کاتێک مۆمدانێک لە گۆشەیەکی ماڵێکدا دەبینم، ئافەرین بۆ خانمی ماڵ دەنێرم، بارەکەڵڵا بۆ زەوق و سەلیقەی خێزانەکە... بۆنا؟

زەرافەتی ماڵ و ڕازاندنەوەی بە مۆبیلیاتی قەبە و گران نییە!

یان کەلوپەلی پڕ زەڕەق و بەرەقی گرانبایی. جوانیی ماڵ لە سادەگی و هەڵبژاردنی شیاوە. بۆ جێگەی شیاو... مۆمدان و گڕی مۆم، زەرافەت و سادەگی و زەوق و جوانی دەبەخشێتە ڕازاندنەوە و بەرنامەی ژیان و ئاسوودەکی ڕۆح و ڕەوان.

لە وڵاتانی تردا مۆم وەک قنیلە و فانۆس سەیر ناکرێت، مۆم و مۆمدان لە عەقڵ و هۆشی میللەتانی بە فەرهەنگدا جێگە و شوێنی خۆی هەیە، بەشێکە لە کەلتووریان. لە بڕێک لە وڵاتاندا ساڵانە شەوێک بۆ حورمەت و ڕێزگرتنی مۆم تەرخان کراوە، ئەو شەوە هەرچی کارەبا و ڕووناکییە دەکوژێتەوە و نەرم نەرم لەبەر ڕۆشنایی مۆمەکانیان دادەنیشن.

دەر و دیــوار و مــاڵ و کوچــە و بــازاڕ تــەنیا مۆمــە و بــەس! هــەر کەســێک، هــەر خێزانێــک بــە شــێوەیەک تەماشــەکەری ســووتان و فرمێسکەکانی مۆمە.

لەم باسەیدا وا تێنەگەی تەنها غەمی خۆمە... ئەم مۆم مۆمە، لەبـەر تۆمە. دەیخەمە بەرچاوت، با منداڵەکانمان لەگـەڵ مـۆم و فەرهـەنگی هەڵگیرسـانی مۆمـدا ئاشـنابن، دوور لەنـەبوونی ناچـارنی کارەبـا، لـە بۆنەکاندا.

ئەمە بیرەوەریی لە دایکبوونە، ژنهێنانە، چەژنەکانە، مێواندارییە، یان هەر دانیشتنێکی کەی خێزانییە، تکایە مۆمداگیرسانت لەبیر نەچێت.

ئــەوە هــەنگاوێکی وژدانییــە، بۆچــوونێکی ئاســمانییە، ئەمڕۆیانەیــە، حورمەت لە خوا و خۆ و خەڵک گرتنە. ..

کاتێک کە دەڕۆیتە سەر مەزاری خواناسێک، گـەورە پیـاوێکی خـودا، دیوتە مەزارەکەی بێ مۆم بێت؟ ئاییـنـەکان زۆربـەی زۆریـان مۆمیـان کردووەتــە پلــەی ســتایش و خۆلاواندنــەوە. خەڵوەتگــەی دەروون و نەوازش.

کەواتە خوێنەری ئازیز، ئومێـدەوارم بـۆ لـە مـەولا مـۆم و فەرهـەنگی مـۆم بخەیتـە بەرنامـەی ژیانتـەوە، ئـەمنیش دوعـای سـەرفرازیت بـۆ دەخوازم.

# نەختێك لە مێژووی سەر زەویی دوو ڕووبار

وا باشە بەپێی سەرچاوە نەختێک دەربارەی مێژووی ئەو وڵاتە، کە ئەوڕۆ پێی دەوترێ عێراق، بدوم.

ئەوسا بەم وڵاتەیان دەوت وڵاتی (میزۆپۆتۆمیا)، یانی سەرزەوی دوو ڕووبار، لەم دۆڵەیدا وردە وردە شار و دەستەڵاتی جۆراوجۆر دروست بوونە، وەک: سۆمەری، ئاشووری، ئەکەدی، بابلی... بڕێکیان سەرکەوتن ببنە خاوەنی سەرتاسەری دۆڵەکە و دەوروبەری لە ئاکامی شەڕ و پەلامار و نەخۆشی و قاتی و قڕیدا لەناوچوونی وەک دەستەڵات، وەک ڕەگەزیش میللەتی (ماد)، کە بە باپیرە گەورەی ئێمەی کورد دەژمێردرێن. ئەگەر چیاکانی زاگرۆس نەبووانە، ئەوانیش وەک هاودەورەکانی تیادا دەچوون.

مادەکان بۆ ماوەی پێنج سەد ساڵ ژێردەستە و باجبژێری ئاشوورییەکان بوونە دوای ئەو ماوە دوورودرێژە توانیویانە پەلاماری شاری نەینەوا بدەن و بیگرن و سەرتاسەری شارەکە بسووتێنن و بیهەڕووژێنن، بە شێوەیەکی وا بکرێتە تەپۆڵکەیەکی گەورە و ئەوی ڕەگەزی ئاشووری بوو بە زیندوویی نەیانهێڵا و کوشتیان، باکووری ئەم دۆڵە سەد ساڵ لەژێر دەستەڵاتی مادەکاندا بووە.

کورشی هەخامنشی کچەزای شای ماد توانی کودەتایەک ئەنجام بدا و ببێتە خاوەنی دەوڵەتی ماد و فارس و باپیرەشی کە ناوی ئەژدیهاک بووە ژەهرچێژکا و دەوڵەتێکی بەربڵاو دروست بکا و نزیکەی دووسەت ساڵ بەردەوام بێت، ئەم دەوڵەتەیش بەشێک بووە لەسەر زەوی، دەستەڵاتی بەدوای ئەواندا دەستەڵاتەکەی لەلایەن ئەسکەندەری مەکادۆنییەوە هەرووژاوە و سەدساڵ لە لایەن یۆنانییەکانەوە ئێران و ئەم دۆڵەیش فەرمانڕەوایی کراوە. ئەشکانییەکان کە ئێرانی بوون توانییان یۆنانییەکان وەدەرنێن، دەستەڵاتێکی چوارسەدساڵی پێک بهێنن... بە دوای ئەشکانیدا یابەکی ساسانی کە بەڕەگەز کوردبوونە سەرکەوی و دەستەڵاتێکی چوارسەدوبیست ساڵی بەردەوام بێت.

لەو زەمانە زۆرەیدا بۆ خوا تاکە عارەبێک لەم دۆڵەیەدا نەبوونە مەگەر بە پسووڵەی (مەنازرە)کان کە لە حیرەدا لە دامێنی سارای عەرەبساندا بوونە، وەک کوێخای دەستەڵاتی ساسانی، کە فتووحاتی ئیسلامی دەستی پێ کردووە و ئێران گیراوە و دەوڵەتی ئەمەوی دروست بووە، ئەم دۆڵە بووە بە سێ بەشەوە، ولایەتی جیبال، سەواد، ولایەتی کوفە، حوکمی ئەمەوی سەدوبیست ساڵی کێشاوە.

عەباسییەکان ئەمەوییان لەناو برد سێ سەدونەوەدساڵ فەرمانڕەوابوونە، تا لەلایەن هۆلاکۆخانی مەغۆلەوە ڕیشەکەن کراون، ئیتر حوکمی مەغۆل و تورک و تەتەر و سەلجووقی ناوەناوە

حوکمیـان کـردووە، تـا دەوڵـەتی عوسـمانی پێـک هـاتووە، ئـەویش نزیکەی چوارسەد ساڵ لە تەواوی دووسێ هەزار ساڵیدا ناوی وڵاتێـک بەناوی عێـراق نـەهاتووە. چوارسەدسـاڵی عوسـمانی ئـەم وڵاتـە سـێ ویلایەت بووە: مووسڵ، بەغدا، بەسرە.

## کڵاوی با بردوو

لە زەردەی پاییزی ساڵا، لە ڕۆژگارێکی تفتوتاڵا، مرد و ژیا، وەک هەر منداڵێکی کوردی بێدەرتان، لە کۆڵانەکانی شارا، بێڕەنگ، بێدەنگ ، گۆشەگیر و بێ تەکبیر و لەبیرچووو هەر بەو منداڵییە لە دەوروبەری سەری سڕماوە.

بۆ وەک هاوتەمەنەکانی نە هەنگاوی دەنا، نە ڕەفتار و گفتاری دەکرد، نوقم نەبوو لەنێو ئاوڕدانەوەی دەوروبەریدا.

هەر بەو منداڵییە لە ئاسمانی بەربڵاوی جودا تێدەفکرا و دەڕۆیشتە تاسا، پەریزادئاسا لە ئاسمانی خەیاڵێکی منداڵانەدا دەفڕی و دەنیشتەوە.

شار لەنێو ژانەکاندا تەپا و تلی دەکرد، نەخوێندەواری، هەژاری و نەداری، زۆر و زوڵم و زەوتی سوارەی چوارتەنیشت بوو. وردە وردە تا دەستی داری گرت ...

لە قۆناغی مێردمنداڵی نەیدەوێرا توخنی پێنووس و پەڕە و نووسین کەوێتەوە، هەر لەو کاتانەیشدا دەردی پەریشانی دای گرتووە.

کەم و زۆر خۆی دەلاواندەوە، بەرەو ویژدان ڕۆیشتن و تازەکارانە و دووڵانە هەنگاوی دەنا، وەک هەر گەنجێکی کورد تێدەفکرا و زانی ئەرکێکی گەورەی کەوتووەتە ئەستۆ. ئیدی دەردی خەڵک بێ



پشــتوپەنای وەڵاتەکەی، زەبــوون و دەســتەمۆی نەدەکــرد، کەوتە کەڵکەڵەی ئەرکە ویژدانییەکانەوە، بە کردار، بە گفتار، بە ڕفتار.

له کــۆڕی زیکــری خەبــات و ململانێــدا پشــتوێنی لــێ بەســت و شۆڕبووبیەوە بۆ ناو زەواری زیندەگی و مەرگ.

له کۆڵانە تەنگەکانی شار هاتە دەرەوە، گەڕەکەکانی تر، شـارە دوور و نزیکەکــانی تــری پێــوا و پێــوا، کەوتە پشــکنینی کۆمەڵگــا، دەستەڵادار و هەژار و بێنەوا، زانیار و کۆلکە خوێندەوار، له هەر لایە هاژەی بایە، لە دۆڵ و دەربەندی زەرافەتی نەتەوایەتییەوە هەڵی کرد کرد با، کڵاوی زامدار له حەزمەتی ژانی ناخی ویژدانا با دەیبرد.

سەیر لەوە دابوو، هەرگیز بە دوای کڵاوە بابردووەکەیـدا نەدەگەڕا، له مەینەتیی ژیان دەچوو کڵاوێکی تری دەچنی.

زامدار بێ پشتوپەنا، مەغرووڕانە دەیخستە سەر، زامدار لە ئاسـمانی تێفکرین و خەیاڵا، هەر جووڵانەوەیەکی بە ڕازێک دەزانی، هەر شنەی بــایەکی بە ســازێک دەهــاتە گــوێ، هەر ورتە و خــورپەیەکی بە نەوایەک، هەر بزیسکە و بریسکەیەک بە چرایەک، چرای ڕێگای پڕ لە هەڵەت و هەڵدێرگای وڵاتی بەدەستەوە دەگرت. گوێی لە تانە و تەی پڕوپووچ کەڕ کردبوو.

دەمولێوی هەڵقرچاوی بە ئاوی شەڕەفی وڵات تەڕ کردبوو، لە قسـەی کرچوکــاڵ گــوێی خــۆی کەڕکردبــوو، لە بوارەکانــدا توانــای تــاقی دەکردەوە، تینوی زانین بوو، شەیدای ئەوین بوو.

مەحموود بۆ زامدار بوو؟

لە کوێڕا بەر گوللـە و خەنجەری پەلامـاردەر کەوتبـوو، ئەی زامەکەی بۆ سارێژ نەدەبوویەوە، پەیوەستە دەهاتەوە سۆ!

لەوەی دڵنیـام ئەگەر بە شـێوەی خـۆی تیمـاری برینـی دەمکـراوەی خۆی نەکردبا، بای زەمان دەیبرد و دەبووە پووشـکەی بەر ڕەشـەبا. ئەوانەی ئاگـاداری زەواری ڕۆشـنبیریی حەفتاکـان تـا ئەم دەمە بـن، ناتوانن ناو و پێگە و جێگەی زامدار نادیدە بگرن...

زامدار پەیکەرێکی زیندووی ناو شاری هەولێر بـوو، ئەو تەرزە ژیـانە، ئەو وتووێژە تایبەتمەندە، ئەو جلوبەرگە شـڕۆڵەی، ئەو ژانتـا شـل و شێواوەی، تەنها هەر لە خۆی دەهات.

با لە ڕاسـت و چەوت دوورکەویـنەوە، لەم سـەردەمەیدا چەنـد زامـدار لەنێو کورددا بەرچاو دەکەون؟

وای چەند غەمی مەرگی زامـدار دەخـۆم، هێنـدە غەمـی بـێ زامـداری ئـازارم دەدا،... ئەتـۆ بنـوارە، لە دوای مەرگـی شـێخ ڕەزا، هەزاران شاعیر لەنێـو میللەتەکەمانـدا وەدەرکەوتـن، شـێخ ڕەزایەکـت بەرچـاو کەوتووە؟

غەمێکـی تـر گـڕی تێـبەردام، لەم قۆناغەیـدا دیـار و تەبـاری دونیـای ڕۆشنبیریی کوردی نەزۆکە، ئەم دەم و سەردەمە لە زۆر بواردا" نێـرە و بدۆشە"یە.

دوور ناخایەنێت زامدار و ناوی زامدار و کاروکردەوی زامدار لەبیردەچێتەوە و زامدارەکانی تریش دەوا و دەرمانی ئێکسپایەری ئەم قۆناغەی  تیمارییان ناکات.

کەواتە کڵاوە و با دەیبا و گردەنشینە. ئافەتی ڕۆژگاری ئێستایە، نە هی توێژێکە و نە هی یەک چینە، هی هەر هەموویانە...

هیچی زامدار ناگێڕمەوە، کێ گوێم لێ دەگری؟ کێ غەمی پەڕپووتی ڕۆشنبیرانی کورد دەخوات؟

بەخوا زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد، باجی بێ ڕەواجی و کردەوەکانیان دەدەن، بڕێک دەستەمۆ و بڕێک خۆشەبوو، بڕێک پیرەمەگروون ئاسا بەرزوبوڵند، نەدارییان لە ئامێز گرتووە. نازانم بۆ زامدار بگرم یان بۆ زامە دەمکراوەکانی؟

ڕەنگە یەکێک بڵێت ئەم کابرایە چییەتی لە ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی کورد؟

لەوەتەی بوونە هەروا نیازمەندی و هەژاری و نەداری بەشی سەرەکیی ژیانیان بووە!

ڕەنگە وابێت!

ڕۆشنبیرانی گەلانی تریش هەروابوونە؟

با ویژدان بخەینە ناو لەپمان و لۆژیکانە تێبفکرین، ڕەواکان ڕزگار کەین، دەواکان دەستنیشان کەین، میللەتانی زیندوو چەند سەدساڵ

بێ یەکودوو وایان کرد، بۆیە وان، ئێمەی کوردیش لە کەس کەمتر نین، با نەڵێین سبەی دەیکەین، لە سبەی گەڕێ، لەناو گەلانی زیندوودا سبەی یانی ئێستا، فەرموو دەی ئەوە گۆ و ئەوەیش مەیدان.

# با بیانژمێرین!

بەنـده لەوەی دەگەڕێـم بـڕۆمە نێـو وردەکـاری گرفـت و قەیرانەکـانی ڕۆشــنبیرییەوە، ئەوە شــانامەیەکە بــۆ خــۆی، بەڵام کە لە وەزعــی پەیکەرسازیی وڵاتەکەم ورد دەبمەوە، بەتایبەت لە پایتەختدا تووشـی خەفەت و سەرسامی دەبم!

لەوەی دڵنیــام ئەوە کەمتەرخەمــی نیــیە و بەرنــامەیەکی داڕێــژراو و قەدەغەکراوێکی سەرپۆشـداره، لە ڕووی چ ئەنگێـزه و بیـر و ڕایەکە، یەشـتا بەرپرسـیارێک ئەمەی ڕۆشــن نەکـردووەتەوە، بەشـێوەیەک لە شێوەکان خۆیان لەم کەمتەرخەمییەی کەڕ کردووه.

باشــه بــا لە یەکــی بــدەینەوە، ئەگەر لەبەر بۆچــوونی بیــروڕای ئیسلامییە ئەی بۆ لە پایتەختە ئیسلامییەکانەوە گەیشتووەتە ئـیمە؟ ئەوان بە وردەکارییەوە بە زمانی پەیکەر ڕێز لە لێهاتووانیانی خۆیـان دەگرن و پەیکەرەکانیان دەخەنە بەر تەماشـای منـداڵ و ژن و گەورە و بچووک، بیرەوەرییان لە ئـاوەزی خەڵکـدا تـازە دەکەنەوە... باشـە بۆچی ئێمەی کورد مێژوومان نییە؟

ئەرێ شاعیر و لێهاتوو و قارەمانمان نەبووە؟

پایتەخت تەنها بە ساختمانی بەرز و ڕەنگاوڕەنگ ناڕازێنرێتەوە، لەناو میللەتـانی تێگەیشـتوو و پێگەیشـتوودا جـێگە و پـێگە و پەیـکەر و

هـونەری پەیکەرسـازی و زمـانەکەی جـێگەی خـۆیە، هەر میللەتێـک ئەلـف و بـای هـونەر نەزانێـت بە دڵنیـایی لە قۆنـاغێکەوە نـاڕواتە قۆناغێکی تر.

بە ئومێــدی ئەو ڕۆژەی پایتەختەکەمــان لەو هــونەرە جیهــانگیرە مەحــرووم نەکرێـت، ئەگەر پەیکەریـش دروسـت کرابێـت وەک وەبـا لێدراوێک تووڕدراوەتە ناو باخچەی سامی عەبدوڕەحمانەوە.

کابرایەکی ئەورووپی یان ژاپۆنی چوزانم ئەمریکی، گـوزەری بکەوێـتە وڵاتەکەمان ڕووکەشی ڕەنگاوڕەنگی ئالکابۆنی ساختمانەکان سـەرنجی ڕاناکێشـێت، ئەوەی بـۆ ئەو گـرنگە شـتێکی نەبینـراوە، کەلتـوور و مێژووی میللەتانە...

من نازانم پەیکەر بۆ وا بێزراو و نەفرین کراوە؟

کەواتە هەڵپەڕکێ و شاییش هەر بەم دەردە ببەن...

ڕەنگە یەکێک بڵێت نەخێر پەیکەرمان زۆرە، ئەو بـرادەرە ڕەشـبینانە بیر دەکاتەوە.

باشــە ئەگەر وایە فەرمــوو وەرە لە پایتەختەکەمانــدا پەیکەرەکــان بژمێرین.

# من یارسانیم!

ئـایینی یارســان یەکـێکە لە کـۆنترین ئایینەکـانی ئـێمەی کـورد. بنەماکانی دەگەڕێنەوە بۆ سـەر ئـاییني میترائـی، کە زۆرتـر لە هەزار ساڵە، لە ئاییني زەردەشتی کۆنترە.

ئەم ئــایینە لەسەرتاســەری کوردســتانی گەورەدا لێــرە و لەوێ لە دەڤەرکانــدا دەبینرێــت، بەڵام هەوارگەی ســەرەکییان زیــاتر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دایە.

ئەو ئـایینە عیرفـانییە ڕێوڕەسـمێکی جیـاواز و تایبەتمەنـدیان هەیە، باوەک لە ڕووی ناچـاری برێـک گۆڕانکـاری لە بنەماکانیـدا بە وجـوود هـاتووە، بەڵام ڕووکـنە بنەڕەتیـیەکەی هەر وەک خـۆی مـاوەتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

برێـک لە ئاســەوارە پیرۆزەکانیــان دەگەڕێـنەوە بـۆ پـێش ئیســلام، نموونەشیان لە دەڤەرەکاندا زۆرن.

لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا سوڵتان سهاک تـوانی گـوڕ و ڕۆحێکـی نوێ خوێنێکی تازە لەنێـو شـادەمارەکانی ئەو ئـایینە بخـاتەوە گـڕ و جووڵانەوەیەکی بەرچاو بەشێوەیەکی وا وەک ئایین، وەک دەسـتەڵات بەربڵاوییەکی بەرچاو بهێنێتە کایەوە، ئەم زاتە لە بیروڕای پـەیڕەوانی ئاییني ئەهلی هەقدا پێگە و جێگەی بەرز و بوڵندی هەیە.

یارسان، ئەهلی هەق، کاکەیی، هەر سێکیان ناوی یەک ئایینن، لەبەر بڵاوی "ڕوقعە"ی جوگرافیا بەو سێ ناوە ناوبراوە.

وشەی "یارسان" دوو بەشە " بە واتای "هاوڕێ، هاوبیر"، "سان" یانی "گەورە، سوڵتان، شا" کەواتە یارسان کە لە دوو وشە پێکهاتووە بە مانای پەیڕەوانی سوڵتانە کە بکات " سوڵتان سهاک"

سوڵتان سهاک (١٢٧٦-١٣٩٥ز) توانی پەیڕەوانی ئەم ئایینە بهێنێتە جووڵە و تەقەڵا و هەیەجان، نەک تەنها لە ڕووی ئایینییەوە، بەڵکوو وەک دەستەڵات و فەرمانڕەوایی، لە سەردەمی ئەودا لە ناوچە و دەڤەرە پچڕ پچڕەکان دەستەڵاتی یارسان لە ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتە هەمەدان و کرماشان و لووڕستان.

هەروەها لە کوردستانی باشووردا گەرمیان تا دەگاتە کەرکووک، لە باشووریشەوە تا دەوروبەری شاری بەغدا ڕۆیشتووە، لە باکووریشەوە عەلی وڵایی، ئێستای کوردستانی باکوور هەمان پەیڕەوانن، کتاوی "سەرەنجام" بە پیرۆزترین دەستنووسی ئەم ئایینە دەژمێردرێت، کۆنترین شیعر و هەڵبەستە، کە بە کوردی نووسرابن لە کتاوەکانی ئەم ئایینە دەبینرێن.

کەسانی گەورەی دونیای ئەدەبیاتی کوردی پەیڕەوی ئەم ئایینە بوونە، وەک: باباتاهیری عوریان، ئێل بەگی جاف، سەی یاقو و زۆری تریش.

بەندە لەم نووسینەمدا دەمەوێ باس لە گرنگیی مۆزیک لەم ئایینەدا بکەم، مۆزیک ڕوکنێکە لە ئەرکانی ئەم ئایینە، بەتایبەت ئامێری تەموورە.

ڕابەرەکانی ئەم ئایینە لە سوڵتان سهاکەوە بگرە تا شا ئیبراهیمی عابدینی جاف، باوە یادگار، پیرشالیار، میرسوری، خاموشی، قەلەندەری و تەواوی پیرەکانی نێو ئەم ئایینە وێرد و دوعا و ستایشەکانیان بە دەنگ وەک ئاواز و گۆرانی و هامڕای نەوا و تەلی تاری تەموورە دەخوێند، تا بە ئەمڕۆیش ئەو مۆزیک و ئاهەنگە لە کەلتوورێکی ئایینی بۆ گرنگی و پێگەی "تەموورە" زۆر هەڵبەست و وێردیان نووسیوە، یەکێک لەوانە دەڵێت:

خاوەندکارم تەنبورش ئاوەرد

پەری یارانش هەر سوگەندش وەرد

واتش هەر کەسێ تەنبوور نەژەنو

مەبوجە دینیش دلش بکە نوو

یانی سەروەرم تەموورەکەی هێنا و سوێندی بۆ پەیڕەوانی خوارد، ئەوی تەموورە نەژەنێت، وا چاکە دەست لە ئایینی یارسانی هەڵگرێ.

باشـــه ئەوە هەزار و چوارسەدســـاڵە مۆســـیقا و شـــێوەکاری و پەیکەرسازی باسی لێ دەکرێت، لە کاتێکدا ئەوە فەرمـانە لە ئـاییـنی یارسانا، ئەوەی تـەموور نەژەنێ با دەستبەرداری ئاییـنی یارسان بێت.

نەک تەنها لە قسەی پیرەکانیادا بەڵکوو لە ئەو فەرمـانە لە کتـاو و کەلام و سەرەنجامیشیاندا هەمان بیرورایە.

تەواوی ئەو نووسراوانە به شێوازی گۆران نووسراون، وەک دەفتەری پەردیـــوەر دەورەی پەهلـــوول، دەورەی بابـــا ســـەرهەنگ، دەورەی شاخوشـین، دەورەی بابـا نـاوس، دەفـتـەری دامیـار، دەورەی دێـوانە گەورە و زۆری تر.

تەواوی ئەم سروودانە لە چەمخانەکانیاندا بە تێکڕایی دەخوێنرێن، بە هاوڕایی تەمووره ژەنان دوعاکانیان دەگەیەننە عەرشی ئاسمان.

ئەوە حاشـا هەڵنەگـرە یەکـێکە لە کـۆنترین ئاهەنـگ کە بەدەنـگ بە شێوەی ئاواز خوێندراوە.

هەڵبەتە سرووده‌کانی گاتـای نـاو ئاڤێسـتایش بە دەنـگ دەخـوێنران. دەکرێـت بڵێـین سـەرچاوەی بڕێـک لە مەقـامە کوردییەکـان هەمـان سروودەکانی ئاڤێستا و ئاییـنی زەردەشتییە، وەکوو "هورە"ی چـافی، کە بە ستایشی ئاهورامزدا دەژمێردرێت یان سیاچەمانەی هەورامی.

سروودەکانی ئەهلی هەق لە سەردەمی دەسـتەڵاتی سـەلجووقییەکاندا ڕەواجـی پێـدراوە، یـانی لە سـەردەمی شاخوشـین، ١١٠٠ز، ئەو زاتە

فەرمانی داوە ستایشەکان لە شێوەی سروود بن، لەسەر فەرمانی شاخوشین سەدان کەس پێکەوە تەمووریان ژەنیوە...

وابـاوە کاتێـک شاوخوشـین نەخـۆش بـووە وەسـیەت دەکـات تەمـوورەکەی لە سەرتاسەری کوردسـتاندا بگەڕێنن، لە هەر کوێدا تەموورەکەی تارەکانی کۆک بوون لەوێڕا تەرمەکەی بنێژرێت. موو بە موو وەسیەتەکەی جێبەجێ دەکەن، لە ناوچەی هەوراماندا تەمووره کۆک دەبێ و لەوێڕا تەرمەکەی دەنێژن.

بە شێوەیەکی تێکڕایی ئامێرەکانی مۆزیک لە سەردەمی شاخوشین دا بەکار براون، وەک: تەمووره، باربەت، قانوون، ڕوباب، نەی، دەف، دهۆڵ، لەم ئامێرانە تەنها تەموورە بە شێوەیەکی تێکڕایی لەنێو ئەهلی هەقدا ماوەتەوە، لەبەر ئەوەی شاخوشین بۆخۆی تەموورەی ژەندووە.

لەوە گوزەشتە، سێ ئایینی کوردی: زەردەشتی، یارسانی، ئێزدی.. کارابوونە لە بەربڵاوی گۆرانی و مۆسیقادا، چونکە لە باوەڕێکدابوونە بە گۆرانی و نەوای ژێ و تەلی تاراوە و دوعاکانیان زووتر دەگاتە جێگەی خۆی، وەنەبێ تەمووره بە یەک شێوە بژەنرێت، مەقام و ئاوازی جۆراوجۆری هەیە، وەک:

شێخ ئەمیری سەحەری، عابدینی، باباکاوسی، سارۆخانی، چەپی، قەتار، شاخوشینی، چلەوشاهی، فەتتاح پاشایی، تەرز، هەڵپەڕکێ. زۆربەری ئەو ئاهەنگانە عیرفانین، ئەگەرچی زۆرجار لە لایەن

دەمارگرژانی ئایینەکانی ترەوە ئەهلی هەق خراونەتە تەنگەبەرییەوە، بەڵام توانیویانە ئاهەنگە کۆنەکانی هەزار ساڵ لەمەوبەری کوردی بپارێزن.

بەندە بە ئەرکی خۆمم زانیوە مۆزیکژەنێکی یارسانی وەک پەیکەر بسازێنم... لەبەر ئەوەی لە ڕابردوودا ئایینی یارسان زوڵم و زۆرێکی زۆریان لێ کراوە، بۆیە لەش و ئەندانی مۆزیکژەنە یارسانییەکەم لە زنجیر ئەنجام داوە. جگە لە پایەکەی خودی پەیکەرەکە سەدوبیست و دوو سانتیمەترە، پایەکەیشی ٦٥سم...

لەبەر ئەوەی تەواوی ئەو پەیکەرە لە پارچە ئاسن و زنجیری پچڕاوم دروست کردووە، ئەو پچڕپچڕانە نیشانەی عیرفان و لە عیشقا سووتاندنە. ئەوی زۆرتر زەحمەتی دام سمێڵەکانی بوو، وەک دەزان سمێڵ لەنێو پەیڕەوانی ئەهلی هەقدا، مەرجێکی سەرەکییە و نابێ بتاشرێت.

ئەگەرچی تا چەند ساڵێک لەمەوپێش سمێڵ تاشین بە دەگمەن بینراوە، ئەمرۆ مووکێشیش بەکار دەبرێت بۆ هەڵکەندنی مووی سمێڵ، هەتا وەکوو بڕێک پیاو بۆ ئەبرۆیشیان بەکاری دەبەن.

# ئەوە ناوی تۆیە!

ئەگەر ئەو ئـایەتە پیـرۆزەی قورئـانە نەبـوایە" ونفخنـا مـن روحنـا" دەمتوانی بڵێم مرۆڤ لە هەرچی گیانلەبەرە وەحشی و دڕندەترە.

ئەم ئـایەتە پەنجەمـۆری خـاوێنی و پـاکی مەردوومسـالاری لە دڵ و دەروونـی بڕێـک لە پیاوچاکانـدا دەدرەوشـێنێتەوە و بە شـەریەت بە ڕێگەوە دەبەن و هەر کۆمەڵ و کەسانێک بـوارێکی سـازندەگی دەبەن بە ڕێگەوە و نیازی داخوازییەکانی ژیان دابین دەکەن.

ئەگەر ئەو تیشـک و نـووری خـودایە لە دەروونـی مرۆڤـدا نەدەبـوو، مرۆڤ، مرۆڤی دەخوارد.

ئێستایش بەم هەموو ئایەتانەوە، بەم هەمـوو پەیـامبەر و نێـردراوەی خوداوە، بەم هەموو ئایینە جۆراوجۆرانەوە، بەم هەمـوو فەیلەسـووف و پیاوچاکانەوە، بەم هەموو داهێـنەر و بیرمەنـدانەوە، کـاروکردەوەی خوێناوی وا لە مرۆڤ دەوەشـێتەوە دڕنـدە و جـانەوەران پـارێزی لـێ دەکەن.

دڕندەیەک، چوزانم شێرێک، پڵنگێک برسی نەبێـت ئاژەڵێـک بە لایـدا گوزەرکا کەم تەرخەمە و پەلاماری نادا.

بەنـدە باسـی شـەڕە خوێناوییەکـانی قـووڵایی مێـژوو نـاکەم، کە بە هەزاران ڕوویان داوە و بە هەزاران و ملیۆنانی تیـادا کـوژراوە. باسـی شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەم ناکەم کە ملیۆنەهای تیادا کوژراوە و جیهانیان خستە سەر لێواری کاولبوون.

ئەم شەڕانە خۆ لە ئاسـمانەوە دانەبـارییبوون، ئەو کوشتوکوشـتارە لە ڕەفتـار و کـرداری مـرۆڤەوە ڕوویـان داوە، لەسـەر هەرچـی بووبێـت کوشتنی ئەو خەڵکە زۆر بێ پاساوە.

بـا هەر دوور نەڕۆیـن ئەو کوشـتار و کۆمەڵکوژیـانەی لە کوردسـتاندا ڕوویان داوە، ئەوە ئەنفال، ئەوە کوشتنی هەشت هەزار بارزانی، ئەوە کیمیابارانی هەڵەبجە و بادینان و شـێخ وەسـانان، ئەوە کوشـتنی دە هەزار بــــرای فەیلیمـــــان، کوشـــــتنی هەزاران ژن و منـــــداڵ و زیندەبەچاڵکردنیان، کە دڕندەکان نایکەن.

خـۆ ئەو تاوانـانە لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا ڕوویـان نەداوە، لە دوا هەناسەکانی سەدەی بیسـتەمدا ئەنجـام دراون، کە پـۆپەی زانسـت و پێشکەوتنی مرۆڤی تیادا تۆمارکراوە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێـت زانسـت و پێشـکەوتن ناتوانێـت بە شـێوەکی گشتی بەر لە هەوا و هەوەسی خوێناویی مرۆڤ بگرێت.

بۆیە هەمیشە جیهان لە مەترسی شەڕێکی گشتگیر دایە.

با ترس و تۆقیانەکە بچووکتر بکەینەوە، کار و کردەوە و بیروڕای سەردەمدارانی زۆربەی وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان بخەینە تای تەرازووەوە و هەڵیان سەنگێنین.

لێره و لەوێ، له وڵاتێکدا یەک، دوو، دە، بیست، سی، حزبی تیادایه، ئەگەر بە باشی لەو حزبانە وردبینەوە، زۆربەی ئەو حزبانە یەک ئارمان و یەک ڕێبازیان هەیە، ئیدی هەستی من، منم و ئەی من بۆنا؟ پاڵی پێوە دەنا تا بکەوێتە بیری پێکهێنانی حزب و ڕێکخراو و چوزانم ئەنجوومەنەوە.

ئەم دیاردەیە زۆرتر لەناو کۆمەڵگەی میللەتانی تازە پێگەیشتوودا بەدی دەکرێت، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەگەر وردبینەوە له کوردستان حزب زۆرترە لە ئەمریکا، یان بەریتانیا، هەر با دوور نەڕۆیین لە کوردستانەکەی لای خۆماندا ئەوەندە کەناڵی تەلەفزیۆنی جۆراوجۆر هەیە، لە وڵاتانی تردا نین، جاران بۆ کتاوێکی لە چاپدراو ڕیزمان دەبەست بۆ خوێندنەوەی، لە سالانی ڕابردوو و ئێستایش هەزاران کتاو لە چاپ دەدرا و دەدرێت، کەچی زۆربەی هەره زۆری ئەو خەڵکە لە ساڵێکدا کتاوێک ناخوێننەوە، ئەمە گرفتە ئێمەی تیادایـن، ئەگەر لێی بپرسیت کاکە بۆ کتاو نا خوێنیتەوە؟

دەڵێت: چوزانم زۆتر هەر خەریکی ئەو ئامێرە تازە باوانەم، وەک وا بێت ئەو ئامێرانە ئیمە دروستمان کردبن.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەبینی کابرا لەنێو پاسدا کتاو دەخوێنێتەوە، لەنێو ترام کتاو دەخوێنێتەوە، لەناو باخچە و شەمەندەفەر کتاوی بە دەستەوەیە، لە کاتێدا ئەو ئامێرە تازە باوانە لەلای ئەوانەوە گەیشتوونەتە ئێمە.

خوا نەبێ هەموو کەس خاوەنی هەڵەی خۆیەتی، کەس نییە هەڵەی نەکردبێت، بڕێک لەسەر هەڵەکەیان بەردەوامن و بڕێکیش بیری لێ دەکەنەوە، زۆر کەس بە خۆیاندا دەچنەوە و دەکۆشن هەڵەکەیان دووبارە نەکەنەوە.

هەموو کۆمەڵگە و میللەتێک لە من و تۆ و ئەو پێک هاتووە، بە ڕەگەز و ئایینی جۆراوجۆرەوە، بڕێک لە گەلان لە مێژدا بەخۆیاندا چوونەتەوە و کۆشاون کەمتر هەڵەکانیان دووبارەکەنەوە، بۆیە دەبینین ئەورۆ لە پلە و پایەیەکی بەرز دان، فەرهەنگێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوویان پێکهێناوە و ئەوەی قوڕبەسەر و داماوە و زیاتر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقایە.

من نارۆمە نێو مەلەفی قوڕبەسەریەکە، ئەوە ئاڵۆز و دووروودرێژە، قوڕبەسەرییەکە هی ئەمڕۆ و سبەی نییە، گرفتەکە لەوەدایە لە بیری بەخۆداچوونەوەدا نین، پێشیان وایە خەڵک هەڵەیە و ئەوان ڕاستن.

زەمانێک بیرم لە دروستکردنی پەیکەرێک دەکردەوە، کە ئاماژە بێت بۆ بەخۆداچوونەوە، بەڵام چەندان کێشە و گرفتم لا جەم بوون، یەکەمیان کارگەی تایبەت بەخۆم نەبوو، بەتایبەت ئامێری بڕینی



ئاســن و جۆشــکاری و ســافکردنی و مەورەی کارەبــایی و ئیتــر پێداویستییەکانی کارگەیەکی نەک تەواو، نیوە تەواو.

لە مێــژدا ئاســنگەرێکم دەناســی، زۆربەی ئاســنگەران لە کاروبــاری پەیکەرسازی پارێزی دەکەن، بە تاوان و گوناهی دادەنێن.

دیزاینێکم کردبوو، پەیکەرەکەم کردبووە حەوت پارچەی جیا، کابرای ئاسنگەر هەر ئەوەی لەسەر بوو بکەوێتە شوێن دەستم و لەحیم و جۆشکاریی خۆی بکات، ئەگەرچی دەستکێشی قەبە و ئەستووریشم لەدەست دابوو، لە زۆر لاوە دەستم سووتا و چاویلکەی تایبەتیم لە چاو دابوو، تیشک و دووکەڵی جۆشکارییەکە چاومی شڵەقاند و تا دوو سێ ڕۆژ نەمتوانی توخنی کارەکە کەوم. کابرای ئاسنگەریش نەیدەزانی بەچییەوە خەریکە. سەرەنجام ڕۆژێ بە یەکەوە پەیوەندی پارچەکان هاتبووە بەرەوە، دەربارەی کورسییەکە گرفتم نەبوو، ئەوە کورســییە و دروســتم کــردەوە، ئەگەرچــی نەخشــەکە شــاهانە و هونەرییە، هەرچی بێت بۆخۆی کورسییە.

یەشتا پەیکەرەکەم لەسەر تەختی شاهانە کۆنەکردبوویەوە، ڕۆژانە لە ڕاســت و چەپەوە ئاســنگەرانی دراوســێی ئاســنگەرەکەی لای مــن دەهاتن بۆ تەماشای تەختی شاهی...

ئیتر ئەوە هەر بە تەختی شاهی درا لە قەڵەم و بووبووە ڕمووزن.

وردە وردە پەلوپۆی لە مێژدا دروستکراوی پاشام بۆ سەر تەختی شــاهیەوە کــۆکردەوە، ئیتــر وەرەوە و تەماشــاکە، هەر بەو چەشــنە

بێدەنگ، هەرچی ئاسنگەر و شاگردەکانیان هەبوون نۆرەیان بەستبوو بـۆ وێنەگـرتن لەگەڵ پەیـکەرەکەی بەندەیـدا. دەنگـۆی پەیـکەر لە سـناعەدا دەنگـی دایەوە، دەنگـۆ گەیشـتە لای نەیـارانی پەیـکەر، بە چاکم زانـی هەرچـی زووە پەیـکەر بـخەمە سـەر کـۆڵی کرینێـک و لە ماڵەوە ڕەنگی کەم، تا تووشی قسەی پڕوپووچی داماوەکان نەبم..!

تـا ئەو دەمە نەمـدەزانی بەلای کەسـانێکەوە بـۆ فیـزیش بـووە دژە پەیکەرن، وەک وابێت ململان لەگەڵ "هۆبل و لات و عوزی"دا بکات و سەرەتای ململانێی نێوان جەهالەت و ئیسلامە.

لە یەکم دایەوە بەم جۆرە من ناتوانم لە کاری هونەریدا بەردەوام بم، بۆیە کارگەیەکی خنجیلانەی هـونەریم دورسـت کـرد، ئیتـر وردە وردە پێداویسـتییە لە بیرچووەکـانم تێئـاخنی، پەیـکەری ئەوە نـاوی تـۆیە بۆخۆی باسێکی فەلسەفییە و کردوومەتە پەیکەر...

وەک زانـراوە هەر مرۆڤێـک دوو کەسـایەتییە، یەکێکیـان کەسـایەتیی بـایەلۆژییە، کە وەک ڕواڵەت و لەش و ئەنـدام لەبەرچـاون، ئەوی تـر ناخ و ڕەوانیەتی...

ئەگەر مرۆڤێک بتوانێ چنـگ لەو کەسـایەتییە نەبینـراوەی گیربکـات، دەبێتە خاوەن هێز و توانایەکی گەلێک بەربڵاو، بۆیە لەناو سێ چـوار ملیۆندا ڕەنگە یەکێک چنگی لەو هێز و توانا شـاراوە گیرکـا، ئەگینـا ئەو کارە هونەریانەی " مایکل ئەنجلۆ، ڤان کوخ، ڤیدیاس"، یـان ئەو هەموو داهێنانە چۆن بەدەست دێت؟

جا پەیکەری من ناوی تۆمە، ئاماژە بۆ بینەرەکەی دەکات و دەڵێت: تۆ هەر کەسێک هەیت بە خۆتا بچۆرەوە و بکۆشە هەڵەکانت دووبارە نەکەیتەوە.

ئەم پەیکەرە و داستانەکەی هەموومان دەگرێتەوە، هیچ یەک لە ئێمە نییە هەڵەی نەکردبێت، وەک پەیامبەری ئیسلام دەفەرمووێت:" کل ابن ادم خطاء وخير الخطائين توابون"، ئەوی هەڵەی ناکات تەنها پەروەردگارە...

بە ئومێدی کۆمەڵگایەکی پێگەیشتوو و تێگەیشتووی کەم هەڵە...

# ئەوە بۆ مەلاجەمیل ڕۆژبەیانییان کوشت؟

برێـک لە برادەرانـی بەرزنجـی سـەر بە دەوڵەت و نیشـتەجێی بەغـدا شـانازییان بەوە دەکـرد، کە بە ڕەگەز عەرەبـن... مەلا جەمیـل لە گۆڤـاری "ڕەنگـین" وتـارێکی دەربـارەی ڕەگەزی بەرزنجـی نووسـی، بەپێـی سـەرچاوە ناسـراوەکان ئەو ئیـدعایەی ڕەدکردبـوویەوە لە ژمـارەی داهـاتووی هەمـان گۆڤـاردا بە پـێچەوانەی وتـاری یەکەمـی نووسی بوو، پێم سەیر بوو، تەلیفۆنم بۆ کـرد و وتـم: مامۆسـتا ئەوە چەندی بە چەندە؟

وتی: فلانی خەریکن دەمکوژن.

وتم: باشە هەرچی هەتە و نیتە ئەو ماڵەیە و بیفرۆشە و بگەڕێوە بـۆ کوردستان!

وتی: ئەی مەکتەبەکەم!

وتـم: بەڵێنـت دەدەمـێ هەرچۆنێـک بـووە پێـت بگەیـنم، برادەرانـی حزبی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات جاروبار نـامەی نووسـەران و برێک کەسـانی کـوردی ناسـراوی بەغـدایان دەگەیانـدە نـاو شـۆرش، بەیـانییەک یەکێـک لەو بـرادەرانە دەڕوا بـۆ وەرگرتنـی نـامەی مامۆسـتا.... دەرگـا ئـاوالا بـووە و دەڕواتە ژوورەوە، دەبینـی مەلاجەمیلـی ڕۆژبەیـانی کـوژراوە، تەلیفـۆنی بـۆ مـن کـرد، منـیش



تەلیفۆنم بۆ خزمانم کرد... بەپەلە خۆم گەیاندە ئەوێ، گەیشتمە ئەوێ کەس نەهاتبوو، مەلاجەمیل لە هۆڵەکەی دابوو، وایەری تەلەفۆنەکەی لە مل کرابوو.. دەرنەفیزێکی خوێناوی بەسەر یەکێک لە تەپڵەکەکانەوە دانرابوو، هاتمە دەرەوە لە چیمەنەکەیدا چاوەڕوان بووم... سەردار جاف و خزمانی ترم گەیشتن وردە وردە کەسانی تریش دەهاتن... فوادعارفیش هات... سەردار جاف تەلیفۆنی بۆ موکەرەم تالەبانی کرد نەهات... بەو شێوەیە مەلاجەمیل"بەندی" ڕۆژبەیانی ناسرا بە شەهیدی قەڵەم و تەرمەکەمان گەیاندەوە کەرکووک، توانیم لە یەکێتیی نووسەرانی عێراقدا چلەی ماتەمینی بۆ بگێڕم.

بۆ ئاگاداری خوێنەرانی ئازیز دەمەوێ نەختێک تیشک بخەمە سەر چۆنیەتیی ژیانی ڕۆژانەی ئەو زاتە مەزنەی کە ڕۆژگاری چۆن بەسەر دەبرد.

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، سەرتاسەری ژیانی بە ڕەبەنی بردووەتە سەر، لەم دوادوایەیدا ژنێکی هێنا بە ناوی " مەلیحەخانم" خەڵکی شاری کەرکووک بوو، زۆربەی کاتی مەلیحەخانم هەر لە کەرکووک دەگوزەرا.

ماڵ و حاڵی مەلا جەمیل هێندە خاوێن بوو بریسکەی لێوە دەهات. سەرتاسەری کات قۆری و کتری مەلا جەمیل هەڵمی لێ هەڵدەستا... بەندە وەک کەلتوور هەموو هەینییەک لەگەڵ مەلا شەکووردا یا

دەڕۆیشتین بۆ لای ئەو یان لای مامۆستا مەسعوود محەمەد، یا خود بۆ نیوەڕۆژە لە ماڵی ئێمە کۆ دەبووینەوە، خۆزگە ئەو دانیشتنانە تۆمار دەکرا " جا چی تیا نەبوو".

باوەک بەندە لە چەند کۆڕ و بۆنەیەکدا لەو سێ زاتە شیریتی ڤیدیۆیم هەیە و تۆمارم کردووە....

من لێرەدا ناتوانم خۆم لە دەریای بێ ئامانی ژیانی مەلا جەمیل بدەم... بە هەقیقەت "مەسنەویەکە" بۆ خۆی، بەڵام دەتوانم باسی چەند ڕووداوێکی ئەو زاتە بخەمە بەرچاوی خوێنەران، لەپێش ئەوەیدا باس لەوانەی بکەم، ئەوجا دەگەڕێمەوە سەر کوشتنەکەی. ئەو پیاوە مەزنە بۆ کوژرا؟ کێ کوشتی؟ بۆ کوشتیان؟ لەسەر چی کوژرا؟ ئەم پرسیارانە ئەگەرچی تا بە ئەمڕۆ لە باری ئاساییەوە بێ وەڵامن، بەداخەوە تا ئێستا نە دەوڵەت نە حزبە دەستەڵاتدارەکان، نە لایەنێکی خەمخۆری ئەدەب، مێژوو و ویژدان، نە خزمان و عەشیرەتەکەی، ئاوڕێکی بەرپرسیارانەیان لە چۆنیەتیی ئەم کوشتنە نەداوەتەوە، ئەگەرچی کوشتنەکەی "حەیە عەلاسەلاتە"، کەس خۆی بە خاوەنی نەکردووە.

لە دونیای پێگەیشتوو و تێگەیشتوودا کەسێکی وەک مەلا جەمیل خاوەنی گەورەترین هۆز و عەشیرەت و خزموخوێشە. قەڵەمبەدەستانی ئەو میللەتە لە سەری دێنە مەیدانەوە و خۆیان دەکەنە خاوەنی... لە هەڵبژاردنی یەکێتیی نووسەراندا بە هەزاران





فەلاکەت توانیمان کوشتنی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی بکەینە یەکێک لە " ڕاسپاردەکان" تا بە دوای چۆنیەتی کوشتنی بڕوات، بەڵام تا بە ئێستا پشتگوێ خراوە!

بەنده دڵنیام مەلا جەمیل ڕاستەوخۆ لە لایەن حکوومەتەوە نەکوژراوە، بەڵکوو بە ئاگاداری وموبارەکی ئەمنی گشتی بەعسەوە کوژراوە!

وەک باسم کرد ئەوانەی بە دوای چۆنیەتیی کوشتنەکەیەوەن با بڕۆن دوو ژمارەی گۆڤاری " ڕەنگین"ی دەرچووی ڕۆشنبیریی کوردی سەردەمی بەعس بخوێننەوە، کە دوو سێ مانگ لە پێش کوشتنەکەیەوە دەرچوون، ئەو دەم بکوژی ڕۆژبەیانی دەردەکەوێت.

ئەو بە کوردی بیری لە مێژوو دەکردەوە، زۆر نەزانراوی مێژووی ڕاست کردووەتەوە، بەشێکی مێژووی تاریکی میللەتەکەمانی ڕوون کردووەتەوە بە سەرچاوە.. دامەزراوە فەرهەنگییەکانی ناو ئێران ددانیان بە چاوساغیی ئەودا نابوو، بڕێک لە کۆلێژی مێژووی کۆنەساڵەکانی ناو ئێران بە مێژوونووسێکی کارا و لێزان و لێهاتوو دەیاننناسی، بڕێک لە کۆنفرانسەکاندا کارتی داوەتیان بۆ دەنارد. تا ئەوەی من ئاگادار بم لێزانانی ئێران حساویان بۆ بیروبۆچوونی دەکرد و جاروباریش لەسەر حەقایقی مێژوویی پەیوەندی بە کورد و ڕابردووی کورد و جوگرافیای کوردەوە بووە تووشی ململان و

دەمـاقەڵەی دەهـات، بەنـدە وەک بیـنەر و بیسـەرێ لە دواییـدا لێـی دەدوێم.

مـلا جەمیـل کـوڕی مەلا ئەحـمەدی فورقـان بـووە، خـۆی دەیـوت: تاڵبانییەکان باوکیان کوشتووە، ئیتر هەروەک باوک و باپیری ڕێبازی مەلایی گرتووە و بووە بە مەلا، بەوە ڕازی نەبووە، تا توانیویە خـۆی لە بڕێـک بـواری غەیـری ئاییینیـدا مانـدووکردووە بەتـایبەت مێـژوو و ئەدەبیانی "کـوردی و عـارەبی و فارسـی" جـگە لەوانە مـافی ڕەوای نەتەوەکەی لە بیرنەکردووە و چەندان جار لە سـەردەمی پاشـەیەتیدا گیـراوە و زینـدانی کـراوە و دوورخـراوەتەوە بـۆ خـوارەوە و نـوگرە سـەلمان... هەروەهـا نازنـاوی "بەنـدی" بۆخـۆی هەڵبـژاردووە... هەر وتارێکی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بنووسـیبایە، دەینووسـی" جەمیـل بەنـــدی ڕۆژبەیـــانی" دوای ئەوەی بـــووە بە مەلای دوانـــزە عـــیلم لە چەندان مزگەوتدا بووە بە خەتیب و بەرنوێژ... لە مزگەوتـی گەورەی مەحموودپاشـای جافـدا دەکـرێتە خەتیـب و بەرنـوێژ و لەوێـدا بە وەرگێڕانی مێژووی شەرەفنامەی میرشەرەفخانی بەتلیسییەوە خەریک دەبێت.... حەسەن فەهمی جاف چاودێری مەوقووفاتی مزگەوتەکە و خودی مزگەوتەکەی کـردووە، کە لەلایەن مەحموودپاشـای بـاپیریەوە دروسـتکراوە... حەسـەن فەهمـی جـاف بۆخـۆی چەنـدان کتـاوی لە فارسـیەوە وەرگێـڕاوەتە سـەر کـوردی و بە وردی ئاگـاداری مێـژوو و ئەدەبیاتی فارسی بووە، دەبیستێ " مەلاجەمیل" خەریکی وەرگێڕانـی شـــەهنامەی فیردەوســـییە، بەلای یەک دوو کەســـەوە وتـــوویەتی:

وەرگێڕانـــی شـــەهنامە ئاســـان نیـــیە،٦٠٠٠٠ هەزار بەیتەشـــیعر بە کـوردیکردن هەر بەدەم ئاسـانە... ئەم باسـە بە پـێچەوانەوە دەگـاتە مەلا جەمیل کە گوایە حەسەن فەهمی جـاف وتـوویەتی: شـەڕەفنامە چۆن تەرجومان دەکرێت؟

ئەمە مەلا جەمیـل ئـاڵۆز دەکـات، نـامەیەکی توونـد و ناشـرین بـۆ حەسـەن بەگ دەنووسـێ، یەکێـک لەو جـوملانەی بـۆ حەسـەن بەگ نووسـیویەتی:" تـۆ دروسـتە سەرپەرسـت و خـاوەنی ئەم مـزگەوت و مەوقووفانەی ، تۆ بڵێـی ئەوەنـدە سـادە بـی خـۆت بە سەرپەرسـتی منیش بزانی؟ ئاخر شەرەفنامەی شەڕەفخان بۆ تەرجوومە ناکرێت؟"

حەسـەن فەهمـی جـاف ئەو دەم دەزانـێ باسـەکە تێکەڵکـراوە لە بەغداوە هەڵدەستێ دەڕوا بۆ قزرابات بـۆ لای مەلاجەمیـل و سـوێندی بۆ دەخوا کەوا من لام وابووە شانامە وەردەگێـڕی نەک شـەڕەفنامەی شەرەفخان!

مەلاجەمیل ئازا و نەترس بوو لە سەردەمی دەسـتەڵاتی عەبـدولکەریم قاسـمدا لە بیگـرە و بەردەی نـاو عێـراق ئاگـادار بـووە، وتـارێکی نووسی:" حسبتک ساهرا فنمت" تیادا ئازادانە هەڵـی کوتـابووە سـەر عەبـدولکەریم قاسـم و ڕەفتـاری نـاجۆری دەسـتگە ئەمنییەکـان لە کوردستاندا... ئەو وتارە بـووە هـۆی دوورخسـتنەوەی بـۆ یەکێـک لە شارە دوورەکانی خواروی عێراق...چەنێک لەو خوارە مایە نازانم!

جاروبار سەری لە باوکم دەدا و جاروباریش بۆ نیوەڕۆ خـوان بـاوکم داوەتـی دەکـرد.. جارێـک مـن گەیانـدمەوە ئـوتێلەکەی، ئەو دەم لە شانزە و حەڤدەی تەمەنم دابووم، ئوتۆمبێلەکەم وەک هەر لێخـوڕێکی ئەو تەمەنە توندوتیژ لـێم دەخـوڕی، بە هەردوو دەسـت کوشـینەکەی ژێـری گرتبـوو، پەیوەسـتە دەیـوت کـوڕە لەسـەرخۆ! کـوڕە هێـواش! کوڕە زەقنەبووتم بخواردبا لەو دەعوەتی ئێوەیە باشتر بوو.. ئیتر بـۆ دوایی هەر کات بهاتابە بـۆ مـاڵی ئـێمە دەیـوت: بە پێیـان دەڕۆمەوە لەگەڵ خوسـرەودا سـوار نـابم! ڕۆژ بە ڕۆژ عێـراق ئـاڵۆزتر دەبـوو، خۆپیێشاندان لە زۆر جێگەی عێراقدا دەستی پێ کردبوو، بەتایبەت لە بەغدادا قوتابییان ڕژابوونە سەر شەقام بەپێی فەرمانی حـزب ئـێمەی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی قوتابییانی عێـراق کە سەر بە حزبی بەعس بوو، بووبووین یە هاوپەیمان.

ڕۆژ بە ڕۆژ ململانـــێکە گەرمتـــر و گەرمتـــر دەبـــوو، ســـەرەنجام عەبـــدولکەریم قاســـم و دەوڵەتەکەی هەڕووژا و وردە وردە نێـــوان حکوومەتی بەعـس و کـورد ڕووە و ئـاڵۆزی دەڕۆیشـت. پـێش ئەوەی شـەڕ دەسـت پـێ بکـات، ڕۆیشـتمە دەرەوە و بـووم بە پێشـمەرگە و شەڕ لەنێوان کورد و حکوومەتی بەعس دەستی پێ کردەوە..

ئـــاخرین جـــار مەلا جەمیـــل ڕۆژبەیـــانیم دی، دوو ســـاڵ بـــوو پێشمەرگەبووم، برووسکەیەک هات بۆ لقەکەمـان کەوا حـاکمی شـەرع "مەلا جەمیـل ڕۆژبەیـانی" دیتبـوو... لقەکەمـان ئەو دەم جـگە لە

ڕێکخراوی حزب کە لە تەواوی دەڤەرەکانی کوردستاندا دەست بەکار بوو، سیستەمی بەڕێوەبردنی فەرماندەیی پێشمەرگە "لق و بەتاڵیۆن و کەرت" بوو، لقیش بە گوێرەی ژمارە دابەیش دەبوویە سەر لق و یاریدەکەی و سەرپەل و یاردەکەی و سەردەستە، ناوچەی گەرمیان گەلێک بەربڵاو بوو، لقەکەی ئێمە بە لقی جاف دەناسرا، دوای شەڕی خوێناوی کفری و شەهیدبوونی سی و دوو پێشمەرگە بەسەر لقەکەمانەوە شەهید مولازم عەبدوڵڵا، ئاڵۆگۆڕێک کراو شەهید سیامەند بارزانی وەک سەر لق و عەزیز بارزانی وەک یاریدەدەر لە لقی جافدا دەست بەکار بوون، عەزیز لە بنەچەکدا لە عەشیرەتی سورچی بوو...

بەهەرحاڵ شەڕ لە گەرمای گەرمیان گەرمتر بوو، مەلا جەمیل بە سواری هێسترێک و یەک پێشمەرگەی هاوڕێی گەیشتنە لقەکەمان حاکمی شەرعی پێشمەرگە بوو، بۆ خەڵکەکە نەک ئێمەی پێشمەرگە، ئەوەی گرفت و ڕووداوی نێو عەشایەرەکە ڕووی دابا، ئاسانکردنی کاری مەلاجەمیل بوو، ئەگەر ناکۆکییەکان گەورەتربووان، پێشمەرگە دەستی تێوەردەدا.

شەوێک بەلامانەوە مایەوە، ئیدی دوای سێ ساڵ مەلاجەمیل ڕۆژ بەیانیم لە تاران دی، شەڕ بڕابوویەوە وتوویژ لەنێوان شۆرش و دەوڵەتدا دەستی پێ کردبوو، وەزعەکە بەرەو ئاسایش و ئارامی دەڕۆیشت، سەردار جاف لە تەقەلادا بوو قبووڵم لە زانکۆی تاران بۆ

وەرگرێـت، سـەرەنجام لە کـۆلیژی هـونەرە جوانەکـان قبـوول کـرام، گەیشـتمە خـزمەت بـارزانیی نەمـر، بـۆ ڕەزامەنـدی تـا لە خوێنـدن بەردەوام بـم. سـەرەتا ڕەزامەنـدی نەدەدا تـا چـوومە لای عەزیـز ئـاکرەیی، کە وەک فەرمانـدە و بەڕێـوەبەری کاروبـاری سـەربازگەری پێشمەرگە بوو، پێکەوە دووبارە گەیشتینەوە خزمەتی بارزانیی نەمر، مۆڵەتی پێـدام بەو مەرجەی هەرکـات ناردمـان لە دوات بەگەڕێیـتەوە ڕیزی پێشمەرگایەتی... "لەو هەلومەرجەدا من سەر لقی جاف بـووم" دیارە مەلا جەمیل لەپێش مندا لە ئێران جێگەی خۆی گەرم کردبوو، دووبـارە لە مـاڵی "سـالارجافدا" گەیشـتمەوە خزمەتـی: مەلاجەمیـل، حەمەی نـووری عـارف ئەودەم ماجسـتێری دەخوێنـد، گەلێـک قسـەخۆش و نوکتەبـاز بـوو، مەلا جەمیـل بە دۆسـتانی دەوت: "نێرەکەر" ئیتر ئەو وشەیەی دەپرژاندە سەر دوور و نزیکدا، جاروبـار بەر منیش دەکەوت.

ڕۆژبەیـانی پێوەنـدی لەگەڵ دامەزراوەکانـدا پەیـدا کردبـوو، لێـرەوە و لەوێ وتاری مێژوویی یان وەڵامی بڕێک لە برا فارسە دەمارگیرەکـانی دەدایەوە، لەگەڵ حزبکەی "موحسینی پزیشک پوور" تێکەڵ بووبـوو، هەروەها شەهید سالارجافیش لە ئێران پەنابەر بـوو لەژێـر چاودێریی "ساواک"دا بوو، ئەوی غەیـری ئێرانـی بـوو لەژێـر چـاودێری پەخشـی هەشتەم دابوو، هەڵبەتە ئێـران لە لایەن سـاواکەوە دەبـرا بە ڕێـگەوە "سـاواک" نەک لە ئێرانـا لە تەواوی جیهانـدا ناسـراو بـووە بە دەستگایەکی سەرکوتکەر.

بڕێک لە سەرۆک دائیرەکان، وزەرا، ئەفسەرەکانی لەشکری ئێران، جگە لە ئیشە تایبەتەکەیان " باوەڕپێکراو"ی ساواک بوونە، یەکێک لەو کەسانە سەرلەشکری زەنگەنە بەڕێوەبەری هەیئەتی "اتکا"ی سوپای شاهەنشاهی ئێران بوو، کەوا نیازمەندییەکانی لەشکری ئێرانی ئامادە دەکرد، مامۆستا بۆرەکەیی کارمەند بووە لەو دەستگایەدا... دیارە بۆرەکەیی باسی کتاوەکەی" مێژووی کورد و کوردستانی ئەمین زەکی" بۆ سەر لەشکر زەنگەنە کردووە، پێی وتووە ئەم کتاوەم بۆ وەرگێڕە سەر فارسی، ئەویش موو بە موو وەری دەگێڕێتە سەر فارسی، سەرلەشکر زەنگەنە ناوی دەنا" دودمان ئاراییی" و ناوی خۆی لەسەر دەنووسی، ئەم کارە نەشیاوە بوو بەهۆی گرگرتنی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی و لە زۆر جێگەدا باسی ئاکارە قێزەونە دەکات، لە مێواندارییەکدا سەرلەشکر زەنگە و مەلاجەمیلی لێ دەبن، سەرلەشکر زەنگەنە بە فیزەوە بە مەلا جەمیل دەڵێت: ئاغای ڕۆژبەیانی بیستوومە ڕەخنەت لە کتاوەکەمت گرتووە؟

مەلاجەمیل دەڵێ: جەنابی سەرلەشکر من ڕەخنەم نەگرتووە، دیارە بە هەڵە هەواڵەکەت پێ گەیشتووە!

- باشە چیت وتووە؟
- من ڕەخنەم نەگرتووە، وتوومە تۆ دزی، دزێکی بێ شەرم و حەیا، ئاخر بە چ هەقێک تۆ ئەو دزییە ئاشکرا دەکەیت؟ بۆ لات وایە

کەس ناوێریت ئەو دزیەی تۆیە ئاشکرا بکات؟ بەڵێنت دەدەمێ دەبێ ڕسوات بکەم!

ئەم ڕووبەڕووبوونەوە دەنگی دایەوە و سەرەنجام سەرلەشکر زەنگەنە پەنای بۆ سەردار جاف هێنا، تا لە دەستی مەلا جەمیل ڕزگاری بکات... سەردار جاف تکای لێ کرد یەخەی زەنگەنە بەردا... مەلاجەمیل بە گوێی سەرداری کرد و دەستی لە یەخەی بەردا...جا دەیگوت من لە خۆڕا بە بۆرەکەیی ناڵێم "گوێرەکەیی" ئەگەر ئەو چاوساغی ئەو کەرە پیاوە نەبووایە ئەم هەرایە ڕووی نەدەدا. هاتنە جواو لەسەر ئەمین زەگی بەگ بەرانبەر کابرایەکی دەستەڵاداری ئەو زەنگەنە ئازایی و جوامێری دەوێت مەگەر هەر بە مەلاجەمیل و هاوشێوەکانی بکرێت، لە کاتێدا ئەو لە وڵاتی ئێراندا پەنابەر بووە.

دیارە خۆپێشاندان و شۆرشی میللەتانی ئێران دەستی پێ کردبوو، سەرەنجام جمهووریەتی ئیسلامی دامەزرا و زۆربەی کوردە ناسراوەکان پەخش و بڵاوبوونەوە، زۆریان گەڕانەوە عێراق و لە شاری بەغدایدا دیسانەوە لەگەڵ ڕۆژبەیانی یەکمان گرتەوە، لە بیرمە کە لە بەغدا دیمەوە، وتم: چییە مامۆستا تۆ لە دوی من کەوتووی، یان من بە دوای تۆوە، یان نگبەتی بە دوای هەردووکمانەوەیە؟

وتی: هیچ کامیان! تەنیا ئەوەیە ئێمە لە یەک بازنەی سیاسیداین، گۆڕانکاری ڕوودەدا وەک یەک خێر و شەڕ دەمانگرێتەوە... لە بەغدا



زۆرتر یەکترمان دەدی... زۆربەی ڕۆژانی هەینی لەگەڵ مەلا شوکردا دەڕۆیشتین بۆلای... یان بۆ نیوەڕۆخوان دەعوەتم لێ دەکردن بۆ ماڵەوە، جاروباریش مامۆستا مەسعوود محەمەدیش بەشداری دەکردین..

لەپێش ڕاپەڕیندا یەک دوو کۆڕم لە سلێمانی و هەولێردا بۆ گێڕا، مەلاجەمیل و مەلا شکوریشم لەگەڵ خۆما برد بۆ ئەو کۆڕانە، مەلاجەمیل بە مەلاشکوری دەوت" شەکوور".

بڕیارم دا بەرنامەیەکی گەورەی ڕێزلێنان بەبۆنەی تێپەڕبوونی پەنجاوپێنج ٥٥ساڵ بەسەر یەکەمین وتاری بڵاوکراوەی ڕۆژبەیانی دا لە یانەی سەلاحودین دا بیگرم، هەروام کرد و هەرچی نووسەر و شاعیر و پیاوی کوردە ناسراوەکانی شاری بەغدام داوەت کرد بۆ ئەو کۆڕە و وتار و دیاریی زۆرمان پێشکەیش بە مامۆستا جەمیل کرد و شەویش هەر لەوێدا نان و خوان پێشکەیش کرا، لەو ڕێزلێنانەدا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی وتی: ئەم دانیشتن و ڕێزلێنانە دەقشکێنە.. ئەمە یەکەمین جارە ڕێز لە نووسەرێکی کورد دەگیرێ، کە زیندووە و نەمردووە، دەبێ ئەم دانیشتنە تۆمار بکرێت بە یەکەمین ڕێزلێنان...

لێرەدا دەمەوێت بچمەوە سەر باسی کوشتنەکەی، پرسیارێک لە بیر و خولیامدا گەڵاڵە بووە، تا بە ئەمڕۆ بێ وەڵامە، ڕازی بێدەنگیی دەستەڵاتی کورد چییە لە کوشتنی قارەمان و کەڵەمێژوونووسێکی

وەک مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی؟ خۆ ئەوانیش چاک چاک دەزانن بۆ کوژراوە؟

هیچ حیکمەتێک لەو بێدەنگییەی وەدی ناکرێت، لەوە دڵنیام خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد لەو تاوانە ئاشکرایە بێدەنگ نابن، ئەمڕۆنا، سبەی ئەو مەلەفەی ئاواڵە دەکرێت و بکوژ و لایەنگرانی بکوژەکانیش لە پێشگای دادی میللەتدا ڕسوا دەکرێن و حیکمەتی بێ بنەمای دەستەڵاتی ئێستای کوردیش بەند بەندی دەخرێتە ڕوو، کە چۆن تەنها بۆ هەواو و هەوەس "دێزە بە دەرخۆنە دەکرێت"، بە ئومێدی ئەو ڕۆژەی ڕۆشنبیرانی زیرەک و زیت و زرنگی کورد لە ئاوا بێدادییەک بێدەنگ نەبن.

با ئەوەیش بڵێین و هەموو شتێک نەخەینە تای تەرازووی دەستەڵات.. ئەی قەڵەمبەدەستانی کورد چی؟

مێژوونووسانی کورد بۆ وا بێدەنگن؟ کە خۆ زۆربەیان ئەو زاتەیان دەناسی، " من باسی سیاسییە فاشییلەکان ناکەم"

ئەی بۆ دەربارەی پێوەندی و ناو پێخەفی هونەرمەندێک چەندان گۆڤار و ڕۆژنامە و هەفتەنامە ڕەش دەکرێتەوە، نە ژمارەیەک، نە دوو، بۆ وا لە ئاستی خوێنی ڕۆژبەیانی بێدەنگن؟

ئای بۆ ڕۆژنامەنووسێکی جەربەزە و لێهاتوو...

بەنــده لەم باســەیدا ڕوو لە نووســەران و ڕۆژنامەنووســان دەکەم و داوایـان لـێ دەکەم بـا بە دوای خـوێنی بە نـاهەق ڕژاوی ڕۆژبەیانیـدا بڕۆن...

دڵنیام لەوەی دەگەنە سـەرەنجامی پـڕ لە هەیـاهوی ڕۆژنـامەگەریی و دەرودەروازەی هەقیقەتـیش ... جـگە لە وەیـش ئەرکێکـی وژدانـی و نەتەوایەتی ئەنجام دەدەن.

لاشـم وایە، سەرتاسـەری میللەتـی کـورد بە قەڵەم و تەقەڵای پـڕ لە دەربەدەری و کــوێرەوەری نـــاو بەنـــدینخانەکانی، بە ڕۆژبەیـــانی قەرزدارە... لەوەیـش دڵنیـام سیاسـیی ئەمـڕۆی کـورد هێنـده بە بەرژەوەنـدییەکانی خـۆیەوە گرفتـارە، سـەدانی وەک ڕۆژبەیـانی و پیرەمێـرد و نـالی و مەحـوی و جەزیـری و جەزیـری و ئەسـیری، بە فلسـێکی سـوور ناکڕێـت، ئەوەیـش جەبـری ئەم قۆنـاغە نەزۆکەی دونیای ڕۆشنبیریی ئەمڕۆکەی ئێمەی کوردە، کە تیایداین...

دەمێنێتەوە سەر خاڵێک، ناتوانم ئاماژەی بۆ نەکەم، دەپرسم: ئەگەر مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی خەڵکی سلێمانی، یا هەولێر، یا دهوک بووایە، خەڵــک و دەســتەڵات و دەوڵەت بەرانــبەر کوشــتنەکەی هەروا کەم تەرخەم دەبوون؟

ئیـدی لە مێـژەوە بـووە بە کەلتـوور، نەرخ و بـایی و مـافی ڕەوای گەرمیـانی و کەرکـووکی لە کێشـانە و تەرازووی ئەم سـەردەمەیدا

لارەسەنگە و ئەو دەڤەرە هەڵقرچاوەیش لە مێـژەوە هۆکـارەی بـاج و خاوەدانە...

## فڕۆکەخانەی هەولێر

ئەو ڕۆژەم لە بیــرە بــۆ یەکەمــین جــار فــڕۆکە لە فڕۆکەخــانەی هەولێرەوە ئاسمانی کوردستانی شەق کرد و ڕاستەوخۆ لە سنووری کوردستانەوە وەدەرچوو، تا فڕۆکە ون بوو، چاوانم بە دوایەوە بوون.

ئەو یەکەمین فڕینەم بە دەستکەوتێکی نەتەوەیی زانی، کێ لە پشتی ئەو کارە مەزنەی بووە، چەند کەسان لەم ڕووەوە ئەرکیـان کێشـاوە، ماڵیان ئاوا بێت و خودا پشتوپەنایان بێت.

دەمزانــی ئەوە یەکــێکە لە دەســتکەوتە نەتەوەیەکــان و ئەلفوبــای زەمـانی دونیـای پێشـکەوتووی دونیـای ئەوڕۆی مـرۆڤە. بـۆیە بەلای خــۆمەوە دڵخۆشــی و سووکەشــانازییەک ڕووی تــێ کــردم، هەر لەو کاتەیشدا یەکێک لە کەناڵەکان لە چۆنیەتی هەستمی پرسی.

منــیش وەک منــداڵێک ئــاواتەخوازی ئەسـبابـازی بێــت و وەدەســتی هێنابێــت، خۆشــحاڵیی خــۆم وەدەرخســت. کەس ناتوانێــت گرنگیــی فرۆکەخاتە نەسەلمێنێت... ئەگەر برێک کەس نا مەسئوولانە نەفـڕین و نـاڕەزایەتی لە خەرجکردنـی ئـاوا بـڕە پـارەیەک بـۆ دروسـتکردنی فڕۆکەخانە دەرببڕن، یان لێی نازانن یـاخود دژ بە ئـاوەدانی و ژیـانی سەردەمانەن...

چ بمانەوێ یان نا، ئێمەی کورد ئەوڕۆ پامان خستووەتە بازنەی دونیای دەوروبەر و ئەولاتریشەوە، ڕەنگە بڕێک تەماحگیری پێگەی دەرکەوتووتریش بین و بەو ئاستەی کە هەمانە ناڕازی بین و بڵێین خۆ وەڵا دەتوانرا لەوە باشتر بین، منیش هەمان تەماحم لەلا گەڵاڵە بووە و ڕەنگە زۆر کەسی دیکەیش وەک من وابن، بەڵام مەسەلەیەکی گەرمیانی لای ئێمە هەیە و دەڵێت: " پادار بگرە، بۆ پا ماڵی یۆمانە!" ئەوەی هەتە بیپارێزە، بکۆشە بۆ ئەوانەی هێشتا بە دەست نەهاتوون، ئەوەیش تەنها بە دەوڵەت و دەستەڵات ناکرێت و هەوڵێکی تێکڕایی دەوێت.

لە دونیای ئەو سەردەمەدا خاڵ دەدرێتە پێگەی تێفکرینی میللەتان، گرەوی نۆبڵ کە دەدرێت ٤٠% خاڵەکان بە میللەتی داهێنەرەکە دەدرێت، کەواتە با بە وردەکارییەوە ئەرکەکان هەڵسەنگێنین ٥٠%ی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت و کردار و ڕەفتاری و گفتاری، ئەی ئەو ٥٠%کەی تر چی و چۆن؟

لە ئاسمانەوە دادەبارێت؟ یان ئەرکی هەمووانە؟ ئەگەر تاک تاکی ئێمە هەست بە بەرپرسیاریەتی نەکەین، ئەم ئەرکە هەموو جێگیرە دەردەکە بێ تەکبیرە. ئەمەیش بێ عەیبی دەوڵەت و دەستەڵات ناگەیەنێت. کاتێک کار بکرێت هەڵەیش دەکرێت، بەڵام هەڵەی تێکڕایی تاوانی بێ بەخشینە.. با لەوانە بگەڕێین و بێینەوە سەر فڕۆکەخانە و بە تایبەت فڕۆکەخانە تازەکەی هەولێر.

ئەو سیستەمە سیستەمێکی "تەرکیبی"یە، لە لوولە و ئاسن و بورغو پێکهاتووە، حاڵەتێکی میکانۆیە و لە شارەکانی ئەورووپادا بەو شێوەیە زۆری لێ دروست کراوە. هەر مەترێکی چوارگۆشە دروستکردنی فڕۆکەخانەی هەزار و حەوتسەد دۆلاری تێدەچێ. ١٤٠٠$ فڕۆکەخانە تازەکەی هەولێر ٣٥٠ملیۆن دۆلاری تێچووە. ٥٠ملیۆن دۆلاریش بۆ دەزگاکانی پشکنین و ئامێرە ئۆکەی کراوە.

بەندەرگایەکی ئاسمانی وامان بەدەست هێناوە ئەشهەدو شایانی دەستخۆشییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەموکورتییەکان نەخەینە بەرچاو.

ئەم فڕۆکەخانەیە لە شارێک دایە پێی دەڵێن هەولێر و هەولێریش ئەوڕۆ پایتەختی هەرێمی کوردستانە، تۆ کاتێک لە فڕۆکە دادەبەزیت و دێیتە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە، هیچ دیاردەیەکی کوردەواری نە بەشێوە حەجم و شکڵ و شەمایل نە بە شێوەی ڕەنگ، نە دەنگیش نەدەبینی و نە دەبیسی. نە پەیکەرێک، نە تابلۆیەک، نە دیاردەیەکی کلتووری و کەلەپووری، نە مێژووی، نە گەشت و گوزاری، نە فەرهەنگی، وەدی ناکرێت.

بۆچی ئێمەی کورد مێژوومان نییە، شاعیر و لێهاتووانی سیاسی و ئەدەبیمان نەبووە؟ ئەگەر هەمانە بۆ لە سەرەتای پرۆژەکە بیری لێ نەکراوەتەوە. ٤٠٠ملیۆن دۆلار بۆ فڕۆکەخانە سەر سەر، نەدەبوو هەر

لەو کاتەدا سێ چوار ملیۆن بۆ کاری هونەری تەرخان بکرایە؟ یان ئەساسەن لێپرسراوان لەو زمانەی بێگانەن؟

مەبەستم زمانی هونەرییە، کە دونیا پێی دەدوێت...

لە فرۆکەخانە وەدەردێی کوا هوتێلێکی بچکۆلانەی گەشتیارانی بەجێماو، یان بەدواخراو؟ بڕوانە جادەی ناو فرۆکەخانە نە قەدێک نە قامەتێک، نە پەیکەرێک، نە ئاونمایەک، نە هێمایەکی شاری هەولێر و کوردستان ... کوڕە هەر هیچ نییە. خۆ باسی ئەو خەڵکە چاوەڕوانەی مەکە لە دەرەوە هەتاو و باران دەیاندەکوتێت.

لە وڵاتی مندا دوژمنکارییەکی شاراوە لەگەڵ "پەیکەر" و دنیای پەیکەرسازی دەکرێت... لە هەر بەرپرسێک هۆی ئەو دوژمنکارییە دەپرسی، یەخەی خۆی دەتەکێنێت و لێت دەکاتە مەتەڵ و بڕۆ هەڵی بێنە!

ڕەحمەت لە دایکت، من دەزانم ئەو مەتەڵە دەستکردە قۆناغییە چێشتێکی لێنراوی شەومەنە بووە، چێشتێکی شەومەنە، خواردنیشی ڤایرۆسی جۆراوجۆری تیادایە، پاشەڕۆژ دامێنگری بخۆرەکەی دەبێت.

نەدەبوو لەنێو فرۆکەخانەی هەولێردا یەکدوو پەیکەری لێهاتووانی کوردی تیادابا؟ ئەی لە وڵاتانی عەرەبدا کە سەرچاوەی قورئان و

ئیسلامە، بۆ پەیکەری هاوەڵانی پێغەمبەر و پیاوە ئایینییەکان دروست دەکەن؟

ئەمە خالیدی کوڕی وەلیدە، عونەرولعاسە، ئەمە ئیمامی مەزاهیبە، برۆ و تەماشاکە...

کاتی ئەوە هاتووە هونەرمەندان چیتر بەرانبەر بێنازیی پەیکەر و دونیای هونەر بێدەنگ نەبن... ئەمە ئەرکێکی نەتەوایەتییە، منداڵێک پەیکەری لێهاتوویەکی میللەتەکەی لە مەیدانێکدا ڕۆژانە دەبینێ، لە باوک و دایکی دەپرسێ: ئەوە کێیە؟ ئەو پرسیارە بۆخۆی پێوەندییەکی فکرییە لەگەڵ مێژووی وڵاتەکەماندا بۆ منداڵانی وڵاتی ئێمە لەو پەیوەندییەی مەحرووم دەکەن؟

لەبەرچی؟

لەبەر کێ؟

بە دڵنیایی منداڵانی ئێستا و پیاوانی پاشەڕۆژ لەم تاوانە زەقە شاراوەیە بێدەنگ نابن...

یادی بەخێر مامە سێوەی زیندوو کە دەیگوت: " گەلی برادەرینە! ئەمن دوعایەکی دەکەم ئەنگۆ بڵێن: ئامین!"

ئەمنیش دوعایەکی دەکەم، یاخوا ئەوانەی دەبنە هۆی پەرپووتی و بێنازیی دونیای هونەری پەیکەرسازی لەو دونیا ببن بە پەیکەرێکی

بێ دەم، تا نەتوانن وەڵامی شەوی یەکەمی گۆڕیان بدەنەوە... ببن بە پەیکەرێکی بێ چاو، تا پایان لە درۆ ڕاست هەڵکەوێت و سـزای سازشکاری و چەواشەکردن بەخۆیانەوە ببینن... دەبڵێن: ئامین!

# چلەی سمایل گەیلانی

یاران!

کەس لە من بریندارتر نییە!

ڕۆحی ئازاردیدەم شـەو تـا بەیـان گلاراویەتـی، لەگەڵ خۆمـا، لەگەڵ خەما، شان بەشان دەتلێمەوە.

لە بازنەی ڕابردوودا دەخولێمەوە،

وەک زامێکی دەمکـــــــــــــراوە

چرکە بە چرکە دەکوڵێــــــــمەوە

لە ڕەشەبای ژان و ئێشا دڵ و دەروونی کۆڵەوارم

دەمی پڕ لــــــــــــــــــــــــە هاوارم

بەرز و بوڵندە بانگەوازی:

ئەی ژان لە کوێی؟

کێڵگەی دەردم خەم لـــــــــەبارم

هەوێن و هەوارگەی دونیای ئازارم

کوان لە کوێن هاوڕێکانــــــــــــم؟

هاودەمی زیکری سومەعەی شەوانم

یاران...

سەر و ڕیشم تێکەڵەی ماش و برنـــــــــــــــــجە

بە نرخی ئازار سەندوومە سەرمایەی دەرد و ڕەنجە

باوەشم پڕ لە ئەژنۆیـــــــــــــــە

یەک بە یەکی زامەکانم سەر لەنوێیە

جەرگم تۆی تۆیە

کوان لە کوێن هاوڕێکانم!

یاران!

نە یەکێک، نە دوو، نە سیان!

شوێنیان بەتاڵە...

زیندەگیم تاڵە!

دەروونم گڕە، فرمێسکم خوڕە، هەناوم سڕە....

هاوار لە کوێن؟ کە دەڕوانم

بێ سەر و شوێنە هاودەمی ژوانی شەوانم

مۆمی هەڵگیرساوی گەرمیان دوێنێ بۆ گڕی سەرالێژ بوویەوە،

کێ دەڵێ زایەر ڕۆژبەیانی لای من زامی سارێژ بووە؟

شاسوارەکەی کەرکووک، ئاڵابەرزەکەی دونیای ڕۆمان و ڕاستی و وشە و واژە و پەیڤی مەوزوونی ڕیز بە ڕیز.

موکری ئازیز!

ئای خەمی موکری کوشتمی

موکری ڕۆشنایی مژ. دژ بە زوڵم، دژ بە زۆر و نابەرابەری، دژ بە هەرچی تاریکی و بێ خەبەری.

خامەی موکری لە زۆربەی زۆری ماڵ و ئەندێشەی ڕۆشنبیریی کوردایە، لە مێرگوزاری ئەدەبا ئای موکری، نەمامی داهێنانی چینا...

هاوار! خودا چیت لە دەست ئەم میللەت وەدەر هێنا...

چ ساڵێکە منی تیادام؟

غەمەکانم بێ تەکبیرە

ناڵە و نەوای عالەمگیرە

یەک بە دوای یەکدا زامی تازەیش بەڕێوەیە

ماندووی دونیای ڕەفاقەتم کوڵاوارم

سەرکردەی لەشکری خەم و ئازارم

نابیسم دەنگی زەلاڵ و ڕەنگی خودایی و زەڕافەت و جوانی.

بە ڕەفاقەت قەسەم، پیری کردم مەرگی گەیلانی...

عاشقی پۆپە بەرزەکان، گەریلایەکی دونیای هەڵوێست و گیراوەی ویژدان، مۆمی هەڵگیرساوی شەمزینان.

ئەو شێخە بە ویقار و جوانە بە یەک و دوو

دیتان وەک برووسکەیەک هات و چوو!

گەلی برادەرینە!

خۆمە دیسان شەمزینان کۆستی کەوتەوە

دیسان هەڵۆی بەرزەفڕی دونیای ڕەفاقەت و هەڵوێستی لەدەست دا، منی گوم گەشتەی سەردەر گوم بوو، کاتێک پەلەقاژێمە لەنێو شەپۆلی کەفچڕێنی هەستا، چ ئەوسا و چ ئێستا...

لە دونیای خەما، کاتێک بمەوێت خەمەکانم بخوێنمەوە، پەنا دەبەمە بەر هاوەڵەکانم، خۆم بە وان دەلاوێنمەوە، دەڵێم:

یاران! هەروا بووە و هەر وادەبێ

دونیای بێ دەرد و ئازار نەبووە و نابێ

کێ دەڵێت بە گوڵێک بەهار نابێ

ئای شەمزینان لە مێژەوە شێوەنگیر و قژڕنی لە بازنەی مەرگ و میرا، ئالوودەی کۆستکەوتنی...

مامەڵەی دەکرد و دەیڕوانی

قەندیلی بە کەعبەی باوەڕ دەزانی

ئەو عاشقی پۆپەکان بوو

لە تەلبەنی ژانی ژینەوە،

لە درزی دەروازەی ئاسنینەوە

ڕازی مێژووی هەڵدەهێنا..

ئای کاکە سمە!

چ زوو سەفەر کردووی شەوی ڕەش بووی ، ڕێبوارێکی جوانەمەرگی ئەورۆ لە ژیان بێبەشی!

ماوەتەوە خاڵێک، لە جۆرجیا من و موکری و سمایل گەیلانی لە هوتێلێک بووین، هەڵسام بڕۆم بۆ تەوالیت کە لە پشتی جێگەی دانیشتنەکەمان دابوو، دەبوا بە ڕاڕەوەکەیدا بڕۆیشتایەی تا بگەیتە دەستشۆرەکە، ڕاڕەوەکە هەشت مەتر دەبوو، لە تەوالیت دەرچووم تیشکێک وەکوو هەور بە بنمیچی ڕاڕەوەکەوە ئارام بەرەو هۆڵی دانیشتنەکە ڕۆیشت، من تەنها لە دواوە ئەو تیشکەم دی، کە هاتمەوە ساڵۆنەکە گەیلانی وتی: ئەرێ تۆیش دیت؟

وتم: چیم دی؟

وتی: ئەو شەبەحەت دی؟

وتم: نەخێر.

وتـــی: بە وەڵاهیـــی بەم دووچـــاوەی دیـــم لەو پەنـــجەرەی ڕۆیشـــتە دەرەوە...

وتم: بزانە ئەو پەنجەرە گیراوە، یا کراوەیە؟

ڕۆیشتە لای پەنجەرەکەوە وتی: گیراوە.

وتم: وەڵا خۆ منیش دیم!

مـوکری دوو سـێ جنێـوی بە شـەبەحی نـاوبردوو دا و وتـی: خـۆزگە مێیینە دەبوو!

هەمووی دوو ساڵـی نەبـرد مـوکری مـرد، ئیسـماعیل گەیلانـیش مـرد، منـیش تووشـی نەخۆشـی سـەرەتانی پرۆسـتات هـاتم و لە ئەڵمانیـا چوار مانگ لە بیمارستان و ئەشیعەی لێزەریدا بووم.

**گیانت شاد سمە گیان**





# چلەی فەلەك

هەزاران ساڵ ئاخ و ئۆف و هەناسەی گڕداری زەوی لە باوەگوڕگوڕدا گڕوگڵپەی بڵێسەی دێ و کەسێک نەچووە هانایەوە، ئەوە بۆ وایە گەرمیان؟

چ ڕازێکە ئاوێتەی ئەو خاک و خۆڵ و دەڤەرە هەڵقرچاوە بووە؟

دیارە لەوێڕا زەمەن نەخش و ڕۆڵی خۆی لەدەست داوە!

ئێمەی کەرکووکی لەوەتەی کانیاوی نەوت لە خاکماندا جارییە، لە چوارتەنیشتەوە، لە ئاسمانەوە تۆپ و تۆزمان لێ بارییە!

هەر دوێنێ بوو ئەو نەمرە وتی: " کەرکووک دڵی کوردستانە"، بۆیە دوژمنان لە دوور و نزیکەوە خەریکن ئەو دڵە لە سنگی کوردستان دەربهێنن!

تا بە ئێستایش خەڵکە زۆرەکە، برسی، لە ترسی چاوزاقان ڕووح لە مشت و کۆڵ لە پشت و ئاوارەی شارانی دوور و نزیکن.

کاکە فەلەک:

ئەم قۆناغەی ئێمەی تیادا دەژین هەزارەی سێهەمە...

ئێمەی کەرکووکی یەشتا لە چاڵی تاریکیا

لە بێ ڕەنگیا، لە ساردی و گەرمیی تابووتا

ناخمان بڵێسەی سەندووە و سووتا...

تا بە ئەوڕۆ خاکی کەرکووک چەندە بێناز و چارەیە...

باوەڕبکەن هەناسەی قووڵایی خاکیش... پارەیە!

کاکە فەلەک:

لە بیرتە پێکەوە دەمانوت: ئەی ئەو گڕە ئەزەلییە چییە و چۆنە؟

هۆمیرۆس، ئەسکەندەری مەکدۆنی، نادرشا، مورادی چوارەم، لەبەر ئەو گڕە خۆیان گەرم کردیتەوە، ئەی تەماشاکەری چۆنە؟

لەبیرتە دەمانوت: لێگەڕێ سبەی؟

باوەگوڕگوڕمان لێ هاتە جواو و وتی:

ڕۆڵەی ئازیزم جوان جوان لەبیرمە!

لە مێژەوە پڕۆژەی چەوت و چەتری سەرخۆم و باپیرمە!

ئەرێ کاکە فەلەک لە بیرتە دەیوت:

ئای بۆ کەڵەپیاوێک دەست و دورمانی هەڵەشە هەڵتەکێنێ؟

غوسلی ئێمەی دوور لە کانی لە کەرکووکا وەدەربێنێ؟

گوێم لێبگرن ئەی ئازیزانی هاووڵاتی





ئەی گەلانی دوور و نزیکی ڕۆژهەڵاتی

باوەڕ بکەن منی کوردی کەرکووکی شیره و کاکڵەی زەویم...

من ڕۆشنایی مژم...

من هەوێنی ڕاستەقینەی ویژدانم...

من کوردی ئەو دەڤەره کۆڵەگەی ئاسمانم.

قەینا هەوارگەم شەوی دامێن خوێنینه

باوەڕ بکەن هەنگاوی ئومێدم بەرەو هەوارگەی یەقینه

من و فەلەک هەروا گوێمان دەگرت، باوه وتی:

ئێوەی کورد هەرگیز ترووسکەی فانۆسی تەمەننا و ئومێدتان تۆفانی مەئیوسی نایکوژێنێتەوه.

قەینا هەڵۆی ڕووداو بەسەر سەرتانەوه دەخوێنێ

خانمی ڕەشپۆشی بۆ نەهات له دیارا خۆی دەنوێنێ

ئێوه ڕۆژگارێکتان له پێشه،

به ئاسوودەیی و دوور له کێشه

بێشکەی مێژوو دەسووتێنن

گڕی گەوره هەڵدەگیرسێنن

کاکە فەلەکی ئـازیز، ڕاسـتە تـۆ گیانـت بە نیشـتمانی دایـک سـپارد، بەڵام میراتی خۆت بۆ هەموو خوێندەوارێکی کورد جێ هێشت و وتت گەر دەتانەوێ گیانی من شاد بێت کتێبەکانم بخوێننەوە.

# ئاوایێ کەرکووك

ئاوایێ گەرمیان:

چلەی زایەر ڕۆژبەیانی:

ئەشهەد و مەڵبەند و هەوارگەی لێهاتووانی...

تۆ ئەی سەرەتای بوون و نەبوون"خاک و با و ئاو و ئاگر".

خاکە هەڵقرچاوەکەت بێشکە و جوولانەوەی کەڵەپیاوانە، ئاو و کانیاوەکەت مایەی زیندەگانییە، داستانی مان و نەمانە...

شنەی شەماڵ و با و هەناسەکەت چیرۆکی ململان و هانە

ئەی گەرمیانی هەمیشە پیاو، گڕ و گڵپەت بڵێسەی هەقە ئاگری دەروونتانە...

ئاوایێ گەرمیان!

ئەی سنوورنشینەکانی وڵات

ئەی قارەمانانی ڕۆژگاری هات و نەهات

ئەی گەرمیان باوەشی ساردی مەرگ

ئەی هەوارگەی کۆستکەوتووانی ڕێگا و ڕێبازی کوردایەتی...

ئەشهەدو لەوێدایە دیاردەکانی پەلامار و پیاوەتی

ئەی هاوڕیانی دوور و نزێک باش بـزانن ئەوە گەرمیـانە، هەڵقرچـاوە، پیاوستانە، مەردستانە، دوا سنووری کوردستانە.

دەزانی یان نا؟

لە مێژەوە گەرمیان نووکی ڕم و پەیکانی جەنگاوەران و شاسوارانە!

سپەربەڵا و قەڵقانی بەر چەپاوی دوژمنان و پەلامارە...

گەرمیان هەمیشە وابووە، دوو تای تەرازووی بوون و نەبوون...

وەک شەو و ڕۆژ وەک مەرگ و ژیان، وەک ڕۆح و گیان، وەک سەر و خوار، بەرز و پاین، ڕەش و سپی، وەک خێر و شەڕ، وەک ئەهریمەن و ئاهورا، لەوێـڕا ئەو دەڤەرە ڕەق و تەقە، لەمێـژە مەحڕوومسـتانە و زادگای هەق و ناهەقە.

مــن لێــرەدا نە پیاداهەڵــدەرێم و نەشــێوەنگێڕ، نە نیــازم بەخــۆ دەرخســتنە و نە ڕەواجـیش دەدەمە وشــە و واژە، مــن غەمبــاری لە دەستدانی هاوڕێیەکم، دەمسازێکم، هاوڕازێکم...

لاتــان وانەبــێ لەم ڕۆژگــارە نەزۆکەیـدا هــاوڕێکەم بــێ کەس بــووە، نەناسراو و لەبیرچووە..

نانا نەخێر، هاوڕێکەم بەرز و بوڵند و ئاڵا بوو، لە ڕەگەزێکی باڵا بوو، شادەماری پڕ بوو لە جەوهەری نووسین، ئەو لە تیرەی پێنووس و قەڵەم بوو.

لە عەشیرەتی تێنووس و کتاوبوو

نە خاک، نە ئاگر، نە ئاو، نە با، ناتوانن کاروکردەوەی هاوڕێکەم لەناو با...

هاوڕێکەم ڕۆڵەی ئەو گەرمیانە بێپشت و پەنایە بوو، دەپرسی: کام دارایی و مەکتەب، کام دەستەڵات و قودرەت؟

قەینا لەم بێ دەرەتانیەیدا دەژین، ئەو دەگاتە ناسکی و زەرافەتی وشە و واژەی ویژدانیا؟

داهێنان لۆغەتێکی ئاسمانییە، ئەوڕۆکە کەم کەس ئەلفوباکەی دەزانێت، کەم کەس ڕێز لە ڕێباز و ڕێچکەی هەڵگرانی ئەو دۆڵ و دەربەندەی دەگرن...

ئیدی لە دونیای لێهاتووواندا هەروا بووە و هەروایش دەبێت.

بڕێک مەزڵووم و لەبیرچوو

بڕێک بۆ هات و سەرکەوتوو

یەکێک لاف لێدەدا ژێرە

یەکێک وا دەردەخات گیرە

یەکێک لەنێوانا میرە!

زایەر هەمیشـە زەردەخەنەیەکـی دڵـنەوازانە، سـەبوورانە، پەیوەسـتە نەخشی سەرلێوی بوو، گاڵتەی بە غەم و بۆ نەهات دەکرد و ڕەواجی دەدا بە غیرەتی نەفس و ڕێز و حورمەت لەخۆ گرتن.

لەبیـرمە لە شـەوچەرەکاندا زایەر بـاوەک هەوارگەنشـینی غەم بـوو، زامەکانی لە کزە و چزە و سۆدابوو... قاقا پێدەکەنی و دەیوت:

سـەرفرازم بە ڕابـردووم، ئەوەی توانیـومە کـردوومە، پێشـمەرگایەتی ساڵەها تیـا بـوومە، دەربەدەری، شـاخ بە شـاخ، تفەنـگ لە شـان، قەڵەم بەدەست و کتاو لە باوەش، هەوێنی ئومێد و بـاوەڕ بە سبەی کۆزێک منـداڵم بەخێـو کـرد، شـادمانم بەوەی مـن و دایکیـان بە هەر دژواری و کـوڵەمەرگیەک هەبـوو، توانیمـان بەشـی بیمارسـتانێک پزیشک پێشکەیشی کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین، ئیدی فلانی:

ژیـان و بوارەکـانی نسـبیبن، هـیچ شـتێک ناگـاتە لەزەت و چێـژی سەرفرازی.

دەزانم هێندەم نەمـاوە و سبەی دەمـرم، تـۆیش دەمریـت، جیـاوازیی ئـێمە و خێڵـی سـتەمکەران لەوە دایە ئـێمە دەمێنـین و ئەوان لە دونیای غرور و چەواشەن و لە مەرگیشدا چەواشەتر...

لە دوا ڕۆژانی ژیانیدا جوملەیەکی پەیوەستە لە گوێما دەزرینگێتەوە، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە سەری بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و وتی:

سـەرم سـرِماوه له ڕازی ئەو خـودا گەورەیه، کەوا منـی دووچـاری دەردی شێرپەنجه کـردووه و بەم ڕۆژەی گەیانـدووم، به دڵنیـایی بـێ حیکمەت نییه...

ئای خودایه چەنده تاسۆی زانینی ئەو حیکمەتەم!

دڵنیـام لەوەی لەوێـڕا پەی بەو حـیکمەته دەبەم کاتێـک ئەم لەشه مردووه.

ئاسووده بنوو ئەی کوڕه لێهـاتووەکەی گەرمیـان، کـاکه زایەر، هـاکه ئێمەیش هاتین، به ڕێگەوەین، ئەمڕۆ یان سـبەی... ئـێمەیش دەبیـنه مێوانی تۆ.